# داستانی بەرخودان

ن: ئەشرەفی دیهقانی

و: حەمەکەریم عارف

پێڕست


※ – حەمە کەریم عارف پیاوێک لە... شێرکۆ بێکەس

※ – سەروتاری نووسەر بۆ چاپی تازە

※ – پێشەکی نووسەر بۆ چاپی تازە

※ – داستانی بەرخودان

※ – پێشکەشە بە....

※ – ئێران ئەی نیشتمانی من

※ – پێشەکی چاپی یەکەم

※ – ژیننامە..

فەسڵی یەکەم:

سەرەتای بزاڤی چەکداری

※ – شکانی بێدەنگی و زەبروزەنگ..

※ – هەڵەکانی بێ ئەزموونی....

※ – هەوڵی بڵاوبوونەوەی دژمن بۆ دەستگیرکردنی من و هاوڕێ بەهرۆز

※ – ڕوونکردنەوەکانی فەسڵی یەکەم.

فەسڵی دووەم:

※ – گرتن ، ئەشکەنجە ، تەحقیق

※ – چۆنییەتی گرتنی من.

※ – ئەشکەنجەی زندانی شارەبانی

*- له ئەشکەنجەخانەی ئەویندا

*- بزووتنەوەی چەکدارانە، بەکرێگیراوانی تۆقاندوووە

*- دیسان تەحقیق و ئەشکەنجەدان

*- وێنەیەک لە چرووکی بەکرێگیراوان

*- ئەشکەنجەدان و شەهید بوونی هاورێ بەهرۆز دیهقانی

*- هەوڵی بێهودەی سوپابود سەمەدیان پوور

*- درێژەی تەحقیق

*- دیدار لەگەڵ هاورێ حەمید تەوەکولی دا

*- بەکرێگیراوان لە هەرەتی داماویدا

*- دیدار لەگەڵ هاورێ عەلی رەزا نابدل

*- میهرەبانی و نەرمکێشی هۆیەک بۆ...

*- ئەسیر کێیە؟

*- قوربانیانی هەژاری و بێ ئاگایی

*- هاورێ ، فرێنت لەبیر بێ...

*- هێزی باوەڕ و ویست لە هێزی...

*- بەرزکردنەوەی ورەی هاورێیان...

*- ڕوونکردنەوەکانی فەسڵی دووەم

فەسڵی سێیەم:

ژێرزەمینی شارەبانی و چەند بیرەوەرییەک

دەربارەی ژیانی ناو سالولی ئینفرادی

*- ژێرزەمینی شارەبانی

* - خەباتگێڕ هەرگیز تەنیا نییە

* - هاوڕێیان چۆن بێدەنگی و خامۆشی..

* - ئێمە سەردەکەوین

* - بەکرێگیراوان دان بە بچووکی و چرووکی خۆدا دەنەن

* - سەربەرز و پایەدار بە لەشی...

* - زندانەوان، خەڵکە یان دژمنی خەڵک؟

* - ڕۆژانی دیکەی ناو سالول

* - ڕوونکردنەوەکانی فەسڵی سێیەم

فەسڵی چوارەم:

دیسان ئەوین.

* - چاوخشانێک بە ژیاندا، لە ئەوین

-* دیداری گەورە - دیتنی هاوڕێ مەسعود

* - دیدارێن دیکە دەگەڵ هاوڕێیاندا

* - ڕوونکردنەوەکانی فەسڵی چوارەم

فەسڵی پێنجەم:

لە زندانی قەسردا

* - ڕەخساندنی هەلومەرجێن خۆشگوزەرانی لە زنداندا

* - لاپرکینگ، هاوزندانییە ئەمریکییەکەی مە..

* - هێرشەکانی مە، لە دادگاکانی ڕژێمی فاشیستی شا دا.

* - ناڕەزایی و ئیعترازی بنج بڕانە و........

* - نموونەیەک لە کۆمەڵگای چینایەتی...

*- خەبتین لە دژی بەکرێگیراوانی زندان..

*- پێویستە لە هەموو حاڵێکدا دژی...

*- هەڵاتن لە زندان

*- شیکردنەوەی بەرخودان و مقاوەمەت لە..

*- بۆ دژمن

*- ڕوونکردنەوەکانی فەسڵی پێنجەم.

حەمە کەریم عارف

پیاوێک لە بارانی وشەی بەردەوام!

(شێرکۆ بێکەس)

ئەو وەختەی بە عشقەوە ئەنووسیت وئەبیتە هاودەمی زمانی بەخشین وداهێنان. ئەو کاتەی هەموو ژیانت ئەدەیتە دەست قەڵەم وئەبیت بە پەروانەی دەوری وشە وچرای کتێب ورستەیەکی جوان. تۆ ئیتر لەوە دەرئەچی بە تەنها بۆ خۆت بژیت وتۆ ئیتر تەمەنت ئەبێ بە تەمەنی گەلاوگوڵی خۆشەویستی وژیانت بە ژیانی میللەتێک وتێکەڵ بە ئایندە ئەبی ولەگەڵ باراندا ئەباریت ولەگەڵ هەتاودا هەتاو!

حەمەکەریم عارف

پیاوێک لە شەونخونی و

لە ڕێژنەی وشەو

خۆشنەکردنەوەی قەڵەم و

پەنجەرەیەک بۆ خەمی کەسک و

گزنگی بەیان.

حەمەکەریم عارف

ژێ یەک بۆ خۆشەویستی ئەبەدی

ئەدەب وچاوی مرۆڤایەتی و

گۆرانیی هەمیشە پاراوی

گەرووی ژیان!

هەشتا ئەستێرەی کتێب لەو تەمەنەدا

هەشتا جۆگەی ڕوون لەو دارستانەدا.

هەشتا فڕین لەو ئاسمانە زیوینەدا.

هەشتا ماچی منیش لەم نووسینەدا!

ئەمشەو بە تەنها خۆم لەسەر مێزەکەم

ئەم مۆمی ڕێزلێنانەم بۆ ئەو عاشقە داگیرسان!

بە تەنها خۆم وچەند دێڕە شیعرێکی جاویدان.

بە تەنها خۆم وپەپوولەیەکی غەمگین و

چەند کاغەزێکی سپی چاوەڕوان.

بە تەنها خۆم کەوتمە هەڵدانەوەی

لاپەڕەی چاو بەشەونمی ئەو مێرگەو

خوێندنەوەی هەناسەکانی ئەو گۆمەو

گێڕانەوەی حیکایەتی باڵندەیەکی

دەنگ زامدار!

بە تەنها خۆم، نە حەمەکەریم خۆی زانی و

نە ڕۆژنامەیەک ونە گۆڤارێک و

نە شەقامێکی کەرکوک ونە مەقامێکی

عەلی مەردان، تەنها هەر خۆم ومێزەکەم

کەسی تر نا.

کەرکوکییەک

پڕ پڕ لە کوردستان و

لێوانلێو لە جیهان!

کەرکوکییەک

هەموو دنیا دێنێتە ناو ئەم پەیڤەوەو

پەیڤیش ئەبێ بە گوڵی سان.

له دنیاوه

چەندین دەریاچەی ڕۆمانی

ڕژانە ناو ئەم وڵاتی زمانەوە.

چەندین نزاری چیرۆکی

هێنایە ناو ئەم ڕووبەری زمانەوە.

چەندین ئاوێنەی دیرۆکی

بە دەوونماندا هەڵواسی.

کەرکوکییەک

باخی نووسی و

کێڵگەی نووسی و ڕانەوەستا!

کەرکوکییەک..

خۆرەتاوی ناو جیهانی بۆ وەرگێڕاین

مانگە شەوی بۆ وەرگێڕاین

عەشقی گەورەی ئەفراندنی بۆ وەرگێڕاین

ئەلبێر کامۆ. ئەلکساندەر فەدایەف. هیرب میدۆ. قاسمۆف. کازانتزاکیس. چیخۆف. گوینتەر دیشنەر. فنسنت ڤان گۆگ. مالرۆ. شەکسپیر. م.گۆرکی. هۆمیرۆس. چرنیشفسکی. چایکۆفسکی. ئیدگار ئالان پۆ. جاک لەندەن. گۆگۆل. سیرۆس پرهام. بلیخانۆف. کریس کۆچرا. مەهدی حسێن. سابت رەحمان. ئەحمەد مەحموود. سەمەدی بیهرەنگی. عەزیز شەریف. نەجەف قولی پسیان. ئەشرەفی دیهقانی. مەسعود ئەحمەدزادە. گەوهەر مراد. یەڵماز گونای..چەندین وچەندین کەژو دەریاچەو دەشت و ڕووباری تریش...

له سی وپێنج ساڵیدا هەشتا چراوگی

بە ژوورەکانی ئەم زمانەدا هەڵواسی.

له سی وپێنج ساڵیدا..هەشتا ڕێگای تازەی

لەم نەخشەیەدا کردەوە

هەشتا تۆوی گوڵی شەست پەڕ

هەشتا پەیژە،هەشتا شەبەنگ و

هەشتا تابلۆ

لەم زمانەدا...ئەم گەرووی چریکانە دەگمەنن.

لەم ڕەنگانەدا..ئەم تۆنی دەنگانە دەگمەنن.

لەم هەورانەدا..ئەم بارینانە دەگمەنن.

لەم دەغڵانەدا..ئەم گوڵە گەنمانە دەگمەنن.

من ئەمشەو تەنیا هەر خۆم وچەند شیعرێ

ئەم چرای ڕێزلێنانە لە سەر مێزەکەم دائەگیرسێنم.

بۆ کەرکوکییەک کە سەر ڕێژە لە وشەو

کە لێوانلێوە لە خۆرەتاو..سڵاو ئەی بارانە

جوانەکەی زمانی کوردی.سڵاو ئەی

کەرکوکی خۆشەویست!سڵاو!

سلەیمانی ١٥/٧/٢٠٠٩

ئەدەب وهونەر/ ژمارە (٦٤٣)/ پێنجشەممە/٢٣/٧/٢٠٠٩

## سەروتاری نووسەر بۆ چاپی تازە

ئەو هاوڕێیانەی کە لە کاری چاپی تازەی ئەم کتێبەدا بەشدار بوون، داوایان لێکردم کە پێشەکییەکی بۆ بنووسم، ڕوونکردنەوە سەبارەت بە هەندێ مەسەلە بدەم، من ئەم داوایەم بە هەند وەرگرت، بە قسەم کردن، بەڵام ڕوونکردنەوەکان یەجگار زۆر بوون، دەبوایە کۆمەڵێک لاپەڕەی زۆریان بۆ تەرخان بکرێت، ئیدی بۆ ئەوەی قەوارەی کتێبەکە زۆر دەرنەچێت، قەرارمان دا، بەشی هەرە زۆری ڕوونکردنەوەکان لە کتێبێکی جیادا بڵاوبکەینەوە، بۆیە لێرەدا، چاپی تازەی کتێبی ( داستانی بەرخودان) تەنیا پێشەکییەک و زیادکردنی هەندێک بابەت بۆ سەر ڕوونکردنەوەکان لە خۆ دەگرێت. لە کتێبێکی جیادا کە دوا بەدوای ئەم کتێبە بە ناونیشانی (یادداشتهای بر حماسه مقاومت) بڵاو دەبێتەوە، هەوڵم داوە هەندێک مەسەلەی پێویست دەربارەی خودی کتێبەکە بخەمە ڕوو و هەم هەندێ بابەت و لایەنیش ڕوونبکەمەوە کە پێشتر وەکو پێویست ڕوونم نەکردوونەتەوە، هەروەها لەم کتێبەدا هاتوومەتە سەر ڕوونکردنەوە و باسی هەندێ ڕووداوان، کە پێشتر وەکو پێویست دەربارەم نەنووسی بوون، بەتایبەتی دەرباری چۆنییەتی هەڵاتنم لە زندانی قەسر.

بەشی کۆتایی کتێبی دووەمم ( یادداشتهایی بر..) بۆ بەراوردی جیاوازییەکانی نێوان زندانەکانی ڕژێمی شا لە دەیەی پەنجادا، لەگەڵ زندانەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لە دەیەی شەستدا تەرخان کردووە و هەوڵمداوە بە کورتی و بە پوختی ئەوە نیشان بدەم کە چ هەلومەجێکی جیاواز و چ فاکتەرێک بوونە هۆی ئەوەی کە ڕژێمی ئیسلامی لە زندانەکانی خۆیدا هەلومەرجێن زۆر سەخت تر، لە هەلومەرجێن زندانەکانی شا، بەرقەرار بکات، لەم بەشەدا بە دەرفەتی دەزانم قەدرزانی لە زندانیانی سیاسی داستان خولقێنانی ئەم سەردەمە بکەم کە زۆربەیان شۆڕشگێری گومناون، ئەوانەن کە بەتەسلیم نەبوون بە دێوی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی، حورمەتی مرۆڤانیان پاراستووە و یارمەتی بەردەوام بوونی خەباتیان داوە لە پێناوی کۆتاییهێنان بە هەر جۆرە کۆنەپەرستی و نامرۆڤایەتییەک.

ئەشرەفی دهقانی

فروردین/ ۱۳۸۳/ ۲۰۰٤

## پێشەکی نووسەر بۆ چاپی تازە

کە من توانیم لە مانگی فەروەردینی ساڵی ۱۳۵۲ (۱۹۷۳) لە زندانی قەسری تاران هەڵێم و توانیم لە نوێ پەیوەندی بە ڕێکخراوەکەمەوە (ڕێکخراوی چریکانی فیدایی خەڵکی ئێران) بکەمەوە، ئەم دەرفەتەی بۆ ڕەخساندم لە هەمان ساڵدا بتوانم شەرحی ئەو واقیعە ترسناکانەی کە لە ئەشکەنجەخانەکانی ڕژێمی شادا دەرهەق بە ڕۆڵە و ئازیزانی ڕەنجدیدە و چەوساوەی ئێران ئەنجام دەدران، بە نووسین بسپێرم و لە هەمان کاتدا بەرگری و بەرخودانی ئەفسانەیی و ئازایەتیی قارەمانانەی تێکۆشەرانی گیان لەسەر دەستی ئەو قۆناغە لە هەمبەر جەلادانی ساواک و ئەمندا بگێڕمەوە و بەم جۆرە هاوڕێ دەگەڵ خەباتی هاوسەنگەرانی خۆدا لە دەرێی زنداندا، کۆڵەکە وپایەکانی زوڵم و ستەمی شاهنشایی بێننە لەرزین.

هەڵبەتە ئەوەی لە لایەن منەوە هاتبووە نووسین و تۆمارکردن، کۆمەڵێک ئەزموونی لەخۆ گرتبوو، کە بە خۆم لە هەنبەر ئەشکەنجەچییان و بەکرێگیراوانی حکومەتیدا بەکردەوە پیدا تێ پەڕی بووم، هەڵبەتە ئەگەر هاوڕێیانی دیکەمان بەتایبەتی ئەوانەی دوای ئەشکەنجەێن زۆر، ئیعدام کران، دەرفەرتی ئەوەیان بۆ برەخسابا ئەزموونەکانی خۆیان، لە زندانەکانی ڕژێمی شادا و چۆنییەتی ڕوو بە ڕوو بوونەوەی خۆیان لە هەنبەر ئەشکەنجەچییەکاندا، بنووسیباوە، یا ئەگەر تەنیا دەقی بەرگرییەکانی خۆیان لە بێدادخانەکانی ڕژێمی شادا بڵاوکردباوە، زۆر حەقیقەت و بویەری دزێو و جوان، بەشێوەیەکی زندوو، دەکەوتە بەردید و ئاگایی خەباتگێڕانی ئێران، لەم حاڵەتەدا بێگومان دەرفەتی زیاتری لە قاودانی تاوانەکانی دەزگای ساواکی ڕژێمی شا و هێزە سەرکوتکەرەکانی ناو زندانەکانی ئەو قۆناغە دەڕەخسا و فەراهەم دەبوو، جەختکردنەوەم لەسەر ئەم بابەتە لەو ڕووەوەیە کە بڵێم "داستانی بەرخودان" ( ئەو ناوەی کە هاڕێکانم لە کتێبەکەیان ناوە) دەبێ تەنیا بە نموونە و بەڵگەیەک بزانرێ کە پەردەی لە ڕووی ڕووداوەکانی ناو زندانانی ئەو قۆناغە هەڵماڵیوە.

دەبێ ئەوە بزانرێ کە ئەو قۆناغە، بەڕاستی قۆناغێکی تایبەتە لە مێژووی خەڵکی ئێمە، لە ساڵی ۱۳٤۱ ( ۱۹٦۲) ڕژێمی شا، بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیستان و بە تایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکا لە ئێراندا ، دەستی دایە کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە بونیادی ئابووری- کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەدا، ئەم کارە کە بە کۆمەڵێک لاف و گەزافەوە لە ژێر دروشمی ( شۆڕشی سپیدا) ئەنجام درا، زەمینەی بۆ دەسەڵاتی سەرمایەێن ئیمپریالیستی لە دوورترین خاکی وڵاتدا - تەنانەت لە گوندە دوورە دەستەکانیشدا - خۆشکرد و سیستەمی سەرمایەداری وابەستەی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کرد بە سیستەمی باو.

بەم پێودانگە، فیوداڵ و کەس و کارێن فیوداڵان کە پێشتر لە دامودەزگا حکومەتییەکاندا دەسەڵاتیان هەبوو و دەستیان دەڕۆیی، زۆر بەخێرایی جێگایان بۆ سەرمایەدارانی وابەستە چۆڵکرد و ( هەڵبەتە فیوداڵان یا بورژوا- فیوداڵانی وەکو "عەلەم "و "فەرمانفەرمایان"و "ئەمینی" و... خەڵکانی دیکە و خودی شاش ماوەیەک بەر لە

ڕیفۆرمی زەوی و زار، بەرە بەرە یا زەوی و زارەکانی خۆیان گۆڕی بوو بە کوشتوکاڵی میکانیزە یا دێهاتەکانی خۆیان فرۆشتبوو و ڕوویان کردبووە وەبەرهێنان و سەرمایەگوزاری، لەواری سودئاوەری دیکەدا،) تا دامودەزگای دەوڵەتی زیاتر بەرەو بۆرژوازیی بوون دەڕۆیی، کە پێشتریش لە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیستاندا بوو، چینی دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوا هەوڵیدەدا هەلومەرجی کۆمەڵگە لە جاران پتر بۆ تالانکردنی سەچاوەکانی وڵات وهێزی کار ( هەڵبەتە تا بکرێ هەرزان ) بە قازانجی سەمایەدارانی دەرەکی و ناوخۆ فەراهەم بکات. شا لە واری بانگەشەدا هەوڵی دەدا- بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەوە کە بەتایبەتی لە واری ڕیفۆرمی زەمینی و نەمانی سیستەمی ئاغا - مسکێنییەوە لە کۆمەڵگەدا چێبوو بوو- خۆی و ڕژێمەکەی بە پێشکەوتوو و شارستانی لەقەڵەم بدات، بەڵام لە واقیعی بابەتی و لە واری پراکتیکیدا، نموونە و ئاوێنەی باڵانمای کۆنەپەرستییەت بوو، سەرکوتکردنی هۆڤیانەی خەباتی جەماوەری خەڵک لە گوندیانەوە بیگرە (کە شا خۆی بە ڕزگارکەر و فریادڕەسی ئەوان لەقەڵەم دەدا) تا کرێکاران و جەماوەرێن ستەمدیدەی دیکە، ڕێگری لە ئازادی بیر دەربڕین، سانسۆر لەسەر کتێب و چاپەمەنی، قەدەغەکردنی هەر جۆرە حیزبێنی و ڕێکخراوێکی سەربەخۆ و دوور لە دەوڵەت، لەوانە ڕێکخراوێن کرێکاری، هەڵڕشتنی کۆمەکی دارایی سەخاوتمەندانە و شتی دیکە بۆ ئایەتوولڵاکان و ناوەند و کۆمەڵگە مەزەبیە جیاوازەکان، کە جگە لە هێشتنەوەی فەرهەنگی پاشڤەڕۆیی مەزەبی لە نێو خەڵکیدا و بڵاوکردنەوەی درۆ و خورافات لەنێو خەڵکیدا هیچ کارێکی دیکەیان نەدەکرد، ڕاگرتنی شۆڤار و سیخوڕانێکی زۆر کە خرابوونە ناو کۆمەڵگە تایبەتییە بچوکەکانیشەوە و بە ئاشکرا هەستیان پێ دەکرا، ڕاوەدونان و تۆقاندن، زندان و ئەشکەنجە و ( تەنانەت لەسەر خوێندنەوەی کتێبیش) ئیعدام، و بەشێوەیەکی گشتی پەیڕەوکردنی دیکتاتۆرییەتێکی بەرفراوان و بێ سنوور، ئەوەیان نیشان دەدا کە حکومەتی شا، بەقازانجی سەرمایەدارانی کۆنەپەرست کاری دەکرد، ئەو سەرمایەدارانەی لە ڕووی مێژووییەوە هیچ پەیوەندییەکیان بە دنیای شارستانییەت و پێشکەوتوو ودیموکراسییەوە نەبوو،بەڵکو کارەکانیان تەنیا قۆناغ وسەردەمێن بەربەرییەت و هۆڤیاتی و سەدەکانی ناڤینی بیردێنایەوە.

لە ساڵانی چلدا ( شەستەکان) دوای شۆڕشی سپی، دیکتاتۆرییەت وەک فاکتەرێکی بنەڕەتی لەلایەک و کۆمەڵێک فاکتەری نەرێنی دیکە، لەوانە نەبوونی ڕێکخراوی شۆڕشگێریی پیشەیی لە کۆمەڵگەدا کە بەدەم خەبات و دژایەتی پۆلیسی سیاسییەوە بتوانێ سەرنج و پشتیوانی خەڵکێن چەوساوە و ستەمدیدە ڕابکێشێت و لەڕێگەی کۆکردنەوەو ڕێکخستنی هێزی خەباتکارانەی ئەوانەوە، ڕوو بە ڕووی ئیمپریالیستان و ڕژێمی دەستنێژی ئیمپریالیست ببێتەوە، ئەم دەرفەتەی بۆ شا ڕەخساندبوو، کە لە ریگای زەبەرو زەنگ و تۆقاندنی بێ سنوورەوە لە کۆمەڵگەدا، لە هەیبەتی( خواوەندانی شاهنشا ئاریا میهر) ەوە وەکو دەڵێن ( خوایەتی) بکات . لەم سەر و بەندەدا، ڕژێم مەیدانەکەی بۆ قودرەت نوێنی، هێندە بە چۆڵ دەبینی کە زۆر بە ئاسانی هەر ناڕەزایەتییەکی جەماوەری خەڵکی، تەنانەت ناڕەزایی لەمەڕ کەمی هەقدەستیش، بە گوللە وەڵام دەدایەوە(١) جا لەم هەلومەرجەدا، ئەو شێوە خەباتانەی لە بۆ وەدیهاتنی ئامانجێن ڕیفۆرمیستی وەکو بەرقەراری (حکومەتی قانونی) و ( هەڵبژاردنی ئازاد) - وێڕای پاراستنی سیستەمی ئابووری کۆمەڵایەتی باو — لە ڕێگای خەباتی

ئاشتیانەوە بوون، نەیانتوانی هیچ هەنگاوێک بۆ پێشەوە بنەن و بەشێوەیەکی گشتی خەباتی سیاسی ڕووت، دژی ڕژێمێک ( کە تەنیا زمانی زۆری دەزانی) نەزۆکی و قسری خۆی ئاشکرا کردبوو، جا بزووتنەوەی چەکداری لە سەر داروپەردوو و وێرانەی ئەو جۆرە شکست و ناکامیانە لە ئێراندا، سەری هەڵدا.

ئەم کتێبە ڕەنگدانەوەیەکی ئەو هەلومەرجەی سەرێ و وێنەیەکی چمکێکی ئەو قۆناغە مێژووییەی کۆمەڵگەی ئێرانە و دەکرێت وەکو بەڵگەنامەیەک بۆ تێگەیشتنی کۆمەڵێک مەسەلەی ئەو قۆناغەی بزاڤی کۆمونیستی و ئەنتی ئیمپریالیزمی خەڵکی ئێران سوودی لێوەربگیرێت. لە قۆناغی بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبەدا، هەلومەرجێک لەئارادا بوو کە چریکانی فیدایی خەڵک وەکو تەڤگەر و ڕەوتێکی سیاسی کۆمونیست، دژمنانی خەڵکی ستەمدیدەی ئێرانی ئاگادار کردبۆوە کە وەڵامی گوللە بە گوللە دەدەنەوە و خەباتکارانی چەکداری دیکەش، لە هەنبەر هێزێن سەرکوتکاری ڕژێم دەستیان بە قودرەت نوێنی کرد و بەمجۆرە بە سەرەتا و دەسپێکی بزاڤی چەکداری کە ئیمپریالیستان و هاوپەیمانانی کۆنەپەرستی ئێرانیانی، کردبوو بە ئامانج، زەنگی مەرگی ڕژێمی شای لێدابوو، لەو سەروبەندەدا و بە مەبەستی وەدی هێنانی ئامنجێن بەپەلەی بزاڤی چەکداری، یەکێک لە مەسەلە هەرە گرینگەکان ئەمە بوو کە بۆچی بانگەشەکانی ڕژێم بە جەماوەری ستەمدەیدەی خەڵک، لەسەرووی هەموویانەوە بە کرێکاران نیشان بدرێت. زورنا ژەنانی ڕژێمی شاهنشایی بە بانگەشە ژاراویەکانی خۆیان، جەماوەری خەڵکیان بەوە گۆش دەکرد، کە هیچ کەسێک ناتوانێ ڕوو بە ڕووی دامودەزگاکانی ڕژێمی شا ببێتەوە و خەبات بێهودەیە و یا ڕۆشنبیران تەنیا قسەو دەمن، بەڵام لەهەنبەر هێزە بە (تواناکانی) ڕژێم خۆیان پێ ناگیرێت و ئیدی لەم ڕێگایەوە و هەڵبەتە و هەزار هەڵبەتە بەدەم سەرکوتکردنی توندی خەباتی جەماوەری خەڵکەوە هەوڵیان دەدا، جەماوەری مەزڵومی ئێران لە خەباتی ڕەوا و ئامانج  و ئاواتە شۆڕشگێڕییەکانیان سارد بکەنەوە، (داستانی بەرخودان) کە لە نێرینەی بزووتنەوەی چەکدارییەوە هەڵقوڵابوو، لەم بارودۆخەدا و لەگەرمەی ئەو دەستپێشکەرییە شۆڕشگێڕانەیەدا بڵاوبۆوە. کتێبەکە لەلای خۆیەوە ئەم درۆیانەی لەقاو دا و لە واری ڕەوانەوەی کەش و هەوای نامرادی و نائومێدی باودا، بوو بە مژدەبەخشی جۆش و خرۆش و ژیان، لە ڕاستیدا ئەم کتێبە لەو قۆناغە مێژووییەدا دەورێکی زۆری بینی لە بڵاوکردنەوەی ئایدیای ئەسڵی چریکانی فیدایی خەڵک، لەناو جەماوەری خەڵکدا، کە خەڵکی تێگەیاند کە (خەبات دەکریت) و کە.. هێز لە نک جەماوەری خەڵکە. دەکرێت بگوترێ کە (داستانی بەرخودان) یەکێک بوو لە فاکتەرە هەرە گرینگ و کاریگەرەکان لە واری ڕیسواکردن و لەقاودانی دژمنانی خەڵک، لەواری بەرزکردنەوەی ئاستی ئاگایی و گیانی جەنگاوەری جەماوەر و پێشڤەبردنی ئامانجەکانی چریکانی فیدایی خەڵکی ئێران، بەتایبەتی کاریگەری ئەم کتێبە بەسەر ژنانی خەباتکاری ئێران و ڕاکێشانیان بۆ مەیدانە جۆراوجۆرەکانی خەبات، بە خەباتی چەکدارانەشەوە، حاشاهەڵنەگرە.

کتێبی ( داستانی بەرخودان) یەکێکە لە بەرهەمەکانی ڕێکخراوی چریکانی فیدایی خەڵکی ئێران، کە لەساڵانی پەنجاکاندا (٧٠) بەشێوەیەکی گشتی لە ئاستێکی جەماوەریدا بڵاوبووەوە، نەک هەر هاوڕێیان، وێڕای مەترسی

جدی کەوتنە بڵاوکردنەوەی، بەڵکو ڕادیۆیەکی نهێنی پڕ گوێگریش (ڕادیۆی نیشتمانپەروەران) کە لەو ساڵانە، ڕۆژانە بەرنامی بۆ میللەتی ئێران بڵاودەکردەوە، یارمەتییەکی زۆری بڵاوکردنەوەی دا ( خۆش ئەوە بوو کە پاشان دەرکەوت کە هەندێک لە زندانیانی سیاسی لە ڕێگای ڕادیۆیەکی دوو شەپۆلییەوە کە بەشێوەیەکی نهێنی ئامادەیان کردبوو، گوێیان لە بەرنامەکانی ئەم ڕادیۆیە ڕادەگرت) هەڵبەتە گەلێک لە خەباتکارانی شۆڕشگێر، لەڕێگای ڕادیۆی ناوبراوەوە دەرفەتی ئەوەیان بەدەست هێنا، کە کتێبەکە بنوسنەوەو بە دەستنووس یا بە شێوەی دی بە نهێنی بڵاوی بکەنەوە (هەندێ لەم خەباتکارانە لەکاتی دابەشکردن و بڵاوکردنەوەی نهێنی کتێبەکەدا لەلایەن بەکرێگیراوانی ڕژێمی شاوە دەستگیرکران).

لە قۆناغی ڕاپەڕینە مەزنە جەماوەرییەکەی ساڵی پەنجا و حەوت و ساڵانی هەوەڵی شۆڕش (داستانی بەرخودان) بە ئاشکرا لە لایەن وەشانکارانی جیاوازەوە چاپ کرایەوە، هەڵبەت پێشتریش لە هەندەران و لە دەرێی وڵات، بە ئاشکرا چاپ بوو بوو و بەڕێکەوت خەباتکارانێک بۆ زەمانانی جیاواز پاچڤەیان کردبوو(٢) هەڵبەتە پێویستە ئەوەش بگوترێ کە لە ساڵی ٥٧ دا بڵاوکردنەوەی (داستانی بەرخودان) لەلایەن وەشانکارانی جیاوازی ئێرانەوە، لە هەلومەرجێکدا کە جەماوەرێکی یەجگار زۆر خەریکی کاری شۆڕشگێڕی بوون، زۆر بە گەرمی پێشوازی لێکرا، بەتایبەتی لەلایەن لاوان و نۆ لاوانەوە، کە ئەم کتێبە بۆ هەندێک لەوانە بوو بە سەرەتایەک بۆ ئاشنابوونیان بە مەسەلە سیاسییەکان(٣) هەڵبەتە من هەقی ئەوەم نییە زۆر بەسەر ئەم کتێبەدا هەڵبڵێم و باسی کاریگەری و باندۆری ئەم کتێبە لە سەر بزاڤی شۆڕشگێڕی ئێران بکەم- چونکە لەوەیە ئەم کارە خراپ لێکبدرێتەوە و بخرێتە خانەی خۆهەڵکێشانەوە (٤) بەڵام ئەگەر قەراربێ ئەو ڕووداوە مێژووییانەی دەرێی زەینی ئێمە بێتە گێڕانەوە، دەبێت بەلای کەمەوە ئاماژە بەم هەقیقەتە بکەم کە لەهەردوو ساڵی ٥٧ و ٥٨ دا گەلێ لاوان و نۆ لاوانی شۆڕشگێر لە سەرانسەری وڵاتدا بە هەوڵ و تێکۆشینی شۆڕشگێڕانەی خۆیان ناوی قوتابخانەکانیان گۆڕی وناوی (داستانی بەرخودانیان) لێ نان، ئیدی لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕووداوانەدا بوو کاتێ (چریکانی فیدایی خەڵک) ، لە ساڵی ٥٨ دا، بە جیاکردنەوەی سەنگەری خۆ لە ڕێکخراوە داگیرکراوەکەیان ( بەر لە دووبەرەکییەکەی ئەقلییەت و ئەکسەرییەت) لە ڕێگای منەوە دژی ڕژێمی خومەینی هەڵوێستی وەرگرت، دژمنانی جەماوەری زەحمەتکێشی ئێران- لە زوڕناژەنانی تازەکاری کۆماری ئیسلامییەوە بیگرە تا سازشکاران و خاینانی داخزیوە ناو ڕیزەکانی ڕێکخراوی مە کە لە کۆنەکارانی توودەییەوە دەرسیان وەردەگرت- گۆیان لە هیچ بانگەشەیەکی دژمنانە دەرهەق بە من نەدەکردەوە، مخابن توێژێکی زۆر لە خەباتکارانی ئەو زەمانە کە جەوهەر و ماهیەتی کۆنەپەرستانە و ئەنتی خەڵکی، ڕژێمی خومەینیان نەدەناسی، بۆچوونەکانی منیان بە چەپڕەوانە دەزانی و بەگەڵ ئەو قسە و قسەڵۆک و بانگەشانە کەوتن(٥).

پێویستە هەندێ خاڵی دیکەش سەبارەت بە کتێبی (داستانی بەرخودان) بگێڕمەوە، کاتێ لە ساڵی ١٣٥٢ (١٩٧٣) هاوڕێیان داوایان لە من کرد کە دەربارەی زندان و ئەوەی خۆم لە زنداندا دیتبووم، بنووسم، هەرگیز

وێنام نەدەکرد کە ڕۆژێ لە ڕۆژان نوسینەکانی من لە شێوەی کتێبێکدا چاپ و بڵاوبێتەوە، من ئەو شتانەم لە شێوەی ڕاپۆرتێکدا بۆ هاڕێیانی ڕێکخراوەکەم نووسی، لێ هاوڕێیان لێبڕان ئەو نووسینانە چاپ بکەن، هاوڕێ مەرزییە ئەحمەد ئەسکویی (٦) ئەرکی سەرپەرشتی کتێبەکەی لە ئەستۆگرت، مەرزییە لەو سەردەمەدا لە بنکەیەکدا (٧) لە تاران کاری دەکرد، لەڕێگای هاوڕێ عەلی ئەکبەر جەعفەرییەوە (فەرەیدون) (٨) پەیامی بۆ من کە لە مەشهەد بووم دەنارد کە بۆ نموونە فلان بابەتت کەم ڕوون کردووەتەوە، دەبێ زیاتری لە سەر بنووسیت، یا هەندێ بابەتی دیکەی دەخستە ڕوو.... ئیدی نووسین و سەرەقەڵەمەکانی من لەو کەش و هەواو هاماجەدا، بە شێوەی کتێب بڵاوبووەوە، ئێمە دەبوایە بەزووترین کات کارێن تەکنیکی (تایپ چاپ و ... هتد) ، تەواو بکەین و کتێبەکە لە نێو خەڵکیدا بڵاوبکەینەوە، ژیانی نهێنی هەلومەرجی تایبەتی خۆی هەبوو، بەهیچ جۆرێ نەدەبوو کات بەفیڕۆ بدەین، چونکە بچووکترین بویەری وەک دەستگیری یان پێکادان دەگەڵ بەکرێگیراوانی دژمندا، دەشیا ببێتە کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم بڵاوکردنەوەی کتێبەکە و یا ببێتە بایسی ئەوەی کە کتێبەکە هەرگیز نەیەتە بڵاوبوونەوە، مەسەلەکە پەیوەندی بە ئەزموونەوە هەبوو، من لەم بارەیەوە نایەتە بیرم کە بەر لە چاپی کتێبەکە تەنانەت یەک تاقە جاریش لە هەوەڵەوە تا کۆتایی خوێندبوو بمەوە، تا بۆ نموونە ئەو بابەتانەی کە ئەگەری ئەوە هەبوو لە هەوەڵەوە پەڕی بووبن، زیاد بکەمەوە، ئەمڕۆ کە بەکتێبەکەدا دەچمەوە، دەبینم کە لە شەرح و شرۆڤەی ئەشکەنجە و بەرگرییەکاندا، ئەوەندەی کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە منەوە هەیە یا پەیوەندی بە هەندێ لەو خەباتکارانەوە هەیە، کە من لە نزیکەوە ئاگام لە ئەشکەنجە و بەرگری ئەوان هەبوو، یا لە زمانی خودی بەکرێگیراوانی ڕژێمەوە لە حاڵیان ئاگادار بووم، دووچاری هیچ زێدەگۆییەک بووبم و هەقیقەتم وەکو خۆی گێڕاوەتەوە و شەرح کردووە (٩). وێڕای ئەوەش هەندێ دەنگوباسان لە کتێبەکەدا تۆمارکراون، کە زیاتر ڕەنگدانەوەی کەش و هەوا و چۆنیەتی باسکردنی مەسەلەکانی زندانە لەو ساڵانەدا (١٠).

هاوڕێ شیرین موعازید (١١) ئەرکی تایپکردنی نووسینەکانی منی لە سەر ستێنسڵ گرتە ئەستۆ، هەروەها زۆربەی بەرهەمەکانی دیکەی ئەو قۆناغەی ڕێکخراومان لەلایەن ئەوەوە تایپ دەکران. هەڵبەتە ئەنجامدانی ئەو کارە بەو بێ ئیمکانیاتییە و زەروورەتی ڕەچاوکردنی ئەوپەڕی نهێنیکاری، بەڕاستی کارێکی دژوار بوو. جا بۆ ئەوەی دەنگی تایپەکە نەچێتە دەرەوە، شیرین بە دۆشەک و لێفە لە سوچێکی ژوورەکەدا، ژوورۆچکەیەکی دروست کردبوو، کە تەنیا جێی دانیشتنی خۆی (لە سەر زەوی) و تایپەکەی تیا دەبووەوە، جا ئەو سەرباری ژانە سەری پڕ عەزابی خۆی، بە سەعاتان لەوێندەر دادەنیشت و تایپی دەکرد، تاقە هاندەر و ئەنگێزەی ئەم کیژە فیداکارە لەم کارەیدا، ئەشق و دڵسۆزی بوو دەرهەق بە (دنیای جوانی کۆمۆنیزم) ، ( ئێمە لە گفتوگۆ دووقۆڵییەکانماندا ئەم دەستەواژەیەمان دەبارەی ئایندە بەکار دەبرد)

کاری ڕاکێشانی ستێنسڵەکان لەسەر فۆتۆکۆپی لە بنکەکەی ئێمەدا لە مەشهەد لەلایەن من و بە کۆمەکی هاوڕێی زۆر ئازیز ئیبراهیم پوور ڕەزایی خەلیقەوە (١٢) کە نموونەی پاکی و ڕاستگۆیی بوو و، یەکپارچە ڕق و

کینەی قووڵ بوو بەرانبەر بە دژمن، ئەنجامدرا. لەو قۆناغەدا ڕێکخراومان بوو بوو بە خودانی دەزگایەکی بچووکی چاپ بە پیتی قورقوشم کە هەر هەموومان زۆر شانازیمان پێوە دەکرد، لاپەڕەی یەکەم و تایتڵەکانی کتێبەکە، ئیسماعیلی خاکپوور(١٣) بە چاپی قورقوشم لێی دا، کە هەڵبەتە منیش کۆمەکم دەکرد، ئەوەندەی بیرم مابێ و لێم نەبێ بە درۆ، تایتڵەکانمان بە ڕەنگی سوور چاپ کرد، پێشەکی (داستانی بەرخودان) هاوڕێ حەمید ئەشرەف ( بڕوانە بەشی ڕوونکردنەوەکان) نووسیویەتی وبیوگرافییەکە لەبەر دەقێک کە لە سەر داوای هاوڕێ مەرزییە، من نووسیبووم، ئەو ڕێکی خستووە، پەراوێزەکانی کتێبەکەش، هەرهەمووی بە هاوکاری هاوڕێیان حەمید ئەشرەف، شیرین موعازید و مەرزییە ئەحمەد ئەسکویی نووسراون.

(داستانی بەرخودان) لە زۆر لایەنی دیکەوە دەگەڵ مێژووی گەشە و نەشەی ڕێکخراوی چریکانی فیدایی خەڵکی ئێراندا گرێی خواردووە، ئارمی هەوەڵجاری ڕێکخراوی ناڤبری لەم کتێبەوە، لە ناو کۆمەڵگەدا بڵاوبووەوە، هەڵبەتە ئارمەکەی هەوەڵجار چەند جیاوازییەکی دەگەڵ ئارمەکەی ئێستادا هەبوو، هاوڕێ فەرامەرزی شەریفی (١٤) کە شانازی نەخشاندن و داڕشتنی ئارمەکەی ڕێکخراوی هەبوو، لە نەخشەکەی خۆیدا و دەستێکی بە ڕەشاشی لەناو نەخشەی ئێراندا وێنە کێشا بوو. پاشان هاوڕێیانی دیکە لەوانە هاوڕێیان کیومەرس سەنجەری (١٥) و هاوڕێ فەرەیدوون جەعفەری ، هەوڵیاندا کە دەستە بە ڕەشاشەکە بە شێوەیەک کە لە دڵی ئێرانەوە هاتبێتە دەرێ، وێنە بکێشن. ئارمەکەی ڕێکخراو چ بەم شێوەیە و چ بە شێوەی هەوەڵجاری، هێشتا داس و چەکوشی پێوە نەبوو، لە سەرەتاکانی ساڵی ٥٤ دا (١٩٧٥)دا داس و چەکوشی بۆ زیاد کرا. سەبارەت بەو وێنانەی لە ئارمەکەدا نەخشێنرابوون ، دەبێ ئەوە بگوترێت کە هەر یەکێ لەو وێنانە بە شێوەیەکی ڕەمزی ڕەنگدانەوە و دەربڕی دیدگا و خەسڵەتە خەباتکارییە دیارەکانی ڕێکخراو بوون. بۆ نموونە لەم ئارمەدا دەستە بە ڕەشاشەکە، ڕەمزی شێوەی خەبات( واتە خەباتی چەکدارانە)یە، ئەم دەستە لە ناو جەرگە و دڵی کۆمەڵگەی ئێرانییەوە کە نەخشەی ئێران و ڕەمزی ئەوە، هاتووەتە دەرێ و گۆی زەوی نیشاندەری خەسڵەتی ئینتەرناسیۆنالیستی و ڕەهەندێن جیهانی ئەم خەبات و تێکۆشانەیە.

ئەمڕۆ پاش تێپەڕبوونی سی دانە ساڵ بەسەر یەکەمین مێژووی بڵاوبوونەوەی (داستانی بەرخودان)، ئاشکرایە کە ئێمە لە هەلومەرجێکی تەواو جیاواز لە ڕابردوودایین، هەوڵی شۆڕشگێڕانەی لاوانی ڕۆشنبیر و فیداکاری و گیانبازی بێ دریغی جەماوەری ستەمدیدەی ئێران لە سالانی پەنجاکاندا ( هەفتاکان) تەنیا ئەوەندەی لێکەوتەوە کە ڕژێمی شاهنشایی هەواڵەی زبڵدانی مێژوو کرد، بەڵام ئامانجی یەکجارەکی ئەم خەباتە کە بریتی بوو لە ڕزگاربوون لە قەید و بەندی دەسەڵاتی ئیمپریالیزم و سیستەمی سەرمایەداری پاشکۆ، لەبەر کۆمەڵێ هۆ نەهاتە دی، لە ئەنجامدا ڕژێمێک هاتە سەرکار کە ئەگەرچی بە فۆرم و شێوە تەواو لە ڕژێمی شا جیاواز بوو، بەڵام لەڕووی ناوەڕۆکەوە یەکسان بوون دەگەڵ ڕژێمی شادا، بۆیە هەر لەسەرەتاوە وەکو جاری جاران نەک دابینکردنی بەرژەوەندی جەماوەری خەڵک، بەڵکو دابینکردنی بەرژەوەندی ئیمپریالیستان و سەرمایەدارانی پاشکۆی، کرد بە

ناوەڕۆکی بەرنامەی کاری خۆی. ئەمڕۆکە لە سایەی حوکمڕانی ڕژێمی تازەدا (ڕژێمی کۆماری ئیسلامی) دەسەڵاتی ئیمپریالیزم لە ئێراندا زیاتر برەوی سەندووە و سیستەمی سەرمایەداری وابەستە و پاشکۆش، لە گەشە و نەشەیەکی زیاتردایە، جەمسەرگیری هەرچی زیاتری کۆمەڵگە، توندبوونی ناکۆکی و ململانێ چینایەتییەکان، پەرەسەندنی نایەکسانیانی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی هەرهەمووی لەسەر بناغەی ژێرخانە ئابوورییەکانی ئەم سیستەمەدا خەملیوەو بەرەنجامی هەلومەرجی ئابووری - کۆمەڵایەتی ئێستای کۆمەڵگای ئێرانە، جا لەم هەلومەرجەدا لەلایەکەوە خەباتی جەماوەری خەڵک دژی دەسەڵاتی حوکمڕان - هەم لەبەر ڕۆشنایی هەلومەرجی بابەتی ژیانیان و هەم لەبەر ڕۆشنایی گەشەکردنی هۆشیاریی و ئاگایی و سوود وەرگرتن لە ئەزموونی خەباتی پێشینانی خۆیان - بە شێوەی جۆرا و جۆر هەمیشە بوونی هەبووە و لەلایەکی دیکەوە ڕژێمی حوکمڕان بۆ ئەوەی جەماوەری خەڵک بخاتە ژێر دەسەڵات و ڕکێفی خۆیەوە و لەم ڕێگایەوە درێژە بە نەزم و نیزامی چەوسانەوەی باو بدات، هاتووە ئایدۆلۆژی کۆنەپەرستانەی ئیسلامی کردووە بە دەسکەلای خۆی و بە پەردەیەک بۆ داپۆشینی کار و هەڵوێستە ئەنتی خەڵکەکەی خۆی، بەجۆرێکی هێندە دڕندانە پراکتیزەی دەکات کە حەوت پەڵی داوە بە هەنگڵی تاوانەکانی ڕژێمی شادا ، ئەم بویەرو هەقیقەتە ئەمڕۆکە هێندە زەقە تەنانەت سەڵتەنەتخوازەکان بە هەموو ڕیسوایی و خوێنڕێژییەکی خۆیانەوە، خۆیان بە (دیموکرات) لە قەڵەم دەدەن. لەبەر ئەمە ئەم کتێبە لە هەلومەرجێکدا چاپی تازە دەکرێتەوە کە توندی و فراوانی تاوانەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی، تاوانەکانی ڕژێمی شا و کارە نەنگینەکانی ئەو ڕژێمەی دەرهەق بە جەماوەری ستەمدیدەی ئێران، بەڕواڵەت کاڵ کردووەتەوە و کەش وهەوای بۆ سەڵتەنەتخوازان خۆشکردووە کە ڕەواج بە بانگەشەی دەغەڵکارانە و سەر ڕێژ لە فریو و ڕیای خۆیان بدەن. هەڵبەتە هاوڕێیەکی ئازیز کە بەخۆی لە ڕێگای چەند هاوڕێ و دۆستانێکەوە خوازیاری چاپکردنەوەی تازەی ئەم کتێبە بوو، سەبارەت بە زەرورەتی ئەم کارە بەم جۆرە بیانوو دێنێتەوە کە ئەمڕۆ لایەنگرانی ڕیسوا و تڕۆی شا، لە هەندەران ( کلکیان قوت کردووەتەوە) و لەهەوڵی خەپاندن و گەوجاندنی وەچەی لاواندان ، ئەو وەچەیەی کە بەخۆیان ئەزموونی ژێردەسەڵاتی ڕژێمی شایان نەبووە، شتێکی بەڵگە نەویستە کە گوێزانەوەی ئەزموونی شۆڕشگێریی ڕابردوو بۆ وەچەی جەوان، ئەرکێکی شۆڕشگێڕانەیە، هەروەها تا ئێستاش لاوانێکی زۆر ( دوو وەچە لە لاوان) جارەهای جار چ ڕاستەوخۆ چ ناڕاستەوخۆ داوای (داستانی بەرخودان)یان کردووە و تامەزرۆیی خۆیان بۆ خوێندنەوەی دەربڕیوە، بەهەرحاڵ جگە لەم حەقیقەت و بیانوانە کە خۆی لە خۆیدا نیشانەی زەرورەتی چاپکردنەوەی ئەم کتێبەن، پێویستە هەر لەم بارەیەوە جەخت لەسەر هەقیقەتێکی دیکەش بکرێتەوە.

یەکێک لە دیاردەکانی هەلومەرجی ئێستا کردنەوەی بەرەیەکە کە دژی کومەنیستان و هێزە پێشکەوتوخوازەکان لە هەردوو واری تیۆری و ئایدۆلۆژییەوە. هەڵبەتە لەم بەرەیەدا کە لەلایەن ئیدیۆلوگەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامییەوە کراوەتەوە و ڕێکخراوە، هێزێن دژە خەڵکی دیکەش، لە سەڵتەنەتخوازانەوە بیگرە تا دەگاتە توودەیی و ئەکسەریەتەکان، تا ئۆپوزسیونی یاسایی ڕژێم (ڕیفۆرمیستانی نا حکومەتی) بەشدارن، هەموو ئەو هێزانە وێڕای

ناکۆکی و هەڤدژییەکیان دەگەڵ یەکدا، لە پاراستنی سیستەمی سەرمایەداری پاشکۆ لە ئێراندا، هاوڕەئی و هاوبۆچوونن، ئەمانە ئەمڕۆ دەست لە دەستی یەکدیدا، هەریەکەیان لە گۆشەیەکەوە و لە قاڵبێکا هەندێ نووسین و بڵاوکراوە، بڵاودەکەنەوە کە تەرکیز لە سەر تەحریف و ئاوەژوو نیشاندانی هزر و بیر و خەباتی دلێرانەی جەوانانی جەنگاوەری ئێرانی ساڵانی پەنجایەکان دەکەن. هەر لە هەمان ڕێڕەودا هەندێک لەوانە هەندێجار بە باسی هەلومەرجی زندانەکانی کۆماری ئیسلامی کە بە دڵنیاییەوە زۆر لە زندانەکانی ڕژێمی شا دۆزەخین تر و ترسناکترن، پاکانە بۆ ساواک دەکەن و هەوڵی ئەوە دەدەن تاوانەکانی ئەو دەزگا ترسناکە دەرهەق بە خەباتکارانی شۆڕشگێڕ و زندانیانی سەردەمی شا پەردەپۆش بکەن، دەست بە عەیبدارکردنی کۆمەڵێک بەهای خەباتکارانە کە بە هۆی زەحمەتی بێ دریغ و لە خۆبوردەیی، خەباتکاران و جەنگاوەرانی ئەو ساڵانە، هاتووەتە دی و بەرهەم هاتووە. لەم پێودانگەوە چاپی تازەی (داستانی بەرخودان) لەهەنبەر ئەو هەوڵانەشدا زەرورەت پەیدا دەکات ، واتە وەڵامێکە بۆ ئەو هەوڵانەش، بێگومان ئەو بویەر و هەقیقەتانەی لە ناوەڕۆکی ئەم کتێبەدا خراونەتە ڕوو ، جارێکی دی ڕووناکی دەخاتە سەر کۆمەڵێک حەقیقەت سەبارەت بە بیر و ئەندێشەی خەبات و بەرخودانی دلێرانەی نەوەیەک لە فرزەند و ڕۆڵەێن بە ئاگا و خەباتکاری ئێران و لەقاو دەرانی بانگەشەی قۆڕی بەکرێگیراوانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی (١٦) و هەموو ئەو کەسانەی بە غەرەزەوە دژی خەباتکارانی هۆشیار و شۆڕشگێڕانی گیان لەسەر دەستی ساڵانی پەنجایەکان قەڵەم ڕانی دەکەن.

پێویستە لێرەدا ئاماژە بە خالێکی زۆر گرینگیش بکەم، کە بریتییە لەوەی ئەمەی کە لە (داستانی بەرخودان)دا هاتووە، تەنیا چمکێکە لە واقیعی زندانەکانی ڕژێمی شای ساڵانی پەنجایەکان، دەبێ ئەوە بزانرێ کە کاریگەریی و باندۆری بزاڤی چەکدارانە لەسەر خەڵکی، هاماجی سیاسی کۆمەڵگەی بەرە بەرە بە زەرەری ڕژێم دەگۆڕی، بۆیە ئەم خەباتە تا زیاتر لەلایەن جەماوەرەوە پێشوازی دەکرا و پارێزگاری لێ دەکرا و گەنجانی زیاتری بۆ خۆی ڕادەکێشا، ڕەفتاری ڕژێمیش دەگەڵ خەباتکارانی ناو زندانەکاندا، سەخت تر دەبوو، تەقریبەن لە ساڵی ٥٢ بە دواوە ئەشکەنجە و سەختگیرییەکان لە زندانەکاندا سەخت تر بوو، تا دادگاکانی ڕژێمیش، حوکمی زۆر قورستریان دەرهەق بە خەباتکاران دەردەکرد.

لە کۆتاییدا بە پێویستی دەزانم ئەم خاڵانەش بخەمە ڕوو:

١ - لە چاپی تازەی ئەم کتێبەدا هیچ جۆرە گۆڕانکارییەک لە دەقە ئەسڵییەکەدا نەکراوە، تەنیا شیعری (سەرکەوتن) نەبێ لە کۆتایی کتێبەکەوە گوازراوەتەوە بۆ بەشی سالولی ئینفرادی- ژێرزەمینی شارەبانی-

٢ - لە چاپی تازەدا بە پێچەوانەی چاپی پێشوو کە هەر هەموو ڕوونکردنەوەکان خرابوونە کۆتایی کتێبەکەوە، ڕوونکردنەوەی هەر فەسڵێک خراوەتە کۆتایی هەمان فەسڵەوە.

کتیبەکە هەمووی بەسەر پێنج فەسڵدا دابەش و پۆلێن کراوە. جگە لەوە، لە چاپە تازەکەدا، سەرباری ڕوونکردنەوەکانی پێشوو، هەندێک ڕوونکردنەوەی دیکەم بۆ زیاد کردووە، کە هەر هەموویان بە نیشانەی (+) دیاریکراون و لە دوای ڕوونکردنەوە کۆنەکانەوە دانراون. پەراوێزە تازەکانیش لە نێو دەقی کتێبەکەدا بە هەمان نیشانە دیاری کراون.

*ڕوونکردنەوە:*

١- سەبارەت بە خەباتی جەماوەری زەحمەتکێشی ئەو زەمانە دەکرێ وەکو نموونەی بەرجەستە و دیار، ناوی برازفی جوتیارانی رازلیق ( رازلیق گوندێک بوو لە ڕۆژهەڵاتی ئازربایجان) و ڕێپێوانە ئاشتی ئامێزەکەی کرێکارانی کارخانەی جیهانی چیت لە کەرەج، ببرێت کە لەلایەن هێزێن چەکداری ڕژێمی شاوە لە خاک و خوێن هەڵکێشران . دەبێ ئەوەش بزانرێ کە لە کارخانەکاندا، پتر لە هەر شوێنێکی دیکە- هەلومەرجێکی پۆلیسی ئەوتۆ پەیرەو دەکرا، کە هەرجۆرە هەوڵێکی مانگرتن، بەبێ ڕەحمانەترین کاردانەوە ( گرتن، ئەشکەنجە و لە کار فنیش کردن) وەڵام دەدرایەوە.

٢ – (داستانی بەرخودان) ، تا ئێستا پاچڤەی زمانی ئینگلیزی، ئەڵمانی، سویدی و کوردی کراوە، یەکێک لە دۆستانی ڕێکخراو (فەرەیدون ئیل بەگی) بۆ سەر زمانی فەڕەنسی پاچڤەی کردبوو، ئێل بەگی سوور بوو لەسەر ئەوەی کە کۆمەڵێک پەراوێزی خۆی بخاتە سەر کتێبەکە، بەڵام قەوارەی کتێبەکە بەو پەراوێزانەوە بەڕادەیەک گەورە دەبوو، کە بۆمان چاپ نەدەکرا، گوایە روجیە دوبری پێشەکییەکی بۆ چاپی فەڕەنسی کتێبەکە نووسی بوو، بە هەرحاڵ من هیچ کات پاچڤەی فەڕەنسی کتێبەکەم بە چاپکراوی نەدیتووە ( روجیە دوبریە لە ئێراندا زیاتر بە کتێبی "شۆڕش لە نێو شۆڕش"دا، ناسراوە، کە لەو کتێبەدا لە شۆڕشی کوبا کۆڵیوەتەوە)

٣- دوای ڕاپەڕینی بەهمەن، لە ماوەی نێوان ئەم ڕاپەڕینە و ئەو کاتەی کە من دەرچوونی خۆم لە ڕێکخراوی داگیرکراوی چریکانی فیدایی خەڵک بە ئاشکرا بۆ هەموان ڕاگەیاند، گەلێک لە لاوان و نۆلاوانی خەباتکار، چەندین نامەیان بۆ من، بۆ سەرکردایەتی فیدایی ناردبوو، لێ مخابن سەرانی تازەی ئەم ڕێکخراوە بەگوێرەی گیانی هەرە بەرزی!! دیموکراتیکی!! خۆیان ، تەنانەت تاقە یەک نامەشیان لەو نامانە نەدا بە من ، من پاشان بیستم کە ئەو بەرپرسانە لە زۆری ئەو نامانە و ئەو تەلەفونانەی بۆ من کرابوون، بێزار و بێتاقەت بوو بوون! هەڵبەتە ئەوەی لێرەدا بۆ من مەبەستە، تەنیا پیشاندانی یەک ڕووداوی مێژووییە، یەک دوو ساڵ لەمەپێش، لە سایتێکی ئینتەرنێتدا نووسینێکی یەجگار پڕ سۆز و گودازم بینی کە پەیوەندی بە خەباتکارێکەوە هەبوو، کە بەگوتەی خۆی لە تەمەنی سیازدە ساڵیدا کتێبی (داستانی بەرخودان)ی خوێندبووەوە و لەڕێگای ئەو کتێبەوە ئاشنای مەسەلە سیاسییەکان بوو بوو، ئەم کەسە کە لە سەرەتای هێرشی خومەینییەوە بۆ سەر خەڵکی، دەستگیر کرابوو و جوانترین ساڵانی تەمەنی خۆی لە زندانە دۆزەخییەکانی کۆماری ئیسلامیدا بەسەر بردبوو، بەم

نووسینەی خۆی تەنیا ئەوەندی ویستبوو، قەدرزانی خۆی بەرابەر بە هاوڕێیانی ئێمە لە کەنەدا، بەبۆنەی بەرپاکردنی ڕێوڕەسمی یادی سیاکەلەوە، دەرببڕێت. هەڵبەتە هەبوونی ئەم جۆرە خەڵکە و بەو نووسینانەوە هەروەها زانینی ئەمەی کە هەندێک لەو شیعر و شیعارانەی ناو ئەم کتێبە، لەلایەن خەباتکارانی گەنجی ئەو ساڵانەوە (ساڵانی هەوەڵی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی) لە سەر دیواری سالولەکاندا نووسرابوون، باری مەسئولیەتێکی زۆر قورس دەخەنە ئەستۆی من. هەرچەندە زۆر چاک دەزانم کە (داستانی بەرخودان) ئیدی بە هیچ جۆرێک تەنیا هی من نییە.

٤- شۆڕشگێڕی گومناو، هەمیشە لە زەینی مندا جێگایەکی تایبەتی هەبووە و ڕێز و حورمەتێکی زۆری لە دڵ و دەروونی مندا بێدار کردووەتەوە، بەڵام وا ڕێکەوت بە پێچەوانەوە، ناوی من بەتایبەتی بەهۆی ئەم کتێبەوە کە لە بەردەمتاندایە بەشێوەیەکی دیار لە بزووتنەوەکەدا بەرجەستە ببێت، بە پێویستم زانی جەخت لەسەر ئەمە بکەمەوە کە ئەم بەرجەستەگییە بەرەنجامی فیداکاری و گیانبازییەکانی ئەو گومناوانەیە. بەهەرحاڵ ئەمە حەقیقەتە کە (داستانی بەرخودان) بووە بە نموونەیەکی خەبات و بەرخودانی پاڵەوانانەی ژنان و پیاوانێک کە لە قۆناغێکی بزووتنەوەی سەرکەوتوانەی خەڵکانی زوڵم لێکراوی ئێمەدا، چەندین لاپەڕەی درەخشان و نوێیان خستووەتە سەر مێژووی سەرانسەری خەڵکی ئێران. بۆیە لەم گۆشەنیگایەوە دەبێ کاریگەریی ئەم کتێبە لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیدا بە هەند وەربگیرێت.

٥- لە هەمان ساڵی ٥٨ دا کە من و هاوڕێیانی دیکە لە" لە چریکانی فیدایی خەڵک" ( ئەم ناوە بەبێ وشەی ڕێکخراو- ناوی هەوەڵجاری هەمان ڕێکخستنە کە بە یەکانگیری گروپی جەنگەڵ و گروپی ئەحمەد زادە، هاتە ئاراوە، ئێمە بەم ناوەوە دوای داستانی سیاکەل، بە دەرکردنی سیازدە بەیاننامە، بوونی خۆمان لە کۆمەڵگەدا ڕاگەیاند) هەڵوێستی خۆمان دژی کۆماری ئیسلامی ڕاگەیاند- ئەمە لە هەلومەرج و لە کەش و هەوایەکدا بوو کە مخابن تەسەوری گشتی وا بوو کە (بەهاری ئازادی) هاتووە - ڕۆژنامەی کەیهان ستوونێکی بە تەنز و توانجی دەربارەی چۆنییەتی ڕەفتار و هەڵسووکەوتی من لە ڕۆژێکدا ، تەرخان کردبوو و نووسیبووی گوایە ڕۆژی من بە هەڵگرتنی چەک دەستی پێکردووە و بەهەمان شێوە بەردەوام دەبێت، بە کورتییەکەی گوایە من عاشقی چەک بووم و ئەو کارانەی کە دەشیا بە  بێ چەک ئەنجام بدرێ، من سوور بووم لەسەر ئەوەی کە هەر دەبێ بە چەک ئەنجام بدرێ و ... هتد.. بێگومان کەیهان بە بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە تەسەور و بۆچوونانە کە بە فرسەخان لەواقیع و بۆچوون و بیروباوەڕی منەوە دوور بوون، مەبەستی تایبەتی خۆی هەبوو کە بریتی بوو لە بە لا ڕێدا بردنی زەینان لە مەسەلە زۆر بایەخدار و گرینگەکانی ئەو قۆناغە و لەوتاندن و لەبەر چاوخستنی ئەو حەقیقەتە بەجێیانەی کە ئێمە کارمان لەسەر دەکرد و دەمانخستنە ڕوو، قسە و گوتاری سەرەکی ئیمە لەو قۆناغەدا ئەمە بوو کە ڕژێمی تازە جێگیر بوو، بەپێی ماهیەتی دژە خەڵکی خۆی، درەنگ یا زوو هێرشی خۆی بۆ سەر خەڵکی دەست پێ دەکات، بۆیە دەبێت بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی ڕاپەڕینی بەهمەن، جەخت لە سەر ئامادەکردنی

چەکدارانەی جەماوەر بکرێت و جەماوەر بۆ ڕوو بە ڕوو بوونەوەیەکی چەکدارانە ئامادە بکرێ، کە بەخورتی بەسەریاندا دەسەپێنرێت (هەزار حەیف و مخابن، ئەوە بوو کە دوای مدەتێک ڕژێم ، بەوپەڕی دڕندەیی هێرشی خۆی بۆ سەر خەڵکی دەست پێکرد، بەبێ ئەوەی خەڵک خۆی بۆ ڕوو بە ڕوو بونەوەی ئەو هێرشە ساز دابێت و ئامادە کردبێت– ئەڵبەتە جگە لە هەندێ حاڵەت) . هەڵبەتە ناوەڕۆک و تیمەی ئەسڵی و سەرەکی بانگەشەکانی " ڕیکخراوی چریکانی فیدایی خەڵک"ش (کە چەند هێزێکی سازشکار و ناشۆڕشگێڕ جڵەویان گرتبووە دەست) ، دژی ئێمە بەو جۆرە بوو، ئەوانە منیان بە کەسێکی عاتفی لە قەڵەم دەدا کە گوایە لەبەر ئەوەی زۆر پابەندی ڕابردووم و بە یادی ڕابردووەوە ئاگام لە گۆڕانکارییەکانی سەردەم نییە، بۆیە گیرم بە خەباتی چەکدارییەوە گرتووە، ئیدی نامیلکەی لە بابەتی (ئەشرەف پاشماوەی دەورانی منداڵی)یان دژی من بڵاودەکردەوە، لەو زەمانەدا شیعری ( بە چاوانی) شاملو پڕ بە پێستی حاڵی ئێمە بوو، ئەم شیعرە هەلومەرج و هاماجێک وێنە دەگرێ و دەخاتە بەرچاو کە بەکۆمەڵێک درۆیان خەڵکی فریو دەدرێن و شەو ( ڕەمزی تاریکی و تەنگانە و ...) لە حاڵێکدا هێشتا دوو بەتڵی مابوو و شەو لە ( نیوە تێنەپەڕی) بوو کەچی وەکو ڕۆژ بە خەڵکیان نیشان دەدا، ( هەتاو) بۆ خەڵکی (چەمکی بێ درێغی عەدالەت بوو) کەچی ئەوان خەڵکیان (بە شتێکی هەتاو ئاسا) خەڵەتاندبوو، لەم بەینەدا هێزێکی شۆڕشگێر کە هەست بەم دەغەڵکاری و فریوکاریانە دەکات، هاوار دەکات خەڵکینە باوەڕ بەم شتانە مەکەن، لێ دەغەڵکاران و فریوکاران، هەراو هەنگامەیەکی بانگەشەیی بەرپا دەکەن و گاڵتە بەو هێزە دەکەن.

حەقیقەت ئەوە بوو کە بە کەوتنی ڕژێمی دیکتاتۆری شا، بەڕاستی شەو لە نیوەی تێنەپەڕی بوو، دژمنانی خەڵکی ئێمە ( ئیمپریالیستان و سەرمایەدارانی پاشکۆ) وێڕای ئەو هەموو جەزرەبانەی کە لەلایەن خەڵکی خەباتکاری ئێرانەوە خواردبوویان هێشتا لە پێ نەکەوتبوون و سەرقاڵی قایم کردنی پایەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بوون وەکو نوێنەری تازەی خۆیان، لەم هەل ومەرج و بارودۆخەدا، هەراو هەنگامەی بانگەشەیی هەموو ئەو هێزانە لە کۆنەپەرستانی سەر بە ڕژێمەوە بیگرە تا ئەو سازشکارانەی خزیبوونە ڕیزەکانی ڕێکخراوی ئێمەوە و بەر تانە و تەشەریان دەداین و قا قا پێمان پێدەکەنین، هەلیان بۆ کۆماری ئیسلامی ڕەخساند تا دوای یەک دوو ساڵ دڕندانە بەرببنە گیان و ژیانی خەڵکی و مان و ژیانیان وێران بکەن.

٦- مەرزیە ئەحمەد ئەسکویی: لە فەروەردینی ساڵی ٥٢ دا دوای شەهید بوونی هاوڕێ نادری شایگان، هاوڕێ دەگەڵ چەند هاوڕێیەکی دیکەدا ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ڕێکخراوی چریکانی فیداییەوە کرد، مەرزییە لە ٦/ ئوردی بەهەشت/ ١٣٥٣ دا لە شەڕێکی قارەمانانەدا دەگەڵ دژمندا شەهید بوو، هێزێن چەکداری ڕژێم، لەم شەڕ و ڕوو بە ڕووبوونەوەیەدا کە لەترسا زات و جورئەتی ئەوەیان نەبوو لێی نزیک ببنەوە، لە کەودەنی و بێ ئاوەزی خۆیاندا تەسەوری کیژێکی بوێریان نەدەکرد، بۆیە دەیان گوت پیاوێکە و عەبای لە سەر کردووە، بەدەم دەسڕێژی

ڕەشاشەوە خەڵتانی خوێنیان کرد. هاوڕێ مەرزییە بەتایبەتی لە ڕێگای ئەو شیعرە شۆڕشگێڕیانەوە کە لە دوای بەجێ مابوون، یەکێک بوو لە ناوە دیارەکانی ناو خەباتکاران.

٧ - تەقریبەن لە ساڵی ٥٢ بە دواوە، لە جیاتی زاراوەی ( خانەی تیمی) بۆ (بارەگاکەی) خۆمان زاراوەی بنکەمان بەکار دەبرد.

٨ - عەلی ئەکبەر جەعفەری ( فەرەیدون) لە ساڵی پەنجادا لە ڕێگای هاوڕێ جەنگیز قوبادییەوە پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخراوەوە کرد، دوای دەستگیرییە سەرەتاییەکانی ساڵی پەنجا، دەگەڵ هاوڕێ حەمید ئەشرەف و حەسەن نەوروزیدا، لە ناوەندی ڕێکخراودا، دەورێکی ئێجگار گرنگی لە ڕێکخستنی هاوڕێیانی تازە و پاراستنی ڕێکخراودا بینی، ژیانی سەرانسەر خەبات و پڕمەسئولیەتی ئەو لە ئوردیبەهەشتی ساڵی پەنجاو چواردا کۆتایی هات، بەهۆی کاری زۆر وماندوێتی لەڕادەبەدەر، لە ڕووداوێکی ئوتومبێل هاژووتندا، بریندار دەبێت و توانای جوڵەی نامێنێت، بۆ ئەوەی بە زیندووی نەکەوێتە دەستی دژمن، داوا لەو هاوڕێیە دەکات کە لەگەڵیدا دەبێت کە گوللەیەک بەمەوە بنێت و خێرا خۆی لە تالووکە ڕزگار بکات، ئەمە دوا دەستوور و فەرمانی سوپایی هاوڕێ جەعفەری بوو.

٩ - بۆیە جەخت کردنەوە لەسەر ئەم حەقیقەتە بە پێویست دەزانم، چونکە لەو ساڵانەی دواییدا، هەندێ لە کۆنەپەرستان و مداراخوازان هەوڵیان داوە ڕەواج بە بڵاوکردنەوەی ئایدیای فریوکارانەی بەرقەراری ( سوڵح) و (سەفا) لە نێوان ئەشکەنجەچی و قوربانیدا بدەن و بۆ دامرکانەوەی ئاگری غەزەبی ستەمدیدەکان، دژی ستەمکاران هەوڵیان داوە ، تاوانە ترسناکەکانی بەکرێگیراوانی ساواک لە زندانەکاندا پەردەپۆش بکەن، جا هەر لەم پێودانگەوە بە شێوەیەکی زۆر نامەردانە و خوێڕیانە پەلاماری ناوەڕۆکی (داستانی بەرخودان) یان داوە و بە ( موبالەغەئامێز) و ( دەستکردیان) لەقەڵەم داوە.

١٠ - بۆ نموونە لە دادگایی کردنی بیست و سێ کەس لە هاوڕێیان ( لەو کتێبەدا کە لە لای منە هەڵەیەکی چاپی ڕووی داوە و ژمارەی هاوڕێیان بە بیست و یەک کەس دانراوە) بەڵام کەش و هەوای خەباتکارانەی ئەو دادگاییە بە دروستی وەسپکراوە و وەکو من پاشان ڕاستەوخۆ لە زمانی هەندێک لە پاشماوەکانی ئەو دادگاییە مێژووییەوە ژنەوتوومە، ئەوان ئەم نا دادگاییەی ڕژێمی شایان کردبوو بە دادگایەک بۆ دادگایی کردنی ڕژێم، لێ هەندێ شت هەن کە لە تەک واقیعدا تێک ناکەنەوە. وەکو ئەوەی کە بۆ نموونە ( هاوڕێ ئەحمەد زادە بەخۆی چاک تەمبێی حسێن زادەی نۆکەر و بەکرێگیراوی کردووە) یا (گەلێک لە هاوڕێیان بەر لە ئیعدام کردن لە ژێر ئەشکەنجەدا شەهید بوون) بەهەرحاڵ، ئەوەی هاوڕێیان لەو دادگا ساختە و نمایشییەدا وەکو نیشاندانی ناڕەزایی بە پێچەوانەی ڕێوڕەسمی باوەوە، لە سەر کورسیەکانی خۆیان هەڵنەستاون، ئەمەی کە ساواکییەکی دێو ئاسا، بە تۆپزی هاوڕێ مەسعود ئەحمەد زادەی لەشوێنی خۆی هەستاندووە و لەدەرەوە کەوتووەتە دارکاری کردنی، ئەمەی کە لە هەمان نا دادگادا، هاوڕێیان وەکو دەربڕینی ناڕەزایی دەرهەق بە مامەڵەی ساواکییەکان بە کۆمەڵ

سروودی ڕێکخراویان ( من چریکی فیدایی خەڵکم، گیانی من بە فیدای خەڵکم) یان خوێندووە و ئیدی بەهۆی ئەم هەڵوێستانەوە لە دانیشتنەکانی دواتری ئەم نادادگایانەوە، هاوڕێیانیان بە کۆمەڵ بۆ دادگا نەبردووە، هەر هەموو ئەمانە تەواو دروست بوون و ڕوویان دابوو.

١١- شیرین موعازید: لەو هاوڕێیانە بوو کە لە گروپی جەنگەڵ مابووەوە، کە نەک هەر بە زەحمەتی بێ دریغی خۆی، بەڵکو بە تایبەتمەندییە بەڕاستی کۆمونیستیەکانی خۆی باندۆر وکاریگەرییەکی جدی، لە قەرەبووکردنەوەی جەزرەبەکانی ساڵی پەنجا و پاراستنی ڕێکخراودا هەبوو، شیرین لە هەمان ڕۆژدا کە هاوڕێ مەرزییە ئەسکویی شەهید بوو، لە لایەن بەکرێگیراوانی ساواکەوە دەستگیر کراو لە ژێر ئەشکەنجەی هۆڤیانەی ئەواندا گیانی لەدەست دا، وێنەیەکی جەستەی ئەشکەنجەدراوی ئەو لە دوای ڕاپەڕینی بەهمەن کەوتە دەستی خەڵکی.

١٢- ئیبراهیم پوور ڕەزا خەلیق: یەکێک بوو لە هاوڕێ قەدرگرانەکان کە بەر لەوەی پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخراوەوە بکات، خوێندکاری کۆلێژی پیشەسازی تاران بوو، لە مانگی بەهمەنی ساڵی پەنجا و دوودا، لە هەل ومەرجێکدا کە دژمن تازە لە چالاکییەکانی چریکان لە شاری مەشهەددا وەئاگا هاتبوو و بارودۆخێکی ئێجگار پۆلیسی لە شاردا فەرمانڕەوا بوو، لەم شارەدا دەستگیرکرا و خرایە ژێر دڕندانەترین ئەشکەنجە و لەژێر ئەشکەنجەدا شەهید بوو.

١٣- ئیسماعیل خاکپوور: خوێندکاری کۆلێژی پیشەسازی و هاو دەورەی ئیبراهیم بوو، ئیدی بە دەستگیری ئەو دەگەڵ هاوڕێیەکی دیکەدا لە هەیڤی بەهمەنی ساڵی پەنجا و دوودا، ساواک پەی بە حزوری چریکان لە شاری مەشهەددا برد، ئیسماعیل دوای گرتن خرایە ژێر توندترین ئەشکەنجەوە، ساواک بۆ ماوەی دوو ساڵ، لە سالولی ئینفرادیدا هێشتیانەوە، کە بۆ ئەو زەمانە کارێکی بێ پێشینە بوو، ئەو کە حوکمی ئەبەدی درا بوو، لەگەڵ ڕاپەڕینی جەماوەری خەڵکدا لە زندانی شا ئازاد بوو، سەبارەت بەمەی کە پاشان لەلایەن ڕژێمی کۆماری ئیسلامییەوە دەستگیر کرا و چارەنووسی گەییە کوێ، هیچ زانیارییەکی ورد و دروست لە بەردەستا نییە.

١٤- فرامەرز شەریفی: بەر لەوەی پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخراوەوە بکات، خوێندکاری زانستگەی تاران بوو، لەساڵی پەنجا و یەکدا لە ڕوو بە ڕوو بوونەوەیەکدا دەگەڵ بەکرێگیراوانی ڕژێمی شادا، شەهید بوو.

١٥ کەیومەرس سەنجەری: وەکو چریکێکی فیدای خەڵک، درێژترین ژیانی نهێنی و ژێرزەمینی هەبوو ( نزیکەی شەش دانە ساڵ بە نهێنی دەژیا) پێشتر خوێندکاری ساڵی سێیەمی کۆلێژی زانست و پیشەسازی نارمەکی تاران بوو، دەگەڵ خۆپیشاندان و مانگرتنە خوێندکارییەکانی ئۆردی بەهەشتی ساڵی پەنجادا کەشف بوو و خۆی شاردەوە، پاشان پەیوەندی بە ڕێکخراوی چریکانی فیدایی خەڵکەوە کرد، لە ٩/ بەهمەن/ ٥٥ دا کاتێ لە بنکەیەکی نهێنیدا لە مەشهەد کاری دەکرد و کە بە مەبەستی تەماس گرتن دەگەڵ هاوڕێیانی تاراندا بۆ تەلەفون

خانه چوو بوو، هەر لەوێندەر ڕوو بە ڕووی پیاوانی ڕژێم دەبێتەوە و لە ناکاوا بەسەریا دادەڕژێن ، بەڵام ئەو بۆ ئەوەی بە زندوێتی نەکەوێتە دەستی دژمن، توانیبووی حەپێکی سیانید قوت بدات و بەدەستی خۆی کۆتایی بە ژیانی پڕ شانازی خۆی بێنێت.

١٦ – لەچەند ساڵی ڕابردوودا زۆر کتێبان سەبارەت بە چریکانی فیدایی خەڵک و خەباتکارانی دیکەی شۆڕشگێرانی دیکەی ساڵانی پەنجایەکان، لەلایەن وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی (هەروەها لەلایەن کەسانی بە ڕواڵەت سەربەخۆوە کە هەڵبەت نانی ڕۆژیان لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی بیری کەچڕەوانەی فەرمانڕەوایانی وەختەوە دابین دەبێت و هەندێک لەوانەی کە لەڕابردوودا سووکە تەماسێکیان بە خەباتکارانی فیدایشەوە هەبووە) بڵاوکراونەتەوە، کە بە بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێک درۆ و دەلەسە، هەوڵدەدەن مێژووی ئاوەژوو و نادروست بخەنە بەردەستی نەوەی جەوانی ئێستا، هەروەها لە سایەی سانسۆری تووندا کتێبانێکیش بە خود سانسۆری و بەگوێرەی کەش و هەوای ڕۆژ، لە هەمان بواری ناڤبریدا بڵاودەبنەوە، کە هەڵبەت هەندێ ڕاستی و حەقیقەتانیش تێدا هەیە.

## *داستانی بەرخودان*

( هەزاران هەزار شەهید گیانی خۆیان قارەمانانە لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی خەڵکدا فیدا کرد، با ئاڵای ئەوان بەرزبکەینەوە و بە هەمان ڕێگادا کە بە خوێنی ئەوان سوور بووە، بچینە پێش.)

هاوڕێ ماو

چریکی فیدایی خەڵک، هاوڕێ ئەشرەفی دیهقانی دەدوێ.

*پێشکەشە بە:*

.... هەموو خەباتکارانی ڕاستەقینەی خەڵک کە قارەمانانە لەژێر ئەشکەنجەی  فاشیستی شا و لە مەیدانی تیربارانداا شەهید بوون و ئاڵای سووری ئامانجیان بەرزکردەوە.

.... هەموو ئەو جەنگاوەرە گیانبازانەی خەڵک کە بوێرانە لە شەڕی ڕوو بە ڕوو لەگەڵ دژمندا، شەهید بوون و بە خوێنی خۆیان نەمامی شۆڕشی ئازادی بەخشی خەڵکی مەیان ئاو دا.

.... بە هەموو ئەو زندانییە سیاسیانەی کە لە بەرخودان و پایەداری و خۆڕاگرییان مکوومی بە ئامانجێن خەڵک دەبەخشێت.

.... تێکڕای ئەو خەباتکارانەی کە بەرێگای شۆڕشی ئازادی بەخشی خەڵکیدا هەنگاویان ناوە..

ئێران ئەی نیشتمانی من!

لە کەنداوی خوێنینتەوە

تا چیا سەربەرزە مەغروورەکانت

دەنگی حەپەی سەگانی زنجیری، دەبیسرێ

ئێران، ئەی نیشتمانی من!

بڕوانە کە چۆن کەمتیارانی دزێو،

لە کێڵگە و مەزرا بە پیت وفەڕەکانت

سەرگەرمی کێڵانی دڵۆپەی خوێنن

بڕوانە کە چۆن ئاوی زوڵاڵی کانیاوەکانت

دەکەنە سەر، گەنداوە نەزۆکە پیرەکان

بەڵام ئێران ئەی نیشتمانی من!

سوێندت بۆ دەخۆم

بێدەنگی شەوت، بە دەنگی گوللە

تاریکی شەوت، بەگڕی سووری گوللە

و ساردی شەوت، بە داغی گوللە

وەڵام بدەمەوە.

## پێشەکی چاپی یەکەم

خەباتی ڕزگاریخوازی نوێی خەڵکی ئێران کە بە مامەڵەی واقیعبینانە دەگەڵ ڕەوت و ڕووداوە مێژووییەکانی ئەم سەردەمە و شیکردنەوەی بابەتیانەی ئەم ڕەوت و ڕووداوانە لە ناو وڵاتەوە دەستی پێکرد، بزووتنەوەکەمانی خستە ڕیزی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی خەڵکانی سەرانسەری گێتی.

سەردەمی ئێمە، سەردەمی ئازادی و ڕزگاری خەڵکانی دیل و ئەسیری بندەستی دەسەڵاتی ئیمپریالیزمە، سەردەمی براڤێن ڕزگاریخوازی میللەتە، ڕۆژ نییە کە هەواڵی کردنەوەی بەرەیەکی نوێ لەم یا لەو گۆشەی جیهان بەرگوێ نەکەوێ و هەواڵی هێرشێکی تازە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیزم نەبیسترێت.

ئەوەتا خەڵکی ئاسیا، ئەفریقا و ئەمریکای لاتین هەستاونەتە سەرپێ، ڕاپەڕیون و لە هەموو لایەکەوە قرمژنی دەسترێژی ڕەشاش و قریوەی بزاڤێن ڕزگاریخواز بەرگوێ دەکەوێ، هەڵبەتە لە هەنبەر ئەم بزووتنەوە مێژووییەی خەڵکانی زۆرلێکراو و بندەست، ئیمپریالیستانی خوێنمژ و کۆنەپەرستانی دەستنێژی ئەوان تا دەمی مەرگ تەوری قەسابی خۆ دانانەن، ئەوانە شێلگێڕانە هەوڵ دەدەن تا پێشەنگانی چەکداری خەڵک، کە تواناو قودرەتیان هەڵقوڵاوی توانای خەڵکە، لەبەین بەرن و بەربەستێک لەبەردەم توانا و قودرەتی خەڵک، لەبەردەم ئەم لافاوە بێ ئامان و بونیادکەنەی مێژوودا، کە دێت تا سەروەت و سامانەکەیان ڕابماڵێت، درووستبکەن، بەڵام تازە تەواو، هیچ ترسێک لە مردن نییە، ئیدی ئاوات و ئارەزووەکەی هاوڕێی شەهید گیڤارا، ڕۆڵەی قارەمانی خەڵکانی سێ کیشوەر هاتووەتە دی، کاتێ جەنگاوەرێک لەبەرەی دژی ئیمپریالیزمدا لە خوێنی خۆیدا دەگەوزێ، جەنگاوەرانی دی هەن ، دێنە پێشێ و چەکەکەی هەڵدەگرن، تا شێلگێڕانە درێژە بەو شەڕە پیرۆزە بدەن، کە لە پێناوی ڕزگاری خەڵکدا، هەڵگیرساوە و دەستی پێکردووە، هەڵبەتە لەم گوزەرگا مێژووییەدا، کەسانێکی زۆر لە ڕۆڵە هەرە هوشیار و ڕەشیدەکانی خەڵک لە خاک و خوێندا هەڵدەکشێن.

بزووتنەوەی چریکی لە وڵاتی مەدا، زادەی گەشە و نەشەی زنجیرە هەلومەرجێکی بابەتی و خودی و زەینی ناو وڵاتی خۆمان و سەرانسەری جیهانە، هەڵبەتە هەڤدژی و ناکۆکی خەڵک لەگەڵ ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستییەتی ناوخۆ، حاکمیەتی بۆرژوازی کۆمپرادۆر لە ئێران و چەوساندنەوەی سەخت و سیستەماتیکی ڕامیاری و ئابووری خەڵک لە لایەن مونوپۆلانی ئیمپریالیستییەوە و هەروەها سەپاندنی کەلتوور و فەرهەنگی ئیمپریالستی بەسەر خەڵکەوە، شکستی بەرنامەێن بەڕواڵەت ڕیفۆرمیستی ڕژێم، کە بە مەبەستی کەمکردنەوەی جۆش و خرۆشی شۆڕشگێڕانەی خەڵک داڕێژرا بوون، زەبر و زەنگ و خەفەقانی سیاسی کەم وێنە لە ئێراندا، دەرفەتی هەر جۆرە خەباتێکی ئاشکرا و نیمچە ئاشکرای بەتەواوەتی لە خەڵک سەندبووەوە، هەروەها ئەزموونی پراکتیکی خەڵک سەبارەت بە شکست پەزێری و بێ سەمەری ئەو ڕەوتە سیاسیانەی کە تەنیا باوەڕیان بە ڕێبازێن ئاشتیانەی

خەبات هەبوو، باندۆر و کاریگەریی بزاڤی شۆڕشگێڕی خەڵکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و سێ کیشوەرەکە، گەشەکردنی ئاگایی مێژوویی و سیاسی نەوەی جەوانی ئێران و کۆکردنەوەی ئەزموون و ڕێبازێن ڕابردووی خەباتگێڕیی لەلایەن ئەوانەوە کە تەنیا بە پشتیوانێکی سەرەتایی بزووتنەوەکە دابنرێن، هەرهەموو ئەوانە فاکتەرێن بنەڕەتی و سەرەکی سەرەتا و دەستپێکی بزووتنەوەی چەکداری بوون لە ئێراندا.

بەڵام لە دەستپێکردنی بزووتنەوەکەدا، شۆڕشگێڕانێکی کەم دەیانتوانی ڕووناکی ئاسۆی ئایندە لە قوڵایی تاریکییەوە بەدی بکەن و هەر ئەوانیش بوون کە بزووتنەوەکەیان دەست پێکرد، ئەم بزاڤ و تەڤگەرە لە بارودۆخ و هەلومەرجێکدا دەستی پێکرد، کە دژمن لە هەموو کاتێک زیاتر خۆی بە بەهێز دەزانی و ئیمپریالیستان بە ئەرخایەنییەوە، وڵاتی مەیان بە دوورگەی ئارامی و سەقامگیری دەزانی.

لە هەل ومەرجێکدا کە گەلێک لە کوێرئەندێشانی سیاسی تێنەگەیشتنی خۆیان لە ڕێڕەوی پەرەسەندنی ڕووداوەکانی ناوەوەی کۆمەڵگەی ئێرانی بەم ڕستە باوە" *حاڵی حازر لە ئێراندا هیچ کارێک ناکرێت*" دەردەبڕی، لە هەل ومەرجێکدا گەلێک لە زەینگەرایان و نموونەسازان کە لە کۆمەڵگەی ئێران و ڕووداوەکانی دابڕابوون و تواناى ئەوەشیان نەبوو چارەسەرێکی پراکتیکی و بنجبڕ بۆ شکانی بنبەستی سیاسیی لە ئێراندا بخەنە ڕوو، بە خەیاڵ و بە زەین، لێکچوونی هەل ومەرجێن ئابووری کۆمەڵایەتی ئێرانیان دەگەڵ هەندێک لەو وڵاتانەدا کە شۆڕشی خۆیان گەیاندبووە قۆناغی سەرکەوتن، دەکرد بە دەستکەلای خۆیان، هەندێ نموونەی پێشوەختەیان وەردەگرت، کە لەگەڵ واقیع و بوویەرە تایبەتیەکانی وڵاتی مەدا تێکی نەدەکردەوە و موو بە موو وەریان دەگرت، بێ ئەوەی شیکردنەوەیەکی دیار بۆ هەل ومەرجێن تایبەتی وڵاتی خۆمان بکەن وبێ ئەوەی گوێ بەم وتە سیاسییەی هاوڕێ ماو بدەن کە *( کردار مەحەکی حەقیقەتە)* ئیدی بەشێوەیەکی دۆگمایی خۆیان بە بیر و ئەندێشە نادروستەکانی خۆیانەوە هەڵواسیی بوو، هیچ دەرس و پەندێکیان لەمە وەرنەدەگرت کە نەیان دەتوانی هەنگاوی ئەرێنی و پراکتیکی بنەن، لە بارودۆخ و هەل ومەرجێکدا کە گەلێک لە هەلپەرستان ، بەدەم چاوەڕوانی هەل ومەرجێکی گونجاوەوە کە هیچ دیار و خۆیا نەبوو، کەنگێ دەڕەخسێ و بەدەم چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەوە کە خەڵکی خۆ بە خۆ دەست بە ڕاپەڕین بکەن، دەستپێک و سەرهەڵدانی بزووتنەوەیان بە مەحاڵ دەسپارد و ملیان بۆ ژیانی پڕ کوێرەوەری و بێ بەری خۆیان، لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی شای بەکرێگیراودا دەدا، گوایە بە ناو بەخۆڕاگری درێژەیان بە ژیانی خامۆش، بێ جووڵە و فەساد ئەنگێزی خۆیان دەدا، کە لە ڕاستیدا پاشڕەو و پاشکۆی هەندێ ڕەوت و ڕووداوێن خۆ بەخۆ بوون، کە نە هیچ بوونێکی دیاری هەبوو، نە دەکرا بوونیشی ببێت – چونکە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان بە هەزاران پیلانی ئاگاهانە و بە هەزاران ڕێگا و نەخشەی دژە خەڵکی ڕێگریان لە هاتنە کایە و گەشەکردن و نەشونمای ئەو دیاردەیە دەگرت – بە هەرحاڵ لە بارودۆخ و وەزع وحاڵێکا لە یادوەری تاڵ و بە ئازاری هەرەس وشکستەکانی ڕابردوو، باڵی بەسەر هزر و بیری خەڵکیدا کێشا بوو، ئومێد و هیوا چوو بووە قاتی و دڵان سارد بوو، نەوەی نوێی وڵاتی مە، ڕاپەڕینی خۆی دەست پێکرد، ئەو نەوە نوێیەی

که گەییووه ئەو ئاسته هزری و پراکتیکییەی که بتوانێت دەست به پەیامی مێژوویی خۆی بکا، نەوەیەکی نوێ که بەدڵێکی پاک و راستگۆیی شۆڕشگێڕانەوه ، له ناوجەرگەی تاریکییەوه دەهات، تا چەکی شۆڕش له شان بکات و رێگای خەباتی خەڵکی زۆرلێکراوی خۆی بکاتەوه.

نەوەیەک که له پێناوی سڕینەوەی حەقارەتی بیست ساڵەدا، لەپێناوی رەواندنەوەی دوودڵی و نائومێدییەکاندا، له رای شکاندنی تەوقی بێدەنگی و زەبر و زەنگدا، لەپێناوی کۆتایی هێنان به تیوریانی بێ کردەوەدا، له پێناوی مەحکومکردنی نموونه سازی و پاشڕەوی سیاسیدا، لەپێناوی لابردنی گەنداوێن ئۆپورتونیستی، دلێرانه و بنجبڕانه هەستاوەته سەرپێ، تا ئامانجەکانی خەڵکی خۆی بێنێته دی، که بریتییه له نەهێشتنی کۆنەپەرستیەت و دەسەڵاتی ئیمپریالیستی و بەرقەراری دەسەڵات  و فەرمانڕەوایی خەڵک بەسەر وڵاتدا.

ئەم نەوه قارەمانه، بێ هیچ جۆره پشتیوانییەک بێ هیچ ئەزمونێکی کردەکی، بێ سوود وەرگرتن له هەر ئەزموونێکی پێشینان، دەستی بەکار کرد. چونکه پێشینان ئەزموونێکی ئەرێنی و داهێنەرانەی ئەوتۆیان لەپاش خۆ بەجێ نەهێشتبوو که بەکەڵکی ئێستا بێت. بۆیه نەوەی نوێ بێئەوەی پشت به دەستکەوتەکانی رابردوو ببەستێ کاری خۆی له سفرەوه دەست پێکرد.

خەباتی رابردوو تەنیا دەیتوانی ئەمه بەم وەچەیە، بەم نەوه نوێیه بڵێت، که چۆن پشت نەبەستن به جەماوەری خەڵک و ئاراسته نەکردن و رێک نەخستنی دروستی ئەوان، خەبات بەرەو هەرەس و شکست دەبات که چۆن دەرۆزەی  سیاسیی و نەگرتنەبەری رەوتێکی سەربەخۆ که دەگەڵ هەلومەرجی تایبەتی ئێراندا تێک بکاتەوه، دەشێت بمانکات به پاشکۆ و پاشڕەوی کوێر و نابینای بەرژەوەندی و سازشی خەڵکانی دی، که چۆن نەبوونی بەرەو یەکێتیەکی سیاسی واقیعبینانه له نێوان هێزەکانی خەڵکدا، دژی دژمنی هاوبەش، خەباتی خەڵکی پەراگەنده و پەرش و بڵاو کەم ئەسەر دەکات، که چۆن نەبوونی باوەڕی پتەو و دلاوەری شۆڕشگێڕانه و باوەڕ بەخۆ نەبوونی سیاسی هێزێن پێشەنگ، دەشێ رێگا بۆ دژمن بکاتەوه و وڵات به هەردووک دەستان به دژمن بسپێرێت، که چۆن نەبوونی رێکخراوێکی پێشڕەوی بەراستی شۆڕشگێڕ، که له بۆتەی کاری شۆڕشگێڕیدا قاڵ بووبێتەوه، نەک له نواندن و گەمەێن سیاسییەوه پەیدا بووبێ، دەتوانێ ئەنەرژی و وزەی بێ سنووری خەڵک بەفیڕۆ بدات و خەباتی خەڵک دووچاری هەرەس و شکست بکات، تەنانەت ئەگەر دلاوەری و پایەداری سەدان رۆڵەی قارەمانی خەڵکی ئێمەشی لەپشت بێت.

بەمجۆره نەسڵی نوێی وڵاتی مە، به ئەرکی قورسی پاکردنەوەی تەویلەی ( ئۆژیاس)ی رابردوو بناغەرێژی بینای ئایندەی خەباتی خەڵکی ئێمە، به دەستی بەتاڵ و به دڵێکی سەر رێژ له هیواو باوەڕ، پێی نایه مەیدانی کار و بەدەم رەوت و تەوژمی کاری شۆڕشگێڕییەوەو له ژێر دەسەڵاتی رەشترین ئاستەنگ و زەبروزەنگی سیاسیدا و لەژێر ئاگر و خوێندا گەشەی کرد و ئەوانەی لەگەڵ بزووتنەوەکەدا بوون، بەچاوی خۆیان دەیانبینی و به هەموو بوونی خۆیانەوه هەستیان دەکرد که چۆن پۆڵا پۆڵانیا دەبێتەوه.

ئەم نەوە خەباتگێڕە کە پشتی بە خۆی ئەستوورە، بەخۆی هەموو شتیک ساز دەکات، بێ ئەوەی هیچ هێزێک جگە لە هێزی خەڵکی ستەمدیدە بەرگری و پشتیوانی لێبکات، ئیدی دەبوایە خۆی هەموو شتێک بۆ خۆی فەراهەم بکات. هەموو ئیمکانیاتێک لە نوێ بئافەرێنێت، تەنانەت بچوکترین ئیمکاناتیش، بۆیە فێری ئەوە دەبێت چۆن ڕێگا دروست بکا و دابهێنێ و ئیدی دەبێت بە بوونەوەرێکی داهێنەر و دروستکەر.

ئەم بوونەوەرە کە هەموو شتێکی خۆی لەدەست دەدات، تا هەموو شتێک بەدەست بێنێت، ئەم دیاردە سەیرەی مێژووی ئێران، حاڵی حازر حەقیقەتێکی مەتریالی و پراکتیکی ئەوتۆی پەیدا کردووە، کە لەرز دەخاتە دڵی ئیمپریالیزم و کۆنەپارێزی ناوخۆوە، ئەم لاوانە ترسیان خستووەتە دڵی دژمنەوە. لاوانێک کە بێباک و چاو نەترس بەهیواو باوەڕی پتەو بەسەرکەوتنی ڕێگاکەیان، دەچنە پێشێ، جەوانانێکن کە کۆ لە هیچ دژوارییەکی سەر ڕێگای خەباتی خەڵک و جەماوەری خۆیان ناکەنەوە، جەوانانێک کە لەپێناوەی لە ئەستۆگرتنی باری پەیامێک کە مێژوو خستوویەتیە گەردنیان، چوونەتە ناو خەڵکی نیشتمانی خۆیانەوە تا خەبات لە نێو خەڵکیدا جێگیر بکەن و پەرەی پێ بدەن و ئەم بزووتنەوەیەش بە کردەوە ئەنجام دەدەن نەک هەر بە قسە، لاوانێک کە کەمتر قسان دەکەن و زیاتر کار دەکەن و ئەمە سەرچاوەی سیحری قودرەت و توانای ئەوانە.

هاوڕێ ئەشرەفی دیهقانی یەکێک لەم جەوانە پێشەنگانەی وڵاتی مەیە.

هاوڕێ ئەشرەف لە ئۆردیبەهەشتی ٥٠ ( ١٩٧١) کاتێ کە سەرگەرمی ئەنجامدانی ئەرکێکی شناسایی چریکی بوو، لە لایەن بەکرێگیراوان و نۆکەرانی ڕژێمەوە، دوای شەڕ و پێکدادانێکی نابەرابەر، دەستگیر کرا و خرایە بن درندانەترین ئەشکەنجەی فاشستییەوە، بەڵام ئەو بە باوەڕی پتەو و ڕاستگۆیی و ورە بەرزی شۆڕشگێڕانەی خۆیەوە تەحەمولی قورسترین ئەشکەنجەی کرد و هیچ ئیعترافێکی نەکرد، دوای ئەشکەنجەیەکی فراوان دادگاییان کرد و حوکمی دە ساڵ زندانیان بۆ بڕییەوە. هاوڕێ ئەشرەف دوو ساڵی لە زندانەکانی ڕژێمی شادا بەسەر برد و ئەنجام لە فەروەردینی ساڵی ٥٢ دا دەرفەتی هینا و لە زندان هەڵات و خۆی گەیاندە هێزەکانی چریکانی فیدایی خەڵک ، ئێستا شان بە شانی هاوڕێکانی دیکەی ، درێژە بە خەباتی خۆی دژی کۆنەپەرستیەت و ئیمپریالیزم دەدات، بێگومان وەکو هەر جەنگاوەرێکی چریکی دیکە، دوا دڵۆپی خوێنی خۆی شاباشی خەباتی ڕزگاریخوازی وڵاتەکەی خۆی دەکات.

هەڵبەتە بەرخوردی بنجبڕانەی هاوڕێ ئەشرەفی دیهقانی، لە ڕوو بە ڕووبوونەوەی بەکرێگیراوانی ڕژێم و کارگوزارانی ئیمپریالیزم لە ئێراندا، بەرخورد و هەڵوێستێکی ڕیزپەڕ و ئاوارتە نەبووە، گەلێک لە ڕۆڵەکانی خەڵکی مە، لە ژێر درندانەترین ئەشکەنجەێن سەدەکانی ناڤینی فاشیستانی ئێرانی و ئاغا ئەمریکاییەکانیان دلاوەری وقارەمانێتی ئەوتۆیان نواندووە کە هەر شایانی ناوی خەباتی پڕشانازی ئەوانە، لێ ئێمە هەر ئەوەندەمان دەرفەت پەیدا کردووە کە نموونەی بەرخودان و خەباتگێڕی هاوڕێ ئەشرەفی دیهقانی، کە نموونەیەکە لە قارەمانیەتی وەچەی نوێی شۆڕشی ئێران، بخەینە بەردەم خەڵکی ئێران و ڕای گشتی جیهان.

*وێڕای باوەڕی بەتینمان بە سەرکەوتنی ڕێگاکەمان!*

*ڕێکخراوی چریکانی فیدایی.*

## ژیننامە

هاوڕێ ئەشرەف دیهقانی فرزەندی خانەوادەیەکی هەژاری کرێکارە، کاتێ ئەو هاتە دنیاوە بابی کاری میراوی دەکرد، بەرلەوەش چونکە کارێکی جێگیر و هەمیشەیی نەبوو، بە کارێن جۆرا وجۆر ژیانی خانەوادەیەکی هەشت کەسی دابین کردبوو، کرێکاری لە کارخانەی دەزووڕێسی، بیرهەڵکەنی، ڕۆژە عەمەلە و بەقاڵی لە جوملەی ئەو کارانە بوو، دیارە هیچ یەکێک لەم کارانە گوزەرانی خانەوادەکەی بە تەواوەتی دابین و فەراهەم نەدەکرد، بۆیە دەبوایە دایکی و ئەو منداڵانەی کە دەیانتوانی کاربکەن بەشدارییەک لە دابینکردنی خەرجی و مەسرەفی ژیانی خانەوادەکەیاندا بکەن، هەر واش بوون، سەردەمانێک برا گەورەکانی کاریان دەکرد و سەردەمێکیش خوشک و دایک لەڕێگەی تەشی ڕێسییەوە یارمەتی خانەوادەکەیان دەدا و بژێویان فەراهەم دەکرد، کاری میراوی، وای دەخواست بابی بە بەردەوامی سەروکاری دەگەڵ ئاودا هەبێت و شەوانیش بەدیار ئاوەوە بخەوێت، بۆیە تووشی لاق یەشەیەکی هێندە دژوار بوو بوو کە لە کارکردنی دەخست، بۆیە بابی لە سەرانسەری ژیانی خۆیدا ، هەژاری و ڕەنج بێوەری لە نزیکەوە جەڕباندبوو، وێڕای ئەمەش لەو کەسانە نەبوو کە ژیانی سەراپا ڕەنجی خۆی بە چارەنووسێکی ئاسمانی بزانێت. ئەو سەبەبکاری ڕۆژڕەشی خۆی و ملیۆنان کرێکاری خۆی ئاسای ، بە چاکی دەناسی و دەیزانی کە دژمنی چینایەتی ئەو لەسەر هەمان زەمین دەژی کە ئەو و تێکڕای زەحمەتکێشانی دیکەش لەسەر هەمان زەوی دەژین، بۆیە هەژاری و زەحمەتی بێ پایان لە سەرەتای تەمەنییەوە، ڕۆڵی مامۆستایەکی ڕاستەقینەی بۆ ئەو هەبوو، ویارمەتی دا بوو کە حەقیقەت و بویەرەکانی کۆمەڵگەی چینایەتی، چەوسانەوە و ستەمی چینایەتی بناسێت، هەرچەندە نەخوێندەوار و بێ سیوات بوو، بەڵام لە هۆشیاری و ئاگایی سیاسیی بێبەش نەبوو، بۆیە هەوڵی دەدا لە هەر ڕێیەکەوە بۆی بلوێت دژی دژمن بخەبتێ، لە بوویەر و ڕوداوەکانی سالانی ١٣٢٤- ١٣٢٥ و دامەزراندنی فیرقەی دیموکراتی ئازربایجاندا، ئەو لە ڕیزەکانی خەڵکدا بوو، دوای هێرشی دڕندانەی هێزی دەوڵەتی و کوشتاری خەباتکارانی ڕاستگۆ، ماڵە چکۆلەکەی ئەو بۆ ئەو خەباتکارە ڕاستیانەی کە خۆیان لە دەستی جەلادان و پیاوکوژان قوتار کردبوو، بە پەناگا دەژمێردرا.

ئەو مەسەلانەی کە لە ماڵەوە لە ناو خانەوادەکەیدا باس و گەنگەشە دەکران، مۆرک و شەقڵی سیاسیان هەبوو و بە زۆری دەربارەی ئەو بابەتانە بوون کە ماهیەت و کرۆکی چەوسێنەران و شەرح و شرۆڤەی ستەمکارییەکانی ئەوان و چەوساندنەوەی جەماوەری بەشمەینەت و ڕەنجبەری کۆمەڵگەیان دەردەبڕی، وێڕای ئەو هەموو نەفرەت و کینە چینایەتییە، ئەوەی کە داک و بابی ئەو و خەڵکانی وەک ئەوانی، لە یاخی بوونی ئاشکرا لە هەنبەر دەوڵەمەنداندا دەکرد، سەرکوتکردنی دوور و درێژی ساڵەهای ساڵ بوو کە جۆرە بێ متمانەییەکی بە خۆ لا درووستکردبوون و دەوڵەمەندانیان بە گەورە و بەهێز دەزانی و هەستیان بە بێدەسەلاتی وبێ توانایی خۆیان

دەکرد. بێگومان بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئەو ڕۆژگارە ڕەوت و ڕێڕەوی ئەو خەباتەی کە دووچاری هەرەس و شکست بوو بوو، ئەویش ئەم هەستی بێ توانایی و خۆ بە کەم زانییەی هێندەی دی لا چڕکردەوە.

هەڵبەتە مەینەتیە فراوانەکانی ژیان لەلایەک و ناکۆکی وهەڤدژی گیانی ئازادیخوازی دەگەڵ هەلومەرجێن ئەسارەتباری باو لەلایەکی ترەوە، کردبوویانە کارێک کە باوکی ببێت بە کەسێکی زبر و تووڕە و تڕۆی ئەوتۆ کە بە زەحمەت ئیدارەی لە گەڵدا بکرێت، سەرکوتکردنی مەیلە خەباتگێڕییەکانی ئەو لە کۆمەلگەدا، زیاتر لە ڕەفتاری زبر و ڕەق و سارد و سڕی ئەو دەگەڵ ئەندامانی خانەوادەکەیدا، دەردەکەوت و ڕەنگی دەدایەوە، ئیدی بەرەنجامی ئەم چەشنە ڕەفتارە، ئەوە بوو کە وێڕای ئەوەی ئەندامانی خانەوادەکە، یەکدیان زۆر خۆشدەویست، بەڵام شتاقیان خۆشەویستی خۆیان بۆ یەکدی دەر نەدەبڕی، هاوڕێ ئەشرەف لە ساڵی ١٣٢٨ (١٩٤٩) لەم ژینگە خانەوادەییەدا چاوی بە ژیان هەڵهێناوە، کەس نەیپەرژاوەتە سەر ئەو، بۆیە هەر لە سەرەتاوە هەلومەرجێکی بۆ ڕەخسابوو، کە بتوانێ بەبێ ئەوەی چاوی لە پشتیوانی و نەوازشتی کەس بێت، لە هەر بوارێکدا پشت بە خۆی ببەستێت، خۆی کێشە و گیروگرفتەکانی خۆی چارەسەر بکات و لە هەمان کاتدا ڕۆژ بە ڕۆژ پتر بەو حەقیقەتە سەخت و دژوارانە ئاشنا بێت کە سەراپای ژیانیان گرتبووەوە، بەتایبەتی کە لە دوای لەدایکبوونی ئەو، بابی بە یەکجاری و بۆ هەمیشە توانای جموجولی لەدەست دابوو و بەهۆی لاق یەشە و باداربییەوە، بەیەکجاری لەجێدا کەوتبوو، هەرچەندە لە ڕابرووشدا خانەوادەکەیان لەبەر بێکاری ناو بە ناوی باوکیان دووچاری دەستکورتییەکی زۆر دەبوو، بەڵام ئەمجارەیان ئیدی هیچ ئومێدێکی ئەوە نەبوو کە بابیان بتوانێ هیچ کارێ لە ئەستۆ بگرێت.

خوشکە گەورەکەی بەدەم کارکردنەوە درێژەی بە خوێندنیش دەدا و ئیدی هاوڕێ ئەشرەف دوازدە ساڵان بوو کە دایکی دەگەڵ خوشکەکەی دا (خوشکی هاوڕێ ئەشرەف) دا، کە بوو بوو بە مامۆستا چوو بۆ گوندیکی دوورە دەست و ئەم لە جاران زیاتر تەنیا مایەوە، لە نێو هەمو ئەندامانی خانەوادەکەدا، هاوڕێ بەهرۆز تەنیا کەسیک بوو کە مایەی خۆشەویستی و متمانەی هاوڕێ ئەشرەف بوو. هاوڕێ بەهرۆزی بە کەسیکی پیرۆز دەزانی کە دنیای ئەو لەگەڵ جیهانی بچکۆلەی هەموو مرۆڤە ئاساییەکاندا جیاوازییەکی زۆری هەبوو، دنیایەکی باش و فراوان و دڵگیر کە هاوڕێ ئەشرەف زۆر حەزی دەکرد داغڵی ئەو دنیایە ببێت.

باس و گەنگەشە سیاسییە خانەوادەییەکان زۆر سەرنجیان ڕادەکێشا، هاوڕێ بەهرۆز هەر لە سەرەتاوە ئەوی بە خۆشەویستی کتێب وکتێب خوێندنەوە ڕاهێنا، هاوڕێ ئەشرەف بە تاسەوە کتێبانی دەخوێندەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ ئاستی هۆشیاری و ئاگایی کۆمەڵایەتی و سیاسی زیادی دەکرد، ئەویش بەرە بەرە دژمنی چینایەتی خۆی و سەبەبکاری هەژاری و ڕەنجەڕۆیی ڕەش و ڕووتانی دەناسی و لەو تەمەنەوە ڕقی لێ دەبوونەوە.

ژینگەی قوتابخانە بە بەرنامەی بانگەشەیی و ئاهەنگێن فەرمایشی دەگەڵ تەبیعەتی ئەودا تێکی نەدەکردەوە و بە هیچ جۆرێک نەیدەتوانی نەفرەت و ڕقی خۆی لەم بەرنامانە بشارێتەوە، بە حوکمی ئەو هەلومەرجە چینایەتی و کەش و هەوا سیاسییەی کە بەسەر ژینگەی خانەوادەیی ئەودا زاڵ بوو، ئەو مەسەلانەی کە هزر و بیری ئەویان

مژوڵ دەکرد، زۆر لەو مەسەلانە جدی تر و باڵاتر بوون لەو مەسەلانەی کە هاوپۆل و هاوتەمەنەکانی باسیان لێوە دەکرد، دنیای ئەو زۆر دوور بوو لە سەرگەرمییە بازاڕیی و هیچەکانی وردە بۆرژوازیی وەکو مۆدپەروەری تەقلیدی و ژەهرێن هزری دیکە. ئەوە بوو کە هەموو ڕۆژێک پرسیاری زیاتری سەبارەت بە پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە هاوڕێ بەهرۆز دەکرد و ئەویش بە وردی بەوپەڕی حەوسەڵەوە وەڵامی هەموو پرسیارەکانی دەدایەوە.

هاوڕێیان سەمەدی بیهرەنگی و کازمی سەعادەتی لە دۆستانی نزیکی هاوڕێ بەهرۆز بوون و هاوڕێ ئەشرەف هەستی بە ڕێز و خۆشەویستییەکی گەورە دەکرد بەرانبەریان و خۆزیای دەخواست وەختێ کە گەورە بوو، ژیان و بیرکردنەوەی وەکو ئەوان بێت، لەو کاتەوە کە هۆشیاری و ئاگایی سیاسی لا پەیدا بوو بوو، بیری لە شۆڕش و شۆڕشگێڕی دەکردەوە، ئەگەرچی شۆڕش بۆ ئەو چەمکیکی گۆنک و تەمومژاوی هەبوو، بەڵام ئەم خاڵەی بەلاوە زۆر ڕوون و ئاشکرا بوو، کە دەبێ ژیانی بۆ خزمەتی شۆڕش تەرخان  بکات، چۆن؟ نەیدەزانی.

هۆشیارکردنەوەی هاپۆلەکانی یەکێک بوو لەو ڕێگایانەی کە ئەوی دەگەیاندە ئامانج و ئەمەش ڕێگایەکی ئاسان نەبوو، چونکە هاوپۆلەکانی بە هزر و بیر و خۆزیا و ئامانجەکانی ئەو نامۆ و بێگانە بوون.

هەل ومەرجی خانەوادەیی وکۆمەڵایەتی پاشڤەرۆ و غیابی کەناڵێکی ئەوتۆ کە خەڵکی پەروەردە بکات و لە مەسەلە پێویستەکانی ژیانیان ئاگادار بکاتەوە و بەرنامەێن دەرسی خاڵی لە هەر بابەتێک کە هۆشیاری و ئاگاییەکی دروست بە قوتابیان ببەخشێت، هەر هەمووی یەکانگیر بوو بوون و لاوانیان بە فرسەخان لە حەقیقەتەکان دوور دەخستەوە، بۆیە هاوڕێ ئەشرەف بەو سەبر و حەوسەڵە کەمەیەوە کە هەڵبەتە زادەی تەمەنی بوو، نەیدەتوانی بە کەیفی دڵی خۆی مەبەست و ئامانجی خۆی بەرێتە پێش، بۆیە ڕۆژ بە ڕۆژ پتر لە دنیای هاوتەمەنەکانی خۆی دور دەکەوتەوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە دنیای هاوڕێیان بەهرۆز، سەمەد و کازم نزیکتر دەبووەوەو ئەوجاش لە هەوڵ و تێکۆشانی خۆی بۆ هۆشیارکردنەوەی هاوتەمەنەکانی خۆی نائومێد نەدەبوو تەواوی توانای خۆی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان دەکرد.

لە پۆلی یازدەدا دۆستێکی دۆزی بووەوە کە عەودالّی ئاگایی و هۆشیاری بوو، بۆیە هاوڕێ ئەشرەف زۆری دەگەڵ خەریک دەبوو و هەر دەرفەتێکی بۆ ڕەخسابا، دەگەڵیدا دەکەوتە باس و گفتوگۆ، جارێک لە پۆلی دەرسدا، نامەیەکی تێروتەسەلی بۆ ئەو دەربارەی ماهیەتی حوکمی شا و چۆنییەتی هاتنە سەر کاری ڕەزا شای بابی شا نووسی بوو، مامۆستاکە کە ساواکی بوو، پێی زانی بوو، نامەکەی لە دەست سەندبوو و ڕادەستی ساواکی کردبوو، ئەو کچەی کە بە نۆڕین و مەزەنەی هاوڕێ ئەشرەف ، خوازیاری ئاگایی بوو، ترسا و چیتر ئەو باس و خواسانەی دەگەڵا نەکردەوە.

له کۆتایی ساڵی خوێندنی ناوەندی دا، ئەو دووەیان هاوڕێ ئەشرەف و دۆستەکەی، بۆ ساواک برد و دوای کەمێک هەڕوگیڤ وئامۆژگاری، بەڵێننامەیان پێ پڕدەکەنەوە کە جارێکی دی خۆ لە کاروباری سیاسی هەڵنەقوتێن، هاوڕێ ئەشرەف ئەو بەڵێننامەیەی پڕ کردەوە و بە چاکیش بەڵێنی خۆی بردە سەر!

قۆناغی خوێندنی ئامادەیی تەواو بوو، ئیدی ئەو زەمانەی کە هاوڕێ ئەشرەف جاران پێی وا بوو دەبێ ژیانی خۆی وەقفی شۆڕش بکات، هاتبوو، لە کاتێکدا کە هیچ نیشانەیەکی شۆڕش بەدی نەدەکرا، ئەو دەیبینی کە هاوڕێیان بەهرۆز، سەمەد و کازم، بە ڕواڵەت درێژە بە ژیانی ئاسایی خۆ دەدەن. لەم کارە پەست و تووڕە بوو، بەڵام نەیدەزانی چی بکات و ئەم هەستیی بێ توانابیە ئەوی بەرەو جۆرە خەمینی و سەرگەردانییەک دەبرد، هەستی دەکرد ئەو بوونەوەرە یاخی و ئاشتی ناپەزێرەی ناخی، زەرە زەرە دەمرێت...

ڕێک لەو کاتەدا بوو کە هاوڕێ سەمەد کوژرا، ئەو ( هاوڕێ ئەشرەف) ژیانی لەمەرگی سەمەددا دۆزییەوە، وەک چۆن زۆرێک لە هاوڕێکانی دیکەی هاوڕێ سەمەد، ژیانیان لە مەرگی ئەودا دۆزییەوە، ئیدی ئەو ڕقەی کە لە دژمنی هەڵگرت زۆر لەوە زیاتر بوو کە بۆ ساتێکیش دامرێتەوە، ئیدی ئەو گۆنگییەی جاران دەربارەی ژیانی ئایندەی هەیبوو بەتەواوەتی ڕەوییەوە و هەمو شتێکی لا ڕوون و خویا بوو.

لەم سەروبەندەدا هاوڕێ لە گوندێکی ئازەربایجاندا مامۆستای سەرەتایی بوو، هەموو ڕۆژێ ئەو هەژاری و نەداری و ڕەنج و ستەمەی کە لە منداڵیدا دیتبووی و جەڕپاندبووی ڕوونتر و خویاتر دەبینی، بەچاوی خۆی ئایندەی وێران و هەموو ئەو نەگبەتی و مەینەتیانەی دەبینی کە چاوەڕێی دێهاتی و گوندیانی بێ گوناح و بێ سووچ و تاوان بوو و هەموو ساتێ هەستی بە لێپرسراوی زیاتر بەرانبەر بەوان دەکرد.

ئیدی ( ئەشرەف) دەیتوانی هاوڕێی ( بەهرۆز) بێ، هەردووکیان هەستیان بەمە دەکرد، بۆیە هەردووکیان هۆشیارانە کەوتنە لابردنی ئەو دیوارانەی کە لە نێوانیاندا بەرز بوو بوونەوە و پەیوەندی شکۆداری هاوڕێیەتی جێگای پەیوەندی برایەتی و مامۆستایەتی جارانی گرتەوە و کاتێ شان بە شانی یەکدی و لەگەڵ هەموو هاوڕێیانی دیدا، لە یەکەمین سەنگەرێن خەباتی چەکدارانە لە ئێراندا گیرسانەوە، هاوڕێیەتی وان گەییە لوتکەی شکۆداری خۆی و بوو بە هاوڕێیەتییەکی لە بن نەهاتوو و هەمیشەیی. چونکە هاوڕێیەتییەک کە لە سەنگەری خەباتدا دێتە ئاراوە و پەیدا دەبێت، وەکو پەیوەندییێن ئاسایی بە مردن و دووری و هۆی دیکە ناسڕدرێتەوە. بەلای هەر خەباتکارێکەوە هاوڕێکەی تا ئەوکاتە زیندووە کە پاپەند و وەفاداری ئامانجەکانی بێت، هەرکاتێ پشت بکاتە ئامانجەکانی ئیدی دەمرێت، بۆیە وێڕای ئەوەی هاوڕێ بەهرۆز لە ژێر ئەشکەنجەدا شەهید بوو، بەڵام ئەشقی ئەو و هەموو هاوڕێیانی شەهید بە ئازادی جەماوەری خەڵک، تێکەڵ بە ئەشقی هەموو هاوڕێیانی خەباتکار لەوانە هاوڕێ ئەشرەف بەم ئازادییە، درێژە بە بوونی خۆی دەدا، هەروەها ڕق و کینەی ئەو، ئاوێتە بە ڕق و کینەی ئەوان لە پێناوی نابووتی دژمندا دەچێتە پێش و تا کەوتنی زوڵم و زۆر و ستەم تا نابووتی و نەمانی کۆمەڵگەی چینایەتی هەر بەرەوپێش تاو دەدات.

ئەوەی کە لە لاپەڕەکانی پێشوودا هاتووە، بەشی یەکەمی ژیانی هاوڕێ ئەشرەف بوو، بەر لەوەی پەیوەندی بە ڕیزەکانی خەباتەوە بکات، لە لاپەڕەکانی دواتردا پاشماوەی ژیانی لە زمانی خۆیەوە دەژنەوین.

# فەسڵی یەکەم

## سەرەتای بزاڤی چەکداری

## *شکاندنی بێدەنگی و زەبروزەنگ*

لە بەهمەنی ساڵی ٤٩ دا، پێشەنگانی فیدایی خەڵک بە دەستپێکی خەباتی چەکداری، زەنگی مەرگی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستیان لێدا، ڕاستگۆترین و پاکترین ڕۆڵەی خەڵک، بە هەنبانەی بەتاڵ لە ئەزموون، بەڵام بە عەزمی جەزم و باوەڕێن پتەوی کێوئاساوە، کەوتنە جەنگی بنجبڕ دەگەڵ دژمندا، ئەو دژمنەی کە ساڵەهای ساڵ بوو ، بەزەبری هێز بێدەنگی و زەبروزەنگی بەسەر ئێراندا سەپاندبوو.

ئەم پێشەنگە ڕاستیانەی شۆڕش ، پەیامی مێژوویی خۆیان دەرک کردبوو و دلاوەرانە هەستابوونە سەر پێ تا بە کردەوە نیشانی بدەن کە هێز و توانای دژمن شکست پەزێرە و دەکرێت بەگژیا بچیتەوە و پەردە لەڕووی بێزەوەر و نەنگینی لابدرێ و بەو جۆرە خەڵک ئاگادار بکرێنەوە کە هێز و توانای ئەوەیان هەیە کۆت و زنجیری دەست و پێی خۆیان بپچڕن و بەدەم خەباتی درێژخایەنەوە، کۆتایی بە ستەمکێشی و مەینەتی وڕۆژەڕەشی و هەژاری و ڕەنجی فراوانی خۆیان بێنن، داستانی سیاکەل، سەرکەوتنی ئەو هێرشانەی کرانە سەر پۆلیسخانەکان، دەست بەسەرا گرتنی بانقەکان بە مەبەستی دابینکردنی لایەنی مادی بزووتنەوەکە، دەستگیری و تیربارانکردنی بە کۆمەڵ و دەستەجەمی ڕۆڵەکانی خەڵک لەلایەن بەکرێگیراوان و نۆکەرانی ئیمپریالیزمی جیهانیەوە (کە بەرەنجامی ناچاری بێ ئەزموونی پێشەنگان بوو لە سەرەتای خەباتەوە) هەروەها ئۆپەراسیۆنی قارەمانانەی خەباتکاران، هەموو ئەمانە هەندێک لەو بویەر و ڕووداوانە بوون لە هەیڤی بەهمەنی ساڵی چلونۆوە تا ئوردیبەهەشتی ساڵی پەنجا ڕوویان دا.

پاش ئەوەی هاوڕێیان حوکمی دادگای خەڵکیان سەبارەت بە سپەهبود فەرسوی خاین (١) ئەنجام دا، ڕژێم کە چاوەڕوانی جەزرەبەیەکی وا نەبوو کەوتە خۆ و هەموو توانایەکی خۆی خستەگەڕ، دژمن پاش لە سێدارەدانی قارەمانانی سیاکەل (٢) گەوجانە وای وێنا دەکرد کە ئیدی هەموو شتێک تەواو بووە و توانیویەتی بزووتنەوەکە لە بێشکەدا خەفە بکات، لەوەش گەوجانەتر وای وێنا دەکرد ڕۆڵە خەباتگێڕەکانی خەڵک هەر ئەو پازدە قارەمانە دلێرە بوون کە ئەو لە سێدارەی دابوون، یا لە ژێر ئەشکەنجەدا شەهیدی کردبوون و لاشەی بێ گیانی تیر باران کردبوون، کاتێ ناوی نۆ هاوڕێی دیکەی هاوپەیوەستی دەگەڵ هاوڕێیانی شەهید دا بۆ کەشف بوو، ئەو ( ڕژێم) کە هەرگیز نەیدەتوانی لە ڕوانگە و گۆشەنیگای مێژووییەوە هەلومەرجی ئێران شی بکاتەوە و پەی بەوە بەرێت کە ئەم هەلومەرجە مێژووییانە کە شۆڕش لە دەستووری ڕۆژدا دەچەسپێنن و خەباتکارانی ڕاستگۆی بێ شومار پەروەردە دەکات، لە ڕۆژنامەکاندا بڵاویدەکردەوە کە گوایە تەنیا نۆ خەباتکار لە ئێراندا ماوە، ئەوە بوو بۆ قودرەت نوێنی، وێنەی هەر نۆیانی چاپ کرد و لە سەراسەری ئێراندا بڵاوی کردەوە و بۆ دەستگیری هەر یەکێکیان خەڵاتێکی سەد هەزار تمەنی تەرخان کرد، ئەم نۆ هاوڕێ شۆڕشگێڕە بریتی بوون لە : ئەمیر پەرویز

پوریان، هاوڕێ جەوادی سەلاحی، هاوڕێ حەمید ئەشرەف، هاوڕێ مەنوچەهر بهائی پور، هاوڕێ ئەسکەندەر سادقی نەژاد، هاوڕێ عەباس موختامی، هاوڕێ ئەحمەد دزیبرم، هاوڕێ محەمەد سەفاری ئاشتیانی، هاوڕێ ڕەحمەتوڵڵا پیرونەزیری (٣) دژمن گەوجانە بەتەمابوو خەڵکی کە ئەم ڕۆڵە قارەمانانەی لەباوەشی خۆیدا پەروەردە کردبوو بە دەنگییەوە بچن و وەڵامی ئەرێنی داخوازییە نەنگینەکەی بدەنەوە، بەڵام ئەنجامی ئەم هەوڵە بێ هودەیەی دژمن تەنیا ئەمە بوو، کە خەڵک زووتر لە دەسپێکی خەبات و بوونی هێزە شۆڕشگێڕەکان لە وڵاتدا ئاگادار بوونەوە، ئەو شتەی کە دەبوایە شۆڕشگێڕانی پێشەنگ، بەزەبری کارێن شۆڕشگێڕی درێژخایەن و لەئاستێکی بەربڵاودا، جەماوری خەڵکی لێ ئاگادار بکەن، ئەمە جگە لەوەی ، نۆ کەسی لە پێشەنگانی شۆڕش بە خەڵکی ناساند و بەمجۆرە پایە و پێگەیەکی گەورەی بە قارەمانانی خەڵک بەخشی، ئاواتەکانی خەڵکی، بێ ئەوەی خۆی بیەوێ، ئاوات و ئارەزووی خەڵکی هێنایە دی. دژمن کە ئەو کاردانەوە بە جۆش و خرۆشەی بینی کە خەڵک لەمبارەیەوە نواندیان، زۆر زوو پەی بە هەڵەکەی خۆی برد، بەڵام ئیدی هیچ چارەیەکی نەبوو، کاردانەوەکەی خەڵکی زۆر نوقڵانە بەخش بوو، خەڵکی ژمارەیەکی زۆریان لەم وێنانە لەدەرو دیوارەکان دەکردەوە و بۆ ماڵی خۆیان دەبردنەوە، زۆربەیان دەیانگوت: ئەگەر دە هێندەی دی پارە هەڵڕێژن، ئێمە ئامادە نابین ئەمانە کەشف بکەین و خەبەریان لێ بدەین. یان دەیانگوت ئەم پارەیە حەرامە یان دەیانگوت ئەمانە وەکو ڤێتکۆنگەکانن. باندور و کاریگەری ئەم کارە لە نێو ڕۆشنبیرەکانیشدا گەورە بوو، کە زۆر زووتر لەوەی چاوەڕوان دەکرا، ڕوویان کردە خەبات، بەهەرحاڵ بزاڤی ڕزگاریخوازی دەستی پێکردبوو و دەبوایە هەموومان لەپێناوی پێشڤەبردنیا تێبکۆشین.

منیش لەگەڵ هاوڕێ و برا شۆڕشگێڕەکەمدا، بەهرۆز، لە سەرەتای بزاڤی چەکدارییەوە پەیوەندیم بە ڕیزەکانی بزووتنەوەوە کرد، تا ئەرکی خۆمان لە خەباتی ئازادیخوازی خەڵکانی بندەست و ستەمدیدەدا، ئەنجام بدەین. لەو هەلومەرجەدا کە دژمن لە هەموو شوێنێک لە دووی نۆ هاوڕێ ناوبراوەکەدا دەگەڕا، من لەگەڵ هەردوو هاوڕێ پویان و هاوڕێ نابدل (٤)دا، لە بنکەیەکی نهێنیدا دەژیام. شانەکەی ئێمە لە چاپکردن و پەخشی ئەو بەیاننامە و بڵاوکراوانە مەسئول بوو، کە دەبوایە دوای هەر چالاکییەکی شۆڕشگێڕانە یا هەر بۆنەیەکی دیکە، لە نێو خەڵکدا بڵاوبکرێنەوە، ئەمە بەرپرسیارێتی سەرەکی ئێمە بوو، بەڵام لە کاتی پێویستدا کاری دیکەشمان لە ئەستۆ دەگرت.

هەر کار و کردەوەیەکی شۆڕشگێڕی کە ئەنجام دەدرا، ئومێدێکی تازە لە دڵاندا شکۆفەی دەکرد و دەگەشایەوە، ئەگەر چی گومان لە دروستی ڕەوت و ڕێبازی خەباتی چەکداری نەبوو، هەلومەرج و بارودۆخەکەش ئەوەیان نیشان دەدا، کە تاکە ڕێگای هەڵتەکاندن و ڕاماڵینی ئیمپریالیستی و کۆنەپارێزی ناوخۆ، هەر ئەم ڕێگایەیە، بەڵام هێشتا دیار و خویا نەبوو، کە ئەم خەباتە بەم کەم ئیمکاناتی و بێ ئەزموونی سەرەتای شۆڕشەوە، چۆن بەردەوام دەبێ و کەنگێ و لە چ ماوەیەکدا حەقانییەتی خۆی دەسەلمێنێ، هاوڕێ پویان

لەمبارەیەوە دیگوت:" *لەوەیە لەم خەباتەدا جەزرەبەی قورس بەر رێکخراو بکەوێت و یان تەنانەت ئەندامانی رێکخراویش لە نێو بچن، بەڵام ئەو خەباتەی دەستمان پێکردووە، حەق و ڕەوایە و ئێمە خۆشحاڵین کە دەست پێکەری ئەم خەباتەین و باوەڕم وایە ئەگەر رێکخراوی چریکانی فیدایی خەڵکیش نەبێت، رێکخراوە شۆڕشگێڕەکانی دی درێژە بەم خەباتە دەدەن*"

ئاخروئۆخری مانگی فەروەردینی ساڵی پەنجا بوو، ڕۆژێک دوای نیوەڕۆ، سەعات ٦:٣٠ هاوڕێیان پۆیان و نابدل بۆ بڵاوکردنەوەی یەکەمین ڕاگەیەنراوێن ڕێکخراو وهەڵواسینی بەدیوارێن کوچە و کۆڵانانەوە، لە بنکەکە وەدەرکەوتن و قەرار وابوو سەعات دەی شەو بۆ بنکەی نهێنییەکە بگەڕێنەوە، هاوڕێ نابدل، دەگەڵ هاوڕێ جەواد سەلاحی بە ماتوڕسکیل دەڕۆیشتن و بەرپرسی هەڵواسینی بڵاوکراوەکان بوون. هاوڕێ پویانیش دەگەڵ هاوڕێ گلوی دا دەڕۆیی.

سەعات ٩:٣٠ ی شەو هاوڕێ پویان گەڕایەوە، بەڵام هیچ هەواڵێک لە هاوڕێ نابدلەوە نەبوو، سەعات دە تێپەڕی ئێمە بە نیگەرانییەوە چاوەڕوانمان دەکرد، سەعات بوو بە یازدە و نیو ئیدی چاوەڕوانی بێ فایدە بوو، زانیمان کە هاوڕێیان یا گیراون یا شەهید بوون، مەزەندەکەمان دروست بوو.

واریقاتی دەستگیری هاوڕێ نابدل بەم جۆرە بوو؛ لەو دەمەدا کە هاوڕێیان سەرقالی هەڵواسینی بەیانەکە بوو بوون، ئەفسەرێکی خانەنشینی سوپا دەیانبینێ و دەست بە هاوار دەکات، هاوڕێیان یەکسەر سواری ماتۆڕەکەیان دەبن و هەڵدێن، بەڵام چونکە پێشتر ئەو شوێنەیان بەباشی شناسایی نەکردبوو خۆیان بەو کۆڵانەدا دەکەن کە ڕوو بە ڕووی پۆلیسخانەی شەقامی پامنار دەکرایەوە، هاوڕێیان لە کۆڵانەکە دەردەچن ڕووبەڕووی پاسەوانانی پۆلیسخانەکە دەبنەوە کە دوای هاواری ئەفسەری گۆڕین تەقە لە هاوڕێیان دەکەن، هاوڕێیانیش دەست دەکەنەوە و تەقە لەوان دەکەن. لەم شەڕە تەقەیەدا هاوڕێ نابدل دەپێکرێ و لەهۆش دەچێت و ناتوانێ خۆی بکوژێت، هاوڕێ سەلاحی دوای شەڕێکی دلاوەرانەی نابەرانبەر ، بە دوا گوللە کۆتایی بەژیانی خۆی دێنێت و شەهید دەبێت، تا بەزنوێتی نەکەوێتە دەستی دژمن. هاوڕێ دواین گوللە لە پشتە سەریەوە بەخۆیەوە دەنێ، تا دەموچاوی هەڵگرێت و نەناسرێتەوە.

بەو جۆرە ویستبووی کارێک بکات کە دژمن نەیناسێتەوە و بانگەشەی ئەوە نەکات کە یەکێک لە نۆ هاوڕێ خەباتکارەکەی کوشتووە کە وێنەکانیان بە دەرو دیوارەکانەوە هەڵواسی بوو.

هاوڕێ نابدل بۆ نەخۆشخانەی شەهرەبانی دەگوازرێتەوە، هەر لەوێندەر و بەو زامدارییە دڕندانە دەکەونە ئەشکەنجەدانی، ئەو بەرگری و بەرەڤانییەی کە هاوڕێ کە ڕۆژانی یەکەمی دەستگیرکردنەکەیدا نواندبووی، بەرگرییەکی ئەفسانەیی بوو، تەنانەت دژمنیشی سەرسام کردبوو، پێیان گوتبوو ئەگەر قسە نەکەیت گوللەکە لە

لاقت دەرنایەنین، ئەویش مەردانە وەڵامی دابوونەوە: *"گوللەکە هی ئێوەیە و قسەش هی منە، من ئەوەی پەیوەندی بە من و خەڵکی منەوە هەیە، دەپارێزم."*

هەر لەم ڕۆژانەدا، لە دەرفەتێکدا، سوود لە یەک ساتی غەفڵەتی پاسەوانەکەی دێنێ و لە نهۆمی سێیەمی خەستەخانەی شارەبانییەوە خۆی هەڵدابووە خوارەوە، مەبەستی ئەوە دەبێ بەو شێوەیە خۆکوژی بکات، تا نهێنییەکانی بزووتنەوە نەدرکێنێ، لێ ئەمجارەش نەمردبوو تەنیا تەقەڵەکانی سکی هەڵتەقی بوون، بەڵام هەوڵی دابوو بە دەستی خۆی ڕیخۆڵەکانی دەربێنێ و بەو جۆرە خۆکوژی بکات، بەڵام بەکرێگیراوان فریا کەوتبوون و نەیانهێشتبوو ئەم کارە بکات، کاتێ پێیان گوتبوو هەموو ئەندامانی ڕێکخراومان دەستگیر کردووە و بەم زوانە هەموتان تیرباران دەکەین، بە هەموو جۆش و خرۆشێکی شۆڕشگێڕانەوە گوتبووی: *" گرینگ نییە ئیمە لەهەنبەر دژمندا دەشکێین، بەڵام هەرگیز سەر دانانەوێنین."*

چەندین ڕۆژ لە هەنبەر ئەشکەنجەێن دڕندانەی بەکرێگیراواندا بەرگری و بەرخودانی کرد، تاقە یەک وشەی سەبارەت بە نهێنییەکانی بزووتنەوە بۆ دژمن نەدرکاندبوو، تەنانەت ئەدرەسی بنکە نهێنیەکەشی دوای بیست ڕۆژ گوتبوو ، کە ئێمە ئیدی چۆڵمان کردبوو و دوای چەندین ڕۆژ کە دژمن ڕژابوون بەسەر بنکە نهێنییەکەدا بە دەستی بەتاڵ و ناکامی گەڕابوونەوە.

## هەڵەكانی بێ ئەزموونی

پاش ئەوەی لە گەڕانەوەی هاوڕێ نابدل بێ ئومێد بووین، بێ ئەوەی بچوكترین پارێز بكەین، شەومان لە هەمان بنكەدا ڕۆژ كردەوە، سبەی بەیانی كەوتینە كۆكردنەوەی ئەوزارەكانمان و سوتاندنی هەندێك لە شتەكانمان، من سەعات یەكی دوای نیوەڕۆ بۆ تەورێز ڕۆیشتم، بەڵام هاوڕێ پویان لەگەڵ هاوڕێیەكی دیكەدا هەر لەوێندەر مانەوە و ئەو شەوەشیان لەو بنكەیەدا بەسەر بردبوو.

ئاشكرایە كە ئەگەر هاوڕێ نابدل شەوی گرتنەكەی یان بۆ سبەینێی ئەو ڕۆژە ئەدرەسی بنكە نهێنیەكەی بە دژمن گوتبایە، شەڕی شەقامی هێزی هەوایی(٥) لە هەمان شوێن ڕووی دەدا، هەڵبەتە زۆر باشتر كە درەنگتر ڕوویدا . چونكە هەر سەعاتێكی ژیانی هاوڕێیانی شۆڕشگێڕ، بەتایبەتی هاوڕێیەكی وەكو پویان، زۆر بەنرخ و كاریگەر بوو بۆ پێشڤەچوونی بزوتنەوەكە، من ئەو ڕۆژە بۆ تەورێز ڕۆیشتم و هاوڕێیانی تەورێزم لە گرتنەكەی نابدل ئاگادار كردەوە، بەڵام نە من و نە هاوڕێ بەهرۆز هیچ خەمێكی خۆشاردنەوەمان نەخوارد، دوای دوو ڕۆژ بەگوێرەی ئەو قەرارەی پێشوو كە دەگەڵ هاوڕێ پویاندا هەمبوو، هاتمەوە بۆ تاران و چوون هاوڕێ پویانم نەبینی دووبارە بۆ تەورێز گەڕامەوە، ئەم چوون و گەڕانەوەیەی من لە دوو ڕووەوە هەڵەبوو: یەكەمیان دوای دەسگیری هاوڕێ نابدل، من دەبوایە وێڕای ئەو متمانەیەی كە بەوم هەبوو، دەبوایە خۆم بشارمەوە، چونكە ئەگەری ئەوە هەبوو دژمن بۆ دەستگیركردنی من هەڵیان بكوتایەتە سەر بنكە نهێنییەكەمان و كۆنترۆڵی بكەن. دووەم چونكە من بە خانەوادەكەم گوتبوو لە تاران دەخوێنم، جا سەفەركردن لە ناوەندی ساڵدا بۆ تەورێز ئەویش دوو جار لە  زەرفی دوو ڕۆژدا، بۆ ئەوان مایەی سەرسامی و گومان بوو، من ئەم خاڵەم لەبەرچاو نەگرت. بەهەرحاڵ یەك هەفتە لە تەورێز مامەوە و بەگوێرەی قەول و قەرارەكەی پێشووم بۆ تاران هاتمەوە، هاوڕێ بەهرۆز دوای دوو سێ ڕۆژ بۆ تاران هات و دیسان بێ خەم و خەیاڵ و بێ ئەوەی بزانین هاوڕێ نابدل لەو كاتەدا لەبەر نەدركاندنی ناوی هاوڕێكانی چ ئازار و ئەشكەنجەیەك تەحەموول دەكات، ئازادانە دەسوڕاینەوە.

یەك بە یەكی هەوڵ و هەنگاوەكانی مە، دوای دەستگیركردنی هاوڕێ نابدل، هەڵەبوو، بەڵام هەر هەموو ئەم هەڵانە زادە و بەرەنجامی بێ ئەزموونی بوو، لەو كاتەدا نەبوونی هیچ جۆرە ئەزموونێكی پراكتیكی سەبارەت بە چۆنییەتی كاركردنی دژمن و نەبوونی هیچ جۆرە وێنایەكی زەینی دەربارەی سیستەمی پۆلیسی، كۆمەڵێك خۆش خەیاڵی هێنابووە ئاراوە!

پتر لە بیست ڕۆژ بەسەر گرتنی هاوڕێ نابدلدا تێپەڕی، من لەلایەن ڕێكخراوەوە ڕاسپێردرام بۆ ئەو مزگەوتە بڕۆم كە لە نزیكی بنكە نهێنییەكەمان بوو و ژنەی خاوەن ماڵەكە بۆ نوێژكردن دەچوو بۆ ئەوێندەر . قەرار بوو لە ڕێگای قسەكردنەوە دەگەڵ ژنەی خاوەن خانووەكەوە، سووسەیەكی بارودۆخ و وەزعەكە بكەم و بزانم

دەنگوباس چییە، نەخشەیەکیش بەدەستەوە بوو کە ئەگەر ساواکییەکان برژێنە ناو خانووەکەوە، لەلایەن هاوڕێیانەوە هێرشیان بکرێتە سەر، من عەسر بۆ مزگەوتەکە چووم، کاتی چوونەکەم بەجۆرێ میقات کردبوو کە لەکاتی نوێژدا بگەمە ئەوێندەر، چونکە لەوکاتەدا دۆزینەوەی ژنەی خاوەن ماڵ لەڕیزی نوێژکەراندا ئاسان بوو، لە وەختا گەییمە جێ و ژنەی خاوەن ماڵم دۆزییەوە، لەم فاسیلەیەدا چوومە لای ژنەی خاوەن خانوو و قسەم لەگەڵیدا کرد، ژنەی تاین کە چاوی بە من کەوت ڕەنگی پەڕی و نیشانەی ترس بە ڕوخسارییەوە دەرکەوت، پاش کەمێک قسە کردن پەیم بە حاڵی نائاسایی ئەو برد و هەموو شتێکم بۆ دەرکەوت، ساواکییەکان لە خانووەکەدا بوون.

نوێژ دەستی پێکرد و من بلەز لە مزگەوتەکە وەدەرکەوتم، چونکە دەمزانی زۆر لەگینە بەهۆی ناهۆشیاری خۆیەوە یا لەژێر هەڕەشەی پیاوانی ساواکدا، ئەگەر لەوەی پتر لەوێندەر ماتڵ بم، ڕەفتارێکی وا بنوێنێ کە ببێتە مایەی ناساندنی من، بۆیە من فاسیلەی نێوان دوو نوێژم بۆ قسەکردن لەگەڵ ئەودا هەڵبژاردبوو، و ئەمە باشترین کات بوو بۆ ئەم کارە.

پاشان زانیم کە لەوە بەدواوە، هەموو ڕۆژێک مەفرەزەیەک لە شارەبانییەوە دەگەڵ ژنەی خاوەن خانووەکەدا دەچوون بۆ مزگەوتەکە بەو ئومێدەی کە من جارێکی دی بۆ ئەوێندەربچمەوە.

## هەوڵی بەر بڵاوبووی دژمن بۆ دەستگیری

## من و هاوڕێ بەهرۆز

من هاتووچۆی ماڵی ئەو برایەمم دەکرد، کە هیچ چالاکییەکی سیاسی نەبوو، چونکە هێشتا خانوومان بەکرێ نەگرتبوو، هەڵبەتە نەمدەزانی دژمن لە چ هەوڵێکی بەربڵاودایە بۆ دۆزینەوە و دەستگیرکردنی من، سەربهورد و واریقاتەکە بەم جۆرە بوو کە هاوڕێ نابدل دوای چەندین ڕۆژ لە ئەشکەنجە خواردن و بەرخودانی دلێرانە، ناوی هاوڕێ بەهرۆز دەدات، مامورانی دەوڵەت بەمەبەستی دەستگیرکردنی ئێمە دەچن بۆ ماڵی باوکیمان لە تەورێز و ئەمانە وەکو ئاژەڵی پەت پچڕیو شەوانە دەڕژێنە ماڵەکەمان و دەکەونە پشکنینی ماڵەکە، دایکم کە لە هێرش وپەلاماری وان هەراسان بوو بوو، زۆر نیگەرانی منداڵەکانی، واتە من و بەهرۆز و محەمەد دەبێت، داوایان لێ دەکات ڕێگەی بدەن بۆ ماڵی محەمەدی برام بڕوات، بەڵام ڕێگەیان نەدابوو، سەرەڕای ئەمەش لە ڕۆژانی دواتردا هەرکەس لە دەرگای ماڵەوەی دابوو، بردبویانە ژوورەوە و دەستبەسەریان کردبوو و ڕێگەی چوونە دەرەوەیان نەدەدا.

شەو و ڕۆژێک لەوێ دەمێننەوە و شەوی دوایی کاتێ برا بچووکەکەم محەمەد (٦ ) بۆ ماڵ دەگەڕێتەوە دەیگرن، پاشان دەچن بۆ سۆراغی مێردی خوشکەکەم ، هاوڕێ کازمی سەعادەتی ( ٧) ئەویش دەستگیر دەکەن و بۆ وەرگرتنی زانیاری بۆ ساواکی تەورێزی دەبەن.

هاوڕێ کازم دەگەڵ ژن و منداڵەکەیدا دەژیا، وێڕای ئەوەی یەکێک بوو لە سمپاتیزانەکانی پێشکەتووی ڕێکخراو، بەڵام هیچ هەوڵێکی بۆ خۆشاردنەوە نەدابوو. ئەو کە یەکپارچە نەفرەت و کینەی توند بوو دژی جیاوازی چینایەتی، دوای گرتنەکەی بۆ ئەوەی کەمترین زانیاری بەدەست دژمنەوە نەدات، دەست بە خاپاندنیان دەکات و خۆی وەکو کەسێکی سادە دەنوێنێ، ئیدی دژمن بەو خەیاڵەی کە دەتوانێ لە ڕێگەی ئازادکردنی ئەوەوە هاوڕێ بەهرۆز بگرێت، ئازادی دەکەن، بەڵام هەڕەشەی لێدەکەن کە ئەگەر لە گرتنی هاوڕێ بەهرۆزدا یارمەتییان نەدات، دووبارە دەیگرنەوە و دەیخەنە ژێر ئەشکەنجەی توند و بەدرێژایی ئەم ماوەیە هەر هەڵسوکەوت و ڕەفتارێکی دەخەنە ژێر چاودێری و کۆنترۆڵی خۆیانەوە. هاوڕێ کازم دەزانێ مەسەلە چییە، دەیزانی کە هاوڕێ بەهرۆز لەم ڕۆژانەدا پەیوەندی دەگەڵدا دەگرێت و دەزانێ کە لەژێر ئەم چاودێری و کۆنترۆڵە تووندەدا ناتوانێ لە ڕووداوەکەی ئاگادار بکاتەوەو لەگینە لەکاتی دیدارەکەیاندا، دەستگیری بکەن، لەبەر ئەمە بێ کەمترین

سڵکردنەوە و دوودڵی شەوێ زەهر دەخوات و شادەماری دەستەکانی دەبڕێت و خۆی دەکوژێت. تا لەم ڕێگایەوە هاوڕێ بەهرۆز لەو مەترسییە ئاگار بکاتەوە کە چاوەڕوانی بوو.

دژمن زوو بەم هەوڵە دەزانێ، ئیدی شەوێ هەرچییەکیان لەدەست دێ بۆ ڕزگاری ئەو دەیکەن، دەیگەیەننە خەستەخانە سووردەبن لە سەر چاکبوونەوەی، بەڵام هاوڕێ کازم بە دڵی پڕ لە ڕاز و نهێنی و بە زاری بەستراو و کۆڵەمستی نوقاوی پڕ لە کەرب و کینە و خوێناوییەوە شەهید دەبێت، دژمن بەجۆرێ لەم ناکامییەی خۆی نائومێد بوو کە ئەو پزیشکیارەی نەیتوانی بوو هاوڕێ کازم لەمەرگ ڕزگار بکات دابووە دادگا، ( وا دیاربوو بەناوی خانەوادەی هاوڕێ کازمەوە) شکاتیان لێکردبوو، هەڵبەتە دژمن لەو ڕێوڕەسمە شکۆدارەی خەڵکی تەورێز بۆ پرسە و ناشتنی ڕۆڵەی قارەمانی خۆیان سازکردبوو، لە ڕادەبەدەر تووڕە و پەست بوو بوو، لەبەر ئەوەی لەلایەکەوە نەیدەتوانی پەردە لە ڕووی کارە دزێوەکانی خۆی هەڵماڵێت، نەیتوانی بوو جڵەوی ئەم کارە بگرێت، بەڵام ڕقی خۆی بە دەستگیرکردنی دواتری ئەوانە دامراند بووەوە کە لە هەموو کەس پتر بۆی ناڕەحەت بوون، بەڵام هیچ لەم کارانە ئۆخژنی بە دڵ و دەروونی پڕ قینی ئاژەڵانەی دژمن نەدەدا، هاوڕێ کازم جارێکی دی زەبوونی و بێ دەسەڵاتی دژمنی لە حانای گیان فیدایی بە شکۆی شۆڕشگێڕێکی ڕاستەقینە سەلماند. دوا وەسێتی بۆ دایکم ئەمە بوو: *" دایکە لەوەیە دژمن ڕۆڵەکانت لەژێر دڕەندانەترین ئەشکەنجەدا بکوژن، بەڵام تۆ هەرگیز لێیان مەپاڕێوە، دژمن لەوە سووکترە کە تۆ بچوکترین شتی لێ داوا بکەیت"*

هەوڵ و تەقەلای بەرینی دژمن لێرەدا کۆتایی نایەت، هەر هەموو ئەو جادانەی کە لەتارانەوە دەردەچوون خستبووە ژێر چادێری و کۆنترۆڵەوە، هەر هەموو ئەو دەزگایانەی کە وێنای دەکرد لەگینە من لەوێ خەریکی خوێندن بم ( چونکە وام بە کەسوکارەکەم گوتبوو) بە مەبەستی دۆزینەوەی من گەڕابوو. لەم بارەیەوە سودیان لە مامورێکی ئافرەتیش وەرگرتبوو، کە پاشان بەدرێژی باسی دەکەم، ئەم ژنە خۆی بە براژن، میمک و پوری من لەقەڵەم دابوو.

یەکێک لەم هەوڵانەی دژمن شەبەیخونێک بوو کە کردبویانە سەر بەشێکی ناخۆ، سەعات دووی نیوەشەو ئەو ژنۆکەیەیان ناردبوو بۆ خەوگەی خوێندکاران و خۆیان لەدەرەوە بە چەند مەفرەزەیەکەوە چاوەڕوانیان کردبوو، ژنۆکەکە کە خۆی گەلەک ناڕەحەت و شپرزە نواندبوو، یەک بەیەکی خوێندکارەکانی بێدار کردبۆوە و ناوی پرسی بوون، کە گوایە دایکی من لەحاڵی مردندایە و لە هەر ژوورێکدا خۆی بە میمک، پور و براژنی من ناساندبوو و گوایە هاتووە من بۆ لای دایکم بەرێتەوە. کیژانی خوێندکار کە هەستیان بە هەڤدژگۆییەکانی و ڕەفتاری نائاسایی ئەو کردبوو، خێرا لە پرسیاریان گرتبوو و هەندێکیان لێبڕابوون دەری بکەن، ژنۆکەی تاین کە هەستی بەمە کردبوو، کارەکەی بە نیوەچڵی بەجێ هێشتبوو و ڕایکردبووە دەرەوە، دژمن ئەمجارەش ناکام بوو بوو، ئەنجامی ئەم تاقیب کردن و سۆراخ و جسوجۆیە زڕ و بێ بەرەی دژمن ئەوە بوو کە ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکاران بەم هێرشە ناشیانە، گۆشەیەکی سیمای گەوجانە و لە هەمان کاتدا دزێو و هۆڤیانەی مامورانی بەکرێگیراویان بۆ

دەرکەتبوو، هەندێک لە خوێندکارەکان پاشان داخیان بۆ ئەوە دەخوارد کە غافڵگیر بوو بوون و ژنۆکەی تاین توانیبووی بەسەلامەتی وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەربچێت.

## *ڕوونکردنەوەکانی فەسڵی یەکەم:*

١- سپەهبود فرسیوی خاین: سەرۆکی دادگای دژە خەڵکی، شا بوو کە لە بەهاری ١٣٥٠ ( ١٩٧١) لەبەر تاوانە زۆرەکانی لەلایەن جەنگاوەرانی دلێری ڕێکخراوی چریکانی فیدایی خەڵکەوە ئیعدام کرا.

٢ - سیاکەل، شارۆچکەیەکە لە باکووری ئێران، کە شانەی لێرەواری ڕێکخراوی چریکانی فیدایی خەڵک ، پێشەنگانی خەباتی چەکداری لە ئێران، یەکەمین هێرش و ئۆپەراسیۆنی چەکدارانەی خۆیان لە زستانی ساڵی چل و نۆدا، لەوێوە دەست پێکرد وهێرشیان کردە سەر مەخفەری جەندرمەی ئەوێ، پازدە کەس لە ئەندامانی شانەی لێرەوار هاتنە تیربارانکردن یا لەژێر ئەشکەنجەدا شەهید بوون کە بریتی بوون لە :

(١)- عەلی ئەکبەر سەفایی فراهانی (١٣١٨ — ١٣٤٩) ( ١٩٣٩- ١٩٧٠): فەرماندەی دەستەی جەنگەڵ بوو کە لە ساڵی چل و حەوتدا پەیوەندی بەبەرەی فەتحی فەلەستینەوە کرد و لەوێ لەبەر چالاکییە درەخشانەکانی گەییە پلەی فەرماندەیی پایگایەکی چریکی، دوای ساڵێک بە نهێنی بۆ ئێران گەڕایەوە و خەباتی چەکداری لە بێشەکانی باکووری ئێراندا ساز دا، دوای یەکەمین چالاکی و هێرشی سەرکەوتوئامێزی پارتیزانی، لەپێناوی ڕزگارکردنی گیانی یەکێک لە هاوڕێکانی لە چیا دێتە خوارێ کە بە کۆمەکی خەڵکانێکی نا هۆشیار، چونکە نەیویستبوو تەقە لە خەڵکی بکات، دەستگیر کراو دوای ئەشکەنجەیەکی زۆر لە مانگی ئەسفەندی ساڵی چل و نۆ گوللەباران کرا.

(٢)- ئەحمەد فەرهودی:

یەکێک بوو لە ئەندامانی ناوشاری ڕێکخراوی چریکانی فیدایی خەڵک کە لە مانگی بەهمەنی ساڵی چل و نۆدا، پەیوەندی بەڕیزەکانی خەباتگێڕانی لێرەوارەوە کرد و لەماوەیەکی کەمدا بوو بە یاریدەدەری فەرماندی دەستە، خۆی و پێنج کەس لە هاوڕێکانی لەسەر عەمارێکی ئازوقەی خەبەر لێدراو لە جەنگەڵ، کەوتنە گەمارۆی دژمنەوە، دوای چل و هەشت سەعات شەڕی دلاوەرانە و جەزرەبەی توند لە هێزێن دژمن، لەهەل ومەرجێکی نالەباردا لەپێ کەوت و لەگەڵ هاوڕێکانی دیکەیدا دەستگیر کرا و پاش ئەشکەنجەیەکی دڕندانەی زۆر لە مانگی ئەسفەندی ساڵی چل و نۆدا تیرباران کرا.

(٣) - شوعاعوڵڵا مشیدی: بەرپرسی ناوشاری دەستەی لێرەوار بوو کە لە زستانی چل و نۆدا لەلایەن پۆلیسەوە هاتە ناسین و دەستگیرکراو لە مانگی ئەسفەندی ساڵی چل و نۆدا تیرباران کرا.

(٤)- هادی بەندەی خودا لەنگرودی:

لە هەوەڵین ئەندامانی دەستەی لێرەوار بوو، پاش هێرشی سیاکەل، بۆ ڕزگارکردنی یەکێک لە هاوڕێکانی ناو شار لە مەترسی دەستگیری، لە چیا هاتە خوارێ و لە ماڵی هەمان هاوڕێ (هوشنگ نیری) لەلایەن دژمنەوە هاتە گرتن و پاش ئەشکەنجەیەکی زۆر تیرباران کرا.

(+)- لە چاپی یەکەمی ئەم کتێبەدا لەو ڕوونکردنەوەیەی سەرەوە لە ناو کەوانەدا لە جیاتی ( ئیرج نیری) بەهەڵە نووسراوە ( هوشەنگ نیری) بۆ ئاگاداری.

(٥)- عەباس دانش بهزادی:

لەهەوەڵین ئەندامانی دەستەی لێرەوار بوو، دوای هێرشەکەی سیاکەل لەگەڵ چوار کەس لە هاوڕێکانیدا کە لەسەر عەمارێکی ئازوقە دەبن و خەبەریان لێ دەدرێ ، لە لایەن دژمنەوە گەمارۆ دەدرێ و پاش چل و هەشت سەعات شەڕی دلاوەرانە، بەهۆی زروفی نالەبارەوە لەپێ دەکەوێت و دەگیرێت و لەمانگی ئەسفەندا تیرباران دەکرێت.

(٦)- جەلیلی ئینفرادی:

لەیەکەمین بەشدارانی دەستەی لێرەوار بوو، لەگەڵ فەرماندەی گروپەکەدا لە چیا دێتە خوارێ دەگیرێت و لەمانگی ئەسفەندا تیرباران کرا.

(٧)- ڕەحیمی سەماعی:

یەکێک بوو لە گەمارۆ دراوەکانی دیار عەمبارە ئازوقە خەبەر لێدراوەکە، پاش چل و هەشت سەعات شەڕی قارەمانانە، بەناوی تەسلیم بوونەوە لە سەنگەرەکەی هاتبووە دەرەوە، بەڵام هەرکە دژمن دەوریان دا نارنجۆکەکەی خۆی تەقاندەوەو دوای ئەوەی زیانێکی زۆری لە دژمن دا، خۆیشی شەهید بوو، هاوڕێکانی توانییان لە ئابڵوقەی دژمن دەرباز ببن، لە هەوەڵین ئەندامانی دەستەی لێرەوار بوو( ١٣٤٩= ١٩٧٠)

(٨)- مەهدی ئیسحاقی:

لە هەوەڵین ئەندامانی دەستەی لێرەوار بوو، ئەویش وەکو هاوڕێ ڕەحیم سەماعی، بە تەقاندنەوەی نارنجۆکەکەی خۆی ، شەهید بوو، ( ١٣٤٩= ١٩٧٠)

(٩)-ئیرەجی نیری: ( ١٣٢٨= ١٣٤٩):

له ساڵی ١٣٤٩ دا پەیوەندی بە دەستەی جەنگەڵەوە کرد، لەکاتی هێرش کردنە سەر مەخفەرەکە بریندار بوو، بۆ ڕزگار کردنی ئەو بوو کە فەرماندەی گروپەکە دەگەڵ هاوڕێیەکی دیکەدا لە چیا هاتنە خوارەوە و هەرسێکیان گیران، ئیدی ئەو دوای تەحەمولی ئەشکەنجە تیرباران کرا.

(+) - لە چاپی یەکەمی کتێبەکەدا لەو ڕوونکردنەوەی سەرێ ڕا لە جیاتی هۆشەنگ نیری بە هەڵە نووسراوە ئیرجی نیری و مێژووی لەدایکبوونی هاوڕێش بەهەڵە بە ساڵی ١٣٢٨ دانراوەو، مێژووی لەدایک بوونی هاوڕێ هۆشەنگ نیری ساڵی ١٣٢٧بوو.

(١٠)- عەلی محدس قندچی:

لە ئەندامانی دەستەی لێرەوار بوو، دوای شکاندنی ئابڵوقەی لێرەوار و دەرچوون لە ناوچەی شەڕەکە، بەهۆی هەندێ هەل ومەرجی نالەبارەوە پەکی دەکەوێ و دەستگیر دەکرێت و پاش ئەشکەنجەیەکی زۆر تیرباران کرا.

(١١)- محەمەد هادی فازیلی:

یەکێک بوو لە ئەندامە جالاکەکانی ناو شاری لێرەوار . لە زستانی ساڵی چل و نۆدا (١٩٧٠ )گیرا و تیرباران کرا.

(١٢)-ئیسماعیل موعینی عیراقی:

ئەندامی ناو شاری دەستەی لێرەوار بوو، لە زستانی ساڵی چل و نۆدا گیرا و تیرباران کرا.

(١٣)-غەفوور حەسەن پور ئەسڵ:

ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی دەستەی لێرەوار بوو، لە هەیڤی دەی ساڵی ١٣٤٩ گیرا و لەژێر ئەشکەنجەدا شەهید بوو.

(+) - لە ڕوونکردنەوەکەی سەرێ ڕا، باسی ئەوە کراوە کە هاوڕێ غەفوور لە ژێر ئەشکەنجەدا شەهید بووە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە جەستەی ئەشکەنجەدراویان تیرباران کردووە.

(١٤)- ناسر سەیف دەلیل سەفایی:

ئەندامی کۆمیتەی سوپایی دەستەی لێرەوار بوو، لە زستانی ١٣٤٩= ١٩٧٠ دا گیرا و تیرباران کار.

(١٥)- ئەسکەندەر ڕەحیمی:

ئەندامی پەیوەندی دەستەی لێرەوار بوو، لە زستانی ١٣٤٩ دا گیرا و تیرباران کرا.

٣/ – (١) : ئەمیر پەرویز پویان (١٣٢٥–١٣٥٠) ئەندامێکی چالاکی کۆمیتەی ناوەندی ڕێکخراوی چریکانی فیدایی خەڵک بوو ( خەباتی چەکدارانە و بەرپەرچ دانەوەی تیوری مانەوە) لە بەرهەمە بەنێوبانگەکانی ئەون ،کە لەوێدا ڕەوت و ڕێبازی ڕێکخراوی چریکانی فیدایی خەڵکی خستووەتە بەر وردەبینی لێکۆڵینەوەوە، بەرهەمی " بەرپەرچ دانەوەی تیۆری مانەوە" لە پۆلەکانی فێرکاری و هەڤۆتی سیاسی چریکانی بەرەی خەڵک بۆئازادی کەنداوی داگیرکراو ( زەفار) بە دەرس دەخوێنرا.

٣/ – (٢)ڕەحمەتوڵڵا پیرونەزیری: لە بەهاری ساڵی ١٩٧١ دا لەگەڵ ئەمیر پەرویز پویاندا، لە بنکەی نهێنیدا لەلایەن پۆلیسەوە گەمارۆ دەدرێن، تا دوا گوللەش شەڕیان کرد و هەردووکیان بە دوا فیشەکی خۆیان کۆتاییان بە ژیانیان هێنا.

٣/ – (٣) جەوادی سەلاحی ١٣٢٣- ١٣٥٠ لە بەهاری ساڵی پەنجادا بەدەم بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەوە، پۆلیس دەکەونە تاقیبی و پاش شەڕێکی چەکدارانە، خۆی خۆی دەکوژێت.

٣/– (٤) حەمید ئەشرەف ١٣٢٥–... هێشتا درێژە بە خەباتی خۆی دەدات.

(+) – سەبارەت بە ناساندنی ئەو نۆ هاوڕێیەی کە ڕژێمی شا، وێنەکانیانی چاپ و بڵاوکردبووەوە و زەبوونانە داوای دەستگیریانی لە خەڵکی کردبوو، سەبارەت بە هاوڕێ حەمید ئەشرەف لەژێر وێنەکەیدا نووسرابوو ( هێشتا درێژە بە خەباتی خۆی دەدات) وەکو ڕێزێک بۆ یادی ئەو ، وەکو هەشت هاوڕێکەی دی ئەم کورتە نووسینەی خوارەوە دەنووسم:

حەمید ئەشرەف یەکێک بوو لە ئەندامانی ناوەندی ڕێکخراوی چریکی فیدایی خەڵک، پاش دەستگیری و شەهید بوونی زۆربەی هاوڕێیانی دامەزرێنەری ڕێکخراو، ڕۆڵێکی دیار وبەرجەستەی لە پاراستنی ڕێکخراو و بەردەواماندنی خەباتی چەکداریدا بینی، جارەهای جار بوێرانە و مەردانە ئەڵقەی گەمارۆی بەکرێگیراوانی چەکداری شکاندبوو و دژمنی لە گرتنی خۆی ناکام کردبوو و لە نێو خەڵکیدا وەکو چریکێکی نموونەیی ناوی دەرکردبوو. هاوڕێ حەمید ئەشرەف لە هەشتی مانگی تیر / ١٣٥٥ دا، لە بارودۆخێکدا کە بەکرێگیراوانێکی زۆر بارەگای هاوڕێیانیان ( واتە شوێنی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی باڵای ڕێکخراویان) گەمارۆ دابوو، دوای شەڕێکی توندی جادە بە جادە شەهید بوو.

٣/ – (٥): مەنوچەهر بەهایی پوور (١٣٢٣ — ١٣٥٠) لە کاتی چۆڵکردنی بنکە نهێنییەکەی خۆیدا، پۆلیس دەوری دەگرن ودوای شەڕێکی چەکدارانە شەهید بوو.

٣/ – (٦) : ئەسکەندر سادقی نەژاد: ئەندامی ناوەندی ڕێکخراوی چریکانی فیدایی خەڵک بوو، لەکاتی گۆڕینی بنکە نهێنییەکەی خۆیدا دەکەوێتە بۆسەی پۆلیسەوە و دوای شەڕێکی چەکدارانە شەهید بوو.

٣/ – (٧): عەباس مفتاحی: یەکێک بوو لە ئەندامانی ناوەندی ڕێکخراوی چریکانی فیدایی خەڵک، لە مەوعیدێکدا کەوتە کەمین و گەمارۆی پۆلیسەوە، پاش ئەوەی چەند بەکرێگیراوێکی کوشت، چەکەکەی نووسا و دەستگیر کرا و دوای زنجیرەیەک ئەشکەنجەی دڕندانە لە هەیڤی ئەسفەندی ساڵی ١٣٥٠ دا تیرباران کرا.

٣/ – (٨) محەمەدی سەفاری ئاشتیانی: ١٣١٣ – ١٣٥١، یەکێک بوو لە ئەندامانی ناوەندی ڕێکخراوی چریکانی فیدایی خەڵک، ماوەی یەک دانە ساڵ لە فەلەستیندا دژی داگیرکەرانی جولەکە خەباتی کرد. ئەزموون و خزمەتگوزارییەکانی بۆ خەباتکارانی ئێرانی گرینگ بوو، لە شەڕ و پێکدادانی چەکدارانەدا شەهید بوو.

٣/ – (٩) ئەحمەد زەیبرم ١٣٢٣- ١٣٥١، یەکێک بوو لە ئەندامە چالاکەکانی ڕێکخراوی چریکانی فیدایی خەڵک، لە بیست و هەشتی هەیڤی مورداداا، پۆلیس دەوریان گرت و ئەویش لە بنکەیەکدا سەنگەری لێگرتن و تا دوا فیشەک بەرگری کرد ولە ئەنجامدا بۆ ئەوەی بە زندووی نەکەوێتە دەستی دژمن، بە دوا گوللە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

٤ – عەلی ڕەزا نابدل: ئەندامی ناوەندی لقی تەورێزی ڕێکخراوی چریکانی فیدایی خەڵک بوو، لەکاتی بڵاوکردنەوەی بەیانێکدا لە بەهاری ساڵی ١٣٥٠= ١٩٧١ دا گیرا و لە هەیڤی ئەسفەندی ١٣٥٠ دا لەگەڵ دە کەسی دیکە لە هاوسەنگەرەکانیا تیرباران کرا.

٥ – شەقامی هێزی هەوایی: ئەو شەقامەیە کە بنکە نهێنییەکەی هاوڕێیان پویان و پیرونەزیری لێ بوو، هەردوو چریکی نێوبراو لەهەمان بنکەی نهێنییەوە چەند سەعات شەڕیان لەگەڵ پۆلیسدا کرد و ( شەڕی شەقامی هێزی هەوایی) ئاماژەیە بۆ ئەو ڕووداوە.

٦/ – (١): محەمەدی دیهقانی: یەکێک بوو لە سیمپاتیزانەکانی ڕێکخراوی چریکانی فیدایی خەڵک، کە بە درێژایی ئەم یادەوەریانە ئاماژە بۆ ژیانی کراوە، لە ئوردیبەهەشتی ساڵی ١٣٥١ دا دادگایی کرا و حوکمی چوار ساڵ زندانیان بۆ بڕییەوە.

٦/ – (٢): بەهرۆز دیهقانی: ١٣١٨- ١٣٥١، ئەندامی ناوەندی لقی تەورێزی چریکانی فیدایی خەڵک بوو، لە ساڵی چل و نۆدا لە ئۆپەراسیۆنی هێرش کردنە سەر پۆلیسخانەی پێنجی تەورێزدا، بەشداری کرد و لە ئۆردیبەهەشتی ساڵی ١٣٥٠ دا لە شەڕێکی چەکدارییا دەگەڵ دژمندا، لە ناغافڵدا دەستگیر کرا و لەژێر دڕندانەترین ئەشکەنجەدا بەبی ئەوەی کەمترین زانیاری بە دژمن بدات، قارەمانانە شەهید بوو، هاوڕێ بەهرۆز دیهقانی دەگەڵ هاوڕێ سەمەدی بیهرەنگیدا ماوەی چواردە ساڵ مامۆستای دێهاتەکانی ئازربایجان بوو، زۆر بەرهەمی وەرگێڕدرا و وچیرۆکی لەپاش بەجێ ما، کە دوای شەهید بوونی بەناوی ( بەهرۆزی تەورێزی) بڵاودەکرانەوە، بەرهەمەکانی نووسەری شۆڕشگێڕی ئیرلاندی ( شون ئەکیسی) یەکەمجار لەلایەن ئەوەوە پاچڤە کراون.

(+): پێویسته چۆنیەتی گرتنەکەی بیهرۆزی دیهقانی زیاد بکەم و بیخەمە سەر ئەو دەقەی کە دەرباری وی نووسراوە، هەڵبەتە ئەم بابەتە و یادکردنەوەی ئەو کە ساڵانێکی فرەی بەسەردا رۆیوە تاکو ئەمرۆش بۆ من یەجگار بەئازار وسوێیە، ئەوەی ڕاستی بێت چیرۆکی دەستگیری بەهرۆز، تراژیدیایەکی واقیعییە.

فاکتەر و سەبەبکاری گرتنەکەی بەهرۆز دۆستێکی من بوو، کەسێک بوو کە من ئەوم دوای چەندین ساڵ مەحرووم بوون لە هەبونی یەک دۆستی کیژی هاوبیر و هاوسەنگەر، دۆزی بووەوە و زۆرم خۆش دەویست، هەروەها ئەویش منی زۆر خۆش دەویست: نوزهەت ڕوحی ئاهنگەران، ئەو کاتێ دوایی، لە هەمان ساڵی ١٣٥٠ دا، لە شوێنی کارەکەیدا لە سەنتەری پەروەدەی منداڵان، کە هەواڵی شەهید بوونی بەهرۆز لەژێر ئەشکەنجەدا دەژنەوێ، دەبورێتەوەو دەکەوێتە سەر زەوی، ماوەیەکی زۆر نەخۆش دەکەوێت، چەند جارێک هەوڵی خۆکوژی دابوو، پاشان بەو خەیاڵەی کە دەبێ هەڵەکەی خۆی بە خوێن بشواتەوە، وەخۆ هاتەوەو دوای هەوڵێکی زۆر توانی تەماس و پەیوەندی دەگەڵ چریکانی فیدایی خەڵک بگرێت و پەیوەندی بە ڕێکخراوەکەی بەهرۆزەوە بکات، لەو کاتە بەدواوە نوزهەت، بەوپەڕی جدی و بێ درێغ هەموو تواناکانی خۆی خستە خزمەتی گەشەکردن و پەرەسەندنی ڕێکخراوەوە. نوزهەت لە هەیڤی تیرمانگی ساڵی ١٣٥٤ دا لە شەڕێکی قارەمانانەدا دەگەڵ بەکرێگیراوانی ڕژێمی شادا، لەگەڕەکێکی کرێکار نشینی کەرەج گیانی خۆی فیدای ڕزگاری کرێکاران و زەحمەتکێشان کرد.

نوزهەت خەڵکی تاران بوو، بەڵام من لە تەورێز ناسیم، نوزهەت یەکێک بوو لەو جەوانە خەباتکار و بەڕاستی لەو کیژە خەباتکار و دەگمەنانە بوو کە لەو ساڵانی گەڕانەدا بە دوای دۆزینەوەی ڕێگای خەباتدا ( نیوەی دووەمی ساڵانی چلەکان) لە هەر دەرگایەکی دەدا. نوزهەت دوای بیستنی هەواڵی مەرگی پڕ گومانی سەمەدی بیهرەنگی لە ئاراسدا وازی لە دەرس و زانستگە هێنا ( خوێندکاری بەشی ماتماتیک بوو لە زانستگەی تاران) هات بۆ تەورێز، تا لەڕێگەی دۆستانی سەمەدەوە و لەژێر پەردەی مامۆستادا بۆ گوندەکانی ئازربایجان بڕوات. یەکەمجار پەیوەندی دەگەڵ ئەسەدی بیهرەنگی، برای سەمەددا گرت، بەلام ئامادەبوونی ئەو لە تەورێز و یەکسەر دوای ئەو مردنە پڕ گومانە و لەو هەل ومەرجە پۆلیسییەدا، مایەی پرسیار و جێگەی گومان بوو. من لە ڕێگای کازمەوە ناسیاویم دەگەڵ نوزهەتدا پەیداکرد، کازم بە منی گوت کە کیژێکی بە ڕواڵەت زۆر باش و خوێندەوار دەناسێت کە دەورەی پەروەردەی سوپادانش دەبینێ ( لەهەمان ئەو شوێنەی کە منیش ناوی خۆم نووسیبوو) و من دەبێ بە پارێزەوە لێی نزیک ببمەوە و لە نزیکەوە بیناسم، لەم ڕێگایەوە من تەماسم دەگەڵ نوزهەتدا گرت، بەڵام تا زیاتر یەکترمان دەناسی پەیوەندیمان قووڵتر دەبوو. بە بۆچوونی من بەرخورد و ڕەفتارەکانی نوزهەت، نیشانەی فام و ئاگایی شۆڕشگێڕانە و ئەشقی فراوان بە خەبات بوو، هەردووکمان بە کاری هەڤۆتکاری بۆ یەک گوند ڕۆیشتین و دۆستایەتیمان بەجۆرێ تۆخ و قووڵ بووەوە کە زوو بە زوو بە دووقۆڵی، بە مەبەستی گفتوگۆ دەگەڵ دێهاتیان و لێکۆڵینەوە لە هەل ومەرجی ژیانی ئەوان دەست بەکار بووین. ئیمە بەسوود وەرگرتن لەو فۆرمە فەرمیانەی کە سەنتەری سوپای دانش، پێیان دابووین، ئیدی کەوتینە لێکۆڵینەوە لەمەڕ کاریگەرییەکانی

ڕیفۆرمی زەمینی لە گوندەکاندا. لەو سەروبەندەدا، ئەعزەمی خوشکی نوزهەتیش لەلای ئێمە بوو و لەم کارەدا هاوکاری دەکردین، لەم ماوەیەدا دۆستایەتی خەباتکارانە بە جۆرێ لەنێوانماندا پیشاژۆ بوو کە نوزهەت بە ئاشکرا پێیگوتم کە پێشتر خوێندکاری زانکۆ بووەو تەنیا لەبەر کاری خەبتین و چوون بۆ لادێ بووە بە فێرخواز و مامۆستا. ئیدی من بەڵێنم دا کە ئەم نهێنییە بە کەس نەڵێم و هەر بەڕاستیش ئەمەم تەنانەت بە کازم و بەهرۆزیش نەگوت. تەنیا لەوەم دڵنیا کردنەوە کە کەسێکی باش و جێگای متمانەیە. نوزهەت وەکو دۆستێکی من دەهاتە ماڵی ئێمە و دەچووە ماڵی کازم و ڕوح ئەنگێز. مێردەکەی، مەحمود و برا و خوشکەکەی ( بەهمەن وئەعزەم) ش هەرکاتێک لە تارانەوە بۆ تەورێز هاتبان لە ماڵی ئێمە دەمانەوە ( پاشان لە ساڵی ١٣٥٢ دا هاوزەمان دەگەڵ نوزهەتدا ئەعزەم و بەهمەنیش پەیوەندیان بە ڕیزەکانی چریکانی فیدایی خەڵکەوە کرد. جەلادانی ڕژێمی شا لە ساڵی ١٣٥٥ دا بەهمەنیان لە ژێر ئەشکەنجەدا کوشت، ئەعزەم لە شەڕێکی چەکدارانەدا دەستگیرکرا و ئەو یەکەمین ئافرەتی چریکی فیدایی خەڵک بوو کە لەلایەن ڕژێمی شاوە بە فەرمی حوکمی ئیعدامی بۆ دەرچوو لە سەرەتاکانی ساڵی ١٣٥٥ دا ئیعدام کرا) بەڵام نهێنیکاری لە کاتێکدا زەرورەتی کاری سیاسی ئەو هەل ومەرجە خەفەقانبارە بوو، کۆمەڵێک ئەنجامی خراپ و خەمئەنگێزی لێکەوتەوە، نوزهەت نەیدەویست خۆی بە بەهرۆز و کازم بناسێنێ. لەم سەروبەندەدا بەهرۆز وەکو نزیکترین دۆستی سەمەد لەژێر چاودێری و زەڕەبینی ساواکدا بوو، ئەمە لە هەل ومەرجێکدا بوو کە لقی تەورێز تازە بە تارانەوە گرێ درابوو (دوای مەرگی سەمەد، پویان سەر لە نوێ بۆ تەورێز هات و ژێراو ژێر پەیوەندی دەگەڵ بەهرۆزدا گرت و بەمجۆرە پەیوەندی تەورێز دەگەڵ تاراندا دروستکرایەوە) بەهرۆز زۆر چاک ئاگای لەوە بوو کە ڕژێم سەبارەت بەو زۆر هەستیارە، جا بە حوکمی جدیەت و گرینگی ئەو خەباتەی لە ئەستۆی گرتبوو، لەڕووی هەست کردن بە مەسئولییەتەوە، ناچار بوو لەوانی دی پتر مەسەلە ئەمنییەکان ڕەچاو بکات و بە ڕواڵەت وەکو کەسێکی زۆر ئاسایی کە دوای مەرگی سەمەد، دەستی بە کڵاوی خۆیەوە گرتبێ، خۆی بنوێنێ. هەڵبەتە ئەم کارە بووە بایسی ئەوەی کە نوزهەت نەتوانێ وەکو پێویست و دەرکێکی دروستی سەبارەت بە بەهرۆز هەبێت، لە تاراندا هەندێک دۆستی هەبوون، کە پێکەوە ئەنجومەنێکیان دروست کردبوو و نوزهەت هەوڵیدەدا منیش بەو ئەنجومەنەوە گرێ بدات، بە هەرحاڵ نوزهەت دوای یەک ساڵ لە تەورێز ڕۆیی. لەگەڵ ڕۆیشتنی ئەودا دوای ئەوەی پەیوەندی خەباتکارانەی من دەگەڵ گروپێکدا کە پاشان ناوی گروپی ئەحمەد زادەی لەخۆ گرت، لەڕێگای بەهرۆزەوە توند تر بوو، من سەبارەت بە نوزهەت قسەی تەواوم دەگەڵ بەهرۆزدا کرد و دڵنیام کرد کە ئەو ئافرەتێکی بەڕاستی تیکۆشەر و شۆڕشگێڕە و پێویستە ئەو و دۆستەکانی ئەو بێنە ناو گروپەکەی خۆمان، پاشان من لەلایەن هاوڕێیانەوە بۆ تاران گوازرامەوە. بەهرۆز پێی گوتم کە مەسەلەکەی نوزهەت لەگەڵ هاوڕێ بەرپرسەکەی خۆتا لە تاران باس بکە و لەو ڕێگایەوە هەوڵی ئەوە بدە کە بە گروپەکەی خۆمانیەوە ببەستەوە. بەرپرسی من لە تاران هاوڕێ جەوادی سەلاحی بوو، لەگەڵ ئەودا باسی نوزهەتم کرد و بە تاسەوە خوازیاری پەیوەندی لەگەڵ ئەودا بووم، لێ مخابن بەدەر لە چاوەڕوانی من، هاوڕێ جەواد هیچ بایەخێکی بەم کارە نەدا، مەسەلەکەی بەهیچ جۆرێ

به هەند نەگرت، پێدەچوو ئەو من بە کچێکی زۆر گەنج بزانێ، کە بیری دۆستەکەی بکات، هەڵبەتە ئەمەم زۆر لەلا گران و ناخۆش بوو، لەو ماوەیەدا کە تەماس وپەیوەندیم دەگەڵ جەواد دا هەبوو، تەنها یەک دوو جار بە تەلەفون ئەحواڵپرسیم لەگەڵ ئەعزەمدا کرد، پاشان من دەگەڵ عەلی ڕەزا نابدل و پویاندا بووم بە هاوبنکە، لێرەدا لە هەوەڵین دەرفەتدا بە نائومێدی و زۆر بە کورتی سەبارەت بە نوزهەت قسەم دەگەڵ پویان دا کرد. وام وێنا دەکرد ئەویش قسەکانی من بە هەند وەرنەگرێت، لێ بە پێچەوانەی پێشبینی منەوە، ئەو بە پێچەوانەی هاوڕێ جەوادەوە، مەسەلەکەی بە هەند وەرگرت و بە ڕوویەکی خۆشەوە پێشوازی لێکرد و قەرار درا من لە هەوەڵین دەرفەتدا بکەومە سۆراخی نوزهەت، بەڵام ئەم هەوەڵین دەرفەتە بۆ من وەختایەک ڕەخسا کە هاوڕێ نابدل گیرا بوو و بەهرۆز بۆ تاران هاتبوو و هەموو ڕۆژێک بە دووقۆڵی و پێکەوە بە مەبەستی بەکرێگرتنی خانوویەک بۆ کاری نهێنی دەچووینە نووسینگە و دەڵاڵخانەکان، لەم ماوەیەدا بە ئاگاداری بەهرۆز چووم بۆ دیتنی نوزهەت، ئەعزەم و بەهمەنیش لەوێ بوون، شەوێک لە ماڵی وان مامەوە، زۆرمان قسان دەگەڵ یەکدا کرد و من بۆم دەرکەوت ئەوان هێشتا خەریکی کاری خەباتگێڕین و تەنانەت شەوانە بڵاوکراوە و بەیان بڵاو دەکەنەوە. ئەعزەم بە مەبەستی بەرقەراری پەیوەندی دەگەڵ کرێکاراندا، لە کارخانەیەک کاری دەکرد و بەشۆخییەوە پۆزی بەسەر ئێمەدا لێ دەدا کە ئەو بابایەکی کرێکارە، بەڵام وێڕای ئەمەش ئەوان لە ڕووی ڕەوت و ڕێباز و ستراتیژیەتی خەباتەوە سەرگەردان بوون. بە ڕواڵەت سیاسیکار بوون، بەڵام ئەمە زیاتر لە بێ ئاگایی و نەناسینی ڕێگای خەباتەوە لەو هەل ومەرجەدا سەرچاوەی گرتبوو، تا لە ئۆپورتونیزم و ترسنۆکی و ناڕاستگۆییانەوە: وەکو چۆن سەبارەت بە خەتکارانی چەکدار، هەڵوێستێکی تەواو ئەرێنیان نیشان دەدا، من پێم گوتن کە دەزگیراندارم و هاتووم بۆ تاران و هێشتا ئەدرەسێکی دیارم نییە و قەرارمان دا کە دووبارە پەیوەندییان پێوە بکەمەوە.

مەسەلەکەم لە سیری تا پیازی بۆ بەهرۆز گێڕایەوە و دڵنیا بووم کە ئەمجارە بە دڵنیاییەوە پەیوەندیان پێوە دەکرێت، سەد حەیف و مخابن کە ئەو تەماس وپەیوەندییە وەختێ هاتە پێشێ کە بە دەسگیری بەهرۆز شکایەوە.

کاتێ کە بەهرۆز تەلەفون بۆ نوزهەت دەکات، بەکرێگیراوانی ساواک لە ماڵی نوزهەت دەبن ( نوزهەت دوای هێرشی پۆلیس بۆ سەر ماڵی ئێمە لە تەورێز و بەو نیازەی کە دەشێت لە ڕێگای ئەوەوە سەرە داوێک بۆ دەسگیری من و بەهرۆز پەیدا بکەن، بۆ چەند ڕۆژێک گرتبویان و دوایی ئازادیان کردبوو. ئیدی ئەو ڕۆژە بەکرێگیراوان هاتبوونە ماڵی ئەو و لەوێ خۆیان لە بۆسە نابوو). ئیدی ناچاری دەکەن قەراری دیدار دەگەڵ بە هرۆزدا دابنات و نوزهەت بەهەر هۆیەکەوە بووە ئەم کارە دەکات و لەگەڵ بەکرێگیراوانی تاوانکاری ساواکدا دەچێت بۆ ژوانگەکە، ئیدی لەوێ بەکرێگیراوان لە حاڵێکدا کە بەهرۆز تەواو غافڵگیر بوو بوو، بەسەریا دادەبارن ( بەو حاڵەشەوە بەهرۆزی دلاوەر دەتوانێ دەست لە بەکرێگیراوان بکاتەوە و تەقەیان لێبکات و بەلای کەمەوە

پای یەکێکیان بریندار بکات، وەکو لە دەقی کتێبەکەدا نووسیومە من ئەو بەکرێگیراوەم لە کۆمیتەی شارەبانی بینی) و ئیدی ئەو دەسگیر دەکەن .

نوزهەت پاش دەسگیرکردنی بەهرۆز، ئەوجا پەی بەوە دەبات کە چ هاوڕێیەکی شۆڕشگێڕی گەورەی خستووەتە داوی جەلادانی ڕژێمی شاوە، پاشان لە ڕێکخراودا گێڕابوویەوە کە ئەو لە پێناوی ڕزگاری هاوڕێیانی هاوئەنجومەنی خۆیدا ناچار بووە قەراری دیدار لەگەڵ بەهرۆزدا ببەستێ، بەو خەیاڵەی گوایە بەهرۆز ڕۆشنبیرێکی ئاسایی وبێلایەن بووە، گوتبووی ئەو ڕۆژەی کە ساواکییەکان لەماڵی ئەودا بوون و بەهرۆز تەلەفونی بۆ دەکات، قەراربووە یەکێک لە دۆستەکانی یەک جانتا کتێبی ( قەدەغە) بۆ ئەو بێنێ و ئەو ناچار بووە ساواکییەکان بەر لە هاتنی ئەو دۆستە لەماڵی خۆی بەرێتە دەرێ، ئەو بابەتەی سەرێم لە هاوڕێ جەعفەری ژنەوت. هەروەها هەر ئەوی دەمێ ئەوەشی پێگوتم کە مەحمودی مێردی نوزهەت، ڕۆڵێکی نامەردانەی لە دەسگیرکردنی بەهرۆزدا بینیوە، بێگومان بەهرۆز بە دیتنی نوزهەت لە ژوانگەکەدا، هەستی بەوە کردووە کە خیانەتی لێکراوە و بێگومان وای وێنا کردووە کە ناسینی من بۆ نوزهەت زۆر سەرڤە سەرڤە بووە.

هەڵبەتە هەرسکردنی ئەو مەسەلەیە بۆ منیش یەجگار دژوار بوو، لە سالی ١٣٥٣ دا کاتێ بیستم کە ئەو و بەهمەن و ئەعزەم پەیوەندیان بە ڕێکخراوەوە کردووە، هەستێکی تایبەتیم هەبوو. ئیدی تازە بوو بوو بە هاوڕێیەکی ڕێکخراوەیی و ئەمە بایەخی خۆی هەبوو.

٧-کازمی سەعادەتی ١٣١٦- ١٣٥٠ کە لە سەرانسەری ئەم بیرەوەریانەدا ئاماژە بۆ ژیانی کراوە.

(+) - بەرواری لەدایکبوونی کازمی سەعادەتی لە چاپی یەکەمدا بە ساڵی ١٣١٦ نووسراوە، دروستەکەی ساڵی ١٣١٩ یە، کازم و بەهرۆز و سەمەد سێ دۆست و یاری گیانی بە گیانی بوون، کە لەتافی لاویدا لە پەیمانگای مامۆستایاندا یەکدی دەناسن و پاشان بە یەک دڵی و یەک زمانی لە گوندەکانی ئازەربایجاندا وەکو مامۆستا دەکەونە فێرکردن و پەروەردەی منداڵە دێهاتیان. پێش سەرەتا و دەسپێکی خەباتی چەکدارانە، کازم دەگەڵ دوو هاوڕێکەی خۆیدا هەمو هەوراز و نشێویەکانی خەباتی بڕی بوو و بە شێوە و شێوازی جۆرا و جۆر و جیاواز لە ڕای قازانج و بەرژەوەندی کرێکاران و زەحمەتکێشاندا دەخەبتی، کازم مرۆڤێکی زۆر خاکی بوو ( خاکی بەو مانایەی کە مرۆڤێکی گەورە بوو، لێ لە هەمانکاتدا بێ ڕیا و بێ فیز و دەعییە بوو) تەبیعەتی وا بوو کە دەیتوانی زۆر زوو لەگەڵ خەڵکیدا ( زەحمەتکێشانی شار و گوندی) دا تێکەڵ ببێت، هەمیشە وەکو کەسێکی خۆیی و جێگەی متمانە و باوەڕ لەلایەن زەحمەتکێشانەوە پێشوازی دەکرا، سەمەد، کازمی زۆر خۆش دەویست هەروەها ڕێزی زۆری بۆ ڕوح ئەنگێز هەبوو ( ڕوح ئەنگێز دیهقانی خوشکی من و هاوسەری کازمی سەعادەتی بوو، کە جەلادانی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٣٦٠ دا ،خوێنی پاکیان ڕشتە سەر زەوی) هەر بۆیەش یەکەم کتێبی خۆی ( ئولدز و قەلان) ی بەوان پێشکەش کرد، لە ساڵی ١٣٤٧ دا کە سەمەد بەشێوەیەکی گوماناوی لە ڕوباری ئاراسدا خنکا، کازم دەگەڵ ئەسەدی برای سەمەد دا، بۆ دۆزینەوەی تەرمەکەی سەمەد چەندین ڕۆژ

کەنارەکانی ئاراسیان تەی کرد، تا لە ئەنجامدا جەنازەکەی سەمەدیان دۆزییەوە و لەگەڵ خۆدا بۆ تەورێزیان هێنایەوە .

## فەسڵی دووەم

## گرتن، ئەشکەنجە، تەحقیق

### چۆنیەتی گرتنی من

ئێمە پاش ئەو جەزرەبەیەی کە خواردمان، دووبارە وەزع و حاڵی خۆمان رێکخستەوە و کەوتینەوە درێژە دان بە کارێن شۆڕشگێڕانەی خۆمان، بەیانی ڕۆژی ۲۳/ ئۆردیبەهەشت/۱۳۵۰ بە مەبەستی درێژەدان بە کاری شناسایی کەسێکی بەکرێگیراو دەگەڵ هاورێ بەهرۆزدا لە ماڵ هاتینە دەرێ. شوێنی ماموریەتەکەمان شەقامەکانی ئاناتول فرانس و بیست و یەکی ئازەر بوو. من لە شەقامی بیست و یەکی ئازەردا وەستابووم و بە مەبەستی پەیگیری کار و ماموریەتەکەی خۆم چاودێری ئۆتۆمبێلەکانم دەکرد، کە لە ناکاوا دوو ئوتومبێل لە بەردەم مندا ستاپیان گرت و چەند کەسێکیان لێ دابەزین، یەکێکیان بەدەم جنێودانەوە بەرەو من هات و دەستی خستە سەر دەمم و ویستی هەڵم بگرێت وبمخاتە ناو ئوتومبێلەکەوە. ئەوانی دیکەش هاتنە کۆمەکی، هەرلەوێدا بە سەرو سەکوتی قیزەون و جنێوە پیسەکانیاندا، کە تەنیا لە بێ حەیایی و بێ ئەدەبی خودی بەکرێگیراوانی ساواک و شارەبانی دەوەشایەوە، بۆم دەرکەوت کە نۆکەر و بەکرێگیراوانی دژمنن، بەڵام لەخۆم دەپرسی چۆن منیان ناسیوە؟ و تا چ ڕادەیەک ئاگاداری چالاکییەکانی منن؟ لەوەیە هەڵەیەک لە ئارادا بێ، بۆیە نەمویست بکەومە هاوار و هوراکێشان ، لە لایەکی دیکەشەوە نەمدەویست بە بێدەنگی و بەرخ ئاسا خۆمیان ڕادەست بکەم، لەم بیر و خەیاڵەدا بووم کە لەم هەل ومەرجەی ئێستادا کار و ئەرکی سەرەکی ئێمە بریتییە لە بانگەشە و نیشاندانی تاوانەکانی دژمن و ڕیسواکردنی دژمن و سەلماندنی وەفاداریمان بۆ خەڵکییە. ئەوە بوو دەستم بە هاوارکردن کرد تا خەڵکی لە گرتنی خۆم ئاگادار بکەمەوە و ئەوە نیشان بدەم کە چۆن بە ڕۆژی ڕووناک ڕۆڵەکانی خەڵک ڕاو دەکەن. بەکرێگیراوانی خاین بە خەیاڵی خاوی خۆیان وایان دانابوو کە دەتوانن لە ماوەی چەند دەقیقەیەکدا لە ئوتومبیلەکەم بپەستن، بەدەم هاوارەوە بە مشت و بە لەقە کەوتمە بەرگری لە خۆم و دەستم بگەیشتبایە هەر بەکرێگیراوێک بە گاز تێی بەردەبووم. خێرا ماموراني دیکەی شارەبانی هاتنە یارمەتیان تا هەرچی زووترە من دەستگیر بکەن و ڕێگە لە ئاپوڕەی خەڵکەکە کە بەرە بەرە زیادی دەکرد بگرن. تا کەس ئاگای لە ڕووداوەکە نەبێت، ئیدی پەیم بەوە بردبوو کە چۆنیان ناسیووم و زانیم چۆن کەشف بووم و زمانم لێدراوە.

وەکو لە لاپەڕەکانی پێشوودا گوتم کە دوای چۆڵکردنی بنکە نهێنییەکەمان، دەچووم بۆ ماڵی برایەکەم لە تاران، کابرایەکی کرێچی دیکەش لە هەمان حەوشەی ئەواندا هەبوو، ئەم کابرایە وەکو فەرمانبەری دایەرە خۆی ناساند بوو کەچی ژێراو ژێر پیاوی ساواک بوو، ئەو پیاوە چەند جارێک منی لە ماڵی براکەم بینی، هەر لەو

ڕۆژانەدا دووجار لەبەردەم زانستگادا ڕێکەوتی یەکمان کرد کە من بە مەبەستی شناسایی یەکێک لە بەکرێگیراوەکان بۆ ئەوێندەر چوو بووم. پاش ئەوەی ساواک وێنەی من لە بنکەکەی تەورێز بەدەست دێنن و بە مەبەستی تاقیب و سۆراخ و پەیگیری من وێنەکەم بە مامورانی خۆیان نیشان دەدەن، ئەم مێردەکە سووکە پێیان دەڵێت کە من دەناسێت و دووجار لەبەردەم زانستگادا منی دیتووە (+) ( "+" پێویستە لێرەدا دەبارەی چۆنیەتی گرتنەکەی خۆیشم برێک ڕوونکردنەوە بدەم و هەندێ شت ڕاست بکەمەوە، وەکو لە دەقی کتێبەکەدا باسکراوە هێزەکانی ئاسایشی ڕژێمی شا لە ساواکەوە بیگرە تا شارەبانی و هی دی، دەمێک بوو عەودالّی گرتنی من بوون و هێزێکی زۆریان بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردبوو، ئەمانە بەبێ ئەوەی ناوی من بزانن لە کاتی سیاکەلەوە ئاگایان لە چالاکیەکانی من هەبوو ( لە ڕێگای هاوڕێ ئەحمەد فەرهودییەوە کەیەکێک بوو لە جەنگاوەرانی سیاکەل، دەیانزانی کە ئەو بەر لەوەی بچێتە لێرەوار، دەگەڵ کیژێکی تەورێزیدا لە یەک بنکەی نهێنیدا کاری کردووە و ژیاوە) دوای گرتنی هاوڕێ نابدل، سەرکوتکەران سۆراخێکی زیاتری منیان بەدەست هێنا و چونکە گرتنی من و بەهرۆزیان زۆر بە لاوە گرینگ بوو، هەنگاوی جیاوازیان بۆ ئەم مەبەستە نا، گرتنی من وەکو نووسیومە لە شەقامی بیست و یەکی ئازەردا، کە ئەمرۆ بە دروستی بە شانزەی ئازەر ناودەبرێ، ڕوویدا. کاتێ دوای دەستگیری من ، براژنەکەی منیان هێنایە ڕوو بە ڕووم و داوای لێکردم کە هەرچییەک دەزانم بە هێزەکانی ئەمنی بڵێم، هەر لە ناو قسەکانیا پێیگوتم کە کرێچییەکەی حەوشی ئەوان لە تاران منی بە ئەمنەکان نیشان داوە، هەڵبەتە من خۆم دووجار لەبەر زانستگادا دوو جار ڕوو بە ڕووی ئەو کرێچییە هاتبووم و لەکاتی گرتنەکەشمدا ئەوم بینی. بۆیە لەو کاتەدا هیچ گومانم لەلا نەبوو کە بە پیاوی ئەمنی بزانم، بەڵام مەرج نەبوو هەر دەبێ وابێ . مەسەلەکە ئەوەیە کە لەو هەل ومەرج و بارودۆخەدا، مامورانی دەوڵەت سوودیان لەو ترس و زەبوونییە وەردەگرت کە زۆر کەس لە ئەندامانی کۆمەڵگە تووشی بوو بوون. ئیدی هەندێ لەو جۆرە کەسانەیان وادار دەکرد کە یارمەتیان بدەن، جا ئەو جۆرە خەڵکانەش بە حەقارەتی تەواوەوە ئامادە بوون هاوکاری هێزە سەرکوتکەرەکان بکەن، بەبێ ئەوەی بە فەرمی ماموری ئەمن و دەزگای زانیاری بن. من سالآنێک لەوەودوا بۆم دەرکەوت کە بەڕێکەوت ئەو کرێچییە و خانەوادەکەی من، هەمان ئەو وەسفەی سەرێ دەیگرتنەوە، لە ڕاستییدا ئەوان پێحەسیا بن یا نا لە لایەن دەزگای زانیارییەوە بە مەبەستی دەستگیرکردنی من و بەهرۆز بۆ ئێرە و ئەوێ دەبران، لە هێرشە شەوانەکەدا بۆ سەر قوتابخانەی باڵای سوپادانش کە لە کتێبەکەدا وەکو دامەزراوەی بەشی ناوخۆ ناوم بردووە، هەروەها لەپاڵ مامورانی دەزگای ئەمن و زانیاری نەک ئەو (ژنۆکەیەی) شارەبانی، بەڵکو ئەو جۆرە خەڵکانەش بەشداریان دەکرد، وەکو بەهرۆز پێی گوتبووم و فێری کردبووم، بە کەس وکارەکەم گوتبوو کە لەو قوتابخانەیە دەخوێنم، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ، هاوڕێ مەرزیە ئەسکویی لەوێ دەیخوێند، ئەو شەوی هێرشەکەی ئەمن بۆ سەر خەوگایەکە لەوێ بوو بوو و خۆی لە نزیکەوە بە چاوی خۆی ئەم هێرشەی دیتبوو، هەر ئەویش گوتبووی کە ئەو ژنە یا ئەو ژنانەی بۆ شناسایی من چووبوونە ئەوێندەر، لە هەر پۆلێکدا جارێ خۆیان بە براژن، پور. یا میمکی من دەناساند). پۆلیس ئەو دەڤەرە دەخاتە ژێر چاودێرییەوە، هەر هەموو هەڵەکانی ئەم

گرتنەی من خەتای خۆم بوو، چونکە لەو ڕۆژانەدا تازە مانگرتنی زانستگا تەواو بوو بوو و بێگومان ئەو ناوە پڕ بوو لە پیاوانی ساواک و من بە بێ لێکدانەوە و ڕەچاوکردنی کات و شوێنی شناساییەکە هەموو ڕۆژێ بۆ ئەوێ دەچووم و بێگومان ڕاوەستانی بە ڕواڵەت بێ مەبەستی من لەو شوێنە و هەموو ڕۆژێک سەرنجی ڕادەکێشان. ڕێک لەو کاتەدا کە بەکرێگیراوان هەوڵی بەرهەق کردنی منیان دەدا و نەیاندەتوانی، سەروسیما و ڕووخساری شوومی هەمان هاوکرێچییەکەی برایەکەمم بینی، ئەو ویستبووی خۆی نیشانی من نەدات، تا هۆی گرتنەکەم بۆ من بە نادیاری بمێنێتەوە و ئەوانیش بتوانن درۆکانیان بەسەر مندا تێپەڕێنن و وا بنوێنن کە بۆ نموونە ئێمە زۆر بەتوانایین و ئاگامان لە خشەی مار و مێرووە و لەم جۆرە فیشاڵ و لاف و گەزافە.. بەڵام ئەو بە ناچاری هاتە کۆمەکی بەکرێگیراوەکانی دی. چ سەروسەکوتێکی قێزەون و بێزەوەری هەبوو، نزیکەی یەک چارەکە سەعات بەسەر ئەم شەڕ و زۆرانبازییە نابەرابەرەدا بووری، جلەکانم دڕان، لە حاڵێکدا کە چەند بەکرێگیراوێک دەست و لاقیان توند توند گرتبووم و بەملاو بەولادا بکێشیان دەکردم، بەشێوەیەکی کارەساتئامێز سواری ئوتومبیلەکەیان کردم، نەمدەتوانی تەکان بخۆم، وێڕای ئەوەش هەر دەست و لاقم دەهاویشت، خۆشم سەرم لەو هێز و توانایە سوڕدەما کە لەو کاتەدا پەیام کردبوو، نەیاندەتوانی لە جوڵەم بخەن. کە دەست  وپێیان گرتبووم، ددانەکانم بەکار دەبرد، بەکرێگیراوێک قامکی خستبوومە ژێر ددانی و بە هەموو هێزی خۆیەوە گازی لێدەگرت، یەکێکی دی دەمانچەکەی سوار کردبوو و هاواری دەکرد ئەگەر تەکان بخۆم دەمکوژێت. کە هەڕەشەیەکی نابەجێ و بێ مانا و گاڵتەجاڕانە بوو. تەکانێکم دایە خۆ و دەمانچەکەم، لەدەستی خست، کەوتنە پەلەپروزێ تا دەمانچەکە لە دەستڕەسی من دوور بخەنەوە، من لەم کاتەدا لاقم لە دەستیان دەربازکرد و بە توندی لەقەیەکم بە جامی دواوەی ئوتومبیلەکەدا کێشا و ورد و خاشم کرد، ئیدی هەموو هێزی خۆیان بۆ کۆنترۆڵ کردن و بەزرەفت کردنی من خستەکار. تەنیا سەرم بەدەرەوە بوو، پاسێکم بینی وەکو هەمیشە پڕ بوو لە نەفەر، خەڵکانێک بە ڕوخساری ماندووەوە دەیانڕوانییە دەرێ، دیار بوو پاسی خوارووی شار بوو، لە دڵی خۆدا گوتم ئەمانە دوایەمین ئەندامانی خەڵکن کە دەیانبینم. ئەوان ئاگایان لە من نەبوو ،بەڵام من سەرم بۆ لەقاندن و لەو ڕێگایەوە پێمگوتن کە هەمیشە خۆشم دەوێن و پشتیان تێناکەم، کە بیرم لەوە کردەوە زۆر زوو گیراوم و بچوکترین کارم بۆ شۆڕش ئەنجام نەدا بوو، هەستم بە شەرمەزاری دەکرد، بە کەسەرەوە بەخۆم گوت: " پێویستە لە ژێر ئەشکەنجەدا ئەرکی خۆت بە چاکی ئەنجام بدەیت!"

## *ئەشکەنجەی زندانی شارەبانی*

بەمجۆرە گەیینە ئیدارەی دەزگای زانیاری، لە ئوتومبێلەکە دابەزین، لە کاتێکدا پڕ بە زار هاواری ناڕەزاییم دەکرد، بە ڕاڕەوێکی دوورو درێژدا ڕایان دەڕفاندم ولە دواوە بەر شاپیان دەدام، کە تەختی عاردی دەبووم، دووبارە هەڵیان دەساندمەوە و ڕایان دەڕفاندم. گەیینە ژووری لێکۆڵینەوە و تەحقیق، هەموو بیرێکم لای ئەمە بوو کە هەرچۆنێ بووە هەوڵ بدەم بزانم زانیارییان دەربارەی من چەندە، دەستیان بە تانە و تەشەر و جنێودان کرد: ئەها.. ( دەمرێژی جوێن)... "عەمۆ ئۆغڵی" لە کوێیە؟ (ناوی نهێنی هاوڕێ جەواد سەلاحی بوو)(١) دیتت کە فەرهودی (٢) چۆن گۆڕ بە گۆڕ بوو؟ چەند زۆڵت لە جەواد فرێداوە؟+ (+: دژمن بۆ چەواشە کردنی ڕای گشتی ، ئێمەی بە ئالودانی دەرمانانی هۆشبەر و بە خەڵکانی کەچڕەو تۆمەتبار دەکرد)... خاڵە ساختەکەت لەکوێیە؟ پویان.. ( جوێن).. بوشە بە ئاخوند و گەلێک لەو بابەتە قسانە، وێنەیەکی سەردەمی قۆناغی خوێندنی ئامادەییم لە سەر مێزەکە بوو، یەکێک لە بەکرێگیراوەکان وێنەکەی هەڵگرت و بە تاسووقەوە لەبەر چاوی ڕاگرتم کە بزانە ئەمە کێیە؟ من یەکسەر پشتی وێنەکەم خوێندەوە ( پاڵتۆیەکی واهی لەبەردایە) چاوم بە پاڵتۆکەم کەوت، کە هەڵواسرابوو ئیدی لە فیکەی خۆم حاڵی بووم، هەموو شتێکم زانی. وێنەکە ئەوەی نیشان دەدا کە چوونەتە ماڵی ئێمە و ئەم قسەیەیان ڕادەی زانیاری ئەوانی دەربارەی من بەیان دەکرد. کەواتە ئیدی خۆشاردنەوە فایدەی نەبوو، ئیدی ئەمە باشترین هەل بوو بۆ ئەوەی کینەی چینایەتی خۆم هەڵڕێژم، ئیدی دەستم بە هوراکێشان کرد:

– مەرگ بۆ ئێوە ئەی تاوانکارانی تۆڕی.. دژمنانی خەڵک.. خوێنمژانی زەحمەتکێشان، پاشان هەندێک شیعرم دەخوێندەوە کە هێز و گوڕیان پێ دەبەخشیم:

( لە هەر دەنگێک ئەم خاڵە ئاشکرایە، کە ئەم کۆنە دەزگایە دەگۆڕێ) ( دەبێ بەلشەویکانە بجەنگین، ئاگری گوللە لە ئاستی دڵی چوون ئاگری مەدا چی پێ دەکرێ)

کەوتنە دارکاری کردنم، بە مست و لەقە کەوتنە گیانم و پاس پاسێنیان پێ دەکردم، جلەکانم پارچە پارچە بوو بوون و هیچ شتێکم لەبەردا نەمابوو، وەکو سەگی هار کەوتبوونە گیانم، دوای کەمێک ( خەتایی) سەرۆکی ئۆپەراسیۆنەکانی ئیدارەی دەزگای زانیاری کە گوایە لە بەکرێگیراوەکانی نزیکی دەزگای بێدادی شا بوو، هات بەسەردا، هەموویانی دایە لاوە کە یانی چی... بەمجۆرە لەگەڵ کناچەیەکدا ڕەفتار دەکەن.. بە تووڕەیی گوتی: " ئاخر ئەمە چ وەزعێکە؟... بۆچی نازانن بەڕێز و ئەدەبەوە ڕەفتار بکەن؟ چیتان لێی دەوێ، ئەدرەسی ماڵەکەی ( بنکەی نهێنی)؟ خۆ ئەمە شتێکی زۆر گرینگ نییە، دەتوانن بە بێ کوتەک و هات و هاواریش لێی بپرسن" کاتی خۆی چەندین جار هاوڕێ بەهرۆز وهاوڕێکانی برابوونە ساواک و من لەڕێگای هاوڕێ بەهرۆزەوە تا ڕادەیەک

له دەغڵبازی و ماهیەتی میهرنوێنی بەکرێگیراوان ئاگادار بووم، بۆیە پێشبینی هاتنی ( خەتایی) م دەکرد و ئەم ڕووخسارە میهرەبان! و زمان و تۆنە ئارام و  پڕ نەزاکەتە بە هیچ جۆرێ فریوی نەدەدام و بۆچوونی منی سەبارەت بەو نەدەگۆڕی، ئەویش دژمنێکی خوێڕی بوو، وەکو هەموو بەکرێگیراوەکانی دی و دەیویست لەژێر پەردەی نێرەنگ و ڕیادا، ڕووخساری تاوانکارانەی خۆی بشارێتەوە، دەستی بە قسەی تورەهات کرد: " وەرە ئەدرەسی بنکەکەتمان پێ بڵێ، ئێمە چاکەی ئێوەمان دەوێ، هاوڕێکانت تا زووتر بگیرێن باشترە، چونکە تاوانی کەمتر دەکەن، ئاخر حەیف نییە ئەم هەموو گەنجە باش و خوێنەوارە بەخۆڕایی بمرن؟"

 کە تەماشای ڕوخسار و چارەی ئەم تاوانبارە بودەڵەیەت دەکرد و پەیت بە ڕادەی نیرەنگ و ڕیابازییەکانی دەبرد، خوێنت دەهاتە جۆش، قسەکەیم بڕی و هاوارم کرد:" ئەی دژمنی مرۆڤ، سازش ناکەم و تا کۆتایی دەجەنگم" تووڕە بوو ،خێرا ڕوخساری گۆڕا، بە نۆکەر و بەکرێگیراوەکانی گوت کە واتە بکەونە گیانی ئەم.... (جنێو).

بەکرێگیراوان بەدەم جنێودانەوە بە تەختێکیانەوە بەستم، ژوورەکە پڕ بوو لەوان، هاتبوون تەماشا بکەن  و لەکاتی پێویستدا یارمەتی یەکدی بدەن. ئەشکەنجەدانی کیژێکی شۆڕشگێڕیان بەلاوە سەیر بوو. هەندێکیان ڕوخساری ئارام و ئاساییان هەبوو، من ئەمەم بەلاوە سەیر بوو، قەت وێنام نەکردبوو کە کەسێکی بەکرێگیراو بشێت ڕوخسارێکی واهی هەبێت. ئەشکەنجەچی ئەسڵی، نەقیب نیک تەبع بوو، ئەوانی دیکەش یارمەتیان دەدا و قامچییەکە دەستا و دەست دەگەڕا، منیان بە تەختەکەوە بەست و بە قامچی لە بنی پێمیان دەدا.

 هەستم بە ئازارێکی زۆر دەکرد، لێ شیعرخوێندنەوە و هوراکێشان ورەیان بەرز دەکردمەوە و هێز و توانایان پێ دەبەخشیم، ئەوانیش بەم شیعرانە خوایان نەدەما و زۆر تووڕە دەبوون، هەرجارێ کە توندتر قامچییەکەیان دادەوەشاند، من پتر جنێوم بە شا دەدا، ناوهێنان و جنێودان بە شا، لەڕادەبەدەر ڕقی هەڵدەستاندن . گوایە لەم ڕووەوە بە ڕواڵەت زۆر دڵسۆز بوون. ماوەیەک قامچی کوتیان کردم، هەموویان زۆر تووڕە بوون و ڕەفتاری هەموویان توند و زبر بوو. دوای تۆزێک ژمارەیەک لەدیار سەرم خڕ بوونەوە و کەوتنە ئامۆژگاریم:" بەزەییەکت بە خۆدا بێتەوە و وەرە هەموو شتێک بڵێ، ئەم دووکارەیان پێکەوە و لەیەک کاتدا دەکرد،کە کەسەکە لەو کاتەدا کە تاڵاوی ئازار و ئەشکەنجە دەچێژێت و پێی قەڵس و ناڕەحەت دەبێت، دەروازەی ئاسایش و ئارامیش لەبەردەم خۆیدا ببینێ، ئیدی کاتی خۆی بوو کە پێیان ڕابوێرم، گوتم: بابە ئاخر کاتێ من لەگەڵ هاوڕێکانما بە چاوی بەستراوەوە دەچووم بۆ بنکەکەمان، چۆن دەتوانم ئەدرەستان پێ بڵێم؟ ئاخر من هیچ ئەدرەسێک نازانم تا بیڵێم، ئەم قسانەیان بە نیشانەی نەرم بوون و هاتنە قسەی من وەرگرت، وازیان لە قامچی کاری هێنا. پرسییان: باشە ماڵەکە لەکام ناوچە بوو؟ گوتم: نازانم . پرسیان: دەرگاکەی چ ڕەنگێ بوو؟ تەلار بوو، لەسەرەوە بوو لە خوارەوە بوو؟

گوتم: نازانم ، من هەمیشە چاوم بەسترابوو. خەتایی بە تەوسەوە گوتی: ئێستا چاوت دەکەمەوە، ئیدی بەخۆی دەستی بە قەمچی وەشاندن کرد، دیسان نۆرەی خێرخوازانی عاقڵ هات، دیسانەوە کەوتنە قسە توڕەهاتەکانی خۆیان" بەزەییت بە خۆتا بێتەوە و.." ئازارەکەم زۆر بوو بوو، پێویستیم بە دەرفەتێکی کورت هەبوو تا بتوانم بیرێک بکەمەوە و ورەی دەروونی خۆم بەرز بکەمەوە. گوتم: ناوی شەقامەکە خانی ئاباد بوو. دڵیان خۆش بوو و بەم جۆرە تا زەمانێ کە بتوانم ئەدرەسێکی ساختە دروست بکەم و بەوانی بڵێم، چەند جارێک دەستیان لە قامچی کاریم هەڵگرت. یەکێک لە باشییەکانی دیکەی ئەم شێوازە قسەکردنە ئەمە بوو کە ئەوان وایان وێنا دەکرد گوایە لە لایەکەوە حەز ناکەم هیچ شتێک بڵێم و لە لایەکی دیکەوە بەرگەی ئەشکەنجە ناگرم. ئەنجام لە تەختەکەیان کردمەوە و گوتیان کە ڕێ بکەم. جەستەم حاڵەتێکی سەیری پەیدا کردبوو، دەتگوت هەزاران دەرزی بە جەستەمدا دەکەن، حاڵێکم هەبوو کە نەدەمتوانی ڕێ بکەم و نەدەمتوانی دابنیشم، نەدەمتوانی لە هیچ شوێنێک ئۆقرە بگرم ، بەخۆیان گرتمیان و بەدێژایی ژوورەکەدا ڕێیان پێکردم، پاشان ژنێک هات و پێیەکانی دەرمان کردم، وایان دەزانی ئەدرەسەکە دروستە و هەوڵیان دەدا بەنەرمی ڕەفتارم دەگەڵدا بکەن، تا هەر زانیارییەکم پێیە بیخەمە قولی مستیان، ڕەفتارم هەڤدژ بوو، هەرچەندە بە ڕواڵەت تەسلیم بوو بووم و ئەدرەسەکەم پێ گوتبوون، بەڵام ڕق و کینە بەجۆرێ سەراپای داگرتبووم کە نەمدەتوانی تەمەشای ڕوخساری بەکرێگیراوێک بکەم و جنێوی پێ نەدەم+ (+. مەبەستم لە جنێو کە لە بەشەکانی دیکەی کتێبەکەدا بەکارم بردووە، دەربڕین و نیشاندانی خەسڵەتە ڕاستەقینەکان، خەسڵەتە درێو و نامرۆڤانیەکانی بەکرێگیراوانە) لێرەدا پیاوێکم بینی کە لەسەر کورسییەکیان دانابوو و بە ڕەنگی هەڵبزڕکاو و کەمێک ترساوەوە دەیڕوانییە دەور وبەر، لەو کاتەدا ئەگەرچی وەکو مامورەکانی دی نەدەهاتە بەرچاو و زیاتر لە کەسێکی ئاسایی دەچوو، بەڵام گوێم نەدایە، دوایی بۆم دەرکەوت کە ئەم پیاوە لە کاتی گرتنی مندا بەرێکەوت بەوێدا تێدەپەڕێت، کە دڕندەیی بەکرێگیراوەکان دەبینێ، بە ڕادەیەک تووڕە دەبێت کە پەلاماری یەکێک لەوان دەدات و بە دان تێی بەردەبێت و برینداری دەکات و هەڵدێت، بەڵام بەکرێگیراوان دووی دەکەون، تەقەی بەسەردا دەکەن و دەیگرن.

بە هەرحاڵ مەفرەزەیەکیان بۆ تاقیبی ئەدرەسەکە ڤڕێکرد. من لەو کاتەدا خۆشحاڵ بووم کە هەڵم خەڵەتاندوون و بە بێهودە بەملاو بەولادا دەیاننێرم وخۆیشم دەرفەتێکم بۆ هزرین و بیرکردنەوە ڕەخساندووە، لێ پاشان کە بیرم لەم مەسەلەیە دەکردەوە زۆر نیگەران و شەرمەزار دەبووم، چونکە پۆلیس ئەو دەڤەرەیان دەخستە ژێر چاودێری و ئەگەری ئەوەش هەبوو کە هاوڕێیان لەو دەڤەرەدا بنکەیەکیان هەبێت، یان هاتووچۆ بکەن و دوور نەبوو بکەوتنایە دەست دژمن و سەبەبکاریش من بم. ئیدی بێ ئەوەی بزانم و بمەوێ، لەو کاتەدا بێ بیرکردنەوە لەم بابەتە، ئەو کارەم کردبوو.

پێیەکانم سڕ و تەزی بوون، کە لە سەر ئەرزەکە کەوتبووم، زۆر بە زەحمەت دەمتوانی بجوڵێم، نیوەڕۆ بوو پێشخزمەتەکە بە دوو قاپ خواردنەوە کە چەتاڵ و کەوچکی بەسەرەوە بوو، وەژوور کەوت، یەکێک لە قاپەکان

بۆ ئەفسەرێک بوو کە لەم ژوورەدا لە سەر کورسییەک، لە پشت مێزێکەوە ڕۆنیشتبوو، دەبوایە قاپەکەی دیکەش بۆ ئەفسەرێک بەرێ کە لە ژوورێکی دیکەدا بوو، لە منی پرسی: فراڤین دەخۆیت؟ هەڵوەستەیەکم کرد، بە پرسیارەکەی ئەو، بیرۆکەیەکم بە مێشکدا هات و گوتم: بەڵێ.

قاپە خواردنەکەی لەبەردەمم دانا، هەوەڵجار ئەفسەرەکە کەمێک تەماشای کردم و من بە هەمان حاڵەتەوە کە لە سەر زەوی کەوتبووم، دەستم بە خواردن کرد، ئیدی ئەو منی فەرامۆش کرد، خێرا خێرا کەوتە نانخواردنی خۆی، ئەم چەند ساتەم بە هەل زانی، پشتم ڕاست کردەوە و چەتاڵەکەم بە پاڵەپەستۆ خستە گەرووموەوە و هەوڵمدا هەرچی زیاترە لە گەرووەی بچەقێنم، وام دەزانی دەتوانم بەو شێوەیە خۆم بخنکێنم، بەڵام ئەم کارە پراکتیکی نەبوو، هەرچیم کرد و کۆشا فایدەی نەبوو، لەم ساتەدا کە ئەفسەرەکە پێی زانیم بەدەم دەمرێژی جوێنەوە پەلاماری دام و چەتاڵەکەی لەدەستم سەند و بە مست و لەقە کەوتە وێزەم، لەم کاتەدا بەکرێگیراوەکانی دیکەش لە ڕێوە گەیینە جێ، هەواڵیان زانی بوو کە ئەدرەسەکە درۆیە، ئەشکەنجە دووبارە دەستی پێکردەوە، زۆر تووڕە بوو بوون، ئەمجارەیان داردۆنکی کارەباییان بەکار برد، دۆنکی کارەبایی بەرلەوەی بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ ئازاردان بەکاری بەرن، بۆ لاوازکردنی ئەعساب و ڕوخاندنی ورە بەکاریان دەبرد. بەتەواوەتی ڕووتیان کردبوومەوە و دۆنکییە کارەباییەکەیان هاوکات دەگەڵ پیسترین جنێودا، دەنا بە هەستیار ترین شوێنی بەدەنمەوە، (نیک تەبع) ئەم دڕندە چەپەڵ و پسپۆڕەی واری بێ ناموسی لە ژوورەکەدا نەبوو، هاتە ژوورەوە، بەد بەختی و بێ چارەییەکی ئەوتۆ لە سەروسیمای دەباری کە لە دڵی خۆدا دەمگوت ئاخر چۆن دەبێت بەشەرێک بەم ڕادەیە سووک و ڕیسوا و خوێڕی بێت.

ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە دەربارەی مرۆڤ، تەواو هەڵقوڵاوی مجەڕەد ڕوانی من بوو، ئاخر لە کۆمەڵگەی چینایەتیدا، مرۆڤ بەدەر لە جێگە و پێگەی چینایەتی خۆی، دەتوانێ چ چەمک و مانایەکی هەبێت، لە کاتێکدا کە ناکامییەکی ئاشکرا و خویا لە چارەی دەباری گوتی: "ئەنگۆ دەتانویست بانک ببڕن، هەمووتانمان گرت..."

ئەو ڕۆژە قەرار بوو بانکی ئایزنهاوەر ببڕدرێت، من بە نائومێدییەکەی نیک تەبع دا بۆم دەرکەوت کە هاوڕێیان بانکەکەیان بڕیوە و هیچ کەسێکیش دەستگیر نەکراوە.

دەمەو ڕوو منی بە تەختێکەوە بەست و بێشەرمانە لەبەردەم هاوکارەکانیا پانتۆڵەکەی هێنایە خوارێ و سوارم بوو، گوایە ئەمەی بۆ چاوشکاندن و هەرەسی ئەعسابی من دەکرد، هەڵبەتە من لە ڕەفتارە دزیوەکەی ئەو زۆر پەست و تووڕە بووم، لێ هەوڵمدەدا بەجۆرێ خۆم بێباک و بێ منەت و خوێنسارد بنوێنم کە ئەوان لە جیاتی من شەرمەزار و تەریق ببنەوە. دەمویست تێیان بگەیەنم کە ئەم ڕەفتارە سووک و ڕیسوایەی ئەوان بەلای منەوە هیچ بایەخێکی نییە و بەڕاستیش دەتوانێ چ بایەخێکی هەبێت، مەگەر ئەم کارە بۆ من چ جیاوازییەکی لەگەڵ قامچی خواردندا هەبوو؟ هەردووکیان هەر ئەشکەنجە بوون و هەردووکیان بەیەک ئامانج و مەبەست ئەنجام دەدران. ئەنجامێکی دزێو، گوایە لەم ڕێگایەوە نهێنیەکانم لێ دەربهێنن، من هەردووکیانم، لەپێناوی ئامانجێکی

بەرز و باڵادا تەحەموول دەکرد. لەپێناوی پێشڤەبردنی ئامانجی پرشکۆمدا، لە پێناوی پاراستنی ئەو نهێنیانەدا کە نەدرکاندنیان بەقازنجی خەبات و شۆرش بوو. ئەم سووکایەتی و ئەشکەنجەیە بۆ من ڕەوتەنی و کورتخایەن بوو، لەکاتێکدا خەڵکانی زەحمەتکێشم دێنایە بەرچاوی خۆم کە نە یەک سەعات، نە یەک ڕۆژ، بەڵکو لە هەر ساتێکی ژیانی پڕ لە مەینەتی خۆیاندا، ئەو سووکایەتی و ئەشکەنجەیەیان تەحەموول دەکرد. بەهەرحاڵ، بەکرێگیراوی کەودەن کە بەپێچەوانەی وێنای خۆیەوە، منی بە ئارامی بینیی و نەیتوانی هیچ لەزەتیک لە تەقەلا و ئازاربردنی من ببینێ، ئیدی لەداخا هەژدەر هەژدەر جنێوی سووکی دەدا. دوای ئەوە دووبارە بە تەختەکەیانەوە بەستمەوە و سەرلەنوێ دەستیان بە قامچی کاریم کردەوە. ئەمجارەیان چونکە قەمچیەکەیان بە پێیە برینداره‌کانما دەکێشا، هەستم بە ئازاری زیاتر دەکرد، بەڵام بە زەبری هێزی ویست و خۆتەڵقین کردن کە زۆرم باوەڕ پێ بوو، توانیم حاڵەتێک لە خۆما دروست بکەم وەک بڵێی کەسێکی دی ئەشکەنجە دەدرێ و من بابایەکی تەماشاکەرم و چاوەڕوانی ئەنجامم. وێڕای ئەمەش قامچی لێدانەکە حەقیقەتێکی مادی بوو و بە هەستەوە تەحەموول نەدەکرا. حەقیقەتێکی بابەتی بوو، دەبوا بتوانم بیری خۆمی بۆ بخەمە کار و بەهەندی بگرم. ئازاری قامچییەکە جار لە جار زێدەتر دەبوو، ئیپیک، ڕێحان، ڕوباب، قاسمم بانگ دەکرد، ئەمانە کۆمەڵێک بوون لە زەحمەتکێشانی ئەو گوندەی کە من لەوێندەر فێرکار و موعەلیم بووم، چاوانی نیگەرانی وانم لەبەرانبەر خۆمدا دەبینی، وام هەست دەکرد ئێستا بێتاقەتن، تا لە ڕادەی وەفاداری من و دۆستایەتی من بەرانبەر بە خۆیان ئاگادار بن. من بە ڕاستی لە نیگا میهرەبانەکانیاندا ئەو چاوەڕوانییەم دەخوێندەوە کە ئایا کەسێک دەرد و ئازاری ئەوانی لە نزیکەوە دیتووە و لەپێناوی ڕزگارکردنی ئەوان لە سەدان ساڵ کۆیلایەتی و ئەسارەت ڕاپەڕیوە و بەگەڵ کاروانی خەباتی ڕاستەقینە کەوتووە، ئایا ئیستا دەگەڵ دژمنی چینایەتی و دێرینەی ئەواندا سازش دەکات؟

لە بیری دەستی زامداری ئیپیکدا بووم، کە داس بڕیبووی، کەچی بەو حاڵەشەوە هەر درێژەی بە کار دەدا، بیرم لە پشت یەشەی بەردەوامی ڕوباب و ڕێحان دەکردەوە کە مەجبوور بوون مەزرا بچووکەکەیان بەدەست ئاودێری بکەن، بیرم لە ڕەنجی گولەر، گریە و زاری زەهرا، سەفاو خۆشی قاسم، ڕاستگۆیی قوربان و شادی منداڵانە و بێ ڕیای مەزران دەکردەوە کە بەدەم بانگی پوورە ئەشرەفەوە، بە جلێن شڕۆڵە و سەر و قژی لوولەوە بەرەو پیری من غاری دەدا ومن هەرجارێ کە دەمڕوانییە شادییە بێ خەبەرانەکەی، ئەو ڕەنج و مەینەتی و سووکایەتیانەم دەهاتە بەرچاو، کە چاوەڕوانی بوون، تا سەراپای بوونی دابگرن و ژیانی تاڵ بکەن. داخ و کەسەر و کول و کوڤانێکی فرە دڵی دەگوشیم.. لە کاتێکدا گریان و کینە ئەوکی گرتبووم، بەڕوویەوە پێدەکەنیم، بەڕوویەوە دەگرژیمەوە، نەوازشم دەکرد و لە دڵی خۆمدا سوێندم دەخوارد کە لە ڕای ڕزگاری تۆدا دەخەبتم، لەپێناوی تۆ و هەموو ئەوانەی کە وەکو تۆ ئەسیر و بەندی زۆرداران و ستەمکارانن.

ئێستا هەموو ئەم دیمەنانەم لە نزیکەوە دەبینی. لەگەڵ هەر قامچی و جەڵدەیەکدا، ئەوانم بانگ دەکرد. دەمویست ئەوان و لەڕاستیدا خۆم دڵنیا بکەم کە پەیوەندیم دەگەڵ ئەواندا دەپارێزم. بەکرێگیراوانی نەگبەت وایان خەیاڵ دەکرد من خەریکم نێوی هاوڕێیانی هاوخەباتم دەڵێم. بێهودە دڵی خۆیان خۆش دەکرد و خۆشحاڵی خۆیان دەردەبڕی... و دەیانپرسی.. ئێ، چی دی؟ ناوی فامیلیان چییە..؟

مانۆڕێکی گاڵتەجاڕی دیکەشیان ئەنجام دا، خەتایی لە کاتێکا دەمانچەیەکی بەدەستەوە گرتبوو و هەڕەشەی لێدەکردم که دەیەوێ کەپووم کون بکات، لە دوری چوار مەترەوە نیشانەی دەگرتەوە. یەکەمجار باوەڕم کرد کە دەیەوێ ئەم کارە بکات وهەرکە وای دەنواند کە دەیەوێ پل بە پەلەپیتکەوە بنێ، سەرم بردە پێشەوە تا گوللەکە بەر سەرم بکەوێت، بەڵام ئەو و دەوروبەرەکەی لە قاقای پێکەنینێکی گاڵتەجاڕانەیان دا، جارێکی دی ئەم مانۆڕە دووبارە بووەوە.. منیش ڕەفتاری پێشووم دووبارە کردەوە، خەتایی بە ڕواڵەت تووڕە بوو هاواری کرد کە: "ڕێک بوەستە تەنیا دەمەوێت کەپووت کون بکەم." ئیدی زانیم کە ئەمە تەنیا ڕابواردنە و هیچی دی، تەنیا مەبەستیان ترساندنی من و ڕابواردنە بە من. سێ چوار جار ئەم گەمەیە دووبارە بووەوە. دەمانچەکەیان دەگۆڕی، مەودایەکەیان کەم و زیاد دەکرد و شتی دیکەی لەم کارە خۆشانە!ئەوانە وایان وێنا دەکرد کە دەتوانن بەم کارو کردەوە پوچەڵ وگەوجانەیەی خۆیان، ورەو باوەڕی بتەو ونەگۆڕی من لەق بکەن.چ خەیاڵ پڵاوێکی پوچ وگەوجانە بوو!

دیسان لەسەر تەختێکی دارین، لەسەر پشت ڕایانکشاندم و دەستەکانیان لە دوو لای تەختەکەوە بۆ خوارەوە شۆڕ کردەوە و لە دووپایەی تەختەکەیان تێپەڕاند و کەلەپچەیان لێ بەستن، هەموان لە ژوورەکە وەدەرکەوتن، پشتە ڕەق و تەقەکەم، بە توندی بە تەختەکەوە دەچەسپی و هەستم دەکرد پشتم خەریکە کون دەبێت. ئازارێکی زۆرم هەبوو، کە بەلای خۆمەوە لە ئازاری قامچییەکە زۆر زیاتر بوو، بەتایبەتی کە هیچ یەکێک لە بەکرێگیراوەکان لەوێ نەبوو، تا بە هاوار وجنێودان بەو، ئەو ئازارە لە خۆم بڕەوێنمەوە. دەستم بە خوێندنەوەی شیعری ( پەنجەخانەکان ئاوێزانە) هاوڕێ ماو کرد. شیعرەکە تەواو بوو، بەڵام دەردو ئازارەکەم هەر بەردەوام بوو، دەستەکانم ماندوو بوو بوون. هەستم دەکرد لەجێی خۆیان دەردەهێنرێن. پشتم کە زامدار بوو بوو، دەکزایەوە و ئازاری دەدام. بەدەر لە دەسەڵاتی خۆم، لە ناخا، هەستم بە بێتاقەتی دەکرد و ئەمەم بەلاوە شتێکی تازە بوو، بەدەم لۆمە کردنی خۆمەوە دەمگوت: ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە لە ڕابردوودا هەوڵم نەداوە کە خۆم لەگەڵ ژیانی سەخت و پڕ ئازاردا ڕابهێنم.

دوای مودەتێک هاتوچۆی بەکرێگیراوەکان دەستی پێکردەوە. ئەوانە یەک یەک بەنۆرە دەهاتن و هەریەکەیان بە لۆژیکی تایبەتی خۆیان دەیانویست ئەوە بسەلمێنن کە باشترین شت ئەوەیە لەگەڵیاندا ڕێک بکەوم و بسازێم. یەکێک باسی خەم و پەژارەی دایکمی دەکرد. یەکێکی تریان دەیگوت: گوو بە گۆڕی ئابا و ئەژدادی خەڵک و هەرچی خەڵکی هەژار و پێ پەتییە. تۆ خەمی خۆتت بێ، و هەندێکی دیکەیان بەڵێنی پارە و پول و سەفەری

هەندەرانیان دەدا، وا دیار بوو قەرار بوو هەرکەسێک قسە لە من دەربێنێ، خەڵات بکرێت. یەکێک لە فەرخە سیخوڕەکان دوای ئەوەی قسەکانی تەواو بوو، ویستی بڕوات، بەبێ شەرمییەوە جنێویکی مزری دامێ کە: " بزانە قسەیەکت کرد کە خێرێکی منی تیا بێ و کەمێک پارەم دەست بکەوێ!"

نازانم ئەم ماوەیە چۆن بووری. پێدەچێ هۆشم بەخۆم نەبووبێ، دوور نییە خەوم پێدا کەوتبێ، کاتێ وەخۆ هاتمەوە، هەڕەشە دەستی پێکرد، دەیانگوت: "هێشتا لەکوێتە، چیت دیوە؟ خۆت وشانست ئێمە مامورانی ساواک نەبووین، با بچیتە ئەوین و بکەویتە بن دەستی ساواک ، مەحاڵە بتوانی قسە نەکەیت، ئەوێ ترسناکە، ئەمشەو بۆ ئەوێت دەبەین."

من لەپێشتر و لە دەرەوە، وێنایەکی کاڵم لەمەڕ ساواک و ئەشکەنجە هەبوو و لێرە هیچ شتێکی سامناکم نەبینی بوو، لەبن لێوانەوە دەمگوت: فەرق ناکات هەمووتان هەر یەکن! لە دڵی خۆدا دەمگوت: ئەم (شارەبانچیانە) بێگومان شاگرد و قوتابیانی ئەوانن، بەڵام ویست و ئیرادەم سەبارەت بە نەدرکاندنی نهێنی هاوڕێکانم و بەرخودان و مل نەدان بۆ دژمن، وەکو خۆی نەگۆڕ و پتەو بوو.

## *لە ئەشکەنجەخانەی ئەوین دا*

شەو داهات: نیک تەبع و چەند نۆکەرێکی دی هاتن کە من بۆ ئەوین بەرن. چاکەتێکی دەڵبی زندانیان بەدەستەوە بوو کە دەیانویست لەبەرمی بکەن، هەر کەسێکیان لێم نزیک دەبووەوە تا لەبەرمی بکات، بەلەقە تێی بەردەبووم، کاتێک بە چەند کەسێک گرتمیان و ویستیان لە جوڵەم بخەن، هەر چۆنێ بوو دەست ولاقم تەکان دا. ئەنجام چەند کەسێکیان دەستەکانیان گرتم و چەند کەسێکی دی توند خۆمیان گرت، چاکەتەکەیان بە خورتی لەبەر کردم و چاویان بە پارچەیەک بەستمەوە، پاشان بە چواردەستە هەڵیان گرتم و تووڕیان دامە نێو ئۆتومبێلێکەوە، نیک تەبع و چەند نۆکەرێکی دی لەسەر تەختەکانی ئەمبەر و ئەو بەرەوە دانیشتن و لاقیان خستە سەر جەستەم، بەردەوام لەقەیان پێدا دەماڵیم... نیک تەبع ، ئەم تاوانبارە چەپەڵە سەری خستبوومە سەر ئەژنۆی و هەرکە دەمویست بجوڵێمەوە، بەرەو خوارەوە گوشاری لێ دەکردم. بەمجۆرە ئۆتومبێلەکە ماوەی نێوان دەزگای زانیاری شارەبانی و ئەشکەنجەخانەی ئەوینی دەبڕی.

لەڕێگادا هاوڕێیەکی تێکۆشەری بەڕازیلیم بیر کەوتەوە، کە بە ددانەکانی خۆی زمانی بڕی بوو، تا هیچ قسەیەک نەکات. منیش دەمویست هەمان کار بکەم. کەمێک زمانی خۆم گەست، لێ هەرچیم کرد و کۆشا بۆم نەچووە سەر. هەڵبەتە زۆریش سوور نەبووم لەسەر ئەو بڕیارەی خۆم، لە دڵی خۆدا دەمگوت ئەگەر کەسێک لە قسەکردن بێ، مەرج نییە هەر بە زمان قسە بکات، دەتوانێ قسەکانی بە نووسین بنووسێت.

لە ئەویندا منیان بە چاوی بەستراوەوە لە سەر تەختێک ڕاکشاند ، لەژێر پارچەکەوە تەمەشام کرد بەکرێگیراوانی ساواک چواردەوریان گرتووم، لەناو ئەوانەوە کەلەشی درشت و گۆریلا ئاسای حسەینی دەبینرا، پرسیم :منتان بۆ کوێ هێناوە، ئەمانە کێن؟

ثابتی ناوێک، وەڵامی دەدایەوەو لە حاڵێکدا کە هەوڵی دەدا جۆرە سام و هەیبەتیک بە دەنگی خۆی ببەخشێت گوتی: ئەمانە غوڵامانی ئەڵقە لەگوێی منن، من گوێی یەکێکیانم بڕیوە و لە کاتێکدا دەستی بە سینگی حسەینیدا دەدا، بە دەنگی بەرز گوتی: زمانی ئەمەشم بڕیوە.. ئێرە مەڵبەندی.. منە ( لەیادم نەماوە بۆ ناوی مەڵبەندەکە چی گوت، دەیویست ئەو ژینگەیە سەیر و سەمەرە و ئەفسانەیی بنوێنێ، بۆ نموونە مەڵبەندی جانەوەرانی دڕندە و خوێنخۆر!) ئەوجا ئەندازەی قەد و باڵایان گرتم، حاڵم باش بوو، هەستم بە بچووکترین ناڕەحەتی و ترس و بێتاقەتی نەدەکرد و هەموو ئەم کارانە لە حاڵەتی ئارامی مندا دەکران، دوای ئەم گاڵتەبازیانە، ناوی چەند کەسێکی برد، تا پێی بڵێم کامیان دەناسم. من هەوڵم دەدا گوێم لەو ناوانە نەبێت کە ئەو ناویانی دەبرد، دەترسام ناوی ئاشنایەکم بەرگوێ بکەوێت و جەستەم کاردانەوەیەک بنوێنێ. خۆم توند گرتبوو، لە ئەدرەسەکەیان پرسی، هەمان ئەدرەسی ساختە و درۆینم دانێ، چاوانیان کردمەوە. پاشان بۆ ژوورێکی گەورەیان

بردم، که دوو مێز و تەختێکی تیا بوو. یەکەمجار حسەینی بە سەروسیمای بەدفەساڵییەوە کە هەوڵی دەدا شەقڵێکی ترسناکی بداتێ، سەری گرتم و لە کاتێکدا بە تووڕەیی بەملاوبەولادا بای دەدا و بەتووندی تەکانی دەدا، وەکو بەرازێکی کێوی هاواری دەکرد، هاوارەکەی لەوەدا نەبوو، گوێی بنیادەمی کەڕ دەکرد، دەیویست بەو شێوەیە ترس و لەرز بەرپا بکات، نیک تەبع، حسەین زادە، جەوان و چەند بەکرێگیراوێکی دیکە کە ناوم نەدەزانین بەدەم جنێودانەوە خۆیان بە ژوورەکەدا کرد، کوا ئەم .... ( جنێو) .. حسەین زادە هەموویانی وەلا نا و لەسەر تەختەکە دانیشت، جەستەی گرتبووم و تەکانی دەدام و بە حاڵەتێکی زۆر چەپەڵ و سێکسییەوە دەیگوت: "تەمەشای چاوەکانی من بکە ئازیزەکەم، چاوانی من..." سەرم دادەخست یا تەمەشای دەوروبەرم دەکرد نەمدەویست گوێ لە دەموفلّقی ئەو بگرم، بەم کارە تووڕە دەبوو، هاواری دەکرد ،تەکانی دەدام، دووبارە دەیگوتەوە: "بە چاوانی من. .." دیار نەبوو ئەم بەکرێگیراوە تاوانبارە چ نیاز و مەبەستێکی هەیە؟ چاوەڕوانی چ کاردانەوەیەکی من بوو؟ پێدەچوو وا وێنا بکات کە چاوەکانی هێزی هیپنوتیزمیان تیایە و بەتەمابێ من هیپنوتیزەم بکات. بەرە بەرە لەم کارە ماندوو بوو و بە یەکێک لە بەکرێگیراوەکانی گوت: "برۆ قامچی بێنە ئەم ... ( جنێو)... کوتەک دەزانێ قۆناغ لەکوێیە" ڕووی کردە من و گوتی: "من دەناسیت؟ من حسێن زادەی جەلادی بەنێوبانگم." ( سەیرە کە شانازی بە جەلادیشەوە دەکەن) چارەی بەدی گرژ دەکرد و پەیتا پەیتا دووبارەی دەکردەوە: " ئێرە ئەوینە و من پسپۆڕی ئەشکەنجەم" قووڵی ڕاستەقینەی ئەو وشە کرێت و درێوەم لە بوونیا، لە سەرانسەری بوونیا دەخوێندەوە. خۆشحاڵ بووم بەوەی کە هیچ ترسێکم نەبوو و گاڵتەم بەو کارە گاڵتەجارِیانەیان دەهات.

ئەنجام قەمچیان هێنا، لە سەر ئەرزەکە دایان نیشاندم و دەستەکانیان خاچ ئاسا بەسەر تەختەکەوە بەستم، چەند نۆکەرێک لاقیان درێژ کردبووم و توند گرتبوویان، قامچییەکە لە سەرووی پێیەکانم دەدرا، ئەوانەی لەوێ بوون هەر یەکەیان جنێوێکیان دەدا و بە لەقە پییاندا دەماڵیم کە :" دە قسە بکە" جەوان و دوو پیرەمێردی تورک کە هەردووکیان تەقریبەن هاوشێوە و هاوبالاْبوون و ڕوخساریان کۆمیدی بوو، هەوڵیان دەدا بە نەرمی قسان بکەن: " کیژێ بە خۆڕایی خۆت ئەزیەت مەدە، وەرە قسە بکە و ببڕێتەوە!"

حسەین زادە کە بێدەنگییەکەی منی دەبینی، پتر تووڕە دەبوو، هیچی لە حەیوانێکی دڕندە و هۆڤی کەم نەبوو، نەیدەزانی چ کارێک بکات، زیاتر دەکەوتە قامچی وەشاندن و جنێوی دەدا، ئەنجام شەکەت بوو و دەستی لە لێدان هەڵگرت ، دەست و لاقیان کردمەوە کە ڕێ بکەم، لاقم زەوییان نەدەگرت، لەدواوە پاڵیان دەنام و بە خورتی ڕێیان پێدەکردم، لەم کاتەدا دوو پیرەمێردەکە قسەیان دەکرد:" وەرە قسە بکە، ئێستا بێگومان هاوڕێکانت بنکەکەیان چۆڵ کردووە، تۆ نازانی مامورانی ئێرە چەند زرینگن، سبە و دوو سبەی ئەوانیش دەگرن، خۆ لەوانەیە بکوژرێن. ئاخر بەشەر دەبێ کەمێک لە خەمی خەڵکانی دیکەشدا بێت، حەیف نییە ئەم گەنجانە بێنە کوشتن؟ ئێستا خۆیان هیچ، دایک و بابیان چ گوناحێکیان کردووە کە دەبێ جگەرگۆشەکانیان لەدەست

بدەن؟ بەخۆت دەزانی ئاقیبەتی ئەم کارانە مەرگە، بۆیە ئەگەر تۆ یارمەتیمان بدەیت، ئێمە ئەوان دەگرین و حەقیقەتی مەسەلەکەیان تێدەگەیەنین، قەول دەدەین کە ئەشکەنجەیان نەدەین، ئێمە دەزانین کە تۆیان خەپاندووە".

لە خۆم دەپرسی ئەرێ بەڕاست ئەمانە تەریق نابنەوە کە بەم بێ ئەدەبییە ئەم درۆ زلانە دەکەن؟پێکەنینم بەو هەموو گەوجێتییەیان دەهات. گوتم: من قسە دەکەم، بەڵام ئێوە باوەڕ ناکەن! گوتیان:" نا بۆچی باوەڕ ناکەین؟ تۆ قسەی خۆت بکە."

ئازاری قامچیەکە زۆر بوو، حەزم دەکرد بە شێوەیەک کات بەڕێ بکەم، کە کەمترین لێدان بخۆم، گۆڕانکارییەکی وەهام لە قسەکانمدا دەکرد کە وا وێنا بکەن، کە بەرە بەرە نەرم دەبم و دەمەوێ هەموو شتێ بڵێم. وام دەنواند کە دەمەوێ بڕیار بدەم، دەمگوت: فایدەی نییە هەرچیەک بڵێم؟ نا هیچ سوودێکی نییە.. دوو پیرەمێردەکە دەیانگوت: " نا تۆ قسە بکە، بێگومان سوودێکی هەر دەبێت."

من پەیتا پەیتا ئەو قسانەم دووبارە دەکردەوە. حسەین زادە هاواری کرد کە:" ئەگەر قسە نەکەیت بەم قامچییە ئەو دنیات پێ نیشان دەدەم". گوێم بە قسەکەی ئەو نەدا، دوو پیرەمێردەکە پێداگرییان دەکرد کە زووتر قسە بکەم، گوتم: ئاخر من چیبکەم کە ئێوە باوەڕ ناکەن، شەقامی خانی ئاباد.. نا، نا، بۆچی قسە بکەم؟ ئەوەندە خۆم بەو ئەدرەسە تەڵقین دابوو کە ئەو ئەدرەسە بڵێم و بڵێمەوە، خۆشم باوەڕم دەکرد کە ئەدرەسەکە هەمان ئەدرەسە. ماوەیەکی پێچوو تا ئەو ئەدرەسەم گوت. هێندەم ئەمە دووبارە کردەوە کە:" نا نا چ سوودێکی هەیە، بۆچی ئەدرەسەکە بڵێم". سەبر و حەوسەڵەیان سوا.

دیسان بە تەختەکەوەیان بەستمەوە، دارێکی گەورە و زۆر ئەستووریان هێنابوو، هەموویان بێ شەرمانە پێدەکەنین و ڕایان دەبوارد، حسێن زادە، ئەم بەکرێگیراوە خاینە، یەجگار تووڕە بوو، بەچاوی غەزەبەوە تەماشای دەکردم، دەیویست بەم جۆرە تەماشا کردنە وەکو جەلادێک خۆی بنوێنێ. گومان لەمە نەبوو کە کابرایەکی جینایەتکار بوو، جەلادێک بوو لەو گۆڕە، بەڵام تەنانەت لەم حاڵەتەشدا کە دەتروانییە قوڵایی ڕوخساری جگە لە بێدەسەڵاتی و بێ توانایی هیچت لە چارەیدا نەدەبینی. دارەکەی بە دەستەوە گرتبوو دەیگوت: "ئەمەت پێ باشە یان نا؟ پڕ پێتە یان نا؟دەی چاوەڕوان بکە، بزانە چ ئەشکەنجەیەک چاوەڕوانتە!"

وشەی نابەجایان بەکار دەبرد و هەڕەشەیان لێ دەکردم، کە ئەم دارەت .. ( تێ دەبڕین) گیانم بەجۆرێ لە ئاگری نەفرەتا داخ بوو بوو، کە بە ئەستەم بێدەنگی خۆمم پێ دەپارێزرا، دەمزانی کە هەرجۆرە کاردانەوە و هاوار و جنێودانێکی من دەبێتە مایەی شادی و لەزەتی ئەوان. چونکە ئەوان سەبارەت بەم جۆرە ئەزیەتدانە، بەتایبەتی دەربارەی مەسەلە سیاسییەکان، چاوەڕوانی ئەوەن، کە ئەو کەسە هاوار و داد و بێدادی لێ بەرز ببێتەوە، ئەمە بە نیشانەی ترس و ناڕەحەتی و یان تاسووب وەردەگرن. حەزم دەکرد دەستەکانم کراوەبان و

هەستابام و هەموویانم خەفە کردبا، دیل ئاسا ڕۆنیشتن، حاڵەتێکی خراپ بوو. ئەم بەکرێگیراوە چەپەڵانە کە تەنانەت بە خەیاڵیش نەدەوێران ڕوو بە ڕووی چریکێک ببنەوە، لێرەدا لە هەنبەر چریکێکی دەستوپێ بەستراودا، جورئەتیان پەیدا کردبوو، قودرەت نوێنیان دەکرد و لە هەموو لایەکەوە هێرشیان بۆ دێنام و ئەزیەتیان دەدام.. تەنیا ئەوەندەم لە تواناادا بوو بە نیگای پڕ لە کینە و نەفرەتم، تەحەمولی کارە هەرە نەنگین و بێ شەرمانەکەیان بکەم.

دارەکەیان لە لایەکەوە دانا. ئەمجارە نیک تەبع کە نەیدەتوانی بۆ تاقە ساتێک دەمی خۆی بگرێت و قسەی قۆڕ نەکات و جنێو نەدات، قامچییەکەی بەدەستەوە گرت، دەمڕوانییە سەروسیمای تاوانکارانەی، کابرایەکی بەکرێگیراوی دژمن بوو، دژمنی خەڵکی ئابڕومەند و ڕەنجبەر، خەڵکێک کە من خۆشم دەویستن، خەڵکێک کە هەرکاتێ لە نزیکەوە ڕەنجی ئەوانم دەبینی، گریانی تاڵی کینە، کینە بەرانبەر بە دژمن، لە چاوانم دەباری، گریان لە ئەوکم دەگیرا. ئایا ئەم هەستانە بێ ناوەڕۆک بوون؟ لەیادم بوو کە هەرکاتێک دەمویست ناميلکەیەک بخوێنمەوە، بەر لە دەستپێکردن، بیرم لەو کێشانە دەکردەوە کە لە نامیلکەکەدا خرابوونە ڕوو و بەخۆم دەگوت: ئەگەر ئەم کێشانەت قەبووڵە، دەست بە خوێندنەوەی بکە، دەنا ئەمە ڕاست نییە کە هەر بۆ خۆشی و ڕازیکردنی کونجکاوی ڕۆشنبیرانە بیخوێنیتەوە.

جا ئێستا ئەوپەڕی ناڕاستی لەمەدا بوو کە ئەمانەم فەرامۆش کردبێ، من قێزم لە قسەی بێ ناوەڕۆک و کارنەکردن و ناڕاستی دەبووەوە، هەر تەحەموولم نەدەکرد. کە بیرم لە ماهیەت و ناوەڕۆکی ئەشکەنجە دەکردەوە، خەریک بوو شێت دەبووم. بیرم لە سەبەبکاری ئەم ئەشکەنجانە دەکردەوە. بەکرێگیراوی سەرسپاردە و نۆکەری ئیمپریالیزمی ئەمریکا، بۆ مانەوەی ڕژێمی خۆسەری خۆی، کۆ لە بێشەرمانەترین کار ناکاتەوە، هەنووکە بۆ زیاتر هێشتنەوەی جەماوەری بەشمەینەت، چی لە من دەویست؟ من بە قسەکردن چیم دەکرد؟ ئایا دەرفەتم بۆ دژمنی قەستە سەری خۆم، نەدەڕەخساند کە جەزرەبە بە بزووتنەوەکە بگەیەنێ؟ بۆ نە... من بە قسەکردنی خۆم، بۆ ساتێک بە دڵی ڕژێمم دەکرد، لە کاتێکدا دەبێت هەر هەموو ساتەکانی بوونی کەسێکی چریک لە خزمەتی شۆڕشدا بێت. دژمن بێشەرمانە داوای لە من دەکرد قسە بکەم تا خۆی زیاتر بمێنێ و پتر ئەشکەنجەی خەڵکی بدات، ئایا دەمتوانی بەوە ڕازی بم بەهۆی منەوە هاوڕێکانم بکەونە ژێر ئەشکەنجەوە؟

نیک تەبع، دەگەڵ هەر قەمچییەکدا هاواری دەکرد: " ئەدرەس، ئەدرەس" لەگەڵ هەر جەزرەبەیەکدا ئازارەکە زیادی دەکرد و تەحەموول کردنی قوورستر دەبوو، گەیی بوومە حاڵێک پڕ بە دڵ حەزم دەکرد، دەستم لێ هەڵگرێت، لەم ساتەدا نەمدەویست بە جنێودان تووڕەی بکەم، هیچ چارەیەک بۆ ڕزگار بوون لەم ئازارە نەبوو، بەڕاستی هەستم بەمە دەکرد، هیچ کارێک نەدەکرا، دەبوایە وەک ئەو دایکەی ژانی منداڵبوون دەیگرێ، بێ ئەوەی هیچ چارێکی هەبێ، بەدەم ئازارەوە چاوەڕوانی لەدایکبوونی منداڵەکەی بێ، منیش دەبوایە وا بکەم، جا لێرەدا، لە دایک بوونی منداڵەکە، چاوەڕوانی هاتنی مەرگ بوو. دەبوایە چاوەڕوانی مەرگم بکردایە. سەروسیمای

بەکرێگیراوان بەرە بەرە داماوی و زەبوونی لە خۆ دەگرت، جا من بە دیتنی ئەم سەروسیما دۆڕاوانە، متمانە و باوەڕێکی زیاترم بەخۆم پەیدا دەکرد، زەبوونی و داماوی لە ڕوخساریان دەباری، ئیدی ئەم بێچارانە دەیانتوانی چ کارێک بکەن، چ کارێکیان لەدەست دەهات،گرنگترین وگەورەترین کارێک کە لە دەستیان دەهات ئەشکەنجەدان بوو و بەچاوی خۆیان دەیانبینی کە هیچ ئەشکەنجەیەک ناتوانێ زاری قسەکردن بە من هەڵێنێ، وازیان لە شەلاق هێنا و بە شتێکی وەکو پلایس کەوتنە گاز گرتن لە گۆشتی جەستەم و پەنجەکانمیان لە بەینی دەمی پلایسەکە دانا، یەکەمجار دەیانگوت دەمانەوێ نینۆکەکانت دەربێنین، بەڵام ئەم کارەیان نەکرد، نەدەبوو هیچ شوێنەوارێکی ئەشکەنجە بە لەشمەوە بەجێ بێڵن، زۆریان داخ دەخوارد، بە دان جیڕکردنەوەکەیاندا دیار بوو کە حەزیان دەکرد گوشاری زیاتر بخەنە سەر نینۆکەکانم، ئەم شتانە ئازاریان هەبوو بەڵام نەک بە ئەندازەی شەلاق، بەدەم ئەم ئەشکەنجانەشەوە، ناو بە ناو شەلاقیشیان دەوەشاند. شیرازەی کارەکەیان لەدەست دەرچوو بوو، نەیاندەزانی چ کارێک یەکەم جار یان دووەم جار بکەن، گەردی نائومێدی سیمای درێو و قێزەوەریانی داپۆشی بوو . هەنووکە کە دیمەنەکە دێنمە بەرچاوی خۆم، حسەینی دەبینم کە بە سیمای گرژ و مۆنەوە دوای ئەوەی هەموان بێدەنگ بوو بوون، ئەو هێشتا گوشاری لەخۆی دەکرد، تا زیاتر پلایسەکە لە گۆشتی بەدەنم بچەقێنێ. بەدوای خاڵێکی لاوازدا دەگەڕان، سەندوقێکی بچووکیان هێنا کە پڕ بوو لەمار، هەندێک لە بەکرێگیراوەکان ترسیان لەخۆ هێنابوو، خۆیان خڕ دەکردەوە و دەیانگوت:" وای من هەر ناوێرم تەمەشای سەندووقەکە بکەم." هەندێکیان قسەی وایان دەکرد، دەیانویست مار بە شتێکی زۆر ترسناک و بەسام نیشان بدەن، سەری سەندووقەکەیان کەمێک کردەوە و خۆیان خزاندە سووچێکی ژوورەکەوە. دەترسان مارەکان هەڵڕێژنە دەرەوە، یەکێکیان لە دووری دوو مەترەوە بە دارێکی درێژ سەری سەندووقەکەی کەمێ زیاتر کردەوە، مارێک هاتە دەرەوە و چووە ژێر مێزەکەوە، هەموویان بەناو ژوورەکەدا و بە ترسەوە ئەملاو ئەولایان دەکرد، نمایشێک بوو کە ئەکتەرەکانی زۆر ناشی بوون، تەمەشای ئەو جانەوەرە چەپەڵانەم دەکرد، کە بەشێوە و ڕواڵەت مرۆڤ بوون، بەڵام کەمترین خووی مرۆڤانیان تیا نەبوو. بوونیان زەوی پیس دەکرد، هەستم دەکرد چەند سووک و چرووکن.

ئەنجام یەکێکیان کە دەرگای سەندووقەکەی کردبووەوە و خۆی بە مارگر لە قەڵەم دەدا، مارێکی گرت و هێنایە بەردەمم، سەری مارەکەی لە گەردنم نزیک کردەوە، مارەکە لەدەوری ملم ئاڵا، ئەوان بۆ خاڵێکی لاواز دەگەڕان و من نەمدەویست هیچ کاردانەوەیەک نیشان بدەم، ئەگەر لێکدانەوەم بۆ ئەو هەڵوێستانە نەبوایە سەرم لە گەوجێتی و کەودەنی ئەوان دەسوڕما. حیسابەکە زۆر سادە بوو ئەوان توانای دەرککردنی ئەو حیسابە سادەیەشیان نەبوو، ئاخر یانی چی؟ مار دەیتوانی چی لەگەڵ مندا بکات؟ لەدڵی خۆدا گوتم: ئەم مارانە یا ژەهردارن و دەمکوژن، باشتر، من خۆم لە ئەوزارێک دەگەڕام کە خۆمی پێ بکوژم، یان بێ ژەهرن و ناکاتە هیچ، گیانلەبەرێکی بێوەی لە گیانم دەئاڵێ، بێگومان ئەوان حیسابی ئەوەیان کردبوو کە ژنان لە گیانەوەران دەترسن چونکە ژنیان بە گوراو و بوونەوەرێکی ترسنۆک و لاواز دەزانی، جگە لەمە دەیانتوانی چ وێنایەکی تریان سەبارەت بە ژن هەبێت، هیچ.

ئەم جۆرە هزر و هزرینە بەرەنجامی ژیانی نەنگین و سووکیان بوو، چونکە ئەوان بە درێژایی ژیانیان ژنیان هەر بەلاوازی بینیوە، هەرگیز نەیانتوانیوە هۆی ئەم دیاردە و حاڵەتە بخەنە ژێر وردەبینی لێکۆڵینەوەوە، چ ژنێک لاواز و زەعیفەیە؟ ژنێک کە بەدرێژایی سەدان ساڵ لەکۆمەڵگەێن چینایەتی و لە پەیوەندی بەرهەمهێنانی چینایەتیدا دووجار ستەمدیدەیە: جارێک شان بە شانی پیاو وەکو ئەو چەوسێنراوەتەوە و سووکایەتی پێکراوە، هێز و توانای بەفیڕۆ چووە، ئالەتی دەست بووە، بە ئەوزاری ڕابواردن و خۆشگوزەرانیش زانراون، جارێکی دی لەباری فەرهەنگی وابەستە بە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانەوە، لەلایەن پیاوەوە، هەموو ئەو زوڵمانەی سەرێ ڕای ، لە ئاستێکی فراوانتردا لێکراوە.

بەڵام کاتێ کە ژن ئاگایی و هۆشیاری چینایەتی خۆی دەدۆزێتەوە و لەگەڵ پیاوێکدا کە ئاگایی چینایەتی خۆی پەیدا کردووە، هۆشیاری و ئاگاییەکی ئەوتۆ کە ئەو هانبدات بۆ تێکشکاندنی سیستەمی گەندەڵی چینایەتی، ئیدی ئەو ژنە نییە کە لە چوارچێوەی پێوەرە کۆنەپەرستییەکاندا بحەوێتەوە، بەڵکو ( مرۆڤێکە) هۆشیار و بە ئاگا، هەوڵی دروستکردن و دامەزراندنی سیستەمێک دەدات کە مرۆڤ لە سایەیدا پێگەی ڕاستی و شکۆی شایستەی خۆی پەیدا بکات، ئیدی هۆشیارانە ڕوو بەڕووی هەموو کێشەکان دەبێتەوە و هەنگاو دەنێت ولە پێناوی ئامانجی بەرز و باڵای خۆی، لە هیچ سەختی و دژوارییەک ناترسێت. ژنی شۆڕشگێڕ و پیاوی شۆڕشگێڕ کاتێ لە سەنگەری خەباتدا دەگیرسێنەوە ،مرۆڤانێکن ئیدی گەییونەتە لوتکەی ژیانەوەی خۆیان، ئیدی لەپێناوی کۆمەڵگەیەکدا دەخەبتن کە لەو کۆمەڵگەیەدا ئەم پرسیارە: کە دەبێ چەند ئازادی بە ژن بدرێ-ئازادی ژن باشە یان نا- لە بنەڕەتدا لە ئارادا نییە. بەڵکو هەموو مرۆڤ، ژن وپیاو وەکو یەک سوود لە ئیمتیازەکانی ژیان دەبینن و پێکەوە وشا بە شانی یەکدی کار بۆ پێشبردنی ژیان دەکەن.

بەهەرحاڵ بەکرێگیراوان، بەو هەموو حەقارەتەوە کە سەراپای داگرتبوون، چۆن دەیانتوانی پەی بەم ڕاستییە پڕ شکۆیە ببەن، ئەمە چاوەڕوانییەکی پووچ بوو و من زۆر بە چاکی لەم بابەتە بە ئاگا بووم، بەهەرحاڵ هیواو ئاواتەکەیان بوو بە نەخشی سەر ئاو و خەیاڵ پڵاوەکەیان کەڕووی هەڵێنا، مارەکەیان بەرەڵلا کرد کە بەسەراپای بەدەنمدا بگەڕێت، زۆر خوێنساردانە دانیشتبووم و دەمگوت: داماو خۆتان، بەتەمای چین؟ من بە مار دەترسێنن؟ نەمویست بیکەم بە داد و بێداد، چونکە لەگین بوو وا وێنابکەن کە ترساوم، بەڵام سەیرم کرد ئەمە ئەشکەنجەیەکی باشە، ناو بە ناو موچرکێکم بەخۆدا دێنا کە گومان بکەن، ئازارم دەگاتێ و بێڵن مارەکە ماوەیەکی زیاتر بەسەر بەدەنمەوە بمێنێتەوە. هەرچەندە پێدەکەنین و گاڵتەیان پێدەکردم بەڵام پێکەنین و خەندەکەیان ساختە و دەستکرد بوو، نەیان دەتوانی لەزەت ببەن، پێکەنینەکە بە فەسالی بەدیانەوە، دەمەیی. هەستیان کرد کە ئەم کارە لای من پولێکی قەڵب ناکات، دەستیان کردمەوە. دەیانویست دوا هەوڵی بێهودەی خۆیان بەکار بەرن، جنێوی پیس و بازاڕی دەگەڵ هەڕوگیڤدا دەستی پێکرد، باس باسی بەکارهێنانی بوتڵە ئاوی

گەرم و دەرد و عەزابی ترسناک! و ئەو شتانە  بوو. دەیانگوت: "ئێمە تا ئێستا هیچ کارێکمان نەکردووە، ئازاری بوتڵێک ئاوی گەرم، بەرانبەر بە ئازاری چەندین شەلاقە، تا ئێستا کەس بەرگەی بوتڵی نەگرتووە."!

هاواریان بەسەرما دەکرد:" ئەم.. ( جنێو).. تەنیا بە بوتڵ دەهێنرێتە قسان، قسە دەکەی یا بوتڵەکە بێنین؟" نمایشی گاڵتەجاڕی دەستی پێکرد، ئەکتەرەکان، حەسەن زادە و نیک تەبع ( بە خەیاڵی خۆیان زبرترین ئەشکەنجە چی بوون) و جەوان و دوو پیرەمێردەکە میهرەبان بوون، بەکرێگیراوانی دیکەش پیاسەیان دەکرد، پیرەمێردەکان لە حەژمەتاندا دەیانویست خۆیان بکوژن! کە :" وای وای ئاغای دکتۆر، ئاغای ئەندازیار، توخوا ئەم کارە مەکەن، ئاخر ئەم بەلەنگازە چۆن بەرگەی ئەم هەموو دەرد و ناڕەحەتییە بگرێت؟ ئەم کیژە لەژێر ئەشکەنجە و ئازاردا دەمرێت، ئێمە دڵمان پێی دەسووتێ"و لەم جۆرە وراوانە.

جەوان، جارێ ڕوخساری ئارام و جارێ زبری دەنواند، چەند بەکرێگیراوێک چوون تاکو بوتڵەکە بێنن، جەوان دەستی بە ئامۆژگاریم کرد: " من بەش بەحاڵی خۆم ڕێزم بۆ بیروبۆچوونی ئێوە هەیە، ناڵێم کۆمونیستم! بەڵام موریدی حەزرەتی عەلیم، شەوانە کۆڕ دەبەستین و وتەکانی عەلی دەخوینینەوە، ئێمەش باوەڕمان وایە کە نابێ لە کۆمەڵگەدا چینی ستەمکار و ستەمکێش هەبێت، ئێمەش باوەڕمان وایە دەبێ هەژاری لەبەین ببرێت، ئاخر بۆ دەبێت لە یەک کۆمەڵگەدا ئەم هەموو نەگبەت و برسییە هەبن؟ بەڵام هەر کارێک ڕێگایەکی هەیە و هیچ شتیک بە کەڕەتێک نایەتە گۆڕان، ئەو ڕێیەی کە ئێوە گرتووتانە هەڵەیە، دەبێ یەکەمجار خەڵک فێر بکرێ کە بەرگری لە مافی خۆی بکات، دەبێ لەڕووی فەرهەنگی و کەلتوورییەوە پەروەردە بکرێ..."

یەکێک لە بەکرێگیراوەکان هەر بۆ یاد هێنانەوەی من، دەرگاکەی کردەوە و هاواری کرد: " ئەرێ بوتڵەکان کوا؟ ئاوەکە هێشتا گەرم نەبووە؟" جووتە پیرەمێردەکە خۆیان زۆر ناڕەحەت و خەمبار دەنواند، کەوتنە قسان :" تووبی خوا وەرە قسە بکە و ڕەحم بە خۆتا بکە، مەیەڵە ئابڕوت بچێت، ئەم بێناموسانە (ئاماژەی بۆ هاوکارەکانی کرد) زۆر بێ ئابڕوون، بەو خوایە ئێمە هەست بە شەرمەزاری دەکەین، غیرەتمان قەبوڵ ناکات، ئەم کارانە بەبەرچاوی ئێمەوە بکرێن."جەوان کە زۆر تووڕە بوو بوو، کە زانی هەموو هەوڵێکیان بێهودەیە، بە نائومێدییەوەو بەبێ ئەوەی جنێو بدات، زۆر سادە گوتی: "دەڵێی چی ئەم کیژە هەموو بوونی وابەستەی ڕێکخراوەکەیەتی!" نەگبەتە نەیدەزانی کە ئەو قسەیەی ئەو چەند ورەم بەرز دەکاتەوە. لەناخی خۆمدا هەستم بە غروور و کیبریایەکی فراوان کرد، ئانجام بوتڵەکەیان هێنا، پیرەمێردەکان چوونە دەرەوە تا جگەریان بۆم نەبێت بە کەباب و غیرەتیان نەیەتە کوڵ و جۆش! هەڵبەتە لەم کاتەدا کە بۆ هاوڕێکانی دی پیلانی ساواکییان دەکێشا جگەر و غیرەتیان لە ماڵەوە دادەنا! دەمەو ڕوو لە سەر تەختەکە پاڵیان خستم، بوتڵەکەیان دێنایە پێشەوە و لایان دەبردەوە، جنێویان دەدا و باسی ئازاری بوتڵیان دەکرد، بوتڵەکەیان نا بە لەشمەوە، هیچ کاردانەوەیەکم نیشان نەدەدا، بەبێ هیچ ئەنجامێک وازیان لەم کارەش هێنا، بەیانی بوو  بەتووڕەیی لە تەختەکەیان کردمەوە،

ئەوجا وەکو مسکی خیتام! بە مست و لەقە و زللە کەوتنە گیانم، ئەم دارکاریکردنە بەرەنجامی ناڕەحەتی و نائومێدی خۆیان بوو.

حسێن زادە وەختێ لە دەرگاکە دەچووە دەرێ گوتی:" من ئەمشەو نەفرەتم لە خۆم کرد" ، بێگومان شاهەنشای بەکرێگیراویان دەستوری دابوو کە جارێ هیچ کیژێک نەخەنە ژێر ئەشکەنجەوە، تەسەورم نەدەکرد ئەشکەنجە تەواو بووە. ئازای بەدەنم دەیەشا، هیچ ئۆقرەم نەبوو، هەستم دەکرد خەریکە دەمرم، بەڵام هێشتا زندوو بووم، سەرم لە خۆڕاگری و سەبر و هەداری خۆم سوڕما بوو و لەبەر خۆوە بیرم دەکردەوە: عەجەب گیان سەختێکم! بۆچی نامرم؟! هێشتا چاوەڕوان بووم کە بێنەوە و ئەشکەنجەم بدەن، لە دڵی خۆدا دەمگوت: ئەمجارە ئیدی دەرناچم، دەمرم، یەک سەعاتی دی، ئەوپەڕی یەک سەعاتی دی زیندووم.

ئیدی چ شتێکم لەمەڕ ئەوین لەبیر نەماوە، لەهۆش خۆم چوو بووم.

## *بزووتنەوەی چەکدارانە*

## *بەکرێگیراوانی تۆقاندووە*

کاتێ لەبەردەم شارەبانیدا لە ئۆتومبیل دایان گرتم و دامیان بەشانی پاسەوانێکدا، وەخۆ هاتمەوە، بەسەر شانی پاسەوانەکەوە دەستم بە لەقەفرتێ کرد، کە چەند نەفەرێکی دیکە ناچار بوون دەست و لاقم بگرن، تەنیا سەرم ئازاد بوو، تا توانیم قەپێکم بە گوێچکەی ئەو پاسەوانەدا کرد کە بەسەر شانییەوە بووم، هاواری لێهەستا سەریشیان گرتم، دیسان لەخۆ چووم کە وەخۆ هاتمەوە سەیرم کرد دەستیان بە تەختێکەوە بەستووم، کراسێکی دەڵب و یەخەکراوەیان لەبەر کرد بووم، کە بەتەواوی لەشی دانەپۆشیوم، لە ژوورەکەدا دوو پاسەوان لەم سەر و ئەوسەری تەختەکەم دانیشتبوون، ئەفسەرێک و دوو ژنیش لەوێ بوون، پێنج نەفەر پاسەوانی، دیلێکی ئەشکەنجەدراوی بێ چەک بوون کە نیوە گیان کەوتبوو وتوانای کەمترین جوڵەی نەبوو و دەستەکانیشی بەسترا بوون.!!

هاوڕێیان بەخۆتان بیر لە زەبوونی و لاوازی ئەوان بکەنەوە، منیان کردبوو بە پاڵەوانێکی گەورەو بەهێز، باشە من چ کارێکم کردبوو کە ئەوەندە لێم بترسن؟ تەنیا ئەوەندەیان دەزانی من ئەندامی ڕێکخراوێکم کە دەستی داوەتە خەباتی بێ ئامان دژی دژمن و هەموو نۆکەر و بەکرێگیراوەکانی. ئەو ڕێکخراوەی زۆر سەرکەوتوانە (فرسیو) ی سەروەریانی ئیعدام کردبوو، ڕێکخراوێ کە ترس لە مەزەبیا نەبوو . ئەندامانی فیدایی بوون. چەند خۆشبوو کە دەتبینی ئەوەی ئەمانی هێناوەتە سەر چۆکان و ترسی خستوونەتە بەر و نەترەی پێ بەرداون، خەباتی چەکدارانەیە.

منیان کردبوو بە بوونەوەرێکی خەیاڵی. پاشان بیستم کە لە ڕۆژانی هەوەڵەوە، هەموو بەکرێگیراوانی دایەرە بۆ دیتنی من لە پشت دەرگاوە ڕیزیان دەبەست و لەکاتێکدا بێ هۆش بووم یەک یەک دەهاتن و تەمەشایان دەکردم، بەخۆیان بڵاویان کردبووەوە کە گوایە من جۆدۆکارم! پاشان کە ژنۆکەی پاسەوان بۆ یەکێک لە دۆستەکانی بیرەوەریانی ئەو ڕۆژانەی دەگێڕایەوە، گوێم لێ بوو کە بە پێکەنینەوە باسی ئەفسەرێکی دەکرد کە کاتێ بەلای تەختەکەی مندا دەڕۆیی، دەستی دەخستە سەر چەکەکەی، لە من دوور دەکەوتەوە و بە دەوری تەختەکەمدا پێچی دەکردەوە.!

وەختایەک وەخۆ هاتمەوە، سەیرم کرد پاسەوانەکان لە هەردوو سەری تەختەکەم دانیشتبوون، تارماییەکی ڕەش لەبەر چاوم بوو، سیمای پاسەوانەکان بە شێوەیەکی کۆمیدی ترسناک دەهاتە بەرچاو، چاوم بە ژنێک کەوت، ئەمە کێ بوو؟ بێگومان یەکێک بوو لەو ژنانەی کە بە مەبەستی ئازاردانی نواب سەفەوی (٣) بە ڕووت و

قووتی لەبەردەمیا سەمای کردبوو، ( ئەمە بوویەرێکی ڕاستی بوو، نواب سەفەوی بە دیتنی ئەو جۆرە دیمەنانە زۆر ناڕەحەت دەبوو و کاردانەوەیەکی عەسەبی توندی دەنواند و دژمن سوودی لەم خاڵە لاوازەی ئەو وەردەگرت)

بەوپەڕی نەفرەتەوە کەوتمە جنێوپێدانی، ئەو پرسکارو ئەفسەرانەی هاتبوونە ژوورەکەوە گوتیان: "خانم ناڕەحەت مەبە.. تۆزێ دەم پیسە، بەڵام کیژێکی باشە.. بەستەزمانە هەڵیان خەڵەتاندووە، تۆ بەچاوی منداڵی خۆت تەمەشای بکە" ژنۆکەی تاین، کەوتە قسان، لە لۆژیکی پوچیان بێزار بوو بووم، ویستم پێی ڕابوێرم. لە ناوەندی قسەکانیدا دەمگوت : ئێرەی تینەگەیشتم، چیت گوت؟ قسەکەی دووبارە دەکردەوە، جار جار سەری قایل بوونم بۆ دەلەقاند و ئەوانی دی خۆشحاڵ بوون کە گوایە تەنیا ژن دەتوانێ ژن ڕام و کەوی بکات، کە قسەکانی تەواو دەبوون، پرسیارێکم لێدەکرد، کە ناچار بێت لە هەوەڵەوە دەست پێبکاتەوە، بەمجۆرە سەرەنجام شەکەت بوو و زانی کە پێم ڕابواردووە. ڕووی کردە ئەفسەرەکان کە: " بابە ئەمە هیچ تێناگات" و من بەتووڕەیی گوتم: "نا بەجات کرد، ئاخر تۆ کێیت تا ڕێ و شوێن بۆ من دیاری بکەیت؟"

هەر دەقیقەی ئەفسەرێک دەهاتە ژوورێ و وەدەردەکەوت. سەعاتەکانیان سەرنج ڕاکێش بوون، ئەو پاسەوانانەی کە لامەوە دانیشتبوون سەعاتەکانیان بەجۆرێ دەگرت کە من ببینم، وایان بیر دەکردەوە کە من بۆ گوتنی ئەدرەسەکە چاوەڕوانی تێپەڕبوونی سەعاتێکی دیاریکراوم، سەعاتەکانیان پێش خستبوو تا کاتەکە درەنگتر لە سەعاتی دیاریکراو نیشان بدات، چ خەیاڵپڵاوێکیان دەکرد! ئاخر ڕۆژی یەکەم و دووەم هیچیان هەڵنەکڕاند، من هەگیز نەمدەویست بەدڵی ئەوان ڕەفتار بکەم. دەمزانی هاوڕێیان هەر لەهەوەڵەوە لە دەسگیری من ئاگادار بوون، چونکە هەم هاوڕێ بەهرۆز لەمنەوە زۆر دوور نەبوو و بێگومان بە مەسەلەکەی زانی بوو، هەروەها لەهەمان کاتدا قەرارم لەگەڵ هاوڕێیاندا هەبوو، کە بەسەر وەختی هیچ یەکێک لە قەرارەکانەوە نەچوو بووم. بێگومان بنکەکەیان چۆڵ کردبوو، چونکە ئەو بنکەیەش کاتی بوو، من بیرم لە یەک شت دەکردەوە ئەگەر ئەدرەسەکە بڵێم پۆلیس دەچن بۆ خانووەکە ( بنکەی نهێنی) و هەموو خەڵکی گەڕەکەکە ئاگادار دەکەنەوە کە خەرابکاران لێرە ئاکنجی بوون و ئێمە بە وریایی و زرینگی خۆمان توانیمان ئەم شوێنە کەشف بکەین و بکەونە کەش و فش و خۆ نواندن. ئەمە دروست پێچەوانەی ئەو شتە بوو کە ڕێکخراو لەم قۆناغەدا بە سەرەکی ترین ئەرکی خۆی دەژمارد؛ واتە جەزرەبەدان لە دژمن و لە قاودانی لاوازییەکانی دژمن، بە خەڵکی . بۆیە جەزرەبەدان لە خەڵکی و پشتگوێ خستنی هەموو هەوڵ و زەحمەت و چالاکییە بێ قسوورەکانی شەو و ڕۆژی هاوڕێیان، لەلایەن منەوە، بە خیانەتێکی لە بەخشین نەهاتگ دەهاتە ژماردن، بۆیە هەرگیز بە بیرمدا نەدەهات لە یەکەمین ئەزموونی ڕاستەقینەی خۆمدا ،پشت لە ئامانجی بەرز و بەشکۆی خۆم بکەم.

براژنمیان مەجبوور کردبوو، کە داوام لێبکات قسان بکەم. ئەو ئاگای لە مەسەلەکە نەبوو، شەوێ ڕژابوونە ماڵەکەیانەوە و تەنانەت ڕێگەیان بە منداڵەکانی نەدابوو کە بچن بۆ قوتابخانە و ئیمتیحانەکەیان بدەن، بەدەم

پاڕانەوەوە پێی گوتم : "ئەشرەف ئەمانە چیان لە تۆ دەوێ؟ پێیان بڵێ و تەواو" گوتم گوێبگرە و بزانە مەسەلەکە چییە، ئەم دێڕانەم بۆ خوێندەوە:

( بنیادەم دەبێ سەربەرز بژی و سەربەرز بمرێ

سەر بۆ دژمن شۆڕ نەکات

و هەموو بوونی خۆی لەپێناوی

ئازادی خەڵکدا دابنێ ) (٤)

که خەتایی ئەمەی بینی وای بەچاک زانی بیباتە دەرەوە، دۆستێکیانیش ناچار کردبوو کە درۆیەکم بۆ بکات "پویان ویستوویەتی بەهرۆز بکوژێت، هێشتاش هەر بەتەمای ئەم کارەیە. لە نامەیەکیا بۆ منی نووسیوە کە جیاوازی بیروباوەڕیان کەوتووەتە نێوان و پویان دەیەوێ بەهرۆز لەڕێگای خۆ لابەرێت و نەی هێڵێت! وەڵاهی هێشتا نامەکەم لەلایە"

کاتێ ئەویان هێنایە بەرەو ڕووم دەست و لاقی دەلەرزین، دیاربوو کە لێیان دابوو، کە ئەوم بینی ڕاچڵەکیم . کە بەو زەبوونیەم بینی زۆرم ڕق هەستا، خۆمم پێ نەگیرا و هەستەکانم پێ نەشاردرایەوە و گوتم: ئاه.. ئەمە چ حاڵێکە؟ تەنیا بە ناڵینەوە قسەی دەکرد، سەرم لەو درۆ ساختەیە سوڕ نەما، کە دروستیان کردبوو. چونکە هیچ زانیاری و شارەزاییەکیان لەمەڕ تایبەتمەندییە کۆمونیستییەکانی هاوڕێیان نەبوو، فێڵ و تەڵەکەکەشیان ناشیانە و خەشیمانە بوو.

برا گەورە و برا بچووکەکەشمیان هێنانە بەرەو ڕووم، ئەوان چ قسەیەکی تایبەتیان نەکرد، دەستەکانی برا بچووکەکەم ئاوسابوون و سەروچاویشی زامدار بوو، لە برا گەورەکەشمیان دابوو، پێدەچوو بیانەوێ بڵێن: تەمەشا هەموویانمان گرتووە، لەوە دەچوو خۆشیان نەزانن ئەوانیان بۆچی بۆ لای من هێناوە! بەهەرحاڵ بە گاڵتەکردن بە ئەفسەرەکان و تیمسارەکانیان و بە سووکایەتی پێکردنیان و بە قسەکردنی زبر لەگەڵیاندا، هەوڵم دەدا ورەی ئەم دۆستانە بەرز بکەمەوە، پێمدەگوتن: ئەمانە دەبینن (دژمن دەڵێم) ئەمانە بوونەوەرانی زۆر سووک و چروکن، کە تەنیا بە مژینی خوێنی من و ئێوە دەژین . ئێمە نابێ بیەڵێن ئەمانە درێژە بە ژیانی تاوانبارانەی خۆیان بدەن، ژنۆکە هەرزەکە کە دەیویست وا خۆی بنوێنێ بەهێزە و لە هەموو مەنجەڵێکدا ئەسکوێ بێ، لە هەموان پتر لە دلێری و چاو قایمی من پەست و تووڕە دەبوو، قژمی کە درێژ بوو لە دەوری دەستی خۆی دەپێچا و بەتوندی سەری ڕادەوەشاندم، زللەی وەهای لێ دەدام کە خوێنی کەپووم بەردەبوو، تا ماوەیەک ئەمە کاری هەموو ڕۆژێکی بوو.

ئەو شەوە باسی شرینقە و شەربەتێکیان کرد، کە گوایە مرۆڤ دێنێتە قسە، پێمگوتن: من فریوی ئەم گاڵتەجاڕییەی ئێوە ناخۆم، یەکەم کەسێک ئەگەر بەخۆی نەیەوێ ، دەتوانێ بە پشتیوانی ویستی خۆی هیچ قسەیەک نەکات، دووەم ئەگەر ئێوە ئەو شتانەتان هەبوایە لە هەوەڵەوە بەکارتان دێنا و زووتر زانیارییەکانتان وەدەست دێنا، گوتیان: "ئاخر ئەم شەربەتە گرانە و ئێمە بۆ هەموو کەسێک بەکاری نایەنین."

من هەرچەندە هیچ گومانێکم لە درۆبوونی ئەم قسانە نەبوو، بەڵام لەیەک شت دەترسام، چونکە بە منداڵی لەخەوا قسەم دەکرد، لەخۆم دەپرسی: ئایا لەگینە لە دنیای خەو و بێ هۆشیدا بێمە قسان؟ تەسەوری ئەم شتەم زۆر بەلاوە ناخۆش بوو، نا نا لە خەویشا دەبێ بەسەر خۆما زاڵ بم، ئەدرەسی خانووەکە و ناوی ئەو چەند نەفەرەی کە دەمزانین، لە زەینی خۆ دەڕەواندەوە و هەوڵم دەدا فەرامۆشیان بکەم، بیرم لە شتی دی دەکردەوە، بەڵام هێشتاش هەر نیگەران بووم. شەوێ شیریان بۆ هێنام، بە زەحمەت پێم دەخورایەوە، چونکە ئەو چەتاڵەی کە ڕۆژی یەکەم ویستبووم خۆمی پێ بخنکێنم گەرووی زامدار کردبووم.

ئەفسەرەکان لەدەوری تەختەکەم کۆ بووبوونەوە بەردەوام دەیانگوت:" باشە قووم قووم بیخۆرەوە، هەر دەبێ بیخۆیتەوە."

سەرم لەم هەموو سوور بوون و پێداگرییەیان سوڕمابوو، تۆ بێژی بەڕاستی دەرمانێکیان لە شیرەکە کردبێ کە ئەعسابم سست بکەن؟ لە دڵی خۆدا گوتم بەهەرحاڵ شیر خۆراکە ئەمانە دەیانەوێ من بە زندووی بێڵنەوە و بە هەرجۆرێک بووە بمهێننە قسە، بۆیە دەبێ بە پێچەوانەی مەیل و حەزی وان ڕەفتار بکەم.

هەرچەندە بەلای منەوە قسەکردن بۆ دژمن بەڕادەیەک کارێکی دزیو و کرێت بوو و بەڕادەیەک ئەو شتە لە زەینم دوور بوو کە نەمدەتوانی بۆ یەک ساتیش تەنانەت بە خەیاڵیش بیری لێ بکەمەوە، بەڵام بۆ ئەوەی دژمن دڵنیا بکەم و بەیەکجارەکی لە قسەکردنی خۆم ناکامیان بکەم، نیازی خۆکوشتنم هەبوو، هەڵبەتە بایەخێکی زۆریشم بەلایەنی بانگەشەیی ئەم مەسەلەیە دەدا.

سبەی بەیانی هەمدیس شیریان هێنا. بەڵام من ئیدی مانم لە خواردن گرت، ئەوان لەهەوەڵەوە بە زمانێکی نەرم سوور بوون لە سەر ئەوەی کە هەردەبێ بیخۆمەوە، پاشان کە دیتیان سوورم لەسەر ئەوەی کە هیچ نەخۆم، دەستیان بە هەڕەشە کرد. ژنۆکەکە دیسان قژمی لە دەوری دەستی خۆی ئاڵاندم و بە زللە ئەمدیو وئەودیوی کردم. کارەکانیان هیچ کارێکی لە بڕیارەکەم نەکرد. لە کۆتاییا زۆر بە جدی گوتیان: "دڵنیابە کە نایەڵین بمریت، ئەگەر بە شرینقە و موغەزیش بووە خواردنت هەر دەرخوارد دەدەین" ( هەڵبەتە ئەو قسانەیان بەدەم جنێودانەوە دەکرد) پاشان هەستان و ڕۆیشتن.

پاش مودەتێک دکتۆرێک هات، کە سەری من بدات. هەرکە ئەوم بینی دامە بەر دەمڕێژی جنێوان، ئەو بە خوێنساردی گوتی: "خانم تۆ چ کارت بە منە ،خۆ من پرسکار نیم، من بابایەکم دکتۆر، من بەهۆی کارەکەمەوە

وەک چۆن بۆ هەموو دایەرەکان دەچم، بۆ ئێرەش هاتووم. " هەمدیس بە نەفرەتەوە کەوتمەوە جنێودانی: مێردەکی چروک ، هاوکاری تاوانباران، ئەگەر پرسکاریش نەبێت، لە دوا ئەنجامدا کار بۆ ئەم دەزگایە و ئامانجە کرێتەکانی دەکەیت، داوەشێی! حەیات چیّ!

موغەزی و سرنجی ئامادەکرد و لەگەڵ پزیشکیارێکدا هاتن دەرزییەکەی پێوە ببەستن، کە لێم نزیک بوونەوە لەقەیەکم لێدان. دەمویست کارەکەیان لیّ تێک بدەم، ژنۆکەکان و پاسەوانەکان هاتن و هەوڵیان دا لاقەکانم بگرن و من بەردەوام، لە کاتێکدا دەستەکانیان بە تەختەکەوە بەستبووم خۆم دەجولاند، سرنجەکەم بەملاو لادا دەبرد و لاقم لە دەستیان دەردەهێنا و بۆ ئەوانم پەرت دەکردن. چەند بەکرێگیراوێکی دیکە بەدەم هات وهاواری منەوە هاتنە ژوورەکە. کەوتنە یارمەتیدانی ئەوان، تا دوو نەفەر لەسەر لاقم دانیشتن، سیّ نەفەری دیکەش هەریەکەیان سەرودەستەکانمیان گرت و لە جوڵەیان خستم و بەمجۆرە دکتۆر سرنجەکەی ئامادە کرد و چەند دەرزییەکی لێدام.

لەو کاتەوە بۆ ماوەی سیازدە ڕۆژ هیچ خواردنێکم نەخوارد درێژەم بە مانگرتنەکەم دا و ئیدی ئەوان مەجبوور بوون هەموو ڕۆژێ بەو جۆرە و بەدەرزی ومەغەزی خواردن بکەنە لەشمەوە، بەر لەوەی سرنج و موغەزیەکە تەرتیپ بکەن، بەکرێگیراوان دەهاتن و بە پێنج نەفەرەوە منیان کە بۆ ساتیّ ئۆقرەم نەدەگرت توند دەگرت و جوڵەیان لیّ دەبریم، بیستبووم کەئەگەر لەگەڵ موغەزی یا دەرزیدا هەوا بچێتە لەشتەوە دەمریت، کەواتە تەقەلاکەی من ئەگەری ئەوەی هەبوو کە دکتۆرەکە نەتوانیّ سرنجەکە بە باشی توند بکات و یا هەڵەیەک ڕوو بدات و شوێنی دەرزەییەکە بگۆرێت. هەڵبەتە پاشان تێگەیشتم کە بەم شێوەیە خۆکوژی ناکرێت، بەڵام ئەو هەوڵ و تەقەلایەم بەجۆرە بەرگری و ڕادەست نەبوونێک بە خواستەکانی ئەوان دەزانی. باشیش بوو زۆریان ئەزیەت دەخوارد و من کە تەماشای بیّ باشاری ئەوانم دەکرد کە نەیاندەزانی چ بکەن کۆڵێک شاییم بە خۆ دەهات و لە ناخی خۆمدا هەستم بە بەهێزی دەکرد.

بە ڕادەیەک لاواز بوو بووم، کە ماوەیەکی زۆری ڕۆژ، بە بێهۆشی دەکەوتم و ئاگام لە تێپەڕبوونی زەمان نەبوو و ژمارەی ڕۆژم نەدەزانی، کاتیّ لێم دەپرسین من چەند ڕۆژە گیراوم، لەکاتێکدا لەوە بوو تەنیا حەوت ڕۆژ بەسەر گرتنەکەمدا تیّ پەڕی بیّ، دەیانگوت بیست ڕۆژە و من نەمدەزانی کە درۆ دەکەن و باوەڕم پیّ دەکردن. ژوورەکە بەردەوام پڕ و چۆڵ دەبوو، گەورە ئەفسەران و سەرۆکەکانیان دەهاتن و دەیانویست بەهەر بیانوویەکەوە بووە، قسە لەگەڵ مندا بکەن یان قسەم لیّ دەربێنن، هەڵبەتە زۆر بە نەزاکەت و بە ئەدەبەوە. ئەوانی دی غوڵام ئاسا لەلایانەوە دەوەستان، ئەگەر لە شوێنێکدا گەورە ئەفسەر ئامادە بیّ، نابیّ سەریش بجوڵێنی، فشەم بەم جۆرە کارانە دەهات، هەڵبەتە نەدەبوو گاڵتەیان پیّ بکەم، بەڵام بە ڕادەیەک ڕقم لێیان بوو و بە ئەندازەیەک بچووک دەهاتنە بەرچاوم ئیدی خۆ بەخۆ حاڵەتێکم لیّ دەهات کە بەدەست خۆم نەبوو ڕاستەوخۆ گاڵتەم پیّ دەکردن و جنێوم دەدانیّ، کارێکم پیّ دەکردن کە بەسەگ نەکریّ، وام شپرزە دەکردن نەتوانن لەسەر قسەکانیان بەردەوام

بن هەموویان پاش یەک سەعات هەوڵی قسەکردن دەگەیینە ئەو قەناعەتەی کە " ئەم کچە شێتە"دکتۆرێکی ئەعسابیشیان هەبوو کە بە فەڕمی ڕای لە سەر شێتی من دابوو و ڕاپۆرتی لەوبارەیەوە دابوو.

## *دیسان تەحقیق و ئەشکەنجەدان*

ڕۆژانی دووەم یا سێیەم بوو کە خەتایی و نیک تەبع هاتنەوە بۆ لێکۆڵینەوە و تەحقیق، لەڕادەبەدەر نەفرەت ئەنگێز بوون، لەکاتێکدا کە ئەوراق و کاغەزی تەحقیقیان پێبوو و بەتەوسەوە پێدەکەنین، بەکاوەخۆ و بە دڵنیاییەوە گوتیان: " کارمان بە ئەدرسەوە نییە ، پرسیاری دیکەمان هەیە، تۆ قسە بکە و ئێمە دەینووسین.

- یەکەم، ناوت!

بێدەنگ بووم.

- ناوت بڵێ!

- ...

حاڵەتی تەوس و سەرسامی لە سەر ڕوخساریان نیشت : "بابە ئەمە شێتە هێشتا ئەقڵی پڕ نەبووە."

- "نەبابە دەیویست ببێ بە لەیلا خالید."

- " بەخۆی لەیلا خاڵدارە... ناوت بڵێ! خەیاڵ نەکەی، ناسنامەکەتمان لەلایە، بەڵام ئێمە دەمانەوێ لە زاری خۆتی بژنەوین."

بە دیتنی ئەم نۆکەرانە، ئەم ئەنجامدەرانەی فەرمانی زاڵمانەی ستەمکاران، ئەم خائینانەی دژە بە خەڵک، تووڕەییم دەهاتە کوڵ و جۆش. بەڕادەیەک هەستم بە نەفرەت دەکرد کە ددانەکانم خۆ بە خۆ بە چیڕەوە دەچوون ، چوون دۆنکی کارەباییان هێنا و دەستیان بە ئەشکەنجە دانم کرد.

- ناوت چییە.. ها؟ نایڵێی...؟

سووکی و چرووکییەکی ئاشکرا بە سیمای نەفرەت ئەنگێزیانەوە دەبینرا. هێندە بێزەوەر بوون کە نەدەکرا لە هەنبەریاندا ئاسایی بیت و بە سووکی سەیریان نەکەیت. بە هەرحاڵ نزیکەی یەک سەعات ئەشکەنجەیان دام و سەرەنجام کە دەیانویست بڕۆن، گوتیان:" ئەمە تەنیا گاڵتەیەک بوو، نیوەشەو دێینەوە و هەنگێ ئەشکەنجەی ڕاستی دەست پێدەکات".

باوەڕم بە قسەکانیان کرد، نەدەترسام، بەڵام نیگەران بووم، حەزم دەکرد کاتێ بێنەوە بێداربم،. دەترسام لەکاتی خەودا وەکو پێویست حەواسم بەجێ نەبێت. بەهەرحاڵ ئەو شەوە بووری و هیچ کەسێک نەهات بەلامەوە. بە تەواوەتی و بە وردی لەیادم نییە کە ئەو ڕۆژانە بە چ شێوەیەک تێدەپەڕین، زۆربەی ڕۆژەکان بە خەو و بە

بێهۆشی تێدەپەڕین و لە کاتی بێداریدا بەرنامەی سیرومەکە ( سرنج و موغەزی) بەهەمان شێوەی  کە باسم کرد، جێبەجێ دەکرا. هەندێ کارانم دەکرد، هەرچەندە منداڵانە دەهاتە بەرچاو، بەڵام بەهەر حاڵ دەیکردە کارێک کە لە حاڵەتی تەسلیم بوون و کەوی بوون دەربێم. کە بیرم لەوە دەکردەوە ڕادەستی وان بم و بەشێوەیەکی ئاسایی قسەیان دەگەڵدا بکەم ، زۆر ناڕەحەت دەبووم. خۆ بە خۆ ئۆقرەم لەبەر دەبڕا، لە بچووکترین بیانوو دەگەڕام تا تێیان بگەیەنم کە من دژمنیانم وئاشتەوایی و سازشیان لەگەڵدا ناکەم.

یەکێک لەو کارانەی کە دەمکرد ئەمە بوو، کە ژنەکە بەر زللەی دەدام خوێنی لووتم بەردەبوو، خوێنەکە وشک دەبووەوەو بە دەموچاومەوە دەمایەوە، بە دەستانی بەستە دەمویست لووتم پاک بکەمەوە، پەتۆیەکەم بۆ لای لووتم دەبرد. ژنەی تاین لە حەژمەتا شێت دەبوو. جنێوی دەدامێ کە چەند بێ تەربێت و بێ ئەدەب و ئەسڵەن لە ناو کۆمەڵگەدا نەژیاوم.

ژنۆکەکە لە هەنبەر ئەم جۆرە کارانەدا، دووبارە بە زللە تێم بەردەبوو، قژمی لە دەستی دەئاڵاند و بەملاوبەولادا دەکێشام. جۆرە ئەشکەنجە و تۆڵەیەکی دیکەشی هەبوو کە بێشەرمانە بە پاسەوانەکانی دەگوت ختووکەم بدەن. ئەمەیان هەر زۆر خوێڕیانە بوو، هەر سەعاتە و ئەفسەرێک دەهاتە ژوورەکەو قسەیەکی بە تەشەری دەکرد و دەڕۆیی، بە خۆم دەگوت : لێگەڕێ چی دەکەن با بیکەن، باشتر ئەوان لە ڕاستیدا بەم کارانەیان ئەوەیان نیشان دەدا کە چەند سووک و چرووکن، ئەوەیان بیری ،من دەخستەوە کە هەرگیز هەڵوێستێک وەرنەگرم یا خەتایەک نەکەم کە مایەی مانەوەی پتری خۆیان و ڕژێمە پشتیوانەکەیان بێ.

خراپترینیان نیک تەبع بوو، ئەم بەکرێگیراوە سووکە، بەو جنێوە ناشرینانەوە کە دەیدا هەوڵی دەدا ئەو دڵڕەقی و دڕندەییەی کە لەکاتی ئەشکەنجەداندا نیشانی دابوو، لەکاتی ئاساییشدا بیپارێزێت. ئەمە حالەتێکی لەلای من دێنایە ئاراوە، کە بە دیتنی ئازام گرژ دەبوو و بە هەوڵێکی زۆر کە هەموو هێزی دەروونی خۆم کۆ دەکردەوە، ئەوجا دەمتوانی خۆم بە غروور و بەرخودانەوە لە هەنبەریا بوەستم، حەزم دەکرد ئەو هەرگیز نەیەتە ژوورەکە. نازانم بۆچی ئەم جۆرە کاردانەوەیەم لە لا چێ دەبوو. دەمزانی کە ئەوان هەمیشە لە خاڵی لاواز دەگەڕێن وهەوڵدەدەن قامکان بخەنە سەر ئەو خاڵەو، مرۆڤ ئازار بدەن. دەتگوت گوایە نیک تەبع پەی بە گۆڕانی حاڵەتی من لە هەنبەر خۆیدا کردبوو. جارێک کە هاتە ژوورەوە بە شانازییەوە گوتی: " جەلادەکەت هات." ئیدی هەستمکرد زۆر دڵی بەمە خۆشە و هەست بە سەرکەوتن دەکات. گوتم: فەرق ناکات، میهرەبانترین کەستان هەر جەلادە، هەمووتان جاشی یەک ماکەرن، یەک لەیەک پیسترن، لەکاتی کردنی ئەو قسانەدا بیرم لە چەمک و مانای قسەکانی خۆم کردەوە لە ڕاستیدا هەستم بە قووڵی و کاریگەریان کرد. پاشان توانیم زۆر هێمن وخوێن ساردبم و هەموویانم بەلاوە وەکو یەک بن.

هەندێ لە ئەفسەرەکان کە دەهاتنە ژوورەکە، جۆرە دڵسۆزییەکی حەقارەت ئامێزی درۆیان دەنواند و دەربارەی ڕەفتارەکانی ژنۆکەکە کە منی بە بێتەربێت ناو دەبرد، دەیانگوت بابە ئەم بەستەزمانە چ گوناحێکی هەیە، چما

باوکی کێ بووە؟ کرێکارێکی بەدبەختی بێ چارە بووە! کە ئەوان بەو سووکی و تەوهینەوە باسی جەماوەری زەحمەتکێشیان دەکرد، پێمدەگوتن: ڕێک لەبەر ئەمەیە کە ئێمە دژمنی ئێوەین، ئێوە و ڕژێمەکەتان، فریوکارن، بەدرۆوە خۆتان بە لایەنگری خەڵک نیشان دەدەن. هەڵبەتە ئەم ڕوونکردنەوەیە زیاتر بۆ ئەو پاسەوانانە بوو کە گوێیان لەم قسانە دەبوو و تەمەشەڤانانی  ئەم دیمەنانە بوون ، دەنا چ پێویستی بەوە دەکرد ئەو شتە ئاشکرایانە بۆ ئەم تاوانبارانە بێنە کردن کە خۆیان ئاگاداری هەموو شتێک بوون. هێندە خوێڕی و چرووک بوون، هەریەکەیان هەوڵی دەدا ئەم قسانەی من نەباتە سەرخۆی و وایان نیشان دەدا کە نۆکەر و وابەستەی ئەم دەزگایە نین. لەوانەیە دژیشی بن، بەڵام چار چییە؟ خۆ دەبێ پارە پەیدا بکرێ و نان بخورێت!

چوونە تەوالێت کێشەیەکی گەورە بوو، دوو ڕۆژی یەکەم لەگەنیان دێنا و من کە حاڵم باش نەبوو پەتۆیەکە پیس دەبوو، پاشان ژێرباڵیان گرتم و بۆ تەوالێتیان بردم، پێنج ژن و دوو پاسەوان لە دەرەوە وەستابوون، کە تەمەشای تەوالێتەکەم کرد ،شێرەی ئاوەکە و سیفۆنەکە و مەغسەلەکە سەرنجیان ڕاکێشام، یەکسەر ئەوەم بەبیردا هات کە ئەگەر سەرم بە توندی بە یەکێک لە بۆرییەکاندا بکێشم نامرم؟ ویستم بێمە پەنا دیوارەکەوەو تاقی بکەمەوە. بەڵام لەوە دەچوو ئەمان زوو پێشبینی ئەمەیان کردبێت. بەهیچ جۆرێ نەیاندەهێشت لەم بۆری و بەلۆعانە نزیک ببمەوە، هەوڵمدا خۆمیان لەدەست دەربێنم ، بەڵام ئەوەندەم هێز نەبوو کە بتوانم خۆمیان لەدەست دەربێنم، هەردوو دەستیان توند گرتبووم و من بەتەنیا خۆم بەپێوە نەدەگرت و خۆم بەوانەوە گرتبوو، تەنیا سەرم ئازاد بوو کە دەمکێشا بە ژنەکاندا. ئەم داماوە مشک ئاسایانە، ئەم ژنە شل و ملانە، چەندە بە ئاسانی دەیانتوانی کۆنترۆڵم بکەن، بەڵام ترسێکی ئەوتۆیان لێ نیشتبوو، کە هاواریان دەکرد: "وەرن ، وەرن ئەمە خەریکە لێمان دەدا...!" یەکسەر ئەفسەر و پاسەوانەکان بەسەرما ڕژان و کەلەپچەیان لەدەستم کرد. بە پاسەوانەکانیان گوت کە ئەوان ژێر باڵم بگرن، هاوارم کرد پاسەوانەکانتان لابەرن، بەڵام ئەوان گوێیان نەدەدامێ، کەمێک داد  وبێدادم کرد و هەوڵمدا پاسەوانەکان بدەمە لاوە، بەڵام نەمتوانی . دڵم زۆر دەیەشاو کۆنترۆڵم لە دەست دەرچوو بوو، خستمیانە سەر شان و بۆ ژوورەکەیان هێنامەوە، ئیدی تا ماوەیەک بۆ تەوالێتیان نەدەبردم.

## وێنەیەک لە چرووکی بەکرێگیراوان

ڕۆژێک پێش گرتنی هاورێ بەهرۆز، ئەفسەرێک بەنێوی ڕائید مخفی بەشێوەیەکی ئاسایی هاتە ژوورەکەم و دەستی بە تەوس و توانجان کرد. ئیدی کەس لە ئەدرەسەکەی نەدەپرسی. بەڵام هەر کەسێک هەر بیر و خەیاڵێک بە مێشکی نەخۆشیا هاتبا بۆ بێزار کردنی من ئەنجامی دەدا، ئەم ئەفسەرە بە یەکێک لە پاسەوانەکانی گوت کە بڕوات کەوچکێک بێنێ و لەو گووەی کە لە لەگەنەکەدا بوو بکاتە دەمەوە. ئەم کارەم هێندە بەلاوە بێ مانا بوو، وامزانی ئەمە تەنیا هەڕەشەیە و باوەڕم نەدەکرد جێبەجێی بکەن. پاسەوانەکە بە مراکێکەوە گەڕایەوە، لەگەنەکەیان لە قەراخ تەختەکەم دانا، سەیرم کرد بەڕاستی دەیانەوێ ئەم کارە بکەن. تووڕەییەکی زۆر سەراپای داگرتم، ئەگەر هیچ کارێکم نەکردبا و ڕێگەی ئەم کارەم دابان ڕێک وەکو تەسلیم بوونی تەواو وابوو، بەڕادەیەک تووڕە بووم کە بیرم چوو بوو دەستەکانم بەسترابوونەوە ( دەستەکانمیان بە تەختەکەوە بەستبوو) تەکانم دایە خۆ و ویستم لەگەنەکە بکەم بە دەموچاوی ئەفسەرەکەدا، بەڵام چونکە دەستم بەسترا بوو لەگەنەکە بە دەموچاوی خۆما ڕژا و تاوانباری چەپەڵ کە چاوەڕوانی ئەم کارە نەبوو و هەنووکە تووڕەتر بوو بوو، بۆ ئەزیەت دانی زیاتری من دەستووری دا کە پاسەوانەکە پیساییەکە بە هەموو دەموچاومدا بڵاوبکاتەوە و بیکاتە دەممەوە. بە تەختەکەوە بەسترابووم و نەمدەتوانی هیچ کارێک بکەم. دەستوورەکە جێبەجێ کرا، ئەمجارەش تاقە چەکی من لە هەنبەر چرووکی و نامەردی وان، نیگای پڕ کینەم بوو، کە بڕیبوومە ئەم نۆکەرە تاوانبارە. هەستم دەکرد لە ناو گڕی نەفرەتی چاوەکانمدا تواوەتەوە!..

وەزع و حاڵێکی کۆمیدی هاتبووە ئاراوە و ئەوزار و هۆی ڕابواردن و شادی بۆ بەکرێگیراوان کە ژیانیان ئەوەندە سووک و پڕ بوو لە نامرۆڤانی ترین خەسڵەت، ڕەخسا بوو، کە ئەم بابەتە دەبووە مایەی پێکەنینیان، گشت ئەفسەرەکان یەک یەک دەهاتنە ژوورەکە، گاڵتەیان پێدەکردم و پاشان کەپوویان دەگرت و بە تەشەرەوە لە ژوورەکەوە وەدەردەکەوتن :" گووی بە خۆیدا کردووە نەمانگوت شێتە؟"

پاسەوانەکان کە ناچار بوون هەمیشە بەدیارمەوە بووەستن و حەقی ئەوەیان نەبوو تاقە هەنگاوێکیش لە تەختەکەم دوور بکەونەوە، لەم بۆنە پیسە ناڕەحەت دەبوون و کەپووی خۆیان دەگرت. ئەوانیش جنێویان بە من دەدا و دەیانگوت:" گەلێ حاڵمان خۆش بوو، هەنووکە دەبێ ئەم بۆنەش بکەین"!

ناتوانم بە وردی حاڵی خۆم بگێڕمەوە. وێرای ئەوەی هەستم بە غروور دەکرد و هەموو ئەم جنێو و تەشەرانەم بە هیچ نەدەزانی و دڵنیا بووم کە زادەی تووڕەیی نائومێدانەیان و نیشانەی دوا لەقە فرتەیانە، بەڵام دووبارە بوونەوەی بەردەوامی ئەم سووکایەتی و بێ ڕێزیانە حاڵەتێکی لەلام دروست کردبوو، هەستم بەسووکایەتی و بێڕێزییەکان دەکرد و تەحەموولم دەکردن! تەحەموول کردن بەم مانایە کە تۆ خۆت مەجبور بە ئەنجام دان یا

نەدانی کارێک کردبێت، نەک ئەمەی کە ڕوو بەڕووبوونەوە و ڕووبەڕوو نەبوونەوەیت بەلاوە وەکو یەک بێت. تا سەرئێسقان هەستم بە حەقارەتەکان دەکرد، هەموو بەدەنم لە ئاگری کینەکانمدا دەسووتا، ژیانی هەموو ئەو ستەمکێشانەم کە لە ژیاندا بەرخوردم لەگەڵیاندا هەبوو، هێنایەوە بیری خۆم:

من و خەڵکەکەم یەک جەستەین، کە پێکەوە چەوسێنراوینەتەوە، مۆڵەتی ژیان و ئازادیان نەداوینەتێ، لە هەر لەزەتێکی ژیان بێبەشیان کردووین، سووکایەتیان پێکردووین و جنێویان داوینەتێ. ئەو ئەرباب و ڕژێمەی کە ئەم بەکرێگیراوانە وابەستەیان بوون، سەبەبکاری تێکڕای ڕەنجەکانی ژیانمانن کە ئێستاکەش بەم جۆرە ئازارمان دەدەن. من و خەڵکەکەم لەوان جیاین. بە دەستی بەتاڵ ، بەڵام بە باوەڕی پایەدار و پتەو لە هەنبەریاندا وەستاوین و سوورین لە سەر ئەوەی کە تا کۆتایی نابووتییان بجەنگین، چونکە دەبێ جیهان لە هەر جۆرە زوڵم و گەندەڵییەک خاڵی بێ. چونکە سەرکەوتنی یەکجارەکی هەر بۆ ئێمەیە و هی ئێمەیە.

## *ئەشکەنجەدان و شەهیدبوونی هاوڕێ بەهرۆزی دیهقانی*

شەوی دواتر کە شەوی دەستگیری بەهرۆز بوو، لە ناکاوا هۆڵەکەی دایەرە قەرەباڵغ بوو، بەکرێگیراوان بەترسەوە داد و بێدادیان نابووەوە و بە هۆڵەکەدا بە غار ئەملا و ئەولایان دەکرد، داستانی ژیانی هاوڕێ بەهرۆز بەرەو لوتکەی خۆی هەڵدەکشا، ئەو دەستگیر کرابوو و بە هاواری تووڕەی خۆی دایەرەکەی هێنابووە لەرزە. ترس و لەرز سەراپای بەکرێگیراوەکانی گرتبوو. ترسەکەیان بەڕادەیەک بوو کە بە شێوەیەکی ئەفسانەیی باسی کەلەشی هاوڕێ بەهرۆزیان دەکرد و لەوە زەلامتر و بەهێزتریان دەنواند کە بەڕاستی هەبوو.

ئەو پاسەوانانەی کە ئاگاداری گرتنەکەی بوون دەیانگێڕایەوە کە چۆن لە ئەنجامی شەڕێکی خیابانی نابەرانبەردا توانای لەدەست دابوو وپێی شکابوو، بەدەستی بەستراو تووڕیان دابووە ژوورەوە و بەکرێگیراوەکان لەبەر دەرگا ڕیزیان بەستبوو و تەماشایان دەکرد، لە هەوەڵین ساتەکاندا هیچ کەسێک زاتی نەکردبوو لێی نزیک ببێتەوە و دەست بە ئەشکەنجەدانی بکات! ئەو شەوە داوا لە تاوانبارانی ساواک کرابوو کە بێن بۆ شارەبانی، گوایە بەکرێگیراوانی خودی شارەبانی هێشتا لە تاوانکاریدا قاڵ نەبوو بوونەوە و هێشتا باڕ بوون و نەبوو بوون بە مامۆستا، دڵنیابوون کە بەرانبەر ڕەقیبێکن کە پێویستە بۆ قسە لێ دەرهێنانی سوود لە هەموو شێوەو ڕێبازێکی ئەشکەنجەدان وەربگرن. هاوڕێ بەهرۆز ڕۆڵەی ڕەنج بوو، ژیانی ئاوێتەی ژیانی خەڵک بوو، ئاوێتەی ژیانی ئەو جووتیار و دێهاتیانە بوو کە زۆربەی تەمەنی لەگەڵ ئەواندا بەسەر بردبوو، ئاوێتەی ژیانی کرێکاران و تێکڕای زەحمەتکێشان بوو. هاوڕێ بەهرۆز سەرڕێژ بوو لە ئەشق و خۆشەویستی خەڵک و نەفرەتێکی بێ وێنە لە دڵ و دەروونیا قوڵپی دەدا. دژمن ئەمەی چاک دەزانی و لە خۆڕایی نەبوو کە بەو جۆرە لێی دەترسان.

ئەو شەوە بەکرێگیراوان لە سەگی هاری زنجیر پچڕیو دەچوون. دەنگی جەزرەبەی شەلاق کە زۆر بەتوندی دا دەهاتەوە و لەگەڵ هاواری بەرز و تووڕەی هاوڕێ بەهرۆزدا تێکەڵ دەبوو، هێندەی دی دڕ و دڕندەی دەکردن. سەبارەت بە هاوڕێ بەهرۆز نازانم چ ئەشکەنجەیەکیان دەدا کە هاوارەکانی ئەو تەنانەت لەکاتی وەستانی شەلاقکاریشدا هەر بەردەوام بوو، هاوارەکان هاواری ناڕەزایی بوو هەرچەند وشەکانیم بۆ ڕوون نەبوون، بەڵام چونکە باشم دەناسی دەمزانی چی دەڵێت: " بۆرە پیاوانی نەفام چیتان لە گیانی خەڵک دەوێ" جوملەیەک بوو کە هەرکاتێک سەبارەت بە مامورانی ساواک هەستی بە نەفرەت دەکرد، لە کاتێکدا کە هەوڵیدەدا هەستی خۆی کەشف نەکات تا بتوانێ لەناخی خۆیدا قووڵی ئەو ڕستەیە درک بکات، بە ئاماژەی سەر دەری دەبڕی. بەکرێگیراوان دەرگای ژوورەکەی منیان کردبووەوە تا باشتر گوێم لە دەنگی ئەشکەنجەدانەکەی بێت و خۆشیان دەستە دەستە، کاتێ کە لە ئەشکەنجەدانی ئەو ماندوو دەبوون و جێگەیان بۆ دەستەیەکی دی چۆڵدەکرد دەهاتنە ژوورەکەی من. ئاگری تاوان بەجۆرێ گیانی حسێن زادەی هێنابوویە جۆش کە جلەکانی داکەندبوو و

یەک کراسی لەبەر بوو و بە پێی پەتی وەکو شێتێکی پەت پچڕیو، بەردەوام لە ژوورەکەی منەوە بۆ ژوورەکەی هاوڕێ بەهرۆز کە لەوێ ئەشکەنجە دەدرا غاری دەدا. ئەو و بەکرێگیراوان لە ژوورەوە جنێویان بە من دەدا و تفیان دەکردە چارەم. لەبەر بۆنی گوو نەیاندەتوانی زۆر لە ژوورەوە بمێننەوە. بە وەزع و حاڵی من پێدەکەنین وگاڵتەیان پێ دەکردم. حسێن زادە، بێ شەرمانە دووبارەی دەکردەوە: -" فێڵێکی باشی کردووە گووی بەخۆیدا کردووە تا لە لایەوە نەوەستین!"

چ ئیعترافێکی سەیرە! ئەم بەکرێگیراوە دەبێ چەند لە چرووکی وقێزەونی خۆی دڵنیا بێت تا ئەم قسە بکات!! تەنانەت لە هەرەتی شێتایەتی و دڕندەیی بەکرێگیراواندا تەمی دۆڕاوی و بێ چارەیی بە ڕوخساریانەوە دەبینرا، ئەم حاڵەتی شێتایەتییە بەتایبەتی کاتێ دەنگی ئەشکەنجە بەرز دەبوویەوە بەهۆی گرژی ئەعسابیانەوە درووست دەبوو، ئەوان خۆشیان تەحەموولی ژنەوتنی دەنگی ئەشکەنجەیان نەبوو و ناچار بوون بە هەر شێوەیەک بووە لێی هەڵێن، دوو ژنی هەرزە، پاسەوانەکانی من لەم کاتەدا لەبەردەم مندا دەرەقسین و بەدەم بێ ڕێزی و سوکایەتی کردنەوە تفیان دەکردە چارەم و بە شادی و گۆرانییەوە دەیانگوت و دەیانگوتەوە: " کاکیشتمان گرت، کاکیشتمان گرت" بەهەمان نەزمی بێ شەرمانەی خۆیانەوە دەیانگوت: " بسووتێ بەدبەخت، کاکەت نەک هاوڕێکەت ببینە بزانە چی لێدەکەین"!

چ لێبۆکانێکی بێهەست بوون . گوێم بەم سووکایەتی کردن و گاڵتەجاڕیانەیان نەدەدا، لەو ساتانەدا هەستم دەکرد کە مێژوویەک لە حاڵی دروست بووندایە، بوویەرەکە بەکوێ دەگەیشت؟ مەسەلەی سەرەکی ئەمە بوو ومن لەگەڵ هەر هاوارێک و هەر جەزرەبەیەکی قامچیدا بیرم لەوە دەکردەوە. نیگەران بووم، بەڵام ورەم بەرز بوو باوەڕم بەڕاستگۆیی شۆڕشگێڕانەی هاوڕێ و برا شۆڕشگێڕەکەم هەبوو. ئەوەم وەبیر خۆم هێنایەوە کە یەکەمجار کاتێ دەیویست پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخراوەوە بکەم، باسی باوەڕی پتەو و پڕ شکۆی هاوڕێ نیک داودی کردبوو و بە شانازییەوە گوتبووی کە هاوڕێ نیک داودی نموونەیەک بوو لەو گۆڕە ، هەموو ئەندامانی ڕێکخراو وەکو ئەون. دڵنیا بووم کە ئەویش بەخۆی یەکێک دەبێت لەو کەسانەی کە شانازی شەهید بوون لە ژێر ئەشکەنجەدا بەدەست دێنن. ئەو شەوە بەکرێگیراوان لە ناکاودا بەسەرما ڕژان کە دەمانەوێ رووتت بکەینەوە و بە بەهرۆزیان گوتبوو کە ئەگەر ئیعتراف نەکەیت خوشکەکەت بە ڕووت و قووتی دێنینە بەرچاوت. دەزانم کە لەو کاتەدا هاوڕێ چۆن بە گەوجێتی ئەوان پێکەنی بوو. ئاخر بۆ کەسێک کە هەموو بوونی لە ئارەزووی سەرکەوتنی شۆڕشدا سەرێژ بێ، ئیدی جێگای بیرکردنەوە لەم جۆرە مەسەلانەی لەلا نابێتەوە. خۆم ئامادە دەکرد کە پێی بڵێم: " هاوڕێ کاتی پڕشکۆی ژیان هاتووە، زەمانێکە کە دەبێت بەشی خۆمان لە پێناوی سەرکەوتنی شۆڕشدا ئەنجام بدەین و شکست و بێتوانایی و داماوی بەکرێگیراوان بسەلمێنین . بەڵام بەرخورد ومامەڵەی هاوڕێ لەگەڵ بەکرێگیراواندا ئەوەندە بنجبڕ بوو کە هەر زوو پەیان بە هەڵەی خۆ برد و لە بێهودەیی ئەم کارەی خۆیان حاڵی بوون. دەستوور بۆ ئەو دەستە بەکرێگیراوەی کە بەتەمابوون من ڕووت بکەنەوە، هات کە ئەم کارە نەکەن.

خەریک بوو لە داخ و حەژمەتاندا شەقیان دەبرد. ئەو دوو ژنە هەرزەیە دەیانکێشا بەسەرمدا کە:" قورِ بەسەرت کە برایەکی وا بێ غیرەتت هەیە، هەر بە خەیاڵیشیا نایەت کە بەڕووتی بتبینێت؟".

ئیدی جگە لە هەواڵی خۆڕاگری و بەرخودانی دلێرانەی هاورِێ بەهرۆز لە ژێر ئەشکەنجەدا چیترم دەربارەی نەبیست، تەنیا دۆستێک کە لەکاتی ئەشکەنجەدا هاورِێی دیتبوو، دەیگێڕایەوە کە چۆن ئەشکەنجەچییان لەو دەمەیدا کە بە شێلگیرییەکی شێتانەوە ئەشکەنجەیان دەدا، لە داخی شکستخواردنی غروری خۆیان لوول بوو بوون، بەو پەڕی نائومێدییەوە جنێویان پێ دەدا کە... بە چ جۆرە ئەشکەنجەیەک دێیتە قسان؟ لەوەی زیاتر چ جۆرە ئەشکەنجەیەک بەکار بێنین کە تۆ بێیتە قسە؟

بەڕاستی بۆ سەلماندنی بێ دەسەڵاتی و بێ توانایی دژمن لە حانای ئیرادە و باوەڕی شۆڕشگێڕێکی سەرفراز و سەراپا گیان فیدای خەڵک، لەمە ئاشکراتر دەبێت کە دژمن خۆی ئیعتراف بە لاوازی خۆی بکات. هاورِێ بەهرۆز کە ئاگری ئەشقی جەماوەری ڕەنجکێش هەمیشە وەکو ئاگرێکی هەڵایساو لە دڵیا لە بڵێسەدا بوو، بەمجۆرە دژمنی لە هەنبەر باوەڕی بەتین و نەگۆڕ و ویستی پۆڵایینی خۆی هێنابووە سەر چۆک.

ئەو مرۆڤێکی هۆشیار و بە ئاگا بوو کە دەرد و ئازارەکانی خەڵکی دەناسی و چارەسەرەکەشی دەزانی – فیداکردنی هەموو شتێکی خۆ لە پێناوی شۆڕشدا و سوود وەرگرتن لە هەر دەم و ساتێکی ژیان بۆ سەرخستن و بە ئەنجام گەیاندنی شۆڕش–و ئەو کە هەمیشە بۆ خەڵکی ژیابوو و بۆ ساتێکیش لەوان جیا نەبوو بووەوە، ئەوێ کە بەدرێژایی تەمەنی خۆی هەر لە منداڵییەوە قینی بەرانبەر بە دژمن لە دڵی خۆیدا پەروەردە کردبوو، چۆن دەیتوانی بەو هەموو تووڕەییە شۆڕشگێڕییەوە وا نەکات؟! هاورِێ بەهرۆز بە یازدە ڕۆژ دوای گرتنی، دوای تەحەمولی دڕدانەترین ئەشکەنجە، بەهۆی ئەوەوە کە گورچیلەکانی لەژێر جەزرەبەی مست وپێ لەقەدا ئاسیوی دیتبوو و خوێنیان تێزابوو میزەکەی یەکپارچە خوێن بوو، هەروەها بەهۆی ئاسیو دیتنی دڵییەوە شەهید بوو. تاوانباران بەچەند سەعاتێک بەر لە شەهید بوونی بە هەشتاو گەیاندبوویانە نەخۆشخانە، ئێ بەڵکو بتوانن نەیەڵن بمرێت. بەڵام درەنگ جوڵابوون، هاورِێی قارەمان لە خەستەخانەدا، وەکو چۆن خۆی بەو ئاواتەوە بوو گەییە کاروانی شەهیدانی نەمریی ڕێگای ڕزگاری خەڵکانی ستەمکێش.

پاشان زۆر شتم سەبارەت بە ئەشکەنجەدانی ئەو بیستەوە، چەند کەسێک دەیانگوت لاقیان لە ئەژنۆوە بە هەرِە بڕیوەتەوە. هەندێکی دی دەیانگوت کە تەنیا پەنجەکانیان بڕیوەتەوە. بەڵام بە هەر حاڵ یەکێک لە ئەشکەنجەکانی ئەم تاوانبارە سووک و چرووکانە سەبارەت بەو، جوڵاندنی لاقە شکاوەکەی بوو بە زەبری قامچی، من تەنیا لەو ڕۆژەدا لەگەنانی پڕ لە خوێنی ئەوم بینی، بەکرێگیراوان بە درۆوە دەیانگوت کە دڵی لە ئیجادی لاواز بووە. لە حاڵێکدا کە هەموو ئەو هاورِێیانەی ئەویان دەناسی دەزانن کە ئەو شاخەوانێک بوو و چەندین کیلۆمەتری دەبڕی بێ ئەوەی هەست بە نارِەحەتی بکات.

من له شەهید بوونی ئەو بێ ئاگا بووم. تا ئەوە بوو ڕۆژێک ئەو دوو ژنە هەرزەیەی کە پاسەوانی من بوون، بە تەوسەوە لاسایی دەنگی هاوڕێ پویانیان دەکردەوە و من پێیاندا هەڵشاخیم ،پێیان گوتم: "بەدبەخت دوێنێ براکەت مرد. ئێمە تاکو ئێستا دڵمان نەدەهات پێتی بڵێین." من لە سەرەتاوە دڵم گوشرا . بە نەباوڕی تەمەشام کردن ، پاشان بە شانازییەکی زۆرەوە و لە بن لێوانەوەگوتم: هاوڕێ بەهرۆز ئاخری لە ژێر ئەشکەنجەدا شەهید بوو ! ڕێک وەکو خۆی هەمیشە ئارەزووی دەکرد. دەی سا یادی بەرز وپیرۆز بێت.

## هەوڵی بێهودەی سوپابود سەمەدیان پوور

## داشی دەستی پۆلیسی ڕژێم

دوای سێ ڕۆژ سەروچاویان شتم و پەتۆکەیان گۆڕیم، بە ڕادەیەک لاواز بوو بووم، کاتێ کە هەڵیان دەستاندم تا دانیشم دەبورامەوە، بەردەوام دەرزیان لێدەدام و لەجیاتی موغەزی لە ڕێگەی لوولەیەکەوە شیر و زەردێنەی هێلکەیان لە کەپوومەوە دەکردە ژوورەوە.

نیک تەبع گوتبووی، ناتوانی بەم مانگرتنە هیچ کارێک بکەی، ئێمە بەهەر نرخێ بووە نایەڵین بمریت، من خۆیشم بەمەم زانیبوو. بەڵام لەو کاتەدا مانگرتنم لە خواردن بە تاقە ڕێگا بۆ لاواز بوون و بەرەو مەرگ چوون دەزانی. ئیدی بەکرێگیراوانیش کەوتبوونە خاک و پام. ئەوەی ڕاستی بێ جۆری قسەکردن و بەڵگەهێنانەوەکەیان بەشێوەیەک بوو ناکرێ جگە لە پاڕانەوە و کەوتنە خاک و پا هیچ ناوێکی تری لێ بنرێت:

" ئاخر بۆ دەبێ ئەوەندە خۆت لاواز بکەی، ئێمە ئیدی چ کارێکمان بەتۆ نییە، ئەدرەسەکەشمان لەتۆ ناوێ، ئیدی بۆ بەخۆڕایی بمریت؟ ماوەیەک لێرە دەمێنی و ئەوسا ئازاد دەبیت و دەڕۆیت." کە سووربوونەکەی ئەوانم دەبینی گومانم لە لا پەیدا دەبوو و لە دڵی خۆمدا دەمگوت کەواتە نانخواردن و شکاندنی مانگرتنەکەم کارێکی درووست نییە، بەڵام نەمدەزانی و تێنەگەیشتم بۆ، ئەنجام دوای ماوەیەک گەییمە ئەم ئەنجامگیرییەی کە هیچ هۆیەک بۆ مردن نییە و مانگرتنەکەم شکاند.

بەکرێگیراوان هەموو هەوڵیان دەدا بەڕێز و حورمەت و میهرەبانییەوە ڕەفتار بکەن. نەیاندەویست شانۆنامەکانی بەرێ دووبارە ببنەوە، دەیانویست گوایە بە ئاشتەوایی دەگەڵمدا بێنە مەیدان، دوو ژنەکەی پاسەوانی منیان ڕاسپاردبوو کە بە هەر نرخێ بووە و تا دەتوانن هێورم بکەنەوە، بەردەوام باسی ژیانی ئایندەیان بۆ دەکردم و دەیانگوت کە بۆ زندانی گشتی دەڕۆم و لەوێ لەگەڵ هاوڕێکانمدا دەبم، دەیانگوت هەموو ئەم ئەشکەنجەچیانە خەڵکی باشن، تەنیا لەکاتی ئەشکەنجەداندا دەبن بە دڕندە و هۆڤی، ئەوەش مەجبوورن، چی بکەن. بە هەرحاڵ هەنووکە کە ئەشکەنجە تەواو بووە، ئیدی ئەم سەرسەختی و ڕەفتارە زبرەی تۆ هیچ مانایەکی نییە. هیچ کارێکمان بە کاری یەکترەوە نییە. بە ئاشتی پێکەوە دەژین. ئێمە لەم ژوورەدا وەکو یەک خێزانین. مەبەستی لە یەک خێزان خۆی و ژنۆکەکەی دیکە و دوو پاسەوانەکە و من بووم. هیچ قسەیەکم نەدەکرد، خۆم لەوان بە جیا دەبینی، جیا؟ نا ڕوو بەڕووی ئەوان، هەڤدژی ئەوان!

یەکێک لە –ژنۆکەکان سەرپاسەوان– ژنێک بوو کە جاری یەکەم ڕەفتاریم بینی نیگەران بووم. دەگەڵ سەرۆک و بە ناو گەورەکاندا بەڕێز و حورمەتەوە قسانی نەدەکرد، بە قسەی یەکێک لە هاوڕێیانی ژوورەکە پشتی بە

شوێنێک قایم بوو، هەڵبەتە تایبەتمەندییە ئەخلاقییەکانی وای حوکم دەکرد. نەیدەویست کەس ئەمری پێ بکات، ئاشقی دەسەڵات بوو و دەیوست هەمیشە لە هەموان باڵاتر بێت . ئەوەی لە ڕۆژانی هەوەڵەوە مایەی سەرسامیم بوو ، ئەمە بوو لە هەمان کاتدا کە لە پێگەیەکی نزمەوە قسەی نەدەکردو ئەمەش نیشانەی ئەوە بوو کە لەڕوویی پلە و پایەوە لە ئاستێکی بەرزدایە، کەچی لە ئەنجامدانی هیچ کارێکی نزم نەدەگەڕایەوە. تەنانەت لەگەنیشی دەهێنا، وا دەهاتە بەرچاو بە دڵ وبە گیان کار بۆ پێشبردنی کارەکان دەکات. لە دڵی خۆدا دەمگوت، ئەگەر هەموویان وەکو ئەو بن زۆر خراپە. بەڵام وەکو پاشان لە ڕەفتارەکانیا دەرکەوت مەبەستی پێشبردنی کارەکان نەبوو، بەڵکو بۆ وەرگرتنی دەسەڵاتی زیاتر بوو و لەپێناوی ئەمەدا پەنای وەبەر هەر تاکتیکێک دەبرد، لەبەر ئەمە بوو کە بەخۆی هەموو هەوڵێکی بەکار دەبرد تا بەهەر جۆرێک بووە، من ڕام و کەوی بکات. هەندێجار بە ڕادەیەک لە ڕەفتارم تووڕە دەبوو کە تەنانەت لەبەرچاوی تیمسارەکەشیان ( پلەیەکی گەورەی سوپاییە) دارکاری دەکردم، کە بە حیسابی ئەوان ئەمە بی ڕێزییە بەرانبەر بە تیمسار، کە ئەو لە هەر شوێنێ بێ و کەسێکی دی ئەو جۆرە کارانە بکات ئەم کارە بە بێڕێزی بەتیمسار دەزانێت و ناتوانێ تەحەمولی ئەم بێ ڕێزییە بە تیمسار بکات.

لە یەکێک لە ڕۆژەکانی مانگرتنەکەمدا، سوپابود سەمەدیان پوور، ڕێوی پیری تاوانبار هاتبوو و بەشێوەیەکی ئارام و بەوپەڕی نەرمی و میهرەبانی قسەی دەکرد:" دەتەوێ بەهرۆز ببینی؟ ئاخر تۆ بۆ ئەم ڕەفتارە دەکەی، کەس هەقی بەسەر تۆوە نییە. وەرە با بڕۆین کەمێک لای بەهرۆز دانیشە" بە درۆوە خۆم پژماند و بە دەم پاکردنەوەی کەپوومەوە هاوارم کرد کوا دەسەسڕم بدەنێ،-کلینکسێک لەسە مێزەکە بوو- ئەو بەدبەختە داماوە پەیتا پەیتا دەسەسڕی دەهێنا و من دەمدڕی و دەمگوت کوا هی دیکەم بدەیە.

پاشان دیقەتم دا ئەم بەکرێگیراوە،زۆر بێشەرمانە دانیشتووەو هەر خۆی شلوێ ناکات، ئەفسەرەکانی دیکەش خڕ بوو بوونەوە، هاوارم کرد: بۆرە پیاوی بێ غیرەت بەسە، تاوانباری خوێڕی. دەمودەست ژنەکە لێم ڕاپەڕی و بە تووڕەیی زللەیەکی پێدا کێشام. سەمەدیان پووریش یەک سات نەوەستا، هەر هەستا و ڕۆیی. چونکە دەبوایە هەیبەتی خۆی لە بەردەم ئەفسەرەکانی دیدا بپارێزێت. ئەفسەرەکانیش چەند تەشەرێکیان لێدام و ڕۆیشتن. ژنۆکەکە کە تەنیا دەیتوانی هەموو شتێک لە ڕوانگەی تەسک و سنوورداری خۆیەوە بدینێ گوتی:" ئاخر ئەم کارانە یانی چی؟ خۆ هیچ کەسێک لە هاوڕێیان و ئاشنایانت لێرە نین تا خۆت بنوێنی و بڵێیت تەمەشا ببینن من چ توانایەکم هەیە، جنێو بە تیمسارەکانیان دەدەم، دەتەوێ پۆز بەسەر کێدا لێ بدەیت؟ بەلای کەمەوە وەکو بنیادەمێکی ئاقڵ و ئاسایی دانیشە، بنیادەم دەبێ لەگەڵ هەموو کەسێکدا بەڕێز و حورمەتەوە قسە بکات، وا لە خەڵکی بکات ڕێزی بگرن" جگە لەوەی بە قسەکانیان پێبکەنم، هیچ وەڵامێکی ترم بۆیان نەبوو، تەنیا بە تەوسەوە پێکەنیم و هیچم نەگوت.

## درێژەی تەحقیق

خەتایی و نیک تەبع یەک شەوی تەواو لە پرسیاریان گرتم، چونکە هیچ وەڵامێکم نەدەدانەوە یەک سەعاتی تەواو خۆیان گوتەنی بە دۆنکی کارەبایی شۆخییان لەگەڵدا کردبووم، هەوڵیان دەدا بە هەر شێوەیەک بووە، وادارم بکەن کە وەڵامی پرسیارەکانیان بدەمەوە. بۆیان دەرکەوتبوو کە ئاکامی ئەو شۆخییەیان تەنیا ئەمە بوو، پتر رقی هەڵدەستاندم. خۆ ئەگەر بیانویستبا بە ئارامیش قسە بکەن، هیچ ئەنجامێکیان دەست نەدەکەوت، چونکە ماهیەتی ئەوانم تەواو بەلاوە ڕوون بوو و لە دژمنایەتیان ، ئەگەر بە نەزاکەت و بە نەرمیش قسەیان بکردایە، هەر دڵنیا بووم ، بە هیچ جۆرێک متمانەم بە کەسیان نەبوو، ئەم چەکەیان هەرگیز نەیدەتوانی کار لەو بڕیارانە بکات کە دەمدان. بەڵام بەهەرحاڵ بە خەیاڵی ئەو جۆرە بەرخوردە، هیچ یەکێک لەو بەکرێگیراوانەیان کە لە سەرەتاوە لە دەستگیری من و ئەشکەنجەدانی من بەشدار بوون یا کاتێ کە گاڵتەیان بە من کردبوو لە لیژنەی تەحقیقدا دانەنا. بەجۆرێ لەگەل مندا کەوتنە تەحقیق کردن، وەکو ئەوەی بە هیچ جۆرێ ئاگاداری ڕەفتاری ئەوانی دی نەبن، بۆ نموونە مێجەر فەرید کە یەکێک بوو لە بەکرێگیراوە گۆڕ بە گۆڕەکانی شارەبانی (٥) کاتێ بینی دەستەکانم بە تەختەکەوە بەستراوە، بە ڕوخساری ناڕەحەتەوە گوتی:" ئەمە چ وەزعێکە؟" ڕووی کردە ژنۆکەکە:" کە خێرا وەرە ئەم کەلەپچانە بکەوە ئاخر ئەم دڕندایەتییە یانی چی؟" ژنۆکەکە گوتی: " خەتای خۆیەتی کە سیاسەت نازانێ کێشە نییە، لە هەوەڵەوە کۆمەڵێک کاری کرد کە دەستیان بەستەوە." فەرید بە ناڕەحەتی چووە دەرێ، کە گوایە کلیلی کەلەپچەکان بێنێ. دوای ماوەیەک بە سیمای نیگەرانەوە و بەدەم ئەم ڕستانەوە:"ئاخر کاتێ ئێوە وەکو دڕندان ڕەفتار لەگەڵ ئینسانێکدا دەکەن ، دیارە ئەو کەسە دەبێت کاردانەوەیەک نیشان بدات" گوایە بە ناکامی گەڕایەوە. دانیشت و گوتی: " خانم بەڕاستی بۆ من قابیلی تەحەموول نییە، کە تۆ بەم شێوەیە بدینم. ئەسڵەن دژی ئەم شتانەم، ئاخر ئێمە ئینسانین و سەروکارمان لەگەڵ لۆژیکدایە، ئەمانە خەڵکانێکی نەخوێندەوارن، من خۆم زۆربەی بەرهەمە مارکسییەکانم خوێندووەتەوە! دەزانم ئێوە خەڵکانی لۆژیکین . ئێمە و ئێوە جیاوازی بیروباوەڕمان هەیە و ئەمەش گرینگ نییە. لە هەموو دنیادا جیاوازی بیروباوەڕ هەیە."

ئەگەرچی لە هەنبەر هەندێ لەو بەکرێگیراوانە کە بەو نەرمییە قسەیان دەگەڵ مندا دەکرد، هیچ قسەیەکم نەدەکرد، بەڵام بە تەواوەتی هەستم بە دژمنایەتیان دەکرد، بە چاکی دەمزانی ئەو کەسەی هەنووکە بە ئەدەب و بە نەرمی قسە دەگەڵ مندا دەکات، لە شوێنێکی دیکە و لە کاتێکی دیکەدا، بە ناشرینترین شێوە قسە دەگەڵ هاوڕێیەکی دیدا دەکات. ئەو مێجەر فەریدەی کە گوایە تەحەمولی تەماشا کردنی دەستە بەستراوەکانی منی نەبوو، یەکێک بوو لە ئەشکەنجە چییەکانی هاوڕێ ڕوقیە دانشگەری، ئەم بەکرێگیراوە بە ئەدەبانەی کە لە ڕۆژانی هەوەڵی گرتنی مندا لە دایەرە نەبوون، دەگەڵ دەستەیەکی دیکەدا بە مەبەستی گرتنی هاوڕێ بەهرۆز بۆ تەورێز

چوو بوون. باسی سەفەرەکەی خۆیان دەکرد . بۆ نموونە ئەمینی کە یەکێک بوو لە بەکرێگیراوە کۆنەکارەکانی شارەبانی، بە ئاو و تاو باسی چۆنیەتی گرتنی محەمەدی برام و هاوڕێ کازمی سەعادەتی ( مێردی خوشکمی) دەکرد، کە: " وەڵڵاهی ئێمە هیچ کارێکمان بە کاری کازمەوە نەبوو ، بە خوت وخۆڕایی خۆی کوشت"

لەم سەرو بەندەدا کە بەکرێگیراوان هەموو هەوڵێکیان (وەکو ئەشکەنجە و شتی دی) بۆ قسە لێ دەرهێنانی من ،ناکام بوو بوو و نائومێد بوو بوون ، تەنیا ئەوەندەیان دەویست بەلای کەمەوە وادارم بکەن کە قۆناغی تەحقیقاتی تەشریفاتی تەواو بکەم تا فایلم بۆ بکەنەوە. چونکە کاتێ زندانیان بۆ دیاری کردنی تاوان و حوکمەکەی بۆ دادگای سوپا دەنارد، دەبوایە فایلی تەحقیقی لەگەڵدا بنێرن، ئەگەر کەسێک فایلی تەحقیقی نەبێت، دادگای بۆ دانانەن و هەروا لە مۆڵەقدا دەمێنێتەوە. ئیدی دژمن لەم قۆناغەدا کە دەیەوێت فایل بۆ زندانی بکاتەوە بۆ ئەوەی بۆ دادگای سوپای بنێرێت، مەبەستی سەرەکی بەدەستهێنانی زانیاری نییە، بەڵکو ئەنجامدانی یەک کاری تەشریفاتی، خۆیان گوتەنی یاساییە. لەم قۆناغەشدا پیاو ئاگای لەخۆی نەبێ و وریا نەبێ لەگینە زانیاری باش بە دژمن بدات. بەڵام ئەگەر هۆشیارانە بەخورد بکرێت، دەشێت ئەم قۆناغە بە ئاسانی و بێئەوەی هیچ جۆرە زانیارییەک بکەوێتە دەست دژمن، بە سەر دەچێت. ئەگەر فایلی تەحقیق بە زانیاری نادروست و شێواو پڕ کرایەوە، ئیدی هیچ شتێک بۆ دژمن ڕۆشن نابێتەوە.

بەڵام من کە لەم بارەیەوە هیچ ئەزمونێکم نەبوو و نەمدەزانی بۆ ئەوەی دادگام بۆ دابنرێت و چارەنووسم یەکلایی ببێتەوە، دەبێ ئەم قۆناغی تەحقیق و تەحقیقکارییە ببڕم، هێشتاش هەر خۆم لە قسەکردن لەگەڵ ئەواندا دەپاراست. تەنانەت لە گوتنی ناوی خۆیشمدا، کە هیچ شتێکی بەوان نەدەدا، سڵم دەکردەوە. نیگەرانیم لەمە بوو کە نەبا لەم پرس و جۆ و تەحقیقانەدا زانیارییەکی ئەوتۆ بە دژمن بدەم کە بە زیانی بزووتنەوە بشکێتەوە، ئەمە ئەنگێزە و هۆیەک بوو کە وای لێدەکردم سڵ لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانیان بکەمەوە. ئەوان کە مەجبوور بوون دۆسیەکەم تەواو بکەن و بۆ دادگای بنێرن، پەنایان بۆ هەر شێوازێک دەبرد (هەڕەشەی ئەشکەنجە دان ، نەرمکێشی) تا من بێننە ڕەدا کە مل بۆ پرس و جۆ و تەحقیقەکە بدەم و ئەم قۆناغە ببڕم.

ئەوە بوو، ڕۆژێک مێجەر فەرید وەکو یەکێک کە کەم و زۆر لە دوور و لە نزیک سەرو سەختی دەگەڵ ئەشکەنجەدان و ڕاوەدونان و گرتن و ئەو شتانەوە نەبێت و تەنیا ئەرکی یاسایی لە سەر بێ کە دۆسیەکەی من تەواو بکات، هات بە سۆراخمەوە. من وەکو گوتم نەمدەزانی لە تەحقیقدا چ پرسیارێ دەکەن و بە کەڵکی چیان دێت، جا چونکە بیرۆکراسیەت و ڕۆتینی یاساییم لە دایەرەکاندا بینی بوو ، کەمێک باوەڕم دەکرد کە ئەم قۆناغەی (تەحقیق) ش، بەشێکە لەم ڕۆتیناتە. بەڵام وێڕای ئەوەش ئەم مەسەلەیەم زۆر بەلاوە ڕۆشن نەبوو. ئەمجارەیان کە فەرید بۆ تەحقیق هاتبوو بۆ لام، وام هات بە بیرا بۆ ئەوەی پەی بە ماهیەتی ئەم قۆناغەی تەحقیقاتەکەیان بەرم و پتر لە مەبەستیان حاڵی بم، دەست بدەمە ئەزموونێک و ئامادەبم بە ئەندازەی ئەو زانیاریانەی کە دەربارەی من هەیانە، وەڵامی پرسیارەکانیان بدەمەوە و ئەگەر زانیمان مەبەستیان قسە

لێدەرهێنانم بوو، وەڵامیان نەدەمەوەو هیچ قسەیەک نەکەم. هەڵبەتە بەرخوردی ئیحترام ئامێزی فەرید نەیدەتوانی ئەو کارەم تێ بکات کە ئەگەر بە بۆچوونی خۆم کارێکی نادروست بێ، ئەنجامی بدەم.

بە هەرحاڵ فەرید پرسیارەکانی بەوە دەست پێکرد کە چ کتێبانێکم خوێندوونەوە، من ناوی چەند کتێبێکم گوت، بەڵام دوای دو سێ پرسیار کە خەریک بوو دەچووە ناو وردەکارییەکانەوە، لە وەڵامدانەوە وەستام. چونکە سڵم لەوە دەکردەوە کە لەگینە لەبن دێڕی وەڵامەکانمەوە زانیاری باش هەڵێنجن بۆیە گوتم: من چیتر وەڵام نادەمەوە. فەرید سەری سوڕما کە ئاخر چی بووە؟ شتەکە گرینگ نییە.. لێ من دیسان هەمان قسەی خۆم دووبارە کردەوە. فەرید لە حاڵێکدا زۆر تووڕە بوو بوو و ناچار بوو بۆ پاراستنی بەرخوردی بە ئەدەبانەی خۆی تووڕە بوونەکەی دەرنەبڕێت، لەکاتێکدا خوای نەمابوو، پەلەپیتکەت لێ دابا شەقی دەبرد، هەر هەستاو ڕۆیی.

دووبارە کەسانێک هاتن وگوتیان مەسەلەکە هیچ نییە و پێویستە پرس و جۆیەکەم تەواو بکەم و ئەم کارە هیچی تیا نییە. ئەنجام بۆ سبەی شەو خەتایی هات و گوتی:" گوێبگرە ئێرەماڵی پورت نییە، چاک چاو و گوێت بکەوە! هیچ کەسێک لێرە نییە نازت بکێشێت ، تۆ دەبێ تەحقیقەکەت تەواو بکەی!." گوتم: ئێوە دەتانەوێ قسەم لێ دەربێنن. من قسە ناکەم.. ئەوسا هەڕەشەی ساواکی لێکردم، کاتێ باسی ئەشکەنجەدانی دەکرد، هەستم بە هیچ جۆرە ترسێک نەدەکرد . ئەشکەنجەم بەلاوە گرینگ نەبوو، تەنیا ترسم لەمە بوو کە نەبادا لەم پرس و جۆیەدا زانیارییەکم لە دەم دەرچێت بە قازانجی دژمن بشکێتەوە. بۆیە وام وێنا دەکرد کە نابێ ملکەچی تەحقیق بم.

ڕۆژی سێیەم بەکرێگیراوێک ڕاستەوخۆ پرسی کە ئامادەم وەڵام بدەمەوە یان نا؟ دەیگوت: " خەتایی گوتوویەتی بۆ دواجار پرسیای لێ بکە ئەگەر وەڵامەکەی نەرێ بوو ئەوا بۆ ساواکی دەنێرین." هەروەها گوتی: " خەتایی دڵی بە تۆ دەسووتێ کە ئەگەر بۆ ئەوێ برۆیت ئیدی بە سەلامەتی ناگەڕێیتەوە و هەروەها نایەوێ بە ساواکییەکان بڵێ کە خۆمان نەمانتوانی ئەو وادار بازجۆیی بکەین، لەبەر ئەمەیە کە تا ئێستا دوودڵە، ئێستا وەڵامی تۆ کارەکە یەکلایی دەکاتەوە." بەم قسانەی ئەودا، زۆر بەچاکی ئەوە بەدیار کەوت کە چ هەڤدژی وهەڤرکییەک لە نێوان ساواک و بەکرێگیراوانی شارەبانیدا هەیە. مەسەلەکە ئەمە بوو کە لە سەرەتای خەباتی چەکدارانەوە کە ڕژێمی ئەنتی خەڵکی ئێران، ئیدی زۆر بە جدی بەرژەوەندی خۆی و ئاغایانی ئیمپریالیستی خۆی لە خەتەر و مەترسیدا دەبینی و زۆر لە بەرپا بوون و سەرهەڵدانی شۆڕش لە ئێران، دەترسا و دەیزانی ئەگەر شۆڕش گەشە بکات، ئیدی ئەو بە هیچ جۆرێ توانای سەرکوتکردنی نابێت، ئیدی هەموو توانایەکی خۆی خستە کار و هەوڵی دەدا بە هەر ڕێگەیەک بووە، جڵەوی گەشەکردنی شۆڕش بگرێت، جا لەپێناوی ئەمەدا هەر لە ترساندن و تۆقاندنی خەڵکەوە بیگرە تا دەگاتە بانگەشەێن بەربڵاوی فریوکارانە دژی بزووتنەوەکە و لە هەموو ئەمانەش خراپتر جۆشدانی مامورانی جینایەت پیشەی ساواک و شارەوانی بۆ لە نێوبردنی هێزە شۆڕشگێڕییەکانی خستە کار.

پارە و پایە، دوو هۆی گرینگ بوون کە لەڕێگەیانەوە بەکرێگیراوانی خۆفرۆشی ساواک و شارەبانی هان دەدا کە بکەونە ئەشکەنجەدانی لاوانی شۆڕشگێڕ، ئەوانیش لەپێناوی بەدەست هێنانی پلە و پایە و پارەی زیاتردا لە تاوانکردن و نیشاندانی دڕندایەتی خۆیان، ڕکابەری یەکدیان دەکرد. بەڵام بەهۆی ئەم هەڤڕکییەی نێوان بەکرێگیراوانی ساواک و شارەبانییەوە، ناکۆکییەکی توند هاتە ئاراوە، کە زەرەری زۆری بە ڕژێم گەیاند. یەکێک لەو نموونانە پێکدادانە چەکدارانەکەی شارەبانی و ساواک بوو لە کاتی گرتنی هاوڕێ مەجید ئەحمەد زادەدا، یا دەکرێ گرتنەکەی هاوڕێ مەسعود ئەحمەد زادە بە نموونە بهێنرێتەوە: لەکاتێکدا شارەبانی ماوەیەکی زۆر بوو گرتبوویان، بەڵام ساواک بێ ئاگا لەم مەسەلەیە، وەکو سەگی پێ سووتاو بەشوێنیا دەگەڕان، بەڵکو بیگرن و خوشکەکەیان هێنابووە گیروداو بەڵکو لەڕێگای ئەوەوە زانیارییەک دەربارەی هاوڕێ بەدەست بێنن.

گەشەکردنی بزووتنەوە و ئەو سەرکەوتنانەی کە شۆڕشگێڕان لە بوارە جیاوازەکاندا بەدەستیان دێنا، بووە باسی ترسی بێ سنووری ڕژێم. بەکرێگیراوان پەیان بە زەرورەتی یەکێتی هەموو هێزەکان، بەتایبەتی ساواک وشارەبانی برد، بەو ڕادەیەی کە کارەکانی خۆیان هاوئاهەنگ بکەن و لەپێناوی پێشڤەبردنی ئامانجێن دژە شۆڕش و ئەنتی خەڵکیدا پێکەوە بخەبتن. زەرورەتی ئەم یەکێتییە بەتایبەتی دوای ڕوداوەکەی (خلازیر) کە لەو ڕووداوەدا دوو نەفەر لە هاوڕێیان دوای پێکادان وتەقە کردن لە بەکرێگیراوانی ساواک هەڵاتن و دژمن نەیتوانی بیانگرێت و دژمنیان ناچار کرد دان بە بێتوانایی خۆیدا لە هەنبەر جدیەت وئازایەتی شۆڕشگێڕاندا بنێت.

لە شەڕەکەی خلازیردا، وێڕای بەکارهێنانی هەموو هێزەکانی ساواک لە ناوچەی ناڤبری و کۆمەک وەرگرتن لە هێزەکانی شارەبانی و پۆلیس، کە بەهۆی هەڤدژی و ناکۆکی نێوان خۆیانەوە نەیانتوانی بە شێوەیەکی یەکگرتوو کار بکەن، کەمترین کارێک بە قازانجی دژمن نەشکایەوە. هەرچەندە لەم مەسەلەیەدا تەڕدەستی و بلەزی کاری هاوڕێیان فاکتەری ئەسڵی شکستی دژمن و سەرکەوتنی هاوڕێیان بوو.

بەهەرحاڵ هەنووکە هێزەکانی دژی شۆڕش، لە هێزەکانی شارەبانی و ساواک و پۆلیس و ئاسایش، تێکڕا و یەکگرتوانە سەرقاڵی ئەنجامدانی تاوانەکانی خۆیانن ( لەژێر ناوی کۆمیتەی تەحقیق و دژە خراپکاری) سەبارەت بە بازجۆییەکەی منیش بەهۆی هەمان ناکۆکی و ڕکابەری خۆیانەوە بوو کە هەوڵیان دەدا، هەر هەوڵێک، بۆ ئەنجامدانی تەحقیقێکی ئەگەر ڕۆتینی وتەشریفاتیش بووە بەکار بەرن، توانای خۆیان بەڕووی یەکدیدا بدەن.

مودەتێک بووری، لێ چ هەواڵێک لەوە نەبوو کە بۆ ساواکم بنێرن، ژنۆکەکان بەردەوام پێداگرییان دەکرد و هەوڵیان دەدا بەشێوەیەکی لۆژیکی قەناعەتم پێبکەن کە تەحقیقەکە بکەم، بەڵام من چونکە خۆم بە ئامادە نەدەزانی کە تەحقیقم دەگەڵدا بکرێت، خۆم لەوە دەپاراست کە قسە دەگەڵ تەحقیقکارەکاندا بکەم.

## *دیدار دەگەڵ هاوڕێ حەمید تەوەکولیدا*

شەوێک خەتایی کەسێکی نارد کە بۆ ژوورەکەی ئەوم ببات، ژوورەکە دوو مێزی گەورەی تیا بوو، خەتایی و مەخفی و فروغی لەوێ دانیشتبوون، یەخچاڵێک لەتەنیشت مێزەکەوە بوو. فەرشێک لە ژوورەکە ڕاخرا بوو، وێنەی نۆ کەسیان لە هاوڕێیان ( ئەو نۆ نەفەرە خەڵات بۆ گرتنیان تەرخان کرابوو) بە دیوارەکەوە هەڵواسی بوو، خەتایی فەرمووی لێکردم کە دانیشم . ئەوجا دەستی پێکرد کە: " تەمەشا بکە ئەم فەرشە دەناسیتەوە؟ باش تەمەشای بکە بزانە لەبیرتە لەکوێ ڕاتان خستبوو؟ " بەدەم پیشخەنێکەوە گوتی : " لە هەمان ئەو خانوودا کە لە فلان شەقام گرتبووتان، ئەمەش یەخچاڵەکەی شەهێن تەوەکولییە (٦) بەڕاست ئەمە جیازییەکەیەتی یا بۆ دایەرەی ئەمن کڕی بووتان؟" تەئکیدی لە وشەی ئەمن دەکردەوە، قسەکانیم بەلاوە پووچ و بێ مان و منداڵانە بوون، ئەسڵەن لە مەبەستی تێ نەدەگەیم، یانی چی؟ ئایا دەیویست دان بە دزییەکەی خۆیدا بنێت کە جیازی ژنێکیان بە بیانووی ئەوەی کە گوایە بە پارەی ڕێکخراو کڕدراوە، تاڵان کردووە؟ بێ ئەوەی لە هەنبەر ئیعترافە بێ ماناکەی ئەودا خۆم شلوێ بکەم، گوتم: ئێ چییە؟.

لەوەتای هاتبوومە ژوورەکە، بۆ یەک ساتیش چاوم لە وێنەکانی قەد دیوارەکە نەدەگواستەوە، دوای ماوەیەکی زۆر لە دیتنی سەروسەکوتی بڵحی بەکرێگیراوان، کە ڕەنگدانەوەی پوچەڵترین بوونەوەران بوو، تەمەشاکردنی ڕووخساری هاوڕێکانم کە دەمتوانی شەخسیەتی گەورەی شۆڕشگێڕییانەی ئەوانی تیا ببینم، بۆ من ئێجگار خۆش و شادی بەخش بوو. هاوڕێکانم بە نیگای تیژی خۆیانەوە، نیگەرانی بەرخوردی من بوون لەگەڵ دژمندا، هاوڕێ سەلاحی دەیویست سەراپای من قین و توڕەیی بێت و هاوڕێ پوویان فێری دەکردم کە بەتەوس و توانج و نەفرەتەوە ڕوو بە ڕووی دژمن ببمەوە و دەستخەڕۆیان بکەم. خەتایی کە چاوی لە تەمەشاکردنەکەی من بوو، بە پێکەنینێکی تەوسئامێزەوە ئاماژەی بە وێنەکان کرد و پرسی: کامیان دەناسیت؟ ئەوجا وێنەیەکی هاوڕێ حەمید تەوەکولی (٧) لە چاوی مێزەکە دەرهێنا و نیشانی دام و پرسی کە ئەو دەناسم یان نا؟ ( هاوڕێ حەمید تەوەکولی یەکێک بو لەو هاوڕێیانەی کە من لە دەرەوە پەیوەندیم لەگەڵیدا هەبوو) گوتم: نا! ئەوجا ئەلبوومێکی نیشاندام، کە وێنەی جۆراوجۆری هاوڕێ حەمیدی تێدا بوو. گوتی: " باش تەمەشای بکە بزانە هەوەڵجار لەکوێ دیوتە؟ " من بەبێ ئەوەی هیچ وەڵامێکی ئەو بدەمەوە یا لە بیری وەڵامدانەوە بم، ئەلبوومەکەم پەڕە پەڕە هەڵدەدایەوە، کە لە تۆ وایە بۆ میوانی هاتووم و بۆ سەرگەرمی خەریکم تەماشای ئەلبووم دەکەم. مێجەر مەخفی سەبری سوا، ئەلبوومەکەی لەدەستم سەند و گوتی: " حەمید خۆی دەڵێ یەکەمجار تۆی لە..."خەتایی قسەکەی پێ بڕی: " لێی گەڕێ با خۆی بیڵێ"! بزەیەکی تەوس ئامێزم بەسەر لێوەوە بوو، نە گوێم بە قسەکانی ئەوان دەدا و نە هەستم بەوە دەکرد کە زندانیم وئەسیری دەستی دژمنم! خۆم بە تەماشاکردنی وێنەکان و یاریکردن بە شتەکانی سەر مێزەکە و تەماشاکردنی ئەملاو ئەولاوە سەر گەرم کرد، گاڵتەم بە هەموو کارەکانی

وان دەهات، خەتایی هەمدیس دووبارەی کردەوە: " ئەم وێنەیە دەناسیت؟" گوتم: نا.. مەخفی گوتی: باشە ئەگەر ئێستا حەمید بە خۆی بێت و بڵێت تۆ دەناسێت، هەینێ چی دەڵێیت؟" گوتم: ئەگەر ئەو من نەناسێت چۆن شتی وا دەڵێت؟ خەتایی کە دەیویست وا خۆی بنوێنێت کە زۆر وردبینە گوتی: " یانی تۆ دەتەوێ بڵێیت حەمید درۆ دەکات؟ ئەگەر بڵێی ئا ، مانای وایە دان بەوەدا دەنەیت کە هاوڕێکانی تۆ درۆزنن. ئەگەر بڵێی نا مانای وایە دەیناسیت" گوتم :" نا هاوڕێکانی من درۆزن نین، بەڵام ئەگەر هاوڕێ حەمید ئەو درۆیە بکات بێگومان لەپێناوی بەرژەوەندی ڕێکخراودایە، مەخفی گوتی :" ئەگەر ئەو بەخۆی بێت و بڵێت تۆ دەناسێت، تۆ ئیدی ناڵێیت ئەو درۆ دەکات؟" گوتم : نا! ئەگەر ئەو قەراری دابێت ئەو قسەیە بکات، منیش پاڵپشتی قسەکانی دەکەم . دوای هەموو ئەم قسانە مەعلووم بوو کە ئەوان ئاگایان لە ئاشنایەتی من و هاوڕێ حەمید هەیە و هاوڕێ ئەمەی گوتووە کە هەڵبەتە گرینگ نەبووە و من کە زانیم وتنی ئەم شتە بەلای هاوڕێ حەمیدەوە ئاساییە، دەمتوانی بڵێم کە دەیناسم، بەڵام بیرم لەوە دەکردەوە ئەمە دەرفەتێکە بۆ دیتنی هاوڕێ حەمید، دەیسا با کارەکان بە سادەیی و بە ئاسانی نەڕۆن و ئەوان پتر ماندوو ببن. سەعات نزیکەی دوو و نیوی شەو بوو، هاوڕێیان لە خەو هەستاندبوو و کەلەپچە بەدەست، بۆ ژوورەکەیان هێنا، من لەشوێنی خۆم هەستام و سڵاوم لە هاوڕێ کرد، حەزم دەکرد لەبەر چاوی بەکرێگیراوان خۆشەویستی خۆم بەجۆرێ بۆ هاوڕێ بنوێنم کە ئەوان هەست بکەن چەند بە دیتنی خۆشحاڵم ، تەماشایەکی خەتاییم کرد و دووبارە لەسەر کورسیەکە دانیشتمەوە، دەمویست خەتایی ئەم ڕەفتارەم بدینێ و لەگەڵ ڕەفتاری نەفرەت ئامێزم لەگەڵ خۆیاندا، بەراوردی بکات.

خەتایی گوتی: " سەرتان داخەن و تەمەشای یەکدی نەکەن!" چ زۆرداریيەکە ئەمەیە؟ هەڵبەتە من و هاوڕێ لەو هەل ومەرجەدا، واتە لە بەردەم بەکرێگیراواندا نەماندەتوانی قسە لەگەڵ یەکدیدا بکەین، چۆن دەمانتوانی بەلای کەمەوە لەڕێگای نیگاکانمانەوە پێکەوە قسە بکەین؟ وێڕای هەموو ئەمەش ئەمە دەستووری دژمن بوو و نەدەبوو جێبەجێی بکەین. خەتایی بە هاوڕێی گوت ئایا ئەو من دەناسێت یان نا؟ چونکە لە تەحقیقەکانی پێشووی هاوڕێ حەمیدا، ئاشنایەتی من وئەو دەرکەوتبوو ( ئەمە بچوکترین زانیاری بە دژمن نەدەبەخشی و گرینگ نەبوو کە دژمن ئەوە بزانێت) ئێساش هیچ پێویستی نەدەکرد کە نکوڵی لەم ئاشنایەتییە بکات، گوتی کە دەیناسم. خەتایی ڕووی کردە من و گوتی: گوێت لێبوو؟چاک دەستی دەستیم پێکردن. دوای ئەم هەموو هەوڵ و تەقەلایە، شتێکی ئێجگار گرنگیان کەشف کردووە! دەمویست لەوەی پتر چاو و ڕاویان لێبکەم و گوتم: نەخێر، دەبیرەوە چوو بووم، خەیاڵم ڕۆیی بوو، گوێم نەگرتبوو. بە هاوڕێی گوت کە قسەکانی دووبارە بکاتەوە و هاوڕێ دووبارەی کردنەوە.

مەخفی بە تاسەوە گوتی: " گوێت لێبوو؟" بە خوێنساردییەوە وەڵامم دایەوە: (وەڵڵا گوێم لێبوو، بەڵام باش حاڵی نەبووم چ دەڵێت. ئەگەر بکرێت جارێکی دی دووبارەی بکاتەوە باشە و ڕووم کردە هاوڕێ کە تۆ یەکەمجار منت لە کوێ دیتووە؟ خەتایی نەیهێشت وەڵام بداتەوە و بە پاسەوانەکانی گوت کە ئەو ( هاوڕێ حەمید) بەرن.

ئەوسا لە منیان پرسی: " باشە ئێستاش نکوڵی لە ناسینی دەکەیت" گوتم: دەیناسم ، بەڵام بیرم نایەت لەکوێ؟ ئیدی دەستیان بە ژماردنی ناوی شەقامەکان کرد کە:" لە فلان شوێن نەبوو کە ئەوت بینی؟" و منیش وەڵامی بێسەرو بەرم دەدانەوە کە پێیان لە سەر ئەوە داگرت کە هەر دەبێ بڵێم لەکوێم دیوە، گوتم: دەزانن گرینگ نییە ئەگەر بڵێم لەکوێ دیومە، بەڵام ئەگەر تەحقیق تەنیا نووسین نەبێ، من ئامادە نیم وەڵامی پرسیارەکانتان بدەمەوە.

ویستیان گوێ بەقسەکانم نەدەن، کەمێک لە نێو خۆیاندا قسەیان کرد و پاشان مەخفی بە شێوەیەک کە گوایە قسەی ئاسایی دەکات و مەبەستی پرسیار کردن نییە گوتی:" شەهێنت لە دەرەوە بینی بوو؟ " بێدەنگ بووم ئیدی حاڵی بوون کە چیتر قسە ناکەم . پاسەوانەکانیان بانگکرد من بۆ ژوورەکەم بەرنەوە.

## *بەکرێگیراوان لە هەرەتی داماویدا*

شەوێ خەوتم، بەیانی ژنەکانم بینی کە خەریک بوون شتەکانیان کۆدەکردەوە، ئەم ژنانە هەر کاتێ کە لە دەستی من تووڕە دەبوون و نەیان دەزانی چ کارێک بکەن، بە خەتابیان دەگوت: " ئێمە بگۆڕە، دوو ژنی دی بۆ چاودێری ئەو بێنە" وای بۆ چووم کە داواکەیان پەسەند کراوە، پرسیم: دەیانەوێ دوو نەفەری دی بێنن؟ و ئەوانیش لە حاڵێکدا کە خۆیان ناڕەحەت نیشان دەدا، بە شێوەیەکی دۆستانە و گلەیی ئامێز گوتیان:" ئاخر نازانین چییان بردووەتە ئەم کەللەیەی تۆوە، ئاخر کچی باش کەمێک ئاقڵانە بیربکەوە، دوێ شەو لە ژووری تەحقیق چ گاڵتەجاڕییەکت نایەوە؟ خۆ منداڵ نیت، ژیرانە و لۆژیکی قسە بکە، تۆ ئەسڵەن سیاسەت بەڵەد نیت." و یەکێکیان دەنگی نزم کردەوەو بە ئەسپایی گوتی: "برۆ بەلای کەمەوە هەندێک درۆیان هەڵبەستە و بیڵێ، بانەڵێن تەحقیق ناکات. لەوەشە باوەڕت پێبکەن و نەزانن قسەکانت درۆیە، ئاخر ئێمە چی بکەین؟ وەکو ئامۆژگاری قەبووڵ ناکەیت و بەگوێی کەس ناکەیت، خۆیشت ئەوەندە سادەیت ئەقڵت بە هیچ کوێ ڕاناگات، بە ئێمەیان گوتووە ئیدی پێویست ناکات لێرە بمێنن، قەرارە ئەمڕۆ بۆ ساواکت ببەن" یەکێ لە پاسەوانەکان لە دەرگاکەوە وەژوور کەوت، خۆی فەقیر کردبوو، بەبەزەییەوە تەمەشایەکی منی کرد، بە چپە هەندێ شتی بە یەکێک لە ژنەکان گوت و ژنەکەش بە ئەسپایی گوتی:" بە تۆشیان گوتووە؟ لەکوێ بیستت؟" هەموویان بە ڕوخساری بەزەیی ئامێز و نیگەرانی دەستکردەوە، بە ژوورەکەدا دەهاتن و دەچوون، وایان دەنواند کە گوایە ڕووداوێکی زۆر ترسناک و لە تەسەور بەدەر بەڕێوەیە، ژنەی چاودێر، ئەم دۆستە زۆر ئابڕوومەندە! ودایکە دڵسۆزە! گوتی:" من بەیانی چووم و دوا هەوڵی خۆم دا، پێمگوتن: ئەو کەرەتە کە ئەم کچەتان بە مردووی ڕادەست کرد، ئەگەر من پێی ڕانەگەیبام، دەمرد. حەوت ڕوحی هەبا، شتاقیانی دەرنەدەبرد. ئەم کەرەتە ئیدی قەبووڵ ناکەم و دڵنیابن کە هیچ یەکێک لە مامورەکانتان ناتوانێ وەکو من کار بکات." بە پێکەنینەوە گوتم: بە چ مەعلووم ئەم کەرەتە بە زندوویی دەگەرێمەوە و پێویست بەوە بکات کە یەکێک چاودێری و پەرستاریم بکات! گوتی: "تۆ وا وێنا دەکەی کە من گاڵتە دەکەم؟ خەتایی بەبەرچاوی خۆمەوە خەریک بوو تەلەفوونی بۆ ساواک دەکرد" هیچم نەگوت. ئەوان هەوڵیان دەدا ئامۆژگاریم بکەن، گوتم: بۆچی خۆتان ماندوو دەکەن من گوێم لە هەموو قسەکانتان بوو.

دوو سێ ڕۆژ بووری، هیچ هەواڵێک لە ساواک و ناردنم بۆ ساواک نەبوو، دوای ئەو شەوە، هەمدیس ماوەیەک بیرم لە گوزەراندنی ئەم قۆناغی تەحقیق و تەحقیقکارییە کردەوە. بۆ ئەوەی بتوانم ئەنجامگیری بکەم، گوتم چەند پەڕە کاغەزێکم بدەنێ، خەتایی کە پێی وابوو گەرەکمە وەڵامی پرسیارەکانی وان بدەمەوە، چەند پەڕە کاغەزیکی مۆرکراوی هێنا و دووپاتی کردەوە کە نابێ بیاندڕم و دەبێ بە دەقی خۆیانەوە بیاندەمەوە، لەڕاستیدا من کاغەزەکانم بۆ نووسینەوەی وەڵامی پرسیارەکانی وان نەبوو، بەڵکو دەمویست بیرەکانی خۆم بخەمە

سەرکاغەزو ڕێکیان بخەم وتاو توێیان بکەم وبگەمە ئەنجامگیرییەک، من لە دەرێی زنداندا ئەمەم کردبوو بەعادەت. هەمیشە بیر و هزرێن خۆم دەخستە سەر کاغەز و بەدەم نووسینەوە دەگەییمە ئەنجامگیری، دەمویست لێرەش هەمان کار بکەم.

بەڵام بەزمانێک دەمنووسین کە تەنها خۆم دەمزانی مەبەستم چییە، نووسین ڕۆژ و تاقێکی برد، بەڵام هێشتاش کۆکردنەوەی بیر و بۆچوونەکانم وەکو پێویست گەڵاڵە نەبوو بوو وبە دڵم نەبوو، گەورەترین نیگەرانیم ئەمە بوو: نەبا ئەوان سوود لە قسەکانم وەربگرن. نەمدەتوانی پەی بە ئەنگێزە و هۆی ئەم هەموو مکوڕی و پێداگرییەی ئەوان ببەم و ئەنجامێکی لێوە هەڵەنجێنم. هۆیەکەشی ئەمە بوو کە هێشتا بۆم مەعلووم نەبوو کە ڕادەی زانیاری دژمن سەبارەت بە من چەندە، بەهەرحاڵ خەتایی ناردییەوە بەدووی کاغەزەکاندا کە من بێ ئەوەی حساب بۆ قسەکانی وی بکەم، هەموویم دڕی بوون. ئەنجام شەوێ بۆ ژووری بازجۆییان بردم، دیسان لەیەکەمین ساتەوە دەستم بە تەمەشای وێنەکانی قەد دیوارەکە کرد. کۆمەڵێک وێنەی دیکەشیان بە دیوارەکەوە هەڵواسیبو، خەتایی بەدەم شۆخییەوە قسەی دەکرد! چییە دیسان سەیری وێنەکان دەکەی؟ دەزانی کە ژمارەیان زیاتر بووە، من کە چاوم نزیکبین بوون و نەمدەتوانی بە چاکی وێنەکان بدینم. گوتم کوا چاویلکەکەم بدەنەوە. هەستام و لە وێنەکان نزیک بوومەوە، خەتایی هیچ ڕێگرییەکی لێ نەکردم، بەخۆی یەک یەک ناوی هاوڕێکانی بۆم خوێندەوە، بەهەرحاڵ فۆڕمی بازجۆییەکەیان هێنا، گوتی: "خۆت دەینووسیت یا من بینووسم؟ تۆزێک بیرم کردەوە و لە دڵی خۆمدا گوتم: با جارێکی دیکەش ئەم تاقیکردنەوەیە بکەم وبزانم پرسیارەکانیان لە چ زەمینەیەکدان و چ زانیارییەکیان دەربارەی من هەیە؟ گوتم: خۆت بینووسە.

پرسیار: ناو.. ناوی نهێنی.. شۆرەت..

–چۆن بە مەسەلە سیاسیەکان ئاشنا بوویت؟ لە فکران ڕا چووم، دەبێ چ وەڵامێک بدەمەوە.

لێرەدا بیرم لەمە کردەوە کە چونکە فۆڕمەکە نووسراوە و بۆ دادگا دەنێردرێت و سوودی لێوەردەگیرێت، نابێ خۆم وا نیشان بدەم کە زۆر شارەزای مەسەلە سیاسییەکانم، پێموابوو کە دەبێ ئاگایانەتر لەوەی کە هەم خۆم نیشان بدەم.

گوتم: بێنە خۆم دەینووسم، قەڵەم جافەکەم بەدەستەوە گرت، دیسان دەبیرەوە چووم، یەک وشەم نووسی و خێرا خەتێکم بە سەریا هێنا، دووبارە ڕستەیەکم نووسییەوە و دووبارە قەڵەمێکم پێدا هێنا، دووبارە ڕستەیەکی دی، دووبارە بیکوژێنەرەوە، دیسان لە فکران ڕا چووم، زۆرم درێژە بەم کارە دا، خەتایی بێتاقەت بوو، هەندێک لەو زانیاریانەی دەربارەی من هەیبوو، بەیان کرد:" دەی یەکەم کەس بەهرۆز کتێبی دەدایتێ، پاشان پەیوەندیت بە جەواد سەلاحییەوە کرد باشە ئێستا پێمان بڵێ مانگی شەهریوەر بوو کە لە تەورێزەوە بۆ تاران هاتی یا میهرمانگ بوو؟" لەسەری ڕۆیی و گوتی، دەبینی کە ئێمە ئاگامان لە هەموو کارەکانت هەیە، دەیسا خۆت

پاشماوەکەی بنووسە. گوتم: "کە تۆ دەڵێی ئێمە ئاگامان لە هەموو شتێک هەیە! کەواتە ئیدی من چیی بنووسم؟ ئەسڵەن ئەمە گرینگ نییە کە ئێوە دەزانن من لە میهرمانگدا بۆ تاران هاتووم یا لە شەهریوەر؟!" خەتایی گوتی نا ئێمە دەمانەوێت ئەم شتانە بەدەستی خۆت بنووسیت و پاشان کۆمەڵێک پرسیاری دیکەی کرد: " ئەدرەسی ئەو بنکە و خانووەی کە لەگەڵ جەواد دا تیای بوون چی بوو؟ چەند لەوێ مانەوە؟ چەند مانگ لەو خانووەدا بووی کە قوتابخانەیەکی لە بەردەما بوو و کەسێکیش لە نهۆمی سەرەوەیدا دەژیا؟ جارێک بۆ شناسایی چوویت بۆ بازاڕ و جارێکیش.. نا خۆت بیڵێ"

من وێڕای ئەوەی لەو پرسیارانەی ئەو هەندێک شتم دەست کەوت، جا بۆ ئەوەی زانیاری زیاترم دەست بکەون، بە ناڕەزاییەوە لەگەڵ هەر پرسیارێکی واندا، خۆیشم پرسیارێکم دەکرد، بۆ نموونە دەمپرسی کام خانوو قوتابخانەیەکی لەبەردەمدا بوو؟ وخەتایی وەڵامی دەدایەوە ئەو خانووەی سێ ژووری تێدا بوو، لە باشوور بوو، یا دەمپرسی چ کەسێک هەمیشە لە نهۆمی دووەمدا بوو، مەبەستت کام خانووەیە؟ ئەو وەڵامی دەدایەوە ئەو خانووەی کە لە نووسینگەی سەعادەتتان گرتبوو و پیاوێکی قەڵەوی گوایە هۆشیار لە قاتی دووەمیدا بوو *. (*. مەبەست هاوڕێ فەرهوودی بوو، کە لە یەکەمین چالاکی، بڕینی بانکدا، وێنەکەی دەستی دژمن کەوتبوو، لەو خانووەدا بە نهێنی دەژیا و چونکە نەدەبوو من و هاوڕێ یەکدی ببینین، ئەو هەمیشە لە قاتی سەرەوەی ئەو خانووەدا بوو).

ئیدی لەو جۆرە پرسیارانەم دەکرد، لەناکاوا خەتایی وەکو تازە پێ بزانێ کە نابێ وەڵامی ئەو پرسیارانەی من بداتەوە، تووڕە بوو و بەدەم هاوارەوە گوتی:" من تەحقیق لە تۆ دەکەم یا تۆ تەحقیق لە من دەکەیت؟" زانینی ئەم زانیاریانە بۆ من زۆر بە سوود بوو، چونکە دەمتوانی بۆ گەڵاڵە کردنی وەڵامەکانم سوودیان لێ وەربگرم، پرسیارەکانی دیکەی خەتایی لایەنی مخابەراتییان تێدا بوو و من زۆریان پێ قەڵس و ناڕەحەت بووم و لە ناکاوا نەفرەت سەراپای داگرتم، ئەم تاوانبارانە ، ئەم دژمنانەی خەڵک، ئەم جێبەجێ کارانەی فەرمان و یاسایێ، ڕژێمێک کە سەرچاوە و فاکتەری هەموو ڕەنجەکانی خەڵکی بوون، چاوەڕوانی ئەوەیان لە من هەبوو وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەمەوە کە بۆ دژایەتی ئەو بزووتنەوە چەکدارییە سوودی لێ ببینن کە من ئامادە بووم لە پێناویا، نەک جارێ ، سەد جار گیانی خۆم بەخت بکەم؟ ئەی ئافەرین ڕووداری، ئافەرین خەیاڵی پووچ، بە تووڕەیی قەڵەمەکەم لە عاردی دانا و بەدەم هاوارەوە گوتم من ئیدی نانووسم. پرسیان بۆچی؟ گوتم نامەوێ بنووسم، نامەوێ وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەمەوە. هەندێ قسانیان کرد، من هیچم نەگوت، کڕوکپ، بە نەفرەتەوە نیگام بڕییە ڕوخساریان . هیچیان نەگوت، بۆ ژوورەکەیان بردمەوە.

سبەی شەو یەکێک هات کە دووبارە بۆ ژووری بازجۆییم ببات. گوتم من نامەوێت هیچ قسەیەک بکەم، وەڵامی یەک پرسیار لەم پرسیارانەتان نادەمەوە، هیچ بەلامەوە گرینگ نییە بە ناچاری بۆ ژووری تەحقیق بێم. چووم بۆ ژووری تەحقیق، لە ژوورەوەش هەمان ئەو قسانەم بە خەتایی گوت. ئەو قسەی دەکرد و بەڵگەی دێنایەوە کە: "

وەڵامدانەوە بە قازانجی تۆیە و .." لەم کاتەدا زەنگی تەلەفوون لێی دا، گۆشیەکەی هەڵگرت ودوای چەند قسەیەکی کەم گوتی: "سەرقاڵین ،جارێ خەریکین لەگەڵ لەیلا خانمدا ( خانمەکەی بە تەوسەوە گوت) قسە دەکەین.. نەبابە پێویست ناکات.. لێرە قسە دەکات، تۆزێ سەبر بکەن.. نا بێگومان...!"

ئەگەرچی هەوڵیدا لە تەلەفونەکەدا ئاسایی قسان بکات، لێ من هەستم کرد ئەمە سیناریۆیە، لەوەشە من هەڵەبم، بەهەر حاڵ بۆ من هیچ گرینگ نەبوو، ڕووی کردە من کە: "بۆ چەند ڕۆژێک مۆڵەتم لێ وەرگرتن، ساواکییەکان تەلەفونیان کردبوو، خۆ وەڵامی پرسیارەکانمان دەدەیتەوە، وا نییە؟" گوتم: گوێ بگرە ئێوە چۆنتان دەوێ واهی ڕەفتارم لەگەڵ بکەن، بە زبری، بە نەرمی، بە دڵی خۆتان بکەن، بەڵام بە هەر حاڵ هەر ئەوەیە کە دەیبینن، من ئامادە نیم بچووکترین یارمەتیتان بدەم، من وەڵامی پرسیارەکانتان نادەمەوە، ئەو بەوپەڕی داماوییەوە، لەکاتێکدا دەیزانی کە هیچ ئومێدێک نییە و دەبێ بڕیاری خۆی بدات، گوتی:"باشە ئێمە چ بکەین کە تۆ بێیتە قسان؟ چیت لەگەڵدا بکەین تا وەڵامی پرسیارەکانمان بدەیتەوە؟" پێکەنین گرتبوومی. قەت وێنام نەدەکرد ئەم پرسیارە لە خودی من بکەن، بە پێکەنینەوە گوتم: من چوزانم؟ هیچم بەبیردا نایەت؟ ئیدی هیچ قسەیەکی نەکرد.

## *دیدار لەگەڵ هاوڕێ عەلی ڕەزا نابدل*

چەند ڕۆژێک بوو، شەڕ و مشتومڕمان لەگەڵ ژنەکان زیاتر بوو بوو، دەمم تێک نابوو قسەم لەگەڵ هچ کەسێکدا نەدەکرد، ماوەیەک بوو ژنەکە زۆربەی کاتەکانی ڕۆژ کەلەپچەکەی لە دەستم دەکردەوە، کەچی لەم ڕۆژانە تەنیا ڕۆژی یەک چارەکە سەعات دەیکردەوە، ئەویش بۆ نانخواردن، ئیدی ڕۆژ تا ئێوارێ بەوپەڕی ڕق و تووڕەیی بە تەختەکەوەی دەبەستم.

تەواو بیرم نییە سێ یا چوار ڕۆژ پاش دوا تەحقیق بوو کە نیوە شەو لە خەو بێداریان کردمەوە، کەلەپچەیان لە دەستم کرد و بۆ ژووری تەحقیقیان بردم، چونکە لە ناکاوا لە خەو هەستا بووم ، گێژ بووم، لە ژووری تەحقیقدا هاوڕێ نابدلم بینی کە لە سەر کورسییەک دانیشتبوو و زۆر لاواز و باریک و بنێس بوو بوو و چاوەکانی بە قووڵدا چوو بوون. دەستی ڕاستی لەسەر ئەژنۆی دانا بوو و نائاسایی دەهاتە بەرچاو ( دوایی زانیم تومەز وەختێ لە نهۆمی سێیەمی خەستەخانەی شارەبانییەوە ( ئەمن) خۆی هەڵدابووە خوارەوە، دەستی ڕاستی شکا بوو، دوای گرتنەوە و تیمارکردنی، پێنج سانتیمێک لە دەستی چەپی کورتتر بوو بووەوە.) هاوڕێ کە منی بینی چاوەکانی لە خۆشیاندا پرشنگی دا. سەرم لەوە سوڕما کە بەکرێگیراوان چۆن منیان بۆ ئەو ژوورە هێنا، کە هاوڕێی لێبوو. کونجکاو بوو بووم کە بزانم مەبەستیان چییە و دەیانەوێ چ کارێک بکەن ، کورسیەکیان لە بەرانبەر هاوڕێ نابدل دانا و من لە سەری ڕۆنیشتم. خەتایی پرسی: " تۆ لە نووسین و ئامادەکردنی بەیاننامە و ڕاگەیانراوەکانی سیاکەلدا چ دەورێکت هەبوو؟" هیچم نەگوت، بیرم تەبیا لای هاوڕێ نابدل بوو، ئەویش لەو دەمەوە کە من وەژوور کەوتبووم، زۆر بە وردی و تیژی سەیری منی دەکرد. خەتایی بێئەوەی چاوەڕوانی وەڵام بێ، و دیاربوو مەبەستێکی دیکەی هەبوو، دووبارە پرسی:" کێ بڵاوکراوەکانی نووسی، کێ تایپی کرد؟" دیسان هیچم نەگوت، خۆم کەڕ کردبوو، بێدەنگییەکەم ئەوەندە زەق و دیار بوو، کە بە هیچ شێوەیەک بە شکست یا ورە بەردان نەدەهاتە لێکدانەوە. دوای ئەمە، خەتایی ڕووی کردە هاوڕێ نابدل و هەمان ئەو پرسیارانەی لەویش کرد، سیمای هاوڕێ نابدل ئەوەی دەنواند کە خەریکە لە مێشکی خۆیدا مەبەستی ئەو پرسیارانەی دژمن تاوتوێ دەکات. لە هەوەڵەوە بۆ چەند ساتێک بێدەنگ بوو و هیچی نەگوت. پاشان هەمان ئەو وەڵامانەی دووبارە کردنەوە کە پێشتر لە تەحقیقەکەی خۆیدا، دابوونیەوە. پاش ئەوە چ قسەیەکیان لەگەڵ مندا نەکرد، بە پاسەوانەکەیان گوت بیبە ، تەواو..."

بۆ ژوورەکە گەڕامەوە، بە سەعاتان بیرم لەم کارەی دژمن کردەوە، سەرم لەم کارەیان دەر نەدەکرد، لە هەوەڵەوە قسەکانی هاوڕێ نابدلم وەیاد هێنانەوە. ئایا دژمن بچووکترین سوود لەم زانیاریانە وەردەگرێت؟

قسەکانم دووبارە و سێ بارە کردەوە و گەییمە قەناعەت کە نەخێر قسەکانی هاوڕێ بە هیچ جۆرێ کۆمەک بە دژمن ناکەن.

دەی باشە دژمن چ مەبەستێکی لەم نمایشە هەبوو؟ ئەوسا هیچ وەڵامێکی ئەم پرسیارەم نەدۆزییەوە، هەنووکە دەزانم کە دژمن بۆ لە بەردەم مندا ئەو پرسیارانەی لە هاوڕێ نابدل دەکرد. ئەو پرسیارەی کە دەیزانی وەڵامی هاوڕێ هەمان وەڵامە کە پێشتر دابوویەوە و هەنووکە تەنیا دووبارەیان دەکاتەوە و تەواو. مەبەستی دژمن لەم سیناریۆیە ئەمە بوو کە وابنوێنێ گوایە نابدل زۆر ئاسایی قسان بۆ ئێمە دەکات و هیچ سەغڵەت و ناڕەحەتیش نییە، بەڵکو لەم ڕێگایەوە ورەی من لاواز بکەن و کەویم بکەن و چیتر وا سەرسەختانە بەگژیاندا نەچمەوە، بەڕاست بۆچی پاش وەڵامی هاوڕێ نابدل، سەبارەت بە بڵاوکراوەکان یەک وشەی تریان لە من نەپرسی؟ هەنووکە کە ئەو سیناریۆیە دێنمەوە بەرچاوی خۆم هەست دەکەم هەموو شتەکان بە مەبەستێکی تایبەت هاتبووە داڕشتن: چوون بۆ ئەو ژوورە، لە سەر کورسی دانیشتن بەرانبەر بە هاوڕێ نابدل، پرسیار و وەڵامێن بێ بایەخ و... بەڵێ ئەمە فێڵ و نێرەنگێکی دژمن بوو کە تەنیا بە ڕەچاوکردنی هەڵوێست و ڕەفتاری شۆڕشگێڕانەی هاوڕێ نابدل، دەکرا پەی پێ بێتە بردن. ئەو هاوڕێیەی کە شۆڕشگێڕێکی ڕاستەقینە بوو و تا ساتی شەهید بوونی پڕ لە شانازی کە بە باوەشی واڵاوە پێشوازی لێکرد، هەرگیز دەستی لە خەبات هەڵنەگرت.

ئەوەندەی ،من کاریگەری ئەو دیمەن و سیناریۆیانە و ئەنجامی ئەشکەنجەی دەروونیم جەڕباندووە، دەتوانم بڵێم کە ئەشکەنجەی جەستەیی بە بێ ئەشکەنجەی دەروونی ناتوانێ کاریگەرییەکی گشتی و تەواوی هەبێت. بۆیە لە خۆڕایی نییە کە دژمن بەر لە هەر کارێک هەوڵدەدات ئینسان لە خەبات نائومێد بکات و بێباوەڕی و بێ متمانەیی لە نێو هاوڕێیاندا بێنێتە ئاراوە. دیتن یا  بیستنی حاڵەتی نائومێدی و ڕووخانی کەسێک، هەرچەندە ئاگاداری هۆیەکەشی هەبێت، ماکی خراپی دەبێت و کاری خراپ لە بەرانبەرەکەی دەکات. دیارە پێچەوانەش پێچەوانەیە، دیتنی ورە بەرزی و خۆڕاگری و پایەداری خەباتگێڕانی دی، جۆش و خرۆش بە ئینسان دەبەخشێت و لە هەنبەر ئەشکەنجە و نێرەنگ و تەڵەکەکانی دژمندا، خۆڕاگرتری دەکات. بۆیە ورە بەرنەدان و ئەنجامدانی ئەو کار و قسانەی کە دەبنە مایەی ورە بەرزکردنەوەی هاوڕێیانی دی لە بەردەم دژمندا، ئەرکی هەر کەسێکی شۆڕشگێڕە، بە تایبەتی دوای دەسگیرکردنی. دژمن بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدات ئەم ورە بەرزییە لە نێو خەباتگێڕاندا نەهێڵێت. ڕێگەیەکی سەرەکی پوچەڵکردنەوەی ئەم هەوڵەی دژمن، ئەمەیە کە هەرگیز ڕێ بە دژمن نەدەین ڕەفتاری میهرئامێزی هەبێت. دەبێ هەمیشە هەڵوێست و ڕەفتاری خۆمان بەجۆرێ ڕێک بخەین، کە دژمن نەتوانێ بە میهرەبانی و سۆزی درۆینەی خۆی قسەمان دەگەڵدا بکات.

ڕێگەیەکی دیکەش بۆ وادارکردنی من بە وەڵامدانەوەی تەحقیقەکە گیرایە بەر: دو کچی تایپێست هەبوون کە هەندێجار بۆ ئەوەی کە گوایە من بێتاقەت نەبم، بۆ ماوەی سەعاتێ دەهاتنە ژوورەکەی من و قسانیان دەکرد. ئەمانە بەدەم پێکەنین و سوعبەتەوە هەندێ پرسیاریان دەکرد. وایان وێنا دەکرد کە لەگینە بکەومە داوی

لیبۆکبازییەکانی ئەوانەوە. هێندە پڕ ڕوو بوون یا بەجۆرێ قوڕمیش و کۆک کرابوون، کە لە هەنبەر جنێوەکانی مندا هەر خۆشیان شلوێ نەدەکرد، دەتگوت هەر لەگەڵ ئەوانیشم نییە. دەیانویست متمانەی من بەدەست بێنن. دەیانگوت: " ئەشرەف گیان باشە تۆ هەرچیت دەوێ بیڵێ، تازە ئێمە پەیوەندییەکی تایبەتیمان لەگەڵ تۆدا پەیدا کردووە، ئێمە ناهەقت ناگرین کە جنێوان بدەی، چونکە تۆ ئێمەش بە بەشێک لە موحەقیقەکان دەزانی، دەی با وابێ، تۆ جارێ نازانیت کە لەڕاستیدا وا نیە، پاشان بۆت بەدیار دەکەوێ کە ئێمە دوو نەفەر کارمەندی سادەین کە بەیانی دێین و عەسر دەڕۆینەوە. وەکو گشت دایەرەکانی دی، بۆ ئێمە فەرق ناکات لە هەر دایەرەیەک کار بکەین. چونکە کارمان بەکاری دایەرەوە نییە..." دەمگوت بڕۆن ئەم قسانە بۆ دایکتان بکەن. من باوەڕم بە خزمەتگوزاری ئێرە نییە و ناتوانم بە خزمەتگوزارێکی ئاسایی بزانم، چ جای ئێوە.

دوو شەوی دیکەش بۆ تەحقیقیان بردم، لەم ماوەیەشدا توانیم پتر پەی بەو زانیاریانە بەرم کە دژمن لەسەر من هەیبوو، بەڵام دژمن هێشتا نەیتوانی بوو فۆڕمی تەحقیقەکەم پڕ بکاتەوە.

لە ژوورەوە دەرفەتێکم قۆستەوە تا بتوانم هەموو دانیشتن و دیدار و بازجوییەکان بە دروستی گەڵاڵە بکەم و پوختەیەکی پوختی لێ هەڵێنجم، سەیرم کرد هەموو ئەو زانیاریانەی دژمن دەرباری خۆم، کار و چالاکییەکانم، دەربارەی پەیوەندییەکانم هەیەتی، خۆم لێیان بە ئاگام، بەرگری من بە درێژایی تەحقیقەکان، هەنووکە هاتبووە بەر و من لە هەموو شتێک ئاگادار بووم، هەنووکە هەستم بەوە دەکرد کە ئامادەیی ئەوەم تیایە کە دۆسیەی تەحقیقەکە بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی ئەرکی خۆم پڕ بکەمەوە بێ ئەوەی هیچ زانیاریەکی بە کەڵک بە دژمن بدەم و بەم جۆرە قۆناغی تەحقیقکاری کۆتایی پێبێنم و خۆم لەم بێ تەکلیفییە دەربێنم. جارێکی دی هەموو ئەو مەسەلانەم کە ڕوویان دابوو، لە دڵی خۆدا شەن و کەو کردنەوە تا ئەگەر ئیرادێکم پێ شک هات، خێرا چاکی بکەمەوە. لە پاش دوا کۆبەندی ئەو شتانە بڕیاری خۆم دا.

دوو ڕۆژ بە سەر دوا تەحقیقدا تێپەڕی کە دووبارە بۆ ژووری تەحقیق برامەوە. ئەمجارە بڕیارم وابوو فایل و فۆڕمەکانی بازجۆیی، بە زانیاری شێواو کە لە بێ زیانیان دڵنیا بووم پڕبکەمەوە، خەتایی ئەم بەکرێگیراوە سووک و چرووکە، کە دەیویست ئەم هەلە بقۆزێتەوەو گوایە بۆچوونی من سەبارەت بە هاوڕێیان هەڵگێڕێتەوە، گوتی:" هەندێک هەواڵمان دەربارەی کردەوەکانی پویان پێگەییوە، پیاو شەرم دەکات بیگێڕێتەوە، ژنێک هاتووە شکاتی کردووە کە پویان و چەند نەفەرێکی دی چوون ژنەیان لە ماڵی خۆی دزیوە و ... ژنەکە ئەوەندە پەست و ناڕەحەت بوو، پەیتا پەیتا جنێوی دەدا" گوتم: ئەم قسانە کۆنن، ئێوە تەنانەت بەڵەد نین درۆکانیشتان بە جۆرێ بهۆننەوە کە بەلای کەمەوە تۆزێک جێگەی باوەڕ بێت! زۆر بە توندی پێی دادەگرت کە قسەکانی دروستن، دەیگوت: دەنێرم سبەینێ ژنەکە بۆ ئێرە بێنن. هێندە بە دڵنیاییەوە قسەی دەکرد، ئەگەر کەسێک بە ئاستەم گومانی لە پاکی هاوڕێیان بوایە و نەیزانیایە سەراپای ژیانی هاوڕێیان بۆ خزمەتی خەڵک تەرخان کراوە، لەوە بوو ئەوەی بە دڵدا بهاتایە کە ئایا بەڕاستی دەشێت ئەوان ئەو کارەیان کردبێ؟ ئەم درۆیانەی لە کۆتایی

تەحقیقەکەدا دەرفرتاند و بۆ وەی کە قسەکانی کاریگەری تەواو ببەخشن، وەکو یەکێ بیەوێ لوتف و میهرەبانی بنوێنێت گوتی دەتەوێ کەل وپەل و شتەکانی ماڵی پویان ببینی؟ هەموو شتەکانی لەو ژوورە گەورەیەدا داناوە، هەموو ئەوزارەکان، چەکەکان، تفاق و کەرەستەکانی شاخ، بەیاننامە و بڵاوکراوەکان.. هەر هەمووی لەوێن.

چووین بۆ ژوورە گەورەکە، لە بەرانبەرەوە دوو مێزی درێژ هەبوو کە تفاقەکانیان لە سەر دانابوون، جلەکانی هاورێ پویانیان بە یەکێک لە دیوارەکانەوە هەڵواسی بوو، جلەکانیان بەجۆرێ هەڵواسی بوو، وەکو ئەوەی لەبەر کەسێکدا بێ، کاتێ لە جلەکانی نزیک بوومەوە، ئیدی وەختی بوو بەم خاینی بەکرێگیراوە بڵێم ئەو هەموو ئارەق ڕشتن و خۆ ماندوو کردنەت و ئەو هەموو درۆ هەڵبەستنەت بەدەم هاورێ پویانەوە، بەقەد نووکە دەرزییەک کار لە من ناکات. وەکو ئەوەی جلەکان، هاورێیان تێدا بێ و لەبەر خۆیدا بن، ماچم کردن، خەتایی وئەوانی دی کە تا ئێستا لە هەوڵی ئەوەدا بوون شتەکانم یەک یەک نیشان بدەن، حایر و حەپەساو سەیریان کردم و منیش لە بەرچاوی وان بۆ ئەوەی خۆشەویستی خۆم بۆ هاورێ دووپات بکەمەوە گوتم: ئەم جلانە زۆر بەباشی دەتوانن هاورێم لە بەرچاو بەرجەستە بکەن. بۆ ئەوەی تەریقی خۆیان بشارنەوە، یەک دوو شتی دیکەیان نیشان دام و بۆ ژوورەکەیان گەڕاندمەوە.

دوو کەڕەتی تریشیان بۆ ژوورەکەی خەتایی بردم و بەمجۆرە دوای یەک مانگ و نیو، تەحقیقی گۆرین تەواو بوو، بەراستی تەحقیقێکی جەڵەبی و گاڵتەجاڕانە بوو، هەر هەموو گەمەکانی من لە سەر کاغەز تۆمار کرابوو، خەتایی جۆری بەرخورد و هەڵوێستەکانمی لەسەر نووسی بوو، پاشان کە لەکاتی پەروەندە خوانیدا لە دادگا دەمخوێندنەوە، نەمدەتوانی جڵەوی پێکەنینی خۆم بگرم. برێک شتی بێسەروبەر بە دەست خەت و ئینشایەکی منداڵانە لەپاڵ یەکدا ڕیزکرابوو. کاغەزەکان هیچ مەبەستێکیان بەدەستەوە نەدەدا، لە کاغەزەکاندا نووسرا بوو تەنیا هاورێ شەهیدەکان لە چۆنیەتی ئەو کارانە ئاگادار بوون، کە دژمن زانیاری تەواوی دەربارەیان نەبوو، بۆ نموونە ئێستاش ڕوون نەبووەوە کە بۆچی من هەموو ڕۆژێ دەچووم بۆ بەر زانستگا ( بەگوێرەی ڕاپۆرتی ئەو بەکرێگیراوەی کە هاوکرێچی براکەم بوو) گوتبووم هاورێ بەهرۆز دەیزانێ، هیچی بە من نەگوتبوو، ڕەنگە هەر بۆ چاوبەستەکێ و ڕێ گومکێ بووبێ کە دەیویست من دەگەڵیدا بم.

ئەنجام هەندێ لە کارەکانیش درابوونە پاڵ ئەو، هەموو قسەکان، تەنانەت بێ بایەخترین قسەش بەدرۆ دەچوو.

## *میهرەبانی و نەرمی*

## *هۆیەکە بۆ ڕوخاندنی ورەی بەرزی خەباتکاران*

دەگەڕێمەوە بۆ ڕۆژانی دوای شکاندنی مانگرتنەکەم، بۆ ئەو ڕۆژانەی کە دژمن هەوڵی دەدا بە هەر شێوەیەک بووە تەحقیقم دەگەڵدا بکات.

پاش ئەوەی  هاتمە ڕەدا کە نان بخۆم، ڕەفتاریان گۆڕا، ئیتر هەموویان بوو بوون بە دایەنی دڵسۆزتر لە دایک.

ماوەیەک لە بەشە خۆراک و جیرەی ئەفسەرەکان خواردنیان دەدامێ، بریانی بە مریشک و زەعفەران، مریشکی برژاو، پەردەپڵاو.. یان دەدامێ، من نەمدەزانی خۆراکی ئێرە دوو جۆرە، یەکێکیان بۆ پاسەوان و زندانییەکانە و ئەوی تریان بۆ ئەفسەران و فەرمانبەرانە، گومان لەوەدا نەبوو لەبەر لاوازی بەدەنی ئەم خواردنەیان بە من دەدا تا کەمێک ببوژێمەوە. سەرم لەو خزمەتە سوڕدەما، بە بەکرێگیراوە بە ئەدەبەکانیانم! دەگوت: مەبەستی ئێوە لەم خزمەتکردنە ئەمەیە کە ببوژێمەوە و هێزێک پەیدا بکەم و ئێوە بتوانن باش ئەشکەنجەم بدەن. لێ من خۆشحاڵم کە هیچ شتێکم پێ نییە ئێوە بتوانن لێمی دەربێنن و دەمگوت: خۆزیا زانیارییەکم لابوایە و بمکردایە بە عەزرەتی دڵتان و پێم نەگوتبانایە، ئێوە نازانن ئەم کارە چەند خۆشە. ئەوان وایان دەنواند کە ئاگاداری ئەم مەسەلانە نین و تەنیا بیر لە بوژانەوەی جەستەیی من دەکەنەوە. دەتگوت من یەکێکم لە ئەندامانی خانەوادەی ئەوان.

پاشان زانیم کە مەبەستیان لەم بە ناو خزمەتەیان ئەمە بوو کە من سەلامەتی جەستەییم کە لە ژێر ئەشکەنجەدا لە دەستم دابوو، بەدەست بێنمەوە و تا ئەگەر نوێنەرێکی کۆمەڵەی مافی مرۆڤ لە دادگا ئامادە بوو، بەم لەڕو لاوازییەوە نەمبینێ و شوێنەواری ئەشکەنجە بە ڕوخسارمەوە بەدی نەکات. ئەمە یەکێک لە فەندەڵ فێڵ و تاکتیکەکانی دژمن بوو، تەنانەت لە هەندێ هەل ومەرجدا شرینقەی تایبەتی لە زندانی دەدەن و لەشی کەمێک دەئاوسێ، تا قەڵەو بنوێنێ و بڵێن بەخزمەتە.

دوو ژن، هەرچەندە ماموری چاودێری من بوون، ڕاسەوخۆ و ناڕاستەوخۆ خواستی موحەقیقەکانیان جێبەجێ دەکرد. کە هەندێجار بە میهرەبانی ڕەفتاریان دەگەڵدا دەکردم، بۆ ئەوە بوو کە لە ڕوو دابمێنم و ڕەفتاری توند نەکەم و نەنوێنم. یا بەجۆرێ ئازاری ڕۆحیم بدەن کە بۆ نموونە لە ناچاری و نارەحەتیدا بکەومە پاڕانەوە. جا ئەوانە بە حوکمی ئەوەی ژن بوون و بیست وچوار سەعات بەلای منەوە بوون، دەیانتوانی بۆ گەیشتن بەمەرامی خۆیان سوود لە جۆرەها شێواز وەربگرن. هەر لە مجامەلە و قسەی دۆستانەوە بیگرە تا دەردەڵی خانەوادەیی، تا دەگاتە فسکە فسک و جاسووسی ژێراو ژێر و قسە لێ دەرهێنان.

سەبارەت بە هاوڕێ شەهێن تەوەکولی، بۆ ئەوەی هەندێ زانیاری دەربارەی هاوڕێ عەباسی جەمشیدی روودباری (٨) لێ دەربێنن، سیناریۆیەکیان دروست کردبوو: دوو ژن پشت لە هاوڕێ شەهێن دەوەستن، بە ئەسپایی و بە شێوەیەک هاوڕێ شەهێن گوێی لە قسەکانیان بێ، بەڵام وا هەست بکات گوایە ئەوان نایانەوێت گوێی لە قسەکانیان بێت، بە دووقۆڵی دەکەونە باسی چۆنییەتی گرتنی جەمشیدی " ئەرێ جەمشیدیان فرێ داوەتە کام ژوورە – ژووری ژمارە سەد و هەفتاوسێ. – ئەو پیاوەیە کە بەشێوەزاری باکووری قسان دەکات.." دوای نیوەڕۆش یەکێک لە پاسەوانەکان ، کە ڕەفتاری دەگەڵ هاوڕێ شەهێندا باش دەبێت، بەناوی دۆستایەتییەوە هەواڵی بۆ دێنێ کە جەمشیدیان گرتووە و حاڵی حازر لە ژووری ژمارە سەد و هەفتاوسێیە. هەر ئەو شەوە هاوڕێ شەهێن، بۆ تەحقیق دەبەن و سەبارەت بە هاوڕێ جەمشیدی پرسیاری لێ دەکەن، مەبەستیان ئەمە بوو بوو کە هاوڕێ شەهێن لە دڵی خۆیدا بڵێت: هاوڕێ جەمشید کە گیرابێ و لە زنداندا بێ، ئیدی گرینگ نییە قسانی لە سەر بکەم، چونکە کاتێ ئەم قسەکردنە بە قازانجی دژمن دەشکایەوە ئەگەر نەگیرابوایە.

ڕۆژانی هەوەڵی پاش شکاندنی مانگرتنەکەم، دوو ژنەکە بە ڕادەیەک میهرەبانیان دەکرد، کە سەرم سوڕدەما. لە دڵی خۆدا دەمگوت باشە ئەمانە نازانن من دژمنیانم. بەدەمی خۆم هاوار دەکەم دژمنیانم، ئەدی ئەمەیان لەچییە؟ هەرچی سەرم دێنا و دەبرد ، سەرم لە کارەکانیان دەرنەدەکرد، بۆیە لە دڵی خۆدا گوتم ڕەنگە هەر تەبیعەتیان وابێت. بۆ نموونە بەیانیان کە لە خەو ڕادەبووم، کەلەپچەکانیان لە دەستم دەکردەوە ، شیر و هێلکە و چایان بۆ دەهێنام، جا بە چ دڵسۆزی و ڕێزێکەوە! بە خزمەتگوزارەکەی دەگوت لە پەرداخی گەورەدا چای بۆ ئەشرەف بێنە. من دەزانم تورکان چای زۆر دەخۆنەوە. یا دەتبینی لە کیسەی خۆیان میوەیان دەکڕی و وەکو ئەوەی کە من میوانێک بم و چووبمەماڵیان هەمیشە وێڵ و ماریفەرتیان دەنواند، بە زۆر میوەیان بە دەممەوە دەکرد و بە دڵسۆزی دایکێکی ڕاسەقینەوە دەیانگوت:" ساواکی بێ شەرەف کچەکەیان کوشتووە، چ خەڵکانێکی بێ بەزەیین. بابە شارەبانییەکان زۆر ئینسانن" وەکو هەست بە گەورەیی و زەقی درۆکەی خۆیان بکەن و بیانەوێ متمانەی من بەدەست بێنن لە سەری دەڕۆیین:" بەینی خۆمان بێ چەند ئەفسەرێکی ئێرەش بێ شەرەفن" هەمیشە لەگەڵ ئەم قسانەدا کۆمەڵێک ستایشی منیان دەکرد. ئەشرەف چەند بێگەرد و بێ شێلە و بێلەیە، کەپووی چەند جوانە، ددانەکانی هەر مەپرسە دنیا دێنن.. و یەکێک لە ژنەکان بەردەوام دوپاتی دەکردەوە کە من کتومت لە کچە گەورەکەی ئەو دەچم. بەهەر حاڵ دوای شکاندنی مانگرتنەکە، ئەمە ڕەفتاری سەرەکیان بوو، یان دەشێت بگوترێت هەوڵیان دەدا وابن. لێ چەرخی زەمان بە دڵی ئەوان نەدەگەڕا، ناچار بوون لە هەنبەر کاردانەوەکانی مندا، هەڵوێستی جیا لەمە وەربگرن. لەڕاستیدا ئەوان دەیانویست بەم بەناو دڵسۆزیی و میهرەبانیانەی خۆیان، بڵێن مرۆڤی باشن. تەنها دوو سێ کەسی خراپ هەن کە ئەشکەنجە دەکەن! ژنەکە دەیگوت: "تۆ نازانی ئەشکەنجەچییەکان هەوەڵجار خۆیان ئەشکەنجە دەدەن، ئەوسا بەرانبەرەکەیان. لەکاتی ئەشکەنجەداندا ئەعسابیان ورد و خاش دەبێت." سەبارەت بە نیک تەبع دەیگوت: " لەکاتی ئەشکەنجەداندا بە ڕادەیەک ناڕەحەت دەبێت کە پێموایە ئاقیبەت ڕۆژێ دەست بەشەلاق، سەکتە لێی دەدا"

من هەرچەند لە هەنبەر ڕەفتاری وان حاڵەتێکی ئاساییم هەبوو و خۆیشم قسەی ئاساییم دەکرد- بۆ نموونە لە ڕەوشی خانەوادەییانم دەپرسی- بەڵام وێڕای ئەوەش چاودێری ڕەفتار و هەڵوێستیانم دەکرد تا بزانم مەبەستی گڵاویان، لەکوێی کار و ڕەفتارەکانیاندا پەنهانە، ئەم بابەتە بە جیا و بەش بەش نەدەهاتە فامین، مەسەلەیەکی گشتی بوو. کوشتنی گیانی خەباتگێڕانەی خەباتکاران! ئەمە نێرەنگ و فێڵێکی تاقیکراوە بوو، کە لە ڕابردوودا چەندەها جار سەری گرتبو.

## ئەسیر کێیە؟

بەم شێوەیە کە میهرەبانی لە ڕادەبەدەری  زندانەوانەکانی خۆم دەبینی، هەموو دەمێک حیسابم بۆ ئاکام و مەبەستی ئەو ڕەفتارەیان دەکرد، وبیرم لەو کاریگەرییە خراپانە دەکردەوە کە لەگین بوو من هێور بکەنەوە، نا، نەدەبوو ڕێگایان بدەم کە بە نەرمی ڕەفتارم دەگەڵدا بکەن، بۆیە هەر هەلێکی لەبارم بۆ هەڵکەوتایە ئەو قسانەم دەکرد کە بە دید و بۆچوونی خۆم، دەشیا کار لە پاسەوانەکان بکات و بە حەقیقەتی خۆیانی ئاشنا بکات، یا ئەو قسانەم بۆ دەکردن کە ماهیەتی ئەو ئەرکەیان بۆ دەربخات کە خراوەتە ئەستۆیان، کە جگە لە تاوانکاری هیچی دیکە نییە. لەم حاڵەدا ناچار دەبوون هەڵوێست و ڕەفتاری خۆیان بگۆڕن، ڕەفتارێن بە ناو میهرئامێز لە دوو ڕۆژان پتر دەوامی نەدەکرد، کە ڕەوشەکە دەگۆڕا، شەڕ و جنێو و تەوس و توانجان لە نوێ دەستی پێدەکردەوە، دووبارە بوونەوەی ڕۆژانەی ئەم کارانە، دەهری دەکردن. من لەم ڕووەوە سەرکەوتوو بووم. ئەوان دەیانگوت: " ئەگەر هەر پێنج قامکت بە هەنگوین بن و لە زاری ئەم کیژەی بنەیت، دەڵێت هەنگوین نەبوو.. ژەهر بوو" دەمبینی چ حسابێکی کورت بینانە دەکەن. ئەمانە وێرای ئەوەی بەکرێگیراوی دژمن بوون و دژمنایەتی چینایەتییان دەگەڵ مندا هەبوو، کەچی لە تۆڕینێکی شەخسییەوە حسابیان بۆ بابەتەکە دەکرد. لە دڵی خۆدا پێدەکەنیم . پێمدەگوتن: ئاخر دژمنی چینایەتی ناتوانێ پێنج قامکی هەنگویناوی هەبێ، دۆستایەتی دژمن، دۆستایەتی گورگە. ئێمە دژمنی چینایەتی یەکترین، ئەگەرچی ئێوە دەڵێن با واز لەم قسانە بێنین چونکە لەیەک ژووردا و بە بێ ئەوەی پەیوەندیمان بە موحەقیقەکانەوە هەبێ، دەشێت هەقمان بەسەر بیروباوەڕی یەکترەوە نەبێت. ئێستا کە بیر دەکەمەوە پێکەنین دەمگرێت، کە بە چ ئەعقڵێکەوە گەنگەشەم دەگەڵ دەکردن و بەڵگەم بۆ دێنانەوە کە قسەکانیان لە بنج و بناوانەوە هەڵەن. بەڵام ئەوانیش وێرای هەوڵی زۆر نەیاندەتوانی کارێک بکەن کە هیچ بەرخوردێک دروس نەبێت. ئاخر چۆن دەکرا ئێمە دژمنی یەکتر بووین و ڕوو بە ڕووی یەکدیش بین، ئەوەی کە ئەوانی خۆشحاڵ دەکرد دەقاو دەق هەمان شت بوو کە منی پەست و تووڕە دەکرد، ئەو شتەی ئەوانی نیگەران و ناڕەحەت دەکرد، مایەی خۆشحاڵی من بوو. سەراپای ژیانیان نوقمی بێهوودەیی بوو. شۆخی و گاڵتەو گەپەکانیانیش کۆنەپەرستانە بوون. ئەوان لاسایی و دەمەلاسکێی هاوڕێیانیان دەکردەوە، دیارە لەم کاتانەدا ڕەفتاری من جۆرێکی لێ دەهات کە ژنۆکەکە، باسی پێنج ئەنگوستی هەنگویناوی دەکرد. ئەوەی بە چاودا دەدامەوە، لە هەوەڵەوە ئەمەیان بەلاوە سەیر بوو، چونکە بۆ نموونە، هەمووی پێنج دەقیقەیەک لەمەو پێش بە ناو یەک دنیا محەبەتیان لەگەڵ کرد بووم، بۆچی ئێستا من لە سەر شتێکی بەلاش– هەڵبەتە بەلای ئەوانەوە– وەکو لاسایی کردنەوەی هاوڕێیان، هەموو میهر و خۆشەویستییەکی پێشوویان فەرامۆش دەکەن!...

پاشان بۆیان دەرکەوتبوو کە ئەم کارە دەگەڵ میهر و خۆشەویستی درۆینەیاندا تێک ناکاتەوە. ئیدی لە حاڵەتی ئاساییدا ئەم کارەیان نەدەکرد. هەڵبەتە هەمیشە ئەم جۆرە ڕێکەوتانە ڕوویان دەدا، ئەوان هەوڵیان دەدا من لە

ڕێکخراوەکەم جیا بکەنەوە. تانە و تەشەریان لە ڕێکخراوەکەم دەدا و مادامێکی جنێو بە خودی من نادەن، هەق نییە پەست و ناڕەحەت بم، لەکاتێکدا ڕوون و خوویا بوو، من و ڕێکخراوەکەم تەنیا لە دیدی تەسک و سنوورداری وانەوە دەشیا لێکدی جیا بین.

ئێستاش سەر لە هەندێ ڕەفتاریان دەرناکەم، لە تۆ وایە من بوو بووم بە یەکێک لە خانەوادەکانی وان. تەنانەت هەندێجار شانازییان پێوە دەکردم. بۆ نموونە ڕۆژێک کە گوایە بەکرێگیراوان باسی ئەشکەنجەدانی من دەکەن و ستایشم دەکەن، ئەم دوو ژنە بە ڕوخساری گەش و خۆشحاڵییەوە هاتنە ژوورەکە، بە میهر و خۆشەویستییەوە سەیریان کردم، بەڵام خۆیان پێ نەگیرا و نەیانتوانی بێدەنگ بن. بە خۆشحاڵییەوە گوتیان: " هەموو هەر ستایشی تۆ دەکەن!" پاشان لە زندانی قەسریش دا، لەو کچە زندانیانەم، کە بۆ ئەوێ دەهاتن و دەگەڵ ئەو ژنەدا تەماسیان هەبوو، دەژنەوت کە ئەو ژنە باسی ئەشکەنجەکانی منی بۆ کردبوون و بە شانازییەوە باسی بەرخودان و خۆڕاگری منی کردبوو و گوتبووی: " ئێوە چین من چریکم لە ژێر دەستا بوو!"

بەمجۆرە ڕۆژان دەبوورین و بەم چەشنە هەر کاتێ دەرفەتی ڕەفتاری مەحەبەتئامێزیان نەبوایە، تەوس و توانج و گاڵتەبازی لە هەموو لایەکەوە دەستی پێ دەکرد. تەنانەت پاسەوانەکانیش کە لە گارد بوون- یانی بێ مێشک ترین بەکرێگیراوان- گاڵتەیان پێ دەکردم، من هەوڵێکی زۆرم دەدا کە ڕەفتارم دەگەڵ واندا باش بێت، بەڵام من لەم مەسەلەیە ناڕەحەت بووم، کە دژمن چۆن سوود لە نەزانی کەسانێک وەردەگرێت کە لە هەژاریی و بێ چارەیی خۆدا، دەتلێنەوە و کەوتوونەتە داوی ئەسارەت و چەوسانەوە و ئەوانیان خستووەتە سەنگەری دژایەتی ئێمەوە، کە لە پێناوی پچڕاندنی ئەو کۆت و بەندانەی ئەواندا دەخەبتین.

ژنەکان و ئەفسەرەکان هەوڵیان دەدا ، بە وروژاندنی مەسەلەی هێرشکردنە سەر کەلانتەری و پۆلیسخانەکان پشتیوانی خۆیان بۆ پاسەوانەکان دەربڕن و ئەوان دژی من هان بدەن. منیش بۆ پاسەوانەکانم ڕوون دەکردەوە کە ئەگەر مەسئولەکانتان ڕاست دەکەن، بۆچی هەمیشە ترسناکترین کار بە ئێوە دەسپێرن و کەمترین مووچەتان دەدەنێ؟ غەدرتان لێدەکەن، سووکایەتیتان پێ دەکەن و کەمترین ڕێز و حورمەتتان ناگرن؟ بەڵام ئەوان بەباشی لە قسەکانی من تێنەدەگەیشتن و کوێرانە گوێڕایەڵی بەرپرسەکانی خۆیان دەکرد، بۆ نموونە یەکێک لە پاسەوانەکان هەرکە لە ژوورەوە وەدەرکەوت لاسایی هەوەڵین ڕۆژەکانی گرتنی منی دەکردەوە کە: " خەڵک... خەڵک" و دەیگوت: "فڵانە کەس ، ئەم خەڵکە لەکوێیە؟ مەگەر خەڵک تۆی خۆش ناوێ کە بێت و لێرەت ئازاد بکات؟" و ژنەکان قاقا پێدەکەنین کە: " چ داهێنانێکی سەیرت بەلاوەیە، چ شۆخییەک دەزانی و دوو بارەیان دەکردەوە: " خەڵک.. خەڵک"

ژنەکەش زۆری لەم قسانە دەکرد : "تۆ تازە دیلیت. جارێ لە دەستی ئێمەدایت. بەلای کەمەوە ڕەفتارێکی وا بکە، کە بە قازانجی خۆت بێت!" چ حاڵەتێکی سەیرم هەبوو، ئەسڵەن نەمدەتوانی قسەکانیان هەرس بکەم، چەمکی قسەکانیان لە مێشک و زەینمدا جێی نەدەبووە ، ئەوپەڕی کەودەنیم لە بوونیاندا دەبینی و لە دڵی

خۆمدا دەمگوت: " ئەرێ بەڕاستی ئەمانە نازانن کە من بە هیچ جۆرێ هەست بە دیلی وئەسارەت ناکەم ؟ لەچاو ئەواندا کە دیل و ئەسیری ژیانی پڕ لە سووکایەتی و خوو و خەسڵەتی نزمیان بوون، هەستم بە ئازادییەکی یەجگار فراوان دەکرد، ئایا ئەوانە بەڕاستی تێنەدەگەیشتن کە نەک من، بەڵکو خۆیان دیل و ئەسیرن؟

وشەی ( خوود) لە ڕەهەندی بیر و هزری مندا جێی نەدەبووەوە، ئەم خوودە کێ بوو؟ دڵم لەم چەمکە وردە بۆرژواییانە تێک هەڵدەهات، بە قازانجی خۆت.. بۆ خۆت، من.. من نەمدەزانی چۆن بتوانم ڕەفتاری هاوسەنگم هەبێت، نە ئەو چەشنە محەبەتەیانم دەویست و نە ئەم شەڕ و دەعوایەش، کە ژنەکە لێی دەدام زۆر پەست و تووڕە دەبووم. چونکە دوای هەر دارکاریکردنێکم ،هەستی بەسەرکەوتن دەکرد. بە تەوس و توانجەوە دەیگوت: "ئاخر تۆ دەتوانی چ کارێک بکەیت؟ هیچ کارێکت لەدەست نایە" و بەڕاستی هیچ کارێک نەدەکرا، هەمووکاتێ دەستەکانم بە تەختەکەوە بەسترا بوو و تەنانەت لە کاتی چوونە سەرئاویش کەلەپچەیان لەدەستم دەکرد. سەیرم کرد بەخۆڕایی ئەم دەرفەتەی دەدەمێ، کوتەک خواردن بەدەستی ئەو لەسەر هەر شتێکی بێ بایەخ و بە هەر بیانوویەکی بچووک و خۆ بە سەرکەوتووزانی ئەوم لەدڵ گران بوو، هەرچەندە من خۆم ڕێگەی ئەم کارەم بۆ خۆش دەکرد، ئەویش بە جنێو و قسەکانی من زۆر قەڵس و ناڕەحەت دەبوو، سەبارەت بەو ئەنجام و ئاکامە خراپەی کە ئەم جۆرە ڕەفتارانەی من دەیهێنایە ئاراوە، بابەتێک هاتە پێشێ کە بووە مایەی ئەوەی کە کەمێک ڕەفتاری خۆم بگۆڕم.

لە ژیانی ڕابردومدا، ئەگەر کەسێکم بە داماوی دیتبا، زۆرم لەبەر گران بوو، جا لێرەدا سەبارەت بە ژنۆکەکان ئەم حاڵەتەم لەلا دروست بوو. جارێک ژنەی تاین بە ڕادەیەک لە قسەکانم ناڕەحەت بوو، کە ئازای گیانی لە حەژمەتا کەوتە لەرزین. کە بەو حاڵەوە دیتم دەبیرەوە چووم، لە دڵی خۆدا گوتم: من هیچ ڕقێکی شەخسیم لەو ژنە نییە، جا کە ڕەفتارەکانی ئێرە شێوەی شەخسی وەرگرتووە، هیچ ڕاست نییە کە من بە ڕەفتارەکانی خۆم ببمە مایەی ئازاردانی ئەو. هەرچەندە دەمزانی باوەڕبوون بە ڕێزگرتنی مرۆڤ- مرۆڤ بەبێ ڕەچاوکردنی پێگەی چینایەتی ئەو- شتێکی بێ مانایە و ئەمە بیرکردنەوەیەکی خەیاڵی و ئایدیالیستیە کە لە کۆمەڵگایەکی چینایەتیدا ، کە بتەوێ و نەتەوێ هەموو شتێک شەقڵ و مۆرکی چینایەتی پێوەیە، بە شێوەیەکی ئەبستراک باسی مرۆڤ بکەین. بەڵام هەبوونی هەوێن و ماکی ئەم بۆچوونە لە زەینمدا کە مرۆڤ بوونەوەرێکە شایستەی ڕێز و حورمەت ، کردییە کارێک کە ڕەفتارم دەگەڵ ئەواندا کەمێک بگۆڕم، هەرچەندە ناڕەحەت بوون لە گرژبوونی ئەعسابی ئەو ژنە و دیتنی بابەتەکە وەکو مەسەلەیەکی شەخسی، دەگەڵ بیروباوەڕەکانمدا تێکی نەدەکردەوە. سوور دەزانم کە ئەگەر بیرکردنەوەیەکی دووربینانەم هەبوایە، وهۆشیاریم سەبارەت بە بایەخی کارەکەی خۆم هەبوایە، هیچ کاتێک ئەم بڕیارەم نەدەدا، چونکە دەمتوانی پەی بەوە بەرم کە کارەکەم چۆن ورەی ئەم ژنۆکەیە و بەکرێگیراوەکانی دیکەی دەڕوخاند و دەیکردە کارێک کە بە هەستی دەسەڵاتدارییەوە، مامەڵە دەگەڵ هاوڕێیاندا نەکەن. یا دەمتوانی دژمن بە دۆشداماوی ببینم و نەزانێت چ کارێک لەگەڵ مندا بکات. بمخاتە کوێوە، بێگومان

بۆ سالولی ئینفرادی دەبردم کە لە قازانجی من بوو و من لەو ژیانە وردە بۆرژواییانە دوور دەکەوتمەوە کە لە ژوورەکە هاتبووە ئاراوە.

دوو ژن و دوو پاسەوانەکەی ئاکنجی ژوورەکە، لە هەنجەتێک دەگەڕان کە پێبکەنن و شادی بکەن، بیرەوەری و سەرگورشتانیان بۆ یەکدی دەگێڕایەوە، کە جارێک دەچوونەوە بۆ ماڵ و دەهاتنەوە تا چەند ڕۆژێک باسی یەک بەیەکی ئەو کارانەیان دەکرد کە کردبوویان، بەشێک لە بەرنامەکەیان هەمیشە بریتی بوو لە بەستەنی خواردن و چوونە سینەما کە بە ئاو و تاو دەیانگێڕایەوە. هەندێ جاریش بە ئانقەست تاکیدیان لە سەر ئەم بابەتانە دەکردەوە، تا گوایە من دڵم بەخۆم بسووتێ. سەرگەرمییەکی دیکەیان دەگەڵ ئەفسەرەکانی دایەرە بوو، کە دزێوترین شۆخیانیان دەگەڵ یەکدی دەکرد. هەندێ جاریش دەربارەی هۆیەکانی هەژاری کۆمەڵگا قسە دەگەڵ پاسەوانەکاندا دەکرا و من زرینگیم دەکرد و کەمێک قسەم بۆ پاسەوانەکان دەکرد، زرینگی لەم ڕوانگەیەوە کە یەکسەر و ڕاستەوخۆ نەمدەگوت کە قسەکانی ئەنگۆ هەڵەنە، بەڵکو بەجۆرێ قسەکانی وانم هەڵدەگێڕایەوە کە لە هەوەڵەوە پێیان نەدەزانی، بەڵام دوای ئەو ئەنجامگیرییەی کە دەبوا وەربگیرێ، ئیدی ئەوان تێدەکەوتن و نەیاندەتوانی هیچ شتێک بڵێن. هەندێ جاریش خۆم سەبارەت بە ژیانی پاسەوانەکان پرسیارم دەکرد و قسەم بۆ دەکردن. هەڵبەتە من بە خۆڕایی بایەخم بەم پاسەوانانە دەدا، چونکە ئەوان لە ژیانی وشکی لەشکری و وردە بۆرژوایی خۆیاندا نقووم بوو بوون. بۆ من دیتنی ئەوانیش مایەی ڕەنج و ناڕەحەتی بوو و بە ڕاستی کە ڕەفتاری کۆیلەئاسایانم لە هەنبەر ژنەکە دەبینی، بۆ ئەوەی تۆزێک لە خواردنی ئەفسەرەکانیان بداتێ، زۆر دەرەنجام، لە هەموو ئەمانە خراپتر، ئەو قسە بێزەوەرانە بوو کە ڕۆژانە بەدیار تەختەکەی منەوە، لەگەڵ یەکدیدا دەیانکرد، ئەوەندە قێزم لەو مەسەلانە دەبووەوە و بەڕادەیەک ناڕەحەت دەبووم کە هەندێجار هەر بەڕاستی دڵم تێکهەڵدەهات. لەدەرەوەی زنداندا هەرجارێ کە باسی ئەشکەنجە دەهاتە ئاراوە، من بەخۆم دەگوت: گەورەترین ئەشکەنجە ئەوەیە کە ئینسانێک ناچار بە ژیانی خووردە بۆرژواییانە بکەن، جا لێرەشدا یەک ژیانی خووردە بۆرژوازیانە بەرقەرار بوو و من کەوتبوومە ناویەوە. چاوانم دەیان دی، گوێیەکانم دەیان بیست و نەمدەتوانی هیچ کارێک بکەم، ئایا لەبەر ئەوەی هەمیشە باسی ئەم مەسەلە ئاساییانە دەکەن ،دەبێ لەگەڵیان بەشەڕ بێم؟ بڕیارم دەدا هیچ قسەیەک لەگەڵ کەسدا نەکەم و کارێ بکەم کە ئەسڵەن هەڵسوکەوتەکانی ئەوان نەبینم، بەڵام ئیمکان نەبوو. پرسیار لە هەموو لایەکەوە دەستی پێدەکرد، لە سەرەتاوە بە هێمنی.. فلانی بۆ قسە ناکەیت؟ بە خەمساردی وەڵامم دەدانەوە کە تاقەت و حەوسەڵەی قسەکردنم نییە، هەقتان بەسەر منەوە نەبێت.. یا بەڕاشکاوی دەمگوت: حەز ناکەم قسە لەگەڵ ئێوەدا بکەم، ئێوەش قسە لەگەڵ مندا مەکەن، چما دەستبەردار دەبوون! تا بێدەنگی من پتر درێژەی کێشابا، ڕەفتارت وان خراپتر دەبوو، هەرچەندە بەدڕەفتاریەکانیان لە توونە بەستنی کەلەپچەکان، ئاو پێ نەدان، درەنگ بردنە سەر ئاو، چەنەبازی زۆر دەربارەی مەسەلەکانی ڕۆژ، تا من ببینم ژیانی ئەوان چەند خۆشە!! هێوەتر نەدەڕۆیی. بەمجۆرە ڕەوشێک دەهاتە ئاراوە کە لە جاران خراپتر بوو. بە هەرحاڵ هیچ کارێک نەدەکرا . لەوەشە من بەڵەد نەبووبم، بەرنامەم بۆ خۆ دادەنا کە دەربارەی مەسەلەێن

گشتی بۆ نموونە بۆچی خەباتی چەکداری تاقە ڕێگای گەیشتن بە ئامانجە... بیر لەوە بکەمەوە ڕۆژی کۆپلە شیعرێک بخوێنمەوە و ئیدی لەم بابەتە شتانە. بەڵام بەهۆی ئەو بەرهەڵست و جەنجاڵیانەوە کە ئەوان دەیان نایەوە، هیچ کاتێک ئەو بەرنامانەم بۆ جێبەجێ نەدەبوو، ژنەکان دەیانویست تەنانەت بچووکترین کارم بە دڵی ئەوان بێت. وشەی زندانی بەلای ئەوانەوە ڕێک دەیکردە هاوتای وشەی کۆیلەی گوێڕایەڵ. تەنانەت نەدەکرا بە ئارەزووی خۆت بنوویت؟! هەر کاتێ کە دەخەوتم و ژنەکە بێتاقەت دەبوو بە پاسەوانەکانی دەگوت کە بە لەقە بە تەختەکەدا بکێشن، پاسەوانەکانیش بە لەقەی توند کە لە شیرینی خەودا لە بوومە لەرزە دەچوو دەیانکێشا بە تەختەکەدا کە هەستە، مەخەوە چونکە ژنەی بەڕێز و حورمەت! بە خەوتنی من بێتاقەت و وەڕز دەبێت.. بۆ ئازاردانی من کەڵک لە بچووکترین شت وەردەگیرا، ڕۆژی دوو جار ئەویش بە منەتێکی زۆرەوە بۆ سەر ئاوی دەبردم . خۆیشی لەگەڵ پاسەوانێکدا تا بەردەم تەوالێتەکە دەهات. دەبوایە دەرگای تەوالێتەکە درزێکی تێ بخرایە، خۆ ئەگەر ڕۆژێک بتویستبا سێ جار بچیتە سەر ئاو، ئیدی هەرا و هەنگامەیەک لە دایەرەدا پەیدا دەبوو ئەوسەری دیار نەبێت، ژنەکە هەرا و زەنایەکی بەرپا دەکرد کە دەنگی تا ئەوسەری ڕاڕەوەکە دەڕۆیی. ئەفسەرەکان لە ژوورەوە دەهاتنە دەرێ، ئەنجام هەموو دایەرە ئاگادار دەبوونەوە کە من دەمەوێت بۆ تەوالێت بڕۆم. هەرکەسە و بە دڵی خۆی پلارێکی دەهاویشت و بۆ ژوورەکەی خۆی دەچووەوە، سەبارەت بە هاوڕێ شەهێن تەوەکولی، سەرباری مەسەلەی تەوالێت لەسەر نان خواردنیش هەمان ئەم بەزمەیان پێ دەکرد. هاوڕێ شەهێن نانی کەمی دەخوارد (دوو یان سێ کەوچک) و ژنۆکەکە خوتە و بۆڵەی دنیای دەکرد کە لێرە هیچ کارێک بە دڵی زندانی نابێت، ژنەی تاین دەیویست نان بەو ئەندازەیە بخورێ کە ئەو دای دەنا، بە ئارەزووی ئەو بچیتە تەوالێت و دەست و پێت بشۆیت کە زۆربەی کات هەرا و دەنگە دەنگی لێ دەکەوتەوە. هەڵبەتە ئەمە خوو خدەی هەمیشەیی ئەو بوو کە هەوڵی دەدا کارێک بکات کە هەمووان بە گوێی ئەو بکەن. ئەگینا ئەو بەڕادەیەک لە ئێمە دەترسا کە هەوڵی دەدا دەرهەق بە ئێمە ئەوەندەی ڕێگەمان دەدا کارەکان بە ئاشتیانە بەڕێوە بەرێت. ئەو زۆر چاک ڕق و کینەی ئێمەی دەبینی، پەی بە چاو نەترسی ئێمە دەبرد و دەیزانی ئەو جۆرە ڕەفتارانەی لەگەڵ ئێمەدا ئاقیبەتی خراپی بۆ ئەو تێدایە. بە کردەوەش چەند جارێک ئەمەی تاقی کردبووەوە. بۆ نموونە ڕۆژێک کە دوو ژنەکە لە پاینی تەختەکەی هاوڕێ شەهێن تەوەکولییەوە پاڵ کەوتبوون، هاوڕێ شەهێن کە ئەویش هەمیشە دەستەکانی بە تەختەکەوە بەسترابوون بیر دەکاتەوە کە بە هەر شێوەیەک بووە خۆی لەسەر تەختەکەوە بەرێتە پێشەوە و بەپێ ئەو کورسییەی کە لە نزیک ژنەکانەوە بوو بخات بەسەر ژنەکاندا، ئەم کارە دەکات. بەڵام بەهۆی دووری کورسییەکە و کورتە باڵایی هاوڕێ شەهێنەوە کە بەزەحمەت پێی بە کورسییەکە دەگەیەنێت، کورسییەکە تۆزێ دوورتر لە سەری ژنەکان دەکەوێت و دەبێت بە تەق و هوڕ و ژنەکان زۆر دەترسن بەجۆرێ کە یەکێک لە ژنەکان دەحەپەسێ و لەجێی خۆی دەچەقێ.

ئەو ڕۆژانەی کە بۆ ژووری تەحقیق دەچووم و هیچ قسەیەکم نەدەکرد، ژنەکان زۆر قەڵس و تووڕە دەبوون هەڵبەتە ئەوان هەمیشە دەیانگوت هەقیان بەسەر ئەم کارانەوە نیە و تووڕەیی خۆیان بە بیانووی جۆرا و جۆری

دیکەوە نیشان دەدا. ژنەکە دەیگووت:" من هەقم بەسەر دانیشتنەکانی تەحقیقەوە نییە، بەڵام بەهیچ جۆرێ ناتوانم تەحەمولی ئەم جۆرە ڕەفتارانە بکەم، کاتێ پیاوێکی بەڕێزی! وەکو خەتایی دێتە ژوورەوە تۆ هەر تەماشاشی ناکەیت، ئاخر چۆن دەبێت بنیادەم ئەوەندە بوغرا و لە خۆ ڕازی بێت." هەندێ جار ئەم قسانەی بە تۆن و زمانێکی توندتر دەکرد و حەیفێ کە بەر دەمرێژی جنێوم نەدەدا، تەنیا دەمگووت: ئەم کارەی من پەیوەندی بە تۆوە نییە وا چاکە هەر باسی نەکەیت، ئەم بڕیارەی من سەبارەت بە جنێو نەدان ئەم کاریگەرییەی لێ کەوتبووەوە کە ئیدی بەئاسانی نەمدەتوانی گیانی هێرشبەری بگرمە خۆ و ناڕەزایی من بەناو شەقڵێکی بە ئەدەبانەی پەیداکردبوو.

ڕۆژانی بازجۆیی (تەحقیق) ،لە ژوورەکەدا حاڵەتی شەڕ و دەعوا فەرمانڕەوا بوو ،وەکو پێشتر گوتم شەڕەکە بە ڕواڵەت لە سەر شتی دی بوو. بە خەیاڵی خۆیان منیان سزا دەدا. لەوە بوو ئەو ڕۆژانە ئاوم نەدەنێ یا کەلەپچە لە دەستما توندتر بکەن. کاتێ ئەو دوو تاپێستەی ناوم بردن  یان بەکرێگیراوانی لەو جۆرە سەرقاڵی جێبەجێ کردنی نمایشی گاڵتەجاڕانە بوون بۆ وادارکردنی من کە مل بۆ بازجۆیی بدەم، ڕەفتاری ژنەکانی ژوورەکەم باش دەبوو، دەستیان دەکردمەوە، تەنیا شەوان کەلەپچەیان لە دەستم دەبەست و تەنانەت دەمتوانی لە کاتێکدا دوو پاسەوان ئەملا و ئەولایان دەگرتم پیاسە و وەرزش بکەم. ئیدی ئەمە ئەوپەڕی خۆشەویستییەکەیان بوو وکە ئەمە لە چاو هاوڕێ حەمید تەوەکولی دا کە لە ژوورەکەی بەرانبەر مندا بوو هەموو کات دەست و پێ لە کۆت و زنجیردا و بە تەختەکەوە بەسترا بوو، دەکرا بە خۆشەویستی بێتە ژماردن. هاوڕێ حەمید تەوەکولی دوای زانینی کارەساتەکەی سێی/ خورداد و شەهیدبوونی هاوڕێیان پویان و پیرونەزیری بەڕادەیەک ناڕەحەت بوو  بوو بە دەستی بەستراوەوە سەری هێندە بەتووندی بە ئەرزەکەدا کێشابوو وبە خەستی بریندار بوو بوو و بەکرێگیراوان یەکسەر بۆ نەخۆشخانەیان بردبوو و چەند ڕۆژێک لەوێندەر تیماری دەکەن، لەو کاتە بەدواوە هەمیشە دەست و لاقی هاوڕێیان بە تەختەکەوە دەبەست. * (*. هاوڕێ حەمید تەوەکولی دوای گرتنی و دوای چوار ڕۆژ بەرخودان و مقاوەمەتی دلێرانە لە ژێر توندترین ئەشکەنجەدا کاتێ کە دڵنیا بوو لەم ماوەیەدا هاوڕێیان خانووەکەیان چۆڵ کردووە، ئەدرەسی خانووەکەی گوتبوو، ئەمە بۆ ئەو بە لاوازی حساب نەدەکرا، چونکە قەراری هاوڕێیان وابوو کە هەر کەسێک دەتوانێ دوای گرتنی بە بیست و چوار سەعات ئەدرەسی خانووەکە بڵێت، بەتایبەتی هاوڕێ ئەسکەندەر سادقی نەژاد لەم بارەیەوە قسەی لەگەڵ هاوڕێ حەمید تەوەکولی دا کردبوو. بەڵام هاوڕێ پویان لەبەر هەبوونی ئیمکاناتی گونجاو بۆ جێبەجێ کردنی ئەو نەخشانەی کە لەو خانووەدا ئامادەی کردبوو  و دەستبەرداربوونی ئەو نەخشانە بڕێک ئەستەم دەبێت، بەرخودێکی جدی سەبارەت بە چۆڵکردنی خانووەکە نەکردبوو و هاوڕێ ئەسکەندەریش بەرخوردی بنجبڕانەی لەگەڵ ئەودا نەکردبوو و شتەکەی بە تەواوەتی نەبڕاند بووەوە، ئیدی ئەنجام ئەوەبوو کە هاوڕێ پویان خانووەکە چۆڵ نەکات و کارەساتی سێی/ خورداد ڕوویدات.)

لەم کاتانەدا ڕەحمیان بەجۆرێ دەتلیسایەوە کە دژمنایەتی منیان لەیاد دەبردەوە، من ناتوانم بڵێم ئەوان بە بەردەوامی نمایشیان دەکرد، لە ڕاستیدا توانای ئەم کارەیان نەبوو، هەر دە-دوازدە ڕۆژ جارێک بۆ ماڵی خۆیان دەچوونەوە، چما تەواوی ژیانیان لە کارەکەیاندا بوو کە گشت هەڵسوکەوتێکیان لەپێناوی کاردا بێ؟ یا دەتوانم بڵێم ئەوان بەدەم کارکردنەوە ژیانی ئاسایی خۆشیان دەکرد؟ ئەم دوو ژنە دوو ئەکتەر بوون کە خۆشیان بوو بوون بە بووکەڵەی نمایشە گاڵتەجارییەکانی خۆیان. ئەمانە بۆ من وەکو دوو غودە ( گلاند) ی شێرپەنجە بوون کە حەزم دەکرد ڕیشەکێشیان بکەم. لاوازی من ئەمە بوو کە نەمدەزانی لە هەنبەر ڕەفتاری جۆراوجۆری ئەواندا چ کاردانەوەیەک بنوێنم، قەت بەوە ڕازی نەبووم بە شێوەیەکی دۆستانە قسەیان لەگەڵدا بکەم، ئەگەر دوو ڕۆژ ئەم کارەم بکردایە ڕۆژی سێیەم ڕەخنەم لەخۆ دەگرت، ئاخر تۆ قسەی ئاسایی لەگەڵ کێدا دەکەی؟ئەوسا خێرا ڕەفتاری خۆم دەگۆڕی. لە دڵی خۆدا دەمگوت کاتێ دژمن ئازار و ئەشکەنجەت دەدات، چونکە دەزانیت مەبەست و ئامانجی چییە، بە ئاسانی دەکرێ بڕیار لە سەر ڕەفتاری خۆت بدەیت و لەهەنبەر هەر ڕەفتارێکی ئەودا بە جۆرێکی پێچەوانە ڕەفتار بکەیت و کاردانەوە نیشان بدەیت، بەڵام لێرەدا و لەمبارەیەوە هیچ ئامانجێکی دیار و تایبەتی نییە.

نەمدەتوانی هەمو ڕەفتارەکانیان بە مەسەلەی تەحقیقەوە گرێ بدەم، بەڕاستیش هەمیشە بەم بابەتەوە گرێی نەدەخوارد. بەهەر حاڵ ئەوانە بەکرێگیراوی دژمن بوون و ڕەفتارەکانیشیان نەفرەت ئەنگێز بوو، دەمبینی بابەتەکان زیاتر شەخسی و خوتە خوتی پیرەژنانە بوو. هەندێ ڕەخنەم لە خۆ دەگرت کە بۆچی لە ڕەوشی ژوورەکە ناڕەحەت دەبم، چما چاوەڕوانی ڕەفتاری باش لە دژمن دەکرێت؟ زۆر جار بەمجۆرە پاساوم بۆ ناڕەحەتی خۆم دێنایەوە کە من گلەییم لە ڕەوشی خراپ و دژوار نییە. دژمن هەرچییەکی لەدەست دێت دەرهەق بە من بابیکات، بەڵام ڕەفتاری باوەژنانەی ژنەکان هیچ مانایەکیان نەبوو. هەڵبەتە دوایی هەر خۆم وەڵامی خۆم دەدایەوە کە ڕەوش و هەلومەرجی ئەم ژورەش دژمن بە مەبەست یا بێ مەبەست دروستی کردووە. بەڵام بەهەر حاڵ نە لە ژوورەکە و نە لە ڕەفتارەکانی خۆم ڕازی نەبووم، لە دڵی خۆدا دەمگوت خۆزیا منیش وەکو هاوڕێ کوڕەکان تەنیا نیگابانی پاسەوانم هەبوایە. ڕەفتارم دەگەڵ موحەقیقە ئەفسەرەکاندا، لە حاڵەتی زبرییەوە گۆڕا بۆ گاڵتە پێکردنیان. ئەوان دەیانویست بە هەر جۆرێ بووە شێوەیەکی یاسایی بەکارەکانی خۆیان ببەخشن. بەلای ئەوانەوە باسکردنی تاوان و کارە نەنگینەکانیان شتێکی ئاسایی بوو. زۆر ئاسایی و ئاسوودە قسەیان دەکرد، کاتێ خۆیان بە حەق دەزانی و لەو ڕوانگەیەوە باسی مەسەلەکانیان لەگەڵ مندا دەکرد، نەمدەتوانی بە تەوسەوە ڕوو بە ڕوویان نەبمەوە و بە قسەکانیان پێنەکەنم. هەندێ جاریش بەجۆرێ قسانیان دەکرد لەتۆ وایە دەگەڵ کچۆڵەیەکی منداڵدا دانیشتوون. یەکێک لەو ئەفسەرانەی کە بە گوللەی هاوڕێ بەهرۆز زامدار بوو بوو و تازە لە خەستەخانە هاتبووە دەرێ و هێشتا دەلەنگی، بە شەلە شەل بەبەردەم مندا دەڕۆیی و بەدەم پێکەنینەوە دەیگوت: " تەمەشا براکەت چی لە لاقم کردووە؟"

هاوڕێ بەهرۆز کاتی گرتنەکەی هەرچەند لەلایەن دژمنەوە ئابلّووقە درابوو، دەستی لێکردبوونەوە و پێش ئەوەی بەکرێگیراوانی دژمن لە پشتەوە پەلاماری بدەن و دەستی بگرن، توانی بووی لەیەکەمین دەستکردنەوەدا چەند بەکرێگیراوێکی دژمن بکوژێت و  پاشانیش کە لە پشتەوە دەستەکانیان گرت و لاقیان شکاندبوو، هەر لە تەقەکردن نەکەوتبوو، هەرچەندە لەو کاتەدا ئیدی نەیدەتوانی گوللەکان لە مێشک و دڵی دژمن دا خاڵی بکاتەوە، بەڵام ئەم تیرەندازییە هەم دژمنی دەترساند و هەم دەبووە بایسی ئەوەی کە فیشەکەکانی دەستی دژمن نەکەون. بە هەرحاڵ بەرخوردی بوێرانەی هاوڕێ ،ئەو نەخشەیەی دژمنی کە ئەو ناوچەیەیان بە تەواوی  ئابلّوقە دابوو، پوچەڵ کردەوە، کە بەتەمابوو هاوڕێ بە ئاسانی دەستگیر بکات، ئازایەتی و ڕەشیدی شۆڕشگێڕانەی هاوڕێ بەهرۆز، بەجۆرێ ترسی خستبووە دڵی دژمنەوە، کە هەمیشە وەک ئەفسانەیەک باسیان دەکرد.

خەتایی ڕەفتاری تایبەت بەخۆی هەبوو، هەوڵیدەدا، گوایە زرینگی بەکار بەرێت و گاڵتە بە من بکات، ئەم کارە تەنیا بەو مەبەستە دەکرا کە شەخسیەتی بەرانبەر بۆڕ بخوات و نەترە بەربدات. من لەم لایەنەوە جۆرە ساکارییەکم تێدا بوو کە هەندێجار زوو پەیم بەم مەسەلەیە نەدەبرد ، کە دەهاتمە سەر ئەوەی بیربکەمەوەو بزانم و بزانم بە چ مەبەستێک فلاّنە بابەت دەخاتە ڕوو، دەمبینی خەندەیەکی ئازاردەرانە لە سیمای نیشتووە. بۆ نموونە ڕۆژێک وێنەیەکی نیشاندام کە بزانم دەیناسم یا نا و منیش وێنەکەم وەرگرت و تەماشام کرد. وێنەی کچێک بوو کە دەتگوت لە گۆڕ هەستا بووەوە. چاوەکانی بەقووڵا چوو بوون و دەموچاوی زۆر داتەکیو و ڕەق و تەق. بەو پەڕی خوێنساردییەوە ویستم وێنەکەی بدەمەوە دەست، کە هەمان خەندەی ئازاربەخش نیشتە سەر ڕوخساری. ئیدی یەکسەر زانیم، کە ڕابواردنێکی تازە لە ئارادا بووە. دووبارە بە وردی ڕوانیمە وێنەکە و خۆم ناسییەوە ( ڕۆژی یەکەم وێنەیان گرتبووم) بەڵام خۆم لە گێلی دا و وام نە نواند کە هەوەڵجار نەمناسی بووەوە، پرسی دەیناسیت یان نا؟ بەرسڤی قسەکەیم نەدایەوە، تەنیا ئەوەندەم گوت دەبینی ڕوخسار و سیمای یەکپارچە کینە و نەفرەتە، بڕوانە چاوەکانی کە بە چ نەفرەتێکەوە تەمەشای دژمن دەکات.

## *قوربانیانی هەژاری و بێ ئاگایی*

پاسەوانانی گارد گۆڕابوون، هەڕ ڕۆژەی پاسەوانێکی تازە بۆ پاسەوانی دەهاتە ژوورەکە. بوونی ئەم پاسەوانانە بۆ من مایەی خۆشحاڵیی بوو. هەر کاتێ ژنەکان لە ژوورەکە نەبان پێکەوە قسانمان دەکرد، زۆربەیان دێهاتی بوون، لە گوند دا کاریان دەست نەکەوتبوو و بوو بوون بە پاسەوان. هەندێکیشیان زووتر کرێکاری کارخانەیەک بوون، بارودۆخ و وەزعیەتی کارخانە و گوندم لێ دەپرسین. هەندێجار باسی سیاسی دەهاتە ئاراوە، هەندێکیان تا ڕادەیەک هۆشیاری سیاسییان هەبوو. باسی ئەو ستەمەیان دەکرد کە لە خودی خۆیان و لە خەڵکانی دی دەکرا، ئیدی قسەیان دەکرد و ناڕەزایی خۆیان لە دەزگا دەردەبڕی. هەندێکیان بەتەواوەتی کونجکاوی ئەوە بوون کە بزانن چۆن دەشێت کەسێک هیچ بەرژەوەندییەکی شەخسی نەبێت و لە پێناوی ڕزگاری خەڵکدا ژیانی خۆی بۆ خەبات و تێکۆشین تەرخان بکات. ئەم کونجکاوی و لاپرەسەنیەیان هەندێجار بە ڕادەیەک توند بوو، هەرچەندە ژنەکە ئاگاداری دەکردنەوە قسە دەگەڵ مندا نەکەن، ئەمەیان فەرامۆش دەکرد و تەنانەت لەبەردەم ئەویشدا قسەیان لەگەڵ دەکردم. ئەم پاسەوانانە دەگەڵ هاوڕێ کوڕەکانیشدا قسەیان دەکرد و هاوڕێیان زۆر مەسەلەی جۆراو جۆریان بۆ ڕوون دەکردنەوە، تایبەتمەندی ئاکاری و ئەخلاقی هاوڕێیان زۆربەی پاسەوانەکانی دڵبەند و شیفتە کردبوو. ژمارەیەکیان کاتێ ناوی هاوڕێ ( نابدل) یان دێنا، بەخۆشحاڵییەوە پێدەکەنین، قسەکانیان بیردەکەوتەوە و هەستت دەکرد چەند ئەویان خۆشدەوێ. ئەم پاسەوانانە لە سالولە ئینفرادیەکانیشدا هەندێ کاریان بۆ هاوڕێیان دەکرد. وەکو پەیام بردن و هێنان وهەواڵ گەیاندنە دەرەوە. هەندێکیان تەنانەت کەلەپچەکانیشیان لەدەست هاوڕێیان دەکردەوە و وریای ئەوە بوون هەر بەکرێگیراوێک دەربکەوتایە، خێرا کەلەپچەکەیان لەدەستیان دەبەستەوە. ڕەفتاری هاوڕێ کوڕەکان و بەرخوردی ئیحترام ئامێزی من کردبویە کارێک کە ئەم پاسەوانانە، کە تەنیا ماوەی دوازدە یا بیست و چوار سەعات بەدیار منەوە دەمانەوە، متمانە بە من بکەن. هەوڵی ئەوەیان دەدا بزانن دەتوانن چ کارێک بۆ من بکەن. ئەو کاتانەی کە ژنەکە ئاوی لێ قەدەغە دەکردم زۆر بە وریایی تەماشای دەورو بەریان دەکرد و بە دزییەوە و دوور لە چاوی ئەو ئاویان دەدامێ. ئەم کارەیان نیشانەی خۆشەویستی وان بوو بۆ من. خودی ئاو خواردنەوەکە گرینگ نەبوو، بەڵام ئەنجامدانی ئەم کارە خۆی لە خۆیدا شت بوو. پاشانیش کە بۆ ژێرزەمینەکانی شارەبانیان گوێزامەوە، زۆرم لەم جۆرە میهرەبانی و هاوسۆزیانە بینی. لەوێ توانیم دۆستایەتی دەگەڵ پاسەوانەکاندا پەیدا بکەم. لەگەڵ هەندێکیاندا تەواو تێکەڵ بووم، هەڵبەتە هەرچیم دەکرد نەمدەتوانی ئەوانە بە وشەی "سەرکار" بانگ بکەم. هەستم دەکرد کە ئەگەر بە سەرکار بانگیان بکەم، دەیانخەمە ڕیزی دژمنەوە. لە کاتێکدا کە بیرم لێدەکردنەوە، هەستم دەکرد ئەوانە قوربانیانی هەژاری و نایەکسانی جڤاکی و کۆمەڵایەتین، ئەوانەن کە ئێمە لە پێناوی ئەواندا دەخەبتین و لە دوا ئەنجامدا ئەوانە لە خۆمانن. ڕاستە کە هەنووکە لە سەنگەری ئێمەدا نین ، بەڵام ئێمە دەتوانین هۆیەکانی ئەم

حاڵەتە شی بکەینەوە و بزانین کە ئەوانە لەگەڵ دژمنانی ڕاستەقینەی خەڵکدا چ جیاوازییەکیان هەیە. هەر ڕۆژێک دێت کە ئەوانە پەی بە ئەرکی سەرەکی خۆیان دەبەن و هەرکاتێ ئەو ڕۆژە بێت و هۆشیار ببنەوە ، دیوارەکانی نێوان ئێمە و ئەوان هەرەس دێنێ.

خەسڵەتە چاکەکانیانم دەبینی و بە خۆشەویستیەوە قسەم لەگەڵ دەکردن و بە ( کاکە) بانگم دەکردن. هەڵبەتە دەرفەتی قسەکردن دەگەڵ واندا کەم بوو. لە چەند ڕۆژێک پتر لە ژێر زەمینەکەدا دەهێڵرانەوە و زوو زوو دەیانگۆڕین.

بەڵام بەهەر حاڵ جار جار سووکە دەرفەتی قسان دەرەخسا. قسەکانمان جدی بوون، هەندێکیانم فێری بەشێک لە چیرۆکەکەی هاوڕێ سەمەدی بهرەنگی ( بووکەڵەی قسەوێژ) کردبوو، لە هەر دەرفەتێکدا لێم دەپرسین: دەی باشە وەرن بەڕاستی وەڵام بدەوە کە وەڵامی " بە گوڵێک بەهار نایەت" چییە؟ ( ڕەیس عورەفای پاسەوانی ژێر زەمینەکە هەمیشە ئەوەی بەگوێی زندانیەکاندا دەدا) و ئەوان بەرسڤیان دەدایەوە: " ڕووناکی چەند کزیش بێت هەر ڕووناکییە." هەندێکیشیانم فێری ئەم شیعرە کردبوو " ستەمکێش ئەگەر دەگەڵ ئەو ستەمانەدا بسازێ کە دەیانبینێ، پارێزەر و پاسەوانی ستەمکارە" ئێستاش دەنگی ئەو پاسەوانەم لەگوێدا دەزرنگێتەوە کە کاتێ بەبەر سالولەکەی مندا دەبووری، ئەو شیعرەی بە لەهجە شیرینە ناوچەییەکەی خۆی، وەکو دەربڕینی خۆشەویستی دەخوێندەوە: "ستەمکێش ئەگەر دەگەڵ ئەو ستەمانەدا بسازێ کە دەیانبینێ، پارێزەر و پاسەوانی ستەمکارە". دیمەنێکی دیکەی چاکی و پاکی ئەوانم دێتەوە بیر کە هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە. جارێک کە کاتی گۆڕینی نیگابانی نزیک بوو بووەوە، پاسەوانێکی ئاشنا کە لە بەردەم سالولەکەم وێستا بوو. گوتی: " ئەگەر سبەینێ بۆ ئێرە نەهاتم، هاوەڵەکانم ڕادەسپێرم کە ڕەفتاریان لەگەڵتا باش بێ. هەموویان حەزدەکەن بەگوێرەی توانا یارمەتیت بدەن." پاسەوانەکە سەرێک بە ژێرزەمینەکەدا ڕۆیی و دووبارە گەڕایەوە: " ئەگەر بەیانی نۆرە ئێشکم لێرە نەبوو، ئەوا هاوەڵەکەم بۆ ئێرە دێت. ئەگەر کەسێک بۆ سالولەکەی تۆ هات و دەستی ڕاستی لە گیرفانی پانتۆڵەکەیدا بوو و سڵاوی لێکردیت، ئەوە دۆستی منە و دەتوانی متمانەی پێ بکەیت."

ئەو کارانە بۆیان دەکردین، بۆ نموونە ئەمە بوو کە لە کاتی چوونە سەر ئاو، دەرگای سالولی هاوڕێیان دانەخەن، کراوەبن، یان ئەگەر هاوڕێیان توانیان بە ئەسپایی قسە بکەن، ئەوان ڕاپۆرتیان لێ نەدەن. ئێمە هەمووما‌ن قەدری ئەم چاکە و پیاوەتییە بێ ڕیایەی ئەوانمان دەزانی و منەتباریان بووین. گوتە و قەرارەکانی پاسەوانەکەم زۆر بەلاوە خۆش بوو، لە خۆشیاندا لە قاقای پێکەنینم دا.

پاسەوانەکانی خودی دەزگای زانیاری، بە کەماڵی هۆشیاری خزمەتی دژمنیان کرد، جا لەبەر ئەمە و بە حوکمی خەسڵەتی لۆمپەنی خۆیان کەسانی سووک و چرووک بوون. ڕەفتاریان دەرحەق بە زندانی کچ وکوڕ جیاواز بوو. بەڵام ئەم جیاوازییە لایەنی هەرزەیی تیا بوو. بۆیە دەبوایە بەڕەقی و زبری تەواو ڕوو بە ڕوویان ببیتەوە و دەرفەت و مۆڵەتی قسەکردنی زۆریان نەدەیتێ. سەبارەت بە پاسەوانەکانی دی مەسەلەکە فەرقی

هەبوو، بۆ نموونە مەحەبەتی هەندێکیان وێڕای ئەوەی نیشانەی داشداری و لایەنگری بوو لە خەبات، پەیوەندی بە شتێکی دیکەشەوە هەبوو. ئەوانە بەگوێرەی کەلتوور و فەرهەنگی فیوداڵی کە هێشتا بەسەر هزر و بیریاندا زاڵ بوو، ژنیان بە لاواز دەزانی و ئەمە کردبوویە کارێک کە خۆشەویستی و ڕێزیان بۆ کچەکان، شەقڵێکی مدارای کۆمەڵایەتی لەخۆ بگرێت. ژمارەیەکی دیکەشیان هەبوون، کە بە حوکمی ژیانی ڕابردوویان، خەسڵەتێن لۆمپەنیان هەبوو و بە چاوی خراپ سەیریان دەکردین. هیچ بەرخوردێکی دۆستانە و جدیمان دەگەڵ ئەمانەدا نەبوو.

لە ژێر زەمینەکەدا نیگابان و چاودێرەکان، بەتووندی ڕێگریان لە قسەکردنی هاوڕێیان لەگەڵ پاسەوانەکاندا دەکرد. چونکە زۆر چاک دەیانزانی ئەگەر ئەوانە دەگەڵ زندانیەکاندا قسە بکەن ، زۆر زوو پەی بەو درۆیانە دەبەن کە فەرماندەکانیان دەرهەق بە زندانیەکان بەوانیان گوتووە و ئەمەش بە هیچ جۆرێ لە قازانجی وان نەبوو. بەڵام هەندێک لە پاسەوانەکان زۆر میهرەبان بوون دەتگوت بە ئەرکی خۆیان دەزانی کەمێک هاوڕێیان شاد و دڵخۆش بکەن. هەندێکیان لە کیسەی خۆیان جگەرەیان بۆ زندانیان دەکڕی، جارێک یەکێک لە پاسەوانەکان لە منی پرسی:" بەهرۆز برای تۆ بوو؟" گوتم: " بەڵێ و خێرا لێم پرسی تۆ هیچ دەربارەی ئەشکەنجە دانی ئەو دەزانی؟ دەزانی چەند ڕۆژ ئەشکەنجەیان دا؟)"ڕوخساری گرژ بوو گوتی: " من هەرگیز لە بەردەم تۆدا ئەو شتانە ناگێڕمەوە." زۆرم هەوڵدا کە قسە بکات ، لێ ئەو هیچ قسەیەکی نەکرد. گوتی: " من چۆن دەتوانم باسی ئەشکەنجەدان و عەزابی برایەک بۆ خوشکەکەی بکەم؟ نا.. نا.. من ناتوانم." دەستبەرداری نەبووم و بە موکوڕییەوە گوتم: " تۆ حەقت بەسەر خوشک و برایەتییەوە نەبێت، پێویستە من ئەوە بزانم و هەر دەبێ بۆمی بگێڕیتەوە، هەر ملی نەدا و گوتی: " دەزانی زامی خەنجەر خۆش دەبێتەوە، بەڵام زامی زمان هەر دەمێنێت. ئەگەر من ئەشکەنجەکانی ئەو بگێڕمەوە وەکو ئەوەیە بە تیغی زمان بریندارت بکەم. ئیدی بۆ هەمیشە ناڕەحەت دەبم کە بەم تیغی زمانە خوشکێکم بریندار کردووە" ئیدی دەستبەرداری بووم، دڵی ئەو پاسەوانە کە بەو نەفەسەوە بیری دەکردەوە و حازر نەبوو قسان بکات لەوە پاکتر بوو من بە سوور بوونی خۆم بیهێنمە قسان و بە ناهەق ئازاری بدەم. ئیدی لەم بابەتە دیمەنانە زۆر بوون کە ئێمە بە دیتنی سۆزو میهرەبانییان دڵمان دەهاتە ژان. چونکە زۆر بە باشی دەمانزانی کە ئەوانە لە سۆنگەی هەژاری و ڕۆژ ڕەشییێن زادەی جیاوازی چینایەتی ناو کۆمەڵگەدا ملیان بۆ ئەم ئەسارەتە داوە. ئەوانە بەو هەموو دلۆڤانی و دڵسۆزییەی خۆیانەوە نەیاندەتوانی لەو کار و ئەرکەی کە ئەنجامیان دەدا ڕازی و خۆشحاڵ بن، بۆیە لە ناخدا ناڕەحەت بوون و هەستیان بە ئازار دەکرد. ئێمە لە سیمای ئەوانەشدا کە بەهۆی ناهۆشیارییەوە بە ڕەزامەندییەوە ئەرکی خۆیان ئەنجام دەدا و بەڕواڵەت لەم کارەش بێزار نەبوون، کۆیلەیەتی ئاشکرامان دەبینی. ئەوانە دیل و ئەسیری هەژاری و نائاگایی بوون کە هەردووکیان زادەی کۆمەڵگەیەک بوون کە جیاوازی چینایەتی لە هەموو شوێنێکیا بەدی دەکرا.

ئەم هەموو ئەشکەنجە و گوللەباران و زۆرداری و زندانە دژی ئەوانەیە کە بۆ لە نێو بردنی جیاوازی چینایەتی کۆمەڵگە و پاشان نەهێشتنی هەژاری و ستەم و زۆرداری و کۆیلایەتی هەستاون. ئەم بەرخودان و مقاوەمەتەش

له هەنبەر خەباتکارانی ڕێگای ڕزگاری خەڵک ، لەلایەن ئەوانەوەیە کە نەمانی جیاوازی چینایەتی لە کۆمەڵگەدا، بە نابووتی ئەوان دەشکێتەوە، یانی بە نابووتی و نەمانی سەرمایەدارانی گەورەی وابەستە بە ئیمپریالیزمی جیهانی و لە سەرووی هەموویانەوە شای بەکرێگیراو دەشکێتەوە!

بەڵێ ئێمە لە وجودی پاسەوانەکانی خۆماندا، ئەسیرانێکمان دەبینی کە ڕەنج و ئازاری زادەی بینینی دیلیەتی ئەوان، ڕق و کینەمانی بەرانبەر بە دژمنانی خەڵک زیاد دەکرد و دەبووە مایەی ئەوە کە لە ژێر ئەشکەنجەدا و لە زنداندا و لە هەنبەر هەر جۆرە زندانی و تەوهینێکدا، زیاتر ئەوەمان لە بیر بێت کە بۆ نابوودی کام دەرد و ڕەنج و قەرەبەختییەکی خەڵک دەخەبتین. چۆن دەشیا لە بوونی پاسەوانێکدا کە کۆیلە ئاسا، لە هەنبەر ژنە چاودێرەکانی مندا ئیکلامی دەکرد و تەنانەت هەر کاتێ من ئاوم دەویست لەپێشا ئاوەکەی بۆ نیشاندانی خۆشخزمەتی دەدا بەو ، ئینجا دەیدایە دەست من، هەست بە ئەسارەتی ئەو نەکەیت و بێلایەن بیت؟! گەلێکمان لەم دیمەنە تاڵ و بەسوێیانە دەبینی و بەخۆمان دەگوت: " کەسێک ڕقی لە ئێستا نەبێت، چۆن دەتوانێ ئایندەی خۆش بوێ؟"

*هاورێ*

*فرینت لە بیر بێت*

*باڵندە هەر دەمرێت*

لەم ڕۆژانەدا ( سەرەتاکانی هاوین یا ئاخر و ئۆخری بەهار ) هاوڕێیان پەیتا پەیتا دەسگیر دەکران. دایەرە ئیسراحەتی نەبوو. بەکرێگیراوان بەردەوام لە هەوڵ و تەقەلادا بوون، بەیانی تا ئێوارێ، ئێوارێ تا بەیانی، دەنگی هاوار و ئەشکەنجە بوو کە لە گوێ نەدەبڕا. بەکرێگیراوان بەجۆرێ شێت و هار بوو بوون، کە بەبێ هۆ بە هەموو لایەکدا ڕایان دەکرد. بۆ نموونە ژنۆکەکە هەرکە دەنگی ئەشکەنجە بەرز دەبۆوە، لەجێی خۆی ڕادەپەڕی و غاری دەدایە ڕاڕەوەکە و دەیگوت:"هەی سەگباب، دە بەر لە ئەشکەنجەکە هەموو شتێ بڵێ و تەواو!..."

هەندێ شەو مەست دەبوون و هەموو لە ڕاڕەوەکەدا نەعرەتەیان دەکێشا. بەدەم هەڵپەڕینەوە شیعریان دەخوێندەوە و ناوی هاوڕێیانیان لە شیعرەکانیاندا دێنا و گاڵتەیان پێدەکردن. ئەوان هەموو کاتەکەیان لە دایەرە بەسەر دەبرد و شە و ڕۆژ لە دوو سێ سەعات پتر نە دەنووستن. هەمیشە سەرقاڵی ئەشکەنجەدان و تەحقیق کردن بوون. بە دیتنی ئەم دیمەنە زۆر ناڕەحەت دەبووم. لە خۆم دەپرسی ئەرێ بەڕاستی پۆلیس شەو و ڕۆژ هەوڵ دەدەن! ئاخر چۆن دەشێت لە پێناو ئامانجێکی کۆنەپەرستانەدا ئەم هەموو کارە بکەیت و تەنانەت نەشخەویت؟ ئایا بەڕاستی پارە و پایە و خۆپەرستی و ژیانی سووک، ئەو توانایەیان پێ دەبەخشێت! حەزم دەکرد هاوڕێیانی دەرەوەی زندان، بەم مەسەلەیەیان زانیبا تا بیانزانیبا کە ئەرکیان چەند قورسە و دەبێ بۆ ڕوو بەڕوو بوونەوەی ئەم دژمنە ، چەندین ئەوەندە کار بکەن. زۆرم ڕەخنە لە خۆ دەگرت و داخم دەخوارد کە بۆچی لە دەرەوە هەندێ جار تەمەڵیم دەکرد و وەختی خۆمم بە خۆڕایی بەفیڕۆ دەدا. کە یەکێکیان دەستگیر دەکرد، لە خۆشیا لە پێستی خۆ نەدەهێورین. پارە وەکو خۆڵ لەبەر پێیاندا هەڵدەڕێژرا، لە زەرفی یە مانگدا بە ناوی ئیزافەکاری و پاداشتەوە، سێ هەزار تمەنیان تەنیا بە ژنە نیگابانەکان دەدا. دوای شەڕەکەی شەقامی هێزی هەوایی هەندێک لە بەکرێگیراوەکان پلەیان بەرز کرایەوە. ئیدی لەم کاتانەدا دەرفەت بۆ بەکرێگیراوان ڕەخسا کە دەسەڵاتی زیاتر پەیدا بکەن و بە دەست بێنن. هەر کەسە دەیویست خۆی کاراتر و شایستە تر بنوێنێت و خەڵاتەکان بۆ خۆی مسۆگەر بکات. بۆیە هەموو هەوڵیان دەدا تا دەتوانن دڕندەتر بن و خۆشخزمەتی خۆیان بگەیەننە لوتکە. لەو ساڵەدا زۆربەی دەسگیرییەکان لەلایەن شارەبانییەوە ئەنجام درابوو و ئەمە هێندەی دی مەغرووری دەکردن. کاتێ دەنگی ئەشکەنجە دەبڕا، بەکرێگیراوان خۆشحاڵ دەبوون کە:" ئیعترافی کرد" و جنێویان دەدا :" تۆ کە دەتویست قسە بکەی خۆ لە هەوڵەوە قسەت بکردایە ئەم درێژە پێدانەی بۆ چی بوو؟"

من به درێژایی ئەو ماوەیەی کە هاوڕێیانیان ئەشکەنجە دەدا، ئازای بەدەنم گرژ دەبوو و مووم لێ نەدەبزووت. بەڵام ئەگەر بەکرێگیراوان لە ژوورەوە بوایەن دەمویست خۆم خوێنسارد نیشان بدەم. کاتێ ئەوان دەیانگوت بزانە چۆن هاوڕێکانت – وشەی هاوڕێیان بە تەوسەوە بەکار دەبرد – قسە دەکەن و ئیعتراف دەکەن، ئیدی هیچ کەسێکتان نەماوە، یان کەس ناتوانێ ڕوو بە ڕووی ئەم قودرەتە مەزنەی دەوڵەت ببێتەوە، موسەدەق کە هەموو دەوڵەتی بەدەستەوە بوو نەیتوانی هیچ بە هیچ بکات، ئێستا ئێوە بە چەند کەسێکەوە دەتانەوێ دەوڵەت سەرنگون بکەن... دەمگوت: ئێوە خەیاڵتان خاوە، هەر وا بیر بکەنەوە، ئەمە سەرەتای شۆڕشە. ئێوە هەرگیز جارێکی دی ئارامی ساڵانی پێشوو بە خۆتانەوە نابینن. زندانەکانتان پڕ دەبن. شوێن نامێنێ خەباتگێڕانی تێ بخەن. ئێوە دڵتان بەم حاڵە خۆشە ، غافڵن لەوەی کە ئەمە خۆی لە خۆیدا، نیشانەی ئامادەگی هەل ومەرجی شۆڕشە. هەندێ جاریش قسەکەی هاوڕێ پویانم دووبارە دەکردەوە، کە ئێمە کاتێ دەست بە کار دەکەین، لەوەیە زۆربەی هاوڕێیانی ڕێکخراوەکەمان لە دەست بدەین و ئەسڵەن لەگینە ڕێکخراوەکەمان بە تەواوەتی لە بەین بچێت و ڕێکخراوانی دی درێژە بە خەبات بدەن. ئەمە گرینگ نییە، ئێمە شانازی بەوە دەکەین، کە بە دەستپێکردنی خەباتی چەکداری، بێدەنگی زادەی زەبر و زەنگمان لە وڵاتەکەماندا شکاندووە. دەمگوت: هەرچەندە ئێمە دەڕۆین بەڵام ڕێگا دەمێنێ...

هەندێجار لە کاتی فراڤیندا دەنگی ئەشکەنجە و هاوار بەرز دەبووەوە و من لە هەنبەر ئەو بەکرێگیراوانەی کە شانازییان بەم کارانەوە دەکرد، زۆر بە زەحمەت خۆم پێ کۆنترۆڵ دەکرا و درێژەم بە نان خواردن پێ دەدرا. دەبوایە بۆیان بسەلمێنم کە کارەکەتان بە هیچ جۆرێ مایەی شانازی نیە و ئێمە چاوەڕێی هەر جۆرە ڕەفتارێکتان لێ دەکەین.. وەک چۆن بەڵگەیە بۆ ڕۆژی ڕوون هەتاو. بەو ئاوایە باوەڕمان بە سەرکەوتنی یەکجارەکی خۆمان هەیە.

کاتێ کە کەس لە ژوورەکە نەبوایە ، کە گوێم لە هاواری ئەشکەنجە بوایە خۆ بە خۆ کۆڵە مستم دەگوشی. ددانم بە چیرەوە دەچوون، کینە و نەفرەت ئەوکی دەگرتم. ئیدی حاڵێکم لێ دەهات ئەگەر لاقم کراوەبوان، بە هەشتاو بۆ ژووری ئەشکەنجەخانە دەچووم و بەو هاوڕێیەم دەگوت بە دڵی دژمن ڕەفتار مەکە، هیچی بۆ مەدرکێنە، ئایا دەبێ لێرەوە هاوار بکەم:" هاوڕێ! فرینت لە بیر بێت، باڵندە هەر دەمرێت!" لەو هەنگامەی بێدادییەدا، دەنگی من بە کوێ دەگەیی؟ سەراپام خەریک بوو گڕی دەگرت، چ ساتانێکی تاڵ و ناخۆش بوو. هەستم دەکرد کارێک بە قازانجی دژمن دەکرێت، لێ ئەقڵم بە هیچ کوێ ڕا نەدەگەیی کە نەیەڵم ئەو کارە سەر بگرێ، بەرهەڵستی بکەم. ئەو هەستی بێدەسەڵاتییە دەی ڕەنجاندم. گەیی بوومە حاڵێک کە ئارەزووم دەکرد دەنگی ئەشکەنجە نەبرێت. دنیای خەبات دنیایەکی ئاوها سەیرە. بەو هەموو خۆشەویستی و مەحەبەتەوە کە دەرهەق بە یەک بەیەکی هاڕێکانت هەتە و لە کانگای دڵەوە هەستی پێ دەکەیت، لە کاتی ڕوو بە ڕووبوونەوەی دژمندا ، حەزدەکەیت بەردەوام هاواری ئەو بژنەوی و بێدەنگ نەبێت. ئەگەر قەراربێ بێدەنگی و خامۆشی هاوڕێ

، نیشانەی تەسلیم بوون بە دژمن بێت، چونکە لە مەیدانی خەباتدا خۆشەویستی هاوڕێیان لە خۆشەویستی ئامانجێکی بەرزەوە سەرچاوە دەگرێت، کە لە دڵی ئەودا کەڵەکە بووە، دەنا کاتێ کە ئەو پشت بکاتە ئامانجەکەی خۆی، ئیدی چۆن دەشێت هەر خۆشت بوێت؟

پێویستە ئەوە بڵێم کە بڕانەوەی هاواری ئەشکەنجە هەموو کاتێ نیشانەی لاوازی و بەزینی هاوڕێیان نییە. هەندێ لە هاوڕێیان بە دانی ئەدرەسی هەڵە، دەیان کردە کارێک کە بۆ ماوەیەکی کاتی ئەشکەنجەیان لە سەر لابچێت و هەندێ جاریش نیشانەی لە خۆ چوونی هاوڕێیان بوو لە ژێر ئەشکەنجەدا.

دژمن سوودی لە مقاوەمەت نەکردنی هەندێکان وەردەگرت، بۆ لاواز کردن و ڕووخانی ورەی ئەوانی دی. دژمن بە نیشاندانی نموونەێن واقیعی و لێدانەوەی قەوانە هەمیشەییەکەی خۆی : "بابە تۆ زۆر فەقیری، لێرە هەر کەسە و لە خەمی خۆیەتی، ئاخر مەگەر پیاو شێتە کە لەبەر خاتری کەسێکی دیکە خۆی عەزاب بدات. هەموو تا لە دەرەوەن زمانیان زۆر درێژە و لاف و گەزافی دنیا لێ دەدەن، بەڵام کاتێ کە دەگەنە ئێرە هەرچییەکیان لە هەگبەدا هەبێ هەڵی دەڕێژن و چیان پێ بێ لە سیری تا پیازی دەیگێڕنەوە!"

بەو جۆرە هەوڵی دەدا، ئینسان لە بەرخودان بخات. بەکرێگیراوان، خاینان بە خەڵک، زۆر دڵیان بە مقاوەمەت نەکردنی هەندێکان و بەو سەرکەوتنەی خۆیان خۆش دەبوو، هێندە خۆشحاڵ دەبوون کە لە پێستی خۆ نە دەهێورین. درەوشانەوەی پارە و پوڵ چاوی خستبوونە ڕێشکە و پێشکە و بە جۆرێ کوێرایی داهێنابوون، جگە لەوەی کەسێک دەسگیر بکەن، هیچ ئاوات و ئارەزوویەکی دیکەیان لە دڵدا نەبوو. ئیدی بە ڕۆشنی دیار بوو کە ئیعتراف و قسەکردنی هاوڕێیان بۆ دژمن جەزرەبە و ئاکامەکەی تەنیا دەستگیری یا کوشتنی هاوڕێیەکی دیکە نییە، تەنیا لە دەستدانی یەک شانە و بنکەی ڕێکخراوەیی نییە، یا تەنیا ئەمە نییە کە خەڵک بڵێن: شۆڕشگێران کوژراویان داوە، شکاون، بەڵکو ئاکامی ئەم جەزرەبەیە ئەمەشە کە دژمن ورە پەیدا دەکاتەوە، چەشە دەبێت و ئازا دەبێتەوە. مەیدانی خەبات لە هەموو هاوڕێیانی دی تەنگتر دەکات وئەم حاڵەتە دەکات بە دەسکەلای دەستی خۆی بۆ لاواز کردنی ورەی هەموو زندانییەکانی دیکە و وادار بە قسەکردنیان دەکات.

ئەو ڕێبازەی من بۆ ڕوو بە ڕوو بوونەوە و پوچەڵکردنەوەی قسە ژەهراویەکانی دژمن بە کارم دەبرد و نەمدەهێشت هیچ کارێکم تێ بکەن، ئەمە بوو کە هەوڵم دەدا باوەڕ بە بچوکترین قسەیان نەکەم. دەمگوت نابێ باوەڕ ومتمانە بە هیچ شتێکی دژمن بکرێت. وێڕای ئەمەش هەندێ حەقیقەت هەبوون کە نەدەکرا چاوپۆشیان لێ بکەم و هەموو شتێک هەر بە درۆ بزانم. جارێک لە کاتی چوون بۆ سەر ئاو، کوڕێکم بینی کووڕ بوو بووەوە، بە ڕوخساری خەمین و تازیەبارانە، وەکو کەسێکی زەبوون و بێ چارە لە تەک پاسەوانێکدا بۆ سەر ئاو دەچوون، ژنەکان هەرکە ئەویان بینی بە پاسەوانەکەیان گوت: " زووتر بیبە" و بە ئەویشیان گوت: " سەرت دابخە" و ئەویش کۆیلە ئاسا بەگوێی کردن. چەند تەماشای ئەو دیمەنەم بەلاوە قێزەوەر بوو. پڕ بەدڵ حەزم دەکرد، ڕای بتەکێنم و هاواری بەسەردا بکەم، شەرم لە خۆت بکە، سەرت بەرز بگرە، ئیدی ئەمە حەقیقەتێکی تاڵ بوو، کە

نەدەکرا باوەڕی پێ نەکەیت، ئەو حەقیقەتەش هەبوو کە یەکێک دوای نیو سەعات  یا یەک سەعات ئەشکەنجە ئیعترافی دەکرد و هەموو شتێکی دەگوت.

## *هێزی ویست و باوەڕ*

## *لە هێزی ئەشکەنجە باڵاترە*

هەندێجار کاتێ یەکێک لاوازی دەنواند، من لە دیتنی ڕوخساری سەرکەوتوانەی دژمن تووڕە دەبووم. هەستم بە قین و کینەیەکی قوڵتر دەکرد و هەنگێ بیرم لەو پرسیارە جۆراو جۆرانە دەکردەوە کە لە زەینمدا هاتبوونە ئاراوە. باشە بۆچی هەندێ کەس ئیعتراف دەکەن. ئایا ئەشکەنجەکەیان بەو ئەندازەیەیە کە تەحەموول نەکرێت؟ پاشان یەک دنیا نموونەی بەرخودان و مقاوەمەتی ئەفسانەیی هاوڕێیاینم وەبیر خۆ دێنایەوە و لە دڵی خۆدا دەمگوت: ئاخر ئەشکەنجە لەوەی هاوڕێ نیک داوودی(٩) قارەمان سەخت تر و دڕندانەتر دەبێت کە تا ئەو دەمەی لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانی سپارد، تاقە وشەیەکی بۆ دژمن نەدرکاند؟

ئاخر چ ئەشکەنجەیەک لەو ئەشکەنجەدانەی کە دەرهەق بە هاوڕێ بەهرۆز دیهقانی بە کاریان برد، قورستر بووە و قورستر دەبێت؟ کەچی هاوڕێ بێ ئەوەی بە ئاستەم لە هەنبەر ئەم ئەشکەنجە دڕندانەیەی دژمن مل کەچ بکات، دژمنی بە باوەڕی پتەوی خۆی هێنایە سەرچۆک. مەگەر دژمن دوای بەکار بردنی ئەشکەنجەێن زۆر توند سەبارەت بە هاوڕێیانی لێڕەوار و بەرخودانی دلێرانەی ئەو گیانبازانەی خەڵک، هەر ئەو دژمنە نەبوو، کە جەستەی بێ گیان، بەڵام هێشتا خۆڕاگری وانی گوللە باران کرد؟

ئایا ئەو ئەشکەنجانەی کە گروپی جەزەنی(١٠) لە ماوەیەکی درێژدا بینیان و بەرخودان و مقاوەمەتێکی دلاوەرانە و زۆر عەنتیکەیان لە هەنبەردا نیشاندا، چما ئەندازە و توندی وان ئەشکەنجانە کەمتر بوو، کە بەو سەرفەرازییە لە ژێر ئەشکەنجە هاتنە دەرێ؟ لە خۆم دەپرسی، چما دەشێت تەسەوری ئەوە بکرێت کە دژمن هەموو توانایەکی خۆی بۆ ئەشکەنجەدانی خەباتکارانی دلێر بەکار نەبات، دەست لە ئەشکەنجەدانیان سووک بکات؟

دیمەنێک لە دیمەنەکانی بێباکی و مقاوەمەتی ئەفسانەیی یەکێک لە هاوڕێیانی گروپی جەزەنیم وەبیر دێنایەوە و یادکردنەوەیشیم بە ئەرکێک دەزانی: دژمن دوای بەکاربردنی جۆرەها ئەشکەنجە، مەقەڵییەکی کارەبایی هێنابوو و بە کەیف و شادییەوە گوتبووی: "هەنوکە تۆی لەسەر دادەنەم وهەنگێ خۆ بە خۆ دێیتە قسان." هاوڕێی ناڤبری هێندەیان ئەشکەنجە دابوو، کە جوڵەی لەبەر بڕابوو، زۆر بە زەحمەت بەرەو مەقەڵییەکە کشا بوو و گوتبووی: " لە ڤێتنامدا، بابایەکی بودایی لە پێناوی ئارمانی خۆیدا، ئاگر لە خۆی بەردەدا، من کە بابایەکی کۆمونیستم، لە ئاگری مەقەڵی بترسم؟" و بە خۆی لەسەر مەقەڵییەکە دانیشتبوو.

هێشتا لە سەر سەختی و بێباکی خەباتکارانی وەکو هاورێ مەسعودی (١١) ئەحمەد زادە، هاورێ مەجید (١٢) ئەحمەد زادە، موجاهیدی دلێر عەلی ئەسغەر بەدیع زادەکان (١٣)، هاورێ عەباس موفتاحی (١٤)، هاورێ هەمایون کەتیرایی (١٥)، هاورێ سیروس سپەهری (١٦)، هاورێ شاروخ هیدایەتی (١٧)، هاورێ ئەسغەر عەرەب هەریسی (١٨)، هاورێ محەمەد تەقی زادە (١٩) و دەیان نموونەی دیکە کە دواتر داستانی ژیانیان چووە سەر هاورێیانی ناوبراو، خەبەرم نەبوو و نەمدەزانی لە کاتێکا کە من بە دیتنی بەرگە نەگرتن و مقاوەمەت نەکردنی چەند کەسێک بیر لەمە دەکەمەوە کە ئایا ئەشکەنجەکانی ئەوان بەجۆرێکە کە لە توانا و تەحەمولدا نییە، ئەم دلاوەرانە، ئەم گیانبازانەی خەڵک، ئەم گیانبازانەی ڕێگای ڕزگاری خەڵک بە مقاوەمەت و بەرخودانی دلێرانەی خۆ دژمنیان دێنایە سەر چۆکان و یادگارێن درەوشاوەی قودرەتی ئیرادە و باوەڕی مرۆڤی خەباتکاریان لەسەر لاپەڕەکانی مێژوو دەنەخشاند. ناتوانم خۆم لە باس و گێڕانەوەی ئەو مقاوەمەتە ببوێرم کە دەربارەی هاورێ مەسعودی ئەحمەد زادەم ژنەوتووە.

دژمن دوای دەستگیرکردنی هاورێ مەسعود، خستبوویە ژێر توندترین ئەشکەنجەوە، دژمن وەهای وێنا دەکرد دەتوانێت لێوانی چوون قەڵای لە فەتح نەهاتگی هاورێ بکاتەوە و بیهێنێتە قسە. هەرچی ئەوزار و ئامێرێکی ئەشکەنجەدانی هەبوو لەودا تاقی کردەوە بەڵام بێهودە. هاورێ مەسعود لەو بەرخودانەیدا کە لە زنداندا لەگەڵ هاورێیاندا هەی بوو- لەوانە لەگەڵ من و دوو هاورێی دیکەدا کە لە لاپەڕەکانی دواتردا دێمە سەر باسکردنی- هەمیشە هەوڵیدەدا زام و شوێنەواری ئەشکەنجەکان لە هاورێکانی بشارێتەوە. ئەو لە مەسەلەی بەرگری و مقاوەمەتدا گەیی بووە ئەو ئاستەی کە وای وێنا دەکرد لەوەیە شوێنەواری توندی ئەشکەنجە بەسەر بەدەنییەوە کار لە هاورێیان بکات!

هاورێ مەسعود چەند ڕۆژێک لەگەڵ هاورێیەکی دیکەدا لە یەک سالول بووە. لەو کاتانەدا دژمن لەژێر ئەشکەنجەدا بە هیتەرێکی کارەبایی زامێکی گەورەی بە ئەندازەی قاپێک کردبووە پشتی. هاورێ مەسعود هەوڵی دەدا تا هاورێ هاوژوورەکەی بەم زامە نەزانێت، بۆیە تەنیا ئەو کاتانەی کە ئەو لە خەودا دەبێت فانیلەکەی ژێرەوەی کە یەک پارچە چڵک و خوێن بوو دەگۆڕێت. ڕۆژێک هاورێکەی بێدار دەبێتەوە و زامە قووڵ و گەورەکەی پشتی هاورێ مەسعود دەبینێ و هەنگێ دەکەوێتە هاوار و هەموو زندانییەکان لە دڕندەیی و هۆڤیگەری جەلادان ئاگادار دەکاتەوە. کەچی هاورێ هەوڵدەدات لەم کارە ژێوانی بکاتەوە و ئەم هەواڵە بڵاو نەکاتەوە.

تێکڕای هەوڵەکانی دژمن سەبارەت بە هاورێ مەسعود و هەموو ئەشکەنجەیەک کە لەودا تاقی کردەوە، هەر هەمووی شکستی هێنا و هاورێ هیچ زانیارییەکی بە دەستی دژمنەوە نەدا و هەموو نهێنییە چریکییەکانی هاورێیانی خەباتکاری لە سینەی خۆیدا ناشت. بەرخودان و مقاوەمەتی هاورێ بەڕادەیەک مایەی سەرسامی بوو کە دوای ناکامی هەموو جۆرە ئەشکەنجەکان ئەو سەرهەنگەی کە ماموری ئەشکەنجەدانی ئەو بوو پێی گوتبوو: "

ئێمە و ئێوە دژمنی خوێنی یەکترین ، خۆشت ئەمە دەزانی، بەڵام من ئافەرینت دەکەم و دان بەوەدا دەنێم کە تا ئێستا کەسی وەک تۆم نەدیتووە" هەموو ئەشکەنجەچییەکانی دژمن سەری ڕێزیان بۆ هاوڕێ دادەنواند و وێڕای بێ شەرمی و دڕندەیی لە ڕادەبەدەری خۆیان، هەمیشە بە ڕێزەوە ڕەفتاریان لەگەڵ هاوڕێدا دەکرد.

بەمجۆرە گەییمە ئەو ئەنجامگیرییەی کە خۆ بە دەستەوەدان هۆکاری جۆراو جۆری هەیە کە بۆ هەموو کەسێک خویا و قابیلی لێکدانەوەیە. ئێمە هێشتا لە سەرەتا و هەوەڵی ژیانی شۆڕشگێڕیدا دەژین و بزووتنەوەکەمان هێشتا قۆناغی منداڵی خۆی دەگوزەرێنێ. دروستە کە ئێمە بەسەر لاوازییەکانی ژیانی ڕابردووماندا زاڵ بووین. بەڵام بە تەواوەتی لە ناومان نەبردووە، لە ژیانی شۆڕشگێڕیشدا ،هەندێجار چاوپۆشی لە ڕوو بە ڕووبوونەوەی ئەو لاوازیانە دەکەین. خۆش باوەڕین، جۆرە چاوپۆشییەک لە خاڵە لاوازەکانمان دەکەین. وەکو پێویست ڕەخنە و ئیراد لە خۆمان و هاوڕێکانمان ناگرین. لە بری ڕیشەکێش کردنی لاوازییەکانی ناخ و دەروونمان سەرپۆشیان بەسەردا دەدەین. بە هەرحاڵ هەل ومەرجی دەرەوەی زندان بواری دەرکەوتنی ئەم لاوازییانە نادات. قولی ڕەش و سپی وەک دەڵێن لە بواردا دەردەکەوێت. بۆیە کاتێ کە دەکەوینە زندان، ئەشکەنجە دەدرێین، دژمن سەدان نێرەنگ و فڕ و فێڵ بۆ ڕووخاندنی ورەمان بەکار دەبات، ماوەیەک بە تەنیا دەمێنینەوە و زەمینەیەکی لەبار بۆ گەشەکردنی ئەو لاوازیانەمان فەراهەم دەبێت. ئیدی توانای ڕوو بە ڕوو بوونەوەیانمان نامێنێ، ئیدی شەرمەزاری و نەنگی خۆ بەدەستەوەدان قەبووڵ دەکەین... بۆیە پێویستە هەمیشە لەگەڵ خۆماندا سەختگیر بین و هەموو دەمێ ڕەخنە لە خۆمان بگرین و بە جدی ڕوو بە ڕووی لاوازییەکانی خۆمان ببینەوە و هەوڵ بدەین بیان سڕینەوە. نەک ڕووپۆشیان بەسەردا بدەین و ڕێگەیان بدەین بۆ ماوەیەک لەبەر چاومان ون بن. بەم چەشنە دەتوانین دڵنیا بین کە هێزی ئیمان و ویست لە هەر هێزێکی دیکە بەهێزترە و هیچ هێزێک ناتوانێت بیشکێنێ.

## بەرزکردنەوەی وورەی هاوڕێیان ئەرکی

## هەر خەباتگێڕێکە لە زنداندا

دەمزانی هەر کارێک کە لایەنی بانگەشەیی هەبێ بۆ ئێره پێویسته. دیتنی ڕوخساری گەشی یەکێک لە هاوڕێیان لە ڕێگای چوونە سەر ئاو ئەم بۆچوونەی منی سەلماند. ماوەیەک دوای دیتنی ئەو کوڕە لاوازە لە هەمان ڕێگادا تووشی هاوڕێیەک بووم سەری بەرز گرتبوو، بە ڕوخسارێکی گەش و زیتەڵەوە دەیڕوانییە دەورو بەر، شای بە سەپان نەدەگرت، ئازادی ئازاد بوو. کە چاوی بە من کەوت زۆر کەیف خۆش بوو، هەردووکمان بەوپەڕی شەوقەوە سڵاومان لە یەکدی کرد و پێکەنین. نەمان دەزانی لەو دەمە کورتە چەند ساتیەدا چ وشەیەک بەکار بەرین کە گوزارشتگەری هەستمان بێت. بە یادئاوەری ئەو کوڕەی کە پێشتر دیتبووم بەم هاوڕێ نەناسراوەم، بەڵام ئاشنا ،گوت: هاوڕێ هەمیشە شادبە! لەوە بوو هەر خۆم لە مەبەستی خۆم حاڵی بووبم.

لەو ڕۆژانەدا ژنەکان باسی هاتنی "عەلەم"* یان بۆ زندان دەکرد و (* . عەلەم: یەکێک بوو لە نۆکەرە هەرە ئەمەکدارەکانی ماڵباتی نەنگینی پەهلەوی و وەزیری دەرباری شای خاین بوو، یەکێک بوو لە فیوداڵە ناسراوەکانی ئێران کە دوای ڕیفۆرمی زەوی و زار ، بوو بە یەکێک لە گەورەترین بورژوایانی وابەستە بە ئیمپریالیزم لە ئێراندا). دەیانگوت لەوەیە بۆ ژوورەکەی منیش بێت، پییان دەگوتم کە هات دەبێ لە بەری هەستیت و گوایە بە ئەدەب و نەزاکەت بیت. بەڕاستی قسەگەلێکی بێ مانا بوون! تاقەتی ژنەوتنیانم نەبوو. کە ئەوەم دێنایە بەر چاوی خۆم ، کە ئەو مێردەکە زەروو سیفەتە کە خوێنی هەزاران جووتیاری زەحمەتکێش دەمژێت و خەرجی ڕابواردن و خۆشگوزەرانییە گڵاوەکانی خۆی دەکات، لەوەیە بێت بۆ ژوورەکەم، تووڕەیی سەراپای دادەگرتم، هەستم دەکرد لە بەرانبەریا یەکپارچە ئاگرم. دەمزانی ئەگەر ڕوو بە ڕووی ببمەوە بە هەموو هێز و توانایەکمەوە بە هەر شتێک کە لەبەر دەستمدا بێت بەردەبمە وێزەی... ئەم بابەتە خستمیە سەر کەڵکەڵە و بیری ئەنجامدانی کارێکی دیکە. بۆ چاوانی خەتایی دەرنەیەنم؟ ئایا ناتوانم کەسانێک لەوان بکوژم یان بە لای کەمەوە بە خەستی بریندار بکەم؟ بۆ ئەم کارە نەکەم؟ ئایا ئەم مەسەلەیە خۆی لە خۆیدا نابێ بە جۆرە بانگەشەیەک و ناتوانێ کار لە ورەی هاوڕێیان بکات؟ کاتێ ئەو پرسیارانەم لە خۆ دەکرد، هەستم دەکرد هیچ هۆیەک بۆ نەکردنی ئەم کارە نییە. نەخشەیەکم دانا کە چاوانی خەتایی دەربێنم. بەڵام نەمدەزانی چۆن ئەم کارە بکەم. وام تەسەور دەکرد دەتوانم بە دەستەکانم چاوانی دەربێنم. مەشقم لە سەر چاوەکانی خۆم دەکرد، بەڵام وێ دەچوو ئەم کارە نەکرێت. جارێکیان کە خەتایی دانیشتبوو بە وردی چاوەکانیم دایە بەر زەین تا بزانم دەشێت ئەم کارە ئەنجام بدرێت یان نا... بۆم دەرکەوت بە گوێرەی ئەو نەخشەیەی کە من دامناوە، ئەم کارە نایەتە کردن. کارەکەم نەکرد، ئیدی خەتایی بۆ ژوورەکەی من نەدەهات. ئەمجارەیان مەخفی جار جارێک سەری

ژوورەکەی دەدام. سەبارەت بە مەخفی وام وێنا دەکرد دەتوانم پەرداخێکی شووشەی بە سەروچاودا بکێشم. جارێکیان کە ئەو لە تەنیشتمەوە دانیشتبوو، بە پاسەوانەکەم گوت ئاو بێنە، ئاوەکەی هێنا، مەخفی رووی وەرگێڕا بوو و خەریکبوو دەگەڵ ژنەکاندا قسەی دەکرد. دەمویست ڕوو وەربگێڕیت تا پەرداخەکە بە ئەسەحی بەر دەموچاوی بکەوێت، بەڵکو کوێری بکات. کەمێکم لە ئاوی پەداخەکە خواردەوە، بەڵام ڕێک لەم کاتەدا گازیان کرد، هەر هەستا و ڕۆیی.

من ئەم کارانەم لەو جۆرە هەڵوێستانەدا بە ئەرکی خۆم دەزانی و کە ئەنجامم نەدەدان، ویژدانم زۆر ناڕەحەت دەبوو. کاتێ مەخفی ڕۆیی، زۆر نیگەران و ناڕەحەت بووم، لێبڕام جارێکی دی ئەم کارە بکەم. بەڵام ئیدی هیچ هەلێکی گونجاو نەڕەخسا. کەمتر دەهاتن بۆ ژوورەکەی من و هەرکاتێکیش هاتبان، ماوەیەکی کەم لە بەردەرگا دەوەستان، گرتن و دەستگیری لە هەڕەتی خۆیدا بوو، ئەوانیش زۆر سەرقاڵی ئەنجامدانی تاوانەکانی خۆیان بوون، دەستگیری بەردەوام، ئەشکەنجەدانی هاوڕێیان، یەکجار پەست و تووڕەیان کردبووم. ڕەفتارم دەگەڵ هەمواندا ڕەق بوو. ژنەکەش کە ماوەیەک بوو ئەزیەتی نەدەدام، سەر لە نوێ دەستی بە کارەکەی خۆی، واتە ئەزیەتدانم کردەوە. وەکو گوتم توند کردنی کەلەپچە، کردنەوەی دەرگای تەوالێت، ڕاسپاردنی پاسەوانەکان کە لە بەردەرگاکە دوور نەکەونەوە و تەوس و توانج و پلاران...

ڕۆژانی هەوەڵی دەسگیریم بووری بوو، تا دەرهەق بەوان کارێک بکەم و ئەو دارکاریم بکات و من بە دەست و پێی بەستراوەوە تەنیا بتوانم جنێو بدەم، دەبوایە تەمبێم بکردایە، لە دڵی خۆدا گوتم: ئێستا کە ئەفسەرەکان نایەن بۆ ژوورەکەم، تەمبێ کردنی ئەم ژنە خۆی لە خۆیدا دەشێت ببێت بە بانگەشەیەک. پرسیارێکم لە خۆم کرد: ئەگەر دارکاری بکەم، ئەم کارە دەشێت چ ئاکامێکی لێ بکەوێتەوە؟ یەکسەر بۆم دەرکەوت کە پرسیارێکی محافزکارانەم کردووە. پرسیارەکەم گۆڕی: ئایا دروستە کە ئەمکارە ئەنجام بدرێ؟ ئەنجامدانی ئەو کارە دەشێ چ کاریگەرییەکی بەسەر کەسانی دیکەوە هەبێت؟ دەمزانی ئەگەر زەمان ئەنجامدانێکی کارێکی لە من دەویست و من بە پیرییەوە نەدەچووم، مانای وایە ژیانی خۆم بەرەو بێ هودەیی و بێ ئامانجی بردووە. ئیدی بەدەم ئەم بڕیارەوە چاوەڕوانی هەلی گونجاو بووم. لەم ماوەیەدا هەردوو ژنەکە شووڵێن لێ هەڵکێشابوو و لەبەردەم مندا بە ڕاشکاوی جنێویان بە هاوڕێیان دەدا، هاوڕێ ڕوقییە دانشگەری(٢٠) ماوەیەکی کەم بوو گیرا بوو، تانەیان لەو دەدا و مەبەستیانیش من بوو، بوکێ لەگەڵ تۆمە، خەسوو گوێت لێ بێ، لەو جۆرە تانە و تەشەر و قسانەی کە گۆڤار و ڕۆژنامەکانیان دەیان نووسی. ئاخر بیرکردنەوە و هزرینی وان، لەوەی هێوەتر بڕی نەدەکرد.

دەبوایە لە هەمان ئەو ڕۆژانەدا وەڵامیان بدەمەوە. ڕۆژێک بۆ سەر ئاو چوو بووین و ژنەکە وەک هەر جارێک دەیبۆڵاند و فەرمانی دەدا: " دەستت لەم دەستشۆرە مەشۆ، لەمەیان بیشۆ." ئیدی ئەم دەرفەتەم لە دەست نەدا ، پەلامارم دا و حەسیرمەیدانێکی باشم کرد. ژنەی زەبوون و داماو لە ترسا لە جێی خۆی ڕەق ڕاوەستا بوو. ئەو ژنەی کە جاران زیاد لە پێویست بە شان و باڵی خۆیدا هەڵدەگوت، تەنانەت نەدەوێرا هاواریش بکات.

پاسەوانەکەش پەشۆکا بوو، سەری لێ شێوا بوو، لە جیاتی ئەوەی من بگرێت، ئەوی گرتبوو، ئیدی تا هێزم تێدا بوو بە لەقە لێم دەدا و دەستم نابووە یەخەی و ژنەی تاین خەریک بوو دەخنکا. ئەفسەرەکان لە دەنگە دەنگی ئێمە وەئاگا هاتن و ڕژانە دەرەوە و بە ڕاکێش ڕاکێش منیان بۆ ژوورەکە بردەوە. لەوێ بگرە کوێت دێشێت، شلکوتی عەمریان کردم. بەڵام من بە ڕادەیەک هەستم بە لەش سووکی و خۆشحاڵی دەکرد، کە نەباکم بە لێدانەکەیان هەبوو، نە هەستم بە ناڕەحەتی دەکرد. دڵی خۆ کردبوو بە تەرزە، دەستی خۆم وەشاندبوو و پێشبینی کوتەک خواردنیشم کردبوو، ئیدی هیچم بەلاوە گرینگ نەبوو. لە سەر تەختەکە پاڵیان خستم دەستەکانیان بە کەلەپچەوە بە سەرووی تەختەکەوە توند بەستمەوە. لاقەکانیان بە پەت بە تەختەکەوە بەستەوە.

فەرید ئەم بەکرێگیراوە بە ناو بە ئەدەبەی شارەبانی، لەگەڵ نیک تەبع دا، لەو کاتەدا کە کەلەپچەیان لە دەستم دەبەست ، پەیتا پەیتا شەقەزللەیان بە ڕوومدا دەماڵی. بەو پەڕی بێ دەسەڵاتییەوە وەکو کەسانێک کە خۆ بە بێ دەسەڵات بزانن و بیانەوێ بە هەر شێوەیەک بووە قین و داخی خۆ بڕێژن، بە مست بەربوونە قەبرغەم، چونکە دەستەکانم لە سەرەوە بەسترابوونەوە، بە ئاسانی دەیانتوانی ئەم کارە بکەن. دوای ماوەیەک ڕۆیشتن. پەتەکەی لاقم هێندە توند شەتەک درا بوو، لاقم شین بوو بووەوە و خوێنی تێزابوو. گۆزینگی پێم و مەچەکی دەستم کە لە ژێر گوشاری پەتەکە و کەلەپچەکەدا بوون، زۆر دەیەشان. نەمدەتوانی سەرم بجولێنم . دەستەکانم لە کەلەپچەدا و بە بەرزییەوە زۆری ئازار دەدام. بە هەر حاڵ سێ چوار سەعاتێک لە هەمان ژووردا لەگەڵ ئەو پاسەوانەدا کە نیگابانی من بوو، مامەوە. ئەوەندەم هەست بە خۆشحاڵی دەکرد، هەر مەپرسە، پاسەوانەکە زۆر ناڕەحەت بوو، دەستی لە پەتەکان دەدا بەڵکو بتوانێت کەمێک شلی بکاتەوە. حەزی دەکرد کارێکم بۆ بکات. ئاوی بۆ هێنام و بە دەستی خۆی بۆی ڕاگرتم تا بیخۆمەوە، بەردەوام دەیگوت: " ئاخر بۆ بە دەستی خۆت ناڕەحەتی و سەریەشە بۆ خۆت دروست دەکەیت؟" حاڵەتیکی دڵسۆزانە و ڕاستگۆیانەی هەبوو، وەکو برایەک کە بە ئەرکی خۆی بزانێ کە بەرگری لە خوشکەکەی بکات قسانی دەکرد.

پاش سێ چوار سەعات چەند بەکرێگیراوێک بە جنێودان و تانە و تەشەرەوە هاتن، تەختەکەی منیان دا بە کۆڵی پاسەوانانەدا و لە ژورەکەیان بردمە دەرەوە. چارەی گران و ڕەزای قورسیانم دەبینی کە تەمەشای منیان دەکرد، مەنوچەهری( ناوی خوازراوی قەندی بوو) کە منی دەسگیر کردبوو، نەخچەوانی بە هەیکەلی درشت و ورچ ئاسایی و چاوانی ئاوساوییەوە، نیک تەبع بە ڕوخساری هەمیشە ماندووییەوە، فەرید، مەخفی، خەتایی، ئەمینی...

تەختەکەیان بە پێچ و پەنای ڕاڕەوەکەدا جارێ بەرز دەکردەوە و جارێ نزم دەکردەوە، کاتێ یەکێکیان دەیگوت: تەختەکە باش بگرن لەوەیە بکەوێت، ئەوانی دی وەڵامیان دەدایەوە: " خەمت نەبێ ئەمە سەگ گیانە ناکەوێت" من کە وام وێنا دەکرد بۆ ئەشکەنجە خانەم دەبەن، بەو قسانە پتر ورەم بەرز بووەوە و بە تووڕەیی

هاوارم کرد: ئەگەر ئێوە بەرخودان و مقاوەمەت و سەرشۆڕ نەکردن بە سەگ گیانی دەزانن، ئەوا هەر بە سەگ گیانی دەمێنمەوە.

لە چەند پلەیەکەوە داگەڕاین، لە ناکاوا دەنگی کەوتنە کاری ئوتومبێل یا ماتۆڕێک، زۆر بە توندی بەرز بووەوە، کە بەلامەوە شتێکی تازە و سەیر بوو. ژنە نیگابانەکە پێشتر باسی سالولی ئینفرادی بۆ کردبووم، کە چۆن ئاوی گەرم یا تەزی دەکەنە ژێر زندانی. لێرەدا بیرم بۆ ئەوە چوو کە ئەم دەزگایە تایبەتە بەو شتانە. بەدەم هەرا و هەنگامەوە، تەختەکەیان لە ژوورێکی تاریک و چکۆلەدا دانا. پاشان دەرگاکەیان داخست و بەخۆیان ڕۆیشتن. ماوەیەک بەو دەقەوە مامەوە. چاوەڕوانی ئاوی گەرم یان سارد بووم، کە دەبوایە بکرێتە ژێر تەختەکە. هەوڵم دەدا سەرم بجوڵێنم و تەمەشایەکی ژێر تەختەکە بکەم، تا بزانم لەوێ چ دەگوزەرێ و من لە کوێم؟ بەڵام هیچ شوێنێکم نەدەبینی . ساپیتەکەم لێوە دیار بوو کە لە شێوەی گومەزدا بوو. کونێکی بچووک بە بەرزییەوە، لە دەرگاکە بوو، لەوە دەچوو چاوێک لەوێندەرەوە جار جارێک سەیری ناوەوە بکات. هەستم بە ئارامی و لەش سووکییەکی زۆر دەکرد، زۆرم لەزەت لەم حاڵەتە دەبینی. هەستم دەکرد کە ئەگەر ئاوی گەرم یا تەزی بکەنە ژێرم، ئەمە هەڤبەندی و هەڤبەستەکی من دەگەڵ خەڵکی ستەمکێشدا، کە هەمیشە لە گەڵ ڕەنج و عەزابێن لەمانە خراپتر دەست و یەخەن، زیاتر دەکات. بیرم لەو کرێکارە ئەهوازییە دەکردەوە، کە لە گەرمای پەنجا پلەی هاویندا، بە دیار کوورەوە لەبەر خاتری پارووە نانێک چ ڕەنجێک تەحەموول دەکات. بیرم لەو منداڵە هەژارانە دەکردەوە کە لەبەر بێ بەرگی لە زستانی ساڵی١٣٤٨ دا لە تەورێز لە ڕێگای قوتابخانە، لە سەرما ڕەق دەبوونەوە. بیرم لە دەیان جووتیار دەکردەوە کە هەموو ساڵێک لە دەوروبەری تەورێز لە سەرما دەمردن. لە دڵی خۆدا دەمگوت ئەشکەنجەکانی ئێرە نموونەیەکی بچووک و ڕەوتەنی ئەشکەنجەێن بەردەوام و بەرە بەرەی خەڵکە. جۆرەها ئەشکەنجەم دێنایە بەرچاوی خۆم و ژیانی ئەو خەڵکە هەژارانەشم ،کە دیبوومن، دێنایە بەر چاوی خۆم و هەستم دەکرد لێرە هیچ جۆرە ئەشکەنجەیەک نییە کە ئاوێتە بە ژیانی هەمیشەیی خەڵک نەبێت، خەڵکێک کە ئەوەندە بەلامەوە ئازیز بوون و من ئەوەندەم خۆش دەویستن و هەمیشە هەر خۆشم دەوێن.

دوای ماوەیەک کە بە دروستی نازانم چەند بوو، پاسەوانێک دەرگای کردەوە. پاسەوانێکی ئاشنا بوو، لەوانە بوون کە پێشتر باسی دڵسۆزیم کردبوون. پێشتر پێم گوتبوو ئاقیبەت دەستێک لەم ژنانە هەر دەوەشێنم، وەختی چاوی بە من کەوت بە گلەییەکی دۆستانەوە گوتی: " پێم نەگوتی ئەم کارە مەکە" سەیرێکی دەرەوەی کرد، پاسەوانێکی دیکەی دۆستی خۆی ڕاسپارد کە وریا بێ و بەخۆی هاتە ژوورەوە و کەمێک پەتەکەی لاقی شل کردمەوە. تا عەسر هیچ کەسێک نەهات بۆ سالولەکە، جار جارێک پاسەوانەکان لە کونی دەرگاکەوە تەمەشایان دەکرد. لەم ماوەیەدا یەک جار گوێم لە دەنگی جنێو بوو، زللە وەشاندن بەر بنا گوێم کەوت. ماتۆڕەکەش کە کوژابووەوە ، دووبارە دەنگی بەرز بووەوە. من بە کونجکاوی بە دوای سەرچاوەی دەنگەکەدا دەگەڕام تا بزانم ئەم دەنگە بۆچی و لەکوێوە بەرزدەبێتەوە ( پاشان تێگەیشتم ئەمە دەنگی هەواکێشەکەیە کە جارجاێ

دەیانکردەوە تا هەوای ژێرزەمینەکە بگۆڕێت ) کە گوێم لە دەنگی زللە و جنێودان بوو لە دڵی خۆدا گوتم ئایا ئەمە هەمان ئەو ژێرزەمینەیە کە بەردەوام هاوڕێیانی تێدا ئەشکەنجە دەدەن و نایەڵن بۆ ساتێ بحەوێنەوە؟ هەمان ئەو ژێرزەمینە ترسناکانەی کە بە خۆشیان باسی دەکەن؟ عەسر زندانەوانەکە دەرگاکەی کردەوە، پاسەوانێکی گەنج بوو بە ناوی شوکری ( لە پاسەوانانی خودی دەزگای زانیاری) سلاوی کرد و لە حاڵی پرسیم، بەو پەڕی ساردی و بێ موبەلاتییەوە تەمەشام کرد. ئەو پرسی: " چی بووە ئەشرەف خانم؟ بۆچی بۆ ئێرەیان هێناویت؟" گوتم :" نۆبەتی ئەو قەوانەیە، دەبێ من هەواڵی کارەکانتان پێ ڕابگەیەنم؟" پێکەنی و گوتی: " نەوەڵا من هەر لێرەش نەبووم." ( هەڵبەتە لە بیرمانە کە هەندێک لەمانە هیچ کاتێک لەم جۆرە کارانەدا بەشداریان نەدەکرد، وەکو فەرید کەسانی میهرەبان و لۆژیکین!!) بیستم کە تۆ خانم... ت دارکاری کردووە و گوتم نەبابە بێگومان درۆیە.." هەر لەم ڕووەوە کە ئێسقانەکان مل و دەست و لاقم ڕەق بوو بوون و زۆر دەیەشان و هەم لەم ڕووەوە کە بە قسەکردنی نەرم دەگەڵ بەکرێگیراواندا ، لەکاتێکدا دەست و لاقم بەسترابوون و حاڵەتی ئەسیرێکم هەبوو، زۆر ناڕەحەت دەبووم. خوا خوام بوو زووتر بڕواتە دەرەوە. هاتە نزیکەوە و دەستێکی لە پەتەکانی لاقم دا، تەمەشایەکی کەلەپچەکەی کرد و گوتی ( زۆرت دێشێنێ؟) وەڵامم نەدایەوە. سەرم لەقاند کە پرسیارەکەت نابەجێیە، هات و پەتەکەی شل کردمەوە. کەلەپچەکانی دەستیشی شل کردمەوە. دەیویست بڵێ هەرچەندە دەستووری پێ نییە، بەڵام ئەمە لە پیاوەتی خۆی دەکات. پرسی:" ئاوا ڕەحەت نییە"؟ گوتم: ڕەحەتی گرینگ نییە، بەڵام ئەگەر ڕای منت دەوێ، دەڵێم دەبێ هەمووی بکەیتەوە. من لە بەکرێگیراوێک، لە بابایەکی دژمنی خەڵکم داوەو حەقی خۆم بوو ئەم کارە بکەم، ئەوەی پێویستە بخرێتە بەندیخانەوە دژمنی خەڵکە نەک من. حەزم دەکرد تێی بگەیەنم کە ئەمری پێکراوە کە پەت و کەلەپچەکە شل دەکاتەوە، ئەم قسەیەم پێگوت و هەر بۆ تاقیکردنەوە گوتم: دەستەکانم بکەرەوە و بە قەراخ تەختەکەوەی ببەستە، کە خویابوو نەیدەتوانی بەویستی خۆی هیچ کارێک بکات. دوای نیو سەعات زندانەوانێکی دی هات، بە هەمان شێوە و ڕۆڵی پاسەوانەکەی پێشوو، ئەویش گەنجێک بوو بە ناوی گوڵشاهی، گوتی:" بۆ دەستەکانیان سەر بەرەو ژوور بەستووە؟ ئاوا پتر دەیەشێت. کوا با بیکەمەوە و لە تەنیشتەوە بیبەستم" ئێستاش تێناگەم کە بۆ دەبوا لەو هەلۆیستەدا ئەم ڕۆڵەم لە هەنبەردا بگێڕدرێ. ئایا بەڕاستی ئەم زندانەوانانە خۆ سەری و لەخۆوە و بە مەسئولیەتی خۆ ئەم کارەیان دەکرد؟ پاشان ئەم دوو نەفەرە کە وایان وێنا کردبوو بە ڕەفتاری گوایە دۆستانە و نەرم، دەتوانن سەرنجم بۆ لای خۆیان ڕابکێشن، هەوڵیان دەدا تا سەر لە سەر ئەم ڕەفتارە بڕۆن، دیارە ئەمانە مەبەستی خۆیان هەبوو و نیازیان پاک نەبوو. ئەم بەکرێگیراوە سووک و چروکانە، ئەم هەرزە پیاوانە کە تەنانەت نەیان دەتوانی جڵەوی هەرزەیی خۆیان لە زنداندا و لە هەنبەر چریکێکی خەباتکاردا بگرن. هەندێجار لەکاتی کردنەوە و بەستنەوەی کەلەپچەکەدا، دەیانویست بە درێژەدان بەم کارە، هەرزەیی خۆیان نیشان بدەن، کە من بە تەکانی توندی دەست و مۆڕەکردن، بە توندی دەمگوت: دەستت بەرز بگرە و نەمدەهێشت تەنانەت بۆ دەمێکیش بیر لە درێژە پێدانی ئەم هەرزەییە بکەنەوە و ئەنجامیش بە دڵی من بوو.

*ڕوونکردنەوەکانی فەسڵی دووەم:*

١ – لەسەرەتای دەستپێکردنی خەباتی چەکدارانە لە ئێراندا، بە مەبەستی پاراستنی یاد و ناوی قارەمانانی خەباتکاری هەموو وڵاتانی بندەستی ئیمپریالیزم، هاوڕێیان یەکتریان بەناوی هەندێ لەو قارەمانانە بانگ دەکرد. هۆی دووەمی ئەم کارە لایەنی ئەمنی و کەشف نەبوون بوو. هاوڕێ جەواد سەلاحی، بە یادی حەیدەر عەمۆ ئۆغڵی، خەباتکاری سەرسەختی قۆناغی جەنگەکانی سەردەمی مەشروتییەتەوە، بەم ناوەوە بانگ دەکرا.

٢– ڕوونکردنەوەی ئەم ژمارەیە، لە ژمارە دووی فەسڵی یەکەمی ،نامیلکەی شەهیدانی لێرەواردا هاتووە.

٣– نەواب سەفەوی: ئەندامێکی چالاک و کارای گروپی فیدایانی ئیسلام بوو کە لە ساڵی ١٩٥٣ دا گوللەباران کرا ( هوژبر) ی سەرۆک وەزیرانی وەخت بە دەستی ئەو کوژرا، لە ساڵی ١٩٦٢ دا حسێن عەلی مەنسوور، وەزیری وەخت بە دەستی موحەمەد بوخارایی کە ئەندامێکی دیکەی ئەم گروپە بوو کوژرا.

٤ – وان تروی: ناوی کرێکارێکی شۆڕشگێڕی ڤێتکۆنگە کە لە ساڵی ١٩٦٨ دا، بە تۆمەتی هەوڵی کوشتنی سەفیری وەختی ئەمریکا، لە ڤێتنام گولله باران کرا.

(+) : ئەو کۆپلە شیعرانەی وان تروی کە لە کتێبەکەدا هاتووە، بەرە بەرە بوون بە وێردی سەر زمانی گەلێک لە شۆڕشگێڕانی ئێرانی کە تەنانەت لە ڕژێمی کۆماری ئیسلامیشدا، بوو بوون بە نەخشی سەر دیواری سالولەکان. بۆیە پێویستە ئەم کورتە ڕوونکردنەوە و دەقی تەواوی شیعرەکە لێرەدا تۆمار بکەم.

توهویو، شاعیری ڤێتنامی لە وەسفی نگوین وان تروی خەباتکاری قارەمانی خەڵکی ڤێتنامدا ئەم شیعرەی گوتووە. هاوڕێ بەهمەن ئاژەنگ لە ساڵی ١٩٧٠ دا دەقی ئەم شیعرەی پاچڤەی سەر زمانی فارسی کردووە. پاشان هاوڕێ نابدل کە خۆی شاعیرێکی شۆڕشگێڕ بوو لە هەمان کاتدا، هەمان دەقی شیعراندووە، وان تروی کرێکاری کومونیست ( ئەلکتریسین) بوو کە بە تۆمەتی هەوڵی تیرۆرکردنی وەزیری بەرگری وەختی ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٦٤ دا دەسگیرکرا و دوای ماوەیەکی زۆر لە مقاوەمەت و بەرخودانی قارەمانانە لە ئەشکەنجە خانەی (چی هوا) سەرەنجام لە ١٠/١٦ بە دەستی ڕژێمی بەکرێگیراو ( نگودین خان) گولله باران کرا، وان تروی لە دەمی گولله بارانکردنەکەدا بە بێباکی پەڕۆکەی لە چاوی خۆی کردەوە و خۆشەویستی خۆی بۆ وڵاتە شۆڕشگێڕەکەی خۆی لەم ڕستەیەدا دەربڕی: " دەخوازم لە دوا دەمی ژیانمدا تەمەشای وڵاتەکەم بکەم" ئەوسا لەگەڵ دەنگی هەر گوللەیەکدا، بانگی زولاڵی ( مردن بۆ نگودین خان، بژی هۆشی مینە، بژی هۆشی مینە، بژی هۆشی مینە) لە ئاسماندا دەنگی دایەوە. مقاوەمەت و بەرخودانی داستانی ئافەرینی وان تروی لە کاتێکدا کە دیل بوو، چریکانی فەنزوێلایی، هەڵبەتە لەڕووی هەڤبەستەگی ئینتەرناسیونالیستیەوە وا لێکرد کە یەکێک لە

سەرهەنگە تاوانبارە ئەمریکاییەکان، لە جیاتی وان تروی و ئازادکردنی وان تروی – وەکو ڕەمزێکی قارەمانێتییەکانی خەڵکی ڤێتنام – بڕفێنن و ڕای بگەیەنن کە ئەگەر وان تروی گوللە باران بکرێت، دوای یەک سەعات ئەوانیش سەرهەنگی ناڤبری ئیعدامی شۆڕشگێرانە دەکەن.

### *بۆ یادی وان تروی*

هەندێ سات هەن کە دەوران سازن

هەندێ وشە هەن دڵ ئەنگێز تر لە ئاوازن

پیاوانێک هەن لە تۆ وایە لە دڵی پاکی

حەقیقەتەوە زاون

***

وان تروی تۆ مردووی؟

نا ، نا ، تا ئەبەد زندووی

کەی خەڵکی تۆ فەرامۆش دەکات

مەرگ لێوانی تۆی درووە

بەڵام هاوارت:

" قسەکانم بە دڵ پسپێرن"

هێشتا هەر دەنگ دەدەنەوە

هێشتا ڕەخشان و جوانن

تیشکی چاوانی تۆ ئەگەر

هەزار ساڵ بەسەر نامەی

حیزبدا بگوزەرێ

خەڵکی هەر لە بیریان دەبێ

بەیانی پایزی حەوشی ( چی هوا)

تۆ بە نێوان دوو پاسەواندا دەڕۆیشتی

کەشیش بە دووتا دەهات.

پێت لە ئازارا هەڵدەکەوت

سەری مەغرووری تۆ ڕوو لە باڵا

بەرگت ڕەنگی سپی، بەرگت ڕەنگی سەفا

بەدەنی لاوازت لە مەرگ بەهێز تر.

کاسەلێسانی نمەک پەروەردە

ڕیزیان بەستبوو لە دووی جەلادان.

دوو ڕیز بەکرێگیراو

بە چەکی سەر بەنێزەوە

و تۆ سەنگین و قورس دەڕۆیشتی

و نیگات ئارام،

لە تۆ وایە ئەو ڕۆژە

تۆ بووی قازی

***

لە دڵی سەوز و شکۆفەکردووی هەر گەڵایەکدا

لە نوێ

ژیان شکۆفەی دەکرد

پیرۆزی تۆ بێ ئەو خاکە،

ئەو زەمینەی کە ڕزگاری دەوێ

هەروەها پیرۆزی تۆ بێ

ئەو جەستەیەی

کە ئارەزووی پێگەیشتنە

و تۆ هاوارت کرد:

" چ تاوانێکم کردووە من؟"

بەڵام تۆیان بە سێدارەوە بەست

هەروەها چاوەکانیشت

تا نەبینی زاری دەلوولە

و تۆ هاوارت کرد:

" تاوانبار ئەمریکایە"

بە توورەیی پەڕۆیەکەی

سەر چاوت دڕی.

تیشکی چاوانی تۆ هەموو

دونیایانی سووتاند.

تۆ بەو جۆرە چووی بە گژ

مەرگا

و سەراپات ئاگری بێ پایان بوو.

ئەوجا توندیان کرد ڕشتەی

تەناف ،

ئەو چەپەڵانەی دەلەرزین

له ترسان.

و لێوانی تۆ سەرشار له نەفرەتی

ئاگرین.

بەلشەویکانە دەبێ بجەنگی.

ئاگری گولله چی له دڵی چوون

ئاگری ئێمەی پێ دەکرێ؟

یەک دەم زیاتر نەبوو کە:

ڕیزی یەکەم بکەونە سەر ئەژنۆ!

لەم چەند ساتەدا

دەنگی تۆ بەرز بووەوە

له نۆ:

مەرگ بۆ ئەمریکاییان، مەرگ بۆ

بەکرێگیراوان، مەرگ بۆ

نگودین خان!

بژی هوشی مینه ، بژی هوشی مینە،

بژی هوشی مینە!

***

تۆ سێ جار لەو دەمە جاویدەدا

( هاپۆت) بانگ کرد

دوای ئەوەی گولله باری

لەچەکی یانکی ( ئەمریکا)

تۆ کەوتیت و دیسان هەستایتەوە کە:

ڤێتنام نامرێ هەرگیز

ئەم هورایەت کێشا وەکو ئاواز

شوێنەکەت لە خوێنا سوور بوو

بەڵام ناڵە لە سینەی تۆ

هەڵنەسا.

پیاو بوو کە لەو سینەیەوە نەیناڵاند

مەرد بوو ئەوەی کە مەلیک ئاسا

خەوت لەسەر خاک

چ پێویست بەو خاچە ڕەخشانە بوو

کە کەشیش لەتەکتا داینا.

***

هاوڕێ هەرچەندە تۆ ئێستا مردوویت!

بەڵام تۆ ئەو ئاوازەت لەبەرە،

خوێن وەڵامی هەر خوێنێکە.

ئەوە بوو کە پارتیزانەکان

هەمان ڕۆژ لە شاری کاراکاسدا

یانکی تاوانباریان ڕفاند.

تۆ هەنووکە مردوویت و نابینی

باشوور بووە بە مەشخەڵان

بەڵام هیچ ئاگرێ لە ئاگری

دڵی تۆ گەشتر نییە.

ئەو شەهابەی کە لە دوا دەمی تۆ هەستا:

وشەکانم بە دڵ بسپێرن

وان ترۆی، لەگەڵ مندا، وشەکانت بسپێرین

بە دڵ

پیاو دەبێ بە سەرفرازی بژی

و بەسەر بەرزی بمرێ.

و سەری تەسلیم بوون دانەنەوێنێ

لەبەر دژمن

و خۆی لە ڕێگای ئازادی خەڵکدا

دابنێت.

وەکو تۆ

هاوڕێی کرێکارم.

٥- میجەر فەرید. یەکێک بوو لە بەکرێگیراوە چەپەڵەکانی دژمن کە بە مەبەستی شارەزابوون لە جێبەجێ کردنی مەبەستە جینایەتکارانەکانی، لە ئەمریکا خولی فێربوونی تەحقیق کردن و ئەشکەنجەدانی بینی بوو. لە مانگی میهری ساڵی ١٩٧١ دا، کاتێ بە هەلیکۆپتەر دەچێت بۆ تاقیبی تاوەرەکانی کارەبا، کە چریکانی فیدایی خەڵک چەند دانەیەکیان تەقاندبووەوە، هەلیکۆپتەرەکەی کەوتە خوارەوە و مرد.

٦ - شەهێن تەوەکولی: خەباتکارێکی سەربەرز بوو، هەرچەندە منداڵێکی شیرەخۆرەی هەبوو، چالاکانە لە چالاکییە چریکییەکاندا، بەشداری دەکرد، لە ٣/ خورداد/ ١٣٥٠ دا، لە کاتی گۆڕینی بنکە نهێنییەکەیدا کەوتە بەر هێرشی پۆلیس و دەستگیر کرا. شەهێن لە ئوردیبەهەشتی ساڵی ١٣٥١ دا، دادگایی کرا و حوکمی پێنج سال زندانی درا.

(+): بڕوانە ڕوونکردنەوەی ژمارە بیستی هەمان فەسڵ.

٧ –حەمید تەوەکولی: ئەندامێکی ڕێکخراوی چریکی فیدایی خەڵک بوو، کە لە بەهاری ١٩٧١ دا دەسگیرکرا و پاش ئەشکەنجەدانێکی زۆر لە مانگی ئەسفەندی/ ١٣٥٠ دا گوللەباران کرا.

٨– عەباس جەمشیدی رودباری: یەکێک بوو لە ئەندامە هەرە چالاکەکانی ڕێکخراوی چریکانی فیدایی خەڵک. دوو جاران لەو بنکە نهێنیەی کە لەلایەن پۆلیسەوە گەمارۆ درا بوو، دەرباز بوو، لە کاتی شناسایی ئەندامانی ساواکدا، لە شەڕێکی چەکدارانەدا بریندار بوو و لە هۆش خۆی چوو و دەسگیرکرا. پۆلیس بە مەبەستی گرتنی هاوڕێکانی وایان ڕاگەیاندبوو کە شەهید بووە. لە کاتێکدا هێشتا لەبەر نەدرکاندنی بچووکترین نهێنییەکانی بزووتنەوە، لەژێر دڕندانەترین ئەشکەنجەدا بوو.

(+): دەربارەی هاوڕێ عەباس جەمشیدی رودباری، دەبێ ئەوەش بڵێم کە ئەو بەشێوەیەکی بێ وێنە دوو دانە ساڵ لە ژێر ئەشکەنجەی بەرەبەرەی بەکرێگیراوانی ڕژێمی شادا بوو. بەڵام دژمن وێڕای بەکار بردنی جۆرەها ئەشکەنجەی نامرۆڤانی دەرهەق بەو هەر نەیتوانی کەسایەتی شۆڕشگێرانەی هاوڕێ تێک بشکێنێ و ئەنجام بە ناچاری بە کوشتنی ئەو سوکنایی بە خۆی دا.

٩ –حەسەن نیک داودی: لەساڵی ١٣٤٨ دا گیرا و لە زنداندا و لەژێر ئەشکەنجەدا شەهید بوو. یەکێک بوو لە سیماتیزانە چالاکەکانی ڕێکخراوی چریکانی فیدایی خەڵک.

١٠– گروپی جەزەنی: هەوەڵین گروپی کۆمونیستی نهێنی بوو کە ڕێبازی خەباتی چەکداری لە ئێران گرتە بەر و بە کردەوە کەوتە ڕێکخستنی یەکەێن پارتیزانی و چریکی. گروپی ناڤبری لە زستانی ساڵی ١٣٤٦ = ١٩٦٧ دا لە لایەن پۆلیسەوە کەشف کرا و ژمارەیەک لە ئەندامەکانی گیران. ئەم گروپە بە ناوی ( بیژەنی جەزەنی) کە ئەندامی ناوەندی گروپەکە بوو، بە ناوی گروپی جەزەنیەوە ناوی دەرکرد. عەلی ئەکبەر سەفایی فراهانی و محەمەد سەفاری ئاشتیانی لە پاشماوەکانی ئەم گروپە بوون، کە لە زستانی ساڵی ١٣٤٧ دا دوای کەشف بوونی گروپەکەی خۆیان چوون بۆ ناو بەرەی فەتح، پێشتر باسی چالاکییەکانی وان کراوە.

١١– مەسعود ئەحمەد زادە: لە ئەندامانی ناوەندی رێکخراوی چریکانی فیدایی خەڵک بوو، لە ساڵی ١٣٥٠ دا لە مەوعیدێکدا گیرا و لەگەڵ پێنج کەس لە هاوڕێکانی لە زستانی ساڵی ١٣٥٠ دا گوللەباران کرا ( خەباتی چەکداری هەم ستراتیژە و هەم تاکتیک ) کە ڕێبازی ڕێکخراوی تیادا دیاری کراوە، بەرهەمی ئەوە.

١٢– مەجید ئەحمەد زادە: لە ئەندامە چالاکەکانی چریکانی فیدایی خەڵک بوو کە لە هاوینی ساڵی ١٣٥٠ دا گیرا و لە زستانی هەمان ساڵدا، لەگەڵ برا خەباتگێڕەکەیدا، مەسعود ئەحمەد زادە و چوار هاوڕێی دیکەدا گولله باران کرا.

١٣- عەلی ئەسغەر بەدیع زادگان: ١٣١٧- ١٣٥١ ئەندامی ناوەندی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران بوو. لە هاوینی ساڵی ١٣٥٠ دا، دوای ئەوەی کەسێکی پۆلیس دەخزێتە ڕیزەکانی ڕێکخراوی موجاهیدینەوە، لەگەڵ ژمارەیەک لە ئەندامانی ڕێکخراودا دەستگیرکرا. لەژێر سەخت ترین ئەشکەنجەدا، دوای مقاوەمەتێکی دلێرانە شەهید بوو.

(+) : موجاهیدی خەباتگێڕ عەلی ئەسغەر بەدیع زادگان، لەلایەن شارەبانییەوە دەسگیر کرابوو خرایە ژێر توندترین ئەشکەنجەوە، بەڵام گێڕانەوە و ڕیوایەتی دروست سەبارەت بە شەهید بوونی ئەو ئەوەیە کە دوای ئەشکەنجەیەکی زۆر لە ساڵی ١٣٥١ دا گوللە بارانیان کرد.

١٤- لە ژمارە سێی فەسڵی یەکەمی ئەم کتێبەدا ڕوون کراوەتەوە.

١٥ - هەمایون کەتیرایی: ئەندامی ناوەندی گروپی ئارمانجی خەڵک بوو، کە لە مانگی میهری/ ١٣٥٠ دا گوللە باران کرا. مقاوەمەت و خۆڕاگری ئەم خەباتکارە دلێرە لە ژێر ئەشکەنجەدا و لە بەرانبەر دژمندا هەرگیز بیر ناچێتەوە.

١٦- سیروس سپەهری: یەکێک بوو لە ئەندامانی چریکانی فیدایی خەڵک، لە مانگی شەهریوەری ١٣٥٠ دا دوای گەمارۆدانی بنکە نهێنییەکەیان و لە کاتێکدا سەری بریندار بوو، مەردانە تەقەی لە دژمن کرد، ئەوە بوو دوو هاوڕێی هاوبنکەی ( فەروح سپەهری و شاروخ هیدایەتی) توانیان خۆ لە گەمارۆیەکە ڕزگار وەدەرباز بکەن. لەم گەمارۆیەدا لە کاتێکدا ئەو بە توندی بریندار بوو بوو ئەسیر بوو و لە ژێر دڕندانەترین ئەشکەنجەێن دژمندا دوای مقاوەمەتێکی قارەمانانە شەهید بوو. دژمن شەش مانگ دوای گرتن و کوشتنی سیروس سپەهری لەژێر ئەشکەنجەدا بێ ئابڕوانە بڵاوی کردەوە کە ئەو لە ئەنجامی شەڕ دەگەڵ مامورانی دەوڵەتدا لە دەورو بەری کوی کەن کوژراوە.

١٧- شاروخ هیدایەتی: ئەندامی ڕێکخراوی چریکانی فیدایی خەڵک بوو، کە لەمانگی ئابانی/ ١٣٥٠ دا گیرا و لە ژێر دڕندانەترین ئەشکەنجەدا کە بووە هۆی لە دەستدانی چاوەکانی، بێئەوەی بچوکترین زانیاری بە دژمن بدات، قارەمانانە شەهید بوو. دژمن دوای ئەو جەزرەبە سەختانەی کە لە زستانی ساڵی ١٣٥٠دا بەدەست چریکانی فیدایی خەڵک خواردی، لە دەستەپاچەیی و بێ توانایی خۆیدا ،چوار مانگ دوای دەسگیرکردنەکەی شاروخ، بێ شەرمانە ڕایگەیاند کە شاروخ هیدایەتی لە هێرشێکدا بۆ سەر بانکێک هاتە ناسین و حاڵی حازر لەژێر تاقیب دایە و پاشان دوای یەک هەفتە ڕایگەیاند کە ئەو لە شەڕ و پێکدادانێکدا دەگەڵ پیاوانی پۆلیسدا بریندار بوو و گیرا و هاوڕێکەشی سیروس سپەهری کوژرا.

۱۸ – ئەسغەر عەرەب هەریسی: ئەندامی لقی تەورێزی ڕێکخراوی چریکانی فیدایی خەڵک بوو. لە هێرش کردنە سەر کەلانتەری پێنجی تەورێزدا بەشداربوو. لە مانگی خوردادی ساڵی ۱۳۵۰ دا دەسگیر کرا و دوای بەرخودانێکی دلێرانە لە هەنبەر توند ترین ئەشکەنجەدا، لە زستانی ساڵی ۱۳۵۰ دا گوللە باران کرا.

۱۹ – محەمەد تەقی زادە: ( ۱۳۲۸ — ۱۳۵۰ ) : ئەندامی لقی تەورێزی ڕێکخراوی چریکانی فیدایی خەڵک بوو، پاش ئەشکەنجەیەکی زۆر لە زستانی ساڵی ۱۳۵۰ دا گوللە باران کرا. لە هێرشەکەی سەر پۆلیسخانەی پێنجی تەورێزدا بەشدار بوو.

۲۰ – ڕوقیە دانشگەری: یەکێک بوو لە خەباتکارە دلێرەکان کە لە هاوینی ساڵی ۱۳۵۰ دا و دوای ئەشکەنجەیەکی زۆر بە دە ساڵ حوکم درا، یەکیک بوو لە ئەندامانی لقی تەورێزی ڕێکخراوی چریکانی فیدایی خەڵک.

(+): سەبارەت بە شەهێن تەوەکولی و ڕوقیە دانشگەری کە لەم کتیبەدا چەندین جار ناوم بردوون، ناچارم لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە ئەو دوو کەسە لە هەل ومەرجی دواتری خەباتدا کە بەرپاپەرینی جەماوەری خەڵک و ڕوخانی ڕژێمی شا شکایەوە، هەر یەکەیان بەجۆرێک لە ڕیزی چریکانی فیدایی خەڵک دەرچوون. بە تایبەتی بە داخێکی زۆرەوە دەبێ ناوی روقیە دانشگەری بەرم کە دوای ئازاد بوونی لە زندان دەگەڵ ئەو ڕەوتە خاین و سازشکارەدا کە خزی بووە ڕیزەکانی ڕێکخراوی ئێمەوە، هاوکاری کرد و خۆیشی بەرە بەرە چووە ڕیزی ئەو ڕەوتەوە. ڕابەرایەتی ئەم ڕەوتە کە پاشان بە ( ئەکسەریەت) ناوبانگی دەرکرد، بە ئاشکرا و بە کەماڵی هۆشیاری هەوڵی دا ڕێکخراوی چریکانی فیدای خەڵکی ئێران، بەرێتە خاک و پای کۆنەپەرستییەتی فەرمانڕەوا. ڕابەرێتی سەرکردایەتی ( ئەکسەریەت) دەورێکی ئێجگار خاینانەی لە شکستی بزووتنەوەی ڕەنجکێشی مە و زاڵبوون و سەرکەوتنی ڕژێمی سەراپا نەنگ و تاوانی کۆماری ئیسلامی ئیراندا بینی. ڕوقیە دانشگەری بە تێکەڵ بوون دەگەڵ ئەو جۆرە خەڵکانە، لە سەرەتاوە خۆی خستە هەل ومەرجێکی ترسناکەوە. من کاتێ نووسراوێکم بە ئیمزای ئەو ( لەگەڵ ئیمزای فروخ نگهدار) سەبارەت بە ئیعدامی ( کچان و کوڕانی جەوان) لە ساڵی ۱۳٦۰ دا لە لایەن جەلادانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامییەوە لە بڵاوکراوەکەی ( (ئەکسەریەت))دا (کار، ژمارە،سەدوبیست) خوێندەوە – نووسینێکی یەجگار نەنگینە، مرۆڤ قێزی لێدەکاتەوە – باوەڕم نەدەکرد کە ئەمە هەمان ئەو ڕوقیەیە بێ کە جاران دەمناسی. ئەو کاتانەی من دەمناسی کیژێک بوو میهرەبان، بەڵام بە تۆڕینێکی سەرڤەسەرڤەوە، کە من هەمیشە لە خەمیا بووم. جارەهای جار لە دڵی خۆدا گووتومە تۆ بڵێی ڕۆژێ لە ڕۆژان وەخۆ بێتەوە؟ ئایا دەتوانێت عوزورخوایی لە خەڵکی ستەمدیدەی ئێران، لەماڵباتی ڕەنجدیدەی زندانیانی سیاسی و گیانبازەکان بکات و پاشان دەست بە کارانێک بکات کە بە کردەوە پەشیمانی خۆی بۆ خەڵکی بسەلمێنێ؟ یا تازە درەنگ بووە و کار لە کار ترازاوە؟! ڕەنگە ئەو هەستی سۆزدارییەی کە هەمیشە سەبارەت بەو هەمبوو بووبێتە مایەی ئەم جۆرە چاوەڕوانییە.

# فەسڵی سێیەم

## ژێرزەمینی شارەبانی و چەند بیرەوەرییەک دەبارەی ژیانی ناو سالولی ئینفرادی

## ژێرزەمینی شارەبانی

دایەرەی زانیاری سێ نهۆمە، ئەو ساڵەی کە من لەوێ بووم، قاتی سەرەوە تایبەت بوو بە پەساپورتەوە، فەرمانبەرێکی زۆر لەوێ کاریان دەکرد، ژووری زندانیان، ژووری ئەشکەنجە و ژووری سەرۆکی ئۆپەراسیۆنەکان لە نهۆمی دووەمدا بوون. ئەم ژوورانە جاران هی فەرمانبەرانی دایەرەی زانیاری بوون ، بەڵام ئەو ساڵە لەبەر زۆری ژمارەی زندانیان، بۆ ئەوان تەرخان کرا.

قاتی ژێرەوە ژێر زەمینێک بوو کە جاران وەکو عەمبار بەکار دەبرا، بەڵام لەو ساڵەدا ئەوێیان کردبوو بە ژوور و دوازدە ژووری تاریک و شێداریان تێدا دروستکردبوو، ژوورەکان یەک و نیو بە دوو مەتر بوون. لە هەندێ ژووردا گلێمی کەوتبوو، لە هەندێ ژووری دیدا تەختێک هەبوو کە زندانیانیان پێوە دەبەست. هەر ژوورێک دەرگایەکی ئاسنی چکۆلەی هەبوو، کە لە بەرزییەوە کونێکی بازنەیی تیا بوو، دەرگاکە لە دەرەوە دادەخرا. لە سەرووی دەرگاکەوە دەلاقەیەکی چکۆلەی پەنجەرە ئاسا هەبوو، کە لامپایەکی کزی بێ شەوقی تیا دانرابوو، دوازدە ژوور بە ڕیز و هەر شەش ژوور لە بەرێکی ژێرزەمینەکەدا بوو. پاسەوانەکان لە ڕاڕەوی بەینی ژوورەکاندا هاتوچۆیان دەکرد. دەرگایەکی گەورە ئەم حەوشەیەیی لە هۆڵێکی چوارگۆشە کە زندانییەکان تیادا دادەنیشتن، جیا دەکردەوە. لەم هۆڵەدا ژوورێکی گەورە هەبوو کە خەوتنگەی پاسەوانەکان بوو،دوو ژوری دیکەشی تیا بوو کە زندانەوانەکان بۆ کاروباری خۆیان بەکاریان دێنا، پاشان ئەو دوو ژوورە بۆ ژنان تەرخان کران.

( تکایە لیرە نەخشەیەکی تەقریبی ژێرزەمینی شارەبانی هەیە)

دەرگایەکی گەورەی شووشەش، شووشەی مشەجەر، لێرەوە بۆ حەوشە دەکرایەوە. لەولاوە چەند پلیکانەیەک دەچوو بۆ قاتی دووەم. ئێستا حەسارەکەی درەوەش کراوە بە ژوور، تێکرا ٢٥ – ٢٦ ژوورە، کە ئەم حەوشەیە بەشێکە لە کۆمیتە. هەر یەکێ لەم سالولانە زندانییەکی تێدایە، لەم ژوورانەدا هەندێک لە هاوڕێیان کە پشتیان تەواو داغ کردبوون. بە دەست و لاقی شکاوەوە لە سەر قەرەوێڵەیەکی ئاسن بەسترابوونەوە. پاسەوانەکان بەردەوام لەژێر زەمینەکەدا پیاسەیان دەکرد، من پاش ئەوەی لە وەزعی خۆم حاڵی بووم، هەنگێ زانیم کە لێرەدا ئیدی دەبم بە غەنیمی پاسەوانەکان. کە ڕوانیمە دەرگا و دیوارەکانی سالولەکە خۆشحاڵ بووم. دوو مانگ پاش گرتنەکەم ئەمە یەکەمجارم بوو کە بە تەنیا بم، ئەمە بەخششێکی چاوەڕوان نەکراو بوو! هەر خۆم و خۆم بووم، بێ قرە و برە، دوور لە چاودێری و نیگابانی ژنەکان. لە کاتی شێودا دەستیان کردمەوە، شێوم خوارد، چەند زەردەلوویەکی کاڵیان بە ناوی میوەوە هێنا بوو کە هەڵبەتە بەلامەوە سەیر بوو. هەوەڵجار وامزانی بەشی زندانەوانەکانە، ویستم قەبووڵی نەکەم، بەڵام پاشان زانیم گوایە جیرەی زندانیە.

ئاخر ئەوان لە بیری دابینکردنی ڤیتامینی لەشی زندانیەکانیشدان!! دەگەڵ چەند ئارووپەکی سیسەوە بوو، شووتی ترشاو، ترێی فلیقاوە.. کە دوایی دەیان دا. بوو بە شەو، ویستم بۆ تەوالێت برۆم، چاوەڕوانم کرد کە پاسەوانێک لە کونی دەرگاکەوە تەمەشا بکات، سەرم لەقاند ، حاڵی بوو ودەرگاکەی کردەوە. گوتم دەمەوێت بۆ تەوالێت بچم، هیچ قسەیەکی نەکرد. دووبارە دەرگاکەی داخستەوە و ڕۆیی. دوای نزیکەی نیو سەعات دەرگاکە کرایەوە، دەنگی فەرمان ئامێزی ژنەکەم بەرگوێ کەوت، کە بە پاسەوانەکەی دەگوت: " دەستی بکەوە با بێ" کە لە سالولەکە وەدەرکەوتم ویستم کونجکاوانە تەماشای ئەملاو ئەولا بکەم، تا شوێنەکەم باشتر بناسم، لێ چەند پاسەوانێک دەوریان گرتم و ژنەکە پێی گوتن: " توند بیگرن" ئیدی ئەوەندە توند گرتبوویانم لە تۆ وایە هەر کە بە ئاستەم دەستم لێ شل بکەن یەکسەر هەڵدێم. ژنەکە لەپێش هەموویانەوە کەوتە ڕێ. بەم تەشریفاتەوە بەرەو ئاودەست ڕۆیشتین. لەم ماوەیەدا هەوڵم دەدا بە جوڵاندنی دەست و لاق، پاسەوانەکان بدەمە لاوە. کە گەیینە بەردەرگای تەوالێتەکە، پاسەوانەکان دەستیان شل کرد. شەرمیان کرد ودەیانویست کەمێک لە دووری ئاودەستەکەوە بووەستن. بەڵام ژنۆکەکە دەستوری دا تا ناو ئاودەستەکە لەگەڵما بێن و بێشەرمانە لە کاتێکدا خۆی و چەند پاسەوانێک لەبەر دەرگاکە بەڕیز وەستابوون، بە تەوسەوە گوتی: " خێراکە!" بە پاسەوانەکانم گوت ئێوە لاکەون! و ژنەکە هاواری کرد: " نەخێر دەبێ لێرەدا بووەستن." مۆڕەیەکم لە ژنەکە کرد و بە هەڕەشەوە گوتم: بە پاسەوانەکان بڵێ لاکەون! ئەویش هاواری کرد:" هەر ئەوەیە لەمە بەدوا دەبێ بەمجۆرە بۆ ئاودەست بێی، تۆ شایستەی ئەوە نیت کە بەڕێزەوە بەرخوردت لەگەڵ بکرێت" چاوم تێبڕی و بەوپەڕی بێزاری و ڕقەوە گوتم: تۆ پێتوایە من بەم کارانە ئەزیەت دەکێشم؟ خەیاڵت خاوە ژنۆکەی هەرزە! ئیدی زۆر تووڕە بوو، کەوتە داد و بێدا د و بە پاسەوانەکانی گوت: " ئەسڵەن نایەوێ، یا دەبێ بەمجۆرە بێت، یا لە بنی نایهێنم) بۆ سالولەکە گەڕامەوە، دووبارە دەست و لاقیان بەستمەوە و بە دەقی خۆمەوە بەجێیان هێشتم. ماوەیەکم بە یادی ئەرانی (١) قارەمانەوە بەسەر برد کە جەلادەکان لە سالولێکی چکۆلەیان پەستاوتبوو جگە لە پارچە نانێکی وشک هیچ خۆراکێکیان بەم شۆڕشگێڕە مەزنە نەدەدا. دووبارە دەرگاکە کرایەوە، ئەمجارەیان ژنی دووەم بوو، بە غرورێکی گەوجانەوە کلیلی کەلەپچەکانی دایە دەست پاسەوانەکە و گوتی:" بیکەوە." هەستام ودەگەڵ دوو پاسەوان و ژنەکەدا بۆ تەوالێت ڕۆیشتم. ئەمجارەیان ژنەکە وەکو جاران دەرگای تەوالێتەکەی بە نیوە وازی هێشتەوە و خۆی لەبەر دەرگاکە وەستا. وەختایەک بۆ سالولەکە گەڕامەوە، لە جیاتی پەت، پێوەندیان لە لاقم بەست کە زۆر لە پەتەکە ڕەحەت تر بوو، کەلەپچەکەشیان شل کردەوە.

شەوێ نیک تەبع و فەرید هاتن و پرسیان بۆچی ئەم کارەم کردووە. بە تووڕەیی وهەڕ و گیڤەوە قسەیان دەکرد و دەیانگوت: "خانم خۆی قەبووڵی نەدەکرد.. دەنا بەڵایەکمان بەسەرت دێنا کە.."

وەڵامم نەدانەوە و تەنانەت ئاوڕم نەدایەوە کە تەمەشای چارەیان بکەم. هەستان کە بڕۆن و نیک تەبع بە پێی خۆش تەبعی خۆی! دەبوایە ئەزیەتێکم بدات، زنجیرەکەی لاقمی بەرز کردەوە و تا توانی کێشای بە تەختەکەدا

وجنێوێکی دا و ڕۆیی. شەوێ خەوتم، بەیانی لە دەنگی لێدانی دیواری سالولەکە بێدار بوومەوە، لێدانەکە لە سالولەکەی تەنیشتمەوە بوو کە هاوڕێ زندانیەکەی ئەو ژوورە لە دیوارەکەی دەدا و سڵاوی دەکرد. لە کەیف و خۆشیاندا لە پێستی خۆم نەدەهێوریم. لە ڕەوش و حاڵێکا کە دژمن دەوروبەری گرتوویت تۆ جگە لە دژمن هیچ نابینی، تەنانەت لێدانی دیوارێک کە دەزانی هی هاوڕێیەکە بەلاتەوە شادی بەخشە، بە ڕوح و گیان، بە سەراپای بوونت گوێی لێ دەگریت. لێدانەکان دەژنەوی و گەرەکتە هەمیشە لە گوێتا بزرینگێتەوە و قەت نەبڕێتەوە. ئەو هاوڕێیە بە توندی لە دیوارەکەی دەدا و دەیویست من وەڵامی بدەمەوە. بەڵام من کە دەست و لاقم بەسترا بوون و سەریشم لە دیوارەکەوە دوور بوو تا بەلای کەمەوە بە سەرم بکێشم بە دیوارەکەدا، ناچار زنجیرەکانی پام تەکان دەدا.

دوای نانی بەیانی کە ( پارچەیەک نان و کەمێک پەنیر و پەرداخێکی گەورەی چای شیرین کە لەچاو هی ژوورەکەی سەرەوە، یەجگار زۆر بوو ) زندانەوانێکی دیکە کە بەیانی سەری هەموو سالولەکانی ( ژووری ئینفرادی) دەدا، هاتە ژوورەکەم ( زندانەوان و پاسەوانەکان هەر بیست و چوار سەعات جارێ دەگۆڕان ) ئەم زندانەوانە پیاوێکی چل و پێنج - پەنجا ساڵی تورک بوو، بەنێوی فەرهەنگ! هەوڵی دەدا بە گوێرەی توانای خۆی نەرم و خۆمانی قسە بکات:" ئیمەی تورک زۆر تووڕەین زوو هەڵدەچین " و لەم بابەتە قسانە، دەیگوت: "من بەم بازجۆیانەم گوت، لێگەڕێن با ئەشرەف ماوەیەک لای من بێت.. من دەتوانم ئەوەندەی پەروەردە بکەم کە نامەیەک بۆ شا... بنووسێت!"

ڕاچڵەکیم وگوتم: چی؟ نامە بۆ شا؟ لە ناکاوا ڕق و نەفرەت سەراپای داگرتم و ئەو خاینەم هێنایە بەرچاوی خۆم کە ئەو کارەی کردبوو. چ بەد بەختی و سووکییەکە کە ئینسان بتوانێ بچێتە ژێرباری ئەم شەرمەزارییە! لە حەژمەتاندا ئازام هاتە لەرزین. تەمەشای فەرهەنگم کرد، سەیرم کرد کابرایەکی نەفام و گێلۆکەیە و گەنگەشە و قسەکردن دەگەڵ ویدا فایدەی نییە. بە بێ موبالاتی وەڵامم دایەوە: بابە ئەوە تۆ چ دەڵێی، وادیارە لە گوێی گادا نووستوویت.. و کەچی بە ڕووداریییەوە گوتی:" ئێ دەیبینی... با ماوەیەک تێپەڕێ، ڕاستیەکانت بۆ ڕوون دەبێتەوە."

هاوڕێکەی دراوسێ ژوورەکەم، بەردەوام لە دیوارەکەی دەدا، جار جارێ لە دەرگاش دەدرا و دەنگی هاوڕێیەک دەهات کە دەچمە سەرئاو یا سەرکار ئاو بێنە، سەعات چەندە.

چ ژینگەیەکی باش بوو، هاوڕێیان دەیانتوانی دەنگی یەکدی بژنەون، هەست بە یەکێتی و باوەڕ بە خۆبوون بکەن. دەمانتوانی هەڵوێست ورەفتاری یەکدی بەرانبەر بە پاسەوانەکان وبە دژمن بدینین و من لێرەدا کە بۆ خۆم بەتەنیا بووم، دەمتوانی بۆ خۆم بەرنامەیەک دابنەم. بەرنامەی بیرکردنەوەی سیستەماتیک دەرباری بابەتێن جیاواز، وەرزشکردن بە جوڵاندنی قامکەکانی دەست و بەسەر، خوێندنەوەی شیعری.... فەرهەنگ، لەکاتی نیوەڕۆدا خۆی بە ژوورەکەمدا کرد، کەمێک قسە و ئامۆژگاری کرد! پیاوێکی ڕوودار و بەڕاستی کەودەن بوو،

وەختێ هەستی بکردایە قازانجی لە کارێکدایە ، بە هیچ جنێو و بەرخوردێکی توند و ناڕازیانە خۆی شلوێ نەدەکرد و بەوپەڕی بێ شەرمییەوە پەیگیری ئەو کارەی دەکرد، نایب زابت بوو، یەکێک بوو لەو قەمەکێشانەی کە کاتی خۆی دەگەڵ کاروانێکی شادا سەفەری بۆ تەورێز کردبوو و ئەمەی بە شانازییەکی گەورە دەزانی. جگە لە کاری نایب زابتی، دەلاڵخانەی موڵک و زەویشی هەبوو، سەبارەت بە ژنۆکەکە قسەی دەکرد، بە قسەکانیا وا دیار بوو کە دەیەوێ گوایە من و ئەو ئاشت بکاتەوە، بە پێچەوانەی تەسەوری منەوە، مەسەلەکەی زۆر بە سادەیی وەرگرتبوو. ژنەی تاین نەک لە کوتەک خواردنەکە هەستی بە ناڕەحەتی و یا شکانی شەخسیەتی خۆی نەکرد بوو، بەڵکو بە پێچەوانەوە بە تام و کامەوە مەسەلەکەی بۆ هەموو کەسێک دەگێڕایەوە و بگرە شانازیشی پێوە دەکرد. بەم شێوەیە چ هەواڵێک لە ڕق و کینەی شەخسییەوە نەبوو، تەمێ کردنەکەش هەر ئەوەندە بوو کە بۆ ئەم سالولەیان هێنام. عەسر فەرهەنگ دووبارە هاتەوە کە گوایە ژنەکان هاتوون و لەبەر دەرگان و دەڵێن ئەگەر ئەشرەف جنێو نەدات دێینە ژوورەوە، ئەوسا لە منی پرسی: "ئێستا دەڵیی چی بڵێم بێن؟"

نەمدەزانی چی بڵێم. هاتووچۆی ئەو پەیوەندی بە منەوە نەبوو. من لێنەبڕابووم جنێو بدەم. کارم بە کاری ئەوەوە نەبوو. بە فەرهەنگم گوت هیچ پێویست بەوە ناکات بێنە ژوورەوە. هەڵبەتە هاتنیانم بەلاوە گرینگ نەبوو. ئەوان مەسەلەکەیان بە شەخسی وەرگرتبوو، کەواتە گرینگ نەبوو، بەهەرحاڵ ئەوان هاتنە ژوورەوە، ژنەکە تەمەشای کردم منیش چاوم بڕییە چارەی، دەستی بە قسان کرد کە :" ئاغای فەرهەنگ، من هەمیشە گوتوومە ئەشرەف وەکو کچەکەی خۆمە، ئەویش توندە تەبیعەت و درشت خووە" و لەم بابەتە قسانە تا من لە ڕوو دابمێنم و بڵێم فلانی ببورە. گوتم: نا، ئەمە هیچ پەیوەندییەکی بە تووڕەییەوە نییە، من پێشوەختە بڕیارم دابوو.

لە سبەیەوە ڕۆژی سەعاتێک پێوەندەکەیان لە لاقم دەکردەوە. دوای هەفتەیەک بە یەکجارەکی کردیانەوە، ئیدی دەمتوانی بە لێدانی پێ بە دیوارەکەدا، وەڵامی هاوڕێکەی دراوسێ ژوورەکەم بدەمەوە، هاوڕێی گۆرین بە لێدانی دیوارەکە ئاوازی سروودی ( ئەی هاوڕێیانی) دەخوێند و منیش لەکاتی فراڤیندا دەستەکانم کراوە بوون، وەڵامم دەدایەوە.

## خەباتگێڕ هەرگیز تەنیا نییە

دوای نیوەڕۆی یەکێک لە ڕۆژەکانی سەرەتا بوو، لە سەر تەختەکە بە پشتا خەوتبووم. دنیا گەرم بوو، پشتم ئارەقەی کردبووەوە و کەمێک دەسووتایەوە. هەوڵمدا تەکانێک بدەمە خۆ و تۆزێ پشتم بدەمە هەواکە، دوای ماوەیەکی کەم وتم پێویست ناکات! دەستم بە خوێندنی گۆرانییەک کرد، هەرچۆنێ بوو ئەم شیعرەم :" دژمن گەر بپرسێت ( ئەمیر)"* (*. هاوڕێ ئەمیر پەرویز پویان) لە کوێیە، دەست دەخەمە سەر سینگم و دەڵێم ئەمیر لە دڵی مندایە و هێشتا دژی دژمن دەجەنگێ" لە قاڵبی ئاهەنگێکدا و بە دانانی نێوی هاوڕێیانی دی: سەمەد، بەهرۆز، جەواد، ڕەحمەت.... لە جیاتی ناوی ( ئەمیر) درێژەم بە گۆرانییەکە دا. ڕووم بۆ لای دیوارەکە وەرگێڕا. لەکاتێکدا دەمڕوانییە خەتەکانی قەد دیوارەکە و بیرم لە شەڕی قارەمانانەی هاوڕێیان پویان و پیرونەزیری دەکردەوە. لە زمانی ژنەکانەوە، لە ژوورەکەی سەرەوە سەرگوزەشتەی ئەم شەڕەم بیستبوو، هەمیشە بیرم لەو شەڕە دەکردەوە و ورەیەکی تازەم وەبەر دەهاتەوە، ئەوانە وێڕای ئەوەی بە شەهیدبوونی هاوڕێیان زۆر خۆشحاڵ بوون ( بە تایبەتی بە شەهید بوونی هاوڕێ پویان کە لە هاوڕێیانی کۆمیتەی ناوەندی ڕێکخراو بوو و خۆی لە سەرەتاوە لە دامەزراندنی ڕێکخراودا ڕۆڵێکی کارای هەبوو.) کە باسی ئەوانیان دەکرد، نەیاندەتوانی ستایشی چۆنییەتی ڕوو بە ڕوو بوونەوەی قارەمانانەی وان دەگەڵ دژمندا، کە خەبەرەکەی لە هەموو جێگایەک بڵاو بوو بووەوە، بشارنەوە.

ئەم بەکرێگیراوانە، بە ڕادەیەک لە یەکەمین شەڕی پارتیزانی ناو شار تۆقی بوون و حەپەسا بوون کە وەکو ئەفسانەیەک بەلایانەوە باوەڕ نەکردەنی بوو. بەردەوام جنێویان دەدا و دەیانگوت:"سەگبابانە لەو هەموو پۆلیسەی ڕژابوونە ئەو ناوە، لەو هەموو چەکە نەدەترسان، چەندیان بەرگری وبەرەڤانی کرد" دەمتوانی بە ئاشکرا هاوڕێیان بێنمە بەرچاوی خۆم کە چۆن لێبڕاوانە و بەقین و توڕەییەکی زۆرەوە هورایان بۆ یادی ئامانجی مەزنی خۆیان دەکێشا و شەڕی دژمنیان دەکرد. لە ناخی دەروونەوە هەستم بە شادییەکی قووڵ دەکرد. بە ئاشکرا پەیم بە زەبوونی و ناکامی دژمن دەبرد. ئاخر دژمن لە هەنبەر خەباتکارانی وا دلێر و گیان فیدا دەتوانێ چی بکات؟ تەنانەت ئەگەر لە سۆنگەی هەڵەی خودی خەباتکارانیشەوە، بتوانێ ماڵێک یا بنکەیەکی نهینی وەدۆزێت، ئەوا ڕوو بە ڕووی گوللەی چریکان دەبێتەوە، کە بە تووڕەیی ئاگرینەوە بەسەریا دەڕژێت و لە ئاکامدا جگە لە لاشەی بێ گیانی وان هیچی تری دەست ناکەوێت. بە هەستێکی پڕ لە هەڵچوون و تووڕەییەوە سەرم وەرگێڕاو و لە بن لێوانەوە گوتم: "ئەی کینە تۆش لە شوێنی خۆتا، وەکو خۆشەویستی پیرۆزیت! " ئەوسا بە ئاوازەوە " کوێر ئوغڵی "م خوێندەوە: یاخی بوون، یاخی بوون، یاخی بوون. یاخی بوون.

## *هاوڕێیان چۆن بێدەنگی و خامۆشی*

## *سالولەکان دەشکێنن*

سەعات سێی پاش نیوەڕۆ بوو، دەنگە دەنگ و هەراو زەنای پاسەوانەکان کە وەختی گۆڕینی نۆرە ئێشکیان هاتبوو، هاماجی ژێرزەمینەکەی پڕ کردبوو. گوێم لە دەنگێک بوو کە دەیگوت: "ناوت چییە؟" وام وێنا کرد پاسەوانێکە دەگەڵ یەکێک لە زندانییەکان قسە دەکات. بەڵام پرسیارەکە دووبارە و سێ بارە بووەوە. دەرەوە شلۆغ بوو ودەنگەکە ون دەبوو، بە توندی لە سالولەکەی تەنیشتەوە لە دیوارەکە درا و ئەم دەنگەم هاتە گوێ: "ناوت چییە؟" هەنگێ زانیم کە ئەمە هاوڕێکەی دراوسێمە و ئەم هەراوزەنایەی بە هەل زانیوە و بە دەنگی بەرز قسان دەکات. ئەم کارەیم پێ خۆش بوو، من ئەقڵم بەوەدا نەشکا بوو کە هەلە و دەکرێ قسان بکرێت. دەستمان بە قسان کرد، ناوی خۆمان بە یەکدی گوت و هۆی گرتنی خۆمان لە یەکدی پرسی و " خۆ هیچت بۆ دژمن نەدرکاندووە؟!" دەرەوە بێدەنگ بوو. ئێمەش قسەکانمان بڕی. ئەوجا دەستم بە فیکە لێدان کرد. گۆرانی "ئەی هاوڕێیان"م بە فیکە لێدەدا. بە توندی لە دیوارەکە درا، فیکەکەم بڕی، کەمێک چاوەڕوانم کرد تا بزانم بۆ هاوڕێ لە دیوارەکە دەدا. دووبارە دەستم پێکردەوە، دووبارە لە دیوارەکە درایەوە و تێگەیشتم کە نابێ فیکە لێبدەم، بەڵام تێنەگەیشتم بۆچی.. گوتم باشە لە هەلێکی دیکەدا دەپرسم.

ماوەیەک بوری ( دەنگی فیکەلێدان لە سالولەکەی ئەو هاوڕێیەوە بەرز بووەوە کە ئەویش سرودی "ئەی هاوڕێیانی" لێدەدا، پەیگیری فیکە لێدانەکەی ئەوم کرد و دێڕێکی ترم بە فیکە لێدا. بەو جۆرە تا کۆتایی درێژەمان بە سروودەکە دا. دەنگی عەریفە چاودێرەکە بەرز بووەوە: " ئەم بێ غیرەتە کێیە کە فیکە دەکێشێت؟ ئێرە ئوتێل بەلاش نییە!" گوێم لە دەنگی هەنگاوەکانی بوو کە لە دەرێی سالولەکاندا دەگەڕا. هۆی لێدانی دیوارەکە، کە هاوڕێ یەکەم جار لە دیوارەکەی دا، تێگەیشتم . ئەو کە دەستەکانی بە تەختەکەوە نەبەسترابوون، دەیتوانی لە کونی دەرگاکەوە تەمەشای دەرێ بکات و تاقیبی ڕەوشەکە بکات و ئەوجا فیکە لێبدات. زانیم کە چاودێر و پاسەوانەکان لێرەدا هەوڵ دەدەن هەر جۆرە پەیوەندییەکی زندانییەکان لە گەڵ یەکدیدا ببڕن و زندانی بێدەنگ بکەن و بە تاقی تەنیا وەمێنێ و لە دنیای دابڕن. هەستم کرد کە لەو هەل ومەرجە بە زۆر سەپێندراوەدا فیکە لێدان بۆ خۆی جۆرە خەباتێکە و پێویستە بە هەر شێوە و ڕێگەیەک بووە، بە پێچەوانەی خواستی دژمنەوە، بێدەنگی و خامۆشی بشکێنم و لەم ڕێگەیەوە پەیوەندی دەگەڵ هاوڕێیاندا بگرم و ورەی یەکدی بەرز بکەینەوە. کە گوێم لە دەنگی پێی عەریف خەفەر بوو دوور دەکەوتەوە، کەمێک سەبرم کرد و دووبارە دەستم بە فیکەلێدان کردەوە. ئەمجارەیان لە سالولێکی دیکەوەش وەڵامی فیکەکەی من درایەوە. زۆر خۆشحاڵ بووم، بە سێ قۆڵی درێژەمان بە فیکەلێدان دا، وەختی شیو خواردن دەرگای سالولەکە کرایەوە، عەریفی چاودێر کلیل بەدەست وەژوور کەوت، کەلەپچەکەی دەستی کردمەوە. دەرگاکەی داخست و چوو بۆ سالولەکانی دیکە. یەکسەر هەرکە دەستەکانم ئازاد بوون، کەوتمە لێدانی دیوارەکە و لەم ڕێگەیەوە پەیامی

هاوڕێیەتیم بۆ نارد. ئەویش لەم کاتەدا ئاهەنگێکی شۆڕشگێڕانەی بەجۆشی لەڕێگەی لێدانی دیوارەکەوە پێ گەیاندم. کە گوێم لە دەنگی پێ بوو، لە دیوارەکە دوور کەوتمەوە، خواردنیان هێنا، قاپەکە تۆزی لەپە، دوو پارچە باینجان کە لە شلەکەدا مەلەیان دەکرد و لەگەڵ یەک نانی بازاڕدا، ئیدی ژمارەی ئەوانەی فیکەیان دەکێشا زۆر بوو بوون. لە هەر سوچێکی ژێرزەمینەکەوە دەنگی فیکەیەک دەهات و ئیدی دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی سەرچاوەی فیکەکان بۆ پاسەوانەکان کە بە دوایدا دەگەران، قورس و زەحمەت بوو بوو. ئیدی بەم شێوەیە پێمان ڕادەبواردن و ئەزیەتمان دەدان. کاتێ بە مەبەستی دۆزینەوەی کەسی فیکەکێش، دەچوون بۆ سالولێک، دەنگەکە لەو سالولە دەبڕا و لە سالولێکی دیکەوە بەرز دەبۆوە.

ڕۆژی حەمام بوو، یەک یەک دەرگای ژوورەکانیان کردەوە و هەر کەسە و بۆ ماوەی دە دەقیقە دەبرایە دەرێ و دووبارە دەیانهێنایەوە ژوورێ. لە دەرەوە سەر و ڕدێنی هاوڕێ کوڕەکانیان چاک دەکرد و دەبوایە لەماوی پێنج دەقیقەدا سەرو لەشی خۆ بشۆن. ئیدی دەنگە دەنگ و غەڵبە غەڵبێکی زۆر بوو، هەلێکم بۆ قسەکردن دەگەڵ هاوڕێکەی دراوسێمدا پەیدا کردبوو، دیاربوو هاوڕییەکی گروپی ئامانجی خەڵک(٢) بوو، پرسیاری ڕێبازی خەباتی گروپەکەیانم کرد. تۆزێ قسانمان کرد، پتر هەستی دۆستایەتیم نواند. گفتوگۆیەکەمان زۆر درێژەی نەکێشا، دەنگمان سەرنجی پاسەوانەکانی ڕاکێشا بوو و لە سەرچاوەی دەنگەکە دەگەڕان تا بزانن لە چ سالولێکەوە دێت. هاوڕێی ناڤبری مستێکی وەکو نیشانەی خەتەر بە دیوارەکەدا کێشا و گوتی:" سبەی..." بەڵام سبەی هاوڕێیان بۆ زندانێکی دیکە گواستەوە.

## ئێمه سه‌رده‌كه‌وین

ڕۆژێک ده‌نگی ئافره‌تیکم له‌ سالوله‌که‌ی ته‌نیشتمه‌وه‌ بیست. ئه‌مه‌ ده‌نگی ژنه‌ چاودێره‌که‌ نه‌بوو، به‌ ئاشكرا دیار بوو كه‌ ده‌نگی هاوڕێیه‌ک بوو. دڵم پڕ بوو له‌ شادی. له‌ دڵی خۆدا پرسیم تۆ بڵێی هاوڕێ (شه‌هێن) یا هاوڕێ (فران ❋) بێ؟ ( ❋. فران ناوێکی تورکییه‌ که‌ هاوڕێ ڕوقییه‌ دانشگه‌ری له‌ماڵه‌وه‌ به‌و ناوه‌وه‌ بانگ ده‌کرا.) مه‌زه‌نده‌که‌م دروست بوو، هاوڕێ شه‌هێنیان خسته‌ ژووره‌که‌ی ته‌نیشت من و هاوڕێ ڕوقیه‌ش له‌ ژووری ژماره‌ یه‌ک، له‌ به‌رده‌رگاکه‌ بوو. زۆر زوو له‌گه‌ڵ هاوڕێ شه‌هێندا، ده‌ستمان به‌ به‌رنامه‌ی له‌ دیوار دان کرد. ئیدی تا ئه‌و كاته‌ی كه‌ دراوسێ ژوور بووین، هه‌میشه‌ ئه‌م به‌رنامه‌یه‌مان هه‌بوو. هیچ كاتێ له‌م كاره‌ وه‌ڕه‌ز نه‌ده‌بووین، ده‌مانزانی به‌ چ ئاره‌زوویه‌که‌وه‌ له‌ دیواره‌که‌ ده‌ده‌ین و چۆن ده‌مانه‌وێ له‌ دێڕ به‌ دێڕی ئه‌و شیعرانه‌ تێبگه‌ین، كه‌ به‌ لێدانی دیواره‌که‌ بۆ یه‌کمان ده‌خوێنده‌وه‌.

له‌پێش هه‌موو شتێکدا ئه‌م دێڕه‌ی سروودی ( ئه‌ی هاوڕێیان) مان به‌ لێدانی دیواره‌که‌ ده‌خوێنده‌وه‌:

" یه‌ک هه‌نگاو نه‌نێین بۆ دواوه‌ تا مردن"

به‌یانیان، ده‌رگاکان وه‌کو هه‌میشه‌ به‌ جیڕ و هوڕ ده‌کرانه‌وه‌. پارچه‌یه‌ک نان و كه‌مێک په‌نیریان له‌ به‌رده‌رگای هه‌ر سالولێک داده‌نا. له‌ ده‌نگی ده‌رگا، ڕا ده‌بووین، عه‌ریف خه‌فه‌ر ده‌هات و ده‌ستی ده‌کردینه‌وه‌ ( له‌م ڕۆژانه‌دا ته‌نیا شه‌وان که‌له‌پچه‌یان له‌ده‌ست ده‌کردین و به‌ ڕۆژه‌وه‌ ده‌ستمان ئازاد بوون) من له‌ یه‌که‌م ده‌رفه‌تدا، مستێکی توندم به‌ دیواره‌که‌دا ده‌کێشا تا هاوڕێ شه‌هێن خۆی بۆ وه‌رزش ئاماده‌ بکات. به‌ ئاوازێکه‌وه‌ كه‌ خۆشم نازانم چ ئاوازێک بوو، ده‌مگوت: " ده‌بێ وه‌رزش بکه‌یت، ده‌بێ شاد بی و ده‌ستم به‌ وه‌رزش ده‌کرد. له‌ سالوله‌که‌ی ته‌نیشتمه‌وه‌ گوێم له‌ ده‌نگی هاوڕێ شه‌هێن بوو كه‌ هانکه‌ هانکی بوو.

دوای یه‌کانگیری سێ قۆڵیمان له‌ ژێر زه‌مینه‌که‌دا، ژینگه‌ی ئه‌وێ به‌ ئاشكرا گۆڕا بوو. ساتێ ئارامامان نه‌ده‌گرت، هه‌موو ده‌مێک له‌ هه‌وڵی ئه‌وه‌دا بووین، به‌ هه‌ر شێوه‌یه‌ک بووه‌، بێده‌نگی زندانه‌که‌ بشکێنین. ئه‌مه‌مان به‌ ئه‌رکی خۆمان ده‌زانی، ئیدی ئه‌مه‌ خه‌باته‌ و ده‌بێت له‌ هه‌موو شوێنێک و به‌ هه‌ر شێوه‌یه‌ک بێت درێژه‌ی هه‌بێت.

ڕۆژێکی جه‌نجاڵ بوو، پاسه‌وانه‌کان له‌ گۆشه‌یه‌کدا وه‌ستا بوون و مژوولی قسان بوون، هه‌لێکمان بۆ شیعر خوێندنه‌وه‌ دۆزییه‌وه‌، له‌لای ده‌رگاكه‌وه‌ دانیشتم و كۆپله‌یه‌کم له‌ شیعرێکی ( وان تروی) خوێنده‌وه‌:

هه‌ندێ سات هه‌ن ده‌وران سازن

هه‌ندێ وشه‌ هه‌ن دڵگیر تر له‌ ئاوازن

پیاوانێک هەن هەر دەڵێی لە

دڵی پاکی حەقیقەتەوە زاون.

( وان تروی) تۆ مردووی؟

نە، نە تا ئەبەد زندووی

کەی خەڵک تۆ فەرامۆش دەکەن کەی؟

هاوڕێ ڕوقیەش  پاشماوەکەی خوێندەوە کە:

تۆ بە جۆرێ پەنجەت لەگەڵ مەرگدا نەرم کردووە

سەراپات بووە بە

ئاگری بێ بڕانەوە

دەبێ بەلشەویکانە بجەنگین

چی پێدەکرێ لە ئاستی دڵی ئاگری مە

ئاگری بارووت و گوللە؟

هاوڕێ هەرچەندە تۆ ئێستا مردوویت

بەڵام لە گوێتا دەزرینگێتەوە

کە چۆن دەپشکوێ ئەم قانوونە

وەڵامی خوێن هەر خوێنە!

و هاوڕێ شەهێن تا کۆتایی لە سەری ڕۆیی:

( وان تروی) ئەی هاوڕێگەی من

وشەکانت بسپێرین بە دڵ

مرۆڤ دەبێ سەربەرز بژی

سەرفراز دەبێ بمری.

و سەری تەسلیم بۆ دژمن نەوی نەکات

بە هەمان شێوەی تۆ

هەموو بوونی خۆی

لە ڕای ئازادی خەڵک دابنێ

ئەی هاوڕێی کرێکارم.

ئەوسا نۆرە هاتە سەر شیعرێن کورت کورت، هاوڕێ شەهێن گوتی:

لە کوشتارگەی ئەشقا ناکوژن کەس جگە لە چاکان

ڕێوی سیفەتانی بەدخوو ناکوژن

ئەگەر ئاشقی ڕاستیت لە مردن مەترسە

عەمری نەمێنێ، هەر کەسێ نەیکوژێ.

منیش لە وەڵامی ئەودا ئەم شیعرەم خوێندەوە:

ئەوەی ئەشقی لە دڵ بێ هەرگیز نامرێ

لاپەڕەی ڕۆژگار تۆماری کردووە بۆ ئێمە بەردەوامی.

هاوڕێ ڕوقیەش پارچە شیعرێکی دیکەی، کە خۆی بە بۆنەی سێیەمی خوردادەوە ( ڕۆژی شەهید بوونی هاوڕێیان، پویان، پیرو نەزیری، ئەسکەندەر سادقی نەژاد) دابینابوو، خوێندەوە:

تۆ ئەی دژمن، ئەی بکوژی ئینسان

چاک بزانە کە ئێمە بە مردنی هەر یەکێک

لە هاوڕێیانی خەباتگێڕمان

لەگەڵ خەڵک و لەگەڵ یاران

تازە دەکەینەوە پەیمان!

هاوڕێ کوڕەکان، هەریەکە و لەبەر دەرگای سالولەکانی خۆیانەوە گوێیان قوت کردبۆوە تا دەنگی مە چاکتر بژنەون، هاوڕێ حەبیب فرزاد (٣) تازە هاتبووە ژێرزەمینەکە، هاوڕێیەکی یەجگار بەجۆش بوو، کە گوێی لە شیعرەکانی ئێمە بوو، هاتە جۆش و دەیویست ئەویش شیعرێک بخوێنێ و دەستی پێکرد، دەنگی گڕی لە ژێر زەمینەکەدا دەنگی دایەوە: " شمشێر پێویستە بە دەستی پیاوانە بێتە گرتن " لێ هاوڕێیانی دراوسێ ژووری ئەو بەرهەڵستیان کرد: " هاوڕێ تۆ واز بێنە! بەکرێگیراوان پێ دەحەسن و ئیدی نایەڵن هاوڕێیان شیعر بخوێننەوە." و ئەویش بەگوێی کردن و بە نەبەدڵی وازی هێنا. ئەو ڕۆژانە ڕەوشی ژێرزەمینەکە وا بوو. هەموو ڕۆژێ لە ژێر زەمینەکەوە دەنگی فیکەلێدان بەرز دەبووەوە. سروودی ئازادی، ئینتەرناسیونال، ئاهەنگی ( زێد ) کە ئەمەمان بۆ یادی سیاکەل دانابوو، لێ دەدرا. من وهاوڕێ ڕوقیە هەندێجار بە فیکەلێدان پێشبڕکێی ئاواز و ئاهەنگی ئازەریمان دەکرد. ئەمە بۆ خۆی جۆرە سەرپێچییەک بوو لە فەرمانی زندانەوانەکان، کە ڕێگەیان نەدەدا پێکەوە قسە بکەین. جا ئێمە لەم ڕێگەیەوە هەستی گەرمی هاوڕێیاتیمان بۆ یەکدی دەردەبڕی. کاتێ کە بێدەنگی باڵی بەسەر ژێرزەمینەکەدا دەکێشا، ئێمە بە دەنگ و ئاوازی ( ڤینسەرموس) واتە ( ئێمە سەردەکەوین) دەمانکێشا بە دەرگاکەدا. هەموو هاوڕێکانی دیکەش هەمان کاریان دووبارە دەکردەوە. ئەمە بەو مانایە بوو کە هێشتا زندووین! بەڵام پاسەوانەکان ڕاز و نهێنی ئەم لێدانەیان نەدەزانی. دەگەڵ هەر لێدانێکدا دەهاتنە بەر دەرگا کە چیمان دەوێ. ئێمەش هەر جارەی شتێکمان دەکردە بیانوو، دەرگا لێدانەکەمان دادەپۆشی.

هێندە کارمان زۆر بوو، جاری وا هەبوو فریا نەدەکەوتین. وەختێ بێدەنگی زاڵ بوایە و نەکرابا شیعر یا سروود بخوێنین لە قەراخە نان و هەویر، بەردی شەترەنجمان دروست دەکرد، یا شتی وەکو کۆڵەمست، تفەنگ، ڕەشاش، نارنجۆک، ماسیە ڕەشە چکۆلەکە، گوڵاڵە سوورە، خەنجەرمان دروست دەکرد و هەر هەلێکمان بۆ ڕەخسابا، دەماندان بە یەکتری. بۆ ئەوەی پەیوەندیمان بەرقەرار بێ سوودمان لە هەر شێواز و ڕێگەیەک وەردەگرت. هەندێجار پاسەوانەکان لە کاتی چوونە تەوالێت دا، بە دزی فەرهەنگ و ئەو ژنانەوە دەرگای سالولەکانیان بە کراوەیی بەجێدەهێشت و ئێمە کە بە بەر سالولەکاندا تێدەپەڕین، هاوڕێیانمان دەبینی. مەگەر خوا بزانێ چەند بە دیتنی وان شاد دەبووین. دەمانتوانی سڵاو لە یەکدی بکەین و کۆڵەمستی گوشراومان بە یەکدی نیشان بدەین. هاوڕێ ڕوقییە لە بەر ئەوەی ژوورەکەی لەبەر دەرگا بوو، بەردەوام لەبەر دەرگاکەوە دەوەستا. بە تووڕەییەوە کۆڵە مستی گوشیبوو و بە دروشمی ئاگرین، ئەو هاوڕێیانەی کە بە بەر ژوورەکەیدا ڕەت دەبوون، بۆ بەرخودان و خۆڕاگری زیاتر هان دەدا.

ژنەکان لە بەر ئەمە ئازاریان دەدایـن و بە بیانووی جۆراوجۆرەوە، درەنگ درەنگ بۆ سەرئاویان دەبردین. هەموو جارێک دەبوایە پاسەوانەکە، مەسەلەکە بە ژنەکە بڵێت و مۆڵەت لەو وەربگرێت، کە دەرگای سالولەکە بکاتەوە یان نا، ژنەش هەر جارەی بیانوویەکی دێنایەوە:" بڵێ با جارێ سەبر بکا، جارێ خەریکی شێو خواردنین..."

سالولەکەی من کەوتبووە کۆتایی ژێرزەمینەکەوە، بۆ چوونە سەرئاو، دەبوایە سەرانسەری ژێرزەمینەکە ببڕم. کە بە بەر ژوورەکاندا دەڕۆیشتم تەماشای یەک بە یەکی کونی دەرگاکانم دەکرد. هاوڕێیان، یەکێک لە کونی دەرگاکەوە دەستی تەکان دەدا، یەکێکی دی سەری بەرز و نزم دەکردەوە...

ئەم هەموو خۆشەویستیە پاک و مەزنە، شادی دەکردم، باری سووک دەکردم، لە فکران ڕا دەچووم: دەردی ئەشکەنجە چەند گران و توند بێ، دەکرێ زوو لە بیر بچێتەوە! ئەوسا دەشێت بە سەرفرازی، هێز و ورە لە خۆشەویستی دوراودووری خەڵک، لە خۆشەویستی هاوڕێیانی ناو زندان، یا لەوانەی لە دەرەوە درێژە بە خەبات دەدەن، وەربگریت، ڕقی خۆت لە دژمن زیاتر بکەیت و لە هەموو حاڵێکدا درێژە بە خەبات بدەیت...

*بەکرێگیراوان*

*دان بە بچووکی و چرووکی خۆدا دەنەن*

رۆژێک فەرهەنگ هاتە ژوورەکەم، وەکو خووی هەمیشەیی خۆی دەستی بە چەنەبازی کرد. ئەو حاڵەتێکی هەیە کە پیاو بەرلەوەی بیەوێ بە شێوەیەکی جدی مامەڵەی لەگەڵدا بکات، خۆ بە خۆ بەشێوەیەکی سەرڤەسەرڤەو لامسەرلایی ڕوو بەڕووی دەبێتەوە و قسەی دەگەڵدا دەکات. ئەو رۆژەش خەریک بوو ئامۆژگاری دەکردم. باسی خۆشییە هیچ و پووچەکانی ژیانی خوردە بۆرژوایی دەکرد. لە وەڵامی قسەکانیا گوتم: دەزانی من بەقەدەر پولێکی قەڵبیش بایەخ بە قسەکانی تۆ نادەم، لای من یەک پولی قەڵب نایەنن، ئیدی وا چاکە قسە نەکەیت.

بەڵام ئەو لەوە ڕوودارتر بوو کە بەم جۆرە قسانە تەریق ببێتەوە. بێ شەرمانە پێکەنی و هەنگێ چووە سەر باسێکی دی. بە حەپەساوییەوە وەکو ئەوەی بیەوێ بە خورتی شتێک بە خۆی بسەلمێنێ گوتی:" بەڕاستی ئێوە چتۆ بەشەرێکن؟ ئاخر چۆن بەرگەی ئەم هەموو ئەشکەنجەیە دەگرن و هیچ شتێک ناڵێن؟ چۆن لە هیچ شتێک ناترسن؟ ئەو رۆژەی تۆیان لە ئەوینەوە دێنا، من بینیمیت، وەکو مردوویەک وابوویت کە دایانیت بە شانی پاسەوانێکدا، من لە دڵی خۆدا گوتم ئەم کیژە ناژی، بەم زوانە دەمرێت. باشە پێم بڵێ لە پێناوی چیدا ئامادە بووی ئەم هەموو ئەشکەنجەیە تەحەموول بکەیت؟ " بێ ئەوەی چاوەڕوانی بەرسڤ بکات، لە سەری ڕۆیی:" وەڵڵا من کە لە سەرەتای لاویمەوە لەم دەزگایەدا کارم کردووە و نان و ئاو و ژیانم ئەم دەزگایە دابینی کردووە، ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان لە لایەن ئێوەگەلەوە دەسگیر بکرێم، بێئەوەی یەک زللەم لێ بدەن، هەرچییەکتان لە من بوێ، لە سیری تا پیازیتان پێ دەڵێم. نازانم ئێوە ئەقڵتان لە دەست داوە، یا چتۆ بەشەرانێکن؟ " پاشان وەکو بڵێی بچووکی و چرووکی خۆی بە زەقی ببینێ، دەنگی خۆی نزم کردەوە و بە ستایش و ڕێزێکی زۆرەوە کەوتە باسی دلێری و مەردی و ڕەندی دوو خەباتکاری شەهیدی ساڵانی دوایی ١٣٣٢ ( ١٩٥٣) بەخۆی لە ڕێوڕەسمی ئیعدامکردنی ئەم خەباتکارانەدا بەشداری کردبوو و قسەکانی دەربارەی بەرخودانی بوێرانەی وان بوو بەرانبەر بە مەرگ.

رۆژانی دیکەش دەربارەی ئامانجی خەباتی ئێمە قسەی دەکرد، ئەو دەیویست گەنگەشە بکات و منیش چەند جارێک سەبارەت بە شۆڕش و ئامانجەکانی ڕێکخراوەکەم قسەم دەگەڵی کرد. هەندێجار لە گەرمەی باس و قسەکردندا، قسەکەم دەبڕی و بە خۆم دەگوت: چما ئەو کێیە کە من باسی شۆڕشی بۆ بکەم؟ ژیانی ئەو لەوە پتر نوقمی گەنداوی بەرژەوەندی شەخسی بووە کە ئومێدی ڕزگار بوونی لێ بکرێت. کەچی ئەو هەر وازی نەدەهێنا و منیش هەندێجار بە ناچاری وەڵامی وڕاوەکانی ئەوم دەدایەوە کە: سەرکەوتن بۆ ئێمەیە، ئێوە هەمووتان گۆڕ بە گۆڕ دەبن..

جارێکیان لە کاتی قسەکانماندا ژنەکە هات بە سەرا. ئەویش کەمێک قسەی کرد و بۆچوونی خۆی دەربڕی، من هەمدیس بەڵگەم بۆ دێنانەوە تا حەقانییەت و ڕەوایی ڕێگا و ڕێبازەکەی خۆمانیان بۆ بسەلمێنم. ژنەکە لە فەرهەنگ کەمتر گەوج و کەودن بوو و لەو زووتر پەی بەوە برد کە باسەکەمان بێ فایدەیە. بۆیە ڕووی کردە فەرهەنگ و گوتی: " ئاغای فەرهەنگ تۆ نازانی، ئەشق شتێکی ترە، شتێک نییە کە بە قسە هاتبێتە دی، تا بتوانرێ بە قسە لە بەین ببرێ. خۆ ئەشق یەک جۆری نییە، یەکێ ئاشقی منداڵەکەیەتی، یەکێ ئاشقی دایکییەتی، ئەمانەش جۆرە ئاشقێکن. بەڕاستی هیچیان لەگەڵدا ناکرێت."

عەسر بوو، ئاوازێکی جەڵەبی و بێتام لە ڕیکۆردەرێکەوە کە هەمیشە لە دەرەوە لە سەر مێزێک هەڵکرا بوو، دەهاتە گوێ ، بەکرێگیراوان لەوێ کاتی خۆیان بە گوێگرتن لەو ئاواز و گۆرانییە بێتامانە، قوماربازی بە شقارتە و میوەخواردن و ئاجیل خواردن بە سەر دەبرد. فەرهەنگ دیسان هاتە سالولەکەم، هەرمێیەکی بە دەستەوە بوو و سوور بوو لە سەر ئەوەی  کە بیدات بە من. زۆر کاری وای دەکرد. شتی بۆ هاوڕێ کوڕەکانیش دەبرد، بەڵام زیاتر بۆ سالولی هاوڕێ کیژەکان دەچوو و زۆربەی کات لە میوەکانی سەر مێزەکەی لەگەڵ خۆیدا دەبرد. بە دروستی لە مەبەستی کارەکانی تێنەدەگەیشتین. بە هەرحاڵ نیوسەعاتی تەواو سوور بوو لەسەر ئەوەی هەرمێیەکەم بداتێ. منیش ئیدی هیلاک بوو بووم، بە ڕەقی گوتم: بابە یەک کەڕەت گوتم نامەوێ، ئیتر بەس نییە، ئاخر چەند جارت پێ بڵێم؟ بەڵام ئەو لەوە پڕ ڕووتر بوو کە بەم زوانە دەستبەردار بێت و ئاقیبەت هەرمێکەی لەسەر مێزەکە بەجێهێشت و ڕۆیی. بەڕاستی لە وتار و ڕەفتارەکانی بێزار بووم. هەرمێیەکەم هەڵگرت و لە ناو دەستەکانما فلیقاندمەوە و لۆمەی خۆم کرد کە کاشکێ زووتر لێم وەردەگرت تا ئەو زووتر گۆڕی گوم بکردایە و ئەو هەموو ماوەیە لە سالولەکەمدا نەمابایەوە. بەڕاستی نموونەیەک بوو لە بێشەرمی و ڕوو قایمی! لە فکران ڕاچووم و ڕەفتارەکانی خۆم دەگەڵ ویدا هێنایە بەرچاو، سەیرم کرد تا هەنووکە هیچ ڕەفتارێک لە ڕەفتارەکانی من لە ڕەفتارێن توند و زبرەوە بیگرە تا ڕەفتارێن نەرم و ئاسایی، هیچ کارێکیان لە کار و کردەوەی ئەو نەکردووە. جگە لە من و هەموو هاوڕێ کوڕەکان، هاوڕێ شەهێن و هاوڕێ ڕوقیەش هەمان ڕەفتاریان لەگەڵ ئەودا هەبوو. لێ ئەو هەمیشە هەوڵیدەدا بە هەمان میهرەبانی! قسان بکات و خۆمانی بێ. تازە زانیم کە ڕەفتارم لە هەنبەر ئەودا جیاواز بووە، لە ڕەفتارم لەگەڵ ئەفسەر و موحەقیقەکاندا. دەگەڵ ئەودا زیاتر بە تەوسەوە قسەم دەکرد تا بە ڕەقی و زبری، هۆیەکەشیم بۆ دیار و ڕوون نەبوو. ڕەنگە کەسایەتی خۆی هۆی ئەمە بووبێ و ئەو جۆرە ڕەفتارەی خواستبێ. دەرگای سالولەکە واز بوو. دەنگی هاوڕێ شەهێن دەهات کە شیعری دەخوێندەوە، شیعرێکی تازە بوو کە دەربارەی فەرهەنگ گوتبووی:

تۆزێ لەمەپێش زندانەوان

هێشوە ڤینێکی کەرامەتی هێنا

لە پشت بۆڵی سووری ترێوە

چارەیەکم بینی خوێنی لێ دەچۆڕا

چارەی خوێنباری جەلاد!

دوای ئەوە

گوێم بە ڕیاگۆیی ئەو

مێردەکە خاینە

زرینگایەوە

کە: بخۆ کچۆڵەکەم، ڕۆڵەکەم!

هێشوەکەم لێ وەرنەگرت

بە ئاسانی،

تا وا نەزانێ بەکرێگیراو

دەردی من، دوورییە لە ترێ.

چلونێ بۆڵی ڕق، چلونێ

دڵۆپە خوێن

کەی بە من دەخورێ؟

من لەم هێشووە سوورەدا

خوێنی ئازیزانم دەبینم

خوێنی یارانی شەهیدم

شەهدی ئەم دیارییە بۆ من ژەهرە

تاڵترە، تاڵتر، تەنانەت لە ژەهریش

بە نەفرەتەوە، هێشوەکەم لە چنگ دا

فلیقاندەوە

له دڵی خۆمدا ئەو دڵۆپە خوێنانەم ژمارد

کە لە هەمان هێشووی دژمنەوە دەچۆڕا:

پازدە، دوو، سێ، دوو ویەک *

بیست و سێ دڵۆپە خوێن، بیست و سێ بۆڵی ڕق

بیست و شەش دانەی دی ماوە.

بە قینێکی زیاترەوە، لە چنگما دەیگوشم

واتە خۆزیا ، ئیدی خوێنی دونان بێ

دونانی نەگریس و چەپەڵ!

بەڵێ دژمن تەنانەت دیارییەکەشی

کەرەب و کینە ئەنگێزە!

* . پازدە: ئاماژەیە بۆ پازدە شەهیدەکەی سیاکەل. دوو: مەبەست هاوڕێیان جەواد سەلاحی و خەلیل سەلمان نەژادە (٤) سێ: هاوڕێیان پویان، ئەسکەندەر سادقی نەژاد، پیرونەزیری یە، دوو: هاوڕێیان کازم سەلاحی و ئەحمەد خوڕەم ئابادی (٥) یەک: هاوڕێ بەهرۆزی دیهقانی.

***

هەڵبەتە لە نێو بەکرێگیراواندا، تەنیا فەرهەنگ نەبوو، کە بیەوێ بیسەلمێنێ کە کەسێکی لە ڕادەبەدەر قیرسیچمە و ڕووقایمە. سەرۆکی زندان ( شیخاوندی) ش وەکو ئەو وابوو ( یەکێک بوو لەو ئەفسەرانەی تازە لە ئیسرائیل گەڕابووەوە) بە قسەکانی ژنەکە و خودی ئەفسەرەکەدا وا دەردەکەوت کە هەندێ ناکۆکیان لە بەیندا بێ.

ئەفسەرەکە کە یەکەمجار منی بینی گوتی( باش بوو بۆ ئێرە هاتی، ئیسراحەت تر دەبیت، کەس حەقی بەسەرتەوە نییە، زۆر چاکت کرد کە لە ژنەکەت دا) هیچ سەرم لەوە نەدەسوڕما کە بەکرێگیراوان هەر هەموویان دژمنایەتیان لە نێواندا هەیە چونکە دەمزانی لەهەر شوێنێ بەرژەوەندی شەخسی لە ئارادا بێ بتەوێ و نەتەوێ بەرخوردی بەرژەوەندی دێتە ئاراوە و دژمنایەتی و ناکۆکی حەتمییە. تەنانەت ئەگەر بە ڕواڵەت و بە شێوەیەکی کاتیش، هەمان بەرژەوەندێن شەخسی وا بخوازن کە یەکێتی و دۆستی بێتە کایەوە، هەر ناتوانێ بۆ هەمیشە بەردەوام بێ.

به هەر حاڵ من بەرسڤی ئەوم نەدایەوە. نەمدەویست دەگەڵ هیچ یەکیک لە ئەفسەرەکاندا قسە بکەم، هەر گوێم نەدایێ، بەڵام ئەو هەموو ڕۆژێک بۆ سالولەکەم دەهات و ئەحواڵپرسی دەکرد، وێڕای ئەوەی یەک کەلیمە قسەم دەگەل نەدەکرد وبە نەفرەتەوە سەیرم دەکرد، لێ ئەو هێندە ڕوو قایم بوو،هیچ یەکێک لەم هەڵوێستانە کاری لە ڕەفتاری نەدەکردو تەریق نەدەبۆوە و خۆی شلوێ نەدەکرد. زۆری دەکرد کە من قسە بکەم، لەبەردەرگا دەوەستا و یەک دانە سەعاتی تەواو چەنەی دەدا: " من ئەشکەنجەچی نیم، ئەفسەرێکی ئاساییم، سەرۆکی زندانم و کارم بە کاری کەسەوە نییە! بە هەمان ڕێزەوە ڕەفتار دەگەڵ هەموو زندانییەکاندا، بێ گوێدان بە تاوانی هیچ کەسێکیان دەکەم..."

چەلەکانی دواتر دەمگوت: من ئیدی شارەزای کاری هەمووتان بووم، هەمووتان هەمان لاف و گەزاف لێدەدەن و هەمان قسە دەکەن. بەڵام بۆ من هیچ جیاوازییەکی نییە،هەمووتان هەر یەک و هەمووتان دژمنی خەڵکن!

ئەو و فەرهنگ بوونەوەرانی تایبەتی بوون، ڕووقایم و بێ شەرم بە هەموو مانای وشە. بەکرێگیراوەکانی دی بەلای کەمەوە بەگوێرەی ڕەفتار و بەرخوردەکانی من لەگەڵیاندا، ڕەفتاری خۆیان دەگۆڕی، لێ ئەم دوو نەفەرە بە هیچ جۆرێ نەدەگۆڕان. جارێکیان بەسەر هەردووکیاندا نەڕاندم کە: لە سالولەکە بچنە دەرەوە!

ئەو ڕۆژەی کە ئەو دووەم دەرکردبوون، پتر لە هەر ڕۆژێک هەستم بە خۆشحاڵی دەکرد، هەرچەندە لە سۆنگەی ئەو کارەوە، دووبارە دەست و لاقیان بە تەختەکەوە بەستمەوە، بەڵام هەرچییەک بوو، من سەرکەوتبووم، ئیدی فەرهەنگ بۆ ژوورەکەم نەدەهات. شیخاوەندیش ( پێدەچوو کارێکی تایبەتی بۆ پێش هاتبێت) بە هیچ جۆرێ بۆ ژێر زەمینەکە نەدەهات، هەمان ئەو ڕۆژە لە کاتی نیوە ڕۆژدا پاسەوانەکە لە تەختەکەی کردمەوە یەکسەر غارم دایە بەر دەرگاکە و بە خۆشحاڵییەوە کۆڵەمستم بە هاوڕێ ڕوقییە نیشان دا، سالولەکەی ئەویان تازە گۆڕی بوو و دەمانتوانی یەکدی بدینین. ئەوجا لە خۆشیا هەڵبەزیمەوە. فراڤینمان خوارد، دووبارە بە تەختەکەوەیان بەستمەوە.

دوو سێ ڕۆژ تێپەڕی، لەم ماوەیەدا نەخۆش کەوتبووم، ئەوسا هەر کەسێک نەخۆش کەوتبا چەند حەپێکی ئازارشکێن و کەوچکێک شرووبی سینەیان دەدایە، فەرهەنگ دەرمانی بۆ هێنام، بە بێ موبالاتی ڕوو بە ڕووی بوومەوە و هاوارم بە سەریدا نەکرد. ئەمە بوویە بایسی ئەوەی دووبارە دەست بە هاتوچۆی ژوورەکەم بکاتەوە. بەڵام هەر چییەک بوو، بۆ چەند ڕۆژێک هەستم بە سەرکەوتن و خۆشحاڵی کرد و باری لەشم سووک بوو.

## سەربەرز و پایەدار

## بە لەشی ئەشکەنجەدراوەوە

ئیدی دەستەکانم کرابوونەوە. دەمتوانی لە کونی دەرگاکەوە تەمەشای دەرێ بکەم، جارێک پەرستارێک لە بەر دەرگای سالولی ژمارە نۆ وەستا بوو. فزولّیەت گرتمی: کێ لەو سالولەدا زندانییە؟ دیتنی دکتۆر یا پەرستار نیشانەی ئەمە بوو کە زندانییەکە لە ڕادەبەدەر، زۆر خراپ ئەشکەنجە دراوە... پەرستارەکە چووە ژوورەکەی هاوڕێ ڕوقیەشەوە، ئەنگوستی پێیان بە چەخماخ سووتاندبوو و پەرستارەکەی دەیویست تیماری بکات. دوای ماوەیەک پەرستارەکە ڕۆیی، لێ من هێشتا لە پشت کونی دەرگاکەوە وەستا بووم، دەنگی هەواکێشەکە بەرز بوو. ڕوانیمە کونی دەرگای سالولەکانی دی ، زندانییەکانی دیش وەکو من کونجکاوانە تەمەشای دەرەوەیان دەکرد.

هاوڕێ زندانییەکەی سالولی ژمارە نۆ ( کە یەکێک بوو لە خەباتکارانی گروپی ئامانجی خەڵک) زۆر بە زەحمەت لە دەرگای سالولەکەی هاتە دەرەوە. پاسەوانێک ویستی ژێر باڵی بگرێت، لێ ئەو، پاسەوانەکەی لادا. دیاربوو هاوڕێیان زۆر خراپ ئەشکەنجە دابوو، هەموو پشتیان سووتاندبوو، هەروەها پشتی دەستێکیانش سووتاندبوو. دەستی بە خواری لەسەر لەشی دەگرت و ژێر پێیەکانیشی زامدار بوو: زۆر بە زەحمەت دەیتوانی ڕێ بکات، لاقی بە عاردێدا بکێش دەکرد و بە غرور و سەرفرازی لە ڕادە بەدەری شۆڕشگێڕیکەوە، بە ڕوویەکی گەشەوە کە ئەوەی دەنواند هیچ باکێکی بە ئازاری بەدەنی نییە، بە شەلە شەل بەرەو تەوالێت دەڕۆیی. کە ئەو هەموو برین و شوێنەواری تاوانەم بە بەدەنی خەباتکارێکەوە بینی گێژ بووم.

هاوڕێ لە مەداری دیتنی من دوور کەوتەوە. گەڕامەوە و تا توانیم خۆم بە دەرگای سالولەکەمدا کێشا و کۆڵەمستم گوشی و کێشام بەدیوارەکەدا. ئازام گرژ بوو بوو، کینەیەکی سەیر لە دەروونمەوە بڵێسەی دەسەند، هەستم دەکرد سەرڕێژم لە ئارەزووی تۆڵە، داخ و قین ئەوکی گرتبووم و بێ ئەوەی لە دەسەڵاتی خۆمدا بێ، ڕۆندک بە چاوما هاتە خوارێ، ڕوندکی ڕق و کینە، بە توڕەیی و لەبن لێوانەوە گوتم: ئاخر بۆچی دەبێت ئەم بوونەوەرە چەپەڵانە، مۆڵەتی ئەم جۆرە تاوانانەیان هەبێت؟ کەواتە بۆیە هەواکێشەکە دەکەنەوە تا دەنگی بکێش کردنی پای هاوڕێ لەو هەرا و هەنگامەیەدا ون بێ! و سەرنجی زندانییەکان ڕانەکێشێت. زۆرمان لەم دیمەنانە دەبینی و هەر جارێ کە ئەم جەستە ئەشکەنجە دراو و سەربەرزانە و ئەم پێیە ماندوانە، بەڵام پایەدار و خۆ ڕاگرانەمان دەبینی، هێزی زیاترمان پەیدا دەکرد و ڕق و کینەمان پتر دەبوو.

هاوڕێ ئەسغەر عەرەب هەریسی، بە کینە و ڕقی بێ سنووریەوە لە دژمن، یەکێک بوو لەم خەباتکارە سەرسەختانە. هاوڕێ ئەسغەر کرێکارێکی گەنج و هوشیار بوو، کە بە زەبری مقاوەمەت وبەرخودانی ئەفسانەیی خۆی، نەک هەر دۆست بەڵکو دژمنیشی سەرسام کردبوو و هەموو کەسێک ڕێزیان دەگرت. من لەوێ یەکێک بووم لە بینەرانی ئەشکەنجەدانەکانی ئەو، لە بیرمە کە بە درێژایی ئەو ماوەیەی گرتبوویانە بن شەلاق، تەنانەت

هاواریشی نەدەکرد، جەزرەبەی شەلاق بەوپەڕی دڕندەیی بەسەر ئازایدا دادەباری و ئەو بێدەنگ و خامۆش بوو و لە بیرمە کە بەکرێگیراوان لە هەنبەر ئەودا چەند هەستیان بە بچوکی دەکرد و بەوپەڕی ناڕەحەتی دەیانگوت" دەڵێی لەو نادرێ، لە ڕەشکە کا دەدرێ!" پاشانیش بۆ یەک دەم، دەستبەرداری ڕەفتاری ڕەقی خۆی دژ بە دژمن، نە دەبوو و دژمن جگە لە زبری هیچی تری لەو نەدەبینی و وشەیەکی لێ نەدەبیست. ئەم ڕق و کینە بێ پایانە جیلوەیەک بوو لەو ڕقە چینایەتییەی کە عومرێکی تەواو لە دڵی خۆیدا پەروەردەی کردبوو. بەکرێگیراوان بەردەوام دەست و لاقیان بە تەختەکەوە بەستبوو و هەرکە لە تەختەکەیان دەکردەوە، بەوپەڕی ڕقەوە هەر بەکرێگیراوێکی لەبەردەمدا بوایە، جۆرە شاپێکی دەخێواندێ کە هەر خۆی بەڵەد بوو. لەبەر ئەمە تەنانەت کە بۆ تەوالێتیش دەبرا پێوەندیان لە پێ دەبەست ودوو پاسەوان لەملاو لاوە توند دەیانگرت و بەو شێوەیە بۆ تەوالێتیان دەبرد. لە ژوورەکانی سەرەوە، بۆ هەر زندانییەک یەک پاسەوان دانرابوو، بەڵام بۆ ئەو، لەبەر ڕەفتاری مەردانەی دوو پاسەوانیان دانا بوو. ئاوا بوو ڕەفتاری ئەم شێرە پیاوە، ئەم ڕۆڵە قارەمان و دلاوەرەی خەڵک، بەرانبەر بەکرێگیراوانی دژمن، کە هەر هەموویانی حایر وسەرسام کردبوو!

ڕۆژێک ژنەی چاودێر، کە هاوڕێ ئەسغەر بە کەسێکی دی دەزانێ، لێی پرسی بوو: " فلانی حاڵت چۆنە؟" و هاوڕێ کە هەرگیز ڕێگەی نەدەدا هیچ بە کرێگیراوێک بە میهرەبانی قسەی دەگەڵدا بکا، بە توندی هاواری بەسەردا کردبوو:" تۆ هەقت چییە هەی خاینی خۆفرۆش!"

ئیدی هەموو بەکرێگیراوەکان، بەوەیان زانی بوو کە ڕق و کینەی دنیای لە خۆیان و لە ئاغا ستەمکار و تالانچیەکانیانە، بۆیە کەسیان زاتیان نەدەکرد بێن بەلایدا. جارێک ( فەهیمی) نۆکەری ساواک پێی گوتبوو:" بابە بۆچی ئەوەندە ڕووی خۆت گرژ و مۆن دەکەیت، خۆ لێرە کەس حەقی بەسەر تۆوە نییە - ئەم ماوەیە ماوەی دوای ئەشکەنجە بوو- کەمێک هێور بەوە، ئەم هەموو ڕەقی وزبرییە چ مانایەکی هەیە؟" هاوڕێ عەرەب بە لەهجە قورسە تورکیەکەی خۆی بە توڕەیی گوتبووی:" من ئاوهام، ڕوخسارم لە ئیجادی وایە!" وەختێ فەهیمی زیاتر لەسەری ڕۆیی بوو، هاوڕێ عەرەب برۆکانی وێک هێنابوونەوە و دەملاسکێیەکی ئەوی کردبوو و بە توڕەیی گوتبووی:" تەمەشا، واهی باشە؟" فەهیمی کە خۆی لە هەنبەر تەوسەکانی ئەودا دەستەپاچە بینی بوو، هیچی تری نەگوتبوو و وازی لێ هێنابوو.

هاوڕێ باوەڕی وا بوو:" دژمن بچووک و گەورەی نییە، هەموویان دژمنن، پرولیتارێکی خەباتکار، دەگەڵ دژمنانی چینایەتی خۆی ونۆکەرەکانیان، تەنیا بە زمانی گوللە دەدوێ."

بە تاقیکردنەوە بۆم دەرکەوتبوو کە بۆ بابایەکی خەباتکار هیچ دەرد و ئازارێک لەوە قورستر نییە کە لە بەرانبەر دژمندا هەست بە بەزین و تەسلیم بوون بکات. بۆیە هەمیشە خەفەتم بە دیتنی هەندێک لاوازی زندانییەکان دەخوارد. بۆ نموونە ڕۆژێک زندانی سالولی ژمارە چوار، بە بەردەوامی لەدەرگەی دەدا و بە پاسەوانەکەی دەگوت: " پێیان بڵێ جگەرەم بدەنێ" لە ژوورەکانی دیکەشەوە هەمان دەنگ دەهات. عەریف

خەفەر هات و بە تەشەرەوە گوتی:" چما ئێرە ئوتێل بەلاشە – کە ئەمە قسەی بەردەوامیان بوو– نەخێر جگەرە نییە" لە سالولەکەی خۆمدا پیاسەم دەکرد. ئەم مەسەلەیەم لەبەر گران بوو ( کامیلو)م بیرکەوتەوە، کامیلو یەکێک بوو لە هاورێ پارتیزانەکانی کوبا کە لە لێرواردا بۆ ئەزموون و تاقیکردنەوەی هەر تازە پارتیزانێک، خواردنێکی دەدایە کە لە گۆشتی پشیلە دروستکرابوو. و ئەوانیش بێ هیچ زۆر لە خۆکردنێک دەیانخوارد تا ئەوە نیشان بدەن کە ئامادەن هەموو کێشەکانی رێگا تەحەموول بکەن، هەڵبەتە ئەمە یەکێک بوو لەو تاقیکردنەوانەی بەکاریان دەبرد. لە دڵی خۆدا گوتم باشە بۆ دەبێت هەندێک لە زندانییەکان نەتوانن تەحەموولی جگەرە نەکێشان بکەن و بەم چەشنە منەتی دژمن هەڵگرن؟ هەڵبەتە دەمزانی هەموو زندانییەکان چریک نین و زۆربەیان تەنیا دۆستانی شۆڕشگێڕ بوون کە بە تاوانی خوێندنەوەی کتێبێک یا گرتنی ناملکەیەک پێیان، هاتبوونە گرتن.

فەرهەنگ ئەم هەلانەی دەقۆستەوە، دەهات و جگەرەی بۆ زندانیان پێدەکرد و بەمجۆرە و لەم رێگایەوە دەیویست ناچاریان بکات کە سوپاسی بکەن. کە دیمەنەکەم دێنایە بەرچاوی خۆم، قێزم دەهاتەوە. ئاخر بۆچی بەمجۆرە غرور و کیبریای خۆیان لەبەردەم دژمندا دەشکێنن؟!

لێبڕام ئەوەندەی بتوانم بەرهەڵستی ئەم کارە بکەم، بەڵام چۆن؟ کتوپڕ بیرێکم بە مێشکدا هات کە هەموو رۆژێ بەم بیانووەی کە لە دەرەوە جگەرەکێش بووم، جگەرەیەک لە فەرهەنگ وەرگرم و بە هەر شێوەیەک بووە بیدەم بە دۆستانی زندانی، لە سبەینێوە ئەم کارەم کرد.

*زندانەوان*

## *خەڵکە یا دژمنی خەڵک*

ڕۆژێک لەو ڕۆژانە، هەمدیس داد و بێدادی ژنەکە بەرز بووەوە. لە جێی خۆم هەستام و لە کونی دەرگاکەوە ڕوانیمە دەرێ. ژنەکە لەبەر سالولەکەی هاوڕێ حەبیب فرزاد وەستابوو. زۆر ناڕەحەت و تووڕە دەهاتە بەرچاو، بە گلەییەوە بە عەریف خەفەرەکەی، کە ڕیابازانە قسەی دەگەڵ دەکرد، گوت:" ئەمانە چ بوونەوەرانێکی سەیرن، چەند ڕوو قایمن، ئەم کوڕە بە من دەڵێت کە تۆ خەڵک نیت! لەلایەکەوە بەخۆی دەڵێت هەر کەسێک زەحمەت بکێشێت خەڵکە، کاتێ دەڵێم منیش لە بەیانییەوە تا ئێوارێ لێرە زەحمەت دەکێشم، کەواتە منیش خەڵکم. دەڵێت تۆ خەڵک نیت!"

گوێم لە هاوڕێ حەبیب بوو لە وەڵامی ئەودا گوتی: " بەڵێ تۆ خەڵک نیت، دژمنی خەڵکیت، تەنیا زەحمەتکێشان نیشانە و بەڵگەی ئەوە نییە کە تۆ بەشێکی لە خەڵک، گرینگ ئەمەیە لە ڕای چی و بۆچی زەحمەت بکێشیت. تۆ بە ئارەزووی خۆت، خۆت خستووەتە خزمەتی دژمنەوە و لە پێناوی پێشڤەبردنی ئامانجە زۆردارانەکانی ئەودا زەحمەت دەکێشیت. تۆ لەبەرەیەکدا گیرساویتەوە کە ڕوو بە ڕووی خەڵک وەستاویتەوە، نەک لەگەڵ خەڵکدا. تۆ ناتوانی ببی بە خەڵک، تۆ دژمنی خەڵکی!"

مشت و مڕەکەیان لەسەر ئەمە بوو کە ژنەکە پێشتر گەنگەشەی لەگەڵ هاوڕێ حەبیب دا کردبوو لێی پرسی بوو کە: " ئێوە مەبەستتان لە خەڵک کێیە کە بەم هەموو ڕێز و خۆشەویستییەوە باسی دەکەن، خەڵک کێیە؟.."

هاوڕێ گوتبووی: " هەموو زەحمەتکێشێک خەڵکە". ژنەکە کە پێشتر دیتبووی هاوڕێیان چۆن بە ئەشقەوە باسی خەڵک دەکەن و دەڵێن لە ڕای شادمانی و ڕزگاری خەڵک لە ڕۆژ ڕەشی و چەوساندنەوەیە کە ئەم هەموو ئەشکەنجە و ناڕەحەتیانە تەحەمول دەکەن و لە ڕای شادمانی ئەواندا دەخەبتن، حەزی دەکرد ئەویش بە یەکێک لە خەڵک بژمێردرێ و ببێتە مایەی ڕێز و حورمەتی ئەم دلێرانە کە تا مردن ئەمەکداری ئامانجەکانی خەڵکن. هەڵبەتە ئەمە ئەوپەڕی خۆپەرستی و گەوجاتی ژنەکە بوو کە چاوەڕوانی شتی وابوو لە هاوڕێیان. بۆیە سوور بوو لەسەر ئەوەی مادامێکی ئەویش لە بەیانییەوە تا ئێوارە لەم دایەرەیەدا خزمەت دەکات کەواتە ئەویش خەڵکە!.

عەسری هەمان ڕۆژ دەنگی لێدانی (ڤینسەرموس) لە سالولەکەی هاوڕێ حەبیبەوە بەرز بووەوە، گورچیلەکانی خراپ بوو بوو دەبوایە هەر سەعاتێک جارێ بۆ سەر ئاو ببرێ. بەردەوام لە دەرگای سالولەکەی دەدا، ئیدی چوونە تەوالێت بۆ خۆی کێشەیەک بوو. خواردنی خراپ، نیگەرانی زادەی بارودۆخەکە و هەل ومەرجێن ئەشکەنجە، بیستنی دەنگی جەزرەبەی شەلاق و هاواری خەباتکاران لە ژێر ئەشکەنجەدا، هەموو ئەمانە دەبوونە مایەی ناڕەحەتی و ئازاری گەدە و ڕیخۆڵەی هاوڕێ زندانیەکان. بۆیە درەنگ بردنیان بۆ سەر ئاو دەبووە مایەی

ناڕەحەتی زیاتر، ڕێگەیان بە هاوڕێ حەبیب فرزاد دابوو بەهۆی نەخۆشی گورچیلەکانیەوە بەبێ نۆرەش بۆ تەوالێت بڕوات. بەڵام هەر جارێ لە دەرگای دەدا بەکرێگیراوان بە قاقای پێکەنین و تەشەرەوە بە دەنگییەوە دەچوون.

بەهەرحاڵ دەرگایان کردەوە، هاوڕێ لە کاتێکا کۆتەکەی بە شانیا دابوو، هاتە دەرەوە. دەنگی مست و شاپان بەرز بووەوە، پاسەوانەکە جنێوی دەدا کە بۆچی چاکەتەکەت خوار داوە بە شانتا و بۆچی پێت زۆر بە عاردیدا دەخشێنی... دەنگە دەنگێکی زۆر بوو، قسەکان بەباشی نابیستران، بەڵام بە مەزەندە دەزانرا چی ڕوویداوە. توومەزە ژنەکە عەریفەکەی ڕاسپاردبوو کە بە هەر بیانوویەک بووە حەبیب لەجیاتی بەیانی ئەزیەت بدات و ئەویش بیانوویەک دەدۆزێتەوە و لە حەبیب دەدات.

سەعاتێ بووری کاتی شێو خواردن بوو. دیسان دەنگە دەنگ لە ژوورەکەی هاوڕێ حەبیبەوە بەرز بووەوە، پاسەوانەکە ڕایگەیاند کە حەبیب نان ناخوات و دەیەوێت مان بگرێت. گوێم لە دەنگی ژنەکە بوو کە دەیگوت: "تۆ مەجبووری نان بخۆیت، مەحاڵە بێڵم تۆ مان بگریت، زندانی دەبێ گوێڕایەڵ بێ، زندانی ئەو مافەی نییە بە ئارەزووی خۆی ڕەفتار بکات" ، دەنگی ناڕەزایی و تووڕەیی هاوڕێ حەبیبم دەژنەوت، لێ سالولەکەی ئەو لە سالولەکەی منەوە دوور بوو و قسەکانیم بۆ جیا نەدەکرایەوە . بۆ ساتێک بێدەنگی بەرقەرار بوو، ئەمینی موحەقیقەکەی هاوڕێ هات. هەموویانی لادایە لاوە و چووە ژوورەکەوە، گوێم لێ بوو هاوڕێ حەبیب بە ناڕەزاییەوە قسەی دەکرد. دوای ماوەیەک گوێم لە ئەمینی بوو کە بە پاسەوانەکانی دەگوت هەقتان بەسەر ئەوەوە نەبێ و دەیگوت ئاخر بۆچی موناقەشەی لەگەڵ دەکەن؟

## *ڕۆژانی دیکەی ناو سالول*

لە ژوورەوە بیرم لەوە دەکردەوە کە کاتەکانم بە بێکاری نەبەمە سەر. هەڵبەتە نابێت سەرقاڵی و مەشغەڵەتی خەباتگێڕ لە ئامانجەکانی ڕابردوو دوور بێت. لە سالولەکەدا من بۆ خۆم بەرنامەیەکم دانابوو، ئەوانی دیکەش ئەم جۆرە بەرنامانەیان هەبوو : وەرزش، شیعر خوێندنەوە، قسە کردن لەگەڵ هاوڕێیانی نێو سالولەکانی تەنیشتەوە بەهۆی لێدانی دیوارەکانەوە. دروستکردنی هەڵمات لە قەراغە کولێرە و هەویر و نیشان نانەوە لەسەر دیوارەکان، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا جۆرە ڕاهێنان و مەشقێکی تیرەندازی بوو، ئەمەش کاتێک دەشیا بکرێت کە دەنگی هەواکێشەکە بەرز بوایە و دەنگی بە دیوار کەوتنی هەڵمات و کەلا هەویرەکان نەگەیی بایە گوێی پاسەوانەکان. ئەگەر هەواکێشەکە بێدەنگ بوایە لە سەر ئەرزەکە هەڵماتێنم دەکرد کە ئەمەش جۆرە نیشان نانەوەیەک بوو. جگە لەمانە بیرکردنەوە لە بابەتێکی دیاریکراو، نیگارکێشان لەسەر هەویر یا دورستکردنی پەیکەران بە هەویر، یان گەڕان لە شیعرێکی سەر دیوارەکان یان شیعر نووسین لەسەر دیوارەکان...

هەوای ناو ژوورەکان زۆر ناخۆش و شێدار بوو، ژنە چاودێرەکە وەکو خووی هەمیشەیی لێرەش خۆی بە سەرۆک و بەرپرسی ژێرزەمینەکە دەزانی. بۆ خۆنواندن لەبەردەم زندانیەکان و هاوکارەکانی خۆیشی، فەرمانی دابوو ڕۆژی یەک سەعات دەرگای سالولەکان بکەنەوە. دەیویست زندانیەکان لە پاڵ ئەوەدا کە بە خاوەن دەسەڵاتی بزانن و حیسابی بۆ بکەن، خۆشیشیان بوێ. بە هەرحاڵ دەرگای نیوە کراوە هەلێکی باشی بۆ قسەکردن ڕەخساندبوو.

❊❊❊

ژێرزەمینەکە نیمچە تاریک بوو و چاوانی منیش کەم حوکم، جگە لە سالولەکەی بەرانبەرم ئەویش بە زەحمەت، هیچ شوێنێکی دیکەم نەدەبینی. ژوورەکەی بەرانبەرم زندانیەکی ناسیاسی تێدابوو کە خوا خوای بوو سەعاتێ زووتر ئازاد ببێت، بۆیە هەوڵی دەدا هیچ جۆرە سەرپێچی و خەتایەک نەکات. لە بنەبانی سالولەکەی دانیشتبوو و نەدەهاتە بەر دەرگاکە. هاوڕێیانی دی هەریەکە و لەنێو دەرگای سالولەکەی خۆی دەوەستا و پێکەوە قسەیان دەکرد. پاسەوانەکان گوتبوویان هێواش قسە بکەن با فەرهەنگ گوێی لێتان نەبێ. هەندێ لە هاوڕێیان کە ژوورەکانیان دوور بوو بۆ ئەوەی دەنگیان نەبیسترێ قسەکانیان وشە بە وشە لەسەر دەرگاکان بۆ یەکتر وێنە دەکێشا. لەم ڕۆژانەدا بوو کە هاوڕێ ڕوقیە بەسەرهاتی ئەشکەنجە و بازجۆیی خۆی بۆ گێڕاینەوە.

بەکرێگیراوانی شارەبانی هاوڕێ ڕوقیەیان لە ماڵی براکەیدا دەستگیر کردبوو و دوای هەڕەشە و گوڕەشەیەکی زۆر خستبوویانە ژێر ئەشکەنجە، شەلاق کاری، نینۆک لە مەنگەنەدان، بە پلایس گازدان لە لەشی، ئازاردانی چاو بە بلاجکتۆر و سووتاندنی ئەنگوستی پای، لە جوملەی ئەو ئەشکەنجانە بوون کە بەکرێگیراوانی دڕندە و هۆڤی دەرهەق بە هاوڕێ ڕوقیە بەکاریان بردبوو.

وێڕای ئەمانەش ئەم تاوانبارانە، ئەم خۆفرۆشە سووک و چرووکانە بەدرێژایی ماوەی ئەشکەنجەکە هاوڕێ ڕوقیە ڕووت و قووت دەکەنەوە و دۆنکی کارەبایی لە سەراپای بەدەنی دەدەن و کۆمەڵێک پاسەوان لەبەر دەرگای ئەشکەنجەخانەکەدا کۆدەبنەوە و ناو بەناو دەرگای ژوورەکە دەکەنەوە و بەو حاڵەوە تەماشای هاوڕێ ڕوقیە دەکەن و بەمجۆرە ئەشکەنجەی بەدەنی و ئەشکەنجەی دەروونییان یەکانگیر کردبوو. هاوڕێ ڕوقیە هەردوو ئەشکەنجە بەدەنی و سایکولوژییەکەی سەربەرزانە بڕی بوو. ( لە پارچە شیعری "سەرکەوتن"دا کە شیعری هاوڕێ ڕوقیە خۆیەتی، ئەو کەسەی کە لەژێر ئەشکەنجەدا سەرسەختانە مقاوەمەت دەکات، وێنەیەکی خودی خۆیەتی* ) ( * . ئەم پارچە شیعرە لە کۆتایی ئەم فەسڵەدا تۆمار کراوە . ) بێ شەرمی و سووکی و چرووکی و هەرزەیی دژمن و مامورەکانی سنووری نییە. بەکرێگیراوانی چەپەڵی شارەبانی لە کاتی گرتنی هاوڕێ شەهێن تەوەکولیش دا هەمان بێ شەرمییان نواندبوو. ئەوانە لە مەودای نێوان ماڵەوە و دەزگای زانیاری شارەبانیدا لە کاتێکا دەست و پێ و دەمی هاوڕێیان بەستبوو و بە خۆیان مەست بوون و بوتڵە ئارەقیان بەدەستەوە دەبێ* (*. بەکرێگیراوانی دژمن بۆ ئەوەی جورئەتی ڕوو بە ڕووبوونەوەی چریکانیان هەبێت، پێش وەختە ئارەقیان دەخواردەوە ) هەر لە ناو ئوتومبیلەکەدا کاری یەجگار نامەردانە و نەنگین و زۆر ناشایستەیان لەگەڵ هاوڕێ شەهێن دا کردبوو. بەهەرحاڵ دژمن دوای نائومێد بوون لەم ئەشکەنجەیە دەست بە فریودانی هاوڕێ ڕوقیە دەکات.

سیناریوکە بەمجۆرە بوو: هاوڕێ دوای ئەم ئەشکەنجە دڕندانە فڕێ دەدەنە ژوورێکەوە و پاسەوانێکی بەدیارەوە دادەنەن کە لە ڕاستیدا ماموری تەحقیق دەبێ و جلی پاسەوانی لەبەردا دەبێت. کابرا دەست بە قسان دەکات و وا خۆی دەنوێنێ کە زۆر نیگەران و ناڕەحەتە بەم هەموو ئەشکەنجەیەی دەرهەق بە هاوڕێ ئەنجام دراوە و دەست بە گلەیی دەکات و گوایە لە وەزعی خۆی ناڕازییە کە ناتوانێ بەم مووچە کەمەوە ژن و منداڵەکانی تێر بکات. جنێو بە ئەشکەنجەچییەکان دەدات، زۆر ڕەفتاری فریوکارانەی دیکەش دەنوێنێ بۆ نموونە کە دەنگی پێیەک دەژنەوێ یەکسەر لە هاوڕێ دوور دەکەوێتەوە یان دەنگی خۆی نزم دەکات و بە چپە قسە دەکات. بەو جۆرە دەچێتە بن کلێشەی هاوڕێ ڕوقیە و متمانەی هاوڕێ بەدەست دێنێت، ئەو خاینی ڕێوی سیفەتە ئەشکەنجەکانی هاوڕێ ڕوقیە وەیاد دێنێتەوە و بە درۆوە دوو دڵۆپ فرمێسک دەرێژێ و هێندەی دی متمانەی هاوڕێ ڕوقیە بەدەست دێنێ. هاوڕێ ڕوقیە بەوپەڕی سادەییەوە وا وێنا دەکات کە هەر هاوڕێیەک لەژێر ئەشکەنجەدا یان دەمرێت، یان ئیعتراف دەکات و دەبێت بە خاین. بۆیە کاتێ هاوڕێیانی باش و باوەڕپێکراو بە زندوویی دەبینێ سەری سووڕ دەمێنێ و هەنگێ باوەڕ بە وڕێنەکانی بەکرێگیراوان دێنێ کە گوایە بە ئامێرێکی تایبەتی بیری زندانیان لە مێشکیان دەردێنن و تۆماری دەکەن. پێشتریش یەکێک لە مامۆستایەکانی زانکۆیەکەی باسی ئەم جۆرە ئامێر و دەزگایەی بۆ کردبوو. ئیدی هیچ گومانێکی لەلا نامێنێ کە بەکرێگیراوان ڕاست دەکەن. هاوڕێ ڕوقیە کە لە ژێر ئەشکەنجەدا ئەدرەسی بنکە نهێنییەکەی نەدرکاندبوو، لە دڵی خۆیدا بیر لەوە دەکاتەوە کە بەهۆی ئەم پاسەوانە میهرەبانەوە هەواڵ بۆ هاوڕێکانی بنێرێت کە بنکەکە چۆڵ بکەن تا ئەوان نەتوانن سوود

له ئامێره جادووییەکەی خۆیان وەربگرن و بگەنە ئامانجی خۆیان، بەدەم ئەم جۆرە هزرینەوە ئەدرەسەکە دەدات بە یارۆی پاسەوان. پاسەوانەکە بە کەمێک سەرگرانییەوە قەبوڵ دەکات کە پەیامی ئەو بگەیەنێت! بەڵام خۆشبەختانە هاوڕێیان تا ئەو کاتە بنکەکەیان چۆڵ کردبوو و فێڵەکەی دژمن سەر ناگرێت.

هاوڕێ ڕوقیە بە نیگەرانییەوە لە ئێمەی دەپرسی:" بە بۆچوونی ئێوە ئەمە خیانەتە؟" ئێمەش دەمانگوت نا، ئەمە تەنیا سادەییە لە هەنبەر دژمن و بەکارنەهێنانی هوشیاری شۆڕشگێڕانەیە. بەڵام لەم مەسەلەیە یەجگار نیگەران و ناڕەحەت بوو.

***

کەمتر بیر لە کاری دروست و پراکتیکی دەکرایەوە. هاوڕێ محەمەد تەقی زادە فێری دەکردین بە سەرە خڕەکەی ئەو دەبووسانەی کە هەندێجار لە گسکەکە دەکەوت قفڵی کەلەپچەکانی دەستمان بکەینەوە. هەڵاتن زیاتر لایەنی ئارەزووی هەبوو تا لایەنی کردەکی. هەندێ قسان دەهاتنە پێشەوە کە بیر لێکردنەوەشیان دروست نەبوو. بۆ نموونە کە لەگینە بۆمبێک بەم بینایەدا بدرێ و پاسەوانەکان بپەشۆکێن و شپرزە ببن و ئێمەش ئەم هەلە بقۆزینەوە و هەڵێین. من وەکو تیۆری ئەم جۆرە بیرەم ڕەت دەکردەوە. دەمگوت لەم جۆرە بیرکردنەوەیەدا فاکتەری بێرونی زاڵترە تا لە فاکتەری دەروونی و ئەمە زیاتر بایەخدانە بە فاکتەری دەرەوە، ئێمە دەبێ بێ ئەوەی چاومان لە فاکتەری دەرەکی بێ، پشت بە فاکتەری دەروونی خۆمان نەخشە دابنەین، بەڵام بە کردەوە هیچ هەوڵێکم لەم ڕووەوە نەدەدا و لە ڕاستیدا هیچ گیان و ورەیەکی چریکانەم تیا نەبوو. هەرچەندە قسەکەی هاوڕێ ماریگلام (٦) قەبووڵ بوو و هەمیشە لەبیرم بوو کە بەو ڕێکخراوانەی کە نکۆڵییان لە کاری سوپایی دەکرد، دەگوت:" ئێوە دەتوانن خەڵکانێک پەروەردە بکەن کە ساڵەهای ساڵ لە زنداندا بمێننەوە و ڕاستگۆیانە ژیانی ناو زندان تەحەموول بکەن، بەڵام هەرگیز ناتوانن کەسێک پەروەردە بکەن کە بە نەخشەیەکی وردەوە لە زندان هەڵبێت." وەکو تیۆری دەمزانی ئەرکی چریکێک لە زنداندا ئەمەیە کە هەمیشە لە بیری هەڵاتندا بێ و بیر لە ڕێکارە عەمەلییەکانی ئەم کارە بکاتەوە. بەڵام کە لەم بارەیەوە هیچ کارێکم نەدەکرد لەبەر ئەوە بوو کە بۆ پشتیوانێک دەگەڕام.

بیرمە ڕۆژێک ژنەکە بۆ سالولەکەی هاوڕێ شەهێنی بردبووم ( دوو سێ کەڕەت ئەم کارەی لەگەڵ هەردووکماندا کرد) پارچە نانێکم بە دەستەوە بوو بێ ئەوەی ئاگام لێ بێ هەر جارەی تۆزێکم لێ دەکردەوە و دەمخوارد، هاوڕێ شەهێن بە شۆخییەکەوە گوتی:" هاوڕێ چۆن چۆنی نان دەخۆیت، ناشێت زەمینی زندانەکەش وردە وردە هەڵکۆڵیت و هەڵێی!" گوتم: جارێ نا، ئەمە هەر دەبێ بکرێت، بەڵام لێرە نا، لە زندانی گشتی! ژنەکە گوتی:" بەخۆڕایی بیر لەم شتانە مەکەنەوە، مەحاڵە هیچ کەسێک بتوانێ بە ناو ئەم هەموو پۆلیس و پاسەوانانەدا هەڵبێت." مەسەلەکە بۆ من بەم جۆرە بوو. بێ ئەوەی خۆم هەوڵی ئەوە بدەم هەلێک بڕەخسێنم لە هەلێکی ئامادە دەگەڕام. لە کاتێکا هەر چریکێک بگری، لە هەر هەل و مەرجێکدا دەبێ هەوڵ بدات سوود لە هەر ئیمکان

و ئەگەرێک وەربگرێت و ڕێگەیەک بۆ هەڵاتن بدۆزێتەوە. شارەزای ئەم شوێنە نەبووم، نەمدەزانی پاسەوانەکان لە کوێن و چەند کەسن؟ کەی نۆرە ئێشکیان دەگۆڕێت؟ و...

بە هەر حاڵ ڕۆژان بەمجۆرە دەبوورین، گومان لەمە نییە کە لە شوێنێکی تەسک و تەنگ و داخراو و سنووورداردا، بیر و بیرکردنەوەش تەسک و سنووودار دەبێت. ژیان بۆ ئێمە لەم ژینگەیەدا، هەر ئەوەندەی بڕ دەکرد کە شیعر بخوێنینەوە، پەیکەر دروست بکەین و بیر لەوە بکەینەوە کە چۆن فەرهەنگ دەستخەڕۆ بکەین . جار جارێک ئەگەر دەرفەتمان بۆ لوابا باسی ڕێبازی خۆمان بۆ هاوڕێ نا تەنزیمیەکان بکەین. لە حاڵێکدا کە لەو هاوینەدا، مێژوویەک لە حاڵی دروست بووندا بوو. بوویەر و ڕووداوێن جۆراوجۆر ڕوویان دەدا، کە بیرکردنەوەی هەر هاوڕێیەکی دەرەوەی مژوول دەکرد و هەر کەسە و لە دووی چارەسەرێک بوو، بۆ ڕوو بە ڕوو بوونەوەی ڕووداوێن ناخۆش و هەوڵی بێوچانی بۆ پێشڤەبردنی بزووتنەوەکە دەدا . ئێمە لە هەموو شتێک بێ خەبەر بووین، هەندێجار ژنەکان هەندێ هەواڵی دەرەوەیان دێنا و مەبەستیان ئەمە بوو کە ئەم هەواڵانە کاری نەرێنی لە ورەمان بکەن، بۆ نموونە هەواڵی ئیعدامی هاوڕێیانی ئامانجی خەڵک، ژنەکە بۆی هێنابن.

***

سەرەتاکانی پایزی ساڵی ١٣٥٠ بوو، چەند ڕۆژێک بوو ژنەکە بەیانی و عەسر دەگەڵ چەند گروپێکدا دەچووە دەرێ و تا چەند سەعاتێک  لە ژێر زەمینەکەدا پەیدا نەدەبوو . دوایی بۆمان دەرکەوت کە ئەم ڕۆیشتن و دیارنەمانەی ئەو پەیوەندی بە دەست نیشانکردنی ماڵی هاوڕێ قوبادی(٧) یەوە هەبووە بۆ دژمن. چونکە هەر دوای تەواو بوونی ڕویشتنەکانی ئەو، خۆی هەواڵی پێکدادانەکانی ماڵی قوبادی داینێ . بەو پەڕی  شانازی و خۆشحاڵییەوە دەیگوت:"  بەهۆی تیرەندازی ئێمەوە خانووەکە وێران بوو، سێ چریک کە لەو بنکەیەدا ئاکنجی بوون کوژران !"

ژنەکە هیچی دەربارەی بەرگری و شەڕی قارەمانانەی هاوڕێیان نەدەگوت، بەڵام ئێمە دەمانزانی ئەگەر لە شەڕێکدا سێ چریک بکوژرێ، ئاشکرایە کە دەبێ چ داستانێک تۆمار کرابێ و بەرپا بووبێ . ئەو وای خەیاڵ دەکرد ئەمجۆرە خەبەر و هەواڵانە ئێمە نائومێد و پەرێشان دەکات. غافڵ بوو لەوەی کە ئەم مەسەلەیە خۆی لە خۆیدا نیشانەی گەشی و بەردەوامی خەباتی پڕ جۆش و خرۆشی مەیە دژی بێدادی و ئەم شەهید بوون، خەباتێن دلاوەرانەیە زیاتر سورمانی دەکرد لەسەر ئەوەی کە لە زنداندا درێژە بە خەباتی بێ ئامان و ئاشتی ناپەزێری خۆ بدەین.

***

ناوەڕاستی پایز بوو، هەوای سالولەکان زۆر سارد بوو بوو. شەوان لەژێر پەتۆکەدا گرمۆڵە دەبووم و لە سەرما خەوم پێدا نەدەکەوت. هەستم دەکرد شانەکانی سەرم لە سەرما دەیبەست. چاکەتەکەی زندانم وەکو سەرپۆش دەدا بەسەرما و قۆڵەکانیم لە پێشەوە گرێ دەدا، دیمەنێکی کۆمیدیم پەیدا دەکرد، بەڵام کەمێک گەرمم دەبۆوە.

بەهەر حاڵ هاوڕێیان لەوێدا هەریەکە و کێشە و گرفتی خۆی هەبوو. بۆ نموونە لە مەسەلەی خواردندا، هەندێکیان بەهۆی نەخۆشی گەدە یا ڕیخۆڵەوە، نەیاندەتوانی خۆراکی خراپی زندان بخۆن و زۆربەی کات تەنیا نانی وشکیان دەخوارد.

❊❊❊

زندانیانی تازەیان هێنا بوو و من لە هەلێک دەگەڕام کە قسەیان لەگەڵدا بکەم. دەرگای یەکێک لە سالولەکان کەمێک کرابۆوە . دەمم نا بەکونی دەگاکەوە و لە هاوڕێکەم پرسی: هەواڵی تازە چیە؟

بە خۆشحاڵیەوە گوتی: " چریکەکان هەلیکۆپتەرەکەی فەریدیان خستووەتە خوارەوە و فەرید کوژراوە" بە شادییەکی بێ ئەندازەوە ویستم قسەکانی دووبارە بکاتەوە. ئەویش دووبارەی کردەوە. لە کەیفان سورێکم بەناو سالولەکەدا خوارد و دووبارە هاتمەوە بەرکونی دەرگاکە و پرسیم: چی دیکە؟ هاوڕێ گوتی:"هیچت دەربارەی میهرنوش بیستووە؟ یەکێک بوو لە کیژەکانی چریکانی فیدایی خەڵک، لە شەڕ و پێکدادانێکدا شەهید بوو. بەڵام هێندە دلێرانە شەڕی بەکرێگیراوانی کردووە کە حاڵی حازر ئەو شەڕەی ئەو بووە بە داستانی سەرزاران و لە هەموو شوێنێک دەنگی داوەتەوە.. ئەمە جگە لەوەی کە توانیویەتی بە کرێگیراوان بە ڕادەیەک سەرقاڵ بکات کە یەکێک لە هاوڕێکانی دەرباز بووە (٨)..." بەم هەواڵە زۆر خۆشحاڵ بووم. کچە چریکەکەم دێنایە پێش چاوی خۆم کە چۆن قارەمانانە، بە تاقی تەنیا ڕوو بەڕووی ئاپۆڕای بەکرێگیراوان بووەتەوە و بێباکانە شەڕی وانی کردووە. ئاخر پشتیوانەی ئازایەتی ئەو، ئەشق بە خەڵک و باوەڕ بە دروستی و ڕەوایی و سەرکەوتنی ئامانج و ڕێبازەکەی بووە. لە دڵی خۆمدا هەستم بە خۆشەویستییەکی بێ پایان بەرانبەر بەم چریکە فیدایی و دلێرە دەکرد ، لە دڵی خۆدا سوێندم بە خوێنی ئەو خوارد، کە هەمیشە بە خەباتگێڕی و خۆڕاگری بمێنمەوە.

❊❊❊

دوا نیوەڕۆ بوو، ژنەکان لە بەرانبەر سالولەکەی من وەستابوون و خەریک بوو،لاسایی سەرهەنگ ئەمیر ئەسلانی سەرۆکی دایەرەی دووی زانیارییان دەکردەوە.. وایان دەنواند کە ئەو گەرەکییە بچێتە سالولێکەوە کە چریکێکی زندانی تێدایە. هەوەڵجار زۆر بە پارێزەوە لە دەرەوە نیونیگایەکی ناو سالولەکە دەکات و بلەز دەکشێتەوە. تۆزێک دەوەستێ، غیرەتێک بە خۆی دەدا کە بچێتە ژوورەوە بەڵام دیسان ناتوانێ. هەمان جوڵەی پێشوو دووبارە دەکاتەوە و هەمدیس بە نیگەرانی و بۆ دڵنیایی لەو ئەفسەرەی کە لەتەنیشتییەوە وەستاوە دەپرسێت:

"دەست  ولاقی بەستراون؟" ئەفسەرەکە دڵنیای دەکات و ئەو هەمدیس هەوڵدەدات کاتێ کە دەچێتە ژوورەوە، لە ئەفسەرەکانی دیکەی دەورو بەری جیا نەبێتەوە و بەو حاڵەوە دەچێتە ژوورەوە.

نازانم ئەو ئەم ڕەفتارەی لە کاتی چوونە ژوورەوەی، سالولی کام خەباتکاری دلێر ئەنجام دابوو، کە ئێستا خودی بەکرێگیراوان لاساییان دەکردەوە. ژنەکان حیلکە حیلک پێدەکەنین. منیش بە گەوجێتی ئەوان پێدەکەنیم کە لەبەردەم مندا لاسایی سەرۆکەکەی خۆیان دەکردەوە و هەروەها پێکەنینم بە ترسنۆکی ئەو سەرۆکە دەهات. لە دڵی خۆدا دەمگوت:"تەمەشا هاوڕێیانی قارەمان بە چ ڕەشیدی و بێباکییەکەوە بە گژ ئەم بەکرێگیراوانەدا دەچن. بزانە چ ترسێک دەخەنە دڵی ئەمانەوە کە ئەم سەرۆکی بەکرێگیراوانە بەم ڕادەیە دەترسێت و تەنانەت لە چوونە ژوورەوە بۆ لای زندانییەکی دەست و لاق بەستراویش دەترسێت.

***

هاوڕێ روقیە دەگەڵ  ژنەکەدا بەشەڕ هاتبوو، کەلەپچە و پێوەندیان لە دەست و لاقی بەستبوو. هاوڕێ " نابدل" یانش لە ژوورەکانی بەشەکەی دیکەی دایەرەکەوە بۆ ژێرزەمینەکە هێنا. ماموران زۆر تووڕە دەهاتنە بەرچاو. دەستی ئەویشیان بە تەختەکەوە بەست. لە زندانەکەی پێشوودا، لە سەرۆکی زندانی دابوو و هەراو هەنگامەی نابۆوە. زندانییەکانی دیکە بە لەقە کێشابوویان بە دەرگای سالولەکاندا و هورایان کێشا بوو و زندانیانی تورکیش بە هاواری بەرز گوتبوویان:" یاشا ئوختای یاشا* " ( * . ئوختای، ناوی خوازراوی هاوڕێ نابدل بوو و بەم ناوەوە شیعری دەنووسی، مانای درووشمەکەش دەکاتە: بژی ئوختای .) کە نیوەڕۆ هات دەستی هاوڕی نابدلیان کردەوە، دەرگای سالولەکانمان کرابۆوە. لە ناو دەگاکەدا وەستام و چاوم بڕییە ژورەکەی ئەو. هاوڕێ هاتە بەردەرگا، چاوی هەردووکمان نزیکبین بوون و نەماندەتوانی بە بزواندنی لێوەکانم قسە پێکەوە بکەین. دەستیم بینی کە بەرزی کردەوە و کۆڵەمستی گوشی و گوێم لە هەندێ وشەێن بە ئاواز بوو کە دەیگوت:"دەبێ بەلشەویکانە بجەنگین..." لەگەڵ نزیکبوونەوەی دەنگی پێی پاسەوانەکە، هاوڕێ لاکەوت. پاسەوانەکە چاوی لە ژوورەکەی من نەبوو، هەر لەلای دەرگاکەوە وەستابووم، هاوڕێ وەرزشی دەکرد.

***

ڕۆژێ هاوڕێیەک بە خۆشحاڵییەوە پێی گوتم:" لە دەرەوە گروپێکی دی کەوتوونەتە چالاکی کە مەزەبین، بەڵام مەتریالیزمی مێژووییان قەبووڵە" هاوڕێیەکی دی سەبارەت بەم گروپە گوتی:" ئەوانیش لە سەر ڕێبازی خەباتی چەکدارانە دەڕۆن" بە بیستنی ئەم مژدەیە زۆر خۆشحاڵ بووم. ئەم مەسەلەیە نەک هەر دروستی ڕێبازەکەی ئێمەی دەسەلماند، بەڵکو ئەو هیوایەشی دەداینێ کە یارانی خەباتکاری دیکەشمان هەن و دەکارین هاوپەیمان پێکەوە بەرەنگاری دژمنی خوێنخۆر ببینەوە.

***

بۆ ژووری ژماره یەک کە لە بەردەرگاکە بوو گوێزرابوومەوە و دەنگی دەرەوەم بە باشی دەبیست. ڕۆژێک شەڕ لە نێوان ژنەکە و یەکێک لە پاسەوانەکان لە سەر ئامان شۆردن دروست بوو بوو. ژنەکە بە ئەمرەوە دەیگوت:" ئەرکی تۆ ئەوەیە کە من هەرچیم گوت تۆ بەگوێم بکەیت، براله ئەم قاپانە بشۆ!" پاسەوانەکە دەیگوت:" ئەرکی من پاسەوانییە نەک قاپ شۆردن" و خۆی لەم کارە دەدزییەوە. ڕەفتارو هەڵوێستی پاسەوانەکەم زۆر پێ خۆش بوو و لە هاوار و ئەمری ژنەکەش بێزار بووم.

بیرم لە دنیای ئایدیالی ئایندە دەکردەوە. لە دنیای جوانی کۆمۆنیزم کە لەوێدا چ هەواڵێک لە ئەمرکردن و گوێڕایەڵی وملکەچی نامێنێ و چ شوێنەوارێکی چینی چەوسێنەران نامێنێ. کە بیرم لەو جیهانە دەکردەوە و کە دەمبینی منیش دەکارم لە بەدی هێنانی ئەو دنیایەدا، دەورێکی بچووکم هەبێ، شەوق و زەوقێکی فراوان سەراپای گرتم و لە قاقای پێکەنینم دا، دەنگم لە سالولوکە چووە دەرێ، ژنەکە بە سەرسامی گازی کردم کە: " چ دەکەی ، شیعر دەخوێنیتەوە؟" بەرسفم دایەوە: ئەرێ شیعر دەخوێنمەوە!

***

ئاخر و ئۆخری مانگی ئابان بوو کە هاوڕێیانیان بۆ زندانی ئەوین گواستەوە. هەموویانیان بردبوو جگە لە من و هاوڕێیان شەهێن و ڕوقییە و ئەحمەد ریازی (٩) کە دەیانگوت دەمانەوێ ئازادی بکەین. ژێرزەمینەکە چۆڵ بوو، قەرار بوو لەم ڕۆژانە ئێمەش بۆ ئەوین بەرن. ئاخری دوای چەند ڕۆژێک چەند کەسێک لە ئەوینەوە هاتن چاویان بەستینەوە و لە ئوتومبێلێکی ئەمبولانس ئاسایان، کە دەرەوەی لێوە نەدەبینرا، نایین و بۆ زندانی ئەوینیان گواستینەوە.

*(سەرکەوتن)*

ڕۆژان تێ دەپەڕن

ئێمە بیر لە ئایندەی ڕوناکی شۆڕشمان دەکینەوە

ئێرە زندانی کاتی شارەبانی هەموو وڵاتە

و ئێمە هەر یەکەمان لە یەکێک لە دوازدە

دەخمەکەی ژێرزەمینی ئەودا حەپسین

لێرە شە و ڕۆژ یەکسانە

چەند لامپایەکی کز، ڕوناکی بەخشی سالولەکانمانە

ئێمە سەعاتەکانی ڕۆژ بە جۆری

ئەو خواردنە جیا دەکەینەوە

کە دەمان دەنێ

گەر بە دەستووری دایە گەورەی زندان

کە ناوی ژنۆکەی خۆش ڕەقسمان لێناوە

بە ئاستەم درزێک بخرێتە دەرگای

سالولەکانمان

لەو درزی دەرگایەوە پەیامی توند و

ئاگرینی شۆڕش ڕادەگەیەنین کە:

" دەبێ بەلشەویکانە بجەنگین. چی پێ

دەکرێ لە حانای دڵی چوون ئاگری مەدا

ئاگری گوللە"

یا بە بزەیەک مژدەی سەرکەوتن

بەیەکدی دەدەین.

لە تاقە کلاّو ڕۆژنەی سالولەکانمانەوە

کە دیدگای بەکرێگیراوانە،

دەڕوانینە جموجوڵی وان

هەر جارێ کە هاوڕێییەک لەبەر

ژوورەکانمانەوە تێ دەپەڕێ

کۆڵەمستی خۆمان بە توندی و نەفرەتەوە

دەگوشین، یانی کە

مردن بۆ بەکرێگیراوان، مردن بۆ جەلادان

یەکێتی، خەبات، سەرکەوتن

دروشمێکە کە بە سێ نیشانەی دەست

نیشانی دەدەین

دژمن بە خەیاڵی خاوی خۆی

وادار بە بێدەنگیمان دەکات.

بەڵام ئێمە شەپۆلی هەڵچووین کە ئارام ناگرین

بە هەر شێوەیەک بووە، ئیدی بە لێدانی دیوار

یا بە ئاوازێن چپە ئاسا یان بە چەند ئاماژەیە

پەیامی خۆمان بە یەکدی دەگەیەنین.

دژمن گەوجانە وا وێنا دەکات

کردوومانی بە بتانی بێدەنگ

بە ڕیشی پێدەکەنین، خەیاڵی خاوە

دەنگی فیکەیەک، دڵی بێدەنگی شەق دەکات

و سروودی ئازادی یا ئینتەرناسیونال و یا

بە یادی سیاکەل بە گوێ دەگەیەنێ

ئەمە خۆی لە خۆیدا بەسە سەرکار نایب زابتی

پیر کە فەرهەنگی ناوە

و یا عەریف خەفەر، لە داخا هاوار بکات:

" ئەم نامەردە کێیە کە فیکە لێ دەدا

خۆ ئێرە ئوتێل بەلاش نییە".

و بە پەلە کلیل بخاتە قفڵی دەرگا

بەو ئومێدەی دەسەڵاتی خۆی بنوێنێ

بەڵام خەیاڵت خاوە ئەی بەکرێگیراو

و یا هەر جارێ چپەیەک بە گوێی بگات

گورپە ئاسا، هێدی هێدی دەخزێتە ژوورەوە

بەو ئومێدەی غافڵگیرمان بکات.

بەڵام ئەمجارەش خەیاڵت خاوە ئەی بەکرێگیراو

چریک لەوە زیرەکترە. کە تۆ تەسەوری دەکەی کەودەن!

دەنگێکی ناسک بەڵام بەتین لە ئاسمان دەنگ دەداتەوە

سەرکار — بەڵێ- ئاو بێنن ،

کەمێک بووەستە ، پەرداخی بەتاڵ نییە

یا دەنگێکی زبر و پیاوانەیە کە:

- سەرکار - بەڵێ- بۆ سەر ئاو دەڕۆم

- کەمێک بووەستە جارێ شیو دەخۆین

ژنۆکەی خۆش ڕەقس کە ئاشقی دەسەڵاتە،

دەقروسکێنێ

ئەمە چەند جار ئاودەست ، قانونت شکاند

پێدەکەنین. لەمە مەخسەرەتر نییە، قانوون بۆ چوونە ئاودەست،

بۆ ئاسایی ترین پێویستی ئینسانی!

ڕۆژی سێ کەڕەت ئاودەست، سێ چەل خواردن، سێ جار جگەرە

و هەفتەی یەکجار حەمام و سەرو ڕدێن چاکردنی پیاوان

ئەمە قانونێکە و هیچ دیار نییە ئەم قانوونە گەپچاڕە

بە هەردوو ئەنجومەنی شورا و سەنادا تێپەڕیوە یا نا!

***

ئێمە ڕۆژانی خۆمان بەم جۆرە دەگوزەرێنین

بەڵام هیچ یەکێک لە ئێمە تەنانەت بۆ ساتێکیش

دەگەڵ ستەم و ستەمکارانماندا ناسازین

بۆیە جارێ کەلەپچەمان لە دەست و پێوەندمان

لە پێدایە.

هەندێجار پارەیەکی بەناو مەحەبەتی

فەرهەنگ بۆمان دێنێ

کۆمیدیترین هەوڵی بێهودە ئەمەیە کە

پەشیمان نامەیەک بۆ ئەو مێردەکە سووکە

بنووسین

ئافەرین خەیاڵ پڵاو.

ئەو دەستە لە کوێیە کە دەستی جەلاد ڕەت نەکاتەوە

کوا ئەو زمانەی کە ڕیا و ڕووبینی ساختە

بە توندی ڕەت نەکاتەوە.

جەنابی سەروانێک یا سەهەنگێک

بە خەیاڵی خۆی لە ڕووی لوتفەوە

سەرێک بە دەخمەکانماندا نەکێشێت

چۆنی؟ – باشم، وبێهودە هەوڵ

دەدا گرژی ئەبرۆمان بڕەوێنێتەوە

یا خەندە بخاتە سەر لێوانمان

چونکە حیسابی سەگیشی بۆ ناکەین،

وەکو ماران گەستە، لە داخا گێنگڵ دەدات

چەند بێهودە، چەند خەیاڵی، خۆی بە دەسەڵاتدار

دەزانێ

ژنۆکەی خۆش ڕەقس ئاگاداری دەدا،

کە سەرهەنگێ هاتە ژوورەوە لەبەری هەستە

وەڵام دەدرێتەوە، ئەو بۆ تۆ سەرهەنگە.

ئەوەی بۆ من گەورە و مایەی ڕێزە

کرێکارێکە بە دەستانی شەقار شەقارەوە.

جووتیارێکە بە ڕوخسارێکی زوڵم زەردەوە.

***

ڕۆژان بەم جۆرە دەگوزەرێن

شەوان لە پشت دەرگای داخراوەوە

بە دەستانی کەلەپچە کراوەوە

بیر لە چی دەکەینەوە؟

لە ڕابردووی پڕ جۆش ، لە ئێستای بێ جوڵەی

خۆ ، یا لە ئایندەی شۆڕشەکەمان

بیرمان ئاوێتەیەکە لەم سێ زەمانە

ئەوەی گەرمی بەخشی بوونمانە

ئومێد بە سەرکەوتنە

هەندێجار بە هەویری نانەکانمان

پەیکەرانێک چێ دەکەین

ئەگەر دەرفەت بڕەخسێ بۆ یەکدی

دەنێرین

ئەمانە دیارییانی بچووکن کە بە بچووکی

خۆیانەوە

ڕەنگدانەوەی ئاگرینی دروونی مەنە

ماسییە ڕەشە چکۆلەکە یا خەنجەرێکی بڕندە

باڵندەی ئازادی، یا ئەستێرەیەکی کلکدار

وێنەیەک لە چارەی چەپەڵی دێو ڕەوشتان

یا نووسراوی سەر هەویرێک کە:" ڤینسەرموس" ٭

سوسەن، بەردەوام ئایەتی نائومێدی

بە گوێی کۆنەپەرستاندا دەخوێنێ

" پەڕەسێلکە، پەڕەسێلکەکان، ماڵی ئێمە

هەر دەرد و غەمە"

و ئاغاسی " دڵ بووە بە کاسەیەک خوێن"

بەڵام ئەمە دەنگی گەرمی هاوڕێیەکە:

" خەڵکی ئیمە نوقمی خوێنە"

و بە نەفرەتەوە خوێن وەڵامی خوێنە

❊❊❊

تەلەفون زەنگ لێ دەدا، ژمارە دە بێننە سەرێ

یا هەر یەکێک لە دوازدە ژمارەکەی دی

هاوڕێیەک دەڕوا بۆ بازجویی

دڵ لە سینەماندا دەکەوێتە لێدان ئاخۆ چی دەپرسن؟

کێیان دەسگیر کردووە.

هەر جارێ پزیشکێ دەبینی یا پزیشکیارێ

بزانە کە خەباتکارێکیان خۆیان گوتەنی

کردووە بە ئاش و لاش.

❊❊❊

هەر چەند جارێک دەنگی پۆستاڵی سەربازێک

خۆزیای ئەوەت دەخاتە دڵ

کە ئەگەر دەست لە کەلەپچە و پێ لە پێوەند

ئازاد بوایە

بە تاسەوە لە دەربیچەکەوە نیگایەکی

تامەزرۆیانەی دەرێت بکردایە

غوڵامانی ئەڵقە لەگوێیانت دەبینی

کە بوو بوون بە پەیکەرێن بێگیان

دیارە سەروەری بەکرێگیراوان

هاتووەتە پشکنین

بەڵێ، سەرۆکی زندانە!

لێرە ئیدی جێگا نییە

کەواتە هاوڕێیان

یەک لە دووی یەک، بە دەستان و

چاوانی بەستە

شەوانە، ڕەوانەی زندانێکی دی

دەکەن

و ئێمەی چاوەڕوانی دوایەمین

لە دەربیچەکەوە

چاومان بە یەکدی دەکەوێ

نیگامان لێکدی دەئاڵێ

ئەم نیگایە پڕ لە وشە و پەیڤان

یانی کە هاوڕێ

دژمن لەو دەریای خوێنەی

کە خۆی خولّقاندوویەتی

نوقم دەبێ

ئیمپرپیالیزم، گۆڕهەڵکەنی خۆی

لەهەناوی خۆیدا پەروەردە دەکات

❊❊❊

هەر چەند شەو جارێک یا شەوانی

دوا بە دوای یەک

گوێت لە دەنگی شەلاق دەبێ کە

دڕندانە دادێتەوە

و هاوارانێ کە مردن بۆ تۆ ئەی بەکرێگیراو

و چەند نەعرەتەیەک کە بڵێ، ئیعتراف بکە

هاوارانێ: کە ناڵێم، ئیعتراف ناکەم.

لێدە خایەن، بم سووتێنە لە چوارمێخەم بدە

لە سیاچاڵم بنە، بمکە بە توێشووی مار

چیت دەوێ ، وام لێبکە

بەڵام من زمان دژی خەلک هەڵنایەنم

نەعرەتەکان دڕندانە تر دەبن

گوللە بارانت دەکەم

هاوڕێ پێدەکەنێ، چ باڵاتر لەمە

مردن لە ڕای خەڵک، لە ڕای حەق و ئازادی

دژمن لە جاران دەسەپاچەتر بە خەیاڵی خۆی

هەڕەشەی ڕوحی دەکات

خانەوادەکەت ئاوارە و حەوپشتت بێ چارە دەکەم

هاوڕێ پێدەکەنێ: جێی سەرسامی نییە خاین،

زوڵم، کاری ئەم دام ودەزگایەیە.

دژمن ، نرخی هاوڕێی بۆ دەرکەوتووە و لە کاتێکدا

لە تووڕەییدا کەفی چڕیوە، نەعرەتە لێ دەدات:

هاوڕێکەت بەبەر هەردوو چاوتەوە دادەڕژێنم

هاوڕێ پێدەکەنێ: هاوڕێکەشم فیدای خەڵک

ئەمجارەیان هاوڕێ ڕووت دەکەنەوە و کارێکی

دزێوی دەگەڵدا دەکەن

سەرۆک دەستوور دەدا ، بەم حاڵەوە وێنەیەکی

بگرن

هاوڕێ لە کاتێکدا بە ئاستەم هەناسەی تیا ماوە

دەڵێت

ئێوە تاوانەکانی خۆتان دەکەن بەبەڵگەش؟

دەنگەکە خامۆش دەبێ، هاوڕێ بێهۆشە ئیدی

دەنگی چەند لێدانێک لە دیوارەکەی

تەنیشتەوە دێتە گوێ

بێداری- بەڵێ، گوێت لێیە دەنگی ئەشکەنجەیە

خەباتکارێکە لە ژێر پەنجەی جەلادی خوێنمژ.

و بە دوودڵی دەپرسێت کە ئایا ئێمە شکستمان هێناوە؟

وەڵام: نا هاوڕێیانێ هەن کە دەجەنگن

خەباتکارانێک دەبن کە بجەنگن

گرینگ نییە ئێمە بکوژرێین

تەنانەت ئەوەش گرینگ نییە

کە گروپێکی شۆڕشگێر لەنێو بچێ

گرینگ ئەمەیە چەکێک کە لەدەستی

هاورێیەک دەکەوێ

دەستێکی دیکە هەبێ کە چەکەکە هەڵگرێ

ئێستا نەک دەستێ،

هەزاران دەست هەن کە چەک هەڵگرن

شۆڕش وەکو سێڵاوێکی خرۆشاو

کەوتووەتە ڕێ

چوون باگردێن لە سەرەو لێژی

زەمانەوە بەرەوپێش دادەگەڕێ

هیچ بەربەستێک خۆی لەبەری ڕاناگرێ

خەڵکی ڕادەپەڕن، سەرکەوتن بۆ مەیە

و بە گۆرانییەوە دەی چریکان:

بەیان دەدا، بەیان دەدا

ڕەشاییان بەدەر دەبن

مەخەوە تۆ بۆ یەک ساتیش ئارام

خوێنی خەڵک بە هەدەر دەڕوا

چ سەرانێک کە بە قوربان دەبن

چ ئاگرانێک هەڵدەبن

بەڵام ئەنجام هاوڕێی من

جیهان لە زوڵم ڕەها دەبن

جیهان لە خەو ڕا دەبن.

*سالولی شارەبانی- ڕوقیە دانشگەری*

*هاوینی ساڵی ١٣٥٠= ١٩٧١*

*ڕوونکردنەوەکانی فەسڵی سییەم:*

١- دکتۆر تەقی ئەرانی: لە ڕابەرانی حیزبی کومونیستی ئێران بوو کە لە ئاخر وئوخری حوکمی دیکتاتۆری ڕەزا شا لە زندانەکانی رەزا شادا بە شرینقەی هەوا شەهید کرا . ئەفسانەی دلێرییەکانی ئەو هەمیشە مایەی ورەبەرزی خەباتکاران بووە، بەرهەمی (ماتریالیزمی دیالیکتیکی)ی ئەو یەکێکە لەو سەرچاوانەی کە گروپە خەباتگێڕەکان لە ئێراندا سوودی لێوەردەگرن.

٢- گروپی ئامانجی خەڵک: یەکێکە لە گروپە کۆمونیستییەکان کە هاوزەمان دەگەڵ دەستپێکردنی چالاکییەکانی چریکانی فیدایی خەڵک، بە شێوەیەکی سەربەخۆ دەستی بە خەباتی چەکداری کرد و هەندێ ئۆپەراسیۆنیشی ئەنجام دا . پێنج کەس لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ئەم گروپە ( هەمایونی کەتیرایی، هوشەنگ ترگل، بەهرام تاهیر زادە، ناسر کەریمی، ناسر مەدەنی) پاش مقاوەمەتی دلێرانە لە ژێر ئەشکەنجەی سەختدا، لە مانگی میهری ساڵی ١٣٥٠ گوللە باران کران.

٣- حەبیب فەرزاد: ئەندامێکی چریکانی فیدایی خەڵک بوو کە لە هاوینی ١٣٥٠ دا دەستگی کرا و بە دە ساڵ حوکم درا.

٤- خەلیل سەلمان نەژاد: ئەندامێکی ڕێکخراوی چریکانی فیدایی خەڵک بوو، لە کاتی دروستکردنی کۆکتێلی مولوتوفدا بەهۆی تەقینەوەی مولوتوفەکەوە، هەموو بەدەنی سووتا. لە کاتێکدا کە لەو سەعاتەشدا دوای تەقینەوەکەش گیانی خەباتکارانەی خۆ لەدەست نەدابوو، شەهید بوو.

٥ —(١) : ئەحمەد خوڕەم ئابادی: یەکێک بوو لە ئەفسەرانی دلێری سوپا و هەوادارێکی چریکانی فیدایی خەڵک بوو، لە بەهاری سالی ١٣٥٠ دا دەگەڵ هاوڕێ کازم سەلاحی دا گوللە باران کرا.

(+): هاوڕێ ئەحمەد خوڕەم ئابادی ئەفسەری وەزیفە بوو نەک ئەفسەری سوپا.

٥ —(٢): کازم سەلاحی: ئەندامێکی ڕێکخراوی چریکانی فیدایی خەڵک بوو کە لە دەی مانگدا/١٣٤٩ لە شەڕ و پێکدادانێکدا دەگەڵ دژمن، دوای ئەوەی بە چەقۆ کە تاقە چەکی دەستی بوو، یەکێک لە بەکرێگیراوانی دژمنی کوشت، دەسگیرکرا و بۆ ماوەی دوو مانگ خرایە ژێر توندترین ئەشکەنجەوە و ئەنجام لە ئوردیبەهەشتی ساڵی ١٣٥٠ دا گوللە باران کرا.

٦- کارلوس ماریگلا: یەکێک لە شۆڕشگێرە خەباتکارەکانی بەڕازیل کە چل دانە ساڵ دژی ئیمپریالیزم جەنگی . لە تەمەنی پەنجا و چوار ساڵیدا، لە پێکدادانێکی چەکدارانەدا دەگەڵ دژمندا، شەهید بوو. کتێبی ( چریکی شاری) کە کۆمەلێک ئەزموونی جەنگی چریکی ناو شاری شۆڕشگێڕانی بەڕازیلییە، لە نووسینی ئەوە.

٧ –جەنگیز قوبادی: ئەندامی تیمی عەسکەری چریکی، بۆ ئۆپەراسیوۆنی دێهاتی و فەرماندەی یەکێک لە تیمەکانی ناو شاری ڕێکخراوی چریکانی فیدایی خەڵک بوو. جارێک لە بەهاری ساڵی ١٣٥٠ دا بەدەم چالاکییەکی شناسایی گوندییەوە، دوای پێکدادان دەگەڵ مامووراندا، لە ڕێگەی کارێکی فیداییەوە، توانی هەڵێت  ودەرباز ببێت. لە مانگی میهری ساڵی ١٣٥٠ دا کە بنکە نهێنییەکەیان لەلایەن هێزەکانی دژمنەوە کەشف کرا، لەگەڵ دوو هاوڕێی دیکەدا ( سەید نوزادی و سالمی) دا دوای شەڕێکی دلاوەرانە و تەقاندنی دوا فیشەک بە ڕووی دژمندا، بە تەقاندنەوەی تەقەمەنیان کۆتاییان بە ژیانی قارەمانانەی خۆیان هێنا.

٨ – میهر نوش ئیبراهیمی: هاوسەر و هاوسەنگەری جەنگیز قوبادی ئەندامی تیمی تەداروکاتی عەمەلیاتی گوندی بوو، ئەویش لە کاتی شناساییدا، بە دەستی دژمن ئەسیر بوو. بەڵام لە ڕێگەی عەمەلیەیەکی بوێرانەوە توانی هەڵێت و دەرباز ببێت. لە مانگی میهری ساڵی ١٣٥٠ دا لە کاتی چۆڵکردنی بنکە نهێنییەکەیاندا کەوتە گەمارۆی دژمنەوە و  دوای بەکاربردنی چەک و تەقەمەنییەکانی دی دژی دژمن، خۆیشی قارەمانانە شەهید بوو.

٩ – ئەحمەد ریازی: یەکێک بوو لە هەوادارەکان کە دژمن لە گرتنی مەناف فەلەکی ئەندامی ڕێکخراوی چریکانی فیدای خەڵک دا، سوودی لەو وەرگرت.

# فەسڵی چوارەم

## دیسانەوە ئەوین

## چاوخشانێک بە ژیاندا لە ئەوین

## *چاوخشانێک بە ژیاندا لە ئەوین*

کە گەیشتینە ئەوین، لە ئەمبولانسەکەیان داگرتین و هەر بەو دەقەوە و بە چاوی بەستراوەوە بۆ هۆڵێکیان بردین و ماوەیەک لە هۆڵەکەدا هێشتیانینەوە. دەمانتوانی بە تیلەی چاو کەسانێکیش بدینین کە لە سەر کورسی دانیشتبوون. پاشان هەر یەکەمان ( من ، هاورێ شەهێن و هاورێ ڕوقیە) بۆ ژوورێک برد، وەختێ چاویان کردمەوە، مستەفەوی، فەهیمی، تەهرانی، حسێن زادە و جەوانم بینی کە هەموویان پێم پێکەنین. وەک بڵێی شتێکیان بیرکەوتبێتەوە. بە شێوەیەکی خۆمانە گوتیان:" ئەمە چ تەحقیقێکە کە تۆ داوتە؟ ئەمە وەڵام نییە مەخسەرە بازییە، ئەم وەڵامانەی تۆ داوتنەوە وای لێکردین زۆر پێکەنین." پاشان گوتیان:" ئێستا کاغەزت دەدەینێ تا بەتێر و تەسەلی وەڵام بدەیتەوە. " کۆمەڵێک کاغەزیان هێنا کە لە سەری نووسرابوو:" ئەنگێزەی خۆت سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئەم ڕێگایە و تێکرای ئەو چالاکیانەی کە تا ئێستا کردووتن شەرح و شرۆڤە بکە." جەختیان لەوە دەکردەوە کە بە دوور و درێژی بینووسم. دەمزانی کاتێ زندانی دوای تەواو بوونی تەحقیق لە شارەبانی بۆ ئەوین دەگوازنەوە، بۆ ئەوەی بزانن ئەو شتانەی لە شارەبانی گوتوویەتی و لە ئەوراقی تەحقیقەکەیدا تۆمارکراوە، دروستە یا نا؟ لە ئەوینیش فۆڕمێکی دەدەنێ و هەمان پرسیارەکانی ئەوێندەری لێ دووبارە دەکەنەوە. کە ئەگەر زندانی لە شارەبانیدا شتی درۆی گوتبایە، ئەوا بە بەراورد دەگەڵ ئەوەی ئەوین دا هەڤدژی و ناکۆکی ئەم دوو تەحقیقە دەردەکەوت و بەمجۆرە دروستی و نادروستی تەحقیقەکەیان بۆ بە دیار دەکەوت. ئەم کارە دەگەڵ هەموو ئەوکەسانەدا دەکرا کە لە شارەبانیدا تەحقیقیان لەگەڵدا کرابوو. منیش بە کورتی هەموو ئەو شتانەی لە شارەبانیدا خستبوومە سەر کاغەز، لێرەشدا نووسیمنەوە.

بەکرێگیراوان بەوپەڕی بێ شەرمی گوتیان:" زۆر بەداخەوەین بۆ کوژرانی بەهرۆز، چونکە زانیاری زۆری لابوو دەیتوانی یارمەتی باشمان بدات" و حسێن زادەی بکوژ بەداخەوە دەیگوت: "زۆر شتی لەگەڵ خۆدا بردە..!"

لە زندانی شارەبانی لە ژنەکەم بیستبوو کە شای خاین هەموو ڕۆژێک بە تەلەفون پەیوەندی دەگەڵ ساواک و شارەبانیدا دەگرێت لە ڕەوشی بازجۆیی و ئەشکەنجە و ئەنجامەکانی دەپرسێت. پاش ئەوەی بەمردنی هاورێ بەهرۆزی زانی بوو، گوتبووی:" ئەمەم پێناخۆشە، دەتان توانی زانیاری زۆری لێ وەدەست بێنن."

***

دوو ڕۆژ بە تەنیا مامەوە، لە ڕۆژی سێیەمدا هەرسێکیان خستینە یەک ژوورەوە، چ خۆشییەکی گەورە بوو! کاتێ لە سالولە ئینفرادییەکان بووین، تەنانەت بیرکردنەوە لەوەی کە ڕۆژێ لە ڕۆژان لە تەنیشت یەکەوە بین بۆ ئێمە لەزەت بەخش بوو، جا لێرەدا کاتێ بۆ یەکەمجار لە نزیکەوە یەکدیمان بینی، نەماندەزانی لە خۆشیاندا چی بکەین. یەکدیمان لە ئامێز دەگرت و ئەشکی شادی و تاسەمان دەسڕی. هێندە خۆشحاڵ بووین، تا نیو سەعات بێ ئەوەی بتوانین تاقە وشەیەک بدرکێنین، هەر پێدەکەنین. هاورێ ڕوقیە شیعری ( سەرکەتن) ی کە بەخۆی لە

زنداندا داینابوو، کۆپلە کۆپلە دەخوێندەوە. ئەو شیعرە بیرەوەری هاوبەشی لە لا زندوو دەکردینەوە و زۆر خۆش بوو. هێندەمان قسان پێبوو کە بۆ یەکدی بکەین، دوو شەو و ڕۆژ لە بنی نەخەوتین. باسی هۆی دەسگیری خۆمان، ئەو ئەزموونە تازانەی لە ڕوو بە ڕوو بوونەوەی دژمندا لەو ماوەیەدا بە دەستمان هێنا بوون، ئەو درۆیانەی کە دژمن کردبوونی ،ئەو قسانەی کە ژنۆکەکە لای هەر یەکێکمان کردبووی بۆ ئەوەی ناکۆکی و هەستی جوداییمان لا دروست بکات... لە جوملەی ئەو بابەتانە بوون کە بۆ یەکدیمان دەگێڕانەوە.

***

شوێنی ئەو ژوورەی کە تیای بووین، بەمجۆرە بوو: لە حەوشەوە سێ یا چوار پلیکانەی درێژ و باریک دەچووە سەر هۆڵێکی گەورەی چوارگۆشە. ژوورێکی گەورە لە دەستە چەپدا هەبوو کە گوایە ژووری کارکردن بوو و جەوان لەو ژوورەدا پۆستی سەرۆکی هەبوو. لە تەنیشت ئەم ژوورەوە ڕاڕەوێک هەبوو بە پانی دوو مەترو نیو یا سێ مەتر، لە لای ڕاستەوە دەرگای دوو ژووری بەسەردا دەکرایەوە، ئەم ژوورانەیان بۆ تەحقیق بەکار دێنا. لە کۆتایی ئەم ڕاڕەوەوە دەرگایەک هەبوو دەچووە سەر ڕاڕەوێکی دیکە کە سێ یا چوار ژووری لە سەر بوو. تەوالێتەکە لە تەنیشت ئەم ژوورە بوو. لە ڕاڕەوەکەدا کورسییان ڕیز کردبوو کە زندانیان لە سەر دادەنان و تەحقیقیان دەگەڵ دەکردن.

*لێرەدا نەخشەیەک هەیە تکایە*

ئەو ژوورەی ئێمەی تیا بووین، ڕوو بە ڕووی دەرگای هاتنە ژوورەوەی ناو حەوشەکە بوو. کە لە پەنجەرەکەوە تەمەشات دەکرد کۆمەڵێک چڕە دار و درەخت بوو کە بەرچاوی گرتبووین. بێدەنگی باڵی بەسەر هەمو لایەکدا کێشا بوو، جگە لە قرە قرِی قەلەڕەش کە لەم چڵەوە بۆ ئەو چڵ دەفرین، ئیدی هیچ دەنگێک نەدەگییە گوێ. تەنیا جار جارێک دەنگی حەپەی سەگێک بەرز دەبۆوە و دوای کەمێک خامۆش دەبوو، ئەمە هێندی دی بێدەنگییەکەی قورس و خامۆش دەکرد.

ڕێک لەم کەش و هەواو هاماجەدایە کە بەکرێگیراوان سوود لە ئیعدامی ساختەی هاوڕێیان وەردەگرن. ئەم ڕەوشی ئیعدامە جۆرە ئەشکەنجەیەکی دەروونییە کە تا ئێستا دەرهەق بە ژمارەیەک لە هاوڕێیان ئەنجام دراوە و بەم شێوەیە ئەنجام دەدرێ:

بەیانی زوو بە ناوی ئەوەی کە دەیانەوێ زندانی ئیعدام بکەن، بە چاوی بەستراوەوە بە درەختێکییەوە دەبەستن. تیمی ئیعدام دادەنرێ و هەموو تەشریفات و ڕۆتیناتێک جێبەجێ دەکەن. سەرەتا تیمی ئیعدام لە بەرانبەر زندانەکە ئارایش دەدەن. ئەوسا حوکمی ئیعدامەکە دەخوێنرێتەوە کە: " تۆ... سیفەت و سیمای تەواوی زندانییەکە) بە تۆمەتی.. بە گوێرەی مادەی... یاسای.... حوکمی ئیعدام دراویت و هەنوکە حوکمەکەت بەسەردا جێبەجێ دەکرێت " پاشان فەرمانی ئامادەبوون بە تیمەکە دەدەن. بەڵام ڕێک یەک سات بەر لەوەی فەرمانی

تەقەکردن بدەن، بەکرێگیراوێک بە هەشتاو دێت و بەدەم هاوارەوە دەڵێت:" بوەستن، هەر ئێستا دەستوورمان پێ گەیی کە جارێ ئیعدامی مەکەن."

دژمن دەیەوێ بەم نمایشە گوایە تامی مەرگ بە زندانی بچێژێ و هەست بە ترس و لەرزی دەمی مەرگ بکات و لە دوا ئەنجامدا، ورەی بڕوخێت و مل بۆ هەڕەشەکانی دژمن بدات و بێتە قسان.

لە ژوورەکەدا سێ تەختیان بە دۆشەک و بالیفی نەرمەوە بۆ ئێمە دانابوو. ئەمجارەیان ساواکیەکان بە پێچەوانەی شارەبانچییەکانەوە، خەڵکانی باش و فامیدە بوون! بە ڕێز و حورمەتی زۆرەوە ڕەفتاریان لەگەڵ مەدا دەکرد. حسین زادە، جەوان، تارانی و دوو سێ نەفەری دی کە ناویانم نەدەزانی، یەک دوو جار سەری ژوورەکەیان داین. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی مستەفەوی و هوشەنگ فەهیمی سەری ژوورەکەیان دەداین. فەهیمی کە دەنگێکی ناسکی ژنانەی هەبوو، دەیویست بە ڕووخۆشی! جۆرە دۆستایەتییەک دروست بکات و مستەفەوی بێ شەرمانە و گەوجانە هەر ڕۆژەی قاتێکی شیکی لەبەر دەکرد و بۆ ژوورەکەمان دەهات. دەیویست حاڵەتێکی ڕۆمانتیکیانە بە خۆی بدات. کە بێگومان لە دڵی خۆیدا حیسابی ئەوەی دەکرد کە: ئەمانە هەرچییەک بن کچن!

لە بارەی خواردنەوە، ئەگەرچی وەکو چۆنییەتی لە هی شارەبانی خراپتر بوو، بەڵام لە ڕووی چەندێتییەوە زۆر بوو. بەیانیان جەژن بوو! هەموو بەیانیەک یەکی بە ئەندازەی سێ کەس کەرە و مرەبا، یا هێلکە و پەنیریان دەداینێ. چایی هەر مەپرسە، هەموو کاتێ مشە بوو. هەموو سەعاتێ سەربازێک دەهات، لە دەرگای دەدا کە چای دەخۆینەوە یا نا. ڕەفتارێکی سەیر بوو. ڕادیۆیەکیانیش داینێ. لەگەڵ چەند کتێبێکی هەفتە، زەردێن سوور و کتێبی ( نیگا) مستەفا رەحیمی.

سەبارەت بە ڕادیۆکە، گومانی ئەوەمان هەبوو کە نەبا ئامێرێکی دەنگ تۆمارکردنیان تیا دانابێ. تەلێکیش کە لە سووچێکی دیواری ژوورەکەوە تێپەڕی بوو و بۆ ژوورەکەی جەوان چوو بوو و سەرنجی ڕاکێشا بووین. دەستمان لێدەدا و دەمانویست بزانین بۆچی ڕاکێشراوە. هەوڵمان دەدا کاتێ بۆ سەرئاو دەچووین، تاقیب بکەین و بزانین بۆ ژوورەکانی دیکەش چووە یا نا. بە هەرحاڵ لە ترسی ڕادیۆکە و ئەو تەلە هەندێک لەو قسانەمان کە نەدەبوو دژمن بیانزانێت زۆر بە ئەسپایی دەکرد یان لە سەر ئەرزەکە دەماننووسین. هەروەها بە وردی گوێمان لە قسەکانی فەهیمی و مستەفەوی دەگرت، تا لە میانەی قسەکانی وانەوە بزانین کە ئایا گوێیان لە قسەکانی ئێمە بووە یا نا.

لێرە بەکرێگیراوێک بۆ تەحقیقکردن لە گەڵ هاوڕێ ڕوقیەدا دەهات و هەندێ پرسیاری دەربارەی چلۆنایەتی ئامادەکردنی (ئی، ئین، تی) لێ دەکرد. ئەم بەکرێگیراوە خۆی وەکو خوێندکارێکی بواری کیمیا دەناساند و دەیگوت بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە بواری پسپۆڕییەکەم بۆ ئیرە هاتووم. ئەم بەکرێگیراوانە چەند بێ ئابڕوون. ئایا بە ڕاستی ئەوەندە کەرن، کە وا وێنا بکەن خەڵکانێک هەبن باوەڕ بەم جۆرە قسانە بکەن؟

مستەفەوی دەربارەی ئەم زانست خوازە! دەیگوت کە لە بواری مەوادی متەفەجیرەدا زۆر شارەزایە و کاتێ دەچن بۆ ماڵ و بنکەیەکی گومان لێکراو ، ئەو لە پێشەوە دەڕوات تا ئەگەر بۆمبێ شتێک نرابێتەوە، پوچەڵی بکاتەوە.

سەرەتای مانگی ئازەر بوو ڕۆژێک کە لە پەنجەرەی ژوورەکەوە تەماشامان دەکرد، بەکرێگیراوانمان بینی کە چەندین ئوتومبیلیان ڕیز کردبوو. ئوتومبیلی ئاریا و بەنز... و هەندێ کەل و پەلیشیان لە دوو لۆری سوپایی بار کردبوو، پێ دەچوو ئازووقە و تەقەمەنی و جبەخانە بن و چەند سەربازێک لە دەورا و دەوری دانیشتبوون. ئەو فەرخە جاسووسەی گوایە پسپۆڕ و شارەزای تەقەمەنی و مەوادی مونفەجیرەش کە بە هیچ جۆرێ موحەقیق نەبوو! و تەنیا خوێندکارێکی ئاسایی بوو! ( ئێمە هەر کاتێ بمان ویستبا باسی ئەو بکەین، ئەو ڕستەیەمان بۆ بەکار دێنا) و چەند بەکرێگیراوێکی دیکە بە جلی ئاساییەوە سواری ئوتومبیلەکان بوون و ڕۆیشتن. هەوەڵجار وامان وێنا کرد بۆ گەمارۆدانی بنکەیەکی نهێنی دەڕۆن. بەڵام لەبەرکردنی جلی شاراوە بۆ گەمارۆدانی بنکەیەک لە شاردا چ مانایەکی هەبوو؟ بۆ لێرەوار دەچوون یا لە بۆ مانۆڕێکی سادە ئەم نمایشەیان سازدابوو؟

هەر سێکمان چاومان بڕی بووە دوورترین خاڵێک کە لە هەتەری چاودا بێ و لە فکران ڕاچوو بووین کە لە ناکاوا هاواری ئەمر ئامێزی ساواکییەکی ورگن کە بە سەر سەربازێکدا دەیبۆڵاند و بە گژیا دەچوو کە بۆ ئوتومبیلەکەی باش نەشتووە، ڕشتەی بیرکردنەوەمانی پچڕی. لێرە کەس بەرهەڵستی چوونە سەر ئاو نەبوو و هەر کاتێ بمان ویستبا دەمانتوانی بڕۆین.

ئەم مەسەلەیە بۆ ئێمە لەم ڕووەوە گرنگ و باش بوو کە هاوڕێیان بۆ تەحقیق و بازجۆیی لە ڕاڕەوەکەدا دادەنیشتن. ئەو کاتانەی کە هاوڕێیان لە ڕاڕەوەکە بوایەن بۆ ئێمە بەنرخترین کات بوو. هەر سێکمان دوا بەدوای یەک بە بیانووی چوونە تەوالێت لە ژوورەکە وەدەردەکەوتین. لەگەڵ هاوڕێیان ئەحواڵ پرسیمان دەکرد، کۆڵە مستمان دەگوشی و پێمان نیشان دەدان و هورامان دەکێشا، بە هەر شێوەیەک بوایە هەڤبەستەگی خۆمان بیر دەخستنەوە. لەم کاتانەدا سەراپای هەرسێکمان حەماس و هەڵچوون بوو. هەندێ ساتی بەنرخ بوون وبۆ ئێمە مایەی دڵخۆشی بوو. بەو کەسانەمان کە سەرقاڵی پڕکردنەوەی فۆرمی بازجۆیی و تەحقیق بوون دەگووت کە: ئێوە لە تاقیکردنەوەی خەڵکدان، دەبێ لەم تاقیکردنەوەیا دەربچن. بە هەندێکمان دەگوت : دەرنەچوون لە تاقیکردنەوەی خەڵک هیچ مانایەکی نییە، وریابە کە هەر چۆنێ بووە دەبێ نمرەی دەرچوون وەربگریت.

لە هەلومەرج و ژینگەیەکدا کە دژمن بەوپەڕی توانای خۆیەوە هەوڵ دەدات هەستی تەنیایی و گۆشەگیری لە لای زندانی دروست بکات و هەمیشە باسی خیانەت دەدا بە گوێیدا و یان لە هەندێ ڕێگاوە هەوڵ دەدا هاوڕێیان بەرانبەر بە یەکدی بەد گومان و دڕدۆنگ بکات، دیتنی ڕوخساری شاد و گەشی خەباتکارانی ڕاستگۆ و سڵاو کردن لەوان کە نیشانەی ئەوەیە پەیمان و سۆزمان لەگەڵ خەڵکدا پتەو بووە و هێشتا هەر هاوڕێی یەکترین، تین و تاو و گەرم و گوڕییەکی بێ پایان بە زندانی دەبەخشێت. ئێمە لەو ڕاڕەوەدا گەلێک لەو خەباتکارە

ڕاستگۆیانەمان دەبینی، ڕەفتار و هەڵوێستیان ئەوەندە قارەمانانە بوو کە دژمنیش نەیدەتوانی ستایشیان نەکات. مستەفەوی دەیگووت: "ئیدی سەری گلۆڵەکەمان کەوتووەتە دەست. هەر وەختێ دوو کەسمان بینی وشەی خەڵکیان بەم ئەشقەوە بەکار برد، دەبێ بزانین کە ئەندامی ڕێکخراوی چریکانی فیدایی خەڵکن." ئاخر ئەوان بە دەستی بازجۆیی و تەحقیقەوە لە گەڵ هاوڕێیاندا خوایان نەمابوو. هاوڕێیان لە وەڵامی ئەم جۆرە پرسیارەیاندا کە خەڵکی کوێی، چ کارەی... سەر بە کێی... لە فۆرم و کاغەزەکاندا دەیان نووسی: ئێمە سەر بە خەڵکی ئێرانین، ئێمە چریکی فیدایی خەڵکین، ئەمە کاری ئێمەیە... ئێمە لەپێناوی خەڵکدا دەخەبتین. سەرکەوتن هەر بۆ خەڵکە...

****

هاوڕێ کوڕەکان لە سالولی ئینفرادیدا بوون، بەڵام بۆ ماوەیەک، نزیکەی سی یان سی و پێنج نەفەر لە هاوڕێ بەئەزموون و کردەکانی ڕێکخراویان پێکەوە دانابوو، هاوڕێیان مەسعودئەحمەد زادە، حەمید تەوەکولی، سەعید ئاریان (١)، عەباس موفتاحی، ئەسەدوڵڵا موفتاحی (٢)، عەلی ڕەزا نابدل و ژمارەیەک لە هاوڕێیانی موجاهید پێکەوە بوون، هاوڕێ مەناف (٣) -یان لە یەک ژووردا لەگەڵ هاوڕێیەکی ئەندامی ڕێکخراوی ئازادی بەخشی خەڵکی ئێراندا (٤) دانابوو.

***

لێرە گاردەکان لەجیاتی پاسەوان، سەرباز و عەریف بوون . بۆ ئەوەی تەرزی بەرخوردی وان لە هەنبەر کارە شۆڕشگێرییەکانی خۆمان بزانم، دەمگوت: دەزانن جەلادەکانی ئێرە براکەمیان کوشتووە؟ کە یەکێک لە سەربازەکان یان عەریفەکان، ئەم قسەیەی منیان گەیاندبووە جەوان و ساواکییەکانی دی، دوای دوو ڕۆژ جەوان بۆ ژوورەکەی خۆی بانگی کردم و پرسی کە بۆچی ئەم قسەیەم کردووە، گوتم: بۆ ئەوەی حەقیقەت بڵێم. خۆ جەلادبوون بۆ ئێوە شانازییە، ئیدی ئەم قسەیە چی تێدایە؟!

جەوان ڕوخساری گرژ کرد و بە زمانێکی هەڕەشە ئامێزەوە گوتی:" ئاگات لە قسەکانی خۆت بێ، ئێرە شارەبانی نییە! ئەم سەربازانە وەفاداری مەن و بچووکترین جموجۆڵی ئێوەمان بۆ دەگێڕنەوە. خۆ هەمووان دەزانن کە بەهرۆزی دیهقانی مامورانی ساواک و شارەبانی کوشتوویانە. ئیدی ئەمە پێویستی بە گوتن نییە!".

ئەی ئافەرین بێ شەرمی! لە ناخما بانگێک دوای قسەکەی ئەو کەوت: کینەیەکیان خستووەتە سەر خەرمانی کینەی بێ پایانی خەڵکی! با وابێ، خەڵکی هاوار دەکەن: لە تووڕەییم بترسە کە خەرمانی سووری هیوا کوتراوە!

***

ژنەکەی حسەینی کە ژنێکی عەبا بەسەری سی و پێنج- سی و شەش ساڵان بوو ،دەهاتەنک مەو بەو پەڕی ڕێز و حورمەت و خاکەسارییەوە ڕوو بە ڕوومان دەبۆوە، جارێکیش لەگەڵ مندا بۆ سەندنی عەینەک هات بۆ شار. دەمی عەسر بوو، کاتێ کە دنیا بەرە بەرە تاریک دەبوو، لە پاشی ئوتومبیلێکی سەر داپۆشراو سوار بووین کە دەرەوەمان لێ دیار نەبوو. پەنجەرەیەکی شووشە لە نێوان پاش و قەمەرەی ئوتومبێلەکەدا هەبوو- عەریفێکی کورتە باڵای شڕ پۆشمان لەگەڵدا بوو. چاک دیقەتیم دا تا بزانم چەکی پێیە یان نا؟ هیچم پێ نەبینی، مەنزڵمان عیادەی دکتۆر خورەمی بوو، چونکە شەقامەکانم لێ دیار نەبوون، نەمدەزانی کەوتووەتە کوێوە. کزی چاوانم و تاریکی شەو کردبوویانە کارێک کە نەتوانم پێنج هەنگاوی بەر پێی خۆم بدینم. کاتێ لە ئوتومبیلەکە دابەزیم و ڕوانیمە دەوروبەری خۆم، جگە لەو تارماییانەی کە دەجوڵانەوە و جگە لە ڕوناکی ئەو گڵۆپانەی لە چاویان دەدام، هیچی دیکەم نەدەبینی. ئەو شەوە مەسافەیەکی بیست مەتریمان تەی کرد و لەمبەری شەقامەوە بۆ ئەوبەر پەڕینەوە. من بە درێژایی ئەم ماوەیە هەر لە بیری ڕاکردندا بووم. بەڵام هەرچی تەماشای دەوروبەرم دەکرد، شتێکی ئەوتۆم نەدەبینی کە بۆ نموونە لە چەند هەنگاوی مندا کەسێکی ئاسایی وەستاوە یان پاسەوانێک، بەردەمم کۆڵانە یان نا؟ لەبەر ئەمە دەستبەرداری ڕاکردن بووم.

***

لە بەکرێگیراوەکانم دەپرسی ئایا ئێمەش لەگەڵ هاوڕێ کوڕەکاندا دادگایی دەکەن یان نا؟ دەیانگوت:" ئەگەر ئەم کارە بکەین ئێوە دەبنە مایەی بەدبەختی و نەگبەتی هەندێک لە کوڕەکان. چونکە هەندێکیان کە ئاقڵن و دەیانەوێت لە دادگا ڕەفتاری چاک بکەن، لەبەردەم ئێوەدا تووشی کورتە نامووسی دەبن و بە گەوجێتی خۆیان قازییەکان ناچار دەکەن کە حوکمی ئیعدامییان بەسەردا بدەن!"

بەمجۆرە لە نزیکەوە چەمکی دادوەری دادگاکانی ئاریا میهریمان بۆ دەردەکەوت کە ئیعدام یا حوکم هیچ پەیوەندییەکی بە تۆمەتی کەسەکەوە نییە. لە دۆسییەی هەر زندانییەکدا ڕاپۆرتێکی ساواک هەیە کە ڕای ئەوانی لە سەر زندانییەکە تیا نووسراوە و قازیانی دادگا، ماوە و جۆری حوکمەکە بەگوێرەی ئەو ڕاپۆرتە دیاری دەکەن. واتە ماوەی مەحکومیەت بەگوێرەی ڕاپۆرتی ساواک دیاری دەکرێت و ئیدی چۆنێتی ڕەفتار لە دادگا ناخوات و ماوەکە هەر ئەو ماوەیەیە کە ساواک دیاری دەکات. هەڵبەتە هەندێجار تەرزی بەرخوردی خەباتکار لە دادگادا بە پێچەوانەی پێشبینییەکانی ساواکەوە دەردەچێت. ئەم بەرخوردە لە دۆسییەی کەسەکەدا دەنووسرێ و دووبارە بۆ ساواک دەنێردرێتەوە تا سەر لە نوێ ڕای خۆی لە سەر بداتەوە. ڕای تازەی ساواک، ڕادەی مەحکومیەتی خەباتکارەکە لە دادگای تێهەڵچوونەوەدا دیاری دەکات. هەندێجار ڕای تازەی ساواک کاریگەرییەکی ئەوتۆ لە سەر ڕای دادگا هەیە کە بۆ نموونە مەحکومیەتی سێ ساڵ گۆڕدراوە بە دە ساڵ، پازدە ساڵ بە ئەبەدی و ئەبەدی بە ئیعدام.

سەبارەت بە حوکمی ئیعدام، ڕەفتار و جۆری بەرخوردی خەباتکار لە دادگادا هیچ کاریگەرییەکی بەسەر بۆچوون و ڕای دادگاوە نییە. چونکە حوکمی ئیعدام پێشوەختە دەردەکرێت.

بەکرێگیراوان بۆ تاقیکردنەوە و زانینی ورەی ئێمە دەیانگوت کە ئەگەر لە دادگادا بەرگرییەکی ئاسایی بکەین و باسی ئایدۆلۆژیا و ئەو ئەشکەنجانە نەکەین کە دراوین، لە یەک دوو ساڵ پتر حوکم نادرێین، دیارە پێچەوانەش مایەی ئیعدامە. دەیان پرسی:" ئێ! ئامادەن لە دادگادا ئارام و هێمن بن و ئەم جۆرە هورایانە نەکێشن، تا ئێمە کارێکی وەها بکەین دادگاکانتان لەگەڵ دادگای کورەکاندا بێ." بەڕاست کاتێ بابایەکی بەکرێگیراو ڕوو بە ڕووی گیانی شۆڕشگێڕانەی خەباتکارانێکی ڕاستەقینە دەبێتەوە، خەباتکارانێک کە بەرژەوەندی شۆڕش تێکەڵ بە سەراپای بوونیان بووەو بە هیچ جۆرێ بیر لە خۆیان ناکەنەوە و تەنیا و تەنیا بیر لە پێشڤە بردن و سەرکەوتنی شۆڕش دەکەنەوە، فڕوفێڵ و نێرەنگەکانی دژمن چەند زوو دەکەونە ڕوو و کاڵ دەبنەوە! ئەو ڕۆژە مستەفەوی هەر بۆ ترساندن باسی ئیعدامی دەکرد و هاوڕێیان بەوپەڕی ئەشقەوە باسی شادمانی گەیشتن بە گوللە بارانیان دەکرد!... ئیدی داماوی دژمن، سەمەرەیەک بوو لەو گۆڕە.

## دیداری گەورە؛ دیتنی هاوڕێ مەسعود

ئەو ڕۆژە قەرار بوو هاوڕێ مەسعود ئەحمەد زادە بۆ لای ئێمە بهێنن، هەرسێکمان لەپشت دەرگاکەوە وەستابووین و بەتاسەوە چاوەڕوانی دیداری ئەومان دەکرد، سۆز و هەڵچوونێکی لە وەسپ نەهاتگ باڵی بەسەردا کێشابووین. سەرەنجام دەرگایان کردەوە، هاوڕێیان هێنا، هەرسێکمان بەوپەڕی تاسەوە تەوقەمان لەگەڵ کرد و دەستمان گووشی. شادییەکی زۆر بە ڕوخساری هاوڕێوە دەبینرا و تێکەڵ بە خۆڕاگری و پایەداری پڕ شکۆی ئەو دەبوو. وەختێ تەوقەمان لەگەڵ کرد هەستمان کرد هاوڕێ دەستی کەمێک بە قورسی بەرز دەکاتەوە. ناڕەحەت بووین، لێمان پرسی باشە دوای ئەم هەموو ماوەیە کە بەسەر ئەشکەنجەدا تێدەپەڕێ هێشتا دەستت هەر دێشێت؟ کەمێک دەستی جوڵاند و گوتی نا هیچ نییە! لە ئەرزەکە دانیشت و ئێمەش بە شانازییەکی زۆرەوە دەورمان دا. هاوڕێ ڕوقیە دەستی بە قسان کرد و لە کاتێکا کە دەنگی دەلەرزی و گوشاری لە خۆی دەکرد کە نەگری ، بەسەرهاتی تەحقیقەکەی خۆی بۆ گێڕایەوە و لە کۆتاییدا هەمان ئەو پرسیارەی کە لە ئێمەی کردبوو لە هاوڕێ مەسعودیشی کرد:" ئایا بە ڕای تۆ ئەم کارەی من خیانەت بووە؟" هاوڕێ مەسعود سەرێکی لەقاند و گوتی:" نا، ناشێت ناوی ئەم کارە بنرێت خیانەت" ئەوسا وەکو بەسەرهاتێکی بیر هاتبێتەوە، جۆرە خۆشحاڵییەکی ئاوێتە بە جۆرێک غروور کەوتە سەر ڕوخساری و پرسی:" بەسەرهاتەکەی هاوڕێ مەجیدت بیستوە؟"* (*. مەبەست لە هاوڕێ مەجید ئەحمەد زادەیە.) مستەفەوی دەیویست بەرهەڵستی بکات و نەیەڵێ هیچ بڵێت. بەڵام بێئەوەی گوێ بە مستەفەوی بدەین ، بە هەڵچوونەوە پرسیمان: بەسەرهاتەکەی چی بوو؟ ئەویش دەستی بە گێڕانەوەی کرد کە: " مامورانی ساواک بە کۆمەک و دەستکیشی (( سەر و ئازاد))ی خاین(٥) هاوڕێ مەجید دەگرن و لاقی دەبەستنەوە و لەپشتی ئوتومبیلەکەوە لە نێوان دوو مامورێدا دای دەنەن. ئازاد سەرو و مامورێکی دی لەپێشەوە و لای شۆفێرەکەوە دادەنیشن. هاوڕێ مەجید کە نارنجۆکێکی پێ دەبێت- ماموران لەکاتی پشکنینی دا نارنجۆکەکەی پێ ناگرن و هەر چەکەکەیان گرتبوو- سیانورەکەی دەخاتە دەمی و زامنی نارنجۆکەکە ڕادەکێشێت و دەیخاتە پێشی ئوتومبیلەکەوە. ئازاد سەروی خاین نارنجۆکەکە هەڵدەگرێتەوە و دەیەوێ فڕێی بداتە دەرەوە، لێ نارنجۆکەکە لە ناو دەستیا دەتەقێتەوە، ئەو و شۆفێرەکە دەکوژرێن و هاوڕێ مەجید و دوو ساواکیەکەش بریندار دەبن. پاشان ئەوان لە ئوتومبێلەکە، کە لە سەدەمی تەقینەوەکەدا لە کار کەوتبوو، دێنە خوارێ و بە بێتەل داوای ئوتومبیلێکی دیکە دەکەن. بەڵام لەم کاتەدا ئوتومبێلێکی دەوریێ شارەبانی کە بە چەکەوە دەیان بینێ، وا وێنا دەکات کە ئەوانە چریکن، دەستڕێژیان لێدەکات و بە سەختی بریندارایان دەکات ".

بەدرێژایی ئەو ماوەیەی کە هاوڕێ مەسعوود بە هێمنییە تایبەتییەکەی خۆیەوە، بەسەرهاتەکەی دەگێڕایەوە، مستەفەوی لە حەژمەتەندا گینگڵی دەدا، بەڵام چ قسەیەکی نەدەکرد. لە کۆتاییدا بۆ ئەوەی داخی دڵی خۆی

هەلڕێژێ گوتی:" ئەمە تەنیا ڕێکەوت نەبوو!" ئێمە لە خۆشحاڵیدا پێدەکەنین. هاوڕێ مەسعوود بێئەوەی گوێ بە قسەکەی مستەفەوی بدات لەسەری ڕۆیی: " ئازاد سەروو یەکەم خاین بوو کە بە سزای خۆی گەیی."

ئەوەندەمان قسە دە دڵدا بوو کە نەماندەزانی کامیان بکەین. کەمێک بێدەنگ بووین . چونکە هاوڕێ بە تەبیعەت کەم دوو بوو وهیچی نەدەگوت، هاوڕێ شەهێن هەڵیدایە: " هاوڕێ دەزانی کە هەر وشەیەکی تۆ بۆ ئێمە چەند بەنرخە، بۆچی قسە ناکەیت؟" و ئەو پێکەنی . من مەسەلەیەکم لە زەیندا بوو، کە پێشتر لە ژووری زنداندا، یەکێک لە خەباتکارە زندانییەکان دەربارەی ڕێکخستنەکانی ڕێکخراوەکەمان لێی پرسیبووم و من هیچم لێ نەدەزانی. لە دڵی خۆدا گوتم با ئەو پرسیارەی لێبکەم و پرسیم: هاوڕێ ، دەربارەی ڕێکخستنی ڕێکخراوەکەمان، تۆزێک باسی ئەوەمان بۆ بکە، کە دژمن چەند لێی ئاگادارە. مستەفەوی خەندەیەکی گەوجانەی بۆ کرد و بە تەوسەوە وشەی دژمنی دووبارە کردەوە. هاوڕێ مەسعوود کە تۆزێ قسەی کرد، لە میانەی قسەکانییەوە بۆم دەرکەوت کە حەز ناکات لە بارەیەوە قسە بکات. بابەتەکەم گۆڕی. ئیدی مستەفەوی خوای نەمابوو. چارەی دا بە یەکدا و گوتی: " ئێوە تەنانەت لەبەردەم منیشدا باسی ڕێکخراوەکەتان دەکەن؟" ئەوسا ویستی هاوڕێ ببات. هەستمان بە ئەشق و مەحەبەتێکی لە ڕادەبەدەر دەرهەق بە هاوڕێی قارەمانی خۆمان دەکرد. سۆز و هەڵچوون و خۆشحاڵی لەسەراپامان هەڵدەقولا. خۆشەویستی و ڕاستگۆیی و سەفای هاوڕێ شەهێن دەربارەی هاوڕێ مەسعوود کە تەنیا ئەم چەند دەقیقەیە دیتبووی، گەییە ڕادەیەک کە بێ ئیختیار سەری هاوڕێ مەسعوودی لە هەمێز گرت. ئێمەش بووین بە بینەر و شاهیدی پاکترین و پڕجۆشترین هەستی مەحەبەت و ئەشقی هاوڕێیانە کە بەو جۆرە پرشنگی دەدا و لە خۆمان دەپرسی چ کەسێک جگە لە شۆڕشگێڕانی ڕاستەقینە دەتوانێ لەم چەشنە ئەقشە گەورە و پڕ شکۆیە بەرخوردار بێ ؟ ئەمە یەکەمجار و دوا جار بوو کە ئێمە بە دیدار هاوڕێی قارەمان و هەمیشە لە یادی خۆمان شاد بووین.

## دیدارێن دیکە ، دەگەڵ هاوڕێیاندا

جارێک دەرفەتی دیدارێک لەگەڵ هاوڕێیان سەعید ئاریان و حەمید تەوەکولی دا ڕەخسا. هەڵبەتە نەمانتوانی بە کامی دڵ قسەیان لەگەڵدا بکەین. چونکە حسەینی چەپەڵ لە ژوورەکە بوو و بواری قسەکردنی نەدەداین. ئەو قەرەبەختانە چاوەڕوانی ئەوە بوون کاتێ هاوڕێیان یەکدی دەبینن ، بکەونە ئاخ و داخ و ناڵین. ئەوان داخیان لە ورەبەرزی و خۆڕاگری ئێمە دەخوارد. ئەم دیدارە زیاتر بەم مەبەستە بوو کە هەستی خوشک و برایەتی و ژن و مێردایەتی هاوڕێیان شەهێن و حەمید و سەعید، بهاروژێنن و ورەیان سست بکەن. بەڵام ئەم سێ شۆڕشگێڕە قارەمانە هێندە شۆڕشگێڕانە و قارەمانانە و جەنگاوەرانە و چریکانە بەرخوردیان دەگەڵ یەکدا دەکرد، کە بەکرێگیراوان هەر زوو لە کردەوەکەی خۆیان ژێوان بوونەوە. هاوڕێیان لەم دیدارەدا تاقە شتێ کە بیریان لێنەدەکردەوە، هەڤبەندی خانەوادەیی و خزمایەتی بوو. ئاخر کام هەڤبەندی و هەڤبەستەگی دەگاتە هەڤبەستەکی توندی هاوڕێیەتی؟ ئەم سێ شۆڕشگێڕە بەر لە هەر شتێک هاوڕێی یەکدی بوون، شیعریان بۆ یەکدی دەخوێندەوە و قسەو باسەکانیان دەربارەی ئەو خەڵکانە بوو کە ئاشقانە خۆشیان دەویستن.

بەکرێگیراوان سەبارەت بە هاوڕێیان شەهێن و سەعید، سەبارەت بەم دوو هاوسەنگەر و جەنگاوەرە شۆڕشگێڕە، هەوڵیان دەدا لە ڕێگای باسکردنی منداڵەکانی خۆیانەوە، بە باسی گەمە و یاری و لاساری منداڵەکانی خۆیان " سەمەدی ساوا" یان بیربخەنەوە، ختووکەی سۆزیان بدەن، هەستیان بهاروژێنن و نەترەیان پێ بەر بدەن و لە درێژەدان بە شۆڕش ساردیان بکەنەوە. بەڵام ئەم شۆڕشگێڕە ڕاستگۆیانە، لەوە فیداکارتر بوون کە لە هەنبەر مەحرومیەتی ملیۆنان نەفەر لە منداڵانی مەحروم و بەشمەینەتی جیهان کە بە ڕەنگی زەردەوە لە کارخانەکاندا مژوولی کارن، منداڵانێک کە لەژێر دەسەڵات و حوکمڕانی زاڵمانەی ڕژێمانی دەستنێژ، لەوانە حکومەتی ستەمکاری پەهلەوی لە ئێراندا، کە لە سەرەتاوە دێنە چەوساندنەوە و هەزار و یەک جۆرە سووکایەتیان پێدەکرێت، تەنیا بیر لە منداڵەکەی خۆیان و تەنیا بیر لە یەک سەمەد بکەنەوە. ئەوان هاوڕێی هەموو منداڵانی ستەمدیدە و بەشمەینەتی جیهان بوون و لە پێناوی ڕزگاری هەموویان لە چنگی چەوسێنەران بەوپەڕی مەسئولییەتەوە تێدەکۆشان و دەخەبتین. ئەوان بە دڵ هەموو منداڵانی مەحرووم لە مەحەبەتیان خۆش دەویست. لەم دیدارەدا بوو کە هاوڕێ سەعید باسی خانەوادەیەکی زەحمەتکێشی هەژاری هێنایە ئاراوە کە هەردووکیان (خۆی و شەهێن) دەیان ناسین و بە هاوڕێ شەهێنی گوت:" ڕەزا ناتوانێ منداڵی هەبێ، بە خۆت دەزانی بۆ؟ چونکە منداڵەکانی لە برسا و لە بێ دەرمانیدا دەمردن..."

جارێکیش دیدارێکمان لەگەڵ محەمەدی برا بچووکی مندا بوو. بەر لە دیدارەکە مستەفەوی بە منی گوت چونکە محەمەد تووشی ناڕەحەتی دەروونی بووە، جا بۆ ئەوەی کەمێک وەخۆ بێتەوە دەمانەوێ تۆ ببینێ. جا لەبەر ئەم حاڵەتە دەروونیەی، بەشێوەیەکی ئاسایی قسەی دەگەڵدا بکە، بەلای کەمەوە شیعر و شیعاری بۆ مەخوێنەوە. من بە ساڵێک بەر لە گرتنەکەم لە محەمەد دابڕا بووم و نەمدەزانی لە چ قۆناغێکی گەشەی فیکریدایە، ئایا بووە

بە ئەندامی ڕێکخراو یان نا؟ بە هەرحاڵ ئەویان لە سەر ڕێکخراو گرتبوو. دژمن دەیویست بۆ پوچەڵ کردەنەوەی ئەو کاریگەرییەی کە شەهید بوونی هاوڕێ بەهرۆز لەژێر ئەشکەنجەدا بەجێی هێشتبوو، سوود لە بوونی محەمەد وەربگرێت. بەرنامەیەکیان بۆ دانابوو کە بیهێنن لە تەلەفزیون قسە بکات.

ئێمە لە ژیانی ڕابردووماندا، هاوڕێ بەهرۆزمان سەبارەت بە خەسڵەت و تایبەتمەندییە شۆڕشگێڕییەکانی یەجگار خۆشدەویست. ئەو کاتەمان خۆش بوو کە ئەومان دەبینی. لە بیرمە کە چۆن وەختێ لە دەرگادانە تایبەتییەکەی ئەومان دەژنەوت، خۆشحاڵی ڕوخساری دەگەشاندینەوە و  بە غار و بەو پەڕی شادی بەرەو دەرگا بەرەو پیری دەچووین. هاوڕێ بەهرۆز ئەو کەسە بوو کە هەموو پێویستییە مادی و مەعنەوییەکانی ژیانی بۆ دابین دەکردین. ئەو ڕێگای شۆڕش، ڕێگای ڕزگاری یەکجارەکی جەماوەری خەڵکی لە سەدان سالی ئەسارەت، پێنیشان دەداین و فێری دەکردین کە چۆن دەبێ ئەم ڕێگایە هەتا سەر بە پایەداری و باوەڕی پتەوەوە ببڕین. هەر دەرفەتێکی دەست بکەوتایە، چەندیش کورت بوایە، باسی مارکسیزمی بۆ دەکردین. جا بە چ زمانێکی سادە و هەر پرسیارێکی بچووکمان لێ بکردایە، بەو پەڕی جدی و حەوسەڵەوە وەڵامی دەداینەوە و لە جۆرەها ڕووەوە بۆی شەرح و شرۆڤە دەکردین. هچ ڕەفتارێکی هاوڕێ ، هیچ وتەیەکی، لە ئامانجە پیرۆزەکانی ژیانی بەدەر نەبوو. باوەڕی وا بوو کە دەکرێ دایکە پیر و نەخوێندەوارەکەشمان فێری مارکسیزم بکرێت. هەر بۆیەش هەرکاتێ دەرفەتی بۆ ڕەخسابا ئەو کارەی دەکرد. پەندێکی یەجگار زۆری تورکی دەزانی کە یاساکانی دیالیکتیکیان بە شێوەیەکی سادە تیادا بەیان کرابوو و بۆ خۆیان دروشم و ئارمی زۆر گرینگ بوون: " بولا نماسا، دورولماز"  واتە " تا گۆڕان (شۆڕش) ڕوونەدات، سازگاری بەدەست نایەت" هەروەها پەندی " ال چک می ین ، ال چکمز، گرگ جان چکە دردی " دروشمێک بوو هەمیشە دەیگوتەوە. ماناکەی بە کوردی ئەمەیە:" ڕێڤینگی ڕاستی، لە هیچ ڕێیەک ناترسێ، گیر وگرفتان دەبێ بە گیان بکڕێ..."

سەراپای بوونی هاوڕێ بەهرۆز بۆ ئێمە ئەشق و باوەڕی بەرجەستە بوو، ئەشق بە جەماوەری بەشمەینەتی سەرانسەری جیهان و باوەڕ بە سەرکەوتنی یەکجارەکی شۆڕشەکەیان. ئەوێک کە ئەمە حاڵی بوو، چۆن دەکرا ئێمە ئاشقی ئەو نەبین؟ ساواک بۆ گەیشتن بە ئامانجی دژە خەڵکی خۆی دەیویست سوود لەم خاڵە لاوازەی محەمەد وەربگرێت.

محەمەدیان لە سالولێکی ئینفرادی دانابوو، ریکۆردەرێکیان لە تەنشت ژوورەکەیەوە دانابوو، کاسێتێکی ئەشکەنجەدانیان خستبووە سەر و گوتبویان کە بەهرۆز ئەشکەنجە دەدەین. هەندێ ڕۆژیش بەیانیانی زوو، چەند گوللەیەکیان بە حەوادا دەتەقاند و دەیانگوت چەند کەسێکمان گوللە باران کرد. یا نیوە شەو لە خەو هەڵیان دەستاند و هەڕەشەی ئەشکەنجەدانی جەستەییان لێ دەکرد. بەردەوامی ئەم ئەشکەنجە دوروونی و  هەندێجاریش جەستەییانە، دەرهەق بە محەمەد و بەتایبەتی کە زانیبووی بەهرۆز کوژراوە، تووشی بارێکی دەروونی خراپی کردبوو، دووچاری گێژییەکی وا بوو بوو، کە نەتوانێ هەستەکانی کۆنترڵ بکات و ڕستەیەکی دروست بڵێت.

قسەکانی سەر و بەریان نەبوو، چاوانی خۆی دەبەستەوە و گوشاری لە خۆی دەکرد کە بتوانێ تەرکیز بکات، بەڵام نەیدەتوانی. بەهیچ جۆرێ باوەڕی بە دژمن نەبوو، کە منی بینی بوو، هەوەڵجار نەیدەویست ئەوە قەبووڵ بکات کە خوشکیم. وای وێناکردبوو ڕەنگە ئەمەش بۆخۆی کەڵەک و ئۆینێک بێ و من کە حاڵم باش نییە، نابێ زوو باوەڕ بکەم. کە لەگەڵ ئێمە قسەی دەکرد نەیدەتوانی تەرکیز بکات، قسەکانی دەشێواند و هیچ پەیوەندییەکیان پێکەوە نەدەما. بە فەهیمی دەگوت:" من دەزانم دوای ئەوەی لێرەتان بردم ئەشکەنجەم دەدەن، بەڵام قەیدی نییە، ڕێم بدە با من قسەکانم بکەم."

وێنەکەی شا بە دیوارەکەوە بوو، ئاماژەی بۆ وێنەکە کرد و بەوپەڕی سادەیی و سەفاوە گوتی: " دەزانی قسەی دڵی من ئەمەیە، من وەفاداری ئەو نیم ، ئەو دژمنە..."

بە درێژایی ئەو ماوەیەی لە ژوورەکەی ئێمەدا بوو و لە کاتی کردنی ئەو قسانەدا ساویلکەیی و ڕاستگۆییەکی هێندە بێ وێنە و بێ پایان لە جموجوڵ و قسەکانیا بەدی دەکرا کە بە ڕاستی ئێمەی خەمبار دەکرد. قووڵی ئەم ڕستەیە باش حاڵی دەبووم. - من وەفاداری ئەو نیم- دەمزانی ئەگەر خوێندنەوە و موتاڵای سیاسی هەبوایە و توانای دەربڕێنی هەستە دەروونییەکانی خۆی هەبوایە ئەم هەستە پاک و بێگەردەی خۆی بە ڕستەێن ڕەوانتر دەردەبڕی.

محەمەد لە تەمەنی دوازدە ساڵییەوە دوای تەواوکردنی قۆناغی خوێندنی سەرەتایی، لە کارگەێن جۆراوجۆری زێڕینگەری و میکانیکی کاری کردبوو و پاشان لە قوتابخانەی شەو تا پۆلی نۆیەمی خوێندبوو. کاتێ گرتیان، کرێکارێکی میکانیکی کارامە بوو کە لەڕووی پراکتیکییەوە وەستابوو. ئەوم باش دەناسی، دەمزانی چەندی ڕق لە دژمنە. بۆیە کە بیستم بەرخوردی زۆر توندی لەگەڵ خەتاییدا هەبووە، هیچ پێم سەیر نەبوو. لە ڕۆژانی هەوەڵی گرتنەکەیدا، لە یەکێک لەو شەوانەدا کە خەتایی لە نیوەشەودا بێداری دەکاتەوە تا لەو ڕێگەیەوە ئەزیەتی بدات و بەو شەوە درەنگە بازجۆیی دەگەڵدا بکات، محەمەد پەلاماری دەدات و بەجۆرێ گاز لە لاقی دەگرێت کە بەکرێگیراوەکانی دی بەهانایەوە دێن و لە چنگ محەمەد ڕزگاری دەکەن. ئەو ڕۆژە کە هەر یەکێک لە ئێمە هەوڵمان دەدا بە قسەیەک دڵخۆشی بدەینەوە و ورەی بەرز بکەینەوە، لێی دابڕاین. پاشان لە زندانی قەسردا بیستم کە دوای ئەوەی کەمێک وەخۆی هاتبووەوە و حاڵی باش بوو بوو، سەر لە نوێ ئازاری دەدەن و ناڕەحەتی دەکەن. جارێکیش لە زندانی گشتی دەری دەکەن و بۆ ماوەی مانگێک خستبویانە سالولی ئینفرادییەوە، لە دادگادا چوار ساڵ حوکمیان دا.

***

نزیکەی بیست ڕۆژ لە ئەوین بووین. سیازدە یا چواردەی مانگی ئازەر بوو کە هەندێ لە ئەندامانی ڕێکخراوی ئازادی بەخشی خەڵکانی ئێران دەسگیرکران و لەبەر کەمی جێگا ئێمەیان بۆ زندانی قەسر گواستەوە، هەمیشە

وابوو، مەگەر ڕێکەوت فریا کەوتبا تا کەسێک کە بۆ نموونە ماوەیەکی زۆر لە تاک ژووراندا بوایە، بۆ زندانی گشتی بگوازرایەوە، یا ڕەوش و چارەنووسی ڕوون بێتەوە. هەندێجار لەبەر کەمی جێگا خەڵکانێکیان لەوانەی تاوانیان کەم بوو، ئازاد دەکرد.

***

پێش ئەوەی ئێمە بۆ زندانی قەسر بگوازنەوە، حسەینی بە خۆ و سێ کاغەزەوە خۆی بە ژوورەکەی مەدا کرد و گوتی: "ڕای خۆتان سەبارەت بە ڕەوشی ئێرە بنووسن کە ئایا لەو ڕەفتارەی کە لە ماوەی ئەم چەند ڕۆژەدا لە گەڵتان کراوە ڕازین یان نا؟" هەرسێ هاوڕێ تەمەشای یەکدیمان کرد کە: ئەمە چ داو و تەڵەکەیەکە و چ مانا و مەبەستێکی لە پشتە؟ یەکسەر هۆی ئەو پەزیراییە گەرمەمان زانی کە پێشتر شەرحم کرد. کەواتە هەنوکە گەرەکیانە بزانن ئەو ڕەفتارانەیان تا چ رادەیەک کاری لە مە کردووە و تا چ رادەیەک بۆچوونمانی سەبارەت بە ساواک گۆڕیوە؟

هاڕێ شەهێن کاغەزەکەی وەرگرت و بە چاوە بزەکانی تەماشاییەکی کرد و لەسەری نووسی: " ئێمە لێرەدا هیچ ڕەفتارێکی چاوەڕوان نەکراومان لە ئێوە نەبینی!" من و هاوڕێ ڕوقیەش هەمان چەمک و ناوەڕۆکمان بە کەمێک دەستکارییەوە نووسی:" ئێمە چاوەڕوانی هەر جۆرە ڕەفتارێکین لە دژمن. کە هەر سەعاتێ جارێ چایەکیان داوینەتێ و هەر پەزیراییەکی تر کرابین، لە بەر خاتری چاوی کاڵی مە نەبووە، بەڵکو مەبەستی دیکەی لە پشت بووە."

***

پێش ئەوەی لە زندانی قەسر بمانگوازنەوە، بۆ زندانی قزل قەڵایان بردین و لەوێندەرەوە بۆ دایەرەی زانیاری چووین تا وێنەمان بگرن و پەنجەمۆرمان پێ بکەن. ئەو ژوورەی کە پەنجەمۆرەکەیان تێدا دەکرد، ژوورێک بوو پڕ لە زندانیانی پیاو بە سەر و وەزعی شێواوەوە. دووکەڵی جگەرە ئاسمانی ژوورەکەی تەنی بوو. پیرەمێردێکی کورتە باڵا کە کاسەیەکی پڕ لە پلاو بە نیسکی بە دەستەوە بوو، بە میهرەبانی و سەرسامی سەیری ئێمەی دەکرد، حەزی دەکرد هاوسۆزیمان دەگەڵدا بکات. کاسەکەی هێنایە پێشەوە و پێی لێ داگرتین کە لەگەڵی بخۆین. کوڕێکی دوازدە - سیازدە ساڵانیش، بە ڕەنگی زەرد و پشتی چەماوەوە بە هەمان خۆشەوستی و ڕاستگۆیی پیرەمێردەکەوە، لە کاتێکدا بە ڕووماندا دەگرژییەوە، خوڵکی کردین کە نانی لەگەڵ بخۆین.

دیتنی ئەم دیمەنانە لەو کاتەدا بۆ ئێمە یەجگار خۆش و دڵخۆشکەر بوو: ئەو ڕوخسارە راستگۆ و ئازیزانەمان لەسەر پەڕەی دڵی خۆماندا هەڵکۆڵی تا هەرگیز خۆشەویستی سەرڕێژ لە سەفای ئەوان لە بیر نەکەین.

***

## ڕوونکردنەوەکانی فەسڵی چوارەم:

١ - سەعید ئاریان: هاوسەر و هاوسەنگەری شەهێن تەوەکولی بوو، ئەندامی ڕێکخراوی چریکانی فیدایی خەڵک بوو، لە کاتی گۆڕینی بنکە نهێنییەکەیدا، چونکە چەکی پێ نابێ دەگیرێ و لە زستانی ساڵی ١٣٥٠ دا گوللەباران کرا.

٢ - ئەسەدوڵلا موفتاحی: ئەندامی ڕیکخراوی چریکانی فیدایی خەڵک بوو کە لە هاوینی ساڵی ١٣٥٠ دا گیرا و لە زستانی هەمان ساڵدا دەگەڵ برا و هاوخەباتی خۆی، عەباس موفتاحی و چوار چریکی قارەمانی دیکەدا گوللە باران کران.

٣ - عەبدولمەناف فەلەکی تەبرێزی: ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لقی تەورێزی چریکانی فیدایی خەڵک بوو کە لە هاوینی ساڵی ١٣٥٠ گیرا و لە مانگی ئەسفەندی هەمان ساڵدا لەگەڵ دە خەباتکاری دیکەدا گوللەباران کران.

(+) : سەبارەت بە هاوڕێ مەناف فەلەکی پێویستە کەمێک ڕوونکردنەوە سەبارەت بەو هەلومەرجە تایبەتییە بدەم کە لە زنداندا بۆ ئەو هاتە پێشەوە. هاوڕێ مەناف سەرباری تەحەمولی ئەو هەموو ئەشکەنجەیەی کە لەلایەن دژمنەوە درا، لە سۆنگەی بەدگوزارشتێکەوە یا دەنگۆیەکەوە کە بەکرێگیراوانی دژمنیش بڵاویان دەکردەوە و بەخێرایی لە زنداندا دەنگی دایەوە و لە نێو هاوڕێکانی خۆشیدا بڵاوبووەوە، زۆر ئیحراج بوو، ئەم هەواڵە بڵاوبووەوە کە مەناف خیانەتی کردووە، بۆیە لە هاماجێکدا کە زندانییەکان دەرفەت و هەلی گفتوگۆی ئازادانەیان پێکەوە نەبوو ودەرفەتی گەنگەشە و چەند و چوونی مەسەلەکەیان نەبوو تا بزانرێت کە لە ڕاستیدا چ کارێک لەلایەن مەنافەوە کرابوو تا ئەو قسەیەی دەربارە بکرێت.

هەندێک لە هاوڕێیان کاتێ بە ڕێکەوت ئەویان بۆ ساتێک دەبینی، پێیان دەگوت " خاین" یا نیگایەکی تووڕەیان دەکرد و بەلایدا تێدەپەڕین. بێگومان تەحەمولی ئەم ڕەوشە بۆ بابایەکی زندانی خەباتکار زۆر دژوار و زەحمەتە.

ڕاستی مەسەلەکە ئەوە بوو کە مەناف لە ژێر ئەشکەنجەدا دانی بە دیداری خۆیدا لەگەڵ هاوڕێ ئەحمەد زادە دا نابوو. بەڵام ڕاستە کە لەو سەروبەندەدا وێنایەکی زەینی لەمەڕ ئەشکەنجە هەبوو و چاوەڕوانی ئەوە لە کەسێکی شۆڕشگێڕ دەکرا کە بە هیچ کلۆجێ هیچ ڕازێ بۆ دژمن نەدرکێنێ - دەنا بە خائین دەژمێردرێ - بەڵام ئەم حەقیقەتەش هەیە کە لەو کاتەدا هاوڕێیانێک هەبوون کە توانای تەحەمولی ئەشکەنجەیان لە دەست دابوو و لەژێر ئەشکەنجەدا شتیان درکاندبوو، بێئەوەی تۆمەتی خیانەتیان بدرێتە پاڵ. بەڵام بۆچی سەبارەت بە مەناف کرا بە خاین؟ هەڵبەت بەدەر لە گرینگی هاوڕێ مەسعوود لە ڕێکخراودا، کە پێدەچێ لاوازی مەنافی بەرجەستە کردبێت، بە تاکید بێ ئەزموونی و سەتحی ڕوانی هەندێک لە هاوڕێیان و هەوڵی دژمن بۆ سوئی ئیستیفادە لەو کەش و هەوایە، بۆ لاوازکردنی هەرچی زیاتری ورەی مەناف، لەم مەسەلەیەدا بەشدار بوون. بەڵام هاوڕێ مەناف وێڕای ئەوەی کەوتبوە ئەو هەڵوێستە دژوارەوە، گەورەیی خۆی ئاشکرا کرد و هەر لە سەر باوەڕی تەواو بە چینی

کرێکار، کە خۆی لە باوەشی ئەو چینەدا پەروەردە بوو بوو، مایەوە. ( مەناف ماوەی دوازدە ساڵ لەژێر زەمینە نمسارەکانی حکم ئاباد قاڵی چنی کردبوو و لەم ژینگەیەدا بوو سەمەد و بەهرۆز ئاشنایەتی و ناسیاویان دەگەڵ پەیدا کرد ) ئەو لە هەنبەر دژمندا سەری دانە نەواند وخوێنی خۆی شاباشی ڕزگاری چینی کرێکار و زەحمەتکێشان لە چەوساندنەوە و زوڵم و ستەم کرد. یەکێ لەو هاوڕێیانەی کە لەو سەروبەندەدا دەگەڵ مەنافدا لە یەک سالولدا دەبێت و پێکەوە و لەیەک دادگادا، دادگایی دەکرێن ( هاوڕێ محەمەد تەقی سەید ئەحمەدی) لەو دواییانەدا لە وتارێکیا لە پل تاک، ڕوونیکردووەتەوە کە هاوڕێ مەناف لە دادگادا بە نەفەسێکی هێندە بنجبڕی شۆڕشگێڕانەوە کەوتە داکۆکی لە ئامانجە پرۆلیتارییەکانی خۆی، کە بەڕاستی هیچ شتێکی تیا نەهێشتەوە کە ئیعدام نەکرێت.

٤ - ڕێکخراوی ئازادی بەخشی خەڵکانی ئێران: ئەندامانی ناوەندی ئەم ڕێکخراوە لە سەرەتادا لە ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی حیزبی تودەدا ئەندام بوون کە پاشان بە ڕەتکردنەوە و ڕەفز کردنی بۆچوونەکانی ئەوان، لەم ڕێکخراوە جیابوونەوە و ڕێکخراوی ئازادی بەخشی خەڵکانی ئێرانیان دامەزراند. ئەم ڕێکخراوە هاوزەمان لەگەڵ دەستپێکردنی خەباتی چەکدارانە لە ئێراندا، بەشێوەی چەکدارانە کەوتنە خەبات. بەڵام دوای ئەنجامدانی دوو کاری چەکدارانە، بە ڕێبازەکەی خۆیاندا چوونەوە و دەستبەرداری خەباتی چەکدارانە بوون. زۆربەی ئەندامەکانی لە مانگی ئازەری ساڵی ١٣٥٠ دا لەلایەن ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی حیزبی تودەوە کەشف کران و دەسگیر کران. یەکێک لە ئەندامانی ناوەندی ڕێکخراوی ناڤبری ( سیروس نهاوەندی) لەزندان ڕەڤی و دووبارە هەمان ڕیکخراوی بە ڕێبازی خەباتی چەکدارانە زندوو کردەوە و حاڵی حازر درێژە بە خەباتی خۆی دەدات.

(+) : بڕوانە ڕوونکردنەوەی ژمارە دوو لە فەسڵی پێنجەم.

٥ - ئازاد سەروو: کەسێک بوو کە بووە بایسی دەسگیرکردنی مەجید ئەحمەد زادە و بەخۆیشی لە هەمان دەسگیریدا بە دەستی مەجید کوژرا.

# فەسڵی پێنجەم

## *له زندانی قەسردا*

## *ڕەخساندنی هەلومەرجێن خۆشگوزەرانی لە زنداندا*

## *پیلانێکی دیکەیە بۆ خەباتکاران*

گەیینە زندانی قەسر. کە لە دەروازە گەورەکەی زندانەوە وەژووورکەوتین، دوو هۆڵی گەورەمان بینی کە بە کاری مواجەهەچییەکاندا ڕادەگەیی. لە حەوشی زندانی قەسردا ، جگە لە زندانی ژنان، هەشت زندانی دیکە بۆ تاوانبارانی ئاسایی و سیاسی هەیە. زندانی ژمارە سێ و چوار تایبەتن بە سیاسییەکان. نەخۆشخانەیەک ، گەرماو، ئاشخانە و مزگەوتێک هەیە کە هەر بە ڕواڵەت مزگەوتە، دەنا پڕە لە زندانی و، کارگەیەکی پیشەیی تێدایە. گەیینە زندانی ژنان کە کەوتووەتە دوا بەشی زندانە گەورەکە.

سەرهەنگێک بە غرورێکی گەوجانەوە، دەگەڵ ئەفسەرێک و چەند پاسەوانێک لەبەر دەرگاوە وەستا بوو. ئەوانە سەرۆکی زندان و ئەفسەری خەفەر و پاسەوانانی زندانەکە بوون. لە ئەویندا بە خەیاڵی خۆیان بۆ ترساندنی ئێمە گوتبوویان کە زندانی قەسر پڕە لە ژنانی خراپ و بەدڕەوشت و شڕندە و شەڕانی و شوێنێکی هێندە خراپە کە خەڵکی ئاسایی ئیدارەی تیادا ناکات. ئیدی وەعدی ژیانێکی سەخت و دژواریان بە ئێمە دابوو. کە لە دەرگای زندانەکە وەژوور کەوتین حەوشێکی تا ڕادەیەک گەورەمان بینی کە هەندێ ژن و پیاو پیاسەو ڕاوێچکەیان تێدا دەکرد. ماوەیەک لە نووسینگەی زندانەکەدا ماتەڵیان کردین، ئێمەش بەسەر سڵاومان لەو ژنانە دەکرد کە لە پشت پەنجەرەکانەوە وەستابوون و تەمەشای ئێمەیان دەکرد. ئەمە یەکەمین ئاشناییمان بوو وپاشان بۆمان دەرکەوت ئەوانە بە پێچەوانەی گوتەی مامورانی ساواکەوە، خەڵکی زۆر میهرەبان و باشن و زاراوەی خراپ و گەندەڵ بە هەموو مانای وشە هەر شایان بە خۆیانە نەک بەم ژنانە کە بە هۆی بەشمەینەتی و نایەکسانی کۆمەڵایەتی و ئەو بەدبەختیانەوە کە ئێمە لە نزیکەوە دەمانبینی، ڕێیان کەوتبووە زندان. لە لاپەڕەکانی داهاتوودا چمکێک لە ڕۆژ ڕەشی و قەرە بەختی و قسەکانی وان باس دەکەین، ئەگەرچی کەم کەس هەیە خۆی ئاشنای نموونەێن فراوانی لەوانە نەبێت.

زندانەکە بینایەکی دوو نهۆمی هەبوو، نهۆمی سەرەوە بە دەرگایەکی گەورە، کە تەنیا لە هەندێ کاتی تایبەتیدا بۆ هەواگۆڕکێ دەکرایەوە، دەنا هەمیشە قفڵ بوو. ئەو دەرگا گەورەیە هەردوو نهۆمەکەی لێکدی جیا دەکردەوە.

تاوانبارانی ئاسایی، ژووری سەرۆک، نووسینگەی زندان، نەخۆشخانە و ژوورێکی تەنیشتی کە بۆ کچانی سیاسی تەرخان کرابوو، لە نهۆمی خوارەوە بوو.

مەستوورە ئەحمەد زادە و سێ دەستە خوشکی کە لە سۆنگەی ڕێکخراوەوە گیرابوون و هەروەها کچێکی دی کە بە تۆمەتی ئەوەی نامیلکەیەکی پێ دەگیرێت، لە هەوەڵین کچانی سیاسی ئەم زندانە بوون. کاتێ ئێمە گەیینە ئەوێندەر، ئەوان ئازاد بوو بوون و خەڵکانی دی هاتبوونە جێگەیان. لە ژوورەکەدا چوار نەفەر لە

گرووپێکی هەشت نەفەری ( چوار کچ و چوار کوڕ، بێئەوەی هیچ هەڤبەستەکیەکیان بە ئەنجوومەنانی سیاسییەوە هەبووبێ و تەنیا لەژێر کاریگەریی بزووتنەوەی سیاکەل و شەڕی قارەمانانەی هاوڕێیان پویان و پیرونەزیری دەگەڵ دژمندا، خۆ بە خۆ دروشم و ئاڕمیان لەسەر دیواران نووسی بوو و هەروەها عاتیفە جەعفەری(١) و شارون لابرکینگی کچە ئەمریکایی کە ڕۆژنامەکانی ئەو ساڵە زۆریان لەسەر نووسی و دوو کەسی دی کە حوکمێکی کەم درابوون، لەوێ بوون.

کە ئەم هەموو کیژەم بینی کە بە تۆمەتی سیاسی گیرابوون، هەستم بە خۆشحاڵییەکی زۆر کرد. پاش چەند ڕۆژێ ڕەوشی زندانەکەمان بە دروستی بۆ دەرکەوت. ژینگەی ئەوێندەر، ئەو ژینگەیە نەبوو کە بە تەواوەتی مایەی خۆشحاڵی بێ. خواردن و کار تا ڕادەیەک هاوبەش بوو، بەڵام هەماهەنگی و ڕاستگۆیی و دڵسۆزییەکی ئەوتۆ لە نێو زندانییەکاندا بەدی نەدەکرا. لە ژوورەکەدا پێنج تەختە خەوی دوقاتی گەورە، مێزێک لە ناوەڕاست و دوو کورسی و تەنەکەیەکی خۆڵ کە وەکو کورسی سوودی لێوەردەگیرا، دانرابوو، کە تەقریبەن هەموو ژوورەکەیان پڕکردبۆوە و نەدەکرا بەبێ تەق و هوڕ شتێک دابنەیت، یا لەملای ژوورەکەوە بۆ ئەولا بڕۆیت.

لەبارەی کتێبەوە تەنیا دوو کتێبی لە بابەتی ( ناسخ التواریخ)ی لێبوو، هیچ شتێک ڕێک وپێک نەبوو. دەبوایە گۆڕانێک لە ڕەوشی ژوورەکە بکرێت. من و هاوڕێ شەهێن تەوەکولی و ڕوقیە دانشگەری هەرسێکمان بە کەمێک جیاوازییەوە خەڵکانی هەستیار بووین کە تەنیا هەست و سۆز و هەڵچوونێکی زۆرمان هەبوو، دەنا نە ئەزموونێک لە ئارادا بوو و نە توانای لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و دۆزینەوەی چارەسەرێکمان بۆ کێشەکان هەبوو. بەوە دڵی خۆمان خۆش دەکرد کە کەسێک هاتبێتە زندان، دەبێ لانی کەم لە ئاستی ئێمەدا بێ. ئەم جۆرە بیرکردنەوە و هزرینە، وێنا و پێشبینییەکی زۆری لا دروستکردبووین کە نەدەکرا بێتە دی. ژوورەکە شپرزەییەکی زۆری پێوە دیار بوو، بوونی کەسانی جیاواز بە مەیل و بۆچوونی جیاوازەوە، ژینگەیەکی داخراو کە بە ناچاری دەبوایە شەو و ڕۆژ پێکەوە بگوزەرێنین. ئەمە جگە لە دیدی تەسک و سەردەرنەکردنی تەواو لە مەسەلەکان کە هەر چییەک بوایە دەبووە مایەی گەشەکردن و دید و بۆچوونی ئێمەش سەبارەت بە مەسەلەکان هەموو جارێک فراوانتر دەبوو. دوای مانگێک لە هاتنی ئێمە بۆ ئێرە، چوار کچەکەی گروپە هەشت نەفەرییەکە ڕۆیشتن. ژیان تەواو شێوابوو و ئێمە هەوڵمان دەدا نەزم و نیزامێکی دروستی پێ بدەین. باوەڕمان وا بوو کە هەر خەباتکارێک لە هەر هەل ومەرجێکدا دەبێ درێژە بە خەبات بدات و بە خەباتگێڕی بمێنێتەوە.

کە چاومان بە هەل ومەرجی خۆشگوزەرانی زندانی قەسر کەوت، زوو پەیمان بەوە برد کە دژمن بۆ کوشتنی گیانی شۆڕشگێڕی تەنیا یەک ڕەوش و یەک تاکتیک بەکار نابات. تەنیا ژیانی نێو ڕەشچاڵان، بۆ بابایەکی شۆڕشگێڕ، سەخت و دژوار نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە ژیانی نێو ژوورێکی گەرم و ئاسودەش بە ئەندازی ژیانی نێو ڕەشچاڵان سەخت و دژوارە و تەنانەت باندۆر و کاریگەریی خراپتریشی هەیە. جا لێرەوە ئیسراحەتخوازی و

کەم کەم ڕاهاتن لە گەڵ ژیاندا و تەنیا ژین، بێ هیچ جموجوڵ و چالاکییەک دێتە ئاراوە. دژمن دەرهەق بە ئێمە سوودی لەم تاکتیکە وەردەگرت.

ئەو ژوورەی کە ئێمەی تیا دەژیاین، ژوورێکی گەورە بوو، پەنجەرەی هەتاوگیری تیا بوو، تەوالێت و دەستشۆری تیابوو. قەرەوێڵەی گەورە و چاک ، دۆشەک و بالێفی نەرم، کە هەندێکمان لەماڵی بابیشماندا شتی وا گەرم و نەرممان نەبوو. لە ناو زندانەکەدا دوکانێک هەبوو، بۆ فرۆشتنی هەندێک خواردنی وەکو شیر و هێلکە و ماست و پیاز.... لە ڕووی پاک وخاوێنیشەوە هەفتەی جارێک دەچووینە گەرماو. ئەمە نموونەیەکی نوقستانی ئەو ئاسوودە خوازییە بوو کە ڕژێم لە دەرێ ڕا بۆ توێژێک لە خوردە بۆرژوازی فەراهەمی دەکات و بەرەو خۆشگوزەرانی و تەن پەروەری و ئارامی خوازیان دەبات و دەکاتە کارێک کە بیر لە زۆر مەسەلەێن گرینگ و جدی و ڕەسەن نەکەنەوە. ئێمە چاک دەمانزانی کە ڕاهاتن بە ژیانی ڕەحەت، ڕەحەتخوازییەک دێنێتە ئاراوە کە مەترسیدارە. بۆیە ئەوەندەی لە تواناماندا بوو، هەوڵمان دەدا بەرنامەیەکی سیستەماتیکی ئەوتۆ بۆ خۆمان دابنەین کە ڕێگەی گەشەکردنی ئاسوودەخوازیمان نەدات. هەرچەندە هەندێک لەوانەی نێو ژوورەکە باوەڕیان وا بوو کە پێویست بەم بەرنامەیە ناکات و لە کاتی پێویستدا مرۆڤ دەتوانێ بە زەبری هێزی باوەڕ ،خۆی لەبەر هەل ومەجی سەخت و دژوار ڕابگرێت. زۆربەی هاوڕێیان بەگوێرەی ئەو ئەزموونانەی بەدەستیان هێنابوو و، قەناعەتیان وا بوو کە ئەو جۆرە بۆچوونە دروست نییە و دەیانگوت هەل ومەرجی خۆشگوزەرانی و فەراهەم کردنی خۆشگوزەرانی، خۆی لە خۆیدا پیلانێکە کە دژمن بۆی ناوینەتەوە، ئێمە دەبێ بە هۆشیارییەوە ڕوو بە ڕووی ببینەوە و هەڵنەخەڵەتێین.

## *لابرکینگ، هاوزندانییە ئەمریکاییەکەی مە*

لێرەدا باسی شارون لابرکینگ دەکەم، لابرکینگ ئەو کیژە ئەمریکاییە بوو کە بە تاوانی گوایە سیخوڕییەوە گیرابوو و زندانی کرابوو، ڕۆژنامەکان هەرا و هەنگامەیەکی زۆریان لە سەر نایەوە.

لابرکینگ کیژێک بوو کە لە باری سیاسییەوە هۆشیاری کەمی هەبوو. ئەم کیژە دەسگیرانی خوێندکارێکی ئێرانی ئەندامی کۆنفدراسیون بوو، چونکە خۆی نەیدەتوانی بۆ ئێران بێتەوە، ئەوی بۆ لای خانەوادە و کەسوکارەکەی ناردبوو. لابرکینگ دەبوایە وێنەی چەند دیمەنێکی جیاوازی ئێران بگرێت. شارۆن بەڕێکەوت کاتێ گەیی بووە ئێران، کە دامودەزگا ڕاگەیاندنەوانییەکانی ڕژێم، دەستەپاچانە هەوڵیدەدا سوود لەو جۆرە کەسانە ببینێ بۆ پوچەڵکردنەوە و دامرکاندنەوەی ئەو شەپۆلە نوێیە شۆڕشگێڕییەی کە بەرپا بوو بوو و ئارامی ڕژێمی ئەنتی خەڵکی دەشڵەژاند.

شارۆن بەر لە هاتنی مە، بۆ ئەوەی دادگای بۆ دابنەن و دادگایی بکەن، دوو جاران مانی لە نانخواردن گرتبوو. بۆ جاری سێیەم، لەبەر ئەوەی دادگا بە ناهەق و بێ هیچ بەڵگەیەک حوکمی شەش مانگی دابوو بە تەنگەیدا، بۆ جاری سێیەم مانی گرتەوە. دەیویست ئازاد بکرێت. کیژێکی ورە بەرز و ڕاستگۆ بوو. وێڕای ئەوەی وشیارییەکی سیاسی کەمی هەبوو، بە فێڵ و تەڵەکەکانی دژمن هەڵنەدەخەڵەتا. لە دادگادا زۆریان هەوڵدابوو کە پەشیماننامەیەک بۆ شا بنووسێت، بەڵام ئەو لێبڕاوانە ئەم داوایەی ڕەتکردبۆوە. سەفیری ئەمریکاش لە ئێراندا، هەمان پێشنیازی بۆی کردبوو. سەرۆکی زندانیش لەمبارەیەوە زۆری هەوڵ لەگەڵدا دەدا. لێ شارۆن زۆر لەم مەسەلەیە تووڕە دەبوو. دەیگوت هەرگیز ئەم کارە ناکات و لە ئەنجامدا وای لێکردن بدەنە باری باریکی و وەک دەڵێن بە دۆش بیژەنن.

داوایان لێکرد کە وەزع و حاڵی خۆی بۆ سەفیر بنووسێت و داوای ئازادی بکات. بەڵام شارۆن، هەرچەندە ژیانی لە زنداندا دژوار بوو و دەیویست هەرچی زووترە ئازاد ببێت و بۆ ئەمریکا بڕواتەوە، ئەم داوایەشی ڕەفز کردنەوەو گوتی: " من ئازادی خۆم لە ڕێگەیەکی ترەوە بە دەست دێنم" بۆیە دەستی بە مانگرتنی خۆراکی وشک کرد. (مانگرتن بە بێ ئاو خواردنەوە ئەوپەڕی سێ ڕۆژ بەرگە دەگریت و لەوەیە هەر سێ ڕۆژ بژیت).

ئەمجارەیان بە پێچەوانەی مانگرتنەکانی پێشووەوە، کەس بە سۆراغییەوە نەهات، نە دکتۆرێ هەبوو، نە کەسێ لە حاڵی بپرسێ. جار جارێ ئەفسەریکی خەفەر کە هێندە گێل بوو، لەوە دەچوو لە ڕووی ئەقڵییەوە تەواو نەبێ، بەخۆ و دەفتەرێکەوە دەهاتە دیاری و بێئەوەی گوێ بەوە بدات کە شارۆن بەبێ هۆش لەسەر تەختەکە کەوتبوو، ڕاپۆرتێکی دەنووسی.

ئێمە (خەڵکانی ناو ژوورەکە) بەردەوام بە دیاریەوە دەبووین و شەوانە بە نۆرە ئێشکمان دەگرت. ڕۆژی سێیەم بوو کە ئیدی حاڵی زۆر خراپ بوو بوو، ئەگەری مردنی هەبوو. ئێمە بیرمان لەوە دەکردەوە بۆچی هیچ کەسێ

لێی ناپرسێتەوە، خۆ ئەگەر کیژێکی بیانی لە زنداندا بمرێت، بۆ دامودەزگای دەوڵەتی زۆر خراپە و بە خاڵێکی نەرێنی دێتە ژماردن. قسەمان دەگەل یەکدی دەکرد و ڕاوێژمان دەکرد کە بە هەر جۆرێ بووە دوا هەوڵی خۆمان بەکار بەرین، چووین بۆ لای ئەفسەری خەفەر و سەرۆک کە ناچاریان بکەین فریای بکەون. یەکێک لە هاوڕێیان ڕۆژنامەیەکی لەسەر مێزەکەی سەرۆک بینی بوو کە وێنەی شارۆنی بڵاوکردبۆوە. لەو ماوەیەدا ڕۆژنامەیان بۆ مە نەدەکرِی و سەرۆک بە ئانقەست خۆی لە گێلی دابوو و ڕێگەی هاوڕێکەمانی دابوو ڕۆژنامەکە بخوێنێتەوە: " شارۆن لابرکینگ، ئەو کیژە ئەمریکاییەی کە بە تاوانی جاسووسی و سیخوڕی لە بەرواری.... گیرابوو و لە دادگا حوکمی شەش مانگ درا بوو، پەشیماننامەیەکی بۆ... نووسی و هاتە بەخشین." ئەی ئافەرین بێ شەرمی! ئاخر درۆ بەم ڕادەیە بێ شەرمانە، بەم ئەندازەیە گەورە و شاخدار! ئاومان بۆ شارۆن برد.

دژمن ئامانجی گلاو و نەگریسی خۆی پێکابوو، ئیدی مانگرتن فایدەی نەبوو. شارون حەپەسابوو... ئاخر شتی وا چۆن دەبێ؟!

## هێرشەکانی ئێمە لە دادگای ڕژێمی فاشیستی شادا

بەر لەوەی بکەومە شەرح و باسی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ئەو دادگایەی کە بۆ ئێمە دانرابوو، پێویستە باسی ئەو ڕەوش و هەلومەرجانە بکەم کە چریکانی فیدایی خەڵکیان تێدا دادگایی دەکران. بە حوکمی ئەو گوشار و خەفەقانە تایبەتییەی کە لە دادگا فەرمایشییەکاندا، بەسەر هاوڕێیانی ڕێکخراوماندا دەسەپێنران، دەرفەتی هیچ جۆرە تەماس و بردنە دەرەوەی دەقی هێرشەکانیان لە دادگادا مەیسەر نەبووەو تەنانەت ئێمە کە خۆمان لە ناو جەرگەی ڕووداوەکاندا بووین، نەماندەتوانی وتەکانی هاوڕێیان لە دادگادا بەدەست بێنین. وێڕای هەموو ئەمەش، من و هەموو هاوڕێیانی دیکەی زندانی توانیمان بەشێوەیەکی پچڕ پچڕ، هەندێک بابەت لەم ڕووەوە کۆبکەینەوە.

هاوڕێیانی مە کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ڕێکخراویشیان تێدا بوو، لە مانگی بەهمەن و ئەسفەندی ساڵی ١٣٥٠ دا درانە دادگا. ئەوان دانیشتنەکانی دادگایان بە دادگایی نەدەزانی و دادگایان بەو شوێنە نەدەزانی  کە بە تۆمەتەکانیاندا ڕا بگات و ئەم تۆمەتانە ڕەت بکاتەوە یا قەبووڵ بکات. دادگا و چیرۆکی دادگا بەلای هاوڕێیانی چریکەوە، نمایشێکی گاڵتەجاڕی بوو،  لە لایەن ڕژێمی وابەستەی شاوە بەڕێوە دەبرا، بۆ ئەوەی ڕاستییەکانی پێ پەردەپۆش بکەن و شەقڵی یاسایی بە کارە پڕ تاوانەکانی خۆیان بدەن. بۆیە هاوڕێیان بێ گوێدان بە ڕەوایی یا ناڕەوایی دادگا، لە دانیشتنەکانی دادگاییدا قسەیان هەبوو، ئیرادیان دەگرت. هاوڕێیانی مە، لە هەنبەر بەکرێگیراوانی ئیمپریالیزمدا، پێویستیان بەوە نەبوو بەرگری لە خۆیان بکەن. چونکە وەختێ کەسێک لەبەردەم کەسێکی دیدا بەرگری لە خۆی دەکات کە جۆرە پێوەر و پێوانەیەکی هاوبەش لە ئارادا بێ. لە حاڵێکا هیچ جۆرە پێوەر و بەهایەکی هاوبەش لە نێوان خەڵک و چەوسێنەرانیدا نییە. قانوونی ئەوان لەگەڵ قانوونی خەڵکدا یەکسان نییە.. دەشێت ئەوان بە قانوونی خۆیان، ئێمە بەرنە دادگا و دادگاییمان بکەن، لێ ئێمە هیچ بایەخێک بە قانوونی ئەوان نادەین. قانوونێک کە تەنانەت بۆ خودی خۆشیان، تەنیا پارچە کاغەزێکە و هەرگیز جێبەجێ ناکرێت. ئێمە و دژمن، جەنگێکی بێ بڕانەوەمان لە نێواندایە. جەنگێک کە لە دوا ئەنجامدا بە نابووتی و لە ناوچوونی یەکجارەکی دژمن کۆتایی دێت، هۆیەکەشی ئەمەیە کە شەڕی مە، شەڕی شۆڕشگێڕانەی خەڵکە، دژ بە دژمنانی خەڵکە و هەڵبەتە ئاساییە کە بەرەنجامی ئەم جۆرە شەڕە، لە ناوچوون و نەمانی ئەنتی شۆڕشیان و نەمانی دژمنانی خەڵکە.

لە سەر بنەمای ئەم بیر و هزرینە شۆڕشگێڕییە، ئێمە لە دادگاکاندا وەکو ڕێبازی هەمیشەیی خۆمان، لە بری بەرگری و داکۆکی کەوتینە هێرش کردن. بەمجۆرە بۆ یەکەمین جار لە مێژووی هاوچەرخی وڵاتەکەماندا، بیدعەت و داهێنانێکی نوێ لە واری ڕوو بە ڕوو بوونەوەی دژمنا لە دادگاکان هێنرایە کایەوە. ئەم داهێنانە نوێیە، هەڵوێستێکی تازەی خەباتکارانی ڕێگای ڕزگاری خەڵکی، لە دانیشتنەکانی دادگادا دیاری و بەرجەستە کرد. جا بەگوێرەی ئەم ڕێبازە، هاوڕێیانی مە، لە هەنبەر ئەو تۆمەتانەدا کە درابوونە پاڵیان بەرگریان نەدەکرد و هەوڵی ئەوەیان نەدەدا بەرپەرچی بۆچوونەکانی دادسێن و سەرۆکی بەڕێز! بدەنەوە. بەڵکو هاوڕێیانی مە لە ڕوانگەی

ئایدۆلۆژی خۆیان و لە سەنگەری خەڵکەوە، هێرشیان بردە سەر دژمن و هێرشێکی تازەی چریکیان بۆ سەر دژمن دەست پێکرد و سەربەرزانە لە حاڵێکدا کە بەکرێگیراوانی دژمن، زۆر لە وتارە ئاگرین و کاریگەرەکانی وان ناڕەحەت و تووڕە بوون و پێوەی دەتلانەوە، لە هەمان ئەو دادگا کۆنەپەرستانانەدا دادگاییان کردن و حوکمیان دان و بەمجۆرە بوو کە ڕژێمی شا لە دادگاکانی خۆیدا، لە لایەن چریکانەوە دادگایی و مەحکووم کرا. مەحکووم بە نەمان، نەمانی بەرە بەرە لەلایەن هێزەکانی خەڵکەوە. نەمانێکی حەتمی کە مێژوو مۆری کردبوو. هاوڕێیانی مە لە دادگادا بە یەک دەنگ هاواریان کرد کە: ئەی دژمنی بەکرێگیراو، مێژوو حووکمی مەرگی تۆی داوە و ئێمەی چریکانی فیدای خەڵک دەستمان بە جێبەجێکردنی ئەم حوکمە کردووە، بوونی تۆ حاڵی حازر، لە ئێستاوە، ڕوو لە نەمان و فەوتانە. هەر ڕۆژێ کە دەبووری، بەشێک لە بوونی تۆ هەواڵەی دیاری نەمان دەبێت. تۆ ئەی دژمن، لە ناوەوەی خۆتەوە دەپوکێیتەوە و ئێمە بە پشتیوانی تێکڕای هێزەکانی خەڵکی خۆمان، خێرایی بەم پووکانەوە و نەمانە حەتمیەت دەبەخشین. ئێوە ئەی پاتەخۆرانی ئیمپریالیزم! وەک ئەو دڕک و داڵەن کە لە هەوەڵی هەڵکردنی هەر سێڵاوێکدا لە ڕەگەوە هەڵدەکەنرێن. ئێوە پێشقەرەوڵانی ئەم مەرگە مێژووییە حەتمیەن و ئاغاکانتان لە دوای ئێوە هەواڵەی دیاری نەمان دەکرێن.

لە سایەی ئەم هاماجە پڕ جۆش و خرۆشەی هێرشی چریکاندا بوو کە دادگا ڕواڵەتی و فەرمایشییەکانی شا، پەیتا پەیتا دادەنران و هاوڕێیانی مە، دەستە دەستە لە بەردەم ئەم دادگایانەدا درێژەیان بە هێرش و ناڕەزایی خۆ دەدا. هەندێک هەواڵی پچڕ پچڕ، لە لایەن ئەو سەربازانەوە کە دەگەڵ هاوڕێیاندا بۆ دادگاکان دەچوو، دزەی دەکرد و دەگەیینە دەرێ. جا ئەم زانیاریانەی خوارەوە، کە لەو ڕێگایەوە دزەیان کردووە و گەیونەتە دەرێ، وێنە و نموونەیەکە لە چیرۆک و سەربهوردی دادگاییەکانی هاوڕێیانی ئێمە.

بیست و یەک چریکی فیدایی خەڵک ، بە پەیرەوکردنی شێوەیەکی نوێی شۆڕشگێڕانە و بە گیانی جەنگاوەرانەوە، دادگایان هێنایە لەرزین و بەکرێگیراوانیان، بەجارێ تۆقاندبوو. لە یەکەمین دانیشتنی دادگادا، هاوڕێیان بێ گوێدان بە تەشریفاتی گاڵتەجاڕانەی داهۆڵە زەردپۆشەکانی ڕژێم، بە هۆی بێ حورمەتی چەند کەسێک لە بەکرێگیراوانی چەپەڵی دامودەزگای ئەمن، بە شۆڕشی خەڵک، دەگەڵ ئەم بەکرێگیراوانەدا لێیان بوو بە شەڕ و پێکدادان و هاوڕێ ئەحمەد زادە بە دەستی خۆی زللەیەکی توندی لە حسەین زادە دا. لەبەر ئەم بەرخورد و هەڵوێستەی هاوڕێیان لە دانیشتنی یەکەمدا، لە دانیشتنەکانی دواتردا هاوڕێیان بە گروپی پێنج نەفەری بۆ دادگا دەبرد و هیچ جۆرە دەرفەتێکیان نەدەدا کە کەمترین پەیوەندی و تەماسیان دەگەڵ دەرەوەدا هەبێت.

گروپە فیداییەکان، لە کاتێکا، بە نەزم و نیزام پێیان دەدا بە عاردێدا و بەدەنگی بەرز سروودی چریکانی فیدایی خەڵکیان دەخوێند، خۆیان بە ژووری دادگادا و بێ گوێدان بە ئەوقاتانی (پارێزەر) داکۆکیکاری بەڕێز! و بریق و باقی نمایشی دادگا و دۆسییەی ئەستووری لە سەر مێز هەڵچنراو، لەسەر کورسییەکان دادەنیشتن.

هەڵبەتە بەگوێرەی دابی ڕۆتینی دادگا، لە کاتی هاتنە ژوورەوەی ئەندامانی دادگادا، دەبوایە ئامادەبوان، لەبەریان هەستن، هاوڕێیانی ئێمە بێ گوێدان بەم داب و نەریتە لە شوێنی خۆیان نەدەجوڵان و لەگەڵ یەکدیدا دەکەوتنە گفتوگۆ دەربارەی پرسە خەباتگێڕییەکان. ئەم گوێ نەدان و بێ موبالاتییەی هاوڕێیان، بە ئەندامانی دادگا قووت نەدەچوو، بۆیە دەستووریان بە سەربازەکان دەدا کە هاوڕێیان وادار بە هەستان بکەن. وێڕای ئەمەش هاوڕێیان مقاوەمەتیان دەکرد و سەربازەکانیان ناچار دەکرد ئەوان بە کورسییەکانیانەوە بەرز بکەنەوە. ئەمە شێوەی ڕێزلێنانی! هاوڕێیان بوو لە دادسێنانی بەڕێزی! ڕژێم.

کاتێ کە دادسێن ڕاپۆرتێکی ساواکی دەخوێندەوە، هاوڕێیان درێژەیان بە گفتوگۆ و قسە و باسی خۆ دەدا و کاتێ سکرتێری دادگا داوای لێدەکردن کە تابیعەت و کاری خۆ بڵێن، هاوڕێیان وەکو ڕێز گرتن لە خەڵک هەڵدەستانە سەرپێ و دەیانگوت ئێمە سەر بە خەڵکی ئێرانین و کارمان شۆڕشگێڕی پیشەییە، ئێمە چریکی فیدایی خەڵکین، خۆ فیداکردن لە ڕای خەڵکی ، ئەمەیە پیشە و بوونی ئێمە.

ئەم پرسیار و وەڵامە لە نێوان سکرتێری دادگا و چریکەکاندا، پەیتا پەیتا و بەشێوەیەکی یەکهاوی دووبارە دەبووەوە. کاتێ نۆرە دەهاتە سەر گوایە دوا داکۆکی، هاوڕێیان هاواریان دەکرد کە ئەی بەکرێگیراوان! ئاخر ئێوە کێن تا ئێمە لە هەنبەرتاندا داکۆکی لە خۆمان و لە کارەکانمان بکەین و هەنگێ دەستیان بە هێرشە ئایدولۆژی و کاریگەرەکانی خۆیان دەکرد. هەڵبەتە ئەوە باوە کە هاوڕێ ئەحمەد زادە ماوەی دوو دانە سەعات بە ئیرتیجاڵی و بە بێ نووسین شیکردنەوەیەکی زۆر درەخشانی ڕەوشی دەڤەری ڕۆژهەڵاتی ناڤین و ئێران و چۆنییەتی پیادەکردنی دەسەڵاتی ئیمپریالیزمی لەم دەڤەرەدا کرد وڕژێمی ئێران وئەربابانی ئیمپریالیستی ئەم ڕژێمەی بە توندی مەحکووم کردبوو. هەموو هاوڕێیانی دیکەش هەمان ڕەفتاری ئەویان هەبوو، بەڵام ڕژێمی فاشیستی شا، لە ترسی ئەوەی کە نەبا هێرشی ئایدولوژیکی هاوڕێیان، کە وتارین ئاگرینی لەگەڵدا بوو، دزە بکەن بۆ دەرێی زندان، بە پۆلیس گەمارۆی دەدان تا خەڵک لە نۆڕین و دید و بۆچوون و هزرێن درەخشانی ڕۆڵە هۆشیار و پێشەنگەکانی خۆیان، مەحرووم بکەن. غافڵ بوو لەوەی کە ئەم هزرە شۆڕشگێڕیانە لە لایەن هاوڕێیانی دەرێی زندان، لە ئاستێکی بەریندا بڵاودەکرانەوە و ئەم لەمپەرانە ناتوانن خەڵکی مە لە حەقیقەتەکانی واقیع دوور بخەنەوە.

بەمجۆرە دادگایی هاوڕێیانی مە کۆتایی هات و هەر بیست و یەک چریکە فیداییەکەی خەڵک حوکمی ئیعدام دران. گەلێک لە هاوڕێیان بەر لە ئیعدام کردن، لەژێر ئەشکەنجەدا شەهید بوون و ڕژێمی شا جارێکی دی بوودەڵەیی و زەبوونی خۆی لە هەنبەر باوەڕی بەتینی هاوڕێیاندا، بەکوشتنی وان لەژێر ئەشکەنجەدا سەلماند.

دادگای ئێمەش لە بەهمەنی سالی ١٣٥٠ دا لەگەڵ دادگای هاوڕێیانی دیکەدا دانرا. لەم دادگاییەدا من و هاوڕێیان شەهێن تەوەکولی و ڕوقییە دانشگەری لە سەرووی گروپێک لە هاوڕێیاندا، کە تۆمەتەکەیان لە ئێمە سووک تر بوو، وەکو تاوانبارێن ڕیزی یەکەم دادگایی دەکراین. بۆ ئێمە و بەلای ئێمەوە دادگای سوپایی، شەقڵ و

حاڵەتێکی گاڵتەجاڕانەی هەبوو و تەشریفات و ڕێوڕەسمەکەیمان بە هەند وەرنەدەگرت، بەڵام بە هەرحاڵ دادگا قۆناغێک بوو لە قۆناغەکانی خەباتی مە و دەبوایە ئەو قۆناغەمان ببڕیایە. هیچ یەکێکمان باکمان بە ئەنجامەکانی ڕەئی دادگا نەبوو، بیرمان لای شێوە و ماوەی حوکمەکە نەبوو، چ دەبوو با ببوایە، ئیعدام، زندانی درێژ ماوە بە کاری سەختەوە... نەگوێمان بەم مەسەلەیە دەدا و نە بیرمان لێ دەکردەوە. دادگا، بەگوێرەی تەشریفات، ڕێگەی خۆی تەی دەکرد، ڕێگەی ئاسایی خۆی دەبڕی . ئیدی قۆناغەکانی دادڕەسی وەکو کردنەوەی دۆسییە و تەمیز کردنەوە، دانیشتنی دەستنیشان کردنی پارێزەر، دانیشتنی دۆسییە خوانی و دانیشتنەکانی دادگا و دادگایی کردن لە جوملەی ئەو کارانە بوون کە بە شێوەیەکی میکانیکی لەلایەن بووکەڵە قورمیشکراوەکانی ڕژێمەوە ئەنجام دەدران و بەهەمان شێوە سەبارەت بە دادگای تێهەڵچوونەوەش، دووبارە دەکرانەوە و هەر هەموو ئەم ڕێوڕەسمانە لە دادگای سوپادا ئەنجام دەدرا.

هەڵبەتە ئێمە بە چوون بۆ دادگای سوپا زۆر خۆشحاڵ بووین. چونکە دەمانتوانی لەوێ وێڕای ئەو هاوڕێیانەی دەگەڵ خۆماندا دادگایی دەکران، لەو پاسە تایبەتیەدا کە زندانییەکانی دەگواستەوە و لە ڕاڕەوەکانی دادگای سوپادا، هاوڕێیانی دیکەش ببینین.

هەمووومان بە ورەی بەرز و شۆڕشگێڕانەوە کۆڵەمستمان بە یەکدی نیشان دەدا و ئەگەر هەلێکمان بۆ هەڵکەوتایە هورامان دەکێشا یا بەکۆمەڵ سروودی چریکانی فیدایی خەڵکمان دەچڕی. کە ئەو هەموو جۆش و خرۆش و ئەشقەمان، لە هاوڕێیاندا دەبینی، یەکسەر پەیمان بە زەبوونی وداماوی ئاشکرا و زەقی دژمن دەبرد و هەموو کەس دەیتوانی هەست بەوە بکات کە دژمن هەرگیز ناتوانێ ڕوو بە ڕووی ئەم هەموو خەڵکە بەباوەڕ و ڕاستگۆیە بوەستێ و ببێت بە کۆسپ و تەگەرە لە بەردەم لێشاوی بەهێزی شۆڕشگێڕانی وڵاتی مە. مەگەر ئەم هەموو ئاستەنگە، ئەم هەموو ڕاوەدوونان و ئەشکەنجە و شەهید کردنە، ئەم هەموو گوللە بارانکردنە توانی بووی ڕێگە لە هەڵکشانی خەبات بگرێت؟ مەگەر ئێستاش زندانەکانی ڕژێمی دەستنێژی ئیمپریالیزم پڕ نین لە خەباتکاران ؟ بێگومان زەبر و زەنگی دژمن کاریگەرییەکی ڕەوتەنی ئیجاد کردبوو، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، بزووتنەوەی خەڵکی مە، لە حاڵی گەشە و نەشە و شکۆفانەوە دایە. لەو دیدارانەدا، کە لە ماوەی دادگاییەکاندا ڕێکدەکەوت ناسیاویم دەگەڵ  هەندێ هاوڕێدا پەیدا دەکرد کە تا ئەو کاتە نەمدیتبوون و بەڕاستی شادومانیەکی گەورە بوو بۆ من.

ڕۆژێک لە کاتی دادگاییەکاندا، لە ڕاڕەوی دادگادا تووشی هاوڕێ ئەحمەدی بووم، کە خوێندکارێکی زانستگەی تەورێز بوو،  ئەندامی لقی تەورێزی ڕێکخراو بوو. هەرچەندە تەمەنی کەم بوو ، بەڵام هێندە بە ورە و چالاک و چەلەنگ بوو و هێندە بە کوڵ و بە جۆشەوە لەگەل هاوڕێیاندا دەئاخافت و بە ڕوویانەوە پێدەکەنی، کە هەموانی دێنایە جۆش و خرۆش. لێم پرسی: هاوڕێ! ئەمە دوا دادگات بوو؟ گوتی: "بەڵێ" لێم پرسی: چەند ساڵ حوکمدرایت؟ بە پێکەنینێکی غروور ئامێزەوە گوتی:" ئیعدام". بە ڕاستی بوونی ئەم سیما درەخشانانەی شۆڕشی

ئێران، حەماس و جۆش و خرۆشێکی یەجگار زۆری بە هەموان دەبەخشی و دەیکردە کارێک هەموان لە هەنبەر هەر جۆرە نێرەنگ و پیلانێکی دژمندا، مەردانە مقاوەمەت و پایەداری بکەن. هاوڕێ ئەحمەدی کەسێک بوو کە تەنانەت لە تەمیزکردنەوەکەشدا، تۆمەتێکی گرینگ لە دۆسییەکەیدا نەبوو، بەڵام ورەبەرزی و هێرشە بوێرانەکانی وی لە دادگادا، بە جۆرێ دژمنی پەست کردبوو، بۆیە زاڵمانە بۆ ئەوەی خەمباری بکەن و گیانی بەرەنگاربوونەوەی لەلا بکوژن، حوکمی ئیعدامیان بۆ دەرکرد. بەڵام وەکو هەموو جارێک سەریان دابووی لە بەرد. ئەم بڕیارانەیان نە کاری لە ورەی ئەو و نە لە ورەی چریکانی دیکەی مەحکووم بە ئیعدام نەکرد. ئیدی دژمن بە ناچاری ڕایگەیاند کە شای ئاریا میهر، بڕیاری داوە حوکمەکەیان دەرەجەیەک سووک بکرێتەوە و لە ئیعدامەوە بۆیان کرا بە حەپسی ئەبەدی.

هاوڕێیەکی دیکەم لە دادگادا بینی، نێوی عەبدوڵڵا ئەفسەری بوو کە بە باوەڕی پتەو و قینی گەورەوە خەباتکارانی فێر دەکرد کە بەگژ دژمندا بچنەوە و مقاوەمەت بکەن. یەکێ بوو لە هەوادارانی ڕێکخراو و هێشتا نە بوو بوو بە ئەندامی ڕێکخستن. هاوڕێ عەبدوڵڵا یەکێ بوو لە قوتابیان و هەوادارانی هاوڕێی گەورە سەمەدی بیهرەنگی. هاوڕێ سەمەد نامەی بۆ دەنووسی. ئەم نامانە دەوریان لە دروستکردنی کەسایەتی شۆڕشگێڕانەی هاوڕێ عەبدوڵڵادا هەبوو بوو. هاوڕێ سەمەد لەم نامانەدا باسی ئەرکی ئایندە و ئیلتیزامات و پابەندی ئەوی بەرانبەر بە خەڵک دەکرد. لە یەکێک لەم نامانەدا بۆی نووسیبوو :" هەر کاتێ لە دڵی خۆدا ئەوە دێنمە بەرچاوی خۆم، کە لەوانەیە تۆش لە ئایندەدا وەکو هەزاران گەنجی دیکە فریوی کەلتوور و فەرهەنگی گەندەڵی ئیمپریالیستی بخۆیت و لە جیاتی ئەوەی بیر لە خەڵکی بندەست و ستەمدیدەی وڵاتەکەمان بکەیتەوەو ژیانی خۆت بۆ ڕزگاری وان تەرخان بکەیت، ڕوو لە ژیانی مادی و ڕابواردنی خوردە بۆرژوایی بکەیت، زۆر خەمبار دەبم" هاوڕێ ڕوقیە کە دەگەڵ ئەودا دادگایی دەکرا، سەبارەت بەو دەیگێڕایەوە و دەیگوت کە چۆن بە سەفا و سادەیی دێهاتیانەی خۆیەوەو بەوپەڕی زبری و بە زمانە تورکییەکەی کە مایەی تەوس و توانجی ئەندامانی دادگا بوو، گوتبووی: " سەرۆکی دادگا و هەمووتان هیچ تێناگەن، دەم لە ئاسوودەیی کرێکاران دەکوتن." و ئەوجا کێشابووی بە سنگی خۆیدا و لە سەری ڕۆیی بوو کە: " من کرێکارێکم کە بە ڕەنجێکی زۆرەوە کار دەکەم و خەرجی خوێندنەکەی خۆم و خەرجی خانەوادەکەم پەیدا دەکەم. من زۆر چاک دەزانم کە ئەنگۆ چەند نەزان و درۆزنن." کاتێ گوێم لە چیرۆکی بەرخوردی لێبڕاوانەی هاوڕێ عەبدوڵڵا لە دادگادا بوو، خۆ بە خۆ هاوڕێ سەمەدم بیرکەوتەوە و بانگم کرد کە هاوڕێ سەمەد! خەنی لە خۆت، مژدەت لێبێ ئاواتەکەت هاتووەتە دی و ئێستا نەک هەر عەبدوڵڵا، بەڵکو هەزاران گەنجی وەکو ئەو ئامادەن چەک هەڵگرن و هەموو چەوسێنەران گۆڕ بە گۆڕ بکەن. بە هەمان ئەو ڕەشاشەی ناو جامخانەکە کە تۆ حەزت دەکرد بکەونە دەست ( لەتیفەکان*) (*. لەتیف ناوی قارەمانی چیرۆکی بیست و چوار سەعات لە نێوان خەو و بێداری" دایە – نووسینی هاوڕێ سەمەدی بیهرەنگی ) شۆڕش لە پێشڕەویدایە و زۆری نەماوە کە لەتیفەکان هەر هەموویان ببن بە خاوەنی تفەنگ و ڕەشاش. لە یەکێ لە دانیشتنەکانی دیکەی دادگادا کە بۆ من تەرخان کرا ، دادسێنەکە بەوپەڕی بێ شەرمییەوە،

بە یەکێک لە هاوڕێیانی هەواداری سازمانی کە هاودادگای من بوو و پێشتر و لە دادگای یەکەمدا یەک ساڵ حوکم درابوو، دادسێنی چەمەری پێی گوت: " چونکە تۆ لە دانیشتنەکانی دادگادا قسەت دەگەڵ ئەشرەف دیهقانیدا دەکرد. یەک ساڵی دیمان خستە سەر حوکمەکەت!" بەمجۆرە حوکمەکەیان بۆ کرد بە دوو ساڵ. ئەم بڕیار و هەڵوێستەی دژمن ، زیاتر بۆ خەفەکردنی گیانی شۆڕشگێڕانە و پڕ جۆشی هاوڕێ بوو، بەڵام بچووکترین کاری نەرێنی نەکردە سەر ئەو هاوڕێ گەنجەی ئێمە.

ئەمە دوایەمین لەقەفرتێی ئەم زەبوونە سووک و چرووکانە بوو لە هەنبەر جەنگاوەرانی فیدایی. چیرۆکی دادگایی من، بەو جۆرە دیدارانەوە بەردەوام دەبوو و من هەموو ڕۆژێک دەگەڵ کەسانێکی تازە لە شۆڕشگێڕانی وڵاتەکەمدا، ئاشنا دەبووم.

لە دادگادا و بەگوێرەی ئەو تۆمەتانەی دیاریان کردبوو، دەستم بە هێرشی خۆ کرد. من هێرشەکانی خۆم لە چوارچێوەی شیکردنەوەی ژیانی گوندییانی ئازەربایجان و مەسەلەی ڕیفۆرمی زەوی و زاردا ڕێک خست. چونکە لەم بوارەدا ئەزموونی ڕاستەوخۆ و فرەم هەبوو. بەمجۆرە دژمنم لە ناو دادگاکەی خۆیدا کێشایە پای دادگایی. هاوڕێیان شەهێن تەوەکولی و ڕوقیە دانشگەریش، بەگوێرەی هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی خۆیان، درێژەیان بە هێرشەکانی خۆیان لە دادگادا دەدا و هێندەی دی دژمنیان ڕیسوا دەکرد. هاوڕێ شەهێن تەوەکولی هەموو ئەو ڕەفتارە هەرزەو بێ شەرمانەیەی کە مامورانی ڕژێم لە کاتی دەسگیرکردنیدا، دەگەڵیان کردبوو، لە قاو دا و لەبەردەم خەڵکیدا بە توندی مەحکومی کرد. ئەگەرچی لەمەزیاتر لە ڕژێمێک کە شای خاین سەرۆکی بوو و بۆ خۆی بە هەمو مانای وشە لە ڕووی ئەخلاقییەوە بەدڕەوشت و کەچڕەو بوو، چاوەڕوان نەدەکرا، بەڵام وێڕای هەموو ئەمەش ناکرێ لە واری مەحکومکردنی توندی شێوازە فاشییەکانی ڕژێم دا بێدەنگ بیت. ئەو زوڵم و زۆرانەی لە ئێراندا دەرهەق بە خەڵک و پێشڕەوانی خەڵک دەکرێت دەبێت لەلایەن ئەنجوومەن و ڕێکخراوە پێشکەوتووەکانی جیهانەوە بخرێنە بەرچاوی ڕای گشتی و لە قاو بدرێت. ئەرکی دنیایە لە ئاست ئەم هەموو گەندەڵی و تاوان و بەدکاریانەدا بێدەنگ نەبێت. ئەمە پەڵەی شەرمەزارییە بە دامێنی مرۆڤایەتی سەدەی بیستەمەوە. ئێمە فیدایی خەڵکین و دەستبەرداری هەموو شتێکی خۆمان بووین و تا سەرکەوتنی یەکجارەکی خەڵکی خۆمان داناسەکنین. لێ جیهان نابێ لە هەنبەر ئەم ڕووداوانەدا کە لە ئێران ڕوو دەدەن، بێدەنگ بێ.

## *ناڕەزایی و ئیعترازی بنجبڕانە و تووڕەیی زندانی،*

## *بەرپرسانی زندان ناچار بەتەسلیم بوون دەكات*

لە دادگادا، لە ئەنجامی دیتنی هاوڕێیاندا، هەندێ زانیاریمان بە دەست هێنا كە یەكێك لەوانە ئەمە بوو كە زندانی هەقی خۆیەتی كتێب ورۆژنامەی هەبێ. لە زندانەكەی مەدا، جار جارێك دوای پێداگرییەكی زۆر، رۆژنامەیەكیان بۆ دەكڕین و ئێمە كە دەمانویست هەموو ڕۆژێك ڕۆژنامەمان بۆ بێت، هەمیشە دەگەڵ ئەفسەری خەفەردا، مشتومڕمان بوو. جارێكیش سەرۆكی زندان، هاوڕێ شەهێنی لەسەر ئەوەی لەمبارەیەوە گوایە ڕەفتاری گوساخانە بووە، نارد بۆ سالولی ئینفرادی. دیارە ئەم كارە زیاتر لایەنی سووكایەتی پێكردنی تیا بوو. هەڵبەتە نەیتوانی بۆ ماوەی سەعاتێكی تەواویش لەو ژوورەدا بیهێڵێتەوە. هەر هەموو كەسانی ناو ژوورەكە پێكەوە دەستمان بە هات و هاوار كرد. بە ڕادەیەك تووڕە بوو بووین ،خەریك بوو دەرگاكەمان لە گرێژەنە دەبرد. بە هیچ جۆرێك نەیاندەتوانی جڵەوی تووڕەییمان بگرن. بە ناچاری هاوڕێیان لەو ژوورە هێنایە دەرێ. هەر هەموومان بەغار بەرەو پیری چووین و بۆ ئەوەی یەكێتی و تەبایی و هەڤبەندی تەواوەتی خۆمان بە سەرۆك زندان و ئەفسەری خەفەر و ئەوانی دی نیشان بدەین، لە باوەشمان گرت وەكو ئەوەی سالآنێك بێ لێی دوور بووبین، بەو ئاوایە بۆ ژوورەكەمان هێنایەوە.

دوای ئەم بوویەرە حاڵی بووین كە دەبێ بۆ وەرگرتنی ڕۆژنامە هەنگاوی جدی بنەین. نامەیەكمان بۆ دادپرسی سوپا نووسی و ئاگادارمان كردەوە كە ئەگەر هەموو ڕۆژێك ڕۆژنامەمان بۆ نەكڕن، نەهێڵن مواجەهەچییەكان كتێبمان بۆ بێنن، نەیەڵن سوود لە كتێبخانەی زندان وەرگرین و ڕادیۆی یەك شەپۆلیمان نەدەنێ.. دەست بە مانگرتن دەكەین و نان ناخۆین. دادپرسی سوپا لە كاتی دیاریكراودا وەڵامی نەدایەوە و ئێمەش ئەو ڕۆژە دەستمان بە مانگرتن كرد. بەكرێگیراوانی دژمنیش كە هەمیشە گەرەكیانە هەر دەنگێكی ناڕەزایی كپ بكەنەوە و هەر مقاوەمەت و بەرخودانێكی خەباتكاری زندانی سست بكەن، دەستیان بە ئامۆژگاری كرد. سەرۆكی زندان دەیگوت كە خۆی لەمبارەیەوە هەنگاوی جدی ناوەو بە پێداگرییەوە داوای لێ دەكردین كە مانگرتنەكەمان بشكێنین. دەیگوت هەر كارێ بگری بە ئاشتی باشتر ڕایی دەبێت. بەڵام ئێمە تەنانەت بەمجۆرە ناڕەزاییەش ڕازی نەبووین. هاوڕێیان دەیانگوت ئەمە جۆرە ئیعترازێكی بۆرژواییە و نابێ لەمە دوا ئەم ڕێچكەیە بگرینە بەر. بڕیارمان دابوو كە ئەگەر وەڵامی مانگرتنەكەمان نەدەنەوە، بەخۆمان مانگرتنەكە دەشكێنین و هەنگێ بەگوێرەی نەخشەیەكی دیاریكراو، چەند كەسێكمان هەڵبكوتینە سەر ژوورەكەی سەرۆك و حەسیرمەیانی بكەین و چەند كەسێكیشمان جامی پەنجەرەكانی ژوورەكەی بشكێنین.

سێ ڕۆژ دوای مانگرتنەکە، نووسراوێک هات کە لە سەر کتێب و ڕۆژنامە ڕازی بوون، بەڵام مەسەلەی ڕادیۆیان هەڵگرتووە بۆ دوایی. لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕەزامەندییە مانگرتنەکەمان شکاند. نزیکەی یەک مانگ ڕەوشەکە بە دڵی ئێمە ڕۆیی، بەڵام دواتر بە هەنجەتێکی نادیار کتێبخانەکەی زندانیان داخست و کەمتر کتێبیان لە مواجەهەچییەکان قەبووڵ دەکرد. دەمانزانی ئەمەش یەکێکە لە تاکتیکەکانی دژمن بۆ ئەزیەتدانی زندانی. دژمن حەز دەکات و ئومێدەوارە بتوانێت بە ڕادەیەک ئەم کارە دووبارە بکاتەوە کە زندانی لە گیانی خۆی وەڕز بکات و دەست لە هەر ئیعتراز و ناڕەزایی و مانگرتنێک هەڵگرێت. ئیدی کارەکە بەمجۆرەیە: ناڕەزایی زندانی، تەسلیم بوونی بەرپرسانی زندان، کارشکێنی بەرپرسانی زندان، ناڕەزایی زندانی.... دژمن دەخوازێت زندانی وادار بکات کە ئارام و بێ خەم و خەیاڵ، بێ کەمترین ناڕەزایی لە سووچێکی زنداندا دابنیشێت.

هەموو دەزانین کە دژمن بۆ سەرکوتکردنی یاخی بوونەکانی خەڵک دوو شێواز بەکار دەبات. هەوەڵجار هەوڵ دەدات بە توندترین ودڕندانەترین ڕەفتار خامۆشی بکات و دای بمرکێنێتەوە. بەڵام کاتێ مانگرتن و یاخی بوونەکە پەرەی سەند، ڕێگەی ئاشتی دەگرێتە بەر وئیمتیازات دەدات. زەبروزەنگ بەرانبەر کرێکارانی جیهانی چیت لە ئوردی بەهەشتی ساڵی ١٣٥٠ وسازش کردن لە هەنبەر پەرەسەندنی ناڕەزایی خەڵکی سەبارەت بە ناڕەزایەتیەکانی خەڵک دەربارەی گرانبوونی نرخی بلیتی هاتووچۆی ناوشار ( ساڵی ١٣٨٤) دیارترین بەڵگە و نموونەی ئەم قسەیەن. ئەم تاکتیکەی دژمن سەبارەت بە زندانیانیش دروستە. دژمن تا بتوانێ گوێ بە داخوازییەکانی خەڵک نادات ، بەڵام کە ببینێ زندانیان سوورن لە سەر داخوازییەکانی خۆیان و توڕەن، هەنگێ دەکەوێتە نەرمکێشی و ئیمتیازاتیان دەداتێ. سەرهەنگێک بە ناوی تەیموری کە بۆ نموونە گوایە ئینسانێکی لۆژیکی و لایەنگری گەشەی هزری گەنجانە بوو، ئەویان بۆ پێدانی ئیمتیاز دانابوو. ئێمەش تا پێش مانگی فەروەردینی ساڵی ١٣٥٢ سوودمان لە بوونی ئەو وەرگرت و داواکاری خۆمان سەبارەت بە وەرگرتنی کتێب لە مواجەهەچیان و مۆڵەتدانی دیداری ڕوو بە ڕوومان بۆ نووسی، کە لە سەر هەندێکیان ڕازی بوو.

بابەتێکی دیکە مەسەلەی هەڵاتنی منی لە زندان فەراهەم کرد. دژمن بە خەیاڵی خاوی خۆی ئاگاداری هەموو کار و ڕەفتارێکی مە بوو، وای وێنا دەکرد هەموو ڕەفتارەکانی ئیمەی کۆنترۆڵ کردووە! مانگی جارێک مامورانی زندان لە ناکاوا دەڕژانە ژوورەکەمانەوە و هەموو شتومەکەکانی ئێمەیان ژێرو ژوور دەکرد تا ئەگەر کتێبێک یا نووسراوێک یا هەرشتێکی بە ناو گومڕاکەرمان لابێ، کەشفی بکەن و بیگرن. جارێکیش مامورێک لە لایەن خودی ساواکەوە بۆ ژوورەکەمان نێردرا. هەر کاتێ کارێکی نابەجێ ( نابەجێ لە نۆڕینی ئەوانەوە) لە ئێمە ببینرایە و هەندێ جاریش هەر بۆ سوکایەتی و چاوترساندن، یەکێکیان لێ دەبردین بۆ ئەوین یا کۆمیتە و بۆ ماوەیەک لە سالولی ئینفرادیدا دەیانهێشتەوە. بۆ نموونە دوای هەڵاتنی سیروس نەهاوەندی (٢) لە زندان، شەش دانە مانگ بوو کە سیمین و فاتیمە نەهاوەندیان (٣) بۆ ئەوین بردبوو. جارێکیش هاوڕێ عاتیفە جەعفەری بۆ ماوەی مانگێک و هاوڕێ شەهێن بۆ ماوەی دوو مانگ بۆ ئەوین بران و ناهید جەلال زادە (٤) یان بۆ ماوەی بیست ڕۆژ

بۆ کۆمیته برد و ئەم کارەی دژمن، زیاتر به قازانجی مه بوو تا به زیانمان . چونکه لەو شوێنه تەسک و داخراوەدا ژیان به شێوەیەکی ڕۆتینی و بێ هیچ بوویەرێکی دیار و به ئارامی و یەکهاوی و یەک نەوایی تێدەپەڕی وهیچ بوویەر و ڕێکەوتێکی ڕۆژ نەدەبیسترا جگه له هەندێ ڕێکەوت و ڕووداوی چکۆلەی ئەو ژینگه تەنگ و داخراوه هیچ شتێکی دی نەبوو که بیری زندانی مژوول بکات. بۆیه چوون بۆ ساواک و دووباره ڕوو به ڕوو بوونەوەی دژمن تەکانێکی پێ دەدایین. ئەرکەکانی بیر دەخستینەوه و جارێکی دی خاتر جەمی دەکردینەوه که یەک ساتی تەمەنمان به بێ خەبات دژی دژمن به فیرۆ نەدەین و ڕۆژ به ڕۆژ مکوڕتر بین له سەر ئەنجامدانی ئەرکه شۆڕشگێڕییەکانمان.

## *نموونەیەک لە کۆمەڵگای چینایەتی*

نموونەێن یەجگار زۆرمان لە مەینەتیان و ژیانی پڕ لە دەرد و ڕەنجی ژنانی زندانی دەبینی کە لە دوا شیکردنەوەدا، جگە لە بەرەنجامی حەتمی کۆمەڵگای چینایەتی چ شتێکی دی نییە. ئەم قەرە بەختی و بێ دادیانە، نموونەیەک بوون لەو هەموو بەد بەختیانەی کە باڵی بەسەر کۆمەڵگای ئێمەدا کێشا بوو و ئێمە بە چاوی خۆمان دەمانبینی.

فروزان کیژۆڵەیەکی هەڤدە ساڵان بوو کە بە تاوانی وێڵگەردی و بەرەڵایی کەوتبووە زندان. ئەم کیژە بە منداڵی داک و باوکی لەدەست دابوو و لەلای خوشکەکەی و مێردی خوشکەکەی دەژیا، لەو کاتانەدا ئاشقی یەکێک لە ئەکتەرانی فیلمە فارسییەکان دەبێت و دەگەڵ کوڕێکدا دەڕوات کە ئەو بدۆزێتەوە و بەمجۆرە دەکەوێتە داوی فەحشا و بەرەڵاییەوە. جارێک لەبەر ئەوەی دوازدە تمەن جەریمەی هاتبووە سەر و نەیتوانی بوو بیدات، هێنابوویان بۆ زندان. ئەو کە دووگیان بوو، زندانی بە باشترین شوێن زانی بوو، بۆ دانانی حەملەکەی و هێشتا دوو ڕۆژ بەسەر بەردانیدا تێناپەڕێت کە دووبارە سەرپێچییەک! دەکات بۆ زندان دێتەوە، کە لەوێ سکەکەی دابنێت، شوێنی ژیان و گوزەرانی ئوتێلێک بوو کە هەندێ شەو بۆ ئەوێندەر دەڕۆیی و زۆربەی کاتەکانی دیکەی لە شەقام و کۆڵانان بەسەر دەبرد. منداڵەکەی لە ئەفسەرێکی شارەبانی بوو. لە زندانداندا منداڵەکەی بوو. منداڵەکەی ڕووت وقووت بوو، نە جلێکی هەبوو نە قۆنداخێک، زستان بوو . خۆیشی لە سەرما هەڵدەلەرزی. سێ ڕۆژ لە زندان مایەوە. ئەو ڕۆژەی کە ئازاد بوو، بەفر دەباری و ئەویش دڵی دەیەشا و هێڵنجی دەدا. لە مامورەکان دەپاڕایەوە کە ڕێگەی بدەن دوو- سێ ڕۆژی دیکەش لە زندان وەمێنێ، یا بەلای کەمەوە نیو سەعات درەنگتر ئازادی بکەن تا دڵ یەشەکەی چاک بێتەوە، بەڵام کەس گوێی نەدایێ. ساڤالۆکەکەیان دایە دەستی و بەو بەفر و سەرما بەترەفە لە زندان دەریان کرد.

فروزان بە گریانەوە دەڕۆیی، منداڵەکەی کە زۆری خۆش دەویست، بەخۆوە دەقرساند و دەیگوت ناچارم کە لە کۆڵ خۆمی بکەمەوە، خۆ بردنی بۆ هەتیوخانەش واسیتەی دەویست. هیچ جێیەکیش نەبوو. هەڵبەتە دەبوایە منداڵەکە لەسەر ڕێگایەک فڕێ بدات.

***

سەکینە یەکێکی ترە لە ژنە قەرە بەختەکانی زندان- لە لاپەڕەکانی دواتریشدا باسی دەکەم- ئەمە ژنێکی سادەی دێهاتی بوو، بەڵام تا حەز بکەی ڕەوشت بەرز، ژنێکی زەحمەتکێش بوو. نەی دەتوانی بێ کار بێ و بە بێ کار بژی. فەڕاش و خاوێنکەرەوەی حەوشەکە بوو و لە بەیانییەوە تا شەوێ لە حەوشەکەدا کاری دەکرد. بە ئەندازەی هۆشیاری خۆی نەدەچووە ژێرباری زۆرداری. غروور و نەفس بەرزی لە هەنبەر سەرۆک و هەموو دەوڵەمەندان و کەلەپوچەکان، شایەنی ستایش و ئافەرین بوو. سادەیی و ساکاری و بێگەردی لە سەراپای

دەباری. زمانلووسی نەدەزانی و لەگەڵ هەمواندا بە ڕاشکاوی و بێ پێچ و پەنا قسەی دەکرد. بە ڕواڵەت بە تۆمەتی کوشتن بۆ زندانیان هێنا بوو. بەڵام مەسەلە ئەسڵیەکەی چی بوو؟ ئەم ژنە شووەکەی مردبوو ودەگەڵ منداڵەکانیا لە گوند دەژیا. ئەمانە هیچ دەرامەتێکیان نەبوو، بۆیە لە مەزرای دەوڵەمەندەکەی گوندی خۆیاندا کاریان دەکرد. ئەو کابرایە هەقی منداڵەکانی نەدەدا و سەکینەش لەسەر ئەمە شەڕی دەگەڵ دەکرد، بە سەر سەختی خۆی، بە گوتەی خۆی، ئەوی لە گوندیدا ڕیسوا کردبوو. ئیدی ئەو کابرایە ڕق لە سەکینە هەڵدەگرێت و بۆی دەخاتە دووتوێی نانێکی گەرمەوە و چاوەڕوانی هەلی لە بار دەکات، کە وەکو مار پێوەی بدات. ماوەیەک دەبووری سەکینە مێرد بە پیاوێک دەکات و سکی دەبێت و منداڵێکی هەشت مانگەی دەبێت کە دەمرێت. ئەو کابرایە ئەم مەسەلەیە دەقۆزێتەوە تا شکات لە سەکینە بکات کە منداڵەکەی بە دەستی خۆی کوشتووە. بەرپرسان! بلەز فریا دەکەون و سەکینە و مێردەکەی دەستگیر دەکەن و لە زندانیان دەپەستن و تەواو.. نە کەس لێیان دەپرسێتەوە و نە کەس گوێیان لێ دەگرێت. بە تایبەتی کە فارسی نازانن.

سەکینە دوای یەک ساڵ و نیو لە گرتنی، ئەنجام دادگایەکی گاڵتەجاڕانەی بۆ دادەنەن و سەرۆکی دادگا سووکترین قسەی پێ دەڵێت، بە ڕادەیەک تەوهینی دەکات کە ژنەی داماو دەخاتە گریان. ئەمە جگە لە نواندنی کارێن بێشەرمانە لە هەنبەر ئەو ژنە داماوە و دەسەڵات نواندنی وەک چەک لێ سوارکردن و نیشانە گرتنەوە لە ژنە دێهاتی. هەڕەشەی لێ دەکات، کە ئەگەر ڕاست نەڵێی کە تۆ منداڵەکەت کوشتووە یان نا، دەتکوژم! دوو ساڵ زندانی بۆ دەبڕێتەوە.

لەم ماوەیەدا کە سەکینە لە زنداندا بوو، منداڵە بچووکەکانی بێ هیچ سەرپەرشتیارێک، بێئەوەی کەسێک چاوی تێوەیان بێ و خەرجییان دابین بکات ، لە گونددا بەرەڵا بوون، لەوەشە تا ئەو کاتە ئاوارەی شارانیش بووبن و تووشی جۆرەها لادان بووبن و چووبنە ڕیزی دەیان هەزار قوربانیانی گەندەڵی ئەم کۆمەڵگا چەپەڵە چینایەتییەوە. دیارە عەدالەت و دادپەروەری کۆمەڵگای چینایەتی لەمە باشتر نابێت. ئایا لە کۆمەڵگای چینایەتیدا دەکرێ باسی یاسا و دادپەروەری بکرێت، بێئەوەی دەستانی ئالوودە بە خوێنی خاوەن دەسەڵات و دەستڕۆیان لە پشتیەوە نەبینرێ و خۆت لە هەستی نەفرەت و کینە بەرانبەر بەم عەداڵەت و دادپەروەییە نەنگین و شەرم ئەنگێز و بێ ناوەڕۆک و گاڵتەجاڕییە، دوور بگرێت...؟

## خەبتین دژی بەکرێگیراوانی زندان وفەرامۆش

## نەکردنی ئەرکی شۆڕشگێڕانەی خۆ

هەموو کاتێ لە بیری ئەمەدا بووین کە بە هەر شێوەیەک بووە دژی بەکرێگیراوانی دژمن بخەبتین، تا لەبیرمان نەچێت کە چ پەیوەندییەکمان پێکڤە هەیە. سەبارەت بە ئەفسەران و سەرۆکی زندانیش هەندێ بەرخوردمان هەبوو کە لە سنووری خۆیدا مایەی سەرنج بوون. لێرەدا هەندێ نموونەیان لێ دێنمەوە.

دوای هاتنی ئێمە ( من و هاوڕێیان شەهێن و ڕوقییە) بۆ زندان، بەگوێرەی دەستووری نووسراوی ساواک، بە هیچ جۆرێ ڕێگە بە تەماس و پەیوەندی زندانیانی سیاسی دەگەڵ ژنانی ئاساییدا نەدەدرا. تەنانەت دەیانویست ئەم سێ نەفەرەمان لە زندانییە سیاسییەکانی دیکەش جیا بکەنەوە کە پاشان بەهۆی نەبوونی جێگا و ئیعترازی سەرۆکی زندانەوە کە لەو حاڵەتەدا نەیدەتوانی ئێمە کۆنترۆڵ بکات، دەست بەرداری ئەم کارە بوون. هەڵبەتە وێڕای هەبوونی ئەم دەستوورەش لە مانگی میهری ساڵی ١٣٥١ دا، ماوەیەک بوو کە سەرۆک و یاریدەدەری زندان، دوو نەفەریان لە ژنانی زندانی کە لە سەر دەرکردنی چەکی بێ پشتیوانە و دەستبڕی، حەپس کرابوون و بە خەڵکانی دەوڵەمەند و دسترۆ دەهاتنە ژماردن. هێنایە ژوورێکی قاوشەکەی ئێمە. ئەمانە ژوورەکەیان وەک ماڵی خۆیان ڕازاندەوە و هەموو ڕۆژێک سەرۆک و یاریدەدەری زندان سەریان دەدان. ئیدی ئەمانە بوو بوون بە داستانی سەرزاری ژنەکانی زندان. ئەوان کە لە نەبوونی دکتۆر و ڕەوشی خراپی ژیانی خۆیان ناڕەحەت و ناڕازی بوون، حەزیان دەکرد ئیعتراز لەم ڕەوشە بگرن و سەرۆکی زندان ناچار بکەن کە بە دەنگیانەوە بچێت و داخوازییەکانیان جێبەجێ بکا. لێ کەس لە جێی خۆی نەدەجولا. ئەوانە بە جۆرێ بەرخورد و مامەڵیان دەگەڵ مەدا دەکرد وەکو بڵێی مادامێکی لە قاوشەکەی ئێمەدان، دەبێ ئێمە ئەم ئیعترازە بگرین. هەڵبەتە لەم ڕۆژانەشدا هەرزەیی و بێ شەرمی سەرۆک و یاریدەدەرەکەی زۆرتر بوو بوو، ئیدی ئەمە کردبوویە کارێک کە ئەنجامدانی ئەم ئیعتیرازە ببێ بە پێویست. ئەنجام ڕۆژێک ئێمە ( هاوڕێیانی ژوورەکە) هەستاین و بە ناوی ئیعتراز و ناڕەزاییەوە، بەدەم جنێودان بە سەرۆک و یاریدەدەرەکەی، لە ژوورەکە وەدەر کەوتین و چووینە نێو حەوشە. ئێمە کە بۆمان هەبوو نیو سەعات لە دانی بەیانی و یەک سەعات لە دانی ئێوارە لە حەوشەدا بسووڕێینەوە. بوونمان لەو کاتەی ڕۆژدا لە نێو حەوشە سەرنجی ڕادەکێشا. پاسەوانێک هات بۆ لامان کە بۆچی هاتووینەتە نێو حەوشە. بە ڕەقی وەڵاممان دایەوە کە تۆ حەقت نەبێ. قسەی مە لەگەڵ سەرۆکدایە. پێداگری کرد. بۆ ئەوەی تێی بگەیەنین کە مەسەلەکەمان بە جدییە و دەبێ بیگەیەنێتە سەرۆک ، دەستمان بە جنێودانی سەرۆک کرد. سەرۆک دووبارە بۆ لای ئێمەی ناردەوە کە داوامان لێبکات بچین بۆ لای ئەو و لەوێندەر گلەیی و سکاڵای خۆمان بکەین. گوتمان ئەو کەسەی کە خەتای کردووە دەبێ بێت بۆئێرە، نەک ئێمە بچین بۆ ژوورەکەی. بەهەر حاڵ سەرۆک هات، لەم کاتەدا ژنەکان لەبەر پەنجەرەکان دانیشتبوون و تەمەشای ئەم دیمەنەیان دەکرد. ئێمە هەرکە سەرۆکمان بینی دەستمان بە جنێودان کرد و بۆ ئەوەی ژنەکان گوێیان لێ بێت بە دەنگی بەرز دەمانگوت: تۆ کە بەم ژنانە

دەڵێی خراپ و گەندەڵ، خۆتان لە هەموو کەس خراپتر و گەندەڵترن. ئێمە ڕێزی زۆرمان بۆ ئەم ژنانە هەیە، ئەوان گەندەڵ نین، ئەوان لە پێناوی پارووە نانێک ڕۆژیان بەم ڕۆژە گەییوە و ڕێیان کەوتووەتە ئێرە دەنا ئەوان خراپ نین ئێوە گەندەڵن کە..

سەرۆک یەکسەر کەوتە هەوڵ و تەقەلا کە بابەتەکە داپۆشێت. نەک لەبەر داپۆشینی گەندەڵی و هەرزەکاریەکانی خۆی- چونکە ئەم کارانە بۆ ئەوان شتێکی ئاساییە- چونکە بە پێچەوانەی دەستووری ساواک، زندانی ئاسایی هێنابووە قاوشەکەی ئێمە. دەیویست بە ئاشتی دەگەڵ مەدا ڕێک بکەوێت، بەڵام ئێمە بە هیچ شێوەیەک بێدەنگ نەدەبووین و لێبڕاوانە هەموو قسە و بەڵگەکانیمان ڕەت دەکردەوە، تا لەم ڕێگایەوە ئەو هەیبەتەی کە سەرۆکی زندان لای ژنە زندانییەکان بۆ خۆی دروستی کردبوو بشکێنین و ژنەکان هان بدەین کە ناڕەزایی دەرببڕن و نەچنە ژێر باری زۆر. بۆیە پیسترین جنێومان پێ دەدا، جنێوێک کە شایستەی کەسێکی سووکی وەکو ئەو بوو. مێردەکی خوێڕی و بوودەڵە لە هەنبەر ئەم قسە و جنێوانەی ئێمەدا دەمی بوو بوو بە تەڵەی تەقیو. ئێمە لە سەر ئەرزەکە دانیشتبووین و ئەو بە پێوە وەستا بوو. بۆ ئەوەی سازشمان دەگەڵ بکات ئەویش لە سەر ئەرزەکە دانیشت و بە زمانێکی زۆر هێمن و نەرم دەستی بە قسان کرد کە من هیچ خەتایەکم لەمەدا نییە و هەموو ئەم کارانە یاریدەدەر کردوونی زۆری تری لەم پاکانانە. لەم کاتەدا ئێمە یەک یەک هەستاین لە دووری ئەو وەستاین. نەماندەویست دەرفەت بەم نۆکەر و بەکرێگیراوە چەپەڵە بدەین کە قسەمان بۆ بکات و کارەکانی خۆی پینە بکات. بە هەرحاڵ دوای هەستانی ئێمە ڕەوشێکی زۆر سەیر ولە هەمان کاتدا کۆمیدی هاتبووە ئاراوە. سەرۆک بە تەنیا و داماو لە ناوەندی حەوشەکەدا دانیشتبوو و زەبوونانە چاوی بڕی بووە مە کە لێی دوور کەوتبووینەوە. کەسایەتی ئەو تەواو شکا بوو. لە ئەرزەکە هەستا، لە کاتێکدا نەیدەزانی لە نیگەرانیدا چ بکات و زەبوونی و چرووکی لە سەراپای دەباری گوتی:" ئاخر من ئێستا چیبکەم؟" گوتمان دەبێ هەر ئێستا ئەم دوو ژنە بنێریتە قاتی سەرەوە. ئەو داوای لێکردین دەرفەتێکی بدەینێ، بەڵام ئیمە لە قسەی خۆ نەهاتینە خوارەوە. ئەنجام بڕیار درا هەر ئەو ساتە ژنەکان وادار بە چۆڵکردنی ژوورەکە بکات. ئەنجام لەگەڵ ڕۆیشتنی ژنەکاندا، ئێمەش کۆتاییمان بە ئیعترازەکەی خۆمان هێنا. ئەو ژنانەی لە پەنجەرانەوە تەمەشای ئێمەیان دەکرد و هەڵوێستی لێبڕاوانەی ئێمەیان لە هەنبەر سەرۆکدا بینی بوو و زەبوونی و مەلوولی و دەستەپاچەیی سەرۆکیان لە هەنبەر ئیعترازی لێبڕاوانەی مەدا دەبینی، هاتبوونە جۆش و چەپڵەیان لێدەدا و ئێمەش دەستمان بۆ تەکان دەدان و بە دڵ بە ڕوویانەوە پێدەکەنین.

ئەم مامەڵە و بەرخوردەی مە دەگەڵ سەرۆکدا، جگە لەوەی ڕێز و حورمەتی زندانیانی بەلای ئێمەدا ڕاکێشا و پاشان وەکو هێزێک تەمەشایان دەکردین ، کارێکی ئەرێنی لە خۆیشمان کرد. ئەم بەرخورد و هەڵوێستە زەمینەی هەر جۆرە بیرکردنەوەیەکی محافزکارانەی وەکو ئەوەی لەبەرخاتری بەدەستهێنانی کتێب و ڕۆژنامە، خراپ نییە جا جارێک سڵاو لە سەرۆک بکەین- کە لەو ڕۆژانەدا بەرە بەرە هاتبووە ئاراوە - بە تەواوەتی

سرپییەوە. لەمە بەدواوە بە نۆرینی یەک بە یەکی هاورێیان سڵاوکردن لە سەرۆک بوو بە کارێکی نەنگین و پڕ شەرمەزاری. دوای ئەم ڕووداوە بوو کە یاریدەدەری سەرۆک چیتر بۆ زندانی ژنان نەهات و بۆ شوێنێکی دیکەیان گواستەوە، هەروەها ژمارەیەک ئەفسەر و پاسەوانیشیان گۆڕی.

هەروەها هەندێ بەرخوردیشمان دەگەڵ یاریدەدەری زنداندا کە لە هەمان کاتدا هەواڵدزیش بوو، هەبوو کە من لێرەدا نموونەیەکی دەگێڕمەوە. ئەم مێردەکە کە لە یەکەم ڕۆژی هاتنییەوە بۆ زندان، هەوڵی دابوو بە ڕەفتاری توند و زبر، هەیبەتێک بە خۆی بدات، زۆر بە توندی جڵەوگیری لە تەماس و پەیوەندی مەی بە ژنانی زندانییەوە دەکرد و هەرکاتێ بی دیتبا ژنێک دەگەڵ مەدا داخافێ، پاش ئەوەی هەڕەشەی لێ دەکرد کە دۆسییەی دژایەتی کردنی دەوڵەتت بۆ دەکەمەوە، بۆ ژووری ئینفرادی دەنارد. ئەم مێردەکە هێندەی ڕق و کینە لە مە بوو کە بەردەوام هەوڵی دەدا ، ئەوەندەی ئاو لە دووی بێڵی دەهات، نەیەڵێت کەمترین وبچووکترین کاری دڵخوازی خۆمان بکەین. بۆ نموونە چاوە چاوی ئەوە بوو کە وێنەیەکی یەکێک لە هاورێکانمان بە دیوارەکەوە ببینێ، کە زۆ جار هەڵمان دەواسی، بلەز بیدڕێنێت. لە پاشملە جنێوی پێدەداین، خەفەتی بە ورەبەرزی و مقاوەمەتی دلێرانەمان دەخوارد. بۆ نموونە ڕۆژێک کە یەکێک لە هاورێیان وەکو خووی هەمیشەیی خۆی، بە مکومی و بە سەربەرزی و بێ موبالاتی و بە غرورەوە بە بەردەم ئەودا تێپەڕی بوو، ئەم مێردەکە کە لە داخ و لە قینا خۆی پێ نەگیرا بوو، لە بەردەم زندانییە ئاساییەکاندا جنێوی بە هاورێکەمان دابوو... و گوتبووی تەنانەت ڕێکردنەکەشی مەغرورانەیە. بە هەرحاڵ ڕۆژێک کە یەکێک لە هاورێیان بۆ سەردانی ژنێکی نەخۆش بۆ نەخۆشخانەکەی زندان چوو بوو، یاریدەدەریش بۆ خەستەخانەکە دێت. هەڵبەتە ئێمە تا ئەو کاتە نەماندەزانی کە ئەو ماموری هەواڵدزیشە. هاورێکەمان کەوتبووە گلەیی لە ڕەوشی خەستەخانەکە و خەمساری دکتۆران و گوتبووی ئاخر ئەمە چۆن خەستەخانەیەکە کە نەخۆشێکی زەردوویی پێنج دانە ڕۆژ بە دەم ڕشانەوەوە بتلێتەوە و لە تاو ئازار و ناڕەحەتی ئۆقرە نەگرێت و کەس لێی نەپرسێت و دکتۆر وێڕای ئەوەی کە دەزانێ نەخۆشێک لە نەخۆشخانەدا کەوتووە، نەک هەر نەیەت بەلایەوە، تەنانەت لەبەر دەرگاوەش هەواڵێکی نەپرسیت. مێردەکی سیخوڕ و هەواڵدز بەو پەڕی بێ شەرمی وەڵامی هاورێی دابۆوە کە ئەم کارانە پەیوەندی بە تۆوە نییە. تۆ بە چ هەقێکەوە بۆ ئێرە هاتووی؟ هەنگێ هاورێ هاواری بەسەردا کرد بوو کە: ئەم قسەیە دەبێ بە تۆ بگوترێ کە بۆچی بۆ ئێرە هاتوویت! ئاخر چۆن نەخۆشی ئەم ژنە پەیوەندی بە منەوە نییە؟ لە کاتێکدا من لە پێناوی نەهێشتنی ڕەنج و بەدبەختی ئەمانەیە کە لێرە زندانم. ئەمە تۆیت کە هەقت نییە پێ بنەیتە ئەم نەخۆشخانەیە و بە درۆوە سەردانی نەخۆشان بکەیت. لە کاتێکدا ئەم کارە نەک هەر هەق، بەڵکو ئەرکی منە کە دەبێ هەمیشە لە خەمی ئەم ژنانەدا بم. دوای ئەم شەڕە دەمە، مێردەکی سیخوڕ و هەواڵدز کە هەیبەتی لەبەردەم ژنانی زندانیدا شکا بوو، ڕقی زیاتری لە مە هەڵگرت و بۆ تۆڵە دەگەڕا. ئیدی یەکێک لە ژنانی زندانی، کە تایبەتمەندی لۆمپەنی لە هەموو ئەوانی دی پتر بوو، ڕاسپاردبوو بە بیانوویەکەوە شەڕمان لەگەڵدا بکات و بە هەندێکی دیکەی گوتبوو کە ئەوانیش تێکەڵ بە شەڕەکە ببن و کارەکە بگەیەننە کوتەک کاری. ئەو گوایە دەیویست بەم

کاره وا بنوێنێ کە ژنەکان دژی مە خرۆشاون... بەڵام خویا بوو کە ئێمە ئەم ژنە نەگبەتانەمان لەوە خۆشتر دەویست کە رێگە بدەین،ئەو جۆرە شەڕەمان بکەوێتە نێوان. بە هەرحاڵ پیلانەکەی یاریدەدەری شۆڤار و سیخوڕ سەری نەگرت و ژنە گەنجەکە لە ژێر باندۆر و کاریگەریی ڕەفتاری مەحەبەت ئامێزی مەدا ناچار بوو ئیعتراف بکات و نەخشەکەمان بۆ ئاشکرا بکات.

***

لە مانگی بەهمەنی ساڵی ١٣٥١ دا جارێک ئەشرەف پەهلەوی هەرزە و خاین هات بۆ زندان، لە ئێراندا هەموان بە چاکی دەزانن کە ئەو سەرۆکی باندی قاچاخ فرۆش و تاوانکارییە و مەسئولیەتی گیرۆدە بوونی هەزاران گەنجی وڵات بە گەندەڵی و ئالوودەبوون بە بەنگ و تلیاک و لە دوا ئەنجامدا مەرگی بەرە بەرەی وان، لە ئەستۆی ئەو دایە. ژنانی قەرەبەختی زندانی بە نەفرەتەوە باسیان دەکرد. بەتایبەتی ژنانی قاچاخ فرۆش بە باشی دەیانزانی کە گەورەترین سەبەبکاری بەدبەختی وان ئەشرەف پەهلەوی هەرزە و خاینە. جا چونکە پێشتر هەندێجار زۆربەی پایەدارانی بە ناو بەرپرس، دەهاتنە سەردانی زندان و سەرۆکی زندان هەڵوێست و ڕەفتاری مەی لە هەنبەر خۆی وپایەدارانی ناڤبری دیتبوو، هەوڵی دەدا کەمتر ئەو بەرپرسانە بۆ ژوورەکەی مە بێنێ. خۆ ئەگەر ئەم بەرپرسانە بەخۆیان و بە هەڵە درزیان بخستبا دەرگای ژوورەکەی مە، یەکسەر ژێوان دەبوونەوە و دەڕۆیشتن.

ئەوانە کە بە تەشریفاتی جۆراو جۆر و بە فڕناخی و لوتبەرزی بە بەردەم ژنانی زندانیدا تێدەپەڕین ( لە حاڵێکدا کە ژنانی نێوبراویان ناچار کردبوو بە ڕێزەوە بە ڕیز بۆیان بوەستن) کاتێ دەگەیینە ژوورەکەی مە و ئێمەیان دەبینی کە بێئەوەی هیچ بایەخێکیان پێ بدەین و بێئەوەی لە جێی خۆمان جوڵە بکەین و هەر کەسە و بەکاری خۆیەوە سەرگەرمە و کاتێ پرسیارێک دەکەن کە کەس گوێیان ناداتێ، ڕادەچڵەکین و بلەز لە ژوورەکە وەدەر دەکەوتن. لەبەر ئەمە کاتێ ئەشرەف پەهلەوی هەرزە و خاین هات، ئێمەیان بۆ زندانی ژمارە دوو برد، کە زندانی گشتی زندانیانی ئاسایی بوو لە نێو حەوشی قەسردا.

هەڵکەوتی زندانی ژمارە دوو بەمجۆرەیە: دوای ئەوەی دەرگایەکی گەورەی ئاسنین بە جیڕ و هۆڕێکی دوور و درێژ دەکرێتەوە، ڕاڕەوێکی درێژ و تاریک و زۆر نمسار دەست پێدەکات وئەمبەر و ئەوبەری ژوورن. لە هەر ژوورێکدا دوو پەتۆی سوپایی کۆن کەوتووە، عەردەکەی زۆر شێدارە. لە بڵندایی هەر ژوورێکا دەلاقەیەک هەیە کە دەست نایگاتێ. حەوشێکی زۆر بچووکی شەش مەتر بە حەوت مەتری هەیە کە دیوارەکانی زۆر بەرزە و هەرگیز تیشکی هەتاوی ناگاتێ. کە دەچیتە ئەم زندانەوە خۆ بە خۆ زندانیانێ لەبەر چاوی خۆت بەرجەستە دەکەیت کە بەدەم ئازاری ڕۆماتیزمەوە و بە ڕەنگی زەردەوە چاویان بڕیوەتە پەنجەرەکە تا بەڵکو تۆزقاڵێک تیشکی هەتاو بدینن!..

## پێویسته له هەموو حاڵێکدا

## دژی لاوازییەکانی خۆمان بجەنگین

زندانی گشتی بە هەل ومەرجە تایبەتییەکانی خۆیەوە – ژینگەیەکی تەنگ و داخراوە – بەگوێرەی چۆنیەتی بەرخورد و مامەڵەی هەر زندانییەک دەگەڵ کێشە و هەل ومەرجەکانی ئەوێدا دەشێت ژینگەیەکی باش یا خراپ بێ بۆ زندانیان. یانی باشی و خراپی ئەوێندەر وەستاوەتە سەر لێکدانەوەی هەر زندانییەک. بەڕاستی دیوارێن بەرز و قفڵ و کەلەپچەی زندان، بە تەنیا و خۆ بە خۆ، ناتوانی زندانی لە بویەر و ڕووداوەکانی دەرێی زندان داببڕێت و بەرەو خامۆشی و بێدەنگی ببات. ئەوەی کە دەتوانێ ڕۆڵی گرینگ لە سست کردن یا گەشەکردنی زندانیدا هەبێت، هەڵوێست و ڕەفتاری خودی ئەو و بەرخوردو مامەڵەی دروست یا نادروستی خۆیەتی دەگەڵ بارودۆخ و هەل ومەرجی تایبەتی زنداندا. بوونی کەسانی جیاواز و بە داب ونەریت و خووخدەی جۆراو جۆرەوە لەوێ، کە بە هەرحاڵ ئاوێتەیە بە خەسڵەتێن وردە بۆرژوایی لەپاڵ حاڵەتی ڕۆتینی و یەک نەوای زندانەوە، دەشێت ببێ بە زەمینە و ژینگەیەکی لەبار بۆ گەشەکردنی ئایدیا و خەسڵەتێن لیبرالیستی. پاشماوەی خەسڵەتێن وردە بۆرژوایی هەر کەسێک، ناو بە ناو سەر بەرز دەکاتەوە و سەر هەڵدەداتەوە و بەگژا چوونەوەی ئەم دیاردەیە پێویستی بە هێز و هۆشیاری بەدەوامە. هێز و هۆشیارییەک کە تەنیا خودی ئەو کەسە بەکاری ببات. ئەو پرۆسەیەی کە ئێمە لە زندانی گشتیدا گرتمانە بەر تا بکارین زەمینە و ژینگەیەکی لەبار بێنینە ئاراوە، بەمجۆرە بوو:

مەسەلەی ژیانی هاوبەش بە حوکمی کەمی ژمارەی زندانیان قەت وەکو کێشەیەک دەرنەدەکەوت. بەڵام ماوەیەکی زۆر بەو حاڵە سادەیەی خۆیەوە مایەوە، هاوڕێیان لە نێو یەکدا یەکێتی و هەماهەنگیان نەبوو، ئەم کێماسیەش ڕەگی دەچووەوە سەر پەیوەندییە ناوخۆکانی ژوورەکە. ئێمە هەمیشە لە هەنبەر ئەفسەرانی خەفەر و چاودێر و سەرۆکی زندان و ئەمەی کە دەبێ چ ڕەفتارێکمان دەگەڵیاندا هەبێت، هاوبیر و بۆچوون بووین و هەمیشە ناڕەزایی و شەڕ ودەعوامان دەگەڵ واندا بە کۆدەنگی و یەک هەڵوێستی ئەنجام دەدا. بەڵام پەیوەندی ناو خۆمان هیچ جێگەی ڕەزامەندی نەبوو. هەریەکەمان بەشێک لە خەسڵەتی وردە بۆرژواییمان تیا بوو و ئەم خەسڵەتانە لە کاتی بەرخورد و مامەڵەمان لەتەک یەکدیدا زەقتر دەبوونەوە و کێشە و ناڕەحەتی زۆریان بۆ دروست دەکردین. تەنانەت هەندێ لەم خەسڵەتانە کە لە دەرەوە خەفە بوو بوون، لەوێ ژینگەیەکی لەباریان بۆ گەشەکردنی خۆ پەیدا دەکرد. نەبوونی دیدێکی فراوان و ئەزموونی قووڵ و شارەزایی تەواو دەربارەی پرسەکان و لە هەموو ئەمانەش گرینگتر ئەوە بوو لە دەرەوە هەمیشە چاومان لە کۆمەک و ڕێنوێنی هاوڕێیان بوو، کەمتر هەوڵمان دەدا بە تەنیا ڕوو بە ڕووی کێشەکان ببینەوە، هەر هەموو ئەمانە ڕەوشێکی ئاڵۆز و نالەباریان بۆ دروست کردبووین و کەوتبووینە گێژاوێکی ناخۆش و ناڕەحەتەوە. کێشەکانمان دەبینی، بەڵام ڕێگەی چارەسەرکردنیانمان نەدەزانی. لەو سەرو بەندەدا کۆبوونەوەی ڕەخنە گرتنمان دەگرت، بەڵام ڕەخنەکان نەک

وەزعیان چاکتر نەدەکردین، بەڵکو خراپتری دەکرد! لە کاتی ڕەخنەگرتندا لە جیاتی ئەوەی بیرمان بە لای خودی بابەتی ڕەخنەکەوە بێ، بیرمان لای ئەوە بوو کە ڕەخنەگرەکە بە چ زمانێک قسە دەکات. چارەی گرژ و مۆنە یا ڕووی خۆشە و کاتێکت دەزانی بابەتی ڕەخنەکە لە بیر چووەتەوە! و بە سەعاتان گەنگەشە لەسەر زمان و ڕوخساری ڕەخنەگرەکە دەکرا. لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا بە هیچ ئامانجێک نەدەگەیشتین. سەبارەت بە باس و گەنگەشەی پرسە تیۆرییەکانیش هەمان تاس و هەمان حەمام بوو. لە هیچ باس و موناقەشەیەکدا کەمترین شتمان دەربارەی خودی بابەت و باسەکە دەست نەدەکەوت.

هەڵبەتە زۆربەمان ڕاستگۆیانە و بە شێوەیەکی بەردەوام هەوڵمان دەدا ئەم پرسانە لەگەڵ یەکدی چارەسەر بکەین و وەزع و حاڵ و ژینگەی خۆمان باشتر بکەین. هەر کەسەو بەردەوام لەگەڵ خۆیدا لە خەباتا بوو و بەڕاستی ئەم هەوڵ و تەقەلایە بە ئاشکرا دەبینرا. هەر هەموومان لەو ڕەوشە نیگەران و بێزار بووین، بەڵام بە یەک شیکردنەوەی سادە هۆی ئەم کارە ڕۆشن دەبووەوە. ئێمە هێشتا لە سەرەتای بزووتنەوەدا دەژیاین و هێشتا وەکو پێویست خەسڵەتێن شۆڕشگێڕانەمان بەدەست نە هێنابوو. بە هەر حاڵ هەوڵی بەردەوام تا ڕادەیەک وەزع و حاڵی چاک دەکردین. ئەگەرچی ئەنجامی خراپیشی هەبوو. بەم شێوەیە ئێمە لە مەسەلەکانی ناو ژوورەکەدا نوقووم بوو بووین وسەرقاڵی خەبات بووین لەگەڵ خودی خۆماندا و بیرمان لە هچ پرسێکی دەرەوەی چوار دیواری حەپسخانەکەمان نە دەکردەوە. ئەوەندە دەربارەی مەترسییەکانی گەشەکردنی خەسڵەتێن خوردە بۆرژوایی قسەمان کردبوو و ئەم لاوازییانەمان لە خۆ کردبوو بە دژمنێکی هێندە گەورە و مەترسیدار کە دەتوانێ ژیانی شۆڕشگێڕیمان وێران بکات، بەڵکو بەرەو هەڵدێری خیانەتیشمان بەرێ، ئەمە وای لێکردبووین کە کاتێ وشەی دژمنمان بەکار دەبرد بەر لەوەی ئیمپریالیزم و ڕژێمی دەستنێژی ئەومان لەبەر چاو بەرجەستە بێ لاوازییەکانی خۆمان لەلا بەرجەستە دەبوون! ئێمە خۆ سازیمان بە سەرەکیترین ئەرک و کاری خۆمان لە زنداندا دەزانی، بێئەوەی ئاگامان لەوە بێ کە ناکرێ و نابێت لاوازی بە شێوەیەکی ئەبستراکت وەربگیرێت. دژایەتی بکرێت و ئێمە نائاگایانە ئەو کارەمان دەکرد. لەبەر ئەمە وێڕای هەوڵ و تێکۆشینی زۆر و فراوانی خۆمان ئەنجامێکی زۆر کەممان بەدەست دێنا. ئێمە خەسڵەتە خراپەکان و لاوازییەکانی خۆمان بەدەر لە ژیانی مەتریاڵی خۆمان ڕەچاو دەکرد و گوێمان بەوە نەدەدا کە بە بێ ئامادەکردنی هەل ومەرجێن مەتریالی گونجا و بە نەخشەکێشانی ڕووت و گلەیی کردن لە لاوازییەکانی خۆمان، ناکرێت خەسڵەتەکانی وردە بۆرژوایی لە نێو ببرێت! بۆیە ئەم خەباتە بێ ئاکام و بێهودەیە زۆربەی کات مژوولی کردبووین.

سەرباری ئەوەش، بەرە بەرە کاتەکانمان بە کارێن بێهودەی تری وەکو دانیشتن و گێڕانەوەی سەربهورد و بیرەوەریان بۆ یەکدی بە فێڕۆ دەڕۆیی. بەڵام دوای وەرگرتنی کتێب و ڕۆژنامە و مژوول بوون بە خوێندنەوەیان و مناقەشەی ئەو بابەتانەی تیایاندا بوو، کە هەم دەبووە مایەی گەشەکردنی فیکریمان و هەم لە سەرگەرمییە بێهودەکان ڕزگاری دەکردین، زوو بۆمان دەرکەوت کە ژینگە و ناوەندەکەمان خەریکە چاک دەبێت و لێرەوە بۆمان

دەرکەوت کە زۆربەی هەوڵەکانمان بۆ چاککردنی هەل ومەرجێن مادی ژیانمان تەرخان بکەین. ئیدی لەکاتی ڕەخنەگرتندا هەر بەوەوە نەدەوەستاین ڕەفتار و گوتاری یەکدی بەر ڕەخنە بدەین، بەڵکە هەرکەسە هەوڵی دەدا لە پێشەوە زەمینەیەکی ئەوتۆ بسازێنێ کە بتوانێ بە هەوڵ و کۆششی خۆی لاوازییەکانی خۆی لە نێو بەرێت، دەست نیشانی بکات، بیری خۆی بخاتەوە یا ئەو زەمینەیە فەراهەم بکات. ئەوەی کە زیاتر کارەکانی لێ دژوار دەکردین و نەیدەهێشت ڕەوشێکی سیستەماتیک و جدی بۆ ئەنجامدانی کارەکانی بێتە ئاراوە، بێ سەروبەری ژوورەکە بوو، کە بە هۆی هاتووچۆی زندانییەکانەوە دەهاتە ئاراوە. هەڵبەتە ئەم کێشەیە لەوەوە چێ دەبوو کە ژیانی هاوبەشی مە بە شێوەی کۆمون نەبوو و لە هەموو لایەنەکانەوە ڕەوشێکی ڕێکوپێکی تایبەتیمان نەبوو کە هەر تازە هاتوویەک پەیڕەوی بکات و هیچ کێشەیەک دروست نەکات. ژیانی هاوبەشمان لە ڕاستیدا شتێکی پیشەیی بوو کە یاساکانیشی لە سەرەتایی ترین ئاستدا بوو و هەر کەسە و بەگوێرەی خەسڵەت و جۆری بیرکردنەوەی خۆی پەیڕەوی دەکرد. دەبوایە زندانییە کۆنەکان هەرچی زووترە ڕەوشەکەیان بخستایە سەر سکە و بەرنامەیەکی سیستەماتیک بۆ کارکردن و ژیان لە زنداندا دابنەین. تەنیا لە ڕێگەی بەرنامەیەکی سیستەماتیک هەماهەنگ کردنی ئەرکی کەسەکانەوە دەکرا و دەتوانرا ژینگەیەکی لەبار فەراهەم بکرێت. ژینگەیەک کە لەگەڵ هاتن و ڕۆیشتنی زندانیانەوە تێک نەچێت و نەگۆڕێت. لە ئاخر و ئۆخردا، ئەم جۆرە ژینگەیەش خەریک بوو دەهاتە ئاراوە.

زۆرترین سەرگەرمی و سەرقاڵی مە بوو بوو بە ڕۆژنامە خوێندنەوە. لەڕێگەی ڕۆژنامە و ڕادیۆوە لە هەواڵەکانی دەرەوە ئاگادار دەبووین. ئەگەرچی ئەو هەواڵانەی دەربارەی بزووتنەوە بڵاو دەبوونەوە هەمیشە ئاوەژوو و نوقسان بوون ، لە بنەڕەتدا بۆ تەفرەدان و نائومێدکردنی خەڵکی بڵاودەکرانەوە، بەڵام ئەمەش بۆ خۆی بەڵگە و نیشانەی بەردەوام بوونی خەبات و بەبێ توانایی پۆلیس لە دامرکاندنەوە و سەرکوتکردنی بزووتنەوەکە دەژمێردرا. هەر پێکادان و شەڕێک دەگەڵ پۆلیسدا و هەر کارێک چەند نا سەرکەوتووش بوایە، نیشانە و بەڵگەی بەردەوامی خەبات و پایەداری شۆڕشگێڕان و هەوڵ و تێکۆشانی لەپەستاو بێ بڕانەوەی وان بوو لە ڕای پێشڤەبردنی شۆڕشدا، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا بۆ ئێمە مایەی ئومێدەواری و دڵخۆشییەکی زۆر بوو. لە خۆڕایی نییە کە دژمن هەوڵ دەدات ئەوەندەی بتوانێت کەمترین هەواڵ، تەنانەت بە شێوە فریوکارانەکەی خۆیشی، بڵاونەکاتەوە. دژمن باش لەوە بە ئاگایە کە خەڵکی هەر هەنگاوێکی ئەو دژ بە خەڵکی دەقۆزنەوە و سوودی لێ وەردەگرن. هەندێجار کە یەکێک لە کەسانی ژوورەکەمان بۆ دادگا دەڕۆیی، هەواڵەکانی دەرێی لە هاوڕێ کوڕەکان دەبیست و کە دەهاتەوە بۆ ئێمەی دەگێڕایەوە، کاریگەری ئەم هەواڵانە بە ئاشکرا هەست پێدەکرا، لە کار و پرسە بێهودەکان دووری دەخستینەوە و هانی دەداین بۆ کاری جدی زیاتر، کە لێرەدا پتر بریتی بوو لە کتێب خوێندنەوە. هەڵبەتە بیستن وزانینی هەواڵەکانی دەرەوە جگە لەوەی زندانییەکانی وادار دەکرد – سەرەڕای ویستی دژمن کە ژینگەیەکی تەسک و داخراویان بۆ فەراهەم بکات، تا لەم ڕێگەیەوە بیری ئەوان بە پرسێن لاوەکی و ناپێویست بۆ قۆناغی ئێستا مژوول بکات – بیر لە پرسە بنەڕەتییەکانی خەبات بکەنەوەو هەست بە

بەرپرسیاریێتی زیاتر بەرانبەر بە شۆڕش و پێشخستنی شۆڕش بکەن. کە بۆ نموونە خۆشیان لە زیندانەکاندا دەست بدەنە کارێن داهێنەرانە.

گرینگترین کار و ئەرکی سەرشانی خەباتکارانی مەحکووم بە زیندانی درێژ خایەن، ئەوەیە کە زەمینە و ژینگەیەکی لەباری ئەوتۆ لە زینداندا فەراهەم بکەن کە بتوانن ئەو کەسە تازەکارانەی کە حوکمەکەیان کەمە پەروەردە بکەن. ئامانجی سەرەکی خەباتکاران پێویستە پەروەردەکردنی ئەو جۆرە کەسانە بێت لە زینداندا. تا ئەو ڕادەیەی کە دژمن تیا بمێنێ  لەوەی کە خەڵکی زیندانی بکات، نە بیەوێ بیانگرێ و لە زیندانیان پەستێ و نە بتوانێ ئەم کارە نەکات! دەزانین کە تەحەمولی ئەشکەنجە وئیعتراف نەکردن و نەدانی بچووکترین زانیاری بە دژمن و سەرلێشێواندنی و کڵاوکردنە سەری، خەباتێکە کە مرۆڤی خەباتکار دوا بە دوای خەباتی دەرەوەی خۆی، لە زینداندا درێژەی پێ دەدات. بەڵام ئەمە هەموو شتێک نییە و لێرەدا ناوەستێ و نابڕێتەوە. بۆ مرۆڤی خەباتکار، خەبات شوێن و کات نازانێ و هەر هەل ومەرج و ژینگەیەک بۆ کەسێکی شۆڕشگێڕ دەشێت ئەو ژینگەیە بێ کە خەباتی تێدا بکات و درێژە بە خەباتی خۆی بدات. لە ڕاستیدا بۆ کەسی خەباتکار، خەبات بێ کۆتایی و سنوور و مەرزە. لە هەل ومەرج و ژینگەی زیندانی گشتیدا، بە ڕەچاوکردنی ئەمەی کە ئامانج و هەموو هەوڵێکی دژمن دەرهەق بە زیندانیان ئەمەیە کە لە پرسە سیاسیەکان و بەشێوەیەکی گشتی لە شۆڕش و خزمەتکردنی خەڵک دووریان بخاتەوە و گیرۆدەی خیانەتی بێلایەنیی بکات... پێویستە هەمیشە کار بۆ ئەوە بکرێت کە نێرەنگ و فەندەڵ فێڵەکانی دژمن لەقاو بدرێ، تا بتوانرێ ڕوو بە ڕوویی ببنەوە.

ڕوو بە ڕووبوونەوە و بەگژا چوونەوەی خەسڵەتێن وردە بۆرژوایی خۆت چ لە دەرێی زیندان و چ لەناو زینداندا، گرینگترین ئەرکی هەر خەباتکارێکە، هەڵبەتە "چاکەخوازان" ، " پارسا نەژادان" و " نوشیروان پوران" ئەو خاینانەی کە لە زیندانی گشتیدا، کە لە ناکاوا سەد و هەشتا پلە بادەدەنەوە، لە سۆنگەی گەشەکردنی بەرە بەرەی هەمان ئەو خەسڵەتە پەنهانانەیە کە وەختێ دەگەنە ڕادەی گونجاوی گەشەکردنی خۆ، جیلوەی یەکجارەکی خۆیان، کە بریتییە لە پشت کردنە خەڵکی، دەنوێنن. لە ڕاستیدا ئەوانە بە شێوەیەکی جدی و لێبڕاوانە ڕوو بە ڕووی ئەم خەسڵەتانە، کە لە سەرەتاوە کەم بایەخ دەنوێنن نابنەوە و لە ناوی نابەن بەڵکە پەردەپۆشیان دەکەن.

لە زینداندا هەندێک هەن کە ڕێ بە خۆ دەدەن ئارەزووی ئازادی بکەن و خەون بە هەڵاتنەوە ببینن، ئاگاداری ئەوە بن کە گوتم ئارەزوو و خەون،  نەک هەوڵدان بۆ هەڵاتن و ئازادی و هەنگاونانی کردەیی لەم بوارەدا. ئەم تەرزە هزرینە لە قۆناغی یەکەمدا زۆر گرینگ نایەتە بەرچاو. بەڵام بە تێپەڕبوونی ڕۆژان، ڕۆژ بە ڕۆژ بەهێزتر دەبێت و ژیانی دەرەوە لەگەڵ ژیانی ناو زینداندا بەیەک دەگیرێن و بەراورد دەکرێن و ڕەوشێ دێتە ئاراوە کە ئەو کەسە ئیدی توانای تەحەمولی ژیانی ناو زیندانی نامێنێ و بە هەرحاڵێ بووە دەیەوێ ئازاد ببێ و هەنگێ دەکەوێتە پاکانە کردن بۆ خیانەتی خۆی.

به دیتنی ئەم نموونە بابەتیانەیە کە گرینگی ڕەخنە و ڕەخنە لە خۆگرتن لە ڕێکخراوە شۆڕشگێڕییەکاندا و لە ژیانی شەخسی هەر خەباتکارێکدا بە چاکی ڕوون دەبێتەوە. بە هەر حاڵ پێویستە ئەم حەقیقەتە لەبەر چاو بگیرێت کە هەرچەندە لە زنداندا دیل و ئەسیری دژمنین و دژمن هەموو ئازادییەکانی دەرەوەی لێ سەندووینەتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا هیچ کەسێک جگە لە خۆمان ئێمەی مەجبوور نەکردووە لێرەدا، لە زنداندا بژین. بۆ کەسێکی شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە، کە ژیان تەنیا لە خەباتدا دەبینێ، زندان، بە هیچ جۆرێ بە عینوانی دژی ئازادی مانا و چەمکێکی نییە. کەسێکی شۆڕشگێڕ هەمیشە ئازادە، تەنانەت لە زندانیشا. چونکە دەتوانێ لە زندانیشدا دێژە بە خەبات بدات و درێژەدان بە خەبات خۆی لە خۆیدا و بۆ ئەو ئازادییە. ئەگەر لە هەل ومەرجێکدا چەک هەڵگرتن و جەنگاوەری مەرج و نیشانەی خەباتکاری بێ، ئەوا لە هەل ومەرجێکی دیکەدا و لە زنداندا سوود وەرگرتن لە هەر جۆرە دژایەتیی کردنێکی دژمن نیشانەی خەباتکارییە. مەگەر خەبات چییە؟ تەسلیم نەبوون بە هەر شتێک کە دژی گەشەکردن و پەرەسەندن بێ، بۆ خۆی خەباتە، مل نەدان بە هەر شتێک کە مایەی نائومێدییە، ژیاندۆستی و کۆڵنەدان، ئەمانە هەر هەموویان خەباتن. هەر ژینگەیەک بە گوێرەی هەلومەرجی خۆی شێوە خەباتێکی تایبەتی دەخوازێت. شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە کەسێکە کە لە هەر ژینگەیەکدا بە گوێرەی پێداویستییەکانی زەمان، وەڵامی ئەو پرسە بنەڕەتیانە بداتەوە کە لەو ژینگەیەدا خراونەتە ڕوو.

## هەڵاتن لە زندان

ڕۆژی دووەمی نەورۆزی ساڵی ١٣٥٢ بوو. کەس و کار و خێزانەکانمان بە دەستە جەمی هاتبوونە دیدەنیمان و دیدەنییەکەش ڕوو بە ڕوو بوو. کەس و کار بە خۆشەویستی و تاسەوە لە ئامێزیان دەگرتین. هەموومان خۆشحاڵ بووین. هاوڕێیانی ژوورەکە بە بەردەوامی لە هاتووچۆدا بوون و بە جۆش و خرۆشەوە دەگەڵ دایکەکاندا قسەیان دەکرد. دوو سێ نەفەر لە هاوڕێیان بۆ ژووری دیدار چوو بوون، واتە بۆ ئەو شوێنەی کە تەلبەند بوو، ودیدار هەمیشە لەوێ دەستی پێ دەکرد. ژمارەیەک لە دایکی هاوڕێ کوڕەکان، خۆیان تێکەڵی ژنانی ئاسایی کردبوو و دوور لە چاوی پۆلیس و بە دزی پاسەوانەکانەوە خۆیان گەیاندبووە پشت تەلبەندەکان و دەیانویست ئێمە بدینن. هەستام و چووم بۆ ژووری دیدار، کەمێک دەگەڵ ئەواندا کە بە تاسەوە چاوەڕێی دیداری ئێمە بوون، قسەم کرد. ئەوان زۆر حەزیان دەکرد بێنە ناو زندانەکەوە و دیداری ڕوو بە ڕوو بکەن. گوتمان دەتوانن بە ناوی خزمایەتی و فامیلەوە بێنە ناو زندانەکە.

ڕۆژی سێیەمی فەروەردین، ژمارەیەکی زۆری ژنانی عەبا بەسەر لە کیژانی گەنجەوە بیگرە تا پیرەژن بە ناوی فامیلەوە بۆ زندان هاتن. بە دیتنی ئەو هەموو مەحەبەت و تاسە و شەوقەی وان زۆر خۆشحاڵ بووین. دەمانزانی کە ئەوان لەبەر هەڤبەستەکی خانەوادەیی یان لەبەر خاتری کەسێکی تایبەتی بۆ زندان نەهاتوون . بەڵکو محەبەت و میهری وان نیشانەی دڵسۆزییان بوو بۆ خەباتکاران، هەموو هاتبووینە جۆش، هەڵبەتە ئەوان حەزیان دەکرد ئێمە بە ورەی بەرزی کۆڵنەدەرانە ببینن، بۆیە  بە خۆمان دەگوت دەبێ بە جۆرێک ڕەفتار بکەین ڕێک بە دڵی وان بێ. ئیدی بە کۆمەڵ لە دەوریان خڕ بووینەوە و بە دەستە جەمی سروودی شۆڕشگێڕیمان گوت. هیچ یەکێ لە پاسەوان  وئەفسەری خەفەر لە ژوورەوە نەبوو. ئەوان تەنیا جار جارێک سەرێکی ژوورەوەیان دەدا. ژمارەیەک مواجەهەچی یەجگار زۆر بۆ لای زندانیانی غەیرە سیاسی هاتبوون، دیدار لە پشتی تەلبەندەکە و لە حەوشی زندانیانی ئاسایی بوو ( لەبەر ڕۆژانی جەژنی نەورۆز، دەرگاکانی قاتی سەرەوەیان، واتە قاوشی ژنانیان دا نەدەخست و زندانییەکان لەناو حەوشە بوون) وەزع و حاڵێکی هێندە قەرەباڵخ و جەنجاڵ هاتبووە ئاراوە کە کۆنترۆڵکردنی دژوار بوو. بە پێچەوانەی جارانەوە کە قەت ڕێگەی ئیمەیان نەدەدا تێکەڵ بە ژنانی زندانی ئاسایی ببین، کەچی ئەو ڕۆژانە دەمانتوانی تێکەڵیان ببین. ئەوانیش دەهاتن بۆ ژوورەکەی ئێمە و بە سەعاتان تا نیوە شەو لە ژورەکەی ئێمە دەمانەوە.

لە دڵی خۆدا گوتم تەنیا سروود گوتن بۆ مواجەهەچییەکان بەس نییە، وا چاکە نووسراوێک یا شتێکی وەکو بەیاننامە بنووسین و سبەینێ بۆیان بخوێنینەوە.

کاتی ماڵئاوایی مواجەهەچیەکان هات. مواجەهەچییەکان یەک یەک ئێمەیان ماچ کرد و تا بەر دەرگاکە لەگەڵیان ڕۆیشتین، کاتێ کە لە دەرگاکە وەدەرکەوتن، سەیرم کرد دەرفەتێکی یەجگار گونجا و بۆ هەڵاتن

ڕەخساوە، نە مواجەهەچیەکانیان سەرژمێر دەکرد و نە هیچ کەسێک تەماشای سیما و ڕوخساریانی دەکرد. پاسەوانێک لە بەردەرگا ڕاوەستا بوو کە دەمزانی بە تەنیا ڕەوشەکەی بۆ کۆنترۆڵ ناکرێت. هات بەسەرمدا کە خۆم بەناو ئەواندا بکەم و لەگەڵیاندا بچمە دەرێ. بەڵام تەمەشای سەر و وەزعی خۆمم کرد ئەوە نەبوو، پانتۆڵێکی کۆن و پینەداری زندان و بلوزێکی لە پانتۆڵەکەم خراپترم لەبەر بوو. سۆلێکی گەورەی زندانیشم لە پێ بوو. بۆیە سەر و وەزعم نائاسایی بوو، لە خەڵکی ئازادی دەرەوە نەدەچووم، دەبوومە مایەی سەرنج. چاوم بڕییە پاسەوانەکە. چونکە چاکترین هەلی هەڵاتن ڕەخسا بوو و من نەمدەتوانی سوود لەم هەلە وەربگرم، زۆر ناڕەحەت بووم، ڕۆژی پێشووش بیرۆکەیەکی وام بە مێشکدا هاتبوو ،بەڵام کەمتر شەن و کەوم کردبوو. گەڕامەوە بۆ ژوورەکە. دەرفەتی ئەوەم نەبوو پرسەکان لە بیری خۆدا تاوتوێ بکەم. ژنە زندانیە ناسیاسییەکان هاتبوون بۆ ژوورەکەی ئێمە و نەدەکرا قسەیان لەگەڵ نەکەم. کەمێک قسانم دەگەڵ کردن، بەڵام بیرم زۆر ئاڵۆز بوو، هەستم دەکرد مەسئولیەتێکی گەورەم هاتووەتە پێش و پێویستم بەوەیە بیری لێ بکەمەوە. هەستام و بە بیانوویەکەوە چووم بۆ ناو حەوشە و لەوێش نەمدەتوانی بە تەنێ بم و بیر بکەمەوە. ژنە زندانییەکان کە ئێمەیان زۆر خۆش دەویست، زۆر بەوە خۆشحاڵ بوون کە ئەم دەرفەتە ڕەخسا بوو، و ئیدی دەمانتوانی بێینە ناو حەوشە و لەگەڵ ئەواندا پێکەوە بین، چەند نەفەرێک لەم ژنانە بەرەو پیرم هاتن و دەستیان بە قسەکردن کرد.

عەسر بوو هێشتا بیری نووسینی بەیاننامەکەم لە مێشکی خۆ دەرنەکردبوو. دەمگوت بە خوێندنەوەی ئەو بەیاننامەیە بۆ خانەوادەکان، بەلای کەمەوە شتێکمان کردووە. دەمویست دەست بە نووسین بکەم ،لەم کاتەدا لە خۆم پرسی: باشە لەم هەل ومەرجە تایبەتییەدا گەورەترین کارێک کە بتوانم ئەنجامی بدەم نووسینی بەیاننامەیە؟ و یا کارێکی دیکەش دەکرێت؟ کە ئەم پرسیارەم کرد لە ناکاوا بەخۆ هاتمەوە. بیرۆکەی هەڵاتنەکە زۆر لە بەیانی زیاتر لە زەینمدا بەرجەستە بوو و بە خۆم گوت دەتەوێ چ بکەی؟ لە حاڵێکدا کە دەتوانی کارێکی لەمە باشتر بکەی، بۆچی کاتی خۆت بەم کارەوە بە فێڕۆ دەدەی؟ هەستام قەڵەم و کاغەزەکەم وەلاوە نا. هەوڵم دا زۆر بە جدی مامەڵە لەگەڵ مەسەلەی هەڵاتنەکەدا بکەم. لەم کاتەدا ناهید جەلال زادە، کە یەکێک بوو لە هاوژوورەکانم، هات بۆ لام و گوتی: " بینیت چ دەرفەتێکی لەبار بوو بۆ هەڵاتن؟" کەمێک قسانمان پێکەوە کرد و هەوڵمان دا دڵی یەکدی بەوە خۆش بکەین کە ئاخری ڕۆژێ دێ دەتوانین هەڵێین.

ئیدی دەستم بە خۆ ئامادەکردن و زەمینە خۆشکردن بۆ هەڵاتن کرد. دەبوایە هەوەڵجار جلەکانم بگۆڕم و جلێکی باشتر لەبەر بکەم. دەمزانی ئەم کارە سەرنجی هاوڕێیان ڕادەکێشێت. بیرم کردەوە کە قسەکانی دایکم و مواجەهەچییەکانی دیکە بکەم بە بیانوو. ماتەڵ نەبووم ، بە هاوڕێیانم گوت: تۆ بزانە ئەم دایکانە سەرنجی چی دەدەن، دایکم زۆرم لێ دەکات کە دەبێ جلەکانت بگۆڕیت، ئێستا نازانم هەقە بە گوێی دایکم بکەم یان نا؟ بەڕای ئێوە ئەگەر جلی باش لەبەر بکەم باندۆری خراپی دەبێت؟

یەکێک لە هاوڕێیان کە زۆر خەفەتی بۆ دایکم دەخوارد – چونکە دایکم هێشتا باوەڕی نەهاتبوو کە هاوڕێ بەهرۆز مردبێ و ئاشی نەزری دەکرد کە جارێکی دی بیدینێتەوە – گوتی: "ئەمە ڕاست نییە کە ئەم پیرەژنە لە سەر هەر شتێکی بچووک ئەزیەت بخوات. ئاخر ئەم کارە چ عەیبێکی هەیە؟ خۆ تۆ ناچیت جلی شیک لەبەر بکەیت؟ "هاوڕێکانی دیکەش هەمان قسەی ئەویان دووپات کردەوە و من بە کەمێک نابەدڵی ڕواڵەتیەوە قسەکەی وانم قەبووڵ کرد و جلەکانم گۆڕی.

شەو بوو: زیندانییەکان هەموو خەوتبوون، بەڵام من خەوم لێ نەدەکەوت، دەمویست بزانم بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە چ شتێک پێویستەو چ بکرێ باشە. هەموو هەنگاوەکانم یەک بە یەک لە هزر وزەینی خۆدا شەن و کەو کرد . سەراپام هاتبووە جۆش و خرۆش، گێنگڵێکم دا و جۆش و هەڵچوونەکەم شاردەوە. ڕوانیمە سەرووی خۆم، دیتم ناهیدیش نەخەوتووە. تەمەشای یەکمان کرد و پێکەنین. بە ئاستەم لێوەکانی بزواند و پرسی:" کەواتە سبەی لە کوێین؟" ئەوجا پێکەنین و دەستمان بە نیشانەی بێدەنگ بوون خستە سەر دەممان. تا نەبا هاوڕێیان بێدار ببنەوە و یا پاسەوانی خەفەر بێت بەسەردا.

شتێک زەینی مژووڵ کردبووم. دەمزانی لە هەموو حاڵەتێکدا دەرفەتی هەڵاتنی دوو کەس پتر نییە. چونکە لە کاتی بەڕێ کردنی مواجەهەچییەکاندا دەکەوتینە بەرچاوی مامورەکان و ئەگەر لە تێکڕای حەوت کەس ( ژمارەمان حەوت کەس بوو ) چوار کەس کەم بوایەتەوە زوو هەستی پێدەکرا. لە دڵی خۆدا دەمگوت ناشێ هاوڕێیان شەهێن و ڕوقیەش بەتەمای هەمان کار بن؟ گومانم لەوە نەبوو کە ئەوان دەیانتوانی زۆر لە من کارامەتر ئەم کارە ئەنجام بدەن. بەڵام مەسەلەکە ئەمە بوو کە پێشتر هەر جارێ باسی هەڵاتنمان دەکرد –ئەم مەسەلەیە هەمیشە لە نێو زندانیاندا باس دەکرێ– هاوڕێیان لەبەر چەند هۆیەک لەوانە هۆی بانگەشەیی کە لەگینە هەڵاتنی من لە هەڵاتنی ئەوانی دی پتر دەنگ بداتەوە، دەیانگوت ئەگەر دەرفەت ڕەخسا پێویستە یەکەم کەس من هەڵێم. بۆیە ئیدی بێ دوودڵی بڕیاری خۆم دا.

***

ڕۆژی چوارەمی فەروەردین(نەورۆز) : مواجەهەچییان هاتن. دەبوایە بچووکترین جموجوڵ لە بەرچاو بگرم و تاقیبی هەر لەمپەر و تەگەرە و کۆسپێک بکەم. ئەو ڕۆژە دەتگوت وەزع گۆڕا بوو، دوو پاسەوان، یەکێ لەم سەرو یەکێ لەوسەری ژوورەکە وەستابوون و بە وردی تەمەشای ڕەوشی ژوورەکە و مواجەهەچیەکانیان دەکرد. لە دەرێی حەوشەکەش ژمارەی پاسەوانان زیادی کردبوو. ژمارەی مواجەهەچیان وەکو ڕۆژی بەرێ زۆر نەبوون. لە دڵی خۆدا گوتم: بینیت چۆن درەنگ وەخۆ کەوتی؟ باشترین خەسڵەتی کاری چریکی غافڵگیرکردنی دژمنە. ئیدی هەلی غافڵگیرکردنی دژمن لە دەست چوو بوو. بە هەر حاڵ هەوڵمدا بچمە لای هەموو مواجەهەچییەکان، چونکە دەمویست بۆ ئەنجامدانی کارەکەی خۆم سوود لە بوونی وان وەربگرم. یەکەم برێ پارەم لە دایکم و لە مواجەچییەکانی دیکە، ئەوانەی سوور بوون لە سەر ئەوەی دیارییەک یان شتێکم بدەنێ، وەرگرت. چونکە لە

دڵی خۆدا بیرم لەوە دەکردەوە کە لە دەرەوە پێویستیم پێی دەبێت. ئەوسا هەندێ لە مواجەهەچییە گەنجەکانم ڕاسپارد بۆ ئەوەی هاوڕێ هاوبەندەکانم خۆشحاڵتر ببن زیاتر دەگەڵ واندا قسە بکەن و هەریەکەیانم ڕادەسپارد کە تۆ قسە لەگەڵ فڵاندا بکە. مەبەستم ئەمە بوو کە هاوڕێیان و مواجەهەچیەکان پێکەوە مژووڵ ببن و ئاگایان لە کارەکانی من یا دیار نەمانی من نەبێت. ئەو ڕۆژە ڕۆژی هەڵاتن نەبوو. هێشتا عەبا و پێڵاومان نەبوو. ژمارەی مواجەهەچییەکانیش کەم بوو. ڕامان سپاردن کە چونکە سبەینێ دوا ڕۆژی دیدارە بە خەڵکی دیکەش بڵێن با بێن.

کە کاتی بەڕێکردنی مواجەهەچییەکان هات، سەیرمان کرد کە ئەفسەری خەفەر و دوو پاسەوان لەبەر دەرگا وەستاون و بە دیقەت چاودێری و کۆنترۆڵی مواجەهەچییەکان دەکەن. بە ناهیدم گوت: چاک وەختەکەمان بە فیڕۆ دا. بۆ لەیەکەم ڕۆژەوە دەست بەکار نەبووین و ئەوسا لە یەکترمان پرسی: ئەگەر یەکێکمان لە کاتی هەڵاتندا لە بەر دەرگای یەکەمدا بگیرێت، ئایا ئەوەی دووەم دەتوانێت لەدەرگای دووەمەوە دەرباز ببێت؟ گەیینە ئەو ئەنجامەی کە نا، بێگومان هەموو دەرگاکانی دەرەوە دادەخەن. هەرچەندە مواجەهەچییەکان ڕۆیی بوون، بەڵام ئێمە هێشتا بۆ لای هاوڕێیانمان نەگەڕابووینەوە. هەوڵمان دەدا لە چاوی وان دوور بین. مەبەستمان ئەمە بوو کە سبەی دوای هەڵاتنەکەمان بە زوویی هەست بە دیارنەمانی ئێمە نەکەن و وەکو ئەمڕۆ بەشێوەیەکی ئاسایی وەری بگرن و بە خۆڕایی نەکەونە سۆراخمان، چونکە لەگین بوو ئەمە خۆی لە خۆیدا ببێتە مایەی ئەوەی کە بەکرێگیراوان بەر لە تەواوکردنی بەرنامەی هەڵاتنەکەمان پێمان بزانن و ڕیسەکەمان لێ ببێتەوە بە خوری.

عەسر زندانییەکانیان لە حەوشە ڕیزکرد و سەرژمێرێکیان کردن و بە مەبەستی سەرژمێری وردتر، دووجاریش هاتنە ژوورەکە. پۆلیس زۆر وریا بوو بوونەوە و کارمەند و مامورەکانیش بەردەوام باسی ئەوەیان دەکرد کە هیچ کەس ناتوانێ لێرە هەڵێت، چونکە هەموو شوێنێکمان کۆنترۆڵ کردووە. دەیانویست لەم ڕێگەیەوە ئێمە و زندانیانی ناسیاسی تێبگەیەنن کە ئەگەر تا ئەوکاتەش کەسێک بیری لە هەڵاتن کردبێتەوە، با ئەو خەیاڵە لە مێشکی خۆی دەربکات. بە ناهیدم گوت: ئەگەری سەرکەوتن سەدی چلە و ئێمە ئەم کارە دەکەین، بەڵام ئەگەری شکست وناکامی زۆرە.

دوای سەر ژمێریەکە لە حەوشەکەدا پیاسەم دەکرد و چاوەڕوانی ئەوە بووم کە خۆم بە جل کەنکێکدا بکەم. ئەو شوێنەی کە لە کاتی هاتنی زندانیاندا بۆ زندان جلەکانیان لێ دادەکەند و لەوێیان دادەنا. بیرم لەوە دەکردەوە هەرچۆنێک بووە عەبایەک و جووتێ پێڵاو لەوێ بدزم. سەکینەم لە دورەوە بینی، هەمان قوربانی عەدالەتی بۆش و بەتاڵی ئاریامیهری کە پێشتر سەرگوزەشتەکەیم بۆتان گێڕایەوە. سەکینە لە سوچێکدا دانیشتبوو ودەگریا، چووم بۆ لای و هەوڵمدا دڵی بدەمەوە و دڵنەوایی بکەم ، بەڵام هێندە تووڕە بوو کە مۆڵەتی کەسی نەدەدا لە تەکیا بووەستێ. هەر کەسێک بچووبایە بەلایدا بە پاڵ دەری دەکرد و بە کوڵ دەگریا.

کەمێک بەلایەوە وەستام. گریانەکەی کزەی لە جەرگم هەڵدەستاند. ژنەکانی دیکەش بەدبەختی خۆیان بیرکەوتبۆوە. ( قەدەم خێر) ژنێکی گەنج بوو کە بە تاوانی قاچاخچیاتی بەنگ و تلیاک گیرابوو، بە ناڕەزایی و ناڕەحەتییەوە ڕەوشی خراپی ژیانی خۆی دەگێڕایەوە:" ئاخر بەو کولە مەرگییەوە بە سێ منداڵەوە، بێکاری مێردەکەم کە یەک دانە ساڵی خشت بۆ کار گەڕا و ئاقیبەت کاریشی دەست نەکەوت و مێشکی تێکچوو، هیچ چارێکم نەما تەنیا ئەوە نەبێ کە ڕوو لەم کارە بکەم؟ ئێستا نازانم چ بەڵایەک بەسەر منداڵەکانم هاتووە. چۆن ڕۆژگار لە هەتیوخانە بەسەر دەبەن؟" بە تووڕەیی هاواری دەکرد:" ئاخر بۆ دەبێ من زندانی بکەن؟"

ژنەکانی دیکەش باسی قەرەبەختی خۆیان دەکرد. ئێمە هەموو ڕۆژێ گوێبیستی چەندین نموونەی لەم چیرۆکە تاڵانە دەبووین. ئەو ڕۆژەش زۆر تووڕە و پەست بووم، لێ هەوڵمدا لە دڵی خۆمدا هەڵیگرم. کاتی ئەوە هات کە بۆ جل کەنکەکە بڕۆم ، ژنەکانم یەک یەک ماچ کرد و خواحافیزیم کرد.

ماموری جل کەنکەکە ژنێکی مەیلەو پیر، بەڵام زۆر زرنگ و وریا بوو. دەکرا بەئاسانی پێی بگوترێ ڕوودار و بێ شەرم. تا ئێستا لە پشکنینی جەستەیی زندانیەکاندا سەرکەوتنی زۆری بەدەست هێنابوو. چونکە بە مەبەستی دۆزینەوەی هیرۆین، زندانییە ناسیاسیەکانی ڕووت دەکردەوە و زۆر بە وردی دەیپشکنین. جارێکیش کە من بۆ دادگا دەچووم، کاغەزێکی سیمین نەهاوەندی کە بۆ مەنوچەهر نەهاوەندی (٥) مێردی بوو، لەگەڵ چەند کۆپلە شیعرێکدا کە بۆ هاوڕێ کوڕەکانم دەبرد... پێ گرتم و دوو سەد تمەن خەڵاتی وەرگرت.

لە جل کەنکەکە(مەنزەع) دانیشتبوو و بە خەیاڵی خۆی جم و جوڵەکانی منی، کە بە بیانووی هێنانی چاکەتەوە بۆ ئەوێندەر چووبووم، خستبووە ژێر چاو، بەڵام من زۆرم پێ نەچوو و بە عەبایەک و جووتێک پێڵاوەوە کە نابوومە ناو زەمیلەیەک بۆ ژوورەکە گەڕامەوە. بۆ ئەوەی لەبەر چاوی هاوڕێیان نەبێت، لە ژێر تەختەکەدا شاردمەوە.

شەوێ بەدزییەوە سەیری دەفتەرەکانی هاوڕێیانم کرد تا ئەگەر نووسراوێکی خراپیان تێدابێ بێ ئەوەی خۆیان پێی بزانن بیدرم. پێموابوو کە لەوەیە دوای هەڵاتنی من ژوورەکە بپشکنن و هاوڕێیان غافڵگیر ببن. ئەو شەوە تا درەنگانێکی درەنگ هەر بەخەبەر بووم. بیرم لەو هاوڕێیانە دەکردەوە کە لە دەرەوە چاوەڕوانی منن، بیرم لەو مەسئولیەتە گەورەیە دەکردەوە کە لە ئەستۆی من بوو. ئەو ڕۆژانەم دێنایە بەر چاوی خۆم کە بە لێبڕاوی ،بێ چەند و چوونی چریکێکەوە، بەوپەڕی متمانە و توانامەوە دەست بە چەک ، سینەی دژمن دەکەم بە نیشانە. بیرم لە سەنگەری خەبات دەکردەوە کە هاوڕێیانی هاوسەنگەرم لەوێ کۆشکێن ستەمی دژمنیان بە خەباتی بێ ئامانی خۆیان هێناوەتە لەرزە و بەکرێگیراوانی چرووک و بۆدەڵەیان لە دەریای ترسی بەردەوامدا نقووم کردووە.

***

ڕۆژی پێنجەم....

بەیانی بوو، دەبوایە ئەو ڕۆژە بەرنامەی هەڵاتنەکەمان جێبەجێ بکەین، بێ ئەوەی لە دەسەڵاتی خۆمدا بێ، برێک شپرزە بووم. دڵم بەتوندی لێی دەدا، ئەمەم زۆر لەبەر گران بوو و گازەندەم لە خۆ دەکرد کە ئاخر بۆ، بۆچی دەبێ بشڵەژێم، چما چ کارێکی دژوار لەڕێیە...؟!

هاوڕێیەکم بیرکەوتەوە کە ناسنامەکەی بۆ ساواک ناسراو بوو. بەردەوام ئەشکەنجەیان دەدا کە بەڵکو بتوانن قسەیەکی لێ دەربێنن. جارێک گێڕابوویەوە کە:" هەر جارێک بیانەوێ بۆ ئەشکەنجەم ببەن ئازام دەلەرزێ. بەڵام لەژێر ئەشکەنجەدا تاقە وشەیەک نادرکێنم" و گوتبووی:" شکۆی مرۆڤیش لەمەدایە کە دەلەرزێ، ئەشکەنجە دەبینێ، بەڵام تاقە وشەیەک نادرکێنێ!".

هەرچۆنێ بوو دەمویست ڕەوشی ئاسایی خۆم وەربگرمەوە. نیوەڕۆ هەموو شتێک ئامادەبوو. ژمارەی مواجەهەچیان لە ڕۆژانی پێشوو زۆرتر بوو و هەر هەموویان عەبای ڕەشیان بەسەرەوە بوو. زەمیلەی عەبا و پێڵاوەکانم لە گۆشەیەکی ژوورەکەدا کە مواجەهەچیەکان لەوێندەر خڕ بوو بوونەوە، دانابوو. دوو پاسەوانی پیاو، پاسەوانێکی ژن هەریەکەیان لە سوچێکی ژوورەکە وەستابوون، ئەفسەری خەفەریش زوو زوو سەری ژوورەکەی دەدا. یاریدەدەریش کە تازە لە مادوونی گەڕابۆوە، چاودێری ئێمەی دەکرد. بە دایکم گوت لەکاتی ڕۆیشتندا سەبارەت بە مواجەهەی ڕوو بە ڕووی سبەینێ پرسیاری زیاتر بکات، هەمان شتم بە دایکەکانی دیکەش گوت یا دەمگوت هەندێ قسان لەگەڵ پاسەوانەکاندا بکەن. مەبەستم ئەمە بوو کە بە هەر شێوەیەک بووە پاسەوانەکان لەگەڵ مواجەهەچیەکاندا هەندێک سەرقاڵ ببن.

کاتی ڕۆیشتن هات، خۆمان کاتەکەمان دیاری کردبوو. من دوو سێ دەقیقە زووتر خواحافیزیم لە کەسوکار کرد. لە گەرمەی قەرەباڵغی و جەنجاڵی قسەکان و خواحافیزی مواجەهەچیەکاندا عەباکانمان لە سەر کرد و پێڵاوەکانمان لەپێ کرد و تێکەڵاوی وان بووین. کەس پێمان نەحەسیا. پاسەوانە ژنەکە کە بەهۆی کاری بەردەوامی چەند ڕۆژەوە شەکەت و ماندوو بوو بوو، بەقورسی دەجوڵا. پاسەوانە پیاوەکان وەڵامی موجامەلەی دایکەکانیان دەدایەوە. لە ژوورەکە وەدەرکەوتین، گەیینە بەردەرگا. سەرۆک، یاریدەدەر، ئەفسەرانی خەفەر و چەندین پاسەوان بە ڕیز لە بەر دەرگا وەستابوون. بە پێچەوانەی بەیانییەوە یەجگار هێمن و ئارام بووم. بە شێوەیەکی ئاسایی دەجوڵامەوە. لە دەرگا وەدەرکەوتین، بەڵام هێشتا دوو شەقاو پتر نەڕۆیشتبووین کە هاواری پاسەوانێک بەرز بۆوە: " ئەهای بۆ کوێ دەڕۆی...؟! و بە غار بەرەو ئەو شوێنە هات کە ئێمەی لێ وەستابووین. من لە دوو هەنگاوی ناهیدەوە وەستابووم. پاسەوانەکە هەستی بە من، کە ڕەوشێکی ئاساییم هەبوو، نەکرد. ناهیدی گرت و لەگەڵ خۆیدا بۆ حەوشەکەی گەڕاندەوە. ژمارەیەک لە مواجەهەچیەکان لە دەرەوە و ژمارەیەکیان لە حەوشەدا بوون، پاسەوانەکە بلەز گەڕایەوە و یەک یەک عەبای ژنەکانی هەڵدەدایەوە و سەیری دەموچاوی دەکردن. منیش لەوێ لە نێو ژنەکاندا وەستابووم. نەمدەزانی چی بکەم. پاسەوانەکە بەرەو لای ژنێک هات کە ڕێک لەلای منەوە وەستابوو، عەباکەی هەڵدایەوە و تەماشای دەموچاوی کرد. هەوڵم دەدا خۆم زۆر ئاسایی

بنوێنم. بەبێ موبالاتی زەمیلەکەم نیشان داو لە ژێر عەباکەوە بە لا ڕووخسارێکەوە تەماشای پاسەوانەکەم کرد، ئەویش کە منی بەو شێوە ئاساییە بینی خێرا بەسەر مندا تێپەڕی وچوو بۆ سۆراخی ژنەکانی دی. ئێستا چەند کەسێک لە مواجەهەچیەکان هەستیان بە من کردبوو، هەستیان دەکرد هەلەکە خەریکە لە دەست دەچێت و کار لە کار دەترازێت. دڵسۆزانە منیان دایە ناو خۆیان و بە شڵەژاوی و هەڵچوونەوە گوتیان: " خێرا بکەوە پێشەوە!" و منیش کەوتمە ڕێ. لە ڕێگادا ژمارەیەکی دیکەم لەو مواجەهەچیانە بینی کە دوێنێ هاتبوونە دیدەنی ئێمە. ئەوانیش بە مەسەلەکەیان زانی و بە خۆشەویستییەوە دامیانە ناو خۆیان. کە ئەم داشدارییەم لێیان بینی ئەوەندە خۆشحاڵ بووم هەر مەپرسە. هەوەڵین ساتەکانی کاتی گرتنەکەی خۆم بیر کەوتەوە کە دیل و ئەسیری دەستی مامورانی ساواک بووم و لە جامی ئەو ئوتومبیلەوە کە بۆ ئەشکەنجەخانەی دەبردم لە دڵی خۆمدا لەگەڵ خەڵکانی ناو پاسێکدا قسەم دەکرد و بەڵێنم دەدانێ کە دەرهەق بەوان وەفادار بم و خیانەتیان لێ نەکەم، جا ئێستا لەمەی کە تا ئەم ساتە لەسەر بەڵێنەکەی خۆم مابووم ، هەستم بە غروور و شادمانی دەکرد. نقومی محەبەت بووم، لە دڵی خۆمدا دەمگوت: خەڵک ئەمەیە. خۆشەویستی خەڵک وەکو ئۆقیانووس قووڵ و بێ پایانە و هێزی ئەو لە هەر هێزێکی دی باڵاترە. هەرکە بکەوێتە ڕێ و هەستێ، ئیدی هیچی وا نامێنێ بۆ لە ناو چوونی دژمن.

تا بەردەرگای گەورە، دەبوایە بە بەر سێ زنداندا تێ بپەڕین کە لە بەردەرگای هەر یەکێکیاندا دوو پاسەوان وەستابوو. ڕێکخستن و کۆنترۆڵکردنی جموجۆڵی خۆم و خۆ شلوێ نەکردن مەسەلەیەکی زۆر گرینگ بوو کە دەبوایە لێرەدا ڕەچاو بکرێت. هەندێجار هەنگاوەکانم خێرا دەکرد تا هەرچی زووترە بگەمە دەرگا گەورەکە و پێش ئەوەی دای بخەن بڕۆمە دەرێ و لە هەمان کاتدا لەوەش دەترسام ئەم خێرا ڕۆشتنە کەشفم بکات و نائاسایی بێتە بەر چاو. بەڕاستی چەند ساتێکی یەجگار هەستیار بوو. هەموو ساتێ گوێ قولاغی ئەوە بووم کە دەنگی پاسەوان و ئەفسەرەکانی زندان بژنەوم کە لە دواوە هاوار بکەن: پێشی بگرن، زندانییەک هەڵدێ! خۆ ئەگەر ئەوان بە مەسەلەی هەڵاتنەکەیان بزانیبا ئیدی ئەگەری سەرکەوتن دەبوو بە سەدی نیو. ئەگەری ئەوەش هەبوو پێش گەیشتنی من بە دەرگا گەورەکە تەلەفۆنیان کردبێ کە هەر هەموو دەرگاکان دابخەن. خۆیشم نەمدەزانی کە هەنگاوەکانم بەرەو ڕزگاربوونە یان بۆ ناو جەرگەی خەتەر و مەترسی؟! هیچ کارێک نەدەکرا. دەبوایە بە ئومێدی ئەو لە سەدا نیوە بەرە و سەرکەوتن هەڕمە پێش، حاڵەتی ئاسایی خۆم لە هەموو ساتەکاندا پاراستبوو. بەمجۆرە گەیشتینە بەر دەرگا گەورەکە. دەبوایە لەوێندەر وەرەقەی تێپەڕبوون بدەین و ڕەت ببین. ئەوانەی کە منیان لەپەنا خۆشەویستی خۆدا حەشار دابوو مامورەکانیان تەفرەدا و وایان نواند کە وەرەقەی تێپەڕبوونەکە بەوانەی دواوەیە! بەمجۆرە لەوێش ڕەت بووین. ئیدی لە دەرەوە بووم، سواری ئوتومبیل بووم و ئیدی دەستی دژمنم نەدەگەیشتێ...* (*. لەم بەشەی بابەتەکەدا لەبەر هەندێک مەسەلەی ئەمنی، وردەکارییەکانی نەخشەی هەڵاتن و چۆنێتی جێبەجێکردنەکەی بەتەواوەتی نەگێڕدراوەتەوە، ئەگەر هاوڕێیان هەندێ ناڕوونی و گۆنگی لەمەدا دەبینن ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ڕەچاوکردنی پرەنسیپەکانی کارێن نهێنی، بۆ ئاگاداری).

بەمجۆرە بوو کە من لە زندان هەڵاتم تا بتوانم چەک هەڵگرم و شانبەشانی هاوڕێ شۆڕشگێڕەکانم جارێکی دی لە دەرێی زنداندا درێژە بە خەبات بدەم و بە هەموو توانایەکمەوە ئەرکی خۆم دەرهەق بە شۆڕشی ڕزگاری بەخشی خەڵکانی زۆرلێکراو، جێبەجێ بکەم.

*وێڕای باوەڕم بە سەرکەوتنی شۆڕشی ڕزگاری بەخشی خەڵک،*

*وێڕای ڕق و کینەی بێ پایان بەرانبەر بە دژمنانی خەڵک.*

*تکایە لێرەدا نەخشەیەک هەیە*

*شیکردنەوەی بەرخودان و مقاوەمەت*

*لەژێر ئەشکەنجەدا*

ئەو ئەنگێزەو فاکتەرانەی کە دەتوانن بەرخودان و مقاوەمەتی هاوڕێیان لە ژێر ئەشکەنجەدا زیادبکەن، بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت لەم خاڵانەدا چڕ بکرێنەوە:

١ - باوەڕبوون بە دروستی ڕێگەی شۆڕش: ئەم باوەڕە پێویستە ئەوەندە مکووم و پتەو و لە شکست نەهاتگ بێ، کە ئەگەر گریمان یەک بە یەکی هاوڕێیانی خەباتکاریش کۆڵ بدەن و پشت بکەنە ئامانجی خۆیان ( گریمانەی مەحاڵ) بچووکترین خەلەل نەخاتە باوەڕمان. تەحەمولی ئەشکەنجەێن سەخت و بەردەوام و خۆڕاگرتن و پایەداری لە هەنبەر نێرەنگ و فێڵە جۆراو جۆرەکانی دژمن، بە بێ باوەڕی مکووم و پتەو بە ئامانجەکان، زۆر زەحمەتە و مەحاڵ دێتە بەرچاو.

٢ - نەفرەت لە دژمن و ئەشق بەهاوڕێیان: ئەم هەستانە دەبێ بە ڕادەیەک بەهێز بکرێ و بەجۆرێ دەگەڵ هەموو بووندا ئاوێتە ببێت کە ببێ بە بەشێک لە بوونی خەباتکار. من نەم دەتوانی تەنانەت وێنای ئەوەش بکەم کە چۆن دەشێت لە کاتێکدا خۆم بەدەم ئەشکەنجەوە دەتلامەوە، ڕێگە بۆ دژمن خۆش بکەم بە هۆی قسەکردن و ئیعترافی منەوە هاوڕێیەکی دی ڕاو بکات و ڕایکێشێتە ژێر ئەشکەنجە. منێک کە هاوڕێکانم ئەوەندە خۆش دەویست و ئەوەندە ڕقم لە دژمن بوو، ئایا دەمتوانی شایەد و بینەری ئەشکەنجەی هاوڕێکانم بم و کەمتر لەو کاتەی کە خۆم لەژێر ئەشکەنجەدا ئازارم دەکێشا، ئازار بکێشم؟

ئەگەر توانیبام وابم، خۆم بە خاین دەزانی و بە هیچ جۆرێ ئەگەری ئەوە نەبوو کە لەپێناوی ڕزگارکردنی خۆم لە ئەشکەنجە، هاوڕێکانم بەدەستی جەلادان بسپێرم . ئەوسا یەک عومر ئەشکەنجی دەروونی بەسەر بەرم کە تەحەمولی ئێجگار دژوارە.

سەرباری ئەوەش بەلای منەوە ملدان بۆ دژمنی قێزەون، یەکسان بوو بە خۆشنەویستنی خەڵک . دژمن وای وێنا دەکرد ئێمە لەپێناوی پلە و پۆستدا دەستمان داوەتە خەبات. بەڵام من کە باوەڕم بەوە بوو لە ڕای ئازادی خەڵکدا دەجەنگم، ئەگەر ملم بۆ دژمن بدابوایە مانای وا بوو کە پشتم کردووەتە خەڵک و کارێکم کردووە کە ئەوان پتر بێنە چەوساندنەوە و لە ڕاستیدا بە شێوەیەک لە شێوەکان دەبووم بە شەریکی ئەم تاوانە. لە هەموو تەمەنی خۆمدا بەجۆرێ نەفرەت و کینەم لە چەوسێنەران، لە دڵی خۆدا پەروەردە کردبوو، کە ئەگەر بە خەو و خەیاڵیش بۆ یەک سات بە مەیلی چەوسێنەرانم بکردایە، ڕادەچڵەکیم وقێزم لە خۆم دەبۆوە. من لە هەموو ژیانما خەڵکانی بن دەست و زۆرلێکراوم خۆش ویستبوو. ئایا دەکرا بۆ تاقە یەک ساتیش ئەوان فەرامۆش بکەم؟ تاوانەکانی دژمن بەلای منەوە ئەوەندە زەق و قێزەون بوون کە بەلامەوە ئەستەم بوو تەنانەت وەکو بەشەری

ئاسایی وێنایان بکەم. بەڕاستی شوێنەواری تاوانکاریانم بە ڕووخساریانەوە دەبینی. بۆیە بە هیچ کلۆجێ ئەوەم بە زەیندا نەدەهات کە بۆ تاقە ساتێکیش مل بۆ ئەوان بدەم.

٣ – دیتنی مێژوویی پرسەکان لە ڕوانگەی هۆشیاریی مارکسییەوە: بە شێوەی هزرینی دیالکتیکی دەتوانرێ پەیوەندی بەرخودان و خۆڕاگری دەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشدا لە هەردوو ئاستی تاکتیکی و ستراتیژیدا بهێنرێتە بەرچاو. وێناکردنی ئەمەی کە کاریگەری نزیکی مقاوەمەت نەکردنی مە، دەبێتە هۆی گرتنی هاوڕێیەک یا جەرزرەبەیەک بە ڕێکخراومان بکەوێت، تەسەور و وێنایەکی دروستە. بەڵام لەمەش گرینگتر و فەرزتر ئەمەیە کە وا بیر بکەینەوە، مقاوەمەت و بەرگری مە، مل نەدان و ڕادەست نەبوونمان هەنگاوێکە کە بەرێگای درێژخایەنی سەرکەوتندا بۆ پێشەوە دەنرێت، هەرچەندە ئەگەر ئەم هەنگاوە بە شێوەیەکی ئەبستراکت تەمەشا بکەین زۆر بچووک و بێ بایەخ دێتە بەرچاو. بەڵام ئەگەر بە هەنگاوە زۆرەکانی ترەوە، گرێی بدەین، ئەو هەنگاوانەی لەلایەن هاوڕێیانی ترەوە لەم ڕێگایەدا نراون و دەنرێن، گرینگی و بایەخیان بە چاکی ڕوون دەبێتەوە. ئەمە خۆی لە خۆیدا دەکاتە کارێک وەختێک ئەوە بێنینە بەرچاوی خۆمان کە ئەگەر لە ڕێگای شۆڕشدا، بۆ تاقە هەنگاوێک دوا بکەوین، هەنگێ پەی بە گەورەیی خیانەتی خۆمان دەکەین ، بۆیە نۆڕینی مێژوویی بۆ ڕەوت و ڕێڕەوی شۆڕش ، بەرخودان و سەرکەوتنی مە لە هەنبەر ئەشکەنجە و بە شێوەیەکی گشتی لە هەنبەر دژمن و فەندەڵ فێڵەکانی زیاد دەکات.

٤– بەرخورد و مامەڵەی بابەتیانە دەگەڵ حەقیقەت و ڕووداواندا: هۆشیاری مارکسیانە ،توانای ئەوە دەرەخسێنێ کە زۆر بابەتیانە بەرخورد و مامەڵە دەگەڵ واقیع و دیاردە و ڕووداوەکاندا بکەین. سەبارەت بە ئەشکەنجە، ئەوەی کە مایەی ترس و لە دەست دانی گیانی بەرخودان و بەرەنگاربوونەوەیە، پێش ئەوەی باندۆر وکاریگەریی مادی ئەشکەنجە بێت، لاوازییەکە کە بەهۆی بەرخورد و مامەڵەی زەینییەوە دەگەڵ پرسی ئەشکەنجەدا ورە دەڕوخێنێ. بەتایبەتی ساواک هۆشیارانە هەوڵی داوە سەبارەت بە مامورانی ئەشکەنجە و خودی ئەشکەنجە و هەندێک بانگەشە و پڕوپاگەندەی ئەوتۆ بڵاو بکاتەوە خۆی ترسناک و سامناک بنوێنێ. لە حاڵێکدا بە یەک تۆز واقیعبینی ئەم دام ودەزگا زل و زەبەلاحە! سام و هەیبەتی خۆی بە تەواوەتی لە دەست دەدا. هەر هەموو ئەشکەنجەکان لە دوا شیکردنەوەدا ئەوزارێکە کە دژمن بە قازانجی خۆی بەکاری دەبات و خەباتکارێکی بە باوەڕ ئەو پەڕەکەی لە ژێریا دەرنابات و گیان لە دەست دەدات. ئیدی هیچ بوویەرێکی لەمە گرینگتر ڕوو دەدات؟ خۆ ئەمەش بەلای خەباتکارانەوە هیچ نییە.

کاریگەری و باندوری دەروونی و سایکۆلۆژی ئەشکەنجە بۆ ئەوانەی بابەتیانە بەرخورد دەگەڵ ئەشکەنجەدا ناکەن کاریگەرترە. بۆ نموونە سەبارەت بە ڕووت کردنەوەی من، کە بیرم لێدەکردەوە و لێکم دەدایەوە، سەیرم دەکرد هەست بە کەمترین ناڕەحەتی ناکەم.. ئاخر دەستی ڕووت لەگەڵ لاقی ڕووتدا چ جیاوازییەکی هەیە تا من لەبەر ئەمە خۆم نیگەران و ناڕەحەت بکەم؟ بۆ نموونە سەبارەت بە هەڕەشەکردن بە چەک، ئایا شێوەی چەکەکە

بوو یا دەنگی دەستڕێژەکە بوو کە منی دەترساند؟ نا حەقیقەتی مادی مەسەلەکە، گوللەیەک بوو کە دەشیا بە منەوە بنرێت وبکوژرێم، چما من لە پێناوی ئامانجەکەی خۆمدا لە مردن دەترسام؟ باکم بە مردن هەبوو؟ بۆیە پێویستە هەوڵ بدرێ زیاتر و زۆرتر فێری لێکدانەوە و شیکردنەوەی بابەتیانەی پرس و دۆزەکان ببین و لە رێگەیەوە هێزی زیاتر بەرانبەر بە دژمن بەدەست بێنین.

٥- بێ متمانەیی تەواو بە دژمن: دەبێ ئەوە بزانین دژمن دەست بداتە هەر کارێک ، مەبەستێکی تایبەتی خۆی هەیە،کە بریتییە لەوەی بە هەرشێوەیەک بووە پەی بە نهێنییەکانی خەباتکار بەرێت و لەم رێگەیەوە جەزرەبە بە بزووتنەوە بگەیەنێ. میرەبانی، ئەشکەنجە، سەختگیری جۆراوجۆر، تەوس و سوکایەتی پێکردن، نمایشی جۆراوجۆر ، لە لاوازی ئەوانەوەیە کە پشتیان کردووەتە ئامانجی خۆیان و خۆلاسە هەر کارێ لە لایەن دژمنەوە دەکرێت، تەنیا بۆ ئەو مەبەست و ئامانجەیە. بۆیە پێویستە بە هۆشیاری بەردەوامەوە ڕوو بەڕووی دژمن و کردەوەکانی ببینەوە. دەبێ ئەم بێ متمانەییەمان بەرانبەر بە هەرکەسێکی دژمن هەبێت. دژمن گەورە و بچوکی نییە. بە هەند نەگرتنی دژمن و کەم بایەخدان بە دژمن تەنیا بە زیانی خۆمان دەشکێتەوە. ئەوەی کە دەبێ زۆر بە هەندی بگرین و بایەخی پێ بدەین، قەبووڵ نەکردنی ڕەفتاری مەحەبەت ئامێز و مجامەلەی دژمنە. تەنیایی، ئەشکەنجەی بەردەوام و گرفتاری هزری جۆراو جۆر، لەوەیە زەمینەیەکی باش بۆ قەبووڵکردنی نەوازش و مجامەلە خۆش بکات. بەڵام دەبێ هەمیشە ئەوەمان لەبەرچاو بێ کە دژمن بە بێ مەبەست مجامەلەمان ناکات و تەنانەت مجامەلە و مەحەبەتەکەشی دژمنانەیە. یەک تۆز مقاوەمەت و بەرخودان بەرامبەر بەم نەوازش ومجامەلەیە هەم پەردە لە ڕووی ڕاستەقینەی دژمن هەڵدەماڵێ و هەم گیان و ورەی خەباتکار بەهێز دەکات.

٦- تێگەیشتنی دروست و فەلسەفی لە زاراوەێن ئازادی کۆیلایەتی: من هەمیشە خۆم لەژێر ئەشکەنجە یا لە کۆت و زنجیر و لە هەر حاڵەتێکی دیدا، هەستم دەکرد ئازادم و بەڕاستیش ئازاد بووم. هیچ جۆرە محافەزەکارییەک واداری نەکردم کە ڕق و کینەی خۆم لە قاڵبی وشەدا دەرنەبڕم. ئاخر محافەزەکاری و سڵکردنەوە لە ڕای پاراستنی چیدا؟ من کە لە پێناوی ئامانجەکانمدا دەستبەرداری هەموو شتێک بووم، ئیدی جگە لە پاراستنی ئامانجی خۆم لە فەوتان و نەمان و نابووتی کام دارایی خۆم بترسم؟ من هەستم بە بچووکی ئەشکەنجەچیان دەکرد کە بە هەزاران داوی ناچیزەوە بە ژیانی بچووک و نەنگینی خۆیانەوە بەسترابوونەوە، ئەمە هێز و توانایەکی سەیری پێ دەبەخشیم. باوەڕم بەم خاڵە هەبوو کە من وەکو خەباتکارێکی ڕێگای خەڵک، دەبێ دژمنانی خەڵک دادگایی بکەم، منم کە دەبێ چارەنووسی ئەوان دیاری بکەم، ئەوپەڕی زەبوونی و داماوی بوو کە ڕێگە بدەم ئەوان لە هەنبەر مندا هەست بە بەهێزی خۆ بکەن و چۆک بە من دابدەن. من باوەڕم بەوە بوو کە خواستەکانی من و ڕێگاکەی من زۆر لە دەرک و تێگەییشتنی وان باڵاترە. هەستی ئازادی هەمەلایەنەی من لە هەنبەر ئەسارەت و کۆیلایەتی هەمە لایەنەی وان ورەی بەرز دەکردمەوە پایەداریمی زیاد دەکرد.

٧ – شارەزایی پێشوەختە لەمەڕ ئەو شێوازانەی کە دژمن لە بەرخودیا دەگەڵ خەباتکاراندا بەکاری دەبات: دەبێ سوود لە ئەزموونێن هاوڕێیان، سەبارەت بەو نێرەنگانەی کە دژمن بەکاری دەبات و ئەو شێوانەی کە بۆ فریودانی خەباتکاران پەنای دەباتێ، وەربگیرێت. لەم ڕێگایەوە دەتوانرێ کاریگەری نێرەنگەکانی دژمن پوچەڵ بکرێتەوە. بۆ نموونە ئاگایی لە سەر ئەمەی کە چۆن دژمن دەکۆشێ وابنوێنێ ئاگای لە خشەی مار و مێرووە، لە هەموو ڕووداوەکان ئاگادارە، زانینی ئەمانە کۆمەکی زندانی دەکات کە بەو پەڕی هۆشیارییەوە پەی بە بێبایەخی زانیارییەکانی دژمن ببات و وورە بەر نەدات.

٨ – باوەڕبوون بە هێزی ویستی مرۆڤ و خۆڕاهێنان: ئەگەر ئەم باوەڕەمان لە خۆدا بەهێز کردبێت، ئەوا فێڵ و دەهۆکانی دژمن سەبارەت بە هیپنوتیزم، شرینقە لێدان، دەرخواردانی شەربەتێک کە گوایە ئەو کەسە لە دنیای خەودا ناچار بە قسەکردن دەکەن، هەرهەمووی خۆ بە خۆ پوچەڵ دەبێتەوە.

هەڵبەتە خۆ ڕاهێنان لە سەر تەحەموول کردنی ئازار یەجگار گرینگ و کاریگەرە. من لە ژێر ئەشکەنجەدا بە زەبری خۆڕاهێنان توانیم بۆ ماوەیەک هەست بە هیچ ئازارێک نەکەم . کاتێ ئەشکەنجەکە درێژەی دەکێشا، لە کانگای دڵەوە خۆزیام دەخواست کە ئیدی دەست لە ئەشکەنجە هەڵگرن، بەڵام وێڕای ئەو خۆزی و ئارەزووەش هەستم بە لاوازی نەدەکرد. دەمزانی هەر هەموو ئەم ئازارانە کۆتاییان هەیە "ئاخری مردن هەر دێت و هەموو شتێک دەبڕێتەوە. بەڵام دەبێ تا ئەو کاتە ویستم پایەدار بێ و ورە بەر نەدەم." ئەمە شتێک بوو بەردەوام خۆم لە سەری ڕادەهێنا، بۆیە بەدرێژایی ماوەی ئەشکەنجەکە، مەسەلەی قسەکردن یا نەکردن شتێک نەبوو بە بیرما بێت. پێویستە ئەوەش بڵێم کە من و هاوڕێ بەهرۆز لە ژیانی پێشوتریشماندا لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە هێزی خۆ ڕاهێنانمان لە خۆدا ڕیشاژۆ دەکرد.

٩ – بیرهێنانەوەی بەرخودان و مقاوەمەتی خەباتکارانی دیکە کە بەرخوردێکی بوێرانەیان دەگەڵ دژمندا هەبووە: مێژووی خەباتی جیهانی پڕە لەم داستانە گەورە و سەرسوڕهێنەرانە. مێژووی خەباتی ئێرانیش، لەم ڕووەوە بەتایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا لە جاران زۆر دەوڵەمەندتر بووە. بە کەڵکی ئەوە دێت کە بەبیر هێنانەوەی پایەداری و خۆڕاگری خەباتکارانی ڕاستەقینە، هێز و توانایەکی زیاتر وەربگرین.

زۆر ڕوونە بوونی ئەو خاڵانەی لە سەرێ ڕا باسکران، و بە فاکتەر و ئەنگێزەی ئەرێنی لە بەرخودان و مقاوەمەتدا هاتنە حیساب کردن، ئەگەر پێچەوانە ببنەوە، دەشێت بە فاکتەر و ئەنگێزەی نەرێنی بشکێنەوە. بۆ نموونە نەبوونی ڕق و نەفرەتی پێویست لە دژمن، دیتنی ڕووداوەکان وەکو ڕووداوی ساتەوەختی و بەدوور لە نۆڕینی مێژوویی، متمانەکردن بە دژمن، خۆشڕەفتاری لەگەڵ دژمندا، باوەڕ نەبوونی پێویست بە ویست و ئیرادەی خۆت و ئەم بابەتە شتانە دەکرێت بە فاکتەری ڕووخاندنی ورەی خەباتگێڕ بێنە ژماردن.

وێڕای هەموو ئەمانەش دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگیرێت ئەگەر کەسێک بەدرێژایی ژیانی خەباتکاری خۆی، بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە بەرخورد لەگەڵ خۆی و لاوازییەکانی خۆیدا نەکات، بەردەوام ڕەخنەی توند لە خۆی نەگرێت، هەموو ڕۆژێک کار بۆ سڕینەوە و نەهێشتنی لاوازی وخۆپەرستی وردە بورژوایانەی پاشماوەی کۆنی خۆی نەکات، ئەگەر باوەڕی تەواویشی بە خەبات هەبێ، ئەستەمە لە هەنبەر ئەشکەنجەدا خۆی ڕابگرێت.

ئەو کەسەی خۆی لەسەر درۆ ڕابێنێ، خۆی بە درۆ گۆش بکات و بە ڕاستگۆیی شۆڕشگێڕانە بەرخورد لەگەڵ خۆیدا نەکات و تەنانەت درۆ لەگەڵ خۆشیدا بکات، زۆر نزیکە دوای گرتنی، خیانەت بکات، دەشێت درۆ بە سەرچاوەی خیانەت بزانرێت.

## بۆ دژمن

ئەی ئیمپریالیستان و ئەی سەرمایەدارانی وابەستە بە بێگانە، ئەی تالانکەرانی گیان و ماڵی خەڵکانی جیهان!

ئەی شای خاینی وڵات فرۆش، نۆکەری دەست بە سینگی ئەمریکا و ئیسرائیل!

ئەی بەکرێگیراوانی کاسەلێسی چەلاوخۆری سووک و چرووک! ئێوە ئەی دژمنان!

دەزانم کە دەقی ئەم نووسینەتان پێ دەگات، بۆیە دەخوازم ئەوەی لە دڵما پەنگی خواردووەتەوە و هەستی پێدەکەم بخەمە سەر زمان. ئەی تاوانکاران دەخوازم بەوپەڕی لێبڕاوی پێتان بڵێم کە: ئەم جارەیان بە کینەیەکی زۆر زیاتر لە جاران بە هەستێکی تۆڵە ئەستێنی، تۆڵەی خوێنی هاورێیانی شەهیدم، تۆڵەی خوێنی ئەو خەڵکەی کە لە پێکادانەکاندا دەیان کوژن و بە ملی شۆڕشگێڕانیاندا دەدەن، بە ئەشقێکی قووڵتر لە جاران، ئەشقی خەڵکی زەحمەتکێش کە ئێستا هەست بە پەیوەندییەکی پتەو و لە پچڕان نەهاتگ بەوانەوە دەکەم، بە هوشیارییەکی زیاترەوە، بە چاوانی بیناتر لە جاران، بە عەزمی جەزمەوە، شەڕی ئێوە دەکەم.

دەزانم حەز دەکەن دووبارە بە زندوویەتی دەستگیرم بکەن، بەڵام لێبڕاوانە پێتان دەڵێم ئەم ئاواتەتان دەبەنە گۆڕەوە. بەڵام من ئەمەتان لێ دەپرسم: ئەگەر بە فەرزی مەحاڵیش ئەمە رووبدات، دەتوانن چ بکەن؟ ئایا کەمترین کارێک کە لە دەستتان بێت، ئەوە نییە کە بتوانن لەو ڕێگایەوە جەزرەبەیەک، چەند بچووکیش بێ بە شۆڕش بگەیەنن؟ دەتوانن چ کارێک بکەن؟ ئایا دەمگرنە بەر ئەشکەنجە؟ گوللە بارانم دەکەن؟ ئایا لە کوشتن بەولاوە هەیە؟ ئێوە خۆتان باش دەزانن کە بۆ ئێمەی فیداییانی خەڵک، کوژران لە ڕای خەڵک و لەپێناوی ئازادی خەڵکدا، چ شادی و شانازییەکی گەورەیە و ئێوە دوای ئەو هەموو هەوڵ و تەقەلایەتان، بە کوشتنی ئێمە، ئاوات و ئارەزووەکانمان دێننە دی.

بەڵێ هیچ شادمانییەک لەوە گەورەتر نییە لە پێناوی ئازادی خەڵکاندا بمریت. منیش ئێستا وەکو هەموو هاوخەباتەکانم وەکو ئەندامێکی ڕێکخراوی چریکانی فیدایی خەڵک، چالاکانە لە خەباتدا بۆ لە نێو بردنی ڕژێمەکەتان، ئەو ڕژێمەی پەنای داون، ئەی تالانچییانی تاوانبار، بەشدارییم کردووە و تا دوا هەناسە و تا دڵۆپی خوێن، لەپێناوی ئامانجەکانما، لە ڕای ئازادی خەڵکدا، چەک بەدەست خەبات دەکەم. ئێمە باکمان لە مردن نییە. ئیدی مەرگ لە شەڕی ڕوو بە ڕووبوونەوە لەگەڵ بەکرێگیراواندا بێ و چ لەژێر ئەشکەنجەدا بێ. ئیدی پێش ئەوەی چەکێک لە دەست جەنگاوەرێک بکەوێ، چەندین جەنگاوەری دی بۆ هەڵگرتنی چەکەکەی دێنە پێشێ. ئیدی گوێچکانێکی زۆر هاواری جەنگاوەرانی مە دەژنەون.

ئیدی ڕێگەی مە وەکو تاقە ڕێگەی گەیشتن بە سەرکەوتنی خەڵک، چەسپاوە و ئەو سێڵاوەی لە یەکانگیری وردە ڕووداوەکانەوە هەستاوە ڕۆژ بە ڕۆژ گەورەتر و بەهێزتر دەبێ و بۆ پێشەوە دەڕوات و هەرچی کۆسپ و

لامپەران هەیە ڕای دەماڵێت. شکانی ئێوە ئەی دژمنان! ئێستا نەک وەکو ڕاستییەکی مێژوویی کە بە درێژایی مێژوو ساغ بووەتەوە و هاتووەتە سەلماندن، بەڵکو لە نۆڕین و دیدی خۆشتانەوە حەتمییە. ئەم شکانەش ئێستا بەڕوونی لە بێ دەسەڵاتی و بێ توانایی ئێوەدا لەکاتی ڕوو بە ڕووبوونەوەتاندا لەگەڵ چریکاندا، لەگەڵ پێشەنگانی گیانبازانی خەڵکدا بەڕوونی و ئاشکرا دەبینرێ.

ئەی دژمنان! لەگینە چەند ڕۆژێکی دیکەش درێژە بە تالان و بڕۆ و تاوانەکانتان بدەن، بەڵام مەحاڵە بتوانن لە چارەنووسی حەتمی خۆتان هەڵێن، ئەوە ئێمەین لە شەڕێکی درێژخایەن و دژواردا لە ناوتان دەبەین.

***

*ئەگەر یەکێکمان بکەوێتە سەر خاک*

*دەیان کەسی دی ڕادەپەڕن پاک*

*چونکە نە مەرگی مە، وەکو هەر مەرگێکە*

*نە بوونمان وەکو هەر بوونێکە*

***

## *ڕوونکردنەوەکانی فەسڵی پێنجەم*

١ – عاتیفە جەعفەری: ئەندامێکی چریکانی فیدایی خەڵک بوو کە لە هەیڤی میهری ساڵی ١٣٥٠دا گیرا و لە ساڵی ١٣٥١دا دادگایی کرا و حوکمی پێنج ساڵ زندانی بۆ بڕایەوە.

٢ – سیروس نەهاوەندی: ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ڕێکخراوی ئازادی بەخشی خەڵکانی ئێران بوو کە یەکەمین ئۆپەراسیۆنی پارتیزانی ناوشاری لە ئێراندا سازدا( بڕین و دەست بەسەراگرتنی بانکی ئێران و ئینگلیز و پەلاماردانی ئوتومبیلەکەی سەفیری ئەمریکا لە ئێران، بە مەبەستی ڕفاندنی ) لە مانگی ئازەری ساڵی ١٣٥٠دا دەستگیر کرا و لە مانگی میهری ١٣٥١دا لە زندان هەڵات.

(+): هەڵاتنی سیروس نەهاوەندی لە زندان ڕاست نییە و لە ڕاستیدا هەڵاتنێکی دەستکرد و درووستکراو بوو. باسکردنی ئەم بابەتە بەو شێوەیەی کە لە ڕوونکردنەوەکەی سەرێ ڕاو هەروەها لە ڕوونکردنەوەی ژمارە چواری فەسڵی چوارەمدا هاتووە، مخابن لەو بانگەشە و پڕوپاگەندەیەوە سەرچاوەی گرتبوو کە ساواک لە ناو خەڵکیدا بڵاوی کردبووەوە تا لە ڕێگای سیرۆس نەهاوندی خاینەوە خەباتکارانی شۆڕشگێڕ بخاتە دواوە. حەقیقەتەکە ئەمەیە کە سیروس نەهاوەندی کە لە هەندەران ئەندامی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی تودە بوو، دوای گەڕانەوەی بۆ

ئێران لەگەڵ هاوڕێکانی خۆیدا ( ڕێکخراوی ئازادی بەخشی خەڵکانی ئێران)ی دامەزراند، دوای ئەوەی گیرا ، خیانەتی کرد و کەوتە هاوکاری ساواک، لەبەر ئەمە لە زندان ئازاد کرا و ئەم جارەیان بە مەبەستی خستنە داوی لاوانی شۆڕشگێڕ بەناو ڕێکخراوی ناقبری زندوو کردەوە. ساواکیش لە هەموو جێیەک ئەم پڕوپاگەندەیەی بڵاو کردەوە کە گوایە سیروس لە نەخۆشخانەی زندان هەڵاتووە. سیروسی خاین توانی لەو ساڵانەدا ژمارەیەک لە خەباتکارانی کچ و کوڕی لاو بخاتە داوی ساواکەوە.

٣ - سیمین و فاتیمە نەهاوەندی: دوو ئەندامی ڕێکخراوی ئازادی بەخشی خەڵکانی ئێرانن، سیمین نەهاوەندی بە دە ساڵ زندان حوکم دراوە.

٤ - ناهید جەلال زادە: یەکێکە لە هەوادارانی ڕێکخراوی مجاهیدینی خەڵکی ئێران کە لە ئوردیبە هەشتی ساڵی ١٣٥١دا لەسەر موجاهیدی شەهید مەهدی ڕەزایی دەستگیر کرا و بە سێ ساڵ زندان حکوم درا.

٥ - مەنوچەهر نەهاوەندی: ئەندامی ناوەندی ڕێکخراوی ئازادی بەخشی خەڵکانی ئێران بوو کە لە دادگاییەکانی هاوینی ساڵی ١٣٥٢دا هەوەڵجار حوکمی ئیعدام درا و پاشان بۆی کرا بە حوکمی ئەبەدی.